هەرێمی کوردستانی عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی

فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکان

سکوڵی زمان

بەشی زمانی کوردی

# تەکنیك لەکۆمەڵە چیرۆکی

## ((گوڵی رەش))ی شێرزاد حەسەن دا

نامەیەکە

سنور قادر فەرەج

پێشکەشی ئە نجومەنی زمان و زانستە مرۆڤایەتیەکان/ سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانی
کردووەو بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماجستێر لەئەدەبی کوردیدا

بەسەرپەرشتی

پ. ی. د. تاهیر محەمەد عەلی

(٢٠١٢)ی زایینی

(٢٧١٢)ی کوردی

ئەم نامەیە بە چاودێری من، لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماجیستێر لە ئەدەبی کوردییدا.

.

پ. ی. د. گاهر محمد علی

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لێژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

پ.ی.د  دڵشاد عەلی محەمەد

ئێمە ئەندامانی لیژنەی وتوویژ و هەڵسەنگاندن، ئەم نایەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکە گفتوگۆمان لەبارەی ناوەرۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (      ) بڕوانامەی ماجیستێری لە ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.

ناو :

سەرۆکی لیژنە

ناو :

ئەندام

ناو :

ئەندام و سەرپەرشت

ناو :

ئەندام

لەلایەن ئەنجوومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەند کرا.

ناو:

سەرۆکی سکوڵی زمان

## پێشکەشە بە:

ـ هەموو ئەوانەی لەخەمی سەرکەوتنمدا بوون.

ـ دایکی میهرەبانم کە هەردەم لەکایەکانی ژیاندا پاڵپشتو هاوکارمە.

ـ باوکی خوالێخۆشبووم.

ـ هاوسەری دڵسۆزم (مەریوان عەلی)

ـ بەسەرجەم ئەندامانی خێزانەکەم.

ـ بەهەموو ئەو مامۆستاو دڵسۆزانەی ڕێنوێنکارو هاوکارم بوون.

## سوپاس‌و پێزانین

ـ سوپاس بۆ خوای مەزن‌و دلۆڤان کە هەمیشە هاوکاری بەندەکانێتی.

ـ سوپاس‌و رێزم بۆ بەڕێز پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. تاهیر محەمەد عەلی کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆ.

ـ سوپاسی بێپایانم بۆ (هەرێم جەزا) کە هاوکارم بوو لەچاپکردنی ئەم نامەیەدا.

ـ سوپاس بۆ مامۆستاو هاوڕێی دڵسۆزم (بوشرا قادر کاکە محەمەد) کە بەردەوام پشتیوان‌و هاوکارم بووە.

ـ سوپاس بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی کە یارمەتی دەرم بوون لەتەواوکردنی خوێندندا...

# ناوەڕۆك


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١ | **پێشەکی** |
| | **بەشی یەکەم: چەند باسێکی تیۆری لەبارەی چیرۆکەوە** |
| ٥ | **باسی یەکەم:** چەمكو زاراوەی چیرۆك |
| ١١ | **باسی دووەم:** سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەری لەجیهاندا |
| ١٦ | **باسی سێیەم:** سەرهەڵدانی چیرۆکی کوردی |
| ٢٥ | **باسی چوارەم:** بینای چیرۆك لەڕوانگەی ڕێبازە ڕەخنەییەکانەوە |
| ٢٨ | **باسی پێنجەم:** کاریگەری چیرۆکی ئەوروپیو عەرەبی لەسەر چیرۆکی کوردی |
| ٣٦ | **باسی شەشەم:** هونەری چیرۆكو جۆرەکانی |
| | **بەشی دووەم: تەکنیکی هونەریی لەکۆمەڵە چیرۆکی ( گوڵی ڕەش ) دا** |
| ٤٦ | ١. **بینای کاراکتەر** |
| ٦٥ | ٢. **بینای کات** |
| ٧٩ | ٣. **بینای شوێن** |
| ٩٣ | ٤. **بینای هێما** |
| ١٠٣ | ٥. **بینای زمان** |
| ١٠٩ | ٦. **بینای گرێچن** |

**بەشی سێیەم: تەکنیکی گێڕانەوە لەکۆمەڵە چیرۆکی (گوڵی رەش)دا**


| | |
|---|---|
| ١. بینای گێڕانەوە | ١١٨ |
| ٢. بینای دیالۆگ | ١٤٢ |
| • دیالۆگی راستەوخۆ | ١٤٧ |
| • دیالۆگی ناڕاستەوخۆ | ١٥٠ |
| ٣.بینای مۆنۆلۆگ | ١٦٠ |
| ٤. بینای ململانێ و روداو | ١٧١ |
| ٥. بینای وەسف | ١٩٢ |
| ئە نجام | ٢٠٦ |
| سەرچاوە | ٢٠٧ |
| کورتەی باسەکە بەزمانی عەرەبی | ٢٢٣ |
| کورتەی باسەکە بەزمانی ئینگیزی | ٢٢٤ |

## پێشەکی

چیرۆك وەکو ژانرێکی ئەدەبی، خاوەن چەند تایبەتمەندییەکی هونەریی چەندین قۆناغو شێوازی جۆراوجۆری بڕیوە.بێگومان چیرۆك وەك زادەی کۆمەڵگەیەك، کە ئەندێشە بکاتە گێڕانەوە، لەناو رۆژگاری ئەمڕۆدا خاوەنی ئەو گرنگییەیە، ئاسان نییە پێگەیەك هەبێت ئەو خۆی تێدا نەبینێت یان فەرامۆشی بکات. (تەکنیك لەکۆمەڵە چیرۆکی (گوڵی رەش)ی شێرزاد حەسەن دا).

چیرۆك، خۆبەخۆ لەناو تێڕوانینو گێڕانەوەی جیاجیادا کار دەکاتو دەکرێت شێوەیەکی چەقبەستووی نەبێت، واتە ناکرێت گشتگیرانە لەسەر ئەو ئاستە هەڵوەستە بکەینو وەکو دوو حاڵەتی ئەزموونو تەکنیك تەماشای بکەین. ناکرێت نەزانین, کە مەرج نییە هەموو گێڕانەوەیەك ببێتە چیرۆك ئەگەر تەکنیکی تایبەتی خۆی نەبێت، واتە تەکنیك، فۆڕمی گێڕانەوە دیاری دەکات.

چیرۆکی کوردی بەهەموو قۆناغەکانی نوسینەوە، بەدەقو شیکردنەوەی دەقەوە، بەقۆناغی ئاسایی خۆیدا تێپەڕیوە، چیرۆکی ئێمە لەتافی سەرهەڵدانییەوە بەشێوازی گێڕانەوەی داستانیدا تێپەڕیوە، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر سادەو ساکار سودی لێوەرگرتووە.

دەیەی حەفتاکان بۆ چیرۆکی کوردی وەرچەرخانێك بوو، کە توانیویەتی گڕو تینێکی باش بخاتە ناو جەستەی سڕبووی چیرۆکی کوردی لەو کاتەدا، چونکە تا ئەو ساڵانە چیرۆکی کوردی پتر لەسەر شێوەی گێڕانەوەی ئاسایی جاران بەردەوام بووە.

ساڵانی حەفتاکانیش شێوە تەکنیکێکی نوێو جیاواز پەیدابوون. ئەگەرچی لەسێ ساڵی کۆتایی شەستەکاندا واتە ساڵانی (١٩٦٧، ١٩٦٨، ١٩٦٩)لێرەو لەوێ چەند هەوڵێکی نوێ هەبوون، بەڵام ئەمە نەبوو بەو شێوە بەرچاوەی کە لەساڵانی حەفتاکاندا تەواو خۆی جیاکردەوەو ناسرا.

نابێت ئەوەش لەیادبکەین، کە باس لەتەکنیك دەکرێ ئەوا تەکنیك گیانی چیرۆكو دراما پێك دێنێ، چونکە هەریەك لەوانە بێ رووداوو کارەسات نییە، ئەرستۆ دەڵێ: دراما تەکنیکە، تەکنیکیش رووداوە، رووداویش تەنافی هۆنینەوەی هەموو نەژادە هونەرییەکانی تریەتی. تەکنیك ئەو وردەکارییەیە کە سەرانسەری دراماو چیرۆکەکە پێکەوە شەتەك دەداو وەکو رستەیەکی پڕ ماناو رەوانی لێدەکات.

### هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە لە لایەکەوە بۆ ئەو خواستەمان دەگەڕێتەوە، کە بەرامبەر بە بەرهەمەکانی ئەو نووسەرە هەمانە، لە لایەکی تریشەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەم کۆمەڵە چیرۆکە خاوەنی تایبەتمەندی دەروونی و

کۆمەلآیەتییە و مەبەستمان بوو پەی بەو نهێنیو گرێو گۆلآنە ببەین، کە چیرۆکنوس وەکو تەکنیکی سالآنی هەشتاکان لەکۆمەڵە چیرۆکی (گوڵی رەش)دا، رەچاویکردوە.

بۆیە دەتوانین بڵێین تا رادەیەك هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە لەوەوە سەرچاوەدەگرێو بەحوکمی ئەو شێوازە تەکنیکیەی کە چیرۆکنوس بۆ خۆی هەڵیبژاردوە جۆرێك کە لەڕوداوە راستەقینەو واقعییەکانی کۆمەڵگەو ژیانی تاكو بەتایبەتی شارەزاییو لێهاتوویی پێوەدەردەکەوێ. کە خوێنەر بەئاسانی دەتوانێ لەچەند گۆشەنیگایەکەوە خوێندنەوەو تێڕوانینی جودا بۆ بکات. ئەمە جگە لەوەی نکوڵی لەوە ناکرێ کە (شێرزاد حەسەن) کەسایەتیەکی دیارو بەسەلیقەی گۆڕەپانی چیرۆكو رۆمانو ئەدەبیاتی کوردییە، دەستێکی بالآی لەبواری پەروەردەو نوسیندا هەیەو توانیویەتی جێگەو پێگەی تایبەتی بۆ خۆی دروست بکاتو ئەو بۆشاییەی لەبواری ئەدەبو چیرۆکدا هەیە توانیویەتی کەم تا زۆر پڕی بکاتەوە.

## سنوری لێکۆڵینەوەکە :

سنوری لێکۆڵینەوەکە لەناو شەش چیرۆکی نێو کۆمەڵە چیرۆکی ((گوڵی رەش))دا دەسوڕێتەوە، کە ئەم کۆمەڵە چیرۆکە کە لەساڵی ١٩٨٨ لەلایەن چیرۆکنوس (شێرزاد حەسەن)ەوە نووسراوە، چیرۆکەکانیش بریتین لە: ((گوڵی رەش، گوناهی سپی، منو قالەو سەگەکەی پاڤلۆڤ، رەنگاڵە، میم، زەلکاو)). (هەوڵمانداوە لە سنوری ئەم ئەم شەش چیرۆکە نەترازوین، ئەگەرچی نووسەر چیرۆکی زیدەتری هەیە، بەڵام خودی لێکۆڵینەوەو خستنەڕوی تەکنیکەکانی چیرۆك لەسەر ئەم شەش چیرۆکە، کارێکی یەکجار ساناو ئاسان نییە، چ جای هێنانی چیرۆکەکانی دیکە.

## ئامانجی لێکۆڵینەوەکە :

ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە خستنەڕوو و شیکردنەوەی هەریەك لەو تەکنیکانەیە، کە (شێرزاد حەسەن) لەچیرۆکەکانییدا بەهەموو جۆرەکانییەوە بەکاریهێناون، لەگەڵ بەهای هەر یەك لەو تەکنیکانەی، کە لەپێناو رەوتی گەشەو پێشکەوتنی چیرۆکەکاندان.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :

لەم لێکۆڵینەوەیەماندا پەیڕەوی رێبازی پێوانەیی ـ شیکاریمان کردووە، چونکە بەشی یەکەم پتر تیۆرییە، هەرچی بەشەکانی دووەمو سێیەمیشە شیکاریی چیرۆکەکانە بەپێی ئەو ڕێبازە.

## گیروگرفتەکانی لێکۆڵینەوەکە:

لە کاتی ئەنجامدانی هەر لێکۆڵینەوەیەکدا، توێژەر ڕووبەڕووی گیرو گرفت دەبێتەوە، ئێمە لەم توێژینەوەیەماندا وێڕای گرفتی ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە، گرفتێکی سەرەکی کە ناکرێ ئاماژەی پێ نەدەین، نەبوون یان کەمی ئەو سەرچاوانەبوو کە لەبارەی تەکنیکی چیرۆکەوە بوون،و جگە لەو سەرچاوانە نەبێت کە بەشێك یاخود چەند بەشێکی لەهونەری تەکنیکی تیایە.

## پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکەمان لەپێشەکیو سێ بەشو ئەنجامو کورتەی نامەو لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان پێکهاتووە.

بەشی یەکەم: لە ژێر ناونیشانی (چیرۆكو هونەرەکانیو چۆنیەتی سەرهەڵدانی)دایە، کە بریتییە لەبەشی تیۆری لێکۆڵینەوەکە، کە ئاماژەمان بەچەمکی زاراوەی چیرۆكو سەرهەڵدانیو پێکهاتەکانی چیرۆك کردوە، و هەروەها سەرهەڵدانی لەناو کوردو لەئەوروپاو پاشان باس لەتوخمەکانی چیرۆكو بینای چیرۆك کردوە بەپێی ڕێبازە ڕەخنەییەکان، پاشان تیشك خستنە سەر جۆرەکانی چیرۆك لەڕووی ناوەڕۆکەوە.

هەرچی بەشی دووەمیشە(تەکنیکی هونەریی لەکۆمەڵە چیرۆکی (گوڵی ڕەش)دا) باسمان لەبارەی تەکنیکی هونەری چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن کردوە, کە خۆی لە (کەس، کات، شوێن، هێما، زمان) دەبینێتەوە، کە بەشێکی پراکتیکیشە بەسەر ئەو تەکنیکانەو لەچیرۆکەکانی (گوڵی ڕەش) دا جێبەجێمان کردوە. بەگشتی لەسەر ئەو بابەتانە وەستاوین چونکە تەکنیك کرۆکی باسەکە پێکدێنێ، هەریەك لەو ڕەگەزە گرنگانەی چیرۆك لەسەری وەستاوینو بەدرێژی لەگەڵ لایەنە پراکتیکییەکەدا خستومانەتەڕوو.

لەبەشی سێیەمیشدا (تەکنیکی گێڕانەوە لەچیرۆکەکانی ((گوڵی ڕەش))دا دەگرێتەوە، کە لەم بەشەشدا ئاماژە کراوە بەتەکنیکەکانی (گێڕانەوە، دیالۆگ، مەنەلۆگ، ڕودواو ململانێ، گرێچن)، واتە ناساندنی گێڕانەوەو دیالۆگی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆو پراکتیزەکردنیان بەسەر ئەو شەش چیرۆکەی (گوڵی ڕەش)و مۆنۆلۆگو جۆرەکانی بەدەرەکیو ناوەکییەوە. هەروەها تیشك خستنەسەر ڕوداو کە ڕەگەزێکی گرنگەو پاشان ململانێو ئینجا گرێچنیش بەشێوەیەکی گشتی. پاشان لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەشماندا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتووین لە (٧) خاڵدا دەستنیشانکردوە دواتر ئاماژەمان بەسەرچاوە بەکارهێنراوەکان کە بریتیە لە (٢٨٣) سەرچاوە بەهەردوو زمانی کوردیو عەرەبی، پاشان پوختەی لێکۆڵینەوەکەمان بەهەردوو زمانی عەرەبیو ئینگلیزی خستۆتەڕوو، پشتمان بەسەرچاوەی ڕەسەن بەستووە و بۆ هەر زانیارییەکی سودلێوەرگیراو گەڕاوینەتەوە سەر سەرچاوە ڕەسەنەکە.

ئەوەی ماوەتەوە بووترێت، هیواداریین بەم کارەمان بەرهەمێکی بچوکمان خستبێتە سەر خەرمانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی.

# بەشی یەکەم
# چەند باسێکی تیۆری لەبارەی چیرۆکەوە

**باسی یەکەم:** چەمكو زاراوەی چیرۆك

**باسی دووەم:** سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەری لەجیهاندا

**باسی سێیەم:** سەرهەڵدانی چیرۆکی کوردی

**باسی چوارەم:** بینای چیرۆك لەڕوانگەی ڕێبازە ڕەخنەییەکانەوە

**باسی پێنجەم:** کاریگەری چیرۆکی ئەوروپیو عەرەبی لەسەر چیرۆکی کوردی

**باسی شەشەم:** هونەری چیرۆكو جۆرەکانی

## باسی یەکەم:

## چەمك و زاراوەی چیرۆك

د.عەبدولواحید محەمەد لەبارەی زاراوەکەوە لەزمانی ئینگلیزی-دا دەڵێت: دوو وشە هەیە لەزمانی ئینگلیزیدا (storey) و (story) یەکەمیان واتە (story) کە بەواتای چیرۆكو حیکایەت دێت.

بۆ نموونە (four stories of the cave) چینە چوارەکانی ئەشکەوت.

هەرچی دووەمیشیانە، واتە (story) بەواتای مێژوو (بەکارهێنانی کۆنە) حیکایەت (بەتایبەت بۆ منداڵان)و گێڕانەوەی لایەنە وردەکانی ڕوداوێك دێت، بۆ نموونە ( his, story of, robbey, was, hot cer uinetny)، واتای نوکتەو چیرۆك (بەتایبەتی کورتە چیرۆك). لەزمانی کوردیدا نازانرێت زاراوەی (چیرۆك) لەچییەوە هاتووە، بەڵام لەزمانی عەرەبیدا زاراوەی (قصە) لە وشەی (قص) واتە گێڕانەوە هاتووە.[1]

ئەمە وەك زاراوە، وەك چەمکیش چیرۆك بریتییە لە گێڕانەوەی ڕووداوێك کە بە شێوەی بەدوایەکداهاتنی کاتی بێت.[2] چیرۆك وەك زادەی کۆمەڵگەیەك، کە ئەندێشە بکاتە گێڕانەوە، لەناو ڕۆژگاری جەنجاڵی ئەمڕۆی دنیای تەکنەلۆژیادا، ئاسان نییە پێگەیەك هەبێت ئەو خۆی تێدا نەبینێت یان فەرامۆشی بکات.

چیرۆك خۆبەخۆ لەناو تێڕوانینو گێڕانەوەی جیاجیادا کاردەکاتو دەکرێ شێوە فۆرمێکی دیاریکراوی نەبێت. واتە ناکرێت گشتگیرانە لەسەر ئەو ئاستە هەڵوەستە بکەینو وەکوو دوو حاڵەتی ئەزموونو تەکنیك تەماشای بکەین. لەبیرمان نەچێت ناکرێ هەموو گێڕانەوەیەك ببێتە چیرۆك، ئەگەر تەکنیکی تایبەت بەخۆی نەبێت. واتە تەکنیك، فۆرمی گێڕانەوە دیاریدەکات.

چیرۆك واتە هونەری گێڕانەوە (سرد)، واتە ئەوکاتەی چیرۆکنووس دەتوانێت کەمەندکێشی زەین و دڵی گوێگر یان خوێنەری خۆی بکات. ئەگەر باسی شێوازی هونەری چیرۆکنووسینیش بکەین، دەبێت لەیادی نەکەین چیرۆکنوسین هەرچییەك یان هەرچۆنێك بێت، گرنگ ئەوەیە ژیانی تێدا بێت.

ئەمەش بەو مانایەی زیندوێتی ببزوێو ڕاپێچمان بکات لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەو شوێنانەی کە ڕووداوەکان یان وێناکانی چیرۆك ڕووی تێدەکەن.

فانتازیای چیرۆك لای ئێمە مەوداکانی خەیاڵی سنوورداره، پڕ لەگرێو گۆڵەو چیرۆك هەمیشە لەسادەیی خۆیانەوە ئەچنە ناو دڵ، بەڵام لەروون بوونەوەدا قوڵ ئەبنەوە. هەموو ڕەگەزەکان لەناو چیرۆکدا یەکدی تەواو دەکەن، هیچ کام لەو ڕەگەزانە بەتەنها ناتوانن چیرۆکێکی نوێ بخوڵقێنن.

---

[1] القصة اليابانية القصيرة، د.عبدالوحد محمد، مجلة الاديب المعاصر، العدد ٣٤، عدد خاص عن القصة القصيرة ١٩٩٢، ص٤٨

[2] سیماداد، فرهنگ اصطلاحات ادبي، نشر مرکز، چاپ سوم ، ١٣٨٥، ص٢١٢

چیرۆك كارێكی هونەرییە، كە وێنەی بەسەرهاتێك لە بەسەرهاتەكانی ژیان دەكێشێت، یان چەندین بەسەرهاتی پێكەوە گرێدراو، چیرۆكبێژ تێیدا قوڵ دەبێتەوەو لە چەندین لای جیاوازەوە لێی دەڕوانێت بۆ ئەوەی بەهایەكی مرۆیی تایبەتی پێببەخشێت لەگەڵ بەستنەوەی بەكاتو شوێنو ریزبەندكردنی بیرۆكە تیایداو نیشاندانی ناكۆكییە مادیو كەسێتیەكان كە روودەدات لەو گیرو گرفتانەوە كە دێتە ڕێیان بەشێوەیەكی سەرنجڕاكێش كە كۆتایی بەگەیشتن بەئامانجێكی دیاری كراو دێت.[1]

چیرۆك گێڕانەوەیەكی (راستی) یان خەیاڵییە بۆ چەند كردەوەیەك بەشێوەی پەخشان یان شیعر بەمەبەستی گرنگیدانو چێژ لێوەرگرتن یان رۆشنبیركردنی گوێگران و خوێنەران، یان دەتوانین بڵێین زۆرجار گێڕانەوەیەكە ئامانجی دروستكردنی كاریگەرییەكی تاكڕەوەو دەسەڵاتدارەو توخمەكانی دراما لەخۆ دەگرێت. زۆرجاریش چڕتر دەبێتەوە لە كەسایەتییەكداو لەبارودۆخێكدا، تەنانەت ئەگەر ئەم مەرجانەش بەدەست نەهاتن ئەوا پێویستە كە تەنهایی ببێتە رێسایەك بۆ ئاڕاستەكردنی بەشی زۆری چیرۆك، كە پێكدێ لە كەسایەتی یان (كۆمەڵە كەسایەتییەك)، لەڕووبەڕوو بوونەوەیەكی پاشەكیدا پێشكەش دەكرێن یان لەبارودۆخێكدا، لەڕێی كاری هۆشمەندییەوە یان فیزیاییەوە نوقمی بارودۆخێك دەبێت. ئەم روو بەڕووبوونەوە دراماتیكییە یان بەركەوتنی هێزە دژ بەیەكەكان لەدڵی زۆرێك لەچیرۆكە سەركەوتووەكاندا دەنوێنێ، گرژبوون لەتوخمە بنیاتنەرەكانی چیرۆك هەروەها تەواوكەری ئەو هەستە لەجیاكەرەوەكانی وەرگەڕانێتی، هەروەها زۆركات دەربڕینی دەنگێكی تاكە بۆیەكێك كە سەربە كۆمەڵە كەسانێكی نادیارە.[2]

ئەگەر چیرۆك ئەزموونیك بێت، هەر وەك لەپێناسەكەی محەمەد یوسف نەجم-دا هاتووە، كە (بریتییە لەكۆمەڵێك بەسەرهات، كە نووسەر دەیگێڕێتەوەو تیایدا رووداوێك یان چەند رووداوێك كەپەیوەندی هەیە بەچەند كەسایەتییەكی مرۆیی جیاوازەوە كەشێوازی ژیان و هەڵسوكەوتیان لەژیاندا جیاوازە هەروەك چۆن ژیانی خەڵك لەسەر زەوی جیاوازە)، ئەگەر چیرۆك ئەزموونێك بێت لەئەزموونەكانی ژیان نووسەر دەیخاتە بەردەستی خوێنەران بۆئەوەی ببێت بەرێنیشاندەریان و سوودی لێ وەربگرن، ئەوا بەدڵنیاییەوە هەموو ئەزموونێكی مرۆیی شیاوی ئەوە نییە ببێت بەچیرۆك و هەموو كۆمەڵە بەسەرهاتێك خاوەنەكەی بیگێڕێتەوە ناتوانین ناوی چیرۆكی لێبنێین، لەبەرئەوە هونەری چیرۆك هونەرێكی زۆر هەستیارەو شێوازو پێكهاتە توندوتۆڵەكەی كەوا لەنووسەر یان چیرۆكبێژ دەكات توانای ئەوەی هەبێت خوێنەر بەرێتە ناو كەشو هەوای رووداوەكانەوەو بەجۆرێك رایبكێشێت دوای رووداوەكانی چیرۆكەكە بكەوێت هەتا خاڵی كۆتایی. ئەمە لەكاتێكدا روودەدات كە چیرۆكبێژ بتوانێت رووداوەكانی چیرۆكەكە تەونێكی

---

[1] http://forum.stop٥٥.com

[2] http://forum.stop٥٥.com/٢٦٨١٣٧.htm

توندوتۆڵ بکات و بیگوێزێتەوە بۆ خوێنەر هەروەك چۆن لەڕاستیدا روودەدات ئەمەش بۆ ئەوەیە خوێنەر لەخوێندنەوەی بەردەوام بێت.

بێگومان ئەمە مانای ئەوەیە چیرۆك تەنها دەرخستنی پەرتوکە مێژوویەکان نییە یان ئامرازێك نییە بۆ پەندو ئامۆژگاری و رێنیشاندان، هەرچۆن کەتەنها کورتکراوەی هەندێك فیلمی میلۆدراما نییە، بەڵکو لەوە بەرزترەو لەوەش وردترە.

چیرۆك کۆنترین جۆرەکانی دەربڕینی هونەرییە، کە مرۆڤ لەسەرەتادا پەنای بۆ بردووە، مرۆڤی کۆن بۆ شیکردنەوەی ئەو دیاردانەی کە لەسروشتدا بەدی دەکرد، واتا سیمبولی جیاجیای بۆ دادەنا، هەمیشە وێنەی خۆیو ئاژەڵانی کردووە. وەکو چیرۆك باسی لێوەکردوون، لەمەشدا ئەفسانە سەری هەڵداوەو نەوە بە نەوە بۆیەکتریان گێڕاوەتەوە، هەروەها کاتێك گەورەی ماڵ لەئێوارەاندا بۆ ماڵ دەگەڕایەوە، لەگەڵ خێزان دادەنیشتو تاوەکو سەرگوزشتەی ئەو رۆژەیان بۆ بگێڕێتەوە کە پڕبووە لەڕووداوی سەیرو سەرنجڕاکێش بەمە جۆرە گێڕانەوەی ئەم دیاردەو رووداوانە هەر لەکۆنەوە فاکتەرێك بوون بۆ لەدایکبوونی چیرۆك.

چیرۆك لای مرۆڤی بەرایی دەستپێیکردو گەشەی کرد، کاتێك دەستیکرد بەبیرکردنەوە لەدیاردەکانی دەورووبەری وەکو (مردن، نەخۆشی، سروشتو ئاکارەکانی هەوڵیدا بگەڕێ بەدوای هۆکارو چارەسەرییەکانی هەموو ئەو دیاردانەی کە دەیبینیێ).

دیارە چیرۆك پێگەو جێگەی خۆی هەیەو بەجۆرێ (جۆرج سیمینۆن)ی نووسەری بەلجیکیی دەڵێت: بەردەوام لەئێستاو لەداهاتووشدا بەرەو سەردەمی چیرۆك دەچین. سەردەمێك کە چیرۆك لە ئەدەبدا دەبێتە سەرقافڵە، هیچ بابەتێکی تر ناتوانێ شان لەشانی بدات. جا ئەم باوەڕەی (سیمینۆن) بە تەواوی روونبۆتەوەو بەدیهاتووە، چونکە لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە چیرۆك کەوتە زاڵبوون بەسەر تەواوی جۆرەکانی تری ئەدەب دا وەك (هەڵبەستو وتارو وەرگێڕانو لێکۆڵینەوەو .....هتد).تەنانەت خۆی بەسەر زۆر لەزاناو فەیلەسوفەکانیشدا سەپاند، دوای بێزاربوونیان لەتێگەیاندنی خوێنەرانی سەدەی بیستەم.[1]

چیرۆك سەرچاوەی بیر و هۆشە بەرهەمو بەرئەنجامی وردبوونەوەو لێکۆڵینەوەی قوڵو بابەتییە. خوێنەران بەردەوام هەستدەکەن لەناو جەرگەی رووداوەکانی چیرۆکەکەدا دەژین، هاوبەشی کەسەکانینو چ لە تاڵیو شیرینیدا چ لەخۆشیو ناخۆشیدا.

چیرۆك ئاسۆیەکی فراوانتر لەشیعر لەخۆدەگرێ واتە (لەکۆمەڵێك رووداوو کارەساتو بەسەرهاتی ژیان پێکدێ).رووی چەوتو نالەبارو رزیوی ژیانو کۆمەڵگە دەردەخاتو چاریان دەکاتو لە پەرەپێدانو پێشخستنیدا بەشدار دەبێت.

[1] نوسینەکانم لەبواری رەخنەو لێکۆڵینەوەدا، حسێن عارف، سلێمانی- چاپی یەکەم، ٢٠٠٢ ، ل٨-٩

بەنرخترین ئامانجو بڵندترین مەبەستەکانی ئەدەبو هونەر بەدیدێنێ.[1] کە باس لەزاراوەی چیرۆك دەکرێت، بیر بۆ مێژووی سەرهەڵدانو ناونانو بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە رامان دەکێشێت. لەبەر ئەوەی ئەم زاراوەیە تایبەتە بەژانرێکی ئەدەبی لەگەڵ وشەیەکی تردا هاوبەش دەبێتەوە لەڕووی مەبەستو بەکارهێنانەوە کە گێڕانەوەی رووداوە- ئەوەش (حیکایەتە).

لە ئەدەبی جیهانیدا لەسەرەتاوە حیکایەت هەبووەو پاشان چیرۆکیش هاتووەتەوە کایە، کە هەریەکە و ژانرێکی سەربەخۆی سنووردارەو جیاوازییەکی روونی هەیە لەمێژووی سەرهەڵدانو شێوەو ناوەڕۆکیاندا، چونکە (حیکایەت) گێڕانەوەیە لە پلەی یەکەمدا بایەخ بەڕووداو دەدات. هەوڵدەدات لەڕێگەی گێڕانەوەی رووداوەکانەوە سەرنجی خوێنەرو گوێگر رابکێشێتو پەردە لادان لەدەروونی کارەکتەر ناکاتە ئامانج بەووردیش وەسفی کارەکتەر ناکات و مەبەست (تیم)ەو تێگەیشتنی بۆ خوێنەر جێدێڵێت، لەکاتێکدا لەچیرۆکدا زۆربەی شتەکان لەکۆتادا دەدۆزرێنەوە[2] .

چیرۆك وەك ژانرێك، کە زادەی بیرو ئەندێشەی مرۆڤە، لە ئەدەبی فۆلکلۆریو میللی هەر میللەتێکدا لەگەڵ گەشەکردنی بیرو هۆشو ژیری مرۆڤدا گەشەی کردووەو قۆناغ بەقۆناغ ناوەڕۆكو شێوەی گۆڕاوە.

لێکۆڵەرەوانی حیکایەت (چیرۆك)، بەپێی سەردەمەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤ حیکایەتیان بەش کردووەو لەو سەردەمەدا ناویان لێناوە، کە مرۆڤ بەبیرکردنەوەیەکی ئەفسانەیی بیری لەدەورووبەرو سروشت کردۆتەوە، کە حیکایەتی ئەفسانەییو حیکایەتی جادوویی بوون.

لەمێژووی ئەدەبیاتی جیهاندا، شێوەی جیاجیای ژانری (چیرۆك) تۆمارکراوە، بەتایبەتی لای ئیتاڵییەکانو ئیسپانییەکان، کە سەرامەدی داهێنانو بەرەو پێشەوەبردنی ئەم ژانرەن.[3]

جیۆڤالیۆ پۆکاشیۆی ئیتالی (١٣٣١-١٣٧٥ز) لە (دیکامیرون- ١٣٤٩)دا کۆمەڵە چیرۆکێکی لەمێژووی ئەدەبی ئەم ژانرەدا تۆمار کردووە، کە گۆڕانکارییەکی بەرچاوی دروستکرد، هەروەها (کارگەی درۆ)کەی (ڤاتیکان ١٤٠٠-١٤٥٠ز)و چیرۆکەکانی بۆتشیۆ کە ناونرابوون بە(فاسنینا).[4] بەدرێژایی سەدەی پازدە ئەم ژانرە ئیسپانیاو فەرەنسای گرتبووەوە، لەئیسپانیاش (ئەنتۆنیۆ دی لاسل ١٣٩٨- ١٤٩٢) نووسەری ئەم ژانرە بوو، هاوەڵی لەگەڵ بۆتشیۆو چیرۆکنووسە ئیتاڵییەکانی تردا هەبووە.

ئەوەش دەزانرێ کە بەشەکانی ئەدەبیاتی چیرۆکی بریتییە لە :

١-رۆمان: کە گەورەترین جۆرەکانی چیرۆکە لەقەبارەدا.

---

[1] نوسینەکانم لەبواری رەخنەو لێکۆڵینەوەدا، حسێن عارف، سلێمانی- چاپی یەکەم، ٢٠٠٢ ، ل٨-٩

[2] اقاصیص معاصره، مجموعه قصص، ت.نهاد التکرلی، ص٥-٧

[3] لە حیکایەتی (الف لیلة ولیلة)، القصة القصیرة، دراسة ومختارات، د.الطاهر احمد مکی،ص٢

[4] فن القصة القصیرة، رشاد رشدی، ص١٥٩-١٥٤

٢-چیرۆك(داستان): بریتییه له چەند رووداوێکی راستەقینه، یان خەیاڵی که چیرۆکبێژ پابەند نییه بەیاساو وردەکانی هونەرەوە.

٣-کورته چیرۆك: تاکه رووداوێك نمایش دەکات لەیەك کاتو زەماندا لەکەمتر لەکاتژمێرێك (تازه سەری هەڵداوە).

٤-کورتیله چیرۆك: لەکورته چیرۆك کورتترە هەڵدەستێت بەوێنەکردنی دیمەنێك.

٥-سەرگوزشته: لەنێوەندی چیرۆكو رۆماندایەو نووسەری چیرۆکی کورت لایەنەکەی لەئاراستەیەکدا گیر دەکاتو بەکورت کراوەیی وێنەی دەکات.

چیرۆك: هەمیشه بەدەوری بابەتێکی تایبەتیدا دەخولێتەوە، بابەتی هەر چیرۆکێك بریتییه له پەیوەندییه گۆڕاوەکانی مرۆڤایەتی.[1] سەبارەت بەسیماو قۆناغەکانی بنیاتنانی چیرۆك، تا ئاستێك ئەو پلەو زنجیرە نەپساوەی پێشووی دەقی گرتبوو تەنانەت جاربووە ناوی گرێچنی چیرۆکی لێنراوە.((عەلائەدین سوجادی دەڵێت: لەم رووەوە که گێجی چیرۆك ١- سەرەتا، ٢-ناوەڕاست، ٣-کۆتاییه)). لەکاتێکدا لەتێڕوانینێکی تەواوی سیماو دێرینی کورته چیرۆك بەجۆرە خۆی دەنوێنێت که ((سەرەتا، لوتکه، ئەنجام)) ئەمە لەکاتێکدا پەیڕەوی ئەو زنجیرە یەك لەدوای یەکه ((سەرەتا، لوتکه، ئەنجام)) کرابێت، مەگەر هەندێجار لەزارەوەدا ئاڵو گۆڕی پێکرابێ. عەبدوڵڵا ئاگرین لەم رووەوە بەجۆرە بۆچوونی دەرئەبڕێت: ((دەستپێکردن، گەیشتنه تەوقه سەر (لوتکه)، ئەنجامو کۆتایی، بەهۆیەکی گەورەو کۆڵەکەیەکی گرنگی چیرۆك دائەنرێ، کەمو زۆر ئەبێت چیرۆك لێیان بێ بەش ئەبێت)).[2] لەو بارەوە بۆچوونێکی دی هاتۆته پێشێو سیماو قۆناغی بنیاتنانی چیرۆکی بەجۆرە دیاریکردووە.

(بنیاتێت چیرۆکی ١-پێش گوتن ٢-گرێ ٣-ئامانجو رامان ٤-زەمان).[3]

ئەوەی جێی سەرنجه لەکەرەسه هەرە گرنگو دیارەکانی بنیاتنانی چیرۆك (زەمانه) سادەیەیه تێهەڵکێشی ئەو سێ سیمایەی کردووە.

بەگشتی ئەدەبو چیرۆك بەتایبەتی هەمیشه شان بەشانی پەرەپێدانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیو گۆڕانکارییەکانی دین، هەنگاو بەرەو گەشەکردنو پێشکەوتن ئەنێتو لەسەر دەستی مرۆڤی هۆشیارو خاوەن بەهرەو بلیمەت، داهێنانی نوێ دێنێته کایەوەو جۆرو تەکنیکی چیرۆکنووسیش لەقاڵبه مەیوەکەی خۆیدا نامێنێتو گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بۆیه ئەشێت ئاڵو گۆڕ بەسەر ئەو سێ سیمای قۆناغەکانی بنیاتنانی چیرۆکدا بێتو فەنتازی بکرێت.

حسین القبانی- سەبارەت پەیکەر چیرۆك بیروڕای خۆی دەرئەبڕێتو ئەڵێت: ((هەیکەلی چیرۆك لەسەر سێ کۆڵەکەی بنچینەیی دادەمەزرێت که بریتین له:

[1] کورتەیەك لەبارەی لێکۆڵینەوەی چیرۆکەوە، پول سترا تێرن، و.سەلاح عومەر، چاپی سەردەم-سلێمانی، ل١٢٣-١٢٥

[2] چیرۆکی کوردی و هونەری چیرۆك نووسین-عەبدوڵڵا ئاگرین-گۆڤاری دەنگی مۆسیقا ژمارە٢، ١٩٧١، ل٢١-١٢٢

[3] دیرۆکا چیرۆکا کوردی یاهونەری-شعبان مزیری باڵا، ١٩٨٩، ل٢١٠

١-گرێ.
٢-ئەو ململانێیەی لەئاکامی گرێکە دێتە کایەوە.
٣-ئەو چارەسەرکردنەی لەئەنجامی ململانێیەکە پێك دێت)). [١]
لەبارەی چیرۆکیشەوە سۆزان لۆهافر دەڵێت: (چیرۆکی هونەری دیاردەیەکی تایبەتە ئەگەرچی رەگێکی فۆلکلۆری هەیە، مانەوەی ئەو رەگەش دەرکەوتووە شاراوەیە).
هەروەها لەوبارەیەوە دەڵێت: (ئەوەی وا لەچیرۆکی نوێ بکات جیاوازبێت، ئاماژەکردنی راستەوخۆیەتی بۆ سەر (خود) کە چەقی جیهانە). [٢]
چیرۆك لەگەڵ لەدایکبوونی یەکەم مرۆڤی سەرزەمین هاتە کایەوە، ئەو مرۆڤەی کە فێری ئاماژە و هێمابوو، فێری زمان و پیت و گێڕانەوەش بوو. فێری چیرۆکیش بوو.
پیاوانی ئەشکەوت توانیان شەوان دەربارەی راوکردن چیرۆك بگێڕنەوە، هەروەها پیاوە ئاینییەکانیش توانیان دەربارەی دروستبوونی گەردوون چیرۆك بگێڕنەوە.
مێژووی چیرۆك بەستراوەیە بەمێژووی مرۆڤەوە، واتا کۆنەو تائێستا تازە نەبۆتەوە.
ئەویش لەلایەن جۆری چیرۆکەکەوە زۆرەو هەموومان چیرۆك گێڕین، بەڵام کەممان چیرۆك نووسین. راستە پەیوەندی چیرۆك بەخەیاڵەوە زۆرە، بەڵام داهێنانیش رەگەزێکی گرنگە بۆی.

---

[١] فن کتابة القصة- حسین القبانی- الطبعة الثالثة، ١٩٧٩، ل١٣٣
[٢] الاعتراف بالقصة القصیرة، سوزان لوهافر، ت-محمد نجیب لفتة، دار الشؤن الثقافیة العامة، بغداد، ١٩٩٠، ص١٥

**باسی دووەم:**

## سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەری لەجیهاندا

بەدرێژایی سەدەی پێشوو چیرۆکی هونەری گەشەی سەند، لەبەر ئەوە کەس ناتوانێت نکۆڵی بکات، کە بەچەند هەنگاوێکی سەختدا رۆیشتووە. لەهەر قۆناغێکدا چەندین بۆچوونو بیروڕای جۆراوجۆری هەبووە لەوانەش قۆناغی پێشڕەویی بوو، کە تیایدا سێ ناوداری تێدا دەرکەوت کە هەریەکە لە: (مۆباسانو چیخۆفو ئێدگار ئالان پۆ) ئەم قۆناغە بەها هونەرییە سەرەکییەکانی تێدا جێگیربوو، کە وەك هونەرێکی جوانکاری لەسەر دەستی هەستایەوەو راگری تایبەتی هەبوو. ئاشکرایە دوای سەرهەڵدانی لەجیهانداو لەچاخی نۆزدەدا، چیرۆك خاوەنی تایبەتمەندیو شێوەی خۆیەتی کە پێی دەناسرێتەوە، پێش ئەو دەمەش ئاشکرایە رۆژئاوا هەوڵی زۆری بەخۆوە بینیوە بۆ نووسینی چیرۆكو جۆرەکانی.

بە تایبەت دوای ئەوەی لەسەدەی چواردەدا لەرۆما رویدا لەنێو یەکێك لەژوورە لەژمارە نەهاتوەکانی کۆشکی ڤاتیکاندا، ناویاننابوو (کارگەی درۆیان) کە ئێوارانی رۆژ سکرتێرەکانی پاپاو هاوڕێکانیانی دەچوونە نێوی بۆ کات بەسەربردنو گۆڕینەوەی هەواڵ. لەم شوێنەدا زۆر چیرۆكو گوتەی سەیرو سەمەرە باسدەکران، دەربارەی ژنو پیاوانی ئیتاڵیا، تەنانەت دەربارەی پاپاش. بۆیە ئەم باسکردنە بووە مایەی سەردانیکردنی زۆر لەلایەنگرانو زۆر لەوانەی کە نزیك بوون لەپاپاوە، بۆ ئەوەی باسی پاپا بەخراپە نەکرێت.[1]

یەکێك لەناودارترینو ناسراوترین کەسانی کارگەی درۆ، (بۆ چیۆ) بوو، کەخاوەنی خەیاڵێکی فراوانو سیمایەکی سەرسوڕهێنەر بوو، لەدوای هاوسەرێتی کردنیشی لەگەڵ ژنێکی تەمەن پازدە ساڵان، وەك وێژەوانێکی چالاكو ناسراو دەستیکرد بەهۆنینەوەو کەسانی دوای ئەو درێژەیان بەکارەکانیدا.[2]

سەبارەت بەهەوڵی دووەمیش لەهەمان چاخی چواردەو هەر لەئیتاڵیا سەری هەڵدا، (جیۆڤانی بۆکاچیۆ) خاوەنەکەی بوو، کۆمەڵە چیرۆکی (دیکامیرون)ی نووسی.

شەونخوونی ئەم و سەرجەم هاوڕێکانی جیاواز بوو لەو هەولانەی لە(کارگەی درۆیان) دەدرا کە لەچەند سەعاتێك زیاتر نەدەخایەند.

ناودارترینی ئەوانەی سەردانی ئەو شوێنەیان دەکرد (پۆچیۆ) بوو کە قسە نەستەقەکانی خۆی تۆمارکردوو لەدوو توێی پەرتووکێکدا بلاویدەکردەوە بەناوی (الفاشیتیا) و چیرۆکەکانی (دیکامیرون) یان (سەد چیرۆك) کە نووسەری

---

[1] فن القصة القصيرة، د.رشاد رشدی، مکتبة الانجلو المصرية، ص١، ١٩٧٠.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣

ئیتاڵی (بوکاتشیۆ) نووسییەوەو چەندین هەوڵی تر کە دەرکەوتن لەپێش ئەم بەروارەدا لە ئەدەبی عەرەبی کۆنداو دکتۆری کۆچکردوو (شکری عیاد) هەستا بەلێکۆڵینەوەی لەژێر ناونیشانی (هونەری هەواڵ).[1]

بۆیە ئەو چیرۆکانەی کە (بۆکاچیۆ) نووسیبونی و ناوی (نۆڤل)ی لێنابوو درێژترین بوو لەچیرۆکەکانی (کارگەی درۆیان)ئەمەش تاکە جیاوازی نەبوو، ئەگەرچی لەهەردوو شێوەکەدا گواستنەوەی هەواڵ بووە سەبارەت بەهەندێ کەس کەرۆڵی خۆیان لەژیاندا هەبوو یاخوددەستکردی خەیاڵی نووسەر خۆی بوون.[2]

هەروەها هەواڵ لە (نۆڤل) زیاتر تێیدا بایەخ بەوردەکاری دەدرا لە(فاشیتیا) ئەمەش یەکێك بوو لەهۆ سەرەکییەکانی مانەوەی چیرۆکەکانی (دی کامیرۆن) نووسەرو شاعیرو رۆشنبیران لەسەدەکانی دواییدا سوودیان لێوەرگرت.[3]

دوای ئەوەی مۆپاسان-یش لەنیوەی دووەمی چاخی نۆزدەدا هاتە ژیانەوە، وای بۆ دەچوو کە ژیان لەگەڵ ئەوەی چیرۆك لێی دەدوێت جیاوازی هەیە.[4]

ئەو جیاوازییەیە کە (تیادا جیاوازی جیابوونەوەو پێکهێنانی خێزان نییە کەزۆرتر رووداوی مەترسیداری تێدا نییە، بەڵام سەرباری هەموو ئەوانەش لەنێو دوو توێی هەندێ باسی ئاسان هەیە کە هەموو رۆژێك روودەدەنو رەنگدانەوەی گۆشەو روناکی و واتا گرنگەکانن).[5]

مۆپاسان لەم بۆچوونەیدا تەنها نەبوو، (بەڵکو سەر بەقوتابخانەی هاوچەرخ بوو، لەسروشتییەکان وەك (ئەمیل زۆلا)و (فلۆبێر) و زۆری تر، ئەوانەی هەوڵیاندا لە رۆمانەکانیاندا وێنەی ژیان بکێشن بەو شێوەیەی کە لەواقیعدا هەیە، بەگشت وردەکارییە بەرهەستەکانیانەوە، بەڵام مۆپاسان لەیەك شت لەوان جودابوو).

وای بۆ دەچوو کە رۆمان بەکەڵکی ئەوە نایەت گوزارشت لەواقیعە نوێیەکەی بکات، چونکە ژیان چەند چرکەیەکەو ئەگوزەرێ، کە لەوانەیە بەلای کەسێکی ئاساییەوە ئەو چرکانە بەهای نەبێت، (بەڵام هەڵگری واتای گەورەیە).

خەمی مۆپاسان ئەوەبوو، کە وێنەی ئەو چرکانە بکێشێت و ناوەرۆکە شاراوەکەی بخاتە روو، گەرچی کورت و لەیەك دابڕاون. بێگومان چارەسەر بۆ تۆمارکردنی ئەو چرکە چڕو راگوزەرانەی کەشتێ نییە گوزارشتی لێبکات تەنها چیرۆکو کورتە چیرۆك نەبێت. دۆزینەوەیەکی ترسناك بوو، بەڵکو گرنگترین دۆزینەوەی وێژەیی بوو لەچاخی نوێدا. نەك لەبەر ئەوەی کە لەگەڵ لێهاتوویی و بلیمەتی مۆپاسان دەگونجا، بەڵکو لەبەرئەوەی چیرۆك لەگەڵ گیانی

---

[1] فن القصة القصیرة، د.الطاهر احمد مکی، ص٥٠

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٨

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل٨

[4] سەرچاوەی پێشوو، ل٨

[5] سەرچاوەی پێشوو، ل٨

هاوچەرخدا دەگونجاو ئامرازێکی سروشتییە بۆ ئەوەی گوزارشت لەواقیعەتی نوێ بکات کەبایەخ بەشت نادات، زیاتر لەبایەخدانی بەدۆزینەوەی راستییەکانی ئەو باسە بچووکو ئاساییانە.

دیارە ئەمەش وەکو هۆکاری یەکەم ئەژمار دەکرێ بۆ بلاوکردنەوەی چیرۆك لەلایەن مۆپاسانەوە.

نووسینی مۆپاسان جودابوون لەگشت چیرۆکەکانی بەر لەخۆی، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی سەرەتا خەلك رەتیکردەوە. هەتا رۆژگار بۆچوونی گۆڕین، تابەناوبانگترین رەخنەنووس لەسەری بنووسێت کە (مۆپاسان چیرۆکە و چیرۆکیش مۆپاسانە).

ئەوەی جێگەی راستیش بێت، چیخۆف بەداهێنەرێکی چیرۆکی کورت دانراوە، چونکە ئەم نووسەرە توانی چیرۆك لەواقیعی کۆمەڵ نزیك بخاتەوە. هەروەها رۆڵی هەریەك لە (ئەدگار ئالان پۆ) لەئەمریکاو هەروەها رۆڵی (ئوهندی) ناکرێت لەیاد بکرێ، چونکە لەپێشەنگەکانی دامەزرێنەری چیرۆك ناوزەد دەکرێن.

لێکۆڵینەوەکەشی لەسەر پەرتووکی (المکافاة و حسن العقبی) نووسەر ئەحمەد کوری یوسف یان چەندینی تر کە نووسەر فاروق خورشید لەپەرتووکی (رۆمانی عەرەبی- سەردەمی کۆکردنەوە) نیشانی دابوو.

واناسراوە کە عەرەب دەستێکی بالای هەیە لەم بوارەدا هەر بۆیە (چیرۆكو هەواڵ) و (چیرۆكو مێژوو) و (دانسقە)و (چیرۆکی میللی)و (چیرۆکی ئاژەڵان) و (چیرۆکە فەلسەفییەکان) دەرکەوتن.

هەروەها کۆمەڵە چیرۆکی نوێ سەری هەڵدا هەروەك (النجلا)ی حاجزو (الفرج عند الشدە)ی نووسەری تەنوخیو (زۆرانبازی عاشقەکان)ی کوڕی سەراج چەندین نموونەی تر کە یوسف شارونی لەکتێبەکەی دا (کورتە چیرۆكو تیۆریو جێبەجێکردن) هەروەها شێوەی پێکهاتەی چیرۆکی وا نیشان دەدەن کە رەگو ریشەی سەرەتای چیرۆکی عەرەبین [١].

خەریکە کۆ دەنگییەك دروست دەبێ، کە کورتە چیرۆك هونەرێکی تازەیەو (ئێدگار ئالان پۆ) باوکی چیرۆکە، سیفەتی جیاکەرەوەشی هەیە لەلایەنی جوانکارییەوە لەچیرۆکەکانیدا، لەبەر ئەوەی وەسفی کەشو هەوای هێمنی دەکرد کە لێوەی دەردەچوو، بەرەو جیهانێکی قەرەباڵغی پڕ لە ناجێگریو داماوی کە ئاماژەیەکە بۆ نادیاریو ترس. هەروەها کار لەسەر ئەوە دەکات کە بیرۆکە پەرەپێبداتو هەتا دەگاتە خاڵی یەکلاکەرەوە، ئەو وای دەبینێت کە ئامانج پێویستە بەشاراوەییو نادیاری بمێنێتەوە، پێویست ناکات کە هونەر بەدەوروبەر بەراورد بکرێ، بەڵکو پێویستە کە بەرەو بەدیهێنانی ئەو کاریگەرییە بچێت بەو ئاڕاستەیەی کە بەگەڕنەخرابوو. لەزۆربەی سەرچاوەکاندا سەدەی نۆزدەهەم بەسەرەتایەك بۆ دەرکەوتنی ژانرێکی تر لە هونەری (گێڕانەوە)ی رووداو دانراوە، کە (چیرۆك)ەو، شێوەیەکی ئەدەبیو هونەری پێشکەوتوو ترە لە حیکایەت.

---

[١] http://forum.stop٥٥.com/٢٦٨١٣٧.htm

لە ئەمریکادا، (ئەدگار ئالان پۆ ١٨٠٩- ١٨٩٤ز )سەر ئامەدی ئەم ژانرە نوێیە بووە، کە بەکورتە چیرۆك ناسراوە بەلای ئەوەوە کە لەچیرۆك جیاوازە، چونکە سەرەڕای نووسینی کورتە چیرۆك لە لایەنە تیۆریەکەشی کۆڵیوەتەوە کورتە چیرۆکی بە یەك ژانری ئەدەبی سەربەخۆ دیاری کردووە. نووسەر (پۆ) مەسەلەی دارِشتنی بەلاوە زۆر گرنگ بوو جەختی لە توندو تۆڵی بیناو یەکێتی ئەندامێتی دەکردەوە. لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر نووسەری چیرۆك پێش ئەوەی دەست پێبکات تەلارە هونەرییەکەی دابرِێژێت. ئەوەتا (پۆ) تەنها حەفتا چیرۆکی نووسیوە و جگە لە (پۆ) سێ کۆڵەکەو راگری تری ئەم ژانرە هەن کە یەك لەوانە (گی دی موپاسان) کە لەدارِشتنی چیرۆکدا پشت بە وەسفێك دەبەستێت، کە بەندە بە تێبینی زۆر وردەوە. نموونە مرۆییەکانی لەچیرۆکەکانیدا سەراپا فەلسەفەیەکی شپرزەی خەفەتاوییە سەر بە چینە ژێردەستانەیە. لەبیرۆکە تیۆرییەکانییەوە جەخت لەدواکەوتنی رووداو دەکاتەوە بەجۆرێ کە نادیاری بە دەورووبەر رێکدەخات. جیاوازی لەنێوان راستی راستەقینەو راستی جوانکاری هونەری پێشکەوتوو دەکات.

(موپاسان) گرنگییەکی ئەوتۆی بەستایل و شێوە داوە، بەڵام کەس نکۆڵی لەتواناو گەورەیی ناکات، چیرۆکەکانی پشت بەهەستەوەری ببنێن دەبەستن بە پلەی یەکەم. موباسان (دەشێ وەسفەکەی چرِببێتەوە لە بەشێکی بچوکی وەلانراودا کە دەبێتە جێ سەرنج بەتوندی) گرنگی بە چینی خواروو دەدات و چینە بەرزەکان دەکاتە گاڵتەجارِ.

هەروەها گۆگۆلی رووسی ١٨٠٩- ١٨٥٢ و ئەنتۆنی چیخۆفی رووسی ١٨٦٠- ١٩٠٢ز و سۆمەریست مۆم-ی ئینگلیزی. لەداهێنەرانو برەو پێدەرانی ئەم ژانرەنو شوێن پێیان هەڵگیراوە. کاریگەریی (یەکێتی بابەت لەگەڵ یەکێتی کات و شوێن و یەکێتی رووداو، سێ رواڵەتە بنەرِەتییەکەی درامای کلاسیکی فەرەنسی).[1] رواڵەتی سەرەکی ئەم هونەرەن. ئەنتوان چیخۆف کە سێیەم پێشرەوی ئەم هونەرەیە لە جیاکەرەوەکانی ئەوەیە کە بەهرەمەندە لەدەست نیشانکردنی بیرۆکە نادیارەکانداو گۆرِینیان بۆ راستییەکی توندرەوی شپرزەو بەمەبەست دیاردەی تازە لەژیان دەخاتەرِوو و شێوەکردنی کەسایەتییەکان بەندە بە نواندن نەك برِیاردان.

گرنگی نەداوە بەپێشەکی دوورو درێژ یان شیکردنەوەی دەروونیو لۆژیکی یان وێنە بلِق کردووەکان بەڵکو وازی لە نموونەکانی هێنا خۆی تایبەتمەندیی خۆی لەدۆخەکاندا بنەخشێنێت بەرِاشکاوییەکی تەواو سور بوو لەسەر وەرگرتنی دیمەنە سروشتییەکان.

[1] انواع ادبی، د.سیروس شمیسا، ج٣، تهران، ١٣٧٤، ص١٧٩-١٨٢.

((هەروەها لەگەڵ پەیدابوونی نەتەوەو زمانی نەتەوەیی لە ئەوروپاداو گەشەکردنی زمانی ئەم نەتەوانە بووە هۆی ئەوەی کە هەر نەتەوەیەك ببێتە خاوەنی چیرۆك و چیرۆکنووسی نەتەوەیی خۆی))[1].

((لە هەردوو سەدەی شازدەو حەڤدەدا جگە لەوەش پەرەسەندنو بڵاوبوونەوەی کورتە چیرۆك لەئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەدا بوو کە لەسەدەی (١٩)و سەرەتای سەدەی بیستەمدا هاتە کایەوە لەڕووی ئابوریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەوە.

شان بەشانی بڵاوبوونەوەی خوێنەرانیو چاپخانەو چاپکردنو رۆژنامەگەرییەوە کە چینی ناوەندی سەری هەڵداو پاش گەشەکردنی پیشەسازیو بڵاوبوونەوەی کارگەو دروستبوونی بازاڕ، ئەم چینەش سەنگو قورسایی خۆی هەبوو لەژیانی کۆمەڵگەدا. بەرهەمی ئەدەبی کوردی تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهان تێکڕا بریتی بووە لەشیعرو بابەتەکانیو بەچەشنی کاڵایەك بەباڵای دابڕابوو.

ئەم سیمایەش وەنەبێت تەنها مورکێکی تایبەتی بێت بە ئەدەبی کوردییەوە لکابێت، بەڵکو ئەدەبی عەرەبیش لەعێراقدا هەمان دیاردە رووی تێکردبوو.

چیرۆکنووسی عەرەب (زەنون ئەیوب) لەو باوەڕەدایە کە چیرۆکی نوسراوی عەرەبی لەسەرەتای سەدەی رابردووەوە دەرکەوتو بەجۆرێکی رەخساو لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەو گۆڤارەکان کەوتەڕوو))[2].

چیرۆك بەپێچەوانەی بەشەکانی تری ئەدەبەوە زیاتر لەناو گەلاندا بایەخی پێدراوە کە زۆرتر دۆستایەتیان پەیداکرد لەگەڵ رۆژنامەو گۆڤارو هونەری چاپو بڵاوکردنەوەدا.

---

[1] القصة القصيرة، نضرياً وتطبيقاً، يوسف الشاروني، كتاب الهلال، ابريل١٩٧٧ ، دار الهلال، ص٥٢-٥٣

[2] حوار مع القاص زنون ايوب، الاقلام- العدد الاول، ١٩٧٥، ص٣٨

## باسی سێیەم:

## سەرهەڵدانی چیرۆکی کوردی

ئەدەبی هەر نەتەوەیەك سەرەتا بە ئەدەبی سەرزاری دەستپێدەکات نەتەوەی کوردیش وەکو هەموو نەتەوەکانی تری جیهان ئەدەبەکەی گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی ئەدەبی سەرزاری هەیە. کە زۆربەی هەرە زۆری بە نەنووسراوی لەسنگی پیرو گەنج دا ماوەتەوە.

ئەدەبی فۆلکلۆریی کورد لە (ئەفسانەو حیکایەتو بەیتو باڵۆرەو داستانو گۆرانیو پەندی پێشینانو قسەی نەستەقو گاڵتەو گەپو مەتەڵو ....هتد) پێکهاتووە، کە بەشیعرو بە پەخشان گوتراونو دەماو دەم گوێزراونەتەوەو پارێزراون.[1]

زاراوەی چیرۆك لەناو ئەدەبی کوردیدا پێش هاتنە کایەی زاراوەکە بەپێی پێناسە هونەرییە هاوچەرخەکەی لە ئەدەبی جیهاندا هەر هەبووە شان بەشانی زاراوەی حیکایەت[2]، و هەر بەو مەبەستو واتایە بەکارهێنراوە. بەڵام دوا بەدوای جەنگی جیهانی یەکەم شێوەی بەکارهێنانی بەپێی پێناسە ئەوروپییەکە گۆڕاوە. ئێستا ئەو ژانرە دەگرێتەوە، کە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەوە لەئەوروپادا رەواجی پەیدا کردووەو چەند جۆرە ژانرێکی تری وەکو: چیرۆکی درێژو کورتە چیرۆكو کورتیلە چیرۆك دەگرێتە خۆ، کە هەریەکەیان سنووری دیاری کراوی خۆیانیان هەیە.

سەبارەت بەسەرهەڵدانی بینای چیرۆکی کوردی، وەکو ژانرێك لەئەدەبی کوردیدا سێ راوبۆچوون هەیە، کەچەند هێڵێکی جیاواز بۆ بناغەو بنچینەی ئەم هونەرە لەئەدەبیاتی کوردیدا دەکێشێت:

١. د.مارف خەزنەدار پێی وایە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوروپاو دەڵێت: (چیرۆك هونەرێکی ئەوروپاییە، پێویستی ژیان وای لێکردووە وەکو روخسارێکی هونەری لەناو هەموو نەتەوەکانی جیهاندا بڵاوببێتەوەو لەپاش جەنگی جیهانی یەکەم کەوتە ناو ئێمەشەوە.[3]

٢. حوسێن عارف لەرووی هەمان بۆ چوونەوە، چیرۆکی بێگانە بەسەرچاوەی چیرۆکی هونەری کوردی دادەنێتو دەڵێت : (چیرۆکی هونەری وەکو بابەتێکی ئەدەبی تازەی بێگانە هاتە ناو ئەدەبی کوردییەوە).[4]

٣. د.عیزەددین مستەفا رەسوڵ دەڵێت: (سەرچاوەکانی فۆلکلۆری کوردیو ئەدەبی جیهانییە).[5]

٤. عەبدوڵڵا سەراجو عەلائەدین سوجادی داکۆکی لێدەکەنو بەبەردەوامی بەفۆلکلۆری کوردی دەزانن.

---

[1] مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەجادی، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، ١٩٥٢، ل١٠١

[2] چیرۆك/حیکایەت، هەقایەت دەنگو باسی رابردوو، هەنبانە بۆرینە، فرهنگ کردی- فارسی، هەژار، یك جلدی، چیرۆك/١٢٢

[3] هەندێ لەشیرازەکانی دەفتەری رەخنەم، د.مارف خەزنەدار، دەفتەری کوردەواری، بەرگی (٣)، ل٥٣

[4] زمانو ئەدەبی کوردی (پەخشان)، د.شکریە رەسوڵ،چ. زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر، ١٩٨٧، ل٤١

[5] الواقعیة في الادب الکردی، د.عزالدین مصطفی رسول، ص٢٠٦

٥. لەکاتێکدا پەرێز سابر پێیوایە (کاریگەرییە فۆلکلۆرییەکان لەگێڕانەوەو کاتو کەساندایە).[١]
سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەری لەئەدەبی کوردیدا، یەکێکە لەدیاردە هەرە گرنگەکانی کەدەبێ لەمێژووی ئەدەبی هاوچەرخدا بایەخێکی تایبەتی پێبدرێت، چونکە بەوە هونەرێکی ئەدەبی نوێ کەوتە ئەدەبی کوردییەوە کە لەوەو بەر نەبووە.
چیرۆکی هونەری کوردی هەروەکو (حسێن عارف) چەند لاپەڕەیەکی گرنگی لەهۆکارەکانی سەرهەڵدانی چیرۆك لەئەدەبی گەلانداو ئەدەبی کوردیشدا دەستنیشان دەکاتو دەڵێت: ((پەیدابوونی پتر بەندە بەگیانی شارستانێتیو بڵاوبوونەوەی خوێندەوارییو زانستیو بەرزبوونەوەی رادەی رۆشنبیری کۆمەڵەوە، دەبوو لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا وەزعی لەباری تایبەتی خۆی بۆ هەڵکەوێت تا بۆی بلوێ سەرهەڵبداو بگات. لەعیراقیشدا لەدوای شەڕی گەورەی یەکەمەوە بەو شێوە سەرەتایە بۆی هەڵکەوتو خۆشی بەشێوەیەکی سەرەتایی سەری هەڵدا)).[٢]
ئاماژەی بەوەشداوە، کە هەموو داهێنانێکی نوێ بەسادەو ساکاری دەستپێدەکاتو لەچاو پلەکانی دوای تریدا لەساویلکەش بەدەر نابێت. بۆیە چیرۆکی هونەری کوردیش هەروا هاتە کایەوەو رێگای نەشونمای گرتەبەرو پێگەیشت.
چیرۆك لەئەدەبی کوردیدا لەهیچەوە لەدایك نەبووەو لەخۆوە نەهاتۆتە کایە، بەڵکو وەکو ئاماژەی پێدراوە چەندین حیکایەتو ئەفسانەو داستانمان هەبووە کەپێشتر بەشێکیان نەنوسراونەتەوە، دەنا بۆ ئەو مەبەستە دەبوونە مایەی دەوڵەمەندبوونی ئەدەبەکەمان.
بەلای پەرێز سابیر-یشەوە" خاڵی هاوبەش لەنێوان حیکایەتو چیرۆکی هونەری (ئەورووپیو کوردی)دا چێژوەرگتنی مرۆڤە لەگێڕانەوەو وەرگرتن، کە سیفەتێکی چیاکەرەوەی مرۆڤە لەئاژەڵو گیاندارانی دیکە، چونکە (مرۆڤ لەرۆژانی سەرەتاییەوە تا ئێستا چێژی لەبیستنی داستان وەرگرتووە).[٣]
هەربەپێی بۆچوونی زۆر لەنووسەرانو ئەدیبان کەبنچینەو سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەری کوردی بۆ سامانی ئەدەبی نەتەوەیمان، واتە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی دەگەڕێنەوە، چونکە پێیانوایە چیرۆك لەناو کورددا تاسەردەمی دواییو بەڵکو تاسەدەی بیستەم بریتی بوو لەسەرگوزشتەو ئەو حەقایەتانەی کە لەپێشینان روویانداوەو پاشان بەشەوان لەگوێی ئاگردانەکاندا دانیشتوونو یەکێك بۆی گێڕاونەتەوە.

---

[١] بینای هونەری چیرۆکی کوردی، پریز سابر محەمەد، چ. سەردەم-سلێمانی-٢٠٠٠، ل٣٨
[٢] چیرۆکی هونەری کوردی(١٩٢٥-١٩٦٠)، حسێن عارف، دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی چ-١، بەغداد-١٩٧٧
[٣] قصە نویسی، رضا براهینی، ص١٩٠

ئاشكراشە لەم رۆژگارەدا چیرۆك بەهونەرێكی نوێ دەزانرێت، گوایە گەلانی رۆژهەلات ـ لەوانە كورد ـ لەگەلانی رۆژئاواوە وەریان گرتووە.. هەرچۆنێك بێت مەتەلّی درێژو كورت لەكۆنەوە هەر هەبووە، بەلّام مەتەلّو كورتە چیرۆك لەسەر ئەو قالّبە هونەرییە نەبوون كەوا ئێستا بەبەرچاوەوەن.

بەلّگەی تریش هەن بۆ سەلماندنی كۆنی چیرۆك كە ئەویش ئەو هەموو قەتارو لاوكو هۆرەو حەیرانەیە.[١]

هەروەك بۆچوونی تر بەدیدەكرێت، كە گوایە سەرهەلّدانی چیرۆك بۆ سوودوەرگرتن لەهەردوو سەرچاوەی سامانی ئەدەبی فۆلكلۆریو قالّبە هونەرییەكەی چیرۆكی ئەوروپییە. لەبەر ئەوە چیرۆكی كوردی نە بەبەردەوامی تەنیا حیكایەتی كوردی دەزانینو نە بەپیشەیەكی گوێزراوەو وەرگیراوی ئەوروپایی دادەنێین.

بەلّكو چیرۆكی تازەی كوردی هەموو سامانی وتراوو نوسراوی نەتەوەییو تەكنیكی چیرۆكی گەلان بەئیبداعەوە لەگەلّ هەموو دەستكەوتەكانی تەجرەبەی ژیاندا تێكەلّ دەكات.[٢] ئەمەش گرنگیو بایەخی فۆلكلۆری كوردی وەك سەرچاوەیەك لەپالّ كاریگەری و كارتێكردنی هونەری چیرۆكی ئەورپی بۆ سەرهەلّدانی چیرۆكی كوردی پیشاندەدات.

عومەرمەعروف بەرزنجی، سەرەتای سەرهەلّدانی چیرۆكی هونەری دەگەڕێنێتەوە بۆ هەردوو سەرچاوەكە. ئەم هونەرەتازەیە لەئەدەبەكەماندا لەشێوەی بیركردنەوەی كەسانی چیرۆكەكانو رووخسارو شێوەی داڕشتنیدا مۆركێكی نەتەوایەتی پێوەلكاوە، هەرچەندە لەبنەڕەتدا بەگشتی هونەرێكی بەرزی ئەوروپییە.[٣]

مستەفا سالّح كەریم-یش ئەگەرچی راستەوخۆ لەلایەكەوە حیكایەتە میللییەكان دەكاتە سەرچاوەی چیرۆكی كوردی (ئاشكرایە كەبنەمای چیرۆكی كوردی ئەو حیكایەتە میللییانەبوو كە دەماودەم بۆمان ماوەتەوە).[٤]

بەلّام لەپالّ ئەمەشدا نكۆلّی لەكارتێكردنی چیرۆكی ئەوروپیش ناكات (بەلّام چیرۆك وەك بابەتە هونەرییە شارستانییەكە لای گەلی كوردشتێكی نوێیە، لەهەمانكاتیشدا دەبێ ئەوە بلّێین: ئەگەر كارتێكردنە ئەوروپاییەكەی لێی دوور بكەینەوە لەشێوە ساكارەكەیدا دەیگەڕێنینەوە بۆ بنەما كوردییە رەسەنەكەی).[٥]

هەروەها سەباح غالب (پێشڕەو) سەبارەت بەسەرچاوەی چیرۆكی كوردی دەلّێت: (ئەوەی راستییە ئەگەر بۆ سەرهەلّدانی چیرۆك دوو جەمسەر هەبێ، سامانی نەتەوەیی لەلایەكو كاریگەری ئەدەبی ئەوروپا لەلایەكی دیكە، ئەوا هەردووكیان لێكدانو تەواوكردنیان ئەنجامێكی پوختەو راستمان چنگ دەكەوێ. خۆمان سەرەتاو بنچینەیەكمان

---

[١] چیرۆك لەوێژەی كۆنو نوێماندا، عەبدوللّا سەراج، گۆڤاری بەیان، ژ٤، ل٣٢

[٢] لەئاهەنگی دەستپێكی دیداری یەكەمی چیرۆكی كوردیدا، د.عیزەدین مستەفا رەسولّ، گۆڤاری نوسەری كورد، ژ٤، خولی دووەم-١٩٨٠، ل١٧٩.

[٣] لێكۆلّینەوەو بیبلۆكرافیای چیرۆكی كوردی، عومەر مەعروف بەرزنجی، ١٩٧٨-بەغداد، ل١٣

[٤] سەرەتای لەدایكبوونی چیرۆكی كوردی، مستەفا سالّح كەریم، ل١٤

[٥] سەرچاوەی پێشوو، ل١٣

هەبوو، پەیوەندی کردنیشمان بەئەدەبیاتی رۆئاواوە رۆڵی گرنگو بەکەڵکی خۆی بینیوە لەگەشەکردنو دەست بەخۆدا هێنانی هونەری لەچیرۆکدا).[1]

کەواتە سەرچاوەی دروستبوونی چیرۆك لەناو کورددا دەگەڕێتەوە بۆ سامانی فۆلکلۆری کوردیو چیرۆکی بێگانە. چیرۆکی هونەری کوردیش نەبەوەرگرتنو گواستنەوەیەکی راستەوخۆو دەقاودەقی چیرۆکی بێگانەو نەبەلاسایی تەواوی حیکایەتی میللی دادەنیێین. بەڵکو بنچینەی سەرهەڵدانی بۆ سوودوەرگرتن لەحیکایەتی میللیو تەکنیکی چیرۆکی ئەوروپی دەگەڕێتەوە.

ئەو چیرۆکانەی عەلادین سوجادی، کە لەکتێبەکەی (دەقەکانی ئەدەبی کوردی) ئاماژەیان بۆ دەکات، چیرۆکی شەوچەرەکانی ژیانی گوندایەتی کوردەواریمانە، ئەو چیرۆکانەش گەرچی لایەنی هونەری تێدا بەدی ناکرێت، بەڵام وەکو زەمینە خۆشکردنێك بۆ چیرۆکی هونەری تەماشای دەکەین. (حسێن عارف) کە دێتە سەر ئەو باسەو لەفۆلکلۆر دەدوێت، وەك بەشێك لەئاسمانی ئەدەبی دێرینی کوردیو پەیوەندی بەهونەری چیرۆکی خۆماڵییەوە پرسیار دەکات و دەڵێ: (بێگومان ئەدەبی کوردی لەداستان و ئەفسانەو حیکایەتی فۆلکلۆری دەماودەمی خەڵکیدا گەلێ دەوڵەمەندە. بەڵام با ئەوپرسیارە بکەینو بزانین کە داخۆ پەیدابوونی چیرۆکی هونەری لەئەدەبی نوێماندا هیچ پەیوەندی هەبووە بەو میراتە فۆلکلۆرییەمانەوە).[2]

ئەو پرسیارەی حسێن عارف بەرەوا دەزانرێ لەکاتێکدا بەردەوام جەخت لەوە دەکەین، کەم تازۆر چیرۆکی هونەری لێی سوودمەندبووە، بەڵام نەکراوە بڕبڕەی پشتی خۆیو هەموو میللەتان خاوەنی چیرۆكو داستان و فۆلکلۆری خۆیانن. میللەتی کوردیش بەهەمانشێوەی میللەتانی دیکە، خاوەنی سامانێکی زۆری دەوڵەمەندەو شارەزایان لەیاسای کۆنو نوێی چیرۆك هەبووە، گەرچی بەشێوەیەکی ساکاریش بووبێت.

ئەوەی زۆر لەنوسەرانیش لەسەری کۆکن ئەوەیە، کە چیرۆکە درێژەکەی (جەمیل سائیب) کە بەناوی (لەخەوما)یە بەیەکەم چیرۆکی کوردی لەقەڵەم دەدرێت. هەروەك هەندێکی تریش ئاماژە بۆ سەرەتایەکی دیکەش دەکەن بەسەرەتای راستەقینەی چیرۆکی کوردی ناودەبەن. مارف خەزنەدار دوای ئەوەی دەستنیشانی یەکەم چیرۆکی کوردی دەکات کە یەکەم چیرۆکی کوردی (لەخەوما)ی جەمیل صائیب دوای جەنگی یەکەمی جیهان دەرکەوت[3]، هەروەها باسی سەرەتایەکی دیکە دەکاتو بەسەرەتای راستەقینەی چیرۆکی کوردی دادەنێت.

---

[1] سەرەتایەك بۆ نوسینەوەی پەیدابوونی چیرۆکی هونەری لەئەدەبی کوردیدا، سەباح پێشڕەو، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژ٦٥-١٩٧٨، ل٢٨

[2] چیرۆکی هونەری کوردی (١٩٢٠- ١٩٦٠)، حسێن عارف، دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی، چ-١، بەغداد، ١٩٧٧، ل١١

[3] القصه الكرديه، د.معروف خزندار، ص٩٤

هەروەها دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسولّ-یش لەوبارەوە دەلّێت: (دەرکەوتنی چیرۆکی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی نێوان هەردوو جەنگو دەتوانرێت یاداشتە رەخنەییەکانی جەمیل سائیب کە لەژێر ناوی (لەخەوما)یەو لە سالّی ١٩٢٥دا دەربارەی حکومڕانی شیخ مەحمود نووسیویەتی بەیەکەم چیرۆك دابنرێ[١].

هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە گەشەکردنی راستەقینەی کورتە چیرۆك دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی جەنگی دووەمی جیهانو ماوەی دوایی دوای جەنگ کە چەند نوسەرێك لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری گەلاوێژدا هەلّکەوتن، ئەوانیش وەك (بلەو شاکر فەتاح و عەلائەدین سەجادی)[٢].

بەبڕوای حەسەن جاف-یش کە دەلّێت: دوای ئەوەی کە هەر لەمێژەوە ژیانی کۆچەری خالّێك بووە بۆ هاتنە بوونی چیرۆك بەجۆرێك کەبەپێی وەرزەکانی سالّ، کاتێك دەست بەکۆچکردن دەکرا بەناوچەکانی شارەزورو پێنجوێنو بگرە تا کوردستانی ئێران بەتایبەتی رۆژئاوای سەقزو سنە، کە لەهاویندا لەرەشمالّو هەواردا و لەزستانیشدا لەناو گوندا بۆ نموونە خێلّی هەرکی کە (بەزستان لەناوچەی دێرەدا دەژیانو لەهاوینیشدا لەناوچەی شەمدینانو دەوروبەری زنجیرە چیاکانی سەر سنوری نێوان فارسو دەولّەتی عوسمانیو ناوچەی برادۆستو زۆربەی لاپالّە شاخاوییەکانی ناوەندی ئەو ناوچانە بلاّودەبوونەوە)[٣].

ئەم جۆرە ژیانە کە دەبێتە ئەوەی کورد شەش مانگی سالّ کەپاییزو زستانە لەگوندەکاندا بژینو تارادەیەکیش بێ ئیش بن، چونکە ئیشوکاری گیانەوەر لەوەڕاندنو بەدوای پاواندا گەڕانو مەڕدۆشینو چاندنو درەو کشتوکالّ کردن، هەموو ئەمانە کۆلّەکەی ئابووری ژیانی کۆچەرین.

شەوانی درێژی زستان لەدیوەخانەکاندا یان لەمالّی یەکتر دەیانبردە سەر بەحیکایەت گێڕانەوە.

بۆیە بەبڕوای (حەسەن جاف) ئەوان سەرچاوەی (یەکەمی چیرۆکی کوردی)ین، ئەمانەش لەکاتێکدا سەرەتای چیرۆکی کوردی بەرای هەندێ نووسەر چیرۆکی لەخەومای جەمیل سائیب-ە.

بەلاّم هەر دەربارەی ماوەی دەرکەوتنی سەرەتای چیرۆکی کوردی رایەکی تر دێتە پێشەوە، ئەم رایە چیرۆکی (بۆچی جلخوارم)ی سەعید زانستی بەیەکەم چیرۆکی کوردی دادەنێت، رەئوف حەسەن-یش دەلّێت ((بەلاّم هەر لەرۆژنامەی ژیانەوەداو لەژمارە (١٥)ی سالّی یەك لە١٦ی شوباتی ١٩٢٥دا کورتە نوسراوێکی تێدایەو دەلوێ ناوی چیرۆکی لێبنرێت.. وەکو ئاماژە پێکرا (بۆچی جلخوارم) کەریم سەعید نوسیویەتی[٤])).

---

[١] القصه الکردیه، د.معروف خزنەدار، ، ص٩٤

[٢] حەسەن قزلّجیو بیرەوەریو هەلّوێستێك بەرامبەر چیرۆکی کوردی، گۆڤاری نوسەری کورد، ژمارە ١٠، ١٩٧٣، ل٦

[٣] العشائر الکردیة، فؤاد حمة خورشید، مطبعة الحوادث - بغداد، ١٩٧٩، ل٧١-٧٨-٧٩

[٤] سەرەتای چیرۆکی کوردیو جیاوازی نێوان یەکەم چیرۆكو دووەمیان، رەئوف حەسەن، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژ٦٩-١٩٧٨، ل١٥

بەرای ئێمەش سەرەتای راستەقینەی سەرهەڵدانی چیرۆکی کوردی لەناوەڕاستی سییەکانی ئەم سەدەیەوە بوو کاتێك (پیرەمێرد)ی شاعیری گەورە، دەستیکرد بەبڵاوکردنەوەی چیرۆکەکانی لەرۆژنامەی (ژیان)دا.

هەروەها یاسین قادر بەرزنجی-ش باسی هەمان چیرۆکی کردووەو دەڵێت: چیرۆکی (بۆچی جلخوارم) مانگێك پێش چیرۆکی (لەخەوما) بڵاوکراوەتەوەو باس لەوەدەکات کە: ئەم چیرۆکە لەچیرۆکی (لەخەوما)ی جەمیل صائیب کۆنترەو پێشی دەکەوێت. لێرەدا ناوەستین بەڵکو چەندان بۆچوونی تریش بەدی دەکرێن هەر سەبارەت بەسەرەتاو بوونی چیرۆکی کوردی وەکو یەکەم چیرۆك، دوای کۆکردنەوەو بڵاوکردنەوەی ژمارەکانی رۆژنامەی (رۆژی کورد) لەلایەن جەمال خەزنەدارەوە کە لەژمارەی یەکەمو دووەم-دا چیرۆکێك بەناوی (شویش) لەلایەن فوئادی تەمۆوە بڵاوکراوەتەوە[١].

ئەگەر باس لەچیرۆك بکەین لەنێو رووپەری گۆڤارو رۆژنامەکاندا، سەبارەت بەسەرهەڵدانی چیرۆك لەناو ئەدەبی جیهانداو دواتر لەناو ئەدەبی کوردیدا، وە باس لەو گۆڤارو رۆژنامانەش بکەین کە دەنگۆی یەکەم چیرۆکی کوردیان لەسەرەو تیایاندا بڵاوکراوەتەوە.

وەکو لەگۆڤاری (رۆژنامەی کورد)دا تەنیا سێ ژمارەی لەساڵی (١٩١٣) دەرچووە، چیرۆکی بێ ناونیشانی تیادادەبینرێ. لەوشەی (چیرۆك) لەلایەن گۆڤارەکەی لەسەردایەو دەکرێ بڵێین بەپێی گەڕانو ئەو سەرچاوانەی هەنو هەروەها نەبوونی بەڵگەیەکی دی بەدەستمانەوە. پێشتر ئاماژەکرا کە چیرۆکی فوئادی تەمۆ و رەگەزی سەرەکی چیرۆکی تیادا دەبینرێ وەك گرژبونەو دیالۆگ، لەگەڵ ئەوەشدا هەر ملکەچی شێوە حیکایەتی میللی سادەیەو لەوانەیە چیرۆکنووس لەم چیرۆکەدا ویستبێتی نموونەیەکی میللی وەها پیشانی خوێنەر بدات، کە بتوانێ بمێنێتو لەناو خەڵکدا بڵاوببێتەوە.

زۆربەی ئەوانەی لەبارەی چیرۆکی کوردییەوە نووسیویانە دەقی (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار جاف-یان وەك چیرۆکێکی درێژ (پۆڤێست) سەیرکردووە. تەنیا دکتۆر عەبدوڵڵا دەباغو عادل گەرمیانی نەبێت، کەوا وەك رۆمانێکی کورتی تەواو نەکراو مامەڵەیان لەگەڵ ئەم دەقە کردووە، تەنانەت دکتۆر عەبدوڵڵا دەباغ[٢] هەندێ بنەمای رۆمانی فێڵبازی، یان فێرکاری (رواية الشطار) (picasque) تێدا دەستنیشان دەکات.

ناکرێت رۆڵی گۆڤارو رۆژنامەکانیش وەلابنێین، بۆ نموونە گۆڤاری (گەلاوێژ) رۆڵێکی گرنگی هەبوو لەبڵاوکردنەوەو بەرەوپێش بردنی چیرۆکی کوردی، لەژمارەکانیشیدا چیرۆکی بیانی بڵاودەکرایەوە. هەروەها لەساڵی یەکەمی گۆڤاری

---

[١] رۆژی کورد، بڵاوکردنەوەو پێشەکیو لەسەر نووسینی جەمال خەزنەدار، چاپخانەی (الموسسه العراقیه)-بغداد ١٩٨١، ٤١-٤٢-٧٦-٧٧

[٢] بینای هونەری لەکورتە چیرۆکی کوردیدا، ئەحلام مەنسور، چاپی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٢٥

گەلاوێژدا (١٩٣٩-١٩٤٠) سانیحە ئەمین زەکی چیرۆکێکی خۆماڵی نوسیوە بەناوی (شێرە ژن)[١]. هەروەها لەساڵی دووەمی گۆڤارەکەدا دوو چیرۆکی خۆماڵی بڵاوبوونەتەوە، یەکەمیان (بەسەرهاتی هەژارێك)[٢] نووسەرکەی عەلی عەبدوڵڵایە. ئەویتریشیان (ئەنجامی پیاوێکی بەنگ کێش)[٣] کەپیرەمێرد نوسیویەتی.

چیرۆکەکەی فوئادی تەمۆ سەرەتای نووسین یان رەوانیتر سەرەتای چاپوبڵاوکردنەوەی چیرۆکی کوردییەو هێشتا لەقاڵبی کۆندایەو لەڕووی هونەرییەوە پێنەگەیشتووە، بەتایبەتی لەپەیکەرسازی چیرۆکدا. هەروەها مستەفا نەریمان لەوتاری (لەگەڵ کاروانی رۆشنبیری کورد لەبیستەکانداو سییەکان بەراوردێك).[٤] ئاماژە دەکات بەوەی کە لەساڵانی بیستەکاندا هیچ چیرۆکێك چاپ نەکراوە، بەڵام لەساڵانی سییەکاندا ئاماژە بۆ بڵاوکردنەوەی (١٦) چیرۆك دەکات و نەخۆی ناوی ئەو چیرۆکانە ئاشکرا دەکات و نەئێمەو نەهیچ نوسەرێکی تر.

رایەکی دیکەش هەیە کە ئەم چیرۆکەی بەیەکەم چیرۆکی کوردی داناوەو ئەوەتا جەلیلی جەلیل لەوبارەیەوە وتویەتی ((لەبەشی کوردی هەردوو ژمارەی یەکەمو دووەمی (رۆژی کورد)دا چیرۆکێکی خۆش لەلایەن فوئادی تەمۆ-وە بەزاری کرمانجی بڵاوکراوەتەوە، کەبەزمانێکی جوانو سادە نووسراوەتەوە.

هەروەها عەبدولڕەحمان پاشا سەرەتایەکی کۆنتر بۆ چیرۆکی کوردی دادەنێت، کاتێك دەیگەڕێنێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەیەم، بۆ ئەو وتارەی (میر عەبدولرەحمان بەدرخان) لەژمارە (١١)ی رۆژنامەی کوردستاندا لەژێر ناوی (واعتصموا بحبل الله جمیعاً)دا بڵاوی کردۆتەوە، ئەم وتارە دەقێکی تێدایە بەرای نووسەری ناوبراو زۆر نزیکی چیرۆکە.[٥] بەرهەحاڵ چ ئەو دەقەی میر عەبدولرەحمان بەدرخان یان ئەو دەقەی فوئاد تەمۆ بڵاویکردۆتەوە، ئەگەر بەچیرۆك دابنرێن، ئەوا هەردووکیان بەسەرەتاکانی چیرۆکی کوردی دادەنرێن لەپارەچەکانی تری کوردستاندا، نەك لەکورستانی خواروودا.

هەروەها جەلیل کاکەوەیس باسی دەستنوسێکی کردووەو داویەتە پاڵ زێوەری شاعیرو بەیەکەم چیرۆکی کوردی دادەنێت، بەڵام رەنگە نەتوانرێت وەکو بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو مامەڵە لەگەڵ دەستنوسەکە بکرێ، چونکە ناوی خاوەنەکەی لەسەر نییەو ئاماژە بەساڵی نوسینیشی نەکراوە، بەڵکو جەلیل کاکە وەیس بەگومانەوە ئاماژەی بۆ ساڵی نوسینی کردووە.ئەگەر لەساڵی ١٩٢٠-١٩٢٤ نوسرابێت ئەوا دەبێتە یەکەم چیرۆکی کوردی.[٦]

---

[١] شێرە ژن، س ئەمین زەکی، گۆڤاری گەلاوێژ، ژ٢، ساڵی یەکەم، ١٩٤١، ل٦١-٦٤

[٢] بەسەرهاتی هەژارێك، عەلی عەبدوڵڵا، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە(٩-١٢)، ساڵی دووەم، ١٩٤١، ل٨٨-٩٠

[٣] ئەنجامی پیاوێکی بەگ کێش، پیرەمێرد، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە(٩-١٢)، ١٩٤١، ل٩١-٩٦

[٤] لەگەڵ کاروانی رۆشنبیری کوردی لەبیستەکانو سییەکانداو بەراوردکردنێك، مستەفا نەریمان، گۆڤاری نوسەری کورد، خولی سێیەم، ئازاری ١٩٨٥، ل١٠٦، ١٠٧

[٥] چیرۆکا کوردی ل سەدا نوزدە دەستپێکر، عەبدولرەحمان پاشا، رۆژنامەی بزاڤ، ژمارە٥٥، ١٩٩٠،ل٥

[٦] یەکەمین چیرۆکی هونەری کوردیمان کامەیە؟ جەلیل کاکە وەیس، رۆژنامەی هاوکاری، ژ٧٨٨، ١٩٨٥، ل٧

لەبیریشمان نەچێت سەر هەڵدانی چیرۆکی هونەری کوردی لەکوردستانی خوارودا لەومێژووە کۆنترە کەتائێستا باسی لێوەکراوەو ئەم سەرەتایە چەند ساڵێك دەچێتە دواوە، بۆ پێش دەرچوونی رۆژنامەی (ژیانەوە-١٩٢٤)و (ژیان-١٩٢٦)، رۆژنامەیەکی تر لەشاری سلێمانی دەردەچوو لەسەر لاپەڕەکانی ئەو رۆژنامەیە، چەند نموونەیەکی سادەی چیرۆکی هونەری کودری دەبینرێت کەتائێستا باس نەکراون، ئەویش رۆژنامەی (پێشکەوتن)ە لەساڵانی (١٩٢٠-١٩٢٢) دەرچووە.

گومانی تێدا نییە لەڕوی تۆمارکردنی مێژوی سەرەتای چیرۆکی کوردی بایەخی تایبەتی دەبێت، چونکە چەند ساڵێك ئەو سەرەتایە دەگەڕێنێتەوە دواوەو سەرەتای کۆنتری بۆ تۆماردەکات، ئەویش وەك چیرۆکەکانی (تەمەعو چاو برسی)[1] ، (بەیاخی جل دروو)[2] ، (موفلیسو بێکار)و چەندان نموونەی تر.

چیرۆکی هونەری هاوچەرخی کوردی بەرۆمانیشەوە، بەهەموو کێشەو تەکنیكو چەمكو رەخنە، کەشێوە ژانرێکی ئەدەبی هاوردەیە. چیرۆك بەگشتی چوار سەرچاوەیە، یان چوار رێچکەی سەرەکی هەبووەو هەیە(ئیسپانی، فەرەنسی، ئینگلیزی، رووسی) کە هەرکەیان خاوەنی مێژوو تەکنیكو رێبازی فیکریو تیۆری و تایبەتمەندی خۆیەتی.

چیرۆکی رووسی لەڕێی ریکلامی شیوعیو بزاڤی وەرگێڕانی عەرەبییەوە زوتر گەیشتە خوێنەری کورد، وەکو بەرهەمەکانی گۆرکیو دۆستۆیفسکیو چیخۆفو تۆڵستۆیو شۆلۆخۆفو ئەیتماتۆڤ، کەبابەتەکانیان لێکچوونێکیان لەگەڵ کۆمەڵی کوردەواریو تاکەکانی مرۆڤی کورددا هەیە.

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل لەساڵی (١٩٦٦)ەوە کەوتە سەر شێوەو شێوازو تەکنینکی چیرۆکی رووسیو یەکەم چیرۆکی خۆی بەناوی (نێچیر) لەسەر ئەو رێبازە نووسیوە. کەدواتر لەگەڵ (٥) چیرۆکی دیکەی خۆیو (٢) چیرۆکی (مەکسیم گۆرگی)دا لەیەکەم کۆمەڵە چیرۆکی خۆیدا (دارەکەی بەرماڵمان-١٩٦٨) پێکەوە بڵاویکردنەوە، وەك ئەوەی ئەوانەی مەکسیم گۆرگی-ش هی خۆی بن))[3] .

حوسێن عارف-یش پێش سەردەمی (روانگە) بووە ئاڵا هەڵگری تەوژمی چیرۆکی ئینگلیزیو لەبەرهەمەکانی خۆیدا هەر بەبەکارهێنانی تەکنیکەکانیشەوە نەوەستا، بەڵکو چەندین وتاری رۆژنامەنووسیو دوو کتێبی پراکتیکیو تیۆریشی لەوبوارەدا نووسیوە: (چیرۆکی هونەری کوردی ١٩٢٥-١٩٦٠) چاپی ١٩٧٧، دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکراوەی کوردی/ بەغداد.

---

[1] رۆژنامەی پێشکەوتن، ساڵی یەکەم، ژ٤، ١٩٢٠، ل١-٢

[2] رۆژنامەی پێشکەوتن/ ساڵی یەکەم،ژ٣٤، ١٩٢٠، ل٣

[3] رۆژنامەی پێشکەوتن، ژ٥٠، ١٩٢١، ل٣و٤.

لەسەرەتای هەشتاکانیشدا خوالێخۆشبوو ( لەتیف حامیدو سەدرەدین عارفو سەلاّح شوانو محەمەد موکریو رەئوف بێگەردو رەئوف حەسەنو حەسەنو جافو خەڵکی دیکەش هاریکاری بەرچاویان نواند لەبرەو پێدانی  تەوژمی چیرۆکی ئینگلیزی-دا، لەگەڵ چیاوازی تایبەتمەندی هەریەکەیانو پەیدابوونی هەریەکەشیان لەرووی مێژووی بەرهەمهێنانی کارەکانیانەوە.

عەبدوڵلا سەراج-یش لەژێر کاریگەری نوسینە تیۆرییەکانی میشال بۆتۆرو ئالان رۆب گرێو جان ریکاردۆو دواتر نووسینەکانی نهاد تەکەرلیو هەندێ لێکۆڵینەوەی دیکەدا بەزمانی عەرەبی، بووە پێشەنگی تەوژمی چیرۆکی فەرەنسی، تائێستا بەدەیان چیرۆکی کورتو چەندین کورتە شانۆنامەو رۆمانی لەسەر تەکنیکو شێوازی چیرۆکی فەرەنسی بەرهەمهێناوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەمێژووی سەرهەڵدانی چیرۆکی کوردیدا ئالۆزی و لێڵییەك بەدیدەدەکرێت و هەر چیرۆکنوسەی مێژووەکەی بۆ ساڵێك دەگەڕێنێتەوە، بەلاّم ئەوەی بە لای ئێمەوە گرنگە ئەوەیە کە چیرۆکی کوردی لە ئێستادا گەشتۆتە پلەی خۆی لە ئەنجامی ئەو قۆناغە جیاوازانەوەی کە بڕیویەتی، ئەو قۆناغانەی، کە ڕەخنەگران ئاماژەیان پێداوە و بەسەرەتای سەرهەڵدانی چیرۆکی کورید لە قەڵەم دەدەن، ئەویش دابەشکردنی بۆ چەندان قۆناغی جودا کە دوا پۆلێنیان بریتییە لە حەوت قۆناغ و لە لایەن ڕەشید سابیرەوە لێکۆڵینەوەی بۆ کراوە ئەویش:

قوناغی یەکەم: سەرەتای سەرهەڵدان تا ساڵی ١٩٢٥

قۆناغی دووەم: قۆناغی پەیدابوون (١٩٢٥- ١٩٣٩)

قۆناغی سێیەم: نەشونماکردنی هونەری چیرۆکی کوردی (١٩٣٩_١٩٥٠)

قۆناغی چوارەم:پێگەشتن و چەسپاندنی چیرۆکی کوردی(١٩٥٠- ١٩٦١)

قۆناغی پێنجەم:دەوڵەمەند لە بیر ی نەتەوەیی و کز و نەهات لە بلاّوکردنەوەی ئاشکرادا(١٩٦١_١٩٧٠)

قۆناغی شەشەم:نوێ بوونەوەی چیرۆکی کوردی(١٩٧٠- ١٩٩٠)

قۆناغی حەوتەم: قۆناغی دوای ڕاپەڕین تاکو ئێستا[١].

باسکردنی ئەم قۆناغانە لەو ڕووەوەیە کە پێگەی شێرزاد حەسەن دیاری بکەین، کە دەکەوێتە ناو قۆناغی شەشەمەوە و لە قۆناغی حەوتەمیشدا هێشتا بەردەوامە.

---

[١] چیرۆکی کوردی، سابیر رەشید

## باسی چوارەم

## بینای چیرۆك لەڕوانگەی ڕێبازە ڕەخنەییەكانەوە

ڕێبازە رەخنەییەکان، ئەو ڕێبازانە دەگرێتەوە، کە لەدەرەوە دەڕواننە ئەدەبو بەدەوریدا دەسوڕێنەوەو لەڕێگای لێکدانەوەو شیکردنەوەی دیاردەکانی دەوروبەر لەکاری ئەدەبی دەکۆڵنەوە، بۆیە دیارترین خاسیەت لەو روانگەیەوە ((پەیڕەوی لێکۆڵینەوەی دەرەوەی ئەدەب ڕێساکانی شتە لاسایی کراوەکان بەسەر تێکستی ئەدەبیدا دەسەپێنێتو بەپێی ئەو ڕێسایانەو لەبەر ڕۆشنایی یاسا کۆمەڵایەتیو ئابوریەکانو شیکردنەوە دەرونیەکانو پشکنینە مێژووییەکان هەڵیان دەسەنگێنێتو لەڕادەی لێکچونی بابەتە لاسایی کراوەکە دەکۆڵێتەوە، واتە ئەدەب ملکەچی یاساکانی دەرەوەی دەکاتو ئەو لایەنە وەردەگرێت کە لەگەڵ سەرنجو بۆچونەکانیدا دەگونجێتو لایەنەکانی دی پشت گوێ دەخات کە ناچێتە ناو بایەخدانی ئەوەوە))[1].

لەوەوە دەردەکەوێ، کە ئەدەب لەشتێك دەکۆڵێتەوە دورە لەخۆیو ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی باسەکان پێك دێنن پێوەندیەکی ڕاستەوخۆیان بەکرۆکی باسو لێکۆڵینەوەکانەوە نییە، بەڵکو لەڕێگای یاسا وەرگیراوەکانی دەرەوە ئەو راوبۆچونانەی بەسەردا دەسەپێنرێ، کە راوبۆچونی تایبەتی ڕەخنەگرەکانەو ئەوانیش لەئەنجامی کارتێکردنی زانستو لقەکانی دی زانینەوە لایان دروست بووە، نەك لەئەنجامی لێکدانەوەو شیکردنەوەی یاسا خۆیەکانی ناوەوەی کارە ئەدەبییەکان. بەستنەوەی ئەدەب بەیاساکانی دەرەوەو لێکدانەوەی لەڕێگای دیاردە جۆربەجۆرەکانی دەوروبەری ئەدەب دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی پەیدابوونی ڕەخنەی ئەدەبی لەجیهاندا هەر لەئەفلاتونو ئەستۆوە تاکو سەرەتای سەدەی بیستەمو دەرکەوتنی بزوتنەوەی فۆرمالیستی، کە وەك بەرپەرچدانەوەیەکی ئاشکرای ئەو ڕێبازە ڕەخنەییەکانەوە هاتە پێشەوە کە لەدەرەوە دەیانڕوانیە ئەدەب.

ئەفلاتون لەڕوانگەی بۆچونی فەلسەفە ئایدیالییەکەوە دەڕوانێتە شیعرو لەسەر بناغەی دوو لقی سەرەکی ئەو فەلسەفەیە، کە یەکێکیان تیۆری زانینو ئەوی دیکەیان ڕەوشتە حوکم لەسەر شیعرو شاعیران دەدات، واتە لەدەرەوە دەڕوانێتە ئەدەب، ئەفلاتون بەپێی تیۆری زانین هەموو شتێکی هەستپێکراو بەوێنەیەکی هەڵەی بیری ئەو شتە دادەنێت.

پێیوایە مرۆڤ تەنها لەڕێگای عەقڵەوە توانای ئەوەی هەیە بگاتە ڕاستی، بۆیە کاتێ شاعیر لاسایی جیهانی هەست پێکراو دەکاتەوە لەو ڕاستییە دور دەکەوێتەوە کە بیری شتەکە دەنوێنێت هەر لەبەرئەوەش کاتێك باسی لاسایی کردنەوە دەکات دەیداتە پاڵ هەست کە لەعەقڵ نزمترە. ((لاسایی کردنەوەی تایبەت دەبێت بەکام بەشی عەقڵ؟

---

[1] البناء الفني لرواية الحرب في العراق (دراسة لنظم السرد والبناء في الرواية العراقية المعاصرة) عبدالله ابراهيم، دار الشؤون الثقافية العامة، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٨٨، ص١٥

هەڵبەت تایبەت نییە بەعەقڵ، کە بەرزترین بەشەکانی سروشتە، بەڵکو تایبەت دەبێت بەبەشێکی لەو نزمترە))[1] بەمەش شاعیر لەڕاستی دوردەکەوێتەوە، چونکە لاسایی کردنەوە پشت بەهەست دەبەستێتو هەستیش هەڵخەڵەتێنەرەو راستییەکان دەشێوێنێتو ئەمەش بەپێچەوانەی مەبەستی ئەفلاتونە کە دەبێ راستی تەنها ئامانجێك بێت مرۆڤ بەدوایدا بگەڕێت.

شیعر ئەو بیرانە نانوێنێت کە راستییەکانی تێدا بەدی دەکرێتو تەنها خۆی دەداتە پاڵ هەستو هەستیش کارێکی خراپی هەیەو کاردەکاتە سەر مرۆڤ.

هەرچەندە ئەفلاتون مەوزوعیانە دەڕوانێتە شیعرو گرنگیان پێدەداتو خۆشی بەسروشتی شیعرو بەشە پێکهێنەرو جۆرەکانی شیعر خەریك دەکات.

بەڵام بەپێچەوانەوە ئەرستۆ باسی لاسایی کردنەوە دەکات لەباری سەرنجێکی جیاوە لەبابەتەکە دەدوێتو سەرچاوەی سەرهەڵدانی شیعر لای مرۆڤ بۆ دوو شت دەگەڕێتەوە کە لاسایی کردنەوە خۆڕسکەو حەزو ئارەزووی مرۆڤە بۆ لاسایی واتە ((لاسایی کردنەوە خۆڕسکێکە هەر لەمندالییەوە لای مرۆڤ پەیدا دەبێتو مرۆڤیش بەوە لەئاژەڵ جیا دەکرێتەوە کە توانایەکی زیاتری بۆ لاسایی کردنەوە هەیەو لەڕێگای ئەوەوە فێر دەبێت. مرۆڤیش چێژ لەو لاسایی کردنەوە وەردەگرێ))[2].

بەکۆی گشتی ئەرکی شیعر لای ئەرستۆ پاکبونەوەی دەروونی مرۆڤە لەو سۆزە خراپانەی هەڵی گرتوون، لەکاتێکدا ئەفلاتون شیعر بەسەرچاوەی دروستبوونی ئەو سۆزانە دادەنێت. هەروەها ئەو رێبازە رەخنەییانەی، کە ئەدەب بەکۆمەڵو ژیانی کۆمەڵایەتیو پلەی سەرکەوتنی بەڕادەی بەجێ هێنانی پێویستییە جۆربەجۆرەکانی مرۆڤ بەکۆمەڵ دەبەستێتەوە، یەکێك بووە لەدیارترینو بڵاوترین رێبازە رەخنەییەکان.

کەموکورتی ئەو جۆرە رەخنەیەی لەدەرەوە لەئەدەبیات دەکۆڵێتەوە بەدیاردەکانی دەرەوەی دەبەستێتەوەو بەتەنها ئەنجامێکی کارتێکردنی ئەو هۆیە دەرەکییانەی دادەنێتو تاکە پێوەری هەڵسەنگاندنی بەڕادەی گونجاوی ناوەڕۆکی کارە ئەدەبییەکە لەگەڵ بیروڕاو بۆچونە تایبەتییەکانی رەخنەگر دادەنێت.

ئەدەبی نوسەرو هونەرمەند لەژینگەو بنەچەو کارتێکەرە کۆمەڵایەتییەکان هەڵدەقوڵێت کە کاریان تێکردوە. بەڵام لایەنەکانی داهێنانی زاتیو بەهرەی تاکە کەسی دیاری ناکاتو حوکم لەسەر بەرهەمەکە نادات.

چنینی چیرۆکیش هەر یەکەو ئەرکێکی دیاری کراوی خۆی بەپێی پێویستی بەهاوبەشی لەگەڵ بەشەکانی دیدا دەگێڕێت. وە نەبێ مەرجی سەرەکی ئەو بەشانەی چیرۆك دروست دەکەن هەر ئەوەبێ لەسەر بناغەی پەیوەندیەکی

---

[1] جمهورية افلاطون (الكتاب العاشر)، نقلها الى العربية حنا خباز، ط٢، دار القلم، بيروت ـ لبنان، ١٩٨٠، ص٣٨٢

[2] فن الشعر، ارسطوطاليس، ترجمة عن اليونانية وشرحه وحقق نصوصه د. عبدالرحمن بدوي، ط٢، دار الثقافية، بيروت ـ لبنان، ١٩٧٣، ص١٢

پتەو بە یەکترەوە ببەستێتەوەو ببنە تەواوکەری یەکترو یەکەیەکی یەکگرتوو ڕێکخراو پێك بهێننو هەر بەشێك بە پێی شوێنو ڕۆڵی ئەرکی تایبەتی خۆی بگێڕێت.

دەتوانین بڵێین ئەو بنەمایانەی چیرۆك پێك دەهێنن، پێویستە بە یەکگرتووی لێیان بکۆڵرێتەوە، چونکە هەر بنەمایەك بەتەنیا خاسیەتێکی دەبێت جیایە لەو خاسیەتەی بەیەکگرتوویی پەیدای دەکات، لەبەرئەوە.. هەر بنەمایەك لەبنەماکانی چیرۆك ناتوانرێت بەتەنیاو جیا لەهۆیەکانی دی وەربیگرێتو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. جا بۆ ئەوەی حوکمێکی ڕاست بەسەر کارە ئەدەبیەکاندا بدەین، پێویستە وەکو دانەیەکی یەکگرتووی تەواو تەماشای بکەین.[1]

مامەڵەکردن لەگەڵ چیرۆك وەکو دانەیەکی یەکگرتوو، ناگەڕێتەوە بۆ داهێنانی ڕەخنەگرانی سەر بە قوتابخانەی ڕەخنەی نوێ، بەڵکو زۆر کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ بیروڕاکانی ئەرستۆ کاتێك باسی تراژیدیاو پەیوەندی نێوان بەشەکانی تراژیدیا دەکات:

چیرۆك وەك هەر کارێکی ئەدەبی لەکۆمەڵە رستەیەك پێك دێت بەپێی چەند یاسایەکی دیاری کراوی تایبەت بەخۆی ڕێك دەخرێتو یەکەیەك پێك دەهێنێت، جا ئەو کەرەستانە بناغەی دروست بونی بینا هونەری یەکەن.

بۆیە لەگەڵ کارە ئەدەبیەکانی دیداو لەو ڕووەوە یەکدەگرێتەوە کە ((ڕوە بینراوەکەی بەرهەمە ئەدەبیەکەیە، بینایەکە بریتیە لەو وشانەی بەرهەمە ئەدبیەکە پێك دەهێنێتو بەرێگایەك ڕێك دەخرێت بۆ ئەوەی ماناو مەبەستێکی دیاری کراو بگەیەنێت))[2] .

چەمکی بینا لای هەموو ڕەخنەگران یەك شت ناگەیەنێت، بەڵکو بەپێی گۆڕانی پێکهێنەرەکانی چیرۆك لای هەر ڕەخنەگرێك، جۆرە لێکدانەوەیەکی بۆ دەکرێت جا هەندێکیان بەشێوەو هەندێکیان بەناوەڕۆکی دەبەستنەوە. چونکە پێیان وایە کە شێوە وەکو بەرگێك لەبەری ناوەڕۆك دەکرێت.

چیرۆك بینایەکی ئاڵۆزی هەیەو لای هەندێك تەنها ئەو بنەما هونەرییانە دەگرێتەوە کە خودی تێکستی چیرۆکەکە لەخۆ بگرێتو لای هەندێکی دیکەش جۆری ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە ناوەڕۆکی چیرۆکەکە پێکدەهێنن.

ئەو ڕێبازە ڕەخنەییانەی لەدەرەوە دەڕواننە ئەدەبو بەدیاردەکانی دەوربەری دەبەستێتەوەو باسی ئەو هۆیانە دەکات، کە کار لەئەدەب دەکەنو بە ئەنجامی کارتێکردنی ئەو هۆیانەی لێك دەداتەوەو تەنها ناوەڕۆك دەکاتە پێوەری هەڵسەنگاندن. ئەم جۆرە ڕەخنەیە لایەنی هونەری فەرامۆش دەکاتو نکۆڵی لە لایەنەکانی داهێنانو زانینو بەهرەی تاکە کەسی دەکات.

---

[1] النقد التطبيقى التحليلي، د. عدنان خالد عبدالله، ص ٩١

[2] البناء الفنى لراوية في العراق، عبداللة ابراهيم، ص١١

ئەو ڕێبازانەش وەك پەیڕەوێکی داخراو لەچیرۆك دەدوێنو تەنها بەهۆی شیکردنەوەی ئەو پەیوەندییانەی بنەما هونەریەکان لێك دەداتو دانەیەکی یەکگرتوویان لــێ پێك دەهێنێت.

کەواتە ئەو تێڕوانینو بۆچونانەی ڕەخنەگر لێیانەوە دەروانێتە چیرۆك دەبێتە بناغەی دروستبونی جۆری تێگەیشتنیان لەبینای چیرۆك. ((ئەگەر بەپێی پێکهێنەرەکانی دەرەوە لەچیرۆك بکۆڵرێتەوە ئەوا بنەما وەرگیراوەکانی دەرەوە دەگرێتەوە، وە ئەگەریش لەڕوی پێکهێنەرەکانی ناوەوە بکرێ، ئەوا تەنها لەبنەما هونەرییەکانی ناوەوە پێکدێت)) [١] .

## باسی پێنجەم

## کاریگەری چیرۆکی ئەورووپی و عەرەبی لەسەر چیرۆکی کوردی

سروشتی ژیانو بوارەکانی هەمیشە وای خواستووە، کە میللەتانی دونیا تێکەڵاوی یەکتری بکەن، هەموو گۆڕانکارییەکیش بەزانیاری تازە بۆ سەر زانیاری کۆن لە هەر بوارێکدا بێت، داهێنانیش دۆزینەوەی زانیاری تازەیە لەبوارە جیاجیاکان بەپێی پێویستو هەلکەوت.

ئەدەبو چیرۆکیش بەدەرنییە لەو پێویستیانەی مرۆڤی کورد بۆ رۆشنبیری کەلتوری کوردی کە تووشی ئەو گۆڕانو داهێنانە هاتووە بەپێی گۆڕانو گەشەی قۆناغەکانی کۆمەڵی کوردی خۆی گونجاندووە لەگەڵ سەردەمی خۆیو ڕێڕەوی ئەدەبی جیهانی، ئەگەر پێ بەپێی ئەدەبیاتی جیهانی نەڕۆشتبێت ئەوا شتێکی ئەوتۆشی لێ دوانەکەوتووە.

گواستنەوەی زانیاری و رۆشنبیری لەمیللەتێکەوە بۆ میللەتێکی تر کردەیەکی سروشتییە بەهۆی هەندێ ڕێگە ڕوودەدات کەناودەبرێت بە (کارتێکردن)، ئەم کارتێکردنەش ڕۆڵی خۆی دەبێت لەپەڕاندنەوەی هونەری میللەتێك بۆ میللەتێکی دیکەو لەو ڕووەوە سوود لەیەکتری وەردەگرن، ئاشکراشە هەموو پێشکەوتنێك بەهۆی گۆڕانەوەو ڕوودەدات کاتێك بەسەر زانیاری کۆندا دێت.[٢]

لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە کاتێك بابەتی ئەدەبیو چیرۆکی کوردی ببینین بەتەواوی لێکچونێك دەبینرێت لەگەڵ چیرۆکی میللەتانی وەك گریكو عەرەبو فارسو ئەورووپی.

هەتا دەگاتە چیرۆکی نوێو لەهەموو قۆناغو ڕێبازەکاندا لەڕووی بابەتو شێوازیانەوە ئەو لێکچوونانە ڕەنگیداوەتەوە، بۆیە کارتێکردن هۆیەکی جەوهەری بووە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی رۆشنبیریو ئەدەبی میللەتانی جیهانو

---

[١] بینای هونەری چیرۆکی کوردی (لەسەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی)، پەرێز سابیر، چاپە دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ٧٠

[٢] شێواز لەکورتە چیرۆکی کوردیدا، سەلیم رەشید سالح، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٨٢

فراوانی بوونیان. که لەکارتێکردنی ئەدەبی ئینگلیزی لەسەر ئەدەبی فەرەنسی لەسەدەی نۆزدەهەمدا بەتەواوی ڕەنگیداوەتەوە.[1]

جگە لەوەش کاریگەری ئەدەبی ئیسپانی بەسەر ئەدەبیاتی میسری بەڕوونیو ئاشکرایی دیارە، پاشان لەئەدەبیاتی کوردیماندا ڕووداوەکانی گەلی ڤێتنام و کارتێکردنی ئەدەبی ڕووسو نووسەرانی ڕوس بەزەقی ڕەنگیداوەتەوە.[2]

د.مارف خەزنەدار کە لەساڵی ١٩٦٩ چیرۆکێکی بەناوی (بوکەشوشە) لەبەغدا بڵاوکردۆتەوە، نووسەر بەر لەوە لەسۆڤیەتی جاران ژیاوە، کەرووداوەکانی ئەو چیرۆکەو شێوازەکەی لەواقیعی سۆڤیەت دەچێت کە لەچیرۆکێکی سۆڤیەتی وەرگیرابێت، ئەگەر واش نەبێت کاریگەری و کارتێکردنی ئەدەبی سۆڤیەتی بەسەر ئەو چیرۆکەوە دیارە کە باس لە واقعیەتی برسێتیو شەڕو ئاشوبە کات کە کاتێك بەسەر سۆڤیەتدا هاتووە.

ئەگەر تەماشای چیرۆکی ( درەختی ئۆرزیش پوازی لەخۆیەتی) بکرێت کە لەنوسینی (محەمەد رەشید فەتاح)ە، کە باس لەبارودۆخی لوبنان دەکات، کە ئەو ڕووداوانە لەواقیعی  وڵاتـی خۆشماندا بوونی هەبووە، کەبەدرێژایی مێژوو پێویستی بوونی تێکەڵاوبوونی نێوان میللەتانی دونیاو میللەتی کورد لەئەدەبی ئەو میللەتە جا چ (ئەوروپی، عەرەبی، فارسی، تورکە) بووبێت کارتێکردنی خۆیان هەبووە لەسەر ئەدەبی کوردی، ئەو کارتێکردنەش بەهۆی جۆرەها ڕێگە هاتۆتە نێوان ئەدەبی کوردی.

وەك (شەڕو شۆڕو ماڵوێرانی و ئاوارەییو کوشتار...) کاتێك وڵاتەکەمان کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی یان وڵاتانی تری دەوروبەر، یاخو لەڕێگەی وەرگێڕانی بەرهەمی میللەتەکانی تر یان لەڕێگەی بارزگانی یان تێکەڵاوبوونی نووسەران لەگەڵ یەکتر یان بەهۆی هاتوچۆو سەردانی وڵاتانی جیهانییەوە.[3]

تێکەڵاوبوونی چیرۆکنووسانی کوردیش لەودەمەوە چرۆ دەکات لەگەڵ ئەدەبو چیرۆکی جیهانی، کاتێك لەسەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەوە تێکەڵاوی ئەدەبی تورکی بوون، لەوێشەوە تێکەڵاویان لەگەڵ ئەدەبی ڕۆژئاوا پەیدا کردبوو، دیارە ئەو تێکەڵاوبوونەش کاریکردۆتە سەر چیرۆکی کوردی، هەرچەندە کە لەسەرەتادا بووە، لێکۆڵینەوە لەکارتێکردنی ئەدەبیو تێکەڵاوبوونی ئەدەبی گەلانی جیهان ئەو پەیوەندیانەی کارتێکردن دروستیدەکەن دەبێتە مایەی فراوانبوونی ئەدەبو سوود وەرگرتن کە دوولایەنی سەرەکی کاریگەرن، بەدرێژای مێژووی ئەدەبیش کارتێکردن و کاریگەری هەر هەبووە بەمەبەست و لەپێناوی پێشکەوتن و گەشەکردنی هەر ئەدەبێك.

هەمووان دەزانین، کە کاریگەری کارتێکردنی (شکسپیر) لەسەر ئەدەبی فەرەنسی هەبووە، ئەو کاریگەرییەش:-

---

[1] الادب المقارن، ماريوس فرانسوا غويار، ت:هنرى زغيب، الطبعة البولسية، لبنان، ١٩٧٨، ص٣٧

[2] ئەدەبی بەراوردکاری، عەزیز گەردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨، ل٩٤

[3] شێواز لەکورتە چیرۆکی کوردیدا، سەلیم ڕەشید ساڵح، چاپخانەی وەزراەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٨٣

١-یان لەڕووی ناوەوە بووە کە (کەس و زمان و میللەت) خۆی دەگرێتەوە، واتە (کەسیەتی نووسەر، زمانی نووسین، میللەتێکیش پێکهاتەی چینایەتی و کۆمەلایەتییەکان و تاچ رادەیەك رەنگدانەوەی هەیە، لەسەر سروشتی میللەتەکە بەگشتی).

٢-یان لەڕووی دەرەوە کە هۆیەکانی وەك (وەرگێڕان، پەرتووكو چاپکراوەکان، هاتوچۆ و تێکەلاوبوون لەڕێی سیاسی، بازرگانی، گەشتوگوزار، شەڕو شۆڕو...) پەیوەندی نووسەران و بەرهەمەکانیان لەگەڵ یەك لەسەردەمێك یان سەردەمی جیاجیا، مێژووی ئەدەب.[1]

کاتێکیش لەئەدەبی فەرەنسی دەڕوانیت، دەبینیت کاریگەری ئەدەبی ئیتالّی لەسەر دیارەو رەنگدانەوەی هەیە، بەهۆی بلاوبوونەوەی تەوژمی گەشەی ئەدەبی لەئیتالّیا گەلێك لەچیرۆکنووسانی فەرەنسا لەژێر کاریگەریدا بوون و کارتێکراوبوون بەئەدەبی ئیتالّی وەکو چیرۆکەکانی (پۆکاشیۆ) لەسەر نووسەری فەرەنسی (مارگریت دوناخار).

لەدوای سەدەی حەڤدە بەدواوە کارتێکردنی ئینگلیز کەوتە سەر نووسەرانی فەرەنسا، دوای ئەو سەدەیەش کارتێکردنی ئەلّمانییەکان لەسەر فەرەنسییەکان هەبووە، لەدوای هەمووشیان کاریگەری رووسەکان بەسەر ئەدەبی فەرنسییەوە.[2]

بەهۆی درەنگ پەیدابوونی رەگەزی چیرۆك بە بەراورد لەگەڵ رەگەزەکانی تری ژانری ئەدەب، وای کردووە کە نووسەرانی ئێمە زیاتر خەریکی خوێندنەوەی بەرهەمەکانی بێگانەو وەرگێڕانی ئەو بەرهەمانە بن بۆ سەر زمانی کوردی.

لەگەل پەیدابوونی گۆڤاری (گەلاوێژ ١٩٣٩ ـ ١٩٤٩) لەسەرجەم ژمارەکانیدا چیرۆکێك بلاوکراوەتەوە کە زۆربەیان لەزمانی بێگانەوە وەرگێڕدراون یاخود نووسەرانیان چیرۆکی بێگانەیان خوێندۆتەوەو لەو شێوە هونەرییە چیرۆکێکیان بۆ رووداوێکی کورتی کوردەواری نوسیووە.

دیارە ئەو شێوازەش سەرەتا لای نووسەرانی ئەورووپی پەیدابووە و قالّبی بۆ شێوازێکی نوێ گرتووە، کە ئەمەش سەربەستی هونەری بووە نەك لەقالّبدانی چیرۆك، ئەو شێوازە هونەرییەش سەرنجی نووسەرانی کوردی راکێشاوە و پالّی پێوەناون کە هەولّی ئەوە بدەن پەیڕەوی ئەو شێوازە نوێیە بکەن لەچیرۆکی خۆمالّیدا.

ناکرێ ئەوەش لەیادبکەین، کەزمان رۆڵی گرنگی هەیە لەکارتێکردنی ئەدەبیدا، زمانی کوردی لەڕووی بەکارهێنانی پیتو نوسینەوە یەکی نەگرتووە، واتە زمانێکی یەکگرتوو نەبووە.

---

[1] شێواز لەکورتە چیرۆکی کوردیدا، سەلیم رەشید سالّح، ل٨٤

[2] ئەدەبی بەراوردکاری، عەزیز گەردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٨، ل٩٤

بێگومان چیرۆکی کوردی دوای ئەوەی لەسەردەمی جەنگی جیهانی دووەم بەدواوە گۆڕان‌و گەشەی بەخۆوە بینیوە، ئەم گۆڕانەش بەهۆی کارتێکردنەوە بووە لەلایەك‌و لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی گۆڕانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی گەلی کوردەوە بووە.[1]

لەتەماشاکردنی مێژووی ئەدەبیشەوە دەردەکەوێت هاتنی یەك بەدوایییەکی قوتابخانەو ڕێبازی ئەدەبی لە زۆربەی وڵاتان‌و میللەتانی جیهان و لەیەکچوونیان بە شێوەیەکی سەرەکی لەڕێگەی کاریگەرییەوەیە لەلایەك‌و بەهۆی لەیەکچوونی باری کۆمەڵایەتی ژیانی میللەتانی جیهانە لەلایەکی دیکەوە.

ئەدەبی فەرەنسی ڕۆڵی گرنگی هەبووە لەکارتێکردندا چونکە کارتێکراوبووە بەئەدەبی گەلێك نەتەوەی جیهان وەك ئینگلیز و ئەڵمانەکان و ئیتاڵییەکان بەتایبەتی لەسەردەمی نوسەرە بەناوبانگەکانی وەك (ڕاسین‌و کۆرنێ) جگە لەم نەتەوانە، فەرەنسییەکان کاریگەری عەرەبیشیان لەسەر بووە.

فەرەنسا چەمکی ئەو کاریگەرییە ئەدەبیانە بووە ماوەیەکی زۆر لەڕووی ڕۆشنبیری جیهانییەوە، کە یەکێك لەهۆیەکانی کارتێکردن کۆچکردن بووە بۆ وڵاتان.

(فلۆبیر) بەهۆی سەردانی زۆری بۆ وڵاتانی جیهان و عەرەبی‌و ڕەنگدانەوەیەکی زۆری هەبووە بۆ سەر ڕۆشنبیری فەرەنسی کە لەو وڵاتانەی هەڵهێنجابوو.[2]

نووسەرانی فەرەنسا کاتێك سەردانی وڵاتانی عەرەبیان کردووە بەوە کەلتورو ڕۆشنبیری فەرەنسیان دەوڵەمەند کردووە بەتایبەت لەڕووی شێوازی هونەرییەوە سەرەڕای ناوەڕۆکی بابەتەکانیان.

ئەدەبی عەرەبی ڕۆژهەڵاتی کارتێکراوبووە بەئەدەبی ڕۆژئاوا بەتایبەت لەبواری چیرۆکدا، لەچیرۆکی عەرەبیدا تا ئەو سەردەمەش شێوازی سەرەکی چیرۆك شێوەی ڕیپۆرتاژی گێڕانەوەی ڕووداوی مەترسیدار بووە، بایەخێکی ئەو تۆ بەکەسێتی پاڵەوانی چیرۆك نەدراوە، تەنیا لەگرێدان و بەدوای یەکدا هاتنی ڕووداوەکان هەست بەپاڵەوان کراوە، نەك وەك کەسیەتی چیرۆکی ڕۆژئاوایی لەڕووی شێوازو بنیاتی هونەرییەوە کاری کردبووە سەر چیرۆکی عەرەب‌و ڕۆژهەڵات.

ئاشکرایە گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر چیرۆکی ڕۆژهەڵاتیدا هات دوای ئەو گۆڕانەی کەبەسەر قۆناغی دەرەبەگایەتی لەئەوروپا هات باری ڕۆشنبیری و ئەدەبی بەگشتی و چیرۆك بەتایبەتی گۆڕا، بابەتی ڕووداوەکان گۆڕانی بەسەرداهات، شێوازی نوێش واتە شێوازی هونەری چنراو بۆ دەربڕینی ڕووداوی چیرۆك هاتە کایەوە بەتایبەت کە هەوڵی گرنگی بەتیمەی ڕووداو درا لەکاتێکدا بایەخ بەلایەنی دەروونی پاڵەوانی چیرۆکیش، کە وەك هۆی سەرەکی

[1] ئەدەبی بەراوردکاری، عەزیز گەردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٨، ل٦٢

[2] دراسات ادبية مقارنة، عبدالمطلب صالح، دارالشؤن الثقافية، بغداد، ١٩٩٤، ص٢٠٤

رووداوەکان تەماشا کراوە، پەیوەندییەکی پتەو و راستەوخۆ هەبووە لەنێوان پاڵەوان و رووداوەکاندا، رەنگدانەوەی لایەنی کۆمەڵایەتی شتی تازەی هێنایە کایەوە لەرووی بنیاتی هونەری و شێوازی دارشتنی بابەت.

ئەم شێوازە کاریگەری هەبووە لەسەر ئەدەبی عەرەبی و نووسەرانی، بەر لەو قۆناغەش چ لەناو عەرەب و چ لەئەوروپا چیرۆك سیمای نەتەوەیی و سنورداری بووەو پەیوەست بووە بەکێشەیکانی نەتەوەیەك، بەلاّم لەو سەردەمە ئەو سنوورە شکاوەو چۆتە نێو فیکرو فەلسەفەی کۆمەڵ.

بەشێوەی گشتی کات بایەخی پێدراوەو نوسەری چیرۆك هەمیشە رەچاوی کردووە بەتایبەت بۆ دەست پێکردنو کۆتایی هێنان بەرووداوی چیرۆك.

زۆر لەشاعیرانی عەرەب بابەتی شیعرەکانیان لەبابەتی چیرۆکی بیگانە وەرگرتبوو وەك چیرۆکی (لادیاس)ی (احمد شوقی) کە بەدەربرینێکی نوێ باس لە(ئەمیرەی یۆنان- لادیاس) دەکات کە چۆن پاشا لەپێناویدا تەختەکەی لەدەستدا.

زۆر لەنووسەرانی عەرەب چیرۆکی بێگانەیان وەرگرتووە و بەشێوازی بێگانەش دوای وەرگێران بەزمانی عەرەبی لەژێر ناونیشانی تردا نوسیوویانە.[1]

(مصطفی لطفی منفلوطي) چیرۆکی (پول فرجینی) بەناوی (فەزیلە) بلاّوکردۆتەوە، هەروەها شانۆگەری شاعیری فەرەنسی (ادمون روستان)ی کردووە بەچیرۆك و لەژێر ناوی (شاعیر)دا بلاّوکردۆتەوە، گەلێ بابەتی تریشی وەرگرتووە.

هەروەها (حافظ ابراهیم)ی شاعیر چیرۆکی (البؤساء)ی (ڤیکتۆر هۆگۆ)ی بەشێوازی ترو بەزمانی عەرەبی دارشتۆتەوە، نووسەرانی عەرەب بەگشتی هەوڵی ئەوەیاندا کەپەرە بەرۆشنبیریان بدەنو لەرێگەی وەرگێرانی راستەو دروستەوە ئەو رۆشنبیرییەیان بەرز بکەنەوەو گەشەی پێبدەن، چونکە گەیشتبوونە ئەوەی، کە ئەو راستییەی پێویستیانە لەچیرۆکی بێگانە شێواز و بنیاتی هونەرە نەك بابەتەکەی وەك هەندێ چیرۆکی کارتێکراو بووەو بەچیرۆکەکانی (ولتر سکوت)ی ئینگلیزی.

هەروەها لەو نوسەرو چیرۆکنووسە عەرەبییانەی، کە کاریگەری ئەوروپییان لەسەر بووە (محمد فرید) لەچیرۆکەکانی (زنوبیا) ، ( مهلهل)، (سنوصی) ، (انا الشعب) و هەروها چیرۆکێکی (توفیق الحکیم) بەناوی (گەرانەوی رۆح) و چەند چیرۆکێکی تر، (نجیب محفوظ) لەزۆربەی چیرۆکەکانیدا لە هەڵبژاردنی پاڵەوانی چیرۆکەکانیدا لە وێنەی ئەو پاڵەوانانە بووە کە لەچیرۆکی نووسەرە ئەوروپییەکاندا بووە وەك (بەلزاك) و (ئەمیل زۆلا).[2]

[1] شێواز لەکورتە چیرۆکی کوردی دا، سەلیم رەشید، ل٨٨

[2] دراسات ادبیة مقارنة، عبد المطلب صالح، ص٢٠٤

ئەگەر باس لەچیرۆکنووسانو نووسەری کوردیش بکەین، دەتوانین بڵێین لەو جۆرە دیاردەیە کەڵکی زۆریان وەگرتووە، چ ئەوانەی لەدەرەوەی وڵاتو بەرهەمی بێگانەیان خوێندۆتەوە یان لەڕێگەی ئەو نووسەرانەی لەناو وڵاتدا سوود و کەڵکیان لەبەرهەمی عەرەبی و فارسی وەرگتووە لەڕووی شێوە بنیاتەوە.

چیرۆکی (کلیلەو دمنە) کە بەزۆر زمانی جیهانی نووسراوە، لە زمانی فارسی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی کە لەبنچینەدا چیرۆکەکە هندی یە لەدواتردا ئەوروپییەکان شارەزاییان لیّ پەیداکردووەو سوودیان لێوەرگرتووە[1] (لافونتین) هەندێك چیرۆکی هەیە لەو چیرۆکە دەچێت، ئیتاڵییەکانیش بەهەمان شێوە، چیرۆکەکانی (هەزارو یەك شەوە) کە لەزمانی ئیسپانیش هەیەو لەعەرەبیشدا هەیە.

ئەم چیرۆکە کاریگەریی زۆری کردۆتە سەر چیرۆکی (لەیلاو مەجنون) کە لەزۆربەی زمانەکان بەشیعر وتراوە، لەزمانی کوردی ئێمەشدا هەیە کە لەدەقە عەرەبییەکە وەرگیراوە کە هەر بەزمانی شیعری وتراوە.

(مەلا مەحمود) ئەو چیرۆکەی بەشێوەی پەخشان نووسیوە. لەسەردەمی نوێدا بەتایبەتی لەسەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکان، زۆر لەنووسەرانی کورد کارتێکراوبوون بەئەدەبی ئەوروپی.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چیرۆك کزو لاواز بووە، بەهۆی کارتێکردنەوە بۆتە هۆی گەشەکردنی چیرۆکی کوردیش ئەگەر بەشێوەیەکی کەمیش بوویێت.

ئەم گەشەکردنەش خۆی لەخۆیدا وەرچەرخانێك بووە لەلایەنە هونەرییەکەی کە بەسەر چیرۆکی کوردیدا هاتووە، پاش ئەوەش نووسەرانی کورد سوودیان لەو بارودۆخە وەرگرتووە بەتایبەت لەبەرهەمی عەرەبیو فارسی.

لەودەمەی گۆڤاری گەلاوێژ پەیدابوو، چیرۆکنووسی زۆر پەیدابوونو ئەو چیرۆکانەشی بڵاویان دەکردەو زۆربەی وەرگێڕدراو بوون، نووسەرانی وەك (شاکر فەتاح)، (رەشید نەجیب) (ئیبراهیم ئەحمەد)و گەلێکی تر هەوەڵی ئەوەیانداوە لەوسەردەمە بەدواوە چیرۆکی خۆماڵی بنووسن.

چیرۆکی کوردی لەدوو رێگەوە کاریگەربووە بەچیرۆکی ئەوروپی رێگەی راستەوخۆ کە نووسەران خۆیان تێکەڵاوییان هەبووە لەگەڵ ئەدەبی ئەوروپی، رێگەی ناراستەوخۆش لەڕێگەی ئەدەبی عەرەبیو فارسییەوە، جگەلەوە نووسەری کورد لەبواری چیرۆك تا ماوەیەکیش کاریگەربوون بەچیرۆکی روسی چ وەك کاتێکردنی بابەتی چیرۆکەکانی چیخۆف چ بەهۆی وەرگێڕانی راستەوخۆ بوویێت لەزمانی رووسی چ لەزمانی عەرەبیو فارسی وەریانگرتبێت.

(د.مارف خەزنەدار) یەکێك بووە لەوانەی کاریگەری چیرۆکی رووسی لەسەر بووە.

بەڵام زیاتر ئەو کاریگەرییە لەڕووی ناوەڕۆکەوە بووە کە باسی لەبرسێتی (لینیگراد) کردووە زۆر لەبارودۆخی کوردەواری چووە.

[1] ئەدەبی بەراوردکاری، عەزیز گەردی، ل ٩٤

هەرچەندە نووسەرانی چیرۆکی کوردی بەڕادەی شاعیران تێکەڵ بەئەدەبی بێگانە نەبوون، لەبەرئەوەی چیرۆکنووسمان کەمتر هەبووە لەشاعیر بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ قۆناغی قوتابخانەو ڕێبازەکاندا دانەبڕاون لەچیرۆکی جیهانی.

چیرۆکنووسانی کورد دوای ئەوەی شارەزاییان لەچیرۆکی جیهانی پەیداکردووە، هەستیان بەوەکردووە کەچیرۆکی کوردی لەشوێنی خۆی مەییوەو لەچیرۆکی جیهانی دواکەوتووە.

بۆیە بیریان لەوەکردۆتەوە دەرگای دەرەوە لەخۆیان والآ بکەن‌و چیتر بەو بیرە تەسکەوە خۆیان نەبەستنەوە بەبیانووی خۆماڵییەوە، بەڵکو بکەونە ئاڵوگۆڕ لەگەڵ ئەدەبی جیهانیدا هونەری تازە پەیڕەو بکەن لەچیرۆکدا.

زۆر لەنووسەرانی کورد لەو بڕوایەدابوون، کە ئەدەبی جیهانی سەرچاوەیەکی کاریگەرە بۆ بەرەو پێشچوونی چیرۆکی کوردی، دوای ئەوەی بارودۆخی سیاسی کۆمەڵایەتی گەلی کورد تووشی ناهەمواریو ئاڵۆزی بوو رەنگی دایەوە سەر چیرۆکی کوردیش.

نووسەرانی کورد بەپێی سەردەم‌و قۆناغەکەی خۆیان گۆڕانیان بەسەر چیرۆکدا هێناوە، جا چ ئەو گۆڕانە لەڕێگەی لاساییەوە بووبێت یاخود لەڕێگەی کارتێکردنی ئەدەبی بێگانەوە بووبێت.

لەشەستەکانیشدا کۆمەڵە چیرۆکنووسێکی دیکە وەك (محەمەد مەولود- مەم)و (کاکە مەم بۆتانی) و (مستەفا ساڵح کەریم) و (محەمەد ئەحمەد ئیسماعیل) و (کاوس قەفتان)و... هتد، بەهەمان ڕێبازی چیرۆکنووسانی پێش خۆیان ڕۆیشتوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چیرۆك بەهۆی بارودۆخە سیاسییەوە بەرەو کزبوون ڕۆیشتووە.

دواتر کۆمەڵەیەکی تر بەتەوژم‌و گوڕێکی زۆرەوە هەنگاوی نوێخوازیان هەڵگرتووە، ئەو تاقمە نووسەرە هەوڵیاندا، کە پشت بەستن بەئەدەبی رەسەنی کوردیو تێکهەڵکێش بکەن لەگەڵ بیروشێوەی نوێدا، بەو جۆرە (بزووتنەوەی نوێخوزای) لەچیرۆکی کوردیدا سەری هەڵدا بەناوی (روانگە)، کە بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە بۆگەلی کورد رەخسا هاتە کایەوە.[1]

چیرۆکی کوردی بەشێوەیەکی تر هاتە مەیدانی ئەدەب، گەرچی چیرۆکی کوردی بەرەو نەشونما چوو، بەڵام کارتێکراوبوو، لەهەمانکاتدا بەچیرۆکی عەرەبی، لەبەرئەوەی زمانی رەسمی وڵات عەرەبی بووەو بەعەرەبیی دەخوێنرا، زۆربەی سەرچاوەکان بەعەرەبی دەردەچوون، وەرگێڕانیش لەو کاتەدا ڕۆڵێکی باشی هەبوو لەواقیعی ئەوسای کوردو کارتێکردن‌و تێکەڵاوبوون لەگەڵ چیرۆکی عەرەبی بەئاشکرا دیاربوو.

لەکوردستانی عیراقدا چیرۆکی عەرەبی زیاتر کاریکردبووە سەر چیرۆکی کوردی، لەکوردستانی ئیرانیش ئەدەبی فارسی و لەکوردستانی تورکیاش ئەدەبی تورکیو لەسۆڤیەتیش ئەدەبی سۆڤیەتی، کە هەریەك لەو ئەدەبانە دەروازەبوون بۆ فراوانبوونی ئەدەبی کوردیمان.

---

[1] بینای هونەری لەکورتە چیرۆکی کوردی دا، ئەحلام مەنصور، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٥٤-٥٥

چیرۆکی کوردی سوودی وەرگرتووە بەبەردەوامی لەچیرۆکە عەرەبییە وەرگێڕدراوەکان بەتایبەت لەهونەری کورتە چیرۆك.

هەندێ لەو چیرۆکانە کە نووسەری عەرەب شێوازی چیرۆکی فەرەنسیان بەکارهێنابوو، لەوەسفکردنی پاڵەوانو هەواڵ گەیاندنو لەچیرۆکدا و چیرۆکی کوردیش لەو رووەوە سوودی لێ وەرگرتوون.[1]

بێگومان لەو کاریگەری و کارتێکردنەی چیرۆکنووسانی بێگانە بەسەریەکەوە هەیانبووە،وەك چۆن (بەلزاك) لەچیرۆکی (شۆڕشگێرەکان) هەروەها ڤیکتۆر هۆگۆ) لەچیرۆکی (نوتردام دوبارس) کە بەلزاك کاریگەری هەبووە لەسەر ڤیکتۆر هۆگۆ، بەو شێوەیەش چیرۆکنووسانی عەرەبی و کوردی ئاگاداری ئەو کارتێکردنانە بوون.

هەروەك چۆن (بەلزاك) چیرۆکەکانی هەزارو یەك شەوەی وەرگرتووە و لە رۆمانەکانیدا رەنگیداوەتەوەو جگە لەوەش (پۆکا شیۆ)ی ئیتالی کاریگەری چیرۆکەکانی (دیکامیرون) چیرۆکنووسانی کورد بەهۆی تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ عەرەب ئەو کارتێکردنانەی ئەوروپاشیان بەرکەوتووە.

چیرۆکی (مام هۆمەر)ی محەرەم محەمەد ئەمین، کە رووداوەکانی باس لەدزی دەکات لەلایەن پاڵەوانی چیرۆکەکە روویداوە نەك دژی ئەو کرابێت، لەچیرۆکی (رۆنەزەنگی حەمە حەسەن)ی مامۆستا سەجادی لەشێوەی پاڵەوانەکەی چیرۆکی (جان بیاجێ)ی هۆگۆ کە باس لەدزی دەکات وەك ئەوە وایە کە لەرۆمانی لانەوازان باس کراوە، ئەم چیرۆکە لەرێگەی ئەدەبی عەرەبییەوە هاتۆتە نێو ئەدەبی کوردی، لەچیرۆکی (مام هۆمەر)دا نووسەر بەهۆی شێوازەوە، سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە رادەکێشێت هەر چەندە مام هۆمەر کارە خراپەکەی کە کردویەتی دزییە، بەڵام لەهەمان کاتدا جێگەی بەزەیی پێداهاتنە، چونکە لەئەنجامی چەوساندنەوەی چینایەتی تووشی بووەو رێگەی لێ ون بووە.

راستییەك هەیە کە دەبێت پەی پێ ببردرێت ئەوەیە، کە زۆر لەئێمەو بابەتەکانی ناو چیرۆکەکە چ کوردی یان چ عەرەبییەکان وێکدەچن، چونکە پەیوەندی بەلەیەکچوونی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردو عەرەبەوە هەیە، کە پێکەوە ژیاون بەتایبەت تا ساڵانی ١٩٥٨.

لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی ئەو کاریگەریەی کە چیرۆکی عەرەبی لەسەر چیرۆکی کوردی هەیبووە.

لەو سەردەمەشدا چیرۆکنووسانی عەرەب کە ڕەچاوی تەوژمی رۆژئاواییان کردووە لەشێوازی تەکنیکی چیرۆکدا دەربارەی جەورو چەوسانەوە نوسیویانە، کۆمەڵێ چیرۆکنووسی عەرەبی وەك (عبدالرحمن الربیعی، موسی کریدی، محمد عبدالمجید.... شێوازی فەنتازیا بەچیرۆکەکانیانەوە دیارە.

بەڵام چەند نوسەرێکی تری وەك (خضیر عبدالامیر، غازی العبادی، جلیل القیسی...) کاریگەری قۆناغی پێش شەستەکان و بەر لەشەستەکانیان لەسەر بووە، بەڵام ئەو کاریگەرییە وەك ئەو کۆمەڵە نووسەر نەبووە.

---

[1] ملتقی القصة الاول، دائرة شؤون الثقافیة، دار الحریة، بغداد، ١٩٧٩، ص١٩٣

لەڕاستیدا ئەمانە کارتێکراوبوون بەتەیاری ڕۆژئاوایی، چیرۆکی عیراقی و چ عەرەبی و چ چیرۆکی کوردیش پێش ١٤ی تەمووز لەیەك چوونێکی زۆر هەبووە کە گەلی عیراقی تێیدا ژیاوە، بەکوردو عەرەبەوە کە قۆناغی دەربەگایەتی بووە. هەروەها ئەوە ئاشکرایەو دەرکەوتووە کە کورتە چیرۆکی کوردی کاریگەری چیرۆکی ڕۆژئاواو چیرۆکی عەرەبی لەسەرە، تا لەساڵەکانی ١٩٣٠ چیرۆکی کوردی بەشێوازی سادەو ساکار نووسراوە.

زیاتر بەتەکنیكو لەڕووی تەکنیکەوە لاوازیان لەخاڵی سەرەتایی دا بووە، دوای دەرکەوتنی چیرۆکنوسانی گۆڤارەکانی (یادگاری لاوان) ، (گەلاوێژ) لەوێنەی ئیبراهیم ئەحمەد و ڕەشید نەجیب)، هەروەها دوا بەدوای ئەو قۆناغە، کورتە چیرۆکی کوردی سەری هەڵدا بەتەکنیکی ڕۆژئاوا لەڕێگەی ئەو تێکەڵاوییەی ئەدەبی ڕۆژئاوا و وەرگێڕانەوە وەك بەرهەمەکانی (ئۆسکار وایلد)، (چیخۆف)، (مەکسیم گۆرکی)، (ئەلفرید موسی)، (بەلزاك)...

## باسی شەشەم

## هونەری چیرۆك و جۆرەکانی

کەرەستەی چیرۆك وەك دەزانرێ کۆمەڵ و واقیعەکەیەتی، چیرۆکنووسانیش ئەوانەن، کە دەتوانن بەناخی تاکەکاندا شۆڕببنەوەو بۆ هەتا هەتایە دەمێنن.[1]

لەراستیدا چیرۆکنووس بەشێوەیەکی تایبەت دەزانێت شتەکانی بەرچاوی و تیایاندا قوڵ دەبێتەوەو بیرو ئەندێشەی خۆی دەخاتە سەر. جارێکی دی پێکەوەیان دەنێت و فەلسەفەکەی دەگۆڕێت. گشت ئەو شتانە لەدەروونی خۆیدا هەڵدەگرێ هەتا ڕۆژێ لە ڕۆژان کاتێك هەڵوێستێکی دی دەیجولێنێت بەکاری بهێنێ.

چیرۆك لەبنەڕەتدا لەسەر ڕووداوێك بەندە کە نووسەر لەژیانیدا پێیدا تێپەڕبووبێت یان ئاگاداری بووبێت و لەکاتی خۆیدا هەڵوێستێکی تایبەتی لێوەربگرێت و لەبیری خۆیدا عەمباری کردبێت ((تاقیکردنەوەی چیرۆکنووسینیش دەبێت راستگۆیی تێدا بێت)).[2]

چیرۆکنووسینیش ئەو وەختە ڕاستگۆ دەبێت بابەتەکانی لەژینگەی خۆیەوە هەڵهێنجابێ و لەنزیکەوە ئاگاداریان بێت، بۆیە هونەری چیرۆك وەکو سەرجەم هونەرەکانی دیکەی ئەدەب کەرەستەکانی لەژیانەوە وەرئەگرێ و بوارێکی هەرە گرنگ و فراوانی پەخشان داگیردەکات، چونکە ((پەخشان بۆ چیرۆك گونجاوو دروسترە و دەتوانێت وردو ڕاستگۆیانە زنجیرەی ڕووداوەکان و پێگەیشتنی کەسێتییەکان دەربڕێ و بخاتەڕوو، ئەمە لەکاتێکدایە کە هەڵبەست

[1] فن النقد الادبی، الدکتور شوقی ضیف، دار المعارف بمصر، ط ٣، ص ٢٢٨

[2] النقد الادبی الحدیث، الدکتور محمد غنیمی هلال، دار العودة، بیروت، ص٥٣٨

چونکە لەسەر بناغەی هەست و سۆز و خەیاڵ کێش و مۆسیقا هەڵدەستێ دوورنییە ئەوەی بەتەواوی پێ ڕانەپەڕێت)).[1]

گومان لەوەدا نییە، کە کاری چیرۆك بریتییە لە کۆمەڵێك بەشە ڕووداوی بچووکی بەیەکەوە گرێدراو، کە بەشێوەیەکی تایبەت لەچوارچێوەیەکدا ڕێکخراوەو پێی دەوترێت (گرێچن).

کەواتە یەکێك لەتوخمە سەرەکییەکانی (شیرازە)یە، هەروەها نەخشەی ڕووداوەکانیش لەچیرۆکێکەوە بۆ چیرۆکێکی دیکە دەگۆڕێت.

پاشان گێڕانەوە دێت کە لەبنەڕەتدا نواندنی ڕووداوەکە دەگەیەنێت کە ئەویش لەمیانەی نوسینی سەرکاغەزەوە، واتە گواستنەوەی لەوێنەی واقیعییەوە بۆ وێنەیەکی بەزمان دەربڕین.

بەڵام واقیع لەچیرۆکدا وەکو مێژوو نییە، کە ڕووداوەکە وەك خۆی تۆمار دەکات، چیرۆکنووسیش بۆ وێنەکێشانی ڕووداوەکان پێویستی بەڕەگەزی دەروونی هەیە، تاجوڵانەوەیەك بەگێڕانەوەکە ببەخشێتو کارێکی هونەری بەئەنجام بگەیەنێ. بزاڤیش ڕۆڵی ڕەگەزی بناغەیی دەگێڕێت بەهەردوو جۆرەکەیەوە کە (بزافی هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکانە و بزاڤی بیریشە). دواتر بینا دێت، کە نووسەر لێرەدا خۆی دەور دەگێڕێت لەهەڵبژاردنی بەشە ڕووداوەکان و دەیانگونجێنێت.

بەگشتی دوو وێنەی بینای شیرازەی چیرۆك جێی بایەخن:-

کە لەیەکەمیاندا: پەیوەندی نێوان ڕووداوەکان زۆر توندوتۆڵ یان ڕێك نییە، تیایدا یەکەی گێڕانەوە، متمانە دەکاتە سەر کەسێتی پاڵەوانی چیرۆکەکەو بەمەش دەوترێت (چیرۆکی کەسایەتی).

هەرچی دووەمیشە، چیرۆکەکە هەر چەندە پڕە لە بەشە ڕووداوی جیاجیاو بەچێژ، بەڵام پەیکی نەخشەیەکی گشتی شیاوە، لەمیانەیەوە هەریەکەیان بەڕوونی ڕۆڵی کاریگەر دەبینێت، پێویستی بەنەخشەیەکی تێکڕاییە، کە بەپێی کەسایەتی ڕووداوەکان شوێنی گونجاوی خۆیان دەگرن، هێڵەکان بەرەو کۆتایی دەڕۆن[2].

ساکارترین وێنەی بینای چیرۆك ئەوەیە کە لەنێوان هەردوو لایەنی کێشەکەدا دەردەکەوێت کە بریتییە لەئامانج و ئەنجام.

ئەنجام ———————— ئامانج

واتە کاتێك (ا) بەنیاز بێت (ب) بخوازێت، وێڕای مونافەسەی (ج) و بەرهەڵستکردنی یان سەردەکەوێت یاخود نە ء

[1] پەخشانی کوردی، عبدالرەزاق بیمار، دار الحریة للطباعة، بغداد، ١٩٩٨، ص٢٦١

[2] The structure of the novel: Edwen the Hogavth press, London, ١٩٤٩, ١٦

ئەمەش ئەنجامەکەیەو لەپێناویدا دووچاری گەلێك گرفت دەبێت، لەو هێلکارییەدا ئامانج و ئەنجام بەیەکەوە ببەستینەوەو رەوتی بزافەکەش چەند جارێك بەسەریا تێدەپەڕێت.

بەڵام دواجار پێی دەگات گەر سەرکەوێت یاخود بەپێچەوانەوە.

کەسایەتییەکان کە لەبەشی دووەمدا بەڕوونی و بەدرێژی ئاماژەی پێدەدەین، بێگومان رۆڵی سەرەکی دەگێڕن وەکو توخمێکی چیرۆك. بێگومان لەئەنجامی ئاڵوگۆڕکردنی سۆزو لەدایکبوون بیرۆکە دێــتەدی.

چیرۆك پێشانگای ئەو کەسایەتییە تازانەیە کە خوێنەر رووبەڕویان دەبێتەوەو لەرۆڵیان دەگات و هەڵوێستیشیان دیاری دەکات. لەنێو چیرۆك و کەسایەتییەکەیشدا پردی سۆز پێویستە، دەبێت زیندووبن و خوێنەر بخەنە بارێکەوە بیەوێت گوێبیستیان بێ یان بیانبینێت چونکە (ئەوان رووداوەکە دەقەومێنن یاخود توشیان دەبێ).[1]

(کات و شوێن)یش بەتوخمی سەرەکی هەژمار دەکرێن، چونکە هەر رووداوێك لەکات و شوێنێکی دیاری کراودا دەقەومێت و دەکەوێتە بەر کارتێکەرییەکانی بارودۆخ و نەریت و بیروباوەڕی باوی ناو ئەو ژینگەیە.

ئەمانە گرنگن چونکە زیندوێتی بە چیرۆکەکە دەبەخشێت و ناواخنی دەرونیشی پتەو دەکات.

(بیرۆکە) گرنگە چونکە چیرۆك واتایەکی لەپشتەوەیە کە ئەو بیرۆکەیە بڕیار دەدات کە ئەویش بناغەیە لەبنیاتنانی هونەری چیرۆکدا. زۆرجار مەرج نییە کۆتایی هەر چیرۆکێك ئەنجامێك بەدەستەوە بدات، بەڵام هۆکارەکانی ئەو ئەنجامە لەخوودی رووداوەکە گرنگترن.

هەر چەندە لەسەرەتادا پرسیاری (چی روویدا؟) دێتە پێش بەڵام کاتێك چیرۆکەکە شیدەکرێتەوە، پرسیاری : (بۆچی روویدا؟) دەبێتە جێگەی بایەخ.

چیرۆکیش هەیە بایەخ بەرەگەزێکی دیاری کراو دەدات، وەك ئەوانەی گرنگی بە(رووداو) یان (کەسایەتی) یان (بیرۆکە)و ...هتد دەدەن.[2] لەخواریشەوە ئاماژە بەجۆرەکانی چیرۆك دەدەین:

١-چیرۆکی ئەفسانەیی- Mythology Stories

ئەگەرچی پێناسەیەکی تەواو و رێکوپێك کارێکی ئەستەمو گرانە بۆ ئەم جۆرە چیرۆکە، لەبەرئەوەی زۆری ئەو باس و توێژینەوانەی کە لەلایەن زاناو رەخنەگرانو توێژەرانەوە لەبارەی شیکردنەوەی ئەفسانەو زانستی ئەفسانەناسی (میسولۆژیا)دا ئەنجامدراون، هەر یەکەیان لەڕاو بیروبۆچوونەکانیاندا جیاوازن، هەریەکەیان لەگۆشە نیگایەکەوە بەپێی تیۆرییەك دەڕوانێتە ئەفسانە، واتە لەڕوانگەی ئەدەبی و هونەری و ئایینی و مێژوویی، دیاردەکانی سروشت...

---

[1] پەخشانی کوردی، عبدالرزاق بیمار، ص٢٦٢

[2] الادب و فنونة-دراسة نقدية، عزالدين اسماعيل، الطبعة الثانية، مطبعة مخيمر، ١٩٥٨، دار الفكر العربى، ص١٥٣- ١٧١

بەڵام ئەو پێناسینەی بۆ چوونە جیاوازەکان لەیەکدی نزیکدەکاتەوە ئەوە (ئەفسانە بریتییە لەو حیکایەتەی مرۆڤ سەرەتای دیاردە سروشتییەکانی پێ راڤە دەکات، یاخود ئەو چیرۆکەیە، کەتایبەتە بەخواوەندو کارەکانیانو سەرچڵییەکانیان.بەڵکو مەبەست لێی وەسفکردنی ئەو هێزە نادیارە بوو کە کۆنترۆڵی دیاردەکانی گەردوون دەکات و رێکیان دەخات. یاخود ئەو چیرۆکەیە کە مرۆڤی یەکەم دایڕشتووە بۆ وێناکردنی یادەوەری میللەتێك.[1]

لەڕاستیدا ئەفسانە شێوەیەکی سادەو ساکاری لێکدانەوەکانی مرۆڤە بۆ دیاردەکانی سروشت، ئەمەش کاتێك مرۆڤ دەستەوئەژنۆ و بێ دەسەڵات بەرامبەر بە رووداوەکانی سروشت ئەوەستاو لێی تێنەدەگەیشت، ناچار بۆ دڵنەوایی خۆیی‌و بیرو خەیاڵی خۆی ئەخستە گەڕو راڤەی شتەکانی پێدەکرد، بەو جۆرە ئەفسانە هاتە بوون و بەرهەم.

## ٢-چیرۆکی فۆلکلۆری Folktale

ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، وەکو فۆلکلۆری هەموو میللەتانی دیکە گشت ئەو بەش و بەرهەمانە دەگرێتەوە، کە هەر لەکۆنەوە لەگەڵ دروست بوونی ئادەمیزاددا سەریان هەڵداوەو نەوەبەنەوە و دەماودەم بۆ یەکتریان گێڕاوەتەوە. بەرهەمەکانیش وەك (هۆنراوەی فۆلکلۆری، چیرۆك و هەقایەت، پەندو سەرگوزشتە، یاری منداڵان، گۆرانی،.... هتد).دیارە ئەمانە بەپێی گۆڕانی سەردەم و قۆناغ بەقۆناغ ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە. تەنانەت ڕەنگە لەگەڵ کەلەپووری میللەتانی تریشدا تێکەڵاویان پەیدا کردبێت. بۆیە زەحمەتە بزانرێ خاوەنە راستەقینەکەی کێیە!

بەرهەمی فۆلکلۆر خاوەنەکەی کەسێکی دیار نییەو هەر میللەتێکیش پاراستویەتی و لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی ترو لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر. بۆیە خاوەنەکەی گەل و میللەتەو بەرهەمەکەش شەقڵی سەردەمی خۆی پێوە دیارە: (گەلی کوردیش خوڵقێنەری ئەو فۆلکلۆرەیە، کەلایەنی شۆڕشگێڕی و تایبەتمەندییە روونو ئاشکراکانی میللەتەکەی لەگەڵدا تێکەڵکردووە. وەکو راستگۆیی و پیاوەتی و ئازایەتی و خۆشی‌و تاڵی)[2]

ئەدەبی فۆلکلۆری کورد یەکێکە لەو کانی و سەرچاوانەی کە نووسەرو ئەدیب و شاعیران بەشێوەیەکی گشتی لەداڕشتنی بەرهەمەکانیاندا سەری پیادەگرن و سوودی لێوەردەگرن.

کەلەپوور گوزارشت لەمنداڵێتی مرۆڤایەتی دەکات بۆیە بەکانێکی لەبن نەهاتوو بۆ نووسەران دادەنرێت، کە ئاوی لێبخۆنەوەو بەهەموو بابەتە جۆراجۆرەکانییەوە سوودی لێ وەربگرن[3].

کەواتە یەکێکە لەسەرچاوە بنەڕەتییەکانی رۆشنبیری و لەڕێگەی ناوەڕۆکەکەیەوە کۆمەڵ فێری زمانو خۆشەویستی‌و وەفاو راستگۆیی و دڵسۆزی و زۆربەی داب و نەریتەکان دەکات.

[1] الادب وبناءْ الانسان، علي الحديدى (الدكتور) مطبعة دار الكتب، بيروت- لبنان، ١٩٧٣م، ص١٤٧

[2] الواقعية فى الادب الكردى، عزالدين مصطفى رسول، دار المكتبة العصرية، بيروت، ١٩٦٦، ص٣٠

[3] التهام التراث العربى في القصص الموجهة للاطفال، العبد جلولى، مجلة (الموقف الادبى) العدد ٤٠٠، ٢٠٠٤م، ص١٩

۳. چیرۆکی ئاژەڵان:

بۆیە بەچیرۆکی ئاژەڵان ناودەبرێ، چونکە رووداوەکانی لە دەوروبەری باڵندەو ئاژەڵاندا دەسورێتەوەو پاڵەوانەکانی لەئاژەڵانن. یەکێکە لەگرنگترین ئەو جۆرانەی کە ئەدەبی منالآنی بەچیرۆك و هەقایەتی چێژدار دەوڵەمەند کردووە. بەشێوەیەکی فراوان بلاوبۆتەوەو منالآنی بەلای خۆیدا راکێشاوە. رەنگە هۆکەشی تەنها ئەوە بووبێت کە سادەو ساکارەو منالآن لەمیانەی رۆڵی پاڵەوانە ئاژەڵییەکانی ناو خودی چیرۆکەکە هەستی پێدەکەن.

کۆنترین جۆری چیرۆکەو بەسێ جۆری جودا دادەڕێژرێت.

جۆرێکیان ئاژەڵان تیایدا بەکارو کردەوەی مرۆڤ هەڵدەستن، کە لەرێگەیەوە چەند ئەزموونێکی ژان و چەند زانیاری و بەهایەکی جۆراوجۆر، کە لەگەڵ قۆناغی تەمەنی منالەکە بگونجێت پێشکەش بکرێت.لەجۆرێکی تریاندا ئەو چیرۆکانەن، کە وا ئاژەڵان بەکرداره ئاساییەکانی خۆیان هەڵدەستن. لەجۆری سێیەمیشیاندا ئەو چیرۆکانەن کە چیرۆکنووس لەسەر زاری گیانداران دەیانگێڕێتەوە، لەناوەرۆکەوە ئەم جۆرە چیرۆکانە پەندو ئامۆژگاری جۆراوجۆر بەخۆیانەوە هەڵدەگرن.[1]

٤-چیرۆکی خەیاڵی: Fantasy

چیرۆکی خەیاڵی لەناو بەرهەمە ئەدەبییەکاندا دەبینرێتو پانتاییەکی فراوانی لەناو ئەدەبیاتدا گرتووەو ئەدەبش بەگشتی بایەخێکی زۆری بەم جۆرە چیرۆکە داوە.

٥-چیرۆکی پاڵەوانی و سەرچڵی Adventure Stories

ئەو جۆرە چیرۆکانەی کەوا باس لەهێزو ئازایەتی و جەربەزیی دەکەن دەکەونە چوارچیوەی چیرۆکی پاڵەوانیچتیو وسەرچڵییەکان.

هەندێك لەو جۆرە چیرۆکانە رێکدەکەوێ راستەقینە بن کەباس لەپاڵەوانێتی گەلێکن، کۆمەڵێك، تاکێك دەکەن لەڕووبەڕوو بوونەوەی مەترسییەك، یاخود ئەو چیرۆکە پۆلیسیانەی کەوا رووداوەکانیان باس لەتاوانێك دەکات، یەکێك یان زیاتر ئەنجامی داوەو پۆلیس تیایدا رۆڵی ئازایانە دەبینن لەپێناو بەجێگەیاندنی ئەرکی سەرشانیان لەڕاوەدوونانی تاوانباران و دەستگیرکردنیان.

چیرۆکی پاڵەوانێتی و سەرچڵی، ئەگەرچی لەنێو ئەدەبیاتی کوردی بەتایبەتی دوای راپەڕین، نمونەیەکی وابەرچاو ناکەوێ کە بەتەواوی خاسیەتەکانی ئەم چیرۆکە بەخۆوە بگرێت، لەبەر ئەوەی یەکێك لەخاسیەتەکانی ئەم جۆرە

[1] القصة في الادب الاطفال، كاظم سعدالدين، مجلة الاقلام، العدد ٤، ٤، تموز/اب ٢٠٠٠م، ص ٤٥

ئەوەیە کەباس لەپاڵەوانێتی تاکێك یان کۆمەڵێك دەکات لەڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەك یان گرفتێك کە دێتە ڕێی.

٦-چیرۆکی ریالیست Realistic stories

ئەم جۆرە چیرۆکە هەر لەناوەکەیەوە کە باس لەریالیستی دەکات واتە مەبەست لەچیرۆکی واقیعییە، زیاتر پەیوەستدارە بەچیرۆکە واقیعییەکان و رزگاربوونە لەخەیاڵ و فەنتازیا، زیاتر نویك بوونەوەیە لەشتە واقیعییەکان، واقیعی کۆمەڵایەتی و ژینگەی دەوروبەریان دەبێت جێگەی رازی بوونیان و بەپەرۆشەوە گوێی بۆ دەگیرێ.

چیرۆکی ریالیستی ((گوزارشتە لەو بابەتانەی کە لەژیانی راستەقینەی رۆژانەوە وەرگیراون و نووسەرکەش هەندێ رووداوی سادەیان دەخاتە سەر، کەوا پێویستییەکانی هونەری چیرۆکەکە چارەسەر دەکەن))[١] .

٧-چیرۆکی ئایینی Relgious stories

چیرۆکێکە گوزارشت لەهەندێ بابەتی وەك پەرستن، بیروباوەڕ، چۆنییەتی مامەڵەکردن، ژیانی پێغەمبەران، رەوشی ئاین، چیرۆکەکانی قورئانی پیرۆز و کتێبە ئاسمانییەکانی تر.... دەکات، هەروەها باس لەو پاداشت و سزایە دەکات، کە پەروەردگار، بەپێی کارو کردەوەکان بۆ بەندەکانی داناوە، چیرۆکنووس لەرێگەی ئەم جۆرە چیرۆکەوە ئاین بەهەموو لایەك دەناسێنێت و بۆیان راڤەدەکات. هەروەها ئەوەیان بۆ روونەکاتەوە، کە دەبێت کاری چاکەو خێر هەمیشە بەسەرکاری خراپەو شەڕ خوازیدا سەرکەوێت.

هەروەها بەشێوازێکی پۆزەتیڤانە دادەنرێت بۆ دروستکردنی بیروباوەڕ لەدەروونداا، ئەم جۆرە چیرۆکە لەگەڵ ئەو چیرۆکانەی پەیوەندیدارە بەسیاسەت و ئایدۆلۆژیاوە جیاوازە.

٨-چیرۆکی زانستی Scientihic Stories

ئەمەش بریتییە لەو چیرۆکانەی کەدانەرەکانیان پەنای بۆ دەبەن تاوەکو لەنێوان شتەکانی خۆیان، کە دەیانەوێ پێشکەشی بکەن، لەگەل ئاراستەکانی سەردەمدا بگونجێت، و لەدەوروبەری باسێکی زانستیدا بسوڕێتەوە، یاخود باس لەداهێنانێك دەکەن. ئەم جۆرە چیرۆکەش پشت بەسیمبوڵ و هێما دەبەستێت بۆ خستنەڕووی زانستە جۆراوجۆرەکان لەدیاردەکانی سروشت، زانستەکانی جوگرافیا، کەش و هەوا، گەردوون، سیماکانی رووەك.

[١] ادب الاطفال، حنان عبدالحميد العناني، الطبعة الرابعة، دار الفكر، عمان، ١٩٩٩م، ص٤٥

٩-چیرۆکی گاڵتەو گەپ

ئەو چیرۆکانەن کە بەشێوەیەکی فراوان سەرنجی دەوروبەر رادەکێشن لەڕێگەی ئەو رووداوە پیکەنین ئامێزانەی ناوەڕۆکی چیرۆکەکە پێکدەهێنن. ئەم جۆرە چیرۆکە، خۆشی و بەختەوەری دەستەبەردەکات، ئارامی و حەسانەوەی دەروونی دەبەخشێت و بەگشتی خەڵك زۆر حەز بەخوێندنەوەی دەکەن. لەبەر ئەمەش کەسانێك هەن پێیانوایە، لایەنی ەرۆشنبیری بەگشتی پێویستی بەم جۆرە چیرۆکە هەیە، لەپێناو زیاتر سەرنجڕاکێشانی دەوروبەر.
بەوەش ناسراووە کەسوك و ئاسان و کورتە، گرێیەکانی دەکەونە کۆتایی و بابەتەکانیان لەژیانی رۆژانەوە وەرگیراوە.
هەندێجاریش لەواقیعی ژیان دوور دەکەوێتەوەو هەندێ کەسایەتی ناوازەو نامۆیان تێدا دەبینرێت.
ئەمە جگە لەوەی هەندێکجار رووداوی گاڵتەئامێزو کۆمیدی لەناو ئەو جۆرە چیرۆکانەدا دەبینرێت.
ئەم جۆرە چیرۆکانە هەندێ بنەمایان تێدایە، کە وا لەبنچینەدا بۆ هەقایەتە کۆنە میللییەکان دەگەڕێنەوە، کەوا میللەتانی جیاواز لەنەتەوەیەك بۆ نەوەیەکی تری گێڕاویانەتەوە. بۆیە کاتێك ئێمە گوێبیستی هەندێ هەقایەت دەبین کە دڵخۆشکەرە، کەسەدان ساڵە لەنێوان میللەتانی جیاوازو نەتەوەکانی جیهان ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێت.
ئەگەرچی هۆیەکانی گەیاندن لەنێوان ئەو میللەتانە، بەو شێوازەی ئێستاش نەبووە.

١٠-چیرۆکی مێژوویی

لەم جۆرە چیرۆکانەدا زیاتر پشت بەرووداوە مێژووییە راستەقینەکاندەبەسترێ. کەسایەتی و پاڵەوانەکان لەمێژوو وەردەگیرێن، واتە تۆمارکردنی ژیانی راستەقینەی ئادەمیزادو کەسایەتییە ناودارەکانی لەمێژوودا.
ئەم جۆرە چیرۆکانە فاکتەرێکی باشن لەپێناو گەشەسەندنی هەستی ئینتیما بۆ نەتەوەو خاكو وڵات، ئەم تایبەتمەندییەی چیرۆکی مێژوویش، دەبێتە هۆی پەروەردەکردنی گیانی نەتەوایەتی و گەشەکردنی لای هەمووان.
پشت بەستن بەرووداوە مێژووییەکان خاڵێکی گرنگە کە چیرۆکنووس دەبێت رەچاوی بکات، پاش ئەوە پێویستە نووسەرەکە بەر لەوەی بچێتە ناو ناوەرۆکی چیرۆکەکە، بیرۆکەی سەرەکی و کەسایەتییە سەرەکییەکانی ناو چیرۆکە مێژووییەکە بەتەواوی شیبکاتەوەو ئاماژەیان بۆ بکات. پاشان نووسەر هەوڵبدات ئەو وێنانە دیاری بکات، کەوا بیرۆکەی چیرۆکەکە لەهزری دەوروبەر نزیك دەکەنەوە.
چیرۆکی مێژوویی دەبێت بەپێشەکییەك دەست پێبکات مەبەست لێی وروژاندنو سەرنجڕاکێشان بێت.
هەر لەبارەی جۆرەکانی چیرۆکەوە، وەکو باسمانکرد ئەو گرنگیو بایەخەزۆرەی بەچیرۆك ئەدرێت چ وەك تێکست یاخود ئەو هەموو ایکۆڵینەوەو توێژینەوانەی بەردەوام لەسەر جۆرو چۆنیەتیو لایەنی هونەری چیرۆك ئەنجام ئەدرێن.
ئەمە بەو مانایەی کە چیرۆك ئەرکێکی گەورەو مەزنی لەدنیای فیکرو ئەدەبدا لەسەرەو رۆڵی مێژووی بەرچاوی لەبزوتنەوەی رۆشنبیریدا هەیە...

لای هەندێك ئەدیبو رۆشنبیران: چیرۆك بەگرنگترین شێوەی ئەدەب لەسەرانسەری دنیادا دائەنرێ.
(رەزا بەراهەنی) دەڵێت چیرۆك: ((فراوانترینو گرنگترین شێوەی ئەدەبی سەرانسەری دونیای سەردەمە...))[1].
لەدیاریکردنی جۆری چیرۆکدا چەندین بیرو بۆچون دەخرێتەڕوو کە هەموویان بەو مەبەستەن، لەبەر تیشکی زانستدا لەڕوی ناوەڕۆكو روخسارەوە جۆرەکانی دیاری بکرێنو هەریەکەشیان لەخانەیەکی تایبەتیدا دابنرێن.
لەڕووی بابەتی ناوەڕۆکەوە چیرۆك لەدوو خاڵ بەدەر نییە:

أ. چیرۆك روداوەکانی لەواقیعی ژیانەوە وەرئەگرێتو گەلێك جار شێوەی گواستنەوەی فۆتۆیەکی روت لەئامێز ئەگرێت، هەندێك جاریش نووسەر بەبیرێکی وردو قوڵەوە روداوە واقیعییەکانی دائەڕێژێت.
ب. ئەو چیرۆکەی بابەتەکانی لەئەندێشەو خەیاڵی نوسەرەکەیەوە، سەر هەڵئەداتو بەشێوەیەکی هونەری دائەڕێژرێت.

جگە لەوەش بیروڕای دیکە هەیە سەبارەت بەوەی، کە پاڵپشتی ئەو بۆچوونە دەکەن، یەکێك لەو کەسایەتیانە (عەبدوڵلا سەراج)ە کە دەڵێت: ((چیرۆك لەسەرچاوەوە ئەکرێت بەدوو بەشی گەورەوە، یەکەمیان: چیرۆکی واقیعی (ریالیست)، هەرچی دووەمیشە چیرۆکی ئەندێشەو خەیاڵە))[2] نوسەر لەدیاریکردنی جۆرەکانی چیرۆك تەنیا لای بەلای ناوەڕۆکدا کردۆتەوەو روخساری جوانیو لایەنی هونەریو قەوارەی چیرۆکەکەی بەلاوە ناوە...
لەدیاریکردنی شێوەو جۆرەکانی چیرۆك، لە چیرۆکی هونەریدا، هەموو هەڵو مەرجێکی خەسڵەتێکی هونەری چیرۆکی تێدا بێتو بەپێوانەی دەستورو یاسای هونەری چیرۆك مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، ئەمەش تا ئەندازەیەك لەچوارچێوەی سنوری بۆ دارێژراوی ئەم بابەتی لێکۆڵینەوەیەدا جێگایان بۆتەوە...
جگە لەو بابەتانەی، کە ئاماژە بەجۆرەکانی چیرۆك دەکرێ ئەو ناوەڕۆکانەی چیرۆك پێکدەهێنێت. نەك تەنیا لەچیرۆکدا، بەڵکو لەهەموو کارو بەرهەمێکی ئەدەبیو فیکریو پراکتیکی... ناوەڕۆك مەبەستەو هەرهەموو هەنگاوو کارو هەڵوێستو ماندوبوون لەپێناوی بەدیهێنانی ئەو مەبەستەدایە، کە رەنگی نەخشەکەی بۆ داڕێژراوە، وردەکارییەکی هونەریو جوانکاری روخسارو شێوەی کورتە چیرۆکەکە دیارەو هەر لەخزمەت سەرخستنی کارە ئەدەبیەکەدایە.
**چیرۆکی مێژوی:** زیاتر لەکارەساتو روداوە مێژوییەکانەوە هەڵئەهێنجرێت، بەشێوەیەکی هونەریو لەقاڵبێکی نوێی سەردەمدا دائەڕێژرێت، تاوەکو نەوەی نوێ: مێژووی کارەساتەکانی گەلەکەی تۆمار بکاتو لەیادی نەچێتو هەم بۤ ئەوەی پەندو عیبرەتی لێوەرگرێت.

[1] قصه نویسی، رضا براهنی، مقدمه چاپ سوم، ل١
[2] جۆرەکانی چیرۆك، عەبدوڵلا سەراج، گۆڤاری بەیان، ژمارە ١٢، ١٩٧٢، ل٣٣

لەبارەی **چیرۆکی سیاسی:** ئەم جۆرە چیرۆکەش ناوەخنەکەی لەژیانی واقیعی روداوەکانەوە، یاخود لەچنینی بیرو بۆچونی چیرۆکنوسەوە چیرۆکەکە دائەڕێژرێت.

هەرچی **چیرۆکی کۆمەلآیەتیشە:** سەرەڕای گرنگی بەروخساری هونەری چیرۆکی کۆمەلآیەتی، ناوەڕۆکەکەشی بایەخێکی یەکجار گرنگو ناسکی هەیە، باسی چیرۆك زیاتر خۆی لەدەردو ژانو کێشەو تەنگو چەڵەمە کۆمەلآیەتیەکانی ئەدوێتو لەناو کۆمەڵەوە سەر هەڵئەدات وەکو روداو، جا یان دیاردەی تاکە کەسی بێت یاخود کۆمەڵ. لەلایەن چیرۆکنوسیشەوە کە هۆشیارانە مامەڵە بکات، زیاتر هەستی پێ دەکرێتو لەهۆشو بیری چیرۆکنوسدا پەنگ ئەخواتەوە، تا لەدواجار لەقاڵبێکی هونەری ناسکدا دائەڕێژرێت، مەبەست خستنەڕوی کێشەکانە، تاوەکو رێگە چارەیەکیان بۆ بدۆزێتەوە.

**چیرۆکی دەروونی:** مەبەست لەگەیاندنی ئاکامێکی دیارو ئاشکرایە، بەڵام شارەزایی لەخودی زانستی دەروونیو هونەری وردەکاری لەچینی روداوە، هەروەها پێوانەو کێشانەیەکی قوڵی جوڵەو بزوتنەوەی کەسایەتی ناو چیرۆکەکە یاخود کەسایەتی لابەلا. گرنگ ئەوەیە لەڕوانگەی جوڵەو قسەوە لایەنی شاراوەی کەسایەتیەکە ئاشکرا ئەکرێت.

جگە لەوەش چیرۆکی خەیاڵی زانستی: ئەم جۆرەیان تازە سەری هەڵداوە نوسەرەکانیان بۆ بەرچاو رونی ئایندەی مرۆڤو کۆمەڵگاو شارستانیەت پەنا بۆ جۆری بەهرەو داهێنانی فیکری زانستی مۆرڤ ئەبەن، پێشکەوتنو گۆڕانکاریو پەرەپێدانی بوارەکانی زانستو زانیاری لەبەرچاوو دیدەو بیرکردنەوەی قوڵو وردی مرۆڤ دائەنێن. هەربۆیە چیرۆکی خەیاڵی زانستی کەسەکەو بابەتی ناوەڕۆکەکەی هەر لەبواری زانستو بیرکردنەوەی زانستیانەو ئامێری نوێی سەرسوڕهێنەرەوە، هەڵئەهێنجێت.

# بەشی دووەم

# تەکنیکی هونەریی لەکۆمەڵە چیرۆکی ( گوڵی ڕەش )دا

**١. بینای کاراکتەر**

**٢. بینای کات**

- کاتی دەرەکی
- کاتی ناوەکی

**٣. بینای شوێن**

- شوێنی کراوە
- شوێنی داخراو

**٤. بینای هێما**

**٥. بینای زمان**

**٦. گرێچن**

## ١. بیینای کارەکتەر -کەسێتی

کەسێتی ((ئەو رەگەزەیە لەبونیادی دەقە گێڕانەوە بەندەکاندا وەك یەکەیەکی رێکخراوی رۆنراو دەردەکەوێت)).[١]

کەسێتی (کارەکتەر) یەکێکە لەرەگەزەکانی چیرۆك، واتە یەکێکە لەپێکهاتە گرنگەکانی ناو چیرۆك، کە تایبەتمەندی خۆی هەیەو ئەرکی خۆشی هەیە تاجێبەجێی بکات، چونکە ئەگەر رووداوو کاتو شوێنیشمان هەبێت، بەڵام خۆ دەبێت کەسێك هەبێت بەوکارە هەستێت کە خولقێنەری پەیوەندی و گفتوگۆو رووداوەکان بێت.

ئاشکرایە کەسێتی لەرێگەی چیرۆکنووسەوە دروستدەکرێت و گیانی بەبەردا دەکرێتو وادێتە پێشچاو کە هەر مرۆڤێکی ئاساییە وەك هەر مرۆڤێکی تر ژیان دەکات.

((پێویستە لەسەر ئێمە ئەو کەسە وەهمیانە لەو کەسانە هەڵگۆزین کە لەبارەیانەوە دەزانین یان لەخۆمانا دەیبینین)).[٢]

لەهەمانکاتدا دەبێت کەسایەتی ((لەواقیعی رۆژانە باڵاتر بنوێنێ، جۆرە پەیوەندییەك لەگەڵ ئەزموونی کەسێتی خوێنەر پەیدا بکات، واتە بەکورتی ئەزموونەکانی ژیانی بۆ هەست گۆڕیبێ)).[٣]

هەروەها مێژووی دەرکەوتنو ناسینی کارەکتەر دەگەڕێتەوە بۆ پێناسی کارەکتەر لەشیعرەکانی ئەرستۆدا، کە چۆن تەنیا وەك سێبەرێکی رووداوەکان دەناسرا.

((ئەرستۆ (تراجیدیا)ی لەگێڕانەوەی کارێکەوە دەبینێت، کە چۆن لەوێشدا پێویستی بەچەند کارەکتەرێك هەیە، کە ئەوکارە راپەڕێنێتو هەرکام لەو کەسێتیانەش هەڵگری سیفاتی جیاوازن لەکارەکتەرو هزرێك کە بگونجێت لەگەڵ ئەو کارانەی کەدەدرێنە پاڵیان....، واتە کارەکتەری بەپلە دوو دوای رووداو دادەنا)).[٤]

(رەشاد روشدی)یش سەبارەت بەکارەکتەرو چیرۆك دەڵێت: ((ئەرستۆ لەبارەی ئەوەی کە رووداوی لەپێش کارەکتەرەکان داناوە، بەواتە عیبرەت رەنگدانەوە نییە بۆ رەوشتی مرۆڤەکان، بەڵکو ئەو کردارەیە، کە بەپلەی یەکەم مرۆڤەکان رایدەپەڕێننو ئەو مەبەستەش، کە لای ئەرستۆ (تایبەتمەندی)ە، بەپلەی دوو دێت.

کە رێژەی رەنگدانەوەی کردارەکانە بۆی، واتە لای ئەرستۆ کردارو رووداو بابەتی سەرەکی درامان، کارەکتەری بەپاشکۆی رووداوەکان و کردارەکانی دادەنا، واتە ئەوە سروشتی کردارو رووداوەکانە کە خەسڵەتی کارەکتەرەکان نیشاندەدات)).[٥]

---

[١] بوونیادی رووداو لەرۆمانی کوردیدا، میران جەلال، چاپخانەی رەنج،٢٠٠٩، ل٣٦

[٢] بنیاتی گێڕانەوە لەداستانی (مەم و زینی ئەحمەدی خانی) و (شاری مۆسیقارە سپییەکانی) بەختیار عەلی، سەنگەر شێخ محمد حاجی، چاپخانەی خانی-دهۆك،٢٠٠٩، ل١٧٣

[٣] رۆمان و پیشەی نوسینی رۆمان، ئەدوارد بلشن- دایانا زاوبتفاید، و-ئەژی گۆران، بەغداد ١٩٨٢، ل٣١

[٤] مناهج النقد الادبی، دیفیدیج، ت-محمد یوسف نجم، مراجعة احساس عباس، دار صادر، بیروت ١٩٧٦، ص١٩٤٩

[٥] فن القصة القصیر، د.رشاد رشدی، مكتبة الانجلو المصرية، قاهيرة، الطبع الثانية، ١٩٧٥، ص١٧-١٨

کارەکتەر لە چیرۆکدا ئەو کەسەیە، کە قورسایی رووداوی لەئەستۆیەو چیرۆکنووس بەدەستی مەبەست هەڵیبژاردووە، تاکو گۆشەی ژیانی لەکاتێکی دیاریکراو بخاتە روو.

((کارەکتەر بریتییە لەکۆی چەند عونسورێکی بیۆلۆژیکی و کۆمەڵایەتی کە رەفتاری تاکە کەس، لەوانی دیکە جیادەکاتەوە، ئەو کارەیش لەرێگەی میراتگری یان مەڵبەندی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە سەرهەڵدەدا، واتە کارەکتەر پێکدێت، لەئاکامی هاوکێشی نێوان رەفتاری مرۆڤ و مەڵبەندی ژیانە)).[١]

(ئەندریە جید) دەڵێت: ((هەرگیز بیرێك مەڵێ تەنیا لەرێگەی کارەکتەرەوە نەبێت)).[٢] هەروەها (هنری جیمس): ((مەگەر کارەکتەر شتێکە لەوە زیاتر کە رووداوی چیرۆك دیاری دەکات؟ هەروەها مەگەر رووداو دەتوانێت شتیك بێت لەوە زیاتر، کە کەسانی ناو چیرۆك شیبکاتەوەو وێنەیان بگرێت)).[٣]

کارەکتەر ئەو کەسەی، کە ئەرکی بزواندنی رووداوی لەسەرە، تووشی تەنگو چەڵەمەو ئازارو ئەشکەنجە دەبێت، بەڵام نابێت ئەوە لەبیربکرێت کە زاراوەی (پاڵەوان) بۆ هەموو کارەکتەرێك لەچیرۆکدا ناگونجێ، بەو پێیەی، کە لەحیکایەتدا بەکارهێنراوە.

(جیدا رجینێت) پێوایە کە: ((پاڵەوان ئەو کارەکتەرەیە کە چیرۆکگێرەوە دەیخاتە ژێر گەردە بینییەوە)).[٤] نەك ((ئەو کەسەی کە، کاری لەرادەبەدەر دەکات)).[٥]

کارەکتەری چیرۆك لەزۆربەی چیرۆکەکاندا کاری ئاسایی رۆژانە ئەنجامدەدات، بەڵام لەسنووری چیرۆکداو بەپێی چیرۆکنووس بۆی دیاری دەکاتو پەیوەندی توندی بەجۆری رووداو مەبەستی چیرۆکەوە هەیەو رواڵەتێکی ئەدەبی سەرنجراکێشی بەبەردا دەکات، کارەکتەری ناو چیرۆك و رۆمان (کەسایەتییە ئەدەبییەکان).[٦] یەك جۆر نینو ئەرکیان، پلەیان دیاری دەکات لەناو چیرۆکداو چەند جۆرێك کارەکتەر دێنە کایەوە: کەسی سەرەکی و لاوەکی.[٧]

بەڵام لەرووی گەشەکردنو نەکردنەوە، دوو جۆر کەسێتی دیاری کراوە ((کارەکتەری گۆڕاو (گەشەکردوو-Round)و کارەکتەری نەگۆڕ- flat).

---

[١] کۆمەڵناسی کوردەواریی، د.حوسێن خەلیقی، بەرگی ١، چاپخانەی الحوادپ، بەغداد ١٩٧٩، ل٢٨

[٢] قصة نويسى، رضا براهنى، ص١٦٠

[٣] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص١٦٠

[٤] مدخل الى نضرية القصة، سمير المرزوقى و جميل شاكر، بغداد-تونس، ١٩٨٦، ص٣١

[٥] سەرچاوەی پێشوو، ص٣٠

[٦] مدخل الى دراسة الرواية، جيريمى هوثورن، ت-غازى درويش عطية، م. سلمان داود الواسطى، وزارة الثقافة والاعللام، بغداد ١٩٩٦، ص٧٠-٧١

[٧] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص٧١

((کەسایەتی گۆڕاو، ئەو کەسایەتییانەن کە لەناو چیرۆکەکاندا بەهۆی گرێچنی رووداوی چیرۆکەوە گەشە دەکەن و لەباری دەروونی و رەوشت و .... لەچیرۆکدا لەئاستێکدا ناوەستن. چیرۆکنووسی سەرکەوتوو هەوڵی دامەزراندنی ئەم جۆرە دەدات، چونکە توانای فرەیەو پلەو پایەی چیرۆك بەرزتر دەکاتەوە، تەمەنی درێژەو درەنگتر لەبیردەچێتەوە))[1].

کەسایەتی ناو چیرۆك لەچوار لایەنەوە لەکەسایەتییان کۆڵراوەتەوە، ئەو لایەنانە یاخود ئەو مەودایانە (مەودای فیزیکی (دەرەکی)، مەودای ئایدۆلۆژی، مەودای کۆمەڵایەتی، مەودای دەروونی بووە.

گرنگی کارەکتەر لەناو چیرۆکدا بەزەقی دیارە، چونکە دەتوانێت ببێتە نموونەی کۆمەڵەکەی، رەنگە نموونەکانی ناو چیرۆکەکان نەیانتوانی بێت ببنە دەربڕی ئەو هەموو جۆرە کەسێتییانەی کۆمەڵی کوردەواری.

(حامید النساج)یش سەبارەت بەپاڵەوان (کارەکتەر) دەڵێت: ((لەو حیکایەتانەی کە باس لەئارەزووەکانی پاڵەوانێتی و دەرکەوتنی لەسادەیی ژیان و زاڵبوون بەسەر تەواوی جیهان دەکرا، ئەمجۆرە پاڵەوانەش، کەسیمای نیمچە خواوەندێکی بۆ خوود بەرجەستە دەکردو هەمیشە لەداستانەکاندا رەنگیان داوەتەوە، پاڵەوانیش بەگشتی لەو جۆرە دەقانە رۆڵەی دایكو باوکێکی مەزنن.

هەروەها ئەوانەی ئەدەبی رۆژهەڵاتی: ((هیندی و ئێرانی، و ئەفسانە کۆنەکانی میزۆپۆتامیاو دۆڵی نیل و پاشان ئەوانەی (یۆنانو رۆمان)ی کۆنی رۆژئاوا، کە چۆن میرو پاشاو سەرۆکی خێڵ نزیکن لەخواوەندەوە))[2].

ئیبراهیمی یونسی دەڵێت: ((هەر چیرۆکێکی باش بخوێنیتەوە، دەبینین کە لەکەسێتییەکی سەرەکی زیاتری تێدانییە، تەنانەت ئەو کاتانەش کە هەموو زنجیرە رووداوی چیرۆکەکە لەنێوان دوو کەسدایەو هەردووکیان کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر چیرۆکەکە، سەرنج دەدەین کە کاریگەری و گرنگی یەکێکیان زیاترە، جگە لەکارەکتەری سەرەکی، لەوانەیە یەکێك یان چەند کارەکتەری دیکەش لەچیرۆکەکەدا هەبن، بەگشتی ئەم کەسانە بەکارەکتەری لاوەکی چیرۆك دادەنێین))[3].

لەکاتێکدا کارەکتەری سەرەکی، یەکێك لەگرنگترین رەگەزەکانی فۆرمی چیرۆکە، ئەو کەسەیە کە گرانی خراوەتە سەر بۆ هەر چیرۆکێك یەك کارەکتەری سەرەکی دەبینین، کە ئەمەش یەکێکە لەخاڵە دیارو بەرجەستەکانی هونەری چیرۆك..

دوای ئەوە (کەسایەتی) نواندنی کەسانێکە لەنەوەی ئادەمیزاد، کە هەمیشە بایەخێکی گەورەی لەچیرۆکدا هەیەو بەرەگەزی سەرەکی و گرنگ دانراوە.

باسکردن و دەرخستنی سیماو رواڵەتە دەرەکییەکانی کارەکتەر، لەچیرۆکەکاندا، تەنیا پەیوەست نەبووە بەمرۆڤ، بەڵکو ئەو ئاژەڵانەشی گرتۆتەوە کە رۆڵی (کارەکتەر)یان دیوە لە رووداوەکاندا.

---

[1] مدخل الى دراسة الرواية، جيريمي هوثورن، ت-غازي درويش عطية، م. سلمان داود الواسطي، وزارة الثقافة والاعلام، بغداد ١٩٩٦، ص٧٢

[2] القصة القصيرة، د.سيدحامد النساج، سلسلة كتابك-١٨، دار المعارف، القاهرة١٩٧٧، ص٥

[3] (هنر داستان نويسى) ابراهيم يونسي، چاپ هشتم، مؤسسة انتشارات نگاه، تهران-٢٠٠٦، ل٢٩٦

دەبێت کارەکتەر لەخەڵکانی ناو ژیان بچن و دەستکرد نەنوێنن‌و لەگەڵ واقیعی چیرۆکڤانی دەقەکەدا بگونجێت و لەو واقیعە هونەرییەدا واقیعی بن.

ئەگەرچی مرۆڤ تاڕادەیەك لەناو ژیانی واقیعدا ئازادە، بەڵام کارەکتەری چیرۆکڤانی بەپێچەوانەی مرۆڤی واقیعەوە، بەشێکە لەکۆی کارێکی هونەری و دەبێ لەخزمەتی پێویستییەکانی ئەو کارە هونەرییە یەکگرتوو و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەرەگەزەکانی تری ئەو کارەوە هەیەو بەشێك لەبونیادی ناوەوەی چیرۆك پێکدێنێت.

کارەکتەر دەبێت لەواقیعی ڕۆژانە باڵاتر بنوێنێت، جۆرە پەیوەندییەك لەگەڵ ئەزموونی خوێنەردا پەیدا بکات و بەکورتی ئەزموونەکانی ژیانی بۆ هەست گۆڕبێت. کارەکتەرانی ناو چیرۆك لەناو پرۆسە هونەرییەکەی دەقاندنی ناوەڕۆکدا گەشە دەکەن‌و شێوەو سیمای تایبەتی خۆ وەردەگرن. هەر کاراکتەرێکی هونەری وەربگری، لەرویەکەوە دەچێتەوە سەر خەڵکانی ناو جیهانی واقیعی یان بەپێچەوانەوە هەر کەسێکی ناو ژیانی واقیعی بگری، هەندێ خەسڵەت و تایبەتمەندی ئەو قارەمانە هونەرییانەی تێدا بەدیدەکرێ، ئەمەش خۆی لەخۆیدا هەستکردنە بەجۆرە پەیوەندییەك لەنێوان کەسایەتی هونەری و کەسایەتی واقیعیدا.[1]

کەسایەتی بەگوێرەی کات‌و شوێن دەگۆڕێت، ڕۆڵیش دەبینێ لەدروستکردنی شوێن، چونکە شوێن بوونی نابێت ئەگەر کەسایەتی تیادا نەبێت، لەبەر ئەوەی تەواوکەری یەکترن، هەروەها ڕووداویش لەئەنجامی ئەو کارەی کەسایەتی ڕۆڵی تیادا دەبینێت و دروستی دەکات.

((کارەکتەر یاخود تاك ڕەنگدانەوەی جیهانی ناوەوەی خۆیەتی بەهەمان شێوە پێویستییەکانی‌و ئارەزووەکانی و خواستەکان و بیروبۆچوونەکانی بۆ شتەکان و مرۆڤ، هەموو ئەمانە ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەن کە دەوریان داوە)).[2]

بەپێی بۆچوونی (ڕۆلان پارت) یش ((دەبێت، ئەو بزانین، کە کەسێتی ناو ڕۆمان یاخود چیرۆك، هەروەك ئەو کەسێتییە وایە، کە لەناو سینەما یاخود شانۆ کاردەکات، کە ناتوانێت لەو جیهانە خەیاڵییەی تیایدا دەژی جیابکرێتەوە، وەکو مرۆڤ و شتەکان لەدەوروبەر کە پەیوەستن بەیەکترەوە، واتا ژیانیان بەیەکەوەیە کەناتوانرێت وەك بەشێکی جیاکەرەوە (منعزل) دابنرێت چونکە کەسێتی ناو ڕۆمان یاخود چیرۆك دروستکەری خوددی چیرۆکنووسە))[3].

((زۆرجار پاڵەوان لەچیرۆك یان ڕۆماندا، مەرج نییە مرۆڤ بێت، دەکرێ کات، شوێن، سروشت.... یاخود لەو بوونەوەرانە بێت کە مرۆڤ بچووکی دەکاتەوە، بەواتە تا ئەو بوونەوەرە کاری کاریزمایی دەخولقێنێت، کەبیرکردنەوەو سەرسوڕمانی

[1] دەربارەی ڕۆمان و چیرۆك، حەمە کەریم عارف، چاپخانەی ئارابخا، چاپی ١، ٢٠٠٨، ل١٠٧-١٠٨

[2] الفرد و المجتمع، ت- هندی ریاض، منشورات دار الطلیعة، بیروت ١٩٦٦، ص١٣

[3] تقنیات السرد في النظریة والتطبیق، دار الحوار للنشر والتوزیع، الطبعة الاولی، سوریا، ١٩٩٧، ص٢٥

لەگەورەیی خودا دێنێتە بەرچاو، کاتێك ئێمەش قسە لەسەر شوێن دەکەین، وەکو پاڵەوانی چیرۆکێك، بەواتا قسەکردن نییە سەبارەت بەفەلسەفەی کات و مانا میکانیکییەکەی، بەڵکو چواندوویەتی بەو چوارچێوەی کە لەتوانایدایە بەپێی هەندێ پێوەری دیاریکراو کۆنترۆڵکردنی ئاراستەکانی کۆمەڵێك رووداو کارەکتەر بگرێتە خۆی)).[1]

پاڵەوانیش لەئەدەبدا یەك شێوە نەبووە، شێوەی هەمە جۆرو جیاجیای وەرگرتووەوەو بە بەردەوامی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بۆیە کارەکتەر لەناو چیرۆکدا و لەلایەن نوسەرانەوە هەمیشە مایەی بایەخ پێدان و گرنگی پێدانیان بووە.

گرنگترین خاسیەتەکانی پاڵەوان لەسەدەی چواردە تا سەدەی هەژدەیەمدا ئەوەبوو تەنها ئازایەتی و زیرەکی و لێهاتوویی و گیانی لەخۆبووردن و خۆبەختکردن لەپاڵەوانەکاندا دیار بکات.[2] بەڵام لەسەدەی نۆزدەهەمدا نووسەری واقیعی لەمرۆڤی ئاسایی نزیکبۆتەوەو خاسیەت و سیمای ئەو مرۆڤەی وەرگرتووەو داویەتییە پاڵ کەسەکان.

واتە وێنەی مرۆڤ وردەوردە لەلای نووسەر بەرگی پاڵەوانی نائاسایی لەبەرکردۆتەوەو لەمرۆڤی ئاسایی نزیکبۆتەوەو خۆی لەوێنەی ئەو کەسانەدا نواندووە کە لەژیانی واقیعدا هەن.

((پاڵەوانی تازە بەهەموو مانایەکی ووشەی ئاسایی مرۆڤێکی ئاساییە، هیچ شتێك لەکەسانی دی جیای ناکاتەوە، ئەمە وای لێکردن ئەو پاڵەوانانە ناوبنێن (پاڵەوانی بێ پاڵەوانێتی) دوای ئەوەی وا باوبوو کەسێك رۆڵی پاڵەوان بگێرێت و ببێتە تەوەری کارەکەو نووسەر هەموو گرنگی ئاراستەی ئەو پاڵەوانە بکات و وێنەی هەموو لایەنەکانی کەسێتی ئەو کەسە بکێشێت و کۆمەڵە خاسیەتێك پیشان بدات کە تەنها تایبەت بێت بەو پاڵەوانەو لەکەسانی دی جیادەکاتەوە)).[3]

گۆڕانی چەمکی پاڵەوانێتی لەپاڵەوانەوە بۆ کەس؟، دەگەڕێتەوە بۆ دەربڕینی پێویستییەکان ((چەمکی (پاڵەوان) خرایە ژێر کاریگەری گۆڕانکاری نەك بەزۆرە ملێ، بەڵکو بەپێی گوزارشت کردن لەو پێویستییانەی وای لەرۆمانووس یاخود چیرۆکنووس کرد کەروو بکاتە جۆرە وازهێنانێك لە (کەسەکان)ی بێئەوەی کاربکاتە سەری وەك داهێنەرێك لەرێکخستنی رووداوەکان، لەکاتێکدا چەمکی (کەسێتی) جۆرە قولاییەکی وەرگرت بەهۆی ئەو توانا هونەرییەی بێئەوەی ئەمە راستی هەموو ئەو ئەنجامانە بگەیەنێت کە بەهۆی کارتێکردنی نێوان ئەمانەو رووداوەکان دروست دەبێت)).[4]

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا زۆربەی رەخنەگرانی تازە، کارەکتەر بەگرنگترین توخمەکانی هونەری چیرۆکنووسین دادەنێن، لەلایەکی دیکەوە، کارەکتەر لەچوارچێوەی کاری چیرۆکنووسیدا واتە لە رۆمان یان چیرۆك یاخود کورتیلە چیرۆکدا سەرنجی خوێنەر دەبات بەلای خۆیدا، چونکە ژیانی کەسانێکی ئاسایی و سادە وێنە دەکێشێت، کە خوێنەر بەشداری خەون و حەزو

---

[1] منتديات القصة العربية، عبدالعزيز الرواف، دراسات في القصة القصيرة وارواية، ( Invisin power service, Inc Invision power Board)٢٠٠١-٢٠٠٧

[2] تأريخ الرواية الحديثة، ر.م البيرس، ت-جورج سالم، الطبعة الاولى، منشورات عويدات، بيروت لبنان ١٩٦٧، ص٧١

[3] البطل المعاصر في الرواية المصرية: احمد ابراهيم الهواری، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٧٦، ص٣٩

[4] حول مفهوم في الرواية العربية، محسن الموسوی، مجلة الاقلام، العدد ٣، السنة ٩، ١٩٧٣،

رازو نهێنییەکانیان دەبێت)).[1] نکوڵی لەوەش ناکرێت، کە کۆمەڵ سەرچاوەی چیرۆکەو چیرۆکنووس بەشەکانی جیهانی چیرۆکەکەی و لەناو ئەمانەش کەسانی چیرۆکەکەی، لەکۆمەڵەوە وەردەگرێت، ئەو کەسانەی چیرۆکنوس بەکاریاندەهێنێت بریتییە لە ((نواندنی وەیان کێشانی وێنەی ئەو کەسانەی لەنەوەی ئادەمیزادن)).[2]

کەسانی ناو چیرۆك وێنەیەکی دی ئەو کەسانە دەنوێنن کە لەژیاندا رووبەڕوویان دەبێتەوەو دەیان بینێت و هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکات. بەشێوەبەکی راستەوخۆ بەهۆی سەرنجو تێبینییەکانی خۆی وەریاندەگرێت یان ناڕاستەوخۆ بەهۆی کەسێکی دیکەوە زانیاریان دەربارەی پەیدا دەکات و دەنگ و باسیان دەبیستێت و شتیان دەربارە دەزانێت، بەبێ ئەوەی خۆی راستەوخۆ رووبەرووی ئەو کەسانە بووبێتەوەو هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردبن.

هەروەها ((سنووری کێشانی وێنەی کەسانی ناو چیرۆك تەنها ئەو بوارە ناگرێتەوە، کە دەکەوێتە بەر تێبینی راستەوخۆ یان ئەو زانیاریانەی لەسەرچاوە لاوەکییەکانەوە دەگاتە دەست نووسەر، بەڵکو تاڕادەیەکی گەورە پشت دەبەستێت بەپەی پێبردنی توانای کەسێتی مرۆڤایەتی و توانا شارەوەکانی، ئەم پەی پێبردنەش وەستاوەتە سەر رادەی تێگەیشتنی لەکەسێتی و توانای هەستپێکردنو دەرهێنانی هەستەکانی ناوەوە)).[3]، چیرۆکنووس لەرووی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لەژینگەو دەوروبەری ژیانیان وەردەگرێت. تاڕادەیەکی تەواو مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکات و پێ لەسەر دیوی دەرەوە دادەگرێ و بەپێچەوانەوەی ئەو کەسانەی سەرچاوەیان خودو تاقیکردنەوەی تایبەتی و کەسێتی نوسەر خۆیەتی، لێرەداو لەم حاڵەتەدا گرنگییەکی زیاتر بەدیوی ناوەوەی کەسەکان دەدات و شۆڕ دەبێتەوەو ناخی ئەو کەسانە و باری دەرونیان شرۆڤە دەکات. نووسەر خۆی سەرچاوەیەکی دی پێکهێنان و دروستکردنی کەسانی ناو چیرۆك پێکدەهێنێت و کەم تازۆر بەشێك لەکەسێتی خۆی تێکهەڵدەکێشێ یەکێك لەو کەسانە دەکات و وێنەیەکی دی خۆی دەنوێنێ و گوزارشت لەکەسێتی ئەو دەکەن. مشێل بۆتۆر دەڵێت ((هەموومان دەزانین نووسەر بیەوێ و نەیەوێ، بزانێتو نەزانێت، کەسانی چیرۆکەکەی لەسەر بناغەی ئەو رەگەزانە بنیات دەنێت کە لەژیانی تایبەتی خۆی وەردەگرێت و پاڵەوانەکانیشی تەنها دەمامکێکن لەپشتیانەوە چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوەو لەمیانەیانەوە خەون بەخۆیەوە دەبینێت)).[4]

جگە لەوەش زۆرجار چیرۆکنووس سەرچاوەی ئەو کەسانە تەنها دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەندێشەی چیرۆکنووس و ئەوانە سنورێك لەنێوان واقیع و ئەندێشە دادەنێن، بۆیە لەباسی کەسەکاندا بۆ سەرچاوەی دیاری کراوی دەگەڕێتەوەو تەنها بەو

---

[1] النقد التطبيقي التحليلي، د.عدنان خالد عبدالله، الطبعة الاولى، دار الشؤن الثقافة، بغداد ١٩٨٦، ص٦٦-٦٧

[2] الوجيز في دراسة القصص، لين او لتبينرند و ليزلى لويس، ت-د.عبدالجبار المطلبى، سلسلة الموسوعة الصغيرة، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٨٣، ص١٣١

[3] فن القصة، د.محمد يوسف نجم، سلسلة الفنون الادبية، العدد ٢، دار الثقافة، بيروت-لبنان، ص٩٢

[4] بحوث في الرواية الجديدة، ميشيل بوتور، ت- فريد الفونيوس، سلسلة زدنى العربى، بيروت-دار البيضاء، ١٩٨٩، ص٦٤

سەرچاوەیەوەی دەبەستێتەوە، لەبەر ئەوە سەرچاوەی یەکێك لەو کەسە ئەندێشەی یا واقعییانەی رووداوەکانی چیرۆکی پێوە بەستراوەتەوە.[1]

ئەگەرچی هەردووکیان لەداهێنانی چیرۆکنووسن، بەلاَم یەکێکیان سەرچاوەی سەرنج و تێبینی بەراستەوخۆکانی چیرۆکنووسە لەسەر واقیع، ئەویتریشیان پەیوەندی بەو سەرنج و تێبینیانەی ئەو زانیاریانەوە نییە، کە چیرۆکنووس لەژیانی واقیعدا وەردەگرێت، بەلْکو لەدروستکردن و داهێنانی مێشکەو سەرچاوەی تەنها ئەندێشەیە.

ئەندێشەی داهێنەرانەی چیرۆکنووس هەمیشە گەورەترین و کاریگەرترینو رۆلْ لەبینای کەسانی ناو چیرۆك دەگێڕێت.

بەبێ ئەو ئەندێشەیە ئەو کەسانە وێنەیەکی وەرگیراوی راستەوخۆی ئەو کەسانە دەردەچێت، کە لەژیانی واقیعیماندا رووبەڕوویان دەبینەوە، ئەرکی چیرۆکنووس تەنها وەرگرتنی کەس نییە، بەلْکو ((دۆزینەوەی مرۆڤە، واتە دۆزینەوەی لایەنە تازەکانی مرۆڤەو لەسەر بناغەی ئەو دۆزینەوانە دەتوانرێت هۆیە هونەرییەکان هەلْبسەنگێندرێت)).[2]

واتە ئەندێشەی چیرۆکنووس رۆلْی خۆی بگێڕێت لەهەموو حالْەتێکدا لەکێشانی وێنەی ئەو کەسانە جا سەرچاوەکانیان هەرچییەك بێت. کەواتە ئەندێشە لەهەموو حالْەتێکدا بۆ کێشانی وێنەی کەسەکان بەکاردەهێنرێت، بەلاَم بەشێوەو بەپلەی جیاواز. هەروەکو چۆن کارەکتەر لای (ئەلپۆرت) بریتییە لەسیفەتە جەستەیی‌و عەقلْییە رەوشتییەکان لەدۆخی ئاوێتەبوونیاندا لەنێوان خۆیان لەلایەك‌و ژینگە لەلایەکی ترەوە، لەگەلْ ئەو هەلْوێستە بێشومارانەدا ئاوێتە دەبنەوە کە یەکێك لەسەرەتای تەمەنەوە پێیدا تێپەڕدەبێت تا کۆتایی ژیانی).[3]

هەروەها ئەو کەسانەی لەناو چیرۆکدا سەرچاوەیان ئەو مرۆڤە یان ئەو کەسانەیە، کە رووبەڕویان دەبینەوە پێویست بەوە دەکات سەرلەنوێ دروست بکرێنەوە، لەبەر ئەوەی ((ئەوکەسانەی کە لەچیرۆکدا هەن، ئەو کەسانە نین، کە لەژیاندا هەن، چونکە خولْقاندنی ئەو کەسانە کارێکی ئێجگار سەختە، لەبەر ئەوەی پێویست بەوە دەکات لەلایەکەوە قەناعەتی پێبهێنین‌و لەلایەکی دیکەشەوە بابەتی بێت. چونکە نووسەر کاتێك کەسێك دادەهێنێت رووەدەکاتە ئەندێشە داهێنەرەکەی بۆ رێکخستنی ئەو وەسف و هەلْوێستو دیمەن‌و وێنە پەرشو بلاَوانەی بۆ یەکەمجار بەناتەواویی‌و بەبڕاوی دێنە بەرچاو)).[4]

جگە لەوانەش ئەو کارەکتەرانەی سەرچاوەیان تاقیکردنەوەو خودی چیرۆکنووسە پێویست بەوەدەکات کە چیرۆکنووس خەیالْی خۆی بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی وێنەیەکی کتومتی دووبارە بووی خۆی پێشکەش نەکات، بەلْکو بەشێوەیەك بەسەر ئەو کەسانەیدا دابەش بکات ببێتە هۆی دروستبوونی وێنەیەکی تازە.

---

[1] المصطلحات العربية في اللغة والادب، مجدى وهبة و كامل مهندس، الطبعة الثانية، مكتبة لبنان، ١٩٨٤

[2] المادة الشخصية الواقعية اليوم وابدا، بوريس بورسوف، ت-كامران قرداغى، منشورات وزارو الاعلام، سلسلة الكتب المترجمة، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٧٤ص١٥٠

[3] کەسێتی لەدرامای کوردیدا، نامەی ماستەر، د.سەلام فەرەج کەریم، ١٩٨٩ز

[4] البناء الفنى في الرواية التاريخية العربية، خالد سهر محي الساعدي، جامعة بغداد ١٩٨٩، ص١٧١

چیرۆکنووس مەرج نییە هەموو کاتێك سوود لەیەکێك لەو سەرچاوانە وەربگرێت، هەروەها هەندێکجار زۆربەی ئەو سەرچاوانە تێکهەڵکێشی یەك دەکات، وەیان تێکەڵی یەکتریان دەکاتو سوودیان لێوەردەگرێت، پاشان دەست بەدارِشتنی وێنەی ئەو کەسانەو دروستکردنیان دەکات.[١]

هەروەها نکوڵی لەوەش ناکرێت زۆربەی چیرۆکنووسان زیاتر ئەو کەسانەیان کردۆتە سەرچاوەی چیرۆکەکانیان، کە لەناو کۆمەڵدا زەق دیارن و سەر بەچینو توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵن.

بۆ نموونە وێنەی هەژارو برسیو نەزان و دزو جەردەو بەرتیلخۆرو ساختەچی و تەڵەکەباز لەچیرۆکی کوردیدا، زیاتر وێنەی کەسانێکن کە لەژیانی واقیعی کۆمەڵی کوردەوارییەوە وەرگیراون. جگە لەهەموو ئەمانەش دەبێت بزانین، کە کارەکتەری سادەو کارەکتەری توێدارو ئاڵۆزمان هەیە، جۆری یەکەمیان ئەوەیە، کە بتوانرێت لەیەك فۆرمۆلەدا بەرجەستە بکرێتو یەك رەهەندو یەك لایەن بێت و بەئاسانی بناسرێت.

بەشێوەیەکی گشتی کارەکتەری ئاڵۆز لەبارترە بۆ پرِکردنەوەی بۆشاییە هونەرییەکانی ناو هەرکارێکی هونەری، بەڵام کارەکتەری سادە ئەو توانایەی نییەو لەسەرانسەری چیرۆکەکەدا یەك راستەرێ دەگرێتو بەگەڵ رەوش و رەوتی چیرۆکەکە دەکەوێتو ئەمە هەندێك لەواقیعەوە دوورە.[٢] کارەکتەری ئاڵۆز دەتوانێت وەك خەڵکانی واقیعی خافڵگیرمان بکات و سەرسامان بکات و ئەمەش جۆرە واقیعییەتێکی پێدەبەخشێت کەپتر حەزو کەڵکەڵەی خوێنەر پاراو دەکات.

واتە دەگەینە ئەوەی هەرچەند کارەکتەری چیرۆك ئاڵۆز بێت مرۆڤێك نییە، بەڵکو خەڵقەندەیەکی هونەرییە، بەشێکە لەکارێکی هونەری یەکگرتوو، زۆرجاریش چونکە مرۆڤ بۆ خۆی بوونەوەرێکی ئاڵۆزە، بۆیە کارەکتەرانی ئاڵۆزی پێ پەسەند ترە، چونکە زۆرتر لەژیان دەچن، وەگەر کارەکتەر بۆ خۆی بەتەنیاو بەجیا لەرەگەزەکانی دیکەی چیرۆك لەبەرچاو بگیرێت، دەکرێت بایەخێکی گەورە بەئاڵۆزی بدرێت، بەڵامیش ئەگەر لەبەر رۆشنایی چیرۆك کارەکتەر وەکو یەکەیەکی یەك پارچەیی تاقیی بکەینەوە، ئەوا دەردەکەوێت کە ئاڵۆزی فەزڵێکی زیاتری لەسادەیی نییە. دەبێت چیرۆکنووس کارەکتەری گونجاو بۆ مەبەستو ئامانجەکانی خۆی هەڵبژێرێت.[٣]

دروستکردنی کارەکتەری ناو چیرۆك لەهەرە ئاڵۆزترین و قورسترین ئەرکەکانە، لەکاتێکدا کە رووبەرِووی خودی چیرۆکنووسەکە دەبێتەوە، چونکە پێویستی بە بەهرەو لێهاتوویی وەتێگەیشتنی تەواوە لەچەمکی کەسێتی مرۆڤ بەهەموو لایەنە جۆربەجۆرو ئاڵۆزەکانەوە.

ئەم مەسەلەی دروستکردنی کەسانەش و دیاری کردنیان بەپێی ئەو مەرجانەی کە پێویستە هەبن لەو کەسێتییەدا وەنەبێت شتێکی نوێ بێتو ئێستا سەری هەڵدابێت، بگرە هەر لەسەردەمی ئەرستۆوە لە ئارادا بووەو مایەی بایەخپێدان بووە،

[١] بینای هونەری چیرۆکی کوردی (لەسەرەتاوە تاکۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی)، پەرێز سابیر، سلێمانی ٢٠٠١، ل١٥٣-١٥٤

[٢] دەربارەی رۆمانو چیرۆك، حەمەکەریم عارف، چاپخانەی ئارابخا، چاپی یەکەم، سلێمانی ٨س، ل١٠٩

[٣] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٩-١١٠

چونکە لەسەر بناغەی رەوشت مەرجەکانی ئەو کەسانە دیاری دەکات و چوار مەرجیان بۆ دادەنێت ((دەبێت چاك بێت، وەگونجاو بێت، پێکچوون، هەروەها چەسپاندن))[1] ، هەریەك لەمانە دەبێت لە کەسێتییەکەدا هەبن، چونکە پێویستن، بەبۆچوونی ئەرستۆ.
کەواتە چیرۆکنووس بۆ دروستکردنی کارەکتەری ناو چیرۆکەکەی گرنگی بەچەند لایەنێکی ئەوکەسە دەدات، ئەگەرچی ئەو لایەنە پێکهێنەرانە رەخنەگران لەسەری رێکنەکەوتوونو نەگەیشتوونەتە ئەنجامێك، هەریەکەشیان بەپێی تێڕوانینی خۆی لایەنە پێکهێنەرەکانی ئەو کەسانە دیاری دەکات، دابەشیان دەکات بەسەر چەند بەشێکدا، ئەو بەشانەش چوار لایەن دەگرێتەوە، ((لایەنی لەش، ئایا منداڵە یان پیاوە، نێرە یا مێ، لایەنی کۆمەڵایەتی واتە لەشارە یا لەگوند، هەژارە یا دەوڵەمەند، کارو پیشەی چییە؟ هەروەها لایەنی دەروونی کەپێویستە سەرەنجامی دوو لایەنەکەی پێشوو بێت، هەروەها لایەنی بیروڕا ئایا لەگەڵ مامەڵەو هەڵسوکەوتیدا دەگونجێت؟)).[2] زۆری تریش لەرەخنەگران باسی سێ لایەنی پێکهێنەری ئەو کەسانە دەکەن (لایەنی لەش- دەروونی- کۆمەڵایەتی).[3]
زۆرجاری تریش لەکاتی دیاریکردنی ئەو دوو دیوە، مانای ئەوە نییە کە لەیەکیان جیادەکەینەوە، چونکە هەروەها هەردووکیان تەواوکەری یەکترن، بەڵام جۆری پێکهاتنەکە بەهەردوو دیوەوە بەپێی داڕشتنەکەی لەچیرۆکنووسێکەوە بۆ چیرۆکنووسێکی تر دەگۆڕێتو جیاواز دەبێت. زۆرجاریش کەسانی ناو چیرۆك دوو جۆرە پێکهاتنیان دەبێت، واتە چیرۆکنووس لەیەك چیرۆکدا دووجار وێنەی یەك کەس دەکێشێت، بەڵام لەپێکهاتنی ئەم جۆرە کەسانەدا چاودێرییەکی تەواوی کات دەکاتو بەتێپەڕبوونی کات جۆری پێکهاتنەکە دیاریدەکات. زۆرجاریش چیرۆکنووس لەپێکهاتنی کەسانی چیرۆکەکەیدا شێوازی بەراوردکردن بەکاردەهێنێت، دوای ئەوەی وێنەی دوو کەس یا زیاتر دەکێشێتو وێنەیەکی (وەك یەك) یان (دژ بەیەك) دروستدەکات، ئەم وێنانەی لەم جۆرە چیرۆکانەدا دروستدەبێت چ لەرووی مەبەستەوە یان لەڕووی پێکهاتنەوە بێت جیاوازیان هەیە، لەگەڵ وێنەی ئەو کەسەی کە لەیەك چیرۆکدا دوو جۆرە پێکهاتنی هەیە.
هەروەکو ئاماژەمان پێدا کەسایەتی (کارەکتەر) لەچیرۆکدا ئەو تەوەرەیە کە هەموو چیرۆکەکە لەخولگەیەکدا بەدەوری دەسوڕێتەوە، پاشان گرنگییەکەی پێویستی بەروونکردنەوە نییە.
سەرەڕای ئەم گرنگییە گەورەیەی یان راستر بڵێین سەرەڕای ئەوەی کە هیچ چیرۆکێك مانای نییە یان بوونی نییە، ئەگەر کەسایەتییەکانی نەبێت. زۆر لەنووسەرە تازە پێگەیشتووەکان زۆرجار ئەم گرنگییە پشتگوێ دەخەن و هەوڵەکانیان چڕدەکەنەوە لەڕووداو و گێڕانەوەو یان داڕشتن یان ستایلدا.

[1] فن الشعر، ارسطو طاليس، ت-عن اليونانية وشرحة و حقق نصوصة د.عبدالرحمن بدوي، الطبعة الثاني، دار الثقافة، بيروت-لبنان، ١٩٨٣، ص٤٢
[2] القصة القصيرة نضريا و تطبيقا، يوسف الشاروني، سلسلة كتاب الهلال، العدد ٣١٦، مصر ١٩٧٧، ص٦٨
[3] فن كتابة القصة، حسين قباني، الدار المصرية للتأليف والترجمة، ١٩٦٥، ص٧٠-٧١

شێرزاد حەسەن-ی چیرۆکنووسیش یەکێکە لەو نووسەرە سەرکەوتووانەی، کە رۆڵی هەیە لەبەرجەستەکردنی کەسایەتی لەناو رۆمانو چیرۆکەکانیدا، بەجۆرێك کە کۆمەڵە چیرۆکی (گوڵی ڕەش) گەواهی ئەوەدەدەن.

ئەوەتا لەچیرۆکی گوڵی رەش-دا کە پاڵەوانەکەی (حەمە)یە، وەکو کەسی یەکەم و عاشق بە(هێرۆ)یە. هەر لەسەرەتای چیرۆکەکەوە حەمە پاڵەوانی ناو چیرۆکەکەیەو خەمی دووری و دابڕانی هێرۆ سەرقاڵی کردووە.

نووسەر لەڕێگەی یاخود لەزاری (حەمە)وە بۆمان باسدەکات، (وەك خۆری هاوینی ئیمڕۆ ئێوارە دەرکەوەو ئیتر ون مەبەرەوە تامەزرۆتم هێرۆخان.... هێرۆ گیان.

چیم لێدەکەی...؟ چیم پێدەکەی... بۆ کێ جێم دێڵی؟ تۆ فڕێم بدەی.... کەسێ نابێ منی چڵکن و خۆشی نەدیدە هەڵبگرێتەوە... تەنها خۆت منی تاڵ و ترشت تامدەکرد..)[1].

وەسفی حەمە دەکات، کە خۆیەتی بەوەی دۆشداماو و بێ کەس و خۆشی نەدیوە لەژیانداو کەسێکی شیرین و خۆشەویستی خەڵك نییە، جگە لەوەی لەتۆ زیاتر کەسێك بەخۆی شك نابات.

لەپاش ئەوە باس لەهێرۆ دەکاتو دەڵێت: ((هێندەی باڵای تۆ خۆر ماویەتی ئاوابێ، خۆم بۆ نەگیراو هاتمە سەربانەکە، حەزت شێتی کردووم و خەریکە منی برسیو ترسنۆك، دیواری شەرم بڕمێنم...))

جارێکی تر سیفەتی خۆی دەخاتەڕوو، بەوەی کەسێکی ترسنۆك سەبارەت بەو حەزو ئارەزووەی بۆ هێرۆی هەیەو پاشان برسیشە بەعەشق و خۆشەویستی هێرۆ، هەروەك چۆن وەسفی باڵاو بەژنی هێرۆ دەکات.

کاتێکی تریش باس لەخۆی دەکات بەوەی کە ((ئەو دڵە کەلاوەی من بوون بەخاك و خۆڵی ژێر پێی رێبواران، شارستانی بەشێکە هات و هەموو شتێکی کرد بەخشت و بەردو کۆنکرێت... دڵێکی بەردین کەی بۆ گۆرانی عیشق و ئەوین تلاوەتەوە؟))[2].

حەمەیەکی کەساس و هەژار نەك هەر وەسفی خۆی، بگرە وەسفی ماڵە داڕماوەکەشیان دەکات بەوەی کە:

((حەوشەکەشمان ئەوەندە بچکۆلەیە جێی دووگوڵەباخی لێنابێتەوە، تەنها یەك بنەمێوی تێدایەو ئەویشیان زرە. پاییزان گەڵا زەردەکانی وەك فرمێسکی تەنیایی و غوربەتییم دادەبارێن و ... هەموو درەخت و گوڵەباخێك لەحەوشەی لات و هەژاران زرەو هیچ ناگرێ))[3].

حەمەی هەژارو هێرۆی گەدا

((هێرۆ گیان... من هەر ئەوەندەی چڵە گیایەك بووم کە گوێم بە(نییە) زرنگایەوە، قەتیش بیرم ناچێتەوە.. بیرمە دەموت: عانە؟ دەیانوت: نییە... پێڵاو؟ نییە..

[1] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن، ل٥.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٧

[3] سەرچاوەی پێشوو ، ل٧.

کەواتە حەمە کەسایەتییەکی هەژار بووە، کوڕی هەژارو لات بووە، بۆیە خۆشەویستی هێرۆ لەناخیدا بەردەوام قوڵپی داوە، بەوەی کە هێرۆ ئاگاداری ئەم عەشقەی نەبووە.

ئەم کوڕە هەژارە دەڵێت: ((ئەگەر ئێستاش هاوینان نەچمە مەیدانی قوڕکاری، دەبێ زستان خەون بەئاگردانێکەوە ببینین و قەڵەم و کاغەزی بەدەستەوەیە، هیچم بۆ نانووسرێ دووریت ئیفلیجی کردووم، هەتا لەنەخۆشی ئەم حەزەت ساغ دەبمەوە، عومرێکی دەوێ...

پاشان حەمە ئاماژە دەکات بەوەی بەهرەیەکی نییە تابتوانێ لەڕێگەیەوە پەیامی ئەم سۆزەی بگەیەنێتە ئەنجام..)).

حەمە نەك بەم جۆرە هەستەوە بگرە ئاماژە بەوە دەکات کە : ((ئالۆزم و مێشکم گەلێ جەنجاڵە))[1].

هەستکردن بەغەریبی و کەموکورتی و پەرپوتی حەمە ببوە ئیلهامێکی عاشقانەی بۆ هێرۆ، بەوەی خۆی بەکەمتر لەهێرۆ دەزانی، بەجۆرێك هەستکردن بەئیرەیی تیایدا باڵابوو، کاتێك ئاماژە بە ئاراس دەکات، کە کەوتۆتە ململانێ لەگەڵی کاتێك دەوری هێرۆی داوەو لێی نزیك بۆتەوە.

((ئاخر تۆ منت خۆشدەویست، ئەو گەرمە سێرەم لێدەبوو بەکوێستان... چۆن نا؟

ئەو کوڕە خاوێن و ناسکانەی دەرو دراوسێ بەخیلییان پێدەبردم...))

((بیرتە رۆژێکیان ئاگری چ شەڕێکم لەگەڵ ئاراس هەڵگیرساند، ئەو هەتیوە مێبازەی بڕۆی خۆی هەڵدەگرت، دەمزانی دەورو خولی تۆ دەداو شەڕی پێ دەفرۆشێت....)).

پاشان هاری و چەتوونی خۆشی باسدەکات.

بەردەوام باسکردنی خۆی و بەکەمزانینی لەئاست هێرۆدا، دەخاتەڕوو بەوەی کە وتویەتی ((وام زانی ئەوەندە ساویلکە نیت، حەز بەشیعرو گوڵ و ئاسمان دەکەی، حەز لەمنی بێ سێبەرو بێ پەڕو باڵ دەکەیت، نازانم بۆ منی ناشیرین و جل شڕ هەم زەوی و هەم ئاسمانت بووم..))[2]

هەژاری و نەبوونی نەنگی نییە، بەڵام حەمە کردوویەتییە خاڵێك، کە زۆرجار ئاماژەی پێدەدات و بەبیری خۆی دەهێنێتەوە، کە ئەم کوڕە هەژارەی ناو ئەم ماڵە لاتەی ئەم گەڕەکە بەگزادەو دەوڵەمەندانە، چۆن هەستی بۆ هێرۆ دەردەبڕی و بەدووری دەناڵێنێت.

هەروەکو چۆن دەڵێت : ((ئەگەرچی لات و بێ دەرامەتیش بووین... تۆ تائێستا نازانی منی قەرەج خاوەن چ دڵ و دەرونێکم.. ئای... لەنێو ئەوانەی تویست و دیسکۆو فیلمی رووت شێتی کردوون، تۆ منی قوڕاوی و ناشایستەت خۆشویست...[3]

---

[1] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن ، ل٨.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

[3] سەرچاوەی پێشوو ، ل١١.

جگە لەحەمە و هێرۆ نوسەر ئاماژە بە باسی دایكو باوكیشی دەكات، وەكو دوو كەسایەتی ناو چیرۆكەكە.

((دایكە... حەوشەكەی ماڵی چەلەبی گوڵی جوانی تێدایە.

-لەكوێ دیوتە... حەرامزادە چی تۆی گەیاندۆتە حەوشەكەیان؟

-بەدزییەوە لەسەر دیوارەكەوە سەیریم كرد.

-رۆڵە عاقڵ بە.. خۆتۆ پشیلە نیت بەسەر دیواردا هەڵدەگەڕێی.. بتگرن هەردوو قاچت دەبڕنەوە.. ها....

پاشان باوك و خوشك و براكانیشی كەسایەتی ناو چیرۆكەكەن.

بێ ئومێدی و بێ هیوایی حەمە لەدووری هێرۆ بە ئەندازەیەك بوو كە: ((هێرۆ چەند بە هێمنی نازی ئەم هەتیوەت هەڵدەگرت، تەنها تۆ لات نەنگی نەبوو منت خۆش بوێ، هەواڵی وردودرشتی ماڵەكەمانت دەپرسی...چیتر ئازارم مەدە.. یائەو دوو ئینجانەیە وەك كەللەی سەری من بشكێنە..))[1]

حەمە سیفەتی دایكو باوكیشی باسدەكات كە:

((هێرۆخان سەدەها جار بەباوكە گوێ گرانەكەم دەڵێم و هاواردەكەم.. بەدایكە پیرو كەنەفتەكەم دەڵێم:

بابیفرۆشین... بچینە ناو خانووە قوڕەكان.. لەوێ كەلاوەیەكی هاكەزایی دەكڕین...)).

پێیدەڵێت: ((بەخوا كەری.. لێرە ژیاوم و لێرەش ئەمرم.. دەبم بەبەردی سەردڵیان..!)).

زۆرجار ئەو خۆشەویستییەی هێرۆ، خەیاڵی دوری خۆشی دێتەوە بەوەی بڕۆنو چی دی ئازارو مەینەتی بەدەم ئەم دورییەی هێرۆوە نەخوات.. واتە دەتوانین بڵێین كارەكتەر لای شێرزاد كەدەستی پێكرد لەچیرۆكدا وەك چۆن لەگەڕەكی شەعب كە كەس بێوەژنەكەی نەدەبینی، كەس قەیرە كچەكەی نەدەبینی، كەس كوڕە كوێرەكەی نەدەبینی، هەموو ئەمانە لای شێرزاد كارەكتەرێكی پەراوێز خراون. لای شێرزاد ئەو كەسە زۆر تەنیایە، لەكاتێكدا ئیشی شێرزاد قسەكردنە لەسەر یەك كەس.

لای شێرزاد نوسین و گەڕان بەدوای ئەو كارەكتەرە خەمی خوێنەرە، لەكاتێكی زۆر كەم و كورتدا ئەو رووداوەی روودەدات لای شێرزاد دەبێتە چیرۆك. وەكو دەزانین كە دوو جۆر كارەكتەر هەیە، ئەوانیش: كارەكتەر هەیە ناگۆڕێ، بۆ نموونە لەباسكردنی كەسێكدا لەنیو سەعاتدا كە نەگۆڕە. كارەكتەریش هەیە دەگۆڕێ، كاتێك باس لەسی ساڵ تەمەنی كەسێك بكات، دەبێت باس لەگۆڕانی بكرێت. هەمیشە دوو جۆریش لەكارەكتەر باس دەكات: یان خڕە واتە بازنەیی، یاخود فلاتە واتە تەختە.

فلات: یەك دیوییە، زۆر لەرەهەندەكانی نەفسی تێدا نییە.

شێرزاد دەڵێت: (لەهەردووكیدا ئیشم كردووە، بەتایبەت لەدەقە درێژەكانمدا). پاشان ئاماژەدان بەكارەكتەری خڕ، ئەوەیە كەبسوڕێتەوە، بەچواردەوری خۆیدا.

---

[1] گوڵی رەش، شێرزادحەسەن، ل١٢

ئەم جۆرە کارەکتەرانە لەمێژە بوونیان هەیە، زۆر کارەکتەر هەیە، کەدەبێ بگەڕێیت بۆ دۆزینەوەی ڕەهەندەکانی، هەندێکی وەکو باسمانکرد فلاتە، واتە تەختە.

بۆ نموونە: دیوار کە لەهەمووما‌نەوە دیارە تەختە، هەندێ کەسیەتیش هەن بەدرێژایی ژیانی شتی زۆر بەسەر نایەت، بەڵام بەپێچەوانەوە کەسانێکیش هەن بەدرێژایی ژیانیان زۆر بزێوون و پڕ کێشمەکێش و پڕن لەهەرا.

بەگشتی لەزۆربەی زۆری چیرۆکەکانی شێرزاددا‌و بەتایبەت لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا، کارەکتەر هەمیشە زۆرجار هیلاك و تەنیان و هەمیشە لەململانێدان جا چ لەگەڵ خودی خۆیان یان بەرامبەر کۆمەڵگە یان لەگەڵ سروشت بەهەموو دیاردەکانییەوە، یان لەگەڵ بەرامبەر.

جگە لەوەی چیرۆکی گوڵی ڕەش پاشان (میم) هەڵدەبژێرین بۆ خستنەڕووی کارەکتەرەکانی، کەمترین کارەکتەر لەهەردوو کۆمەڵە چیرۆکی (گوڵی ڕەش) و (میم)دا هەیە، بەجیاوازی لەگەڵ گوناهی سپی و زەلکاو و ئەوانی تر کە کارەکتەرەکان زۆرن.

هەروەها زۆربەی جار لەو چیرۆکانەدا کارەکتەری سەرەکی پیاوە (کە بەمۆنۆلۆگ) پرۆسەی

گێڕانەوەکە بەئەنجام دەدات، پاشان کارەکتەری دووەمی ژنە.

ئەگەر ئاماژە بەچیرۆکی (میم) بکەین و کارەکتەرەکان بخەینەڕوو: ئەوا کارەکتەرەکانی بەدیاردەخەین، کە هەردوو کارەکتەری گوڵناز کە ژنەکەیەتی و ئەمین پیاوەکەو کارەکتەرە. کارەکتەر کەنووسەریشە و بەو جۆرە باسی خۆی دەکات کاتێك دەڵێ ((منێکی نووسەر... خاوەن بیروباوەڕی سەیرو سەمەرە....))[1]

کاتێکیش وەرگێڕ ئاماژە بەوەدەکات کە نەخۆشەو ((چوار پێنج ساڵە ئەم نەخۆشییە گرانە بەتەواوی پەکی خستووم... نایشارمەوە لەپیاوەتی خستووم، جاران سیسەمێکی گەرم و نەرم کۆی دەکردینەوە... ئێستا ساردو سڕە وەك دەمی مردوو..))[2].

وەگێڕ، کە خێزانی گوڵنازەو بەردەوام باس لەنەخۆشییەکەی دەکات، بەردەوام ((بۆ ناپیاوەتی پڕ لەشەرم و دەماری مردووی خۆم دەگریم، من فەرمانبەرێکی خانەنشین بووم...)).

هەروەك چۆن ئاماژەمان پێکرد کە کارەکتەر لای شێرزاد حەسەن تائێستاش کەدەنوسێت ئەو مرۆڤەیە یان ئەو کچەیە یان ئەو ژن یان ئەو کوڕەیە یان ئەو منداڵەیە کە فەرامۆش کراوەو کەس خەمەکانی نابینێت.

بەو چەشنەش لەچیرۆکی (میم)دا ئەمین ئەو کەسە فەرامۆشکراوەیە کە بەردەوام خۆی دەخواتەوەو بەدزییەوە بۆ خۆی دەگری چ گریانێك!! گریانی ئاخ.. خۆ دەزانێ گوناهی خۆی نییە، لەژیانیدا بیری لەوە نەکردۆتەوە، کە ڕۆژێ دێ دووچاری وەها نەخۆشییەك دەبێت و چارەسەری بەدەست ناکەوێت.

---

[1] گوڵی ڕەش، شێرزاد حەسەن، ل١٥٠.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٠.

هەروەك چۆن نووسەر بەڕوونی ئاماژە بەو خاڵە هەستیارانەی ئەمین دەكات كە ((لەش شتێكە فەرامۆش ناكرێ، گاڵتە بەترپەی دڵ و گەرمی خوێن و دەماری پیاو.. موچوركی ئافرەت ناكرێ، تۆ كەیەكێكت خۆشدەوێ... دەستەكانت دەكەونە كار.. نامەی بۆ دەنووسیت، دەستی دەگری، دەستی بۆ هەڵدەبڕی، لەباوەشی دەكەیت، پەنجەكانت سەفەری خۆش بەنێو پێچ و لوولی قژیدا دەكەن...))[1] ل١٥١

نائومێدی و بێ هیوایی و تەنهایی باڵی كێشابوو بەسەر ئەمیندا بەجۆرێ كە ((سەیری قاچەكانی خۆم دەكرد، كەتا ئەو حەڵە لەملی سەر كەناری دەریایەكدا نقوم ببون... دەمدی... دوو پێی زەردو بێ خوێنم دەدی، لەدڵەوە دەكوڵام‌و قوڵپی گریانێك وەك مەنجەڵی ساوار لەهەناومدا دەكوڵا...))[2]

هەرچی كەسایەتی گوڵنازیشە ((هەوەس بزوێن بوو... خۆشەویستی، میهر، سۆز، بەزەیی، یادگاری تاڵ و شیرین، هیواو ئاوات و خەوبینین هەن، سێ كچی جوان و جەحێل... مامۆستا بوو)).

ئەمین لەتاو ئێش و ئازاری ئەو نەخۆشییە بێ چارەیەی، توڕە بوو وەك هەمیشە ((پەرداخێكم تێ گرت و بوو بەسەد پارچەوە، گوڵناز پارچەكانی گەسك داو تائێوارەش نەیبڕییەوە: ((هیچ گومانی تێدا نییە... تۆ تێكچووی...!))

ئەمین دەڵێت ((ئەو كافرە بایەخێكی زۆر بەخوێن و گۆشت دەدا، لای ئەو خوێن لەعەقڵیش بەتین و تاوترە.

ئەو مالۆس دایكە وای لێكردم لەئادەمیەتی خۆم بكەومە گومان، لەش و بیر بەیەكەوە گرێ دەدا، بایەخێكی زۆر بەو سەگە سوورەی نێو گەڵ دەدا، ئەو سەگە سوورەی بۆ هەمیشە دەلورێنێ، منیش... بۆ نەگبەتی... ئەو سەگە سوورەم نەك هەر نوستووە، وەئاگا نایە.. بەڵكو تۆپیوە... بێ چارە بووم.. قسەم لەگەڵ هەموویان دەكرد.. ئەوان تاكە هاوڕێیەكی بێدەنگ و هێمنی هۆشمەندی من بوون....))[3]

لێرەدا ئەمین بەجۆرێك وەسفی گوڵناز دەكات كە كافرێكی دڵ رەقی بێ ویژدان و هەوەسبازە لەبری گرنگیدانی بەدڵ و دەروونی بەرامبەر گرنگی بەو سەگە دەدات كە ئەمین ئاماژەی بۆ دەكات. كاتێكیش ئەمین ئەو ئامێرەی لەكاركەوتووە، بۆیە گوڵناز وەكو مرۆڤێك مامەڵەی لەگەڵ ناكات.

بۆیە خۆ خواردنەوەی كردبووە پیشەو ورێنەی دەكردو داوای دەكرد كە (زۆربا) دەستی بگرێت و سەمای شێتانەی لەگەڵدا بكات و مۆسیقا ببێتە خوێن و دەمارەكانی گەرم بكاتەوە.

ئەمینی نووسەر كە خەڵكێكی بێ شوومارێش دەیانناسیی و هاوڕێكانیشی بەم گرگرتنەی ناخی ئەمین-یان دەزانی‌و زوو زوو سەردانیان دەكرد.

---

[1] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن، ل١٥١.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٥.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٤.

جگە لەوەی ئەمین وەسفی گوڵناز دەکات بەوەی کە : ((ماینێکی ماندووەو سوارەکەی لەبیابانێك کەوتووە... ماینی تینووش نەك هەر لەکانی و رووبار ، بگرە لەزەلکاویش دەخواتەوە... لە..))

بەو چەشنەی سەرەوە، ئەمین دواجار گوڵناز تەڵاقدەدات لەو ڕووەی کە زوو زوو تەلەفۆنی بۆ دەکەن کە ((مامۆستا ئەمین... ژنەکەت عیادەی کردۆتەوە..!)) مەبەست خراپی هاوڕێکان و خەڵکان بەجۆرێ بوو کە ئەمینی بەتەواوی نیگەران کردبوو.

پاش ئەوە لەم چیرۆکەدا کەسایەتی یاخود کارەکتەرێکی دیکە، ئاماژەی پێدەکرێ، لەلایەن وەرگێڕەوە ئەویش ئەنوەری برای ئەمینە. کاتێك ئەنوەر هەڵوێست وەردەگرێ و دەیباتەوە بۆماڵی خۆی و پێی دەڵێت: ((گوێ بگرە ئەمین.. من لەبەر ناو خۆم رێگەت نادەم بچیتە هیچ شوێنێکی تر... بانەڵێن ئەنوەر بەقەد جولەکەیەکی هەیەو کەچی براکەی لەپەنا دیواران کەوتووە...))

ئەنوەر بەجۆرێ وەسفی ئەمین دەکات کە بەبێ عەقڵ و گێلی دەزانێ دەڵێت: (( کتێب و پارچە کاغەز عەقڵیان لانەهێشتووی..!))، ((بۆ کاکە ئەنوەر بێ عەقڵی چیت لەمن دیوە...؟ یانی گەر زەلام نەبوو بەقۆنتەراتچییەکی دەوڵەمەند، دەبێ بێ عەقڵ بێ...؟)).

((نەء .... مەسەلە ئەوە نییە..))

((ئەی مەسەلە چییە...))

((چ پیاوێکت دیوە خانوو بەرە لەسەر ژنەکەی تاپۆ بکا...!)).

ئەو دیالۆگانەی نێوان هەردوو براکە تیشك دەخەنە سەر ئەو لایەنەی کە خراپی رەفتاری ژن و بێ وەفایی دوای ئەو هەموو مامەڵە باشەی ئەمین هۆکارێك بوو بۆ لەخۆدەرچوونی گوڵنازو چوونی بەرەو لای پیاوانی دیکە..

هەموو موڵك و ماڵی لەسەر گوڵناز تاپۆ کردو بەو جۆرەی کە:

((گوڵناز دڵنیابە.. پاشان من باوەڕم بەوە نییە کە موڵكو ماڵ هەر هی پیاو بێت.. من دوژمنی موڵکداریم... چەندجار پێم وتیت ژن و پیاو هیچ جیاوازییەکیان نییە، من واهەستدەکەم گەر بکرێ کچەکانیش لە قوتابخانە بەناوی تۆوە بانگ بکرێن...))

ئەمانە هەموو وەفاو سیفەتی گوڵناز بوو کەپاش هەموو ئەو هاوکاری و رێزو خۆشەویستییەی ئەمین، دواجار بەجێی دێڵێ بەتەنیایی...

کەواتە دەگەینە ئەو خاڵەی کە کارەکتەرەکانی ناو ئەم چیرۆکە:-

١-ئەمین (وەگێڕ)و پاشان کارەکتەری سەرەکی.

٢-گوڵناز خێزانی ئەمینە.

٣-ئەنوەر برای ئەمین.

٤-شیرین و کچەکانی
٥-سەرجەم برادەرانی ئەمین کە بەچاوێکی خراپەو بەدەوە دەورو خولی گوڵنازیان دەدا.
واتە دەتوانین بڵێین گوڵی رەش باس لەکوڕێکی بێزار دەکات بەرامبەر بەو یاسا دروستکراوانەی ناو کۆمەڵ، دروستبوونی چینەکانی کۆمەڵ کە پاڵەوان بەدەستییەوە دەتلێتەوە لەسەرانسەری چیرۆکەکەدا.
پاڵەوان یاخود (کارەکتەر) لەکەسێکی یان لەخێزانێکی هەژارە لە نێوان کۆڵانی خودا پێداوەکان گوزەر دەکات، دڵی بەکچێکی دەوڵەمەندی نێو ئەم کۆڵانەوە بەندە، کە لەبەرامبەر ماڵێ خۆیانە، وەکو ئاماژەمان پێدا ناوی (هێرۆ)یە.
پاڵەوان ئێوارەیەك وەکوو هەموو ئێوارەکان بەدیار باڵکۆنی ماڵەکەو ئەو دوو ئینجانەیە دەوەستێت کە دوو گوڵی مۆری تێدا رواوە، کچەکە خزمەتی دەکرد بۆ ئەوەی لەرێگای ئەم گوڵانەوە چاوی بکەوێ بەکوڕەکە، دواتر بۆ ماوەی یەك هەفتە (هێرۆ) دەرناکەوێ و گوڵەکانیش سیس و لاواز و ژاکاو دەبن.
پاڵەوان تا کۆتایی چیرۆکەکە دەکەوێتە خۆ دواندن بۆ ئەوەی نهێنی دەرنەکەوتنی کچەکەو ناوی ئەو گوڵە مۆرانە بزانێت کە بەدیارییەوە دۆش داماوە. چیرۆکنووس زۆر زیرەکانە ئاماژە بەو دیمەنە سەیرو سەرنجڕاکێشانە دەکاتو راستەوخۆ کەسایەتییەکان بەرجەستە دەکات، پاشان لەخستنەڕووی کارەکتەردا چیرۆکێکی تری ناو ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی (گوڵی رەش) هەڵدەبژێرین بەناوی (من و قالەو سەگەکەی بافلۆف). لەم چیرۆکەشدا هاوچەشنی چیرۆکەکانی دیکە، چیرۆکنووس ئاماژە بەبوونی چەند کارەکتەرێك دەکات، گێڕانەوەی رووداوەکانی ناو ئەم چیرۆکە هەر لەخاڵی پاش کۆتایی هاتنی بینای تانوپۆی رووداوی سەرەکی چیرۆکەکە دەستپێدەکات. چیرۆکنووس بۆ ئەم لایەنە لەم چیرۆکەدا سوودی لەخۆ دواندنی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ و دانوستاندن بینیوە.
دەرخستنی کارەکتەرو دیاریکردنی لەچیرۆکی (من و قالەو سەگەکەی بافلۆف) کە ئەمەش بەشێکە لەکۆمەڵە چیرۆکی (گوڵی رەش).
باس لەفەرهاد کە خوێندکاری ماستەرەو چەند هۆکارێك کە زیاتر لەم چیرۆکەدا رەهەندی سایکۆلۆژی  زاڵە و رەنگدانەوەی هەیە و کاریگەرییەکی دەروونی بووە لەهزرو هەستی خوێنەرانی چیرۆکەکەش قالە کە کارەکتەرێکی ترە لەناو چیرۆکەکەدا لەلایەن شاکەسی دووەمەوە ئاماژەی پێدەکرێ.
(قالە) بەئەنقەست کردارو کردەوەکەی ئەنجام نەداوە، بەڵکو (قالە) بێ ئاگا لەخۆ ئەو کردارەی کردووە، چونکە (قالە) لەو پەڕی مەستی و سەرخۆشی و بێ ئاگا لەخۆیی کردوویەتی..((ئای قالە بۆ نەگبەتی من، ئەو شەوە، بەپێڵاوی چەپەوە نوستیت))
بوونی ئەم پێڵاوەی شاکەسی دووەم رۆڵی خۆی گێڕاوە لای پاڵەوانەکە چونکە، ئەم کردارە دەبێتە مایەی گرژبوونەوە لەبنیادی رووداوەکانی ناو چیرۆکەکە.

قالەی سەرخۆش و سەرمەست کە لەو ژوورەی سەر ژووری فەرهادەو پێڵاوی چەپی داناکەنێت، کاتێك لەسەر قەرەوێڵەکە راکشاوەو ئەم خەوی لێدەکەوێت)).

ئەم بارودۆخە لەلای فەرهاد جۆرێکە کە لەهەموو شەوانی دیکەی تر زیاتر قالە بەماندوێتی و شەکەتی ناودەبات، کەخۆی خەوی لێدەکەوێت و خەوی فەرهادیش ئەزرێنێ.

باسکردنی هەریەك لەزاناکانی دەروونناسی (فرۆید و بافلۆف) کە فەرهاد خۆشەویستییەکی ئەفسووناوی هەیە، بۆ ئەم دوو زانایە، بەجۆرێك فرۆید بەدۆڕاو دەزانێت و بافلۆف بەسەرکەوتوو دەبینێت.

((نامەکەم بوو بەکۆلارەی دەم رەشەبا، وای لێکردم دوای دوو ساڵ تازە بەتازە بڵێم بافلۆف تۆ بردتەوە.. فرۆید تۆ دۆڕاندت.. یانە هەردووکیان دۆڕاندیان و .... نا... هەردووکیان بردیانەوەو من دۆڕاندم.. ئا من خۆم دۆڕاند... ئای کە هیچ نەزان دەرچووم...))[1] .

پاشان باس لەکەسایەتی (عەبەی تونچی) دەکات کە باوکییەتی، ئەمیش وەکو کەسایەتییەکی دیکەی ناو چیرۆکەکە، کە لەژیاندا نەماوە.

((نامەکەم پیرۆزەو بەر لەمن کەس خۆی نەخستۆتە دەریای واقووڵ و پڕ ترس، باسەکەم... ها... بوێرم بیڵێم باسەکەم خولڤاندنی گونجانێکە لەنێوان فرۆیدو بافلۆفدا..

رەنگە بڵێی: کەس گوی وای نەخواردوو.. من دەیخۆم.. کوڕی عەبەی تونچی دەیخوا.. یا ئەوەتا سەردەکەوم یان ئەوەتا پرۆفیسۆر و مامۆستاو دەرگاوان و قوتابیانی گوێگر بەشەق لەو هۆڵە دەرم دەکەن، ئەی کێ ناڵێ ئەو باسەی من دەنگ ناداتەوەو لەتەلەفزیۆن و رادیۆش باس ناکرێ..؟))[2] .

باسکردن لەناخی فەرهادیش کە وەکو خۆی دەڵێت ((پیاوی وەك من نەخۆش شانازی وا بەخۆیەوە رەوا نابینێ، من نەخۆشم و لەناوەوە داڕزاوم... بازیت و زیرەك بم... دادنادا.. بلیمەتان زۆریان نەخۆشن... بگرە شێتیشن، پێم مەڵێ شورەییە... شەرمە، چۆن واباسی خۆت دەکەی؟ بۆ تۆ شەرمە.. تۆ دەترسیت گوێ لەمن بگریت.. حەزدەکەی وەك ئافرەتێکی سۆزانی دەموچاووم بۆیاخ بکەم و بێم سەمات بۆ بکەم.. من سۆزانی نیم تا بەعاقڵی لەسەر کۆشت دابنیشم.. من کابرایەکی بریندارم.. تۆ ناوێریت باسی خۆت بکەی... بۆیە رقت لەو کەسانەیە لەوێرانە خاکی مێشك و دڵیان بدوێن، گەر لەمنداڵێتەوە شەق و تف و جوێن و خوێن دەردێکی زۆرت نەبینوە گوێم لێ مەگرە.. ئای کە عەبەی تونچی فەلاقەی کردووم...)[3]

[1] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن، ل ٩٦

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل٩٧

فەرهاد هەروەك خۆی ئاماژەی پێدەكات كەسێكی شەرمن و ترسنۆك بووە، بەجۆرێ، كە خۆشی سەری سوڕماوە بەو حاڵەوە چۆن حەوت ساڵ كچە خاڵەكەی خۆش ویستووە.

((لەوانەیە بڵێین: درۆدەكەی.. گەر ئەوەندەی ترسنۆك و شەرمن بویت چۆن حەوت ساڵ حەزت لە كچە خاڵەكەت كرد...؟ وانییە.. بەهەڵەدا ڕۆیشتوون.. ئەمن بەدزییەوە.. لەژێرەوە خۆشم دەویست، ئەو نەیدەزانی، هەر خۆم بەتەنیا بۆی دەسووتام... چاوەڕێ بوو ڕۆژێك لە ڕۆژان منی كەڕو لاڵ و منی گێژو وێژ ئەو نهێنییە بدركێنم.. پیاو بووم... نەمدركاند... كاكە نەمتوانی.. نەموێرا... ئیتر بۆ خۆی شووی بەبازرگانەكە كرد.. ئەمێستا سێ منداڵی هەن، دوو كوڕو كچێك.. مناڵەكان بەفەرزەندی خۆم دەزانم و باوكی ناوی لێناون ( هیوا، بڕوا، خەندە)، منیش ناوم لێناون (هاوار، غەمبار، فرمێسك)...))[1].

گەر لەو دیالۆگەی سەرەوە بڕوانین كاتێك باس لەخۆی دەكات، شەرمن و ترسنۆكەو پاشان گێژو وێژو بەستەزمانە، تەنانەت، كە چۆتە ناو پاسیشەوە ترساوە لەوەی خەڵك سەیری بكەن، هەستی كردووە لێی ورد دەبنەوەو لەژێرەوە سكیان پێی دەسووتا. یان هەستكردن بەكەم زانینی بەجۆرێك بووە كە ترساوە لەوەی نەبا خەڵك گاڵتەی پێبكەن: ((لەهاویندا گەرما پشتە ملی سووتاندووە، لەبەرئەوەی بەپێ مەودای نێوان گەڕەك و قوتابخانە سەعاتە ڕێیەك دوور بوو، كەچی بەپێ دەمكوتی، قوڕگم پەلاس ئاسا وشك دەبوو، زستانانیش باران و بەفرو تەرزە دایدە شۆریم، چەندەها جار سەرما كاری تێدەكردم و نەخۆش دەكەوتم، ئەوەم پێ خۆشتر بوو لەوەی بچمە ناو پاسێك و خەڵكی سەیری دەموچاوم، بەژن و باڵام، جلوبەرگە شڕەكەم بكەن، شانەم لەسەرم نەدەدا نەبادا بڵێین ((ئەها فەرهادیش خەریكی مۆزە مۆزە...!))[2].

بەگشتی پاڵەوان و شاكەسی ئەم چیرۆكە درێژە ناوی (فەرهادی عەبەی تونچی)یەو ڕۆڵی بگێڕەوەی بەشداری ڕاستەوخۆی نێوان ڕووداوی سەرەكی ئەم چیرۆكە دەبینێت.

(فەرهاد)ی پاڵەوان لەتوێژی ڕۆشنبیرانەو، لەسەرەتای دەقی چیرۆكەكەوە خۆی وەكو خوێندكارێكی ماستەر ئاشكرا دەكات: ((كابرای سەرخۆش نەبوایە، (من نامەی ماجستێرەكەم) وەردەگرت)).

دەركەوت بۆمان كە وا (فەرهاد) ی پاڵەوان لەبەشی دەروونناسی خوێندكارەو دەیویست ئەو نامەیە پێشكەش بكات نەك بیخوێنێتەوە.

پاڵەوانی ئەم چیرۆكە دەرونییە وەك دەرخراوە مرۆڤێكی ڕۆشنبیرەو شارەزای باشی تیۆریو پراكتیكی هەیە لەبواری دەرونناسیدا، تەنانەت بۆ شارەزایی پەیداكردن لەبواری دەرونناسیدا هەوڵدەدات نەچەند بوارێكی مەعریفی وەك (مۆسیقاو هونەری شێوەكاری و بەرهەمی ئەدەبی زانیاری دەروونی كۆبكاتەوە).

---

[1] گوڵی ڕەش، شێرزاد حەسەن، ل٩٨

[2] هەمان سەرچاوە، ل٩٩

واته فەرهادی پاڵەوان وەرگێڕێکی زۆرباشە لەپرسی مەعریفەتداو، هەر ئەمەشە وای لێدەکات، هەنگاوی مەعریفی باش بنێت لە بواری پەی بردن بەڕاستی تیۆرەکانی دەروونناسیدا.

تەنانەت بۆی دەردەکەوێت خودی (فرۆید)یش نەخۆشە، رۆمان و شانۆگەریو شیعرو فەلسەفەو مێژوو.. بگرە پارچە رۆژنامە کۆن و فڕێدراوەکانیشم دەخوێندەوە تا شارەزایی پەناو پێچی... کون و کەلەبەری دەروونی مرۆڤ بم، گوێم لەمۆسیقا دەگرت تا لەو ئاوازەوە برین و خەمی مۆسیقا ژەنەکە ببینم، سەیری تابلۆی هونەرمەندەکانم دەکرد تا لەنێوان هێڵ و رەنگی رژاوی سەر پارچە تەختە و قوماشەکان ژان و تلانەوەو چیرۆکی ژیانیان بخوێنمەوە.

فەرهاد سەرەتا لایەنگری (فرۆید)ەو لەوەشەوە وای لێدێت کە بچێتە بەشی دەروونناسی.

واتە چوونی بۆ بەشی دەروونناسی دەیگەڕێنێتەوە بۆ دوو هۆکار: یەکەمیان رێکەوتەو دووەمیان لایەنی ترس و شەرمەکەی ناخێتی.

بەڵام لەلایەکی دیکەوە لەشوێنێکی دیکە هۆکاری چوونی بۆ بەشی دەروونناسی دەگەڕێنێتەوە بۆ هەردوو لایەنی ترس و شەرمی ناخەوەی دەڵێت: ((وەلێ من...؟ ئەم دوو نەخۆشییە مێشکی خۆم دەخۆن.. ئەم نەخۆشییەش.. ئەو دوو گرێیەش ترس و شەرمە.. پاشان فەرهاد وەکو خۆی توانیویەتی هاوسەنگییەك لەنامەکەیدا دروست بکات لەنێوان (فرۆید) و (بافلۆف).

((من توانیومە رێزی هەردووقوتابخانەکە بگرم، وەکو دووتای تەرازوو، فرۆیدو بافلۆف لاسەنگ بکەم... گەرچی.. گەرچی... نەخۆشییە دەروونییەکانی خۆم وای لێکردم تۆزێك بەلای (فرۆید)دا بشکێنمەوە.. ئای کە عومری منداڵیم پڕ لەحەسرەت بوو... ئەو مێژووە رەشەم بیرناچێتەوە... ئێستاش هەست بەلینجاوی ئەو تف و ئەو بەڵغەمانە دەکەم کە باوکم نێو چەوانی منی پێ سواغ دەدا..))[1].

پاش ئەوە ئەو هەوڵەی بۆ ناچێتە سەرو، پاشان بەرەو لای (بافلۆف) هەڵدەگەڕێتەوە، لەئەنجامی کێشەکەی لەگەڵ داکەندنی پێڵاوی چەپ لەلایەن (قالە)ی سەرخۆشەوە..

((هەر ئەو شەوەی کە سەرخۆشەکە پێڵاوی چەپی داکەندو من خەوم لێ زڕا، یەکسەر... هەروەکو بروسك تیۆرەکەی بافلۆف لەمێشکما شریخەی هات و تەقییەوە... راهێنان... راهێنان مرۆڤ رادێ.. جا چ لەسەر چاکەو چ لەسەر خراپە.. تا ئەو حەلە دەمووت هەموو گرێ دەروونییەکان لەعەقڵی ناوەوەو کورك دەبن و دەمێننەوە.. بەڵام ئەوەتا پێڵاوی سەرخۆشەکە سەگەکەی بافلۆفی بیرهێنامەوە))[2].

هەموو چیرۆکەکەی (فەرهاد)ی پاڵەوان وەکو خۆی دەڵێت: ((پەیوەندی بەدانەکەندنی پێڵاوی چەپی سەرخۆشێکەوە هەیە، وەپێڵاو و سەرخۆشەکەش پەیوەندییان بەبافلۆفەوە هەیە...)).

---

[1] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن، ل١٠٣

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٨

پاڵەوانی ئەم چیرۆکە دریژە لەخێزانێکی هەژارەو ، شەیداو عەودالّی مەعریفەیەو پاڵەوانێکی ئەرێنییە لەڕووی زانستییەوە، خوێنەرێکی زیرەکە و رۆشنبیرێکی لێهاتووە لەبواری دەروونزانیدا. پاڵەوان راستگۆیانە دەربارەی خۆی دەدوێت: ((پیاوی وەك من نەخۆش شانازی وا بەخۆیەوە نابینێ، من نەخۆشم و لەناوەوە داڕزاوم... بازیت و زیرەك بم))[1]

دەتوانین بڵێین سروشتی کەسێتی لەنێو تیۆرە دەروونییەکاندا بایەخێکی تایبەتی خۆیی هەیە لەبواری شیکردنەوەی دەرونیدا، (فەرهاد) خاوەن کەسێتییەکی شەرمن و ترسنۆك بووەو لەکاتی خوێندنی باڵاکەیدا خاوەن ئەو ئومێدەیە دەیەوێ بەهۆی بڕوانامە تازەکەی پێی بگات.

بەڵام (قالە) تەنیا خاوەن ئەو جۆرە کەسێتییە ئێستا هەیەتی و چیرۆکنووس هیچی لەبارەی رابردووی ئەم کەسێتییە نەخستۆتە ڕوو.

## ٢. بینای کات

کات یەکێکە لەڕەگەزە سەرەکییەکانی چیرۆك‌و لەگەڵ شوێندا وەکو دووانەیەکی پێکەوە پەیوەست تەماشادەکرێن، بەڵام دەکرێ یەکێك لەو دوو رەگەزە رووبەرو پانتاییەکی فراوانتر داگیر بکەن.

بەپشت بەستنی (فەرجینیا ولف)و (جێمس جۆیس)و (ولیام فۆکنەر) ڕەگەزی کات بووە هۆی پەیدابوونی چیرۆك‌و شەپۆلی هۆش، واتە کات گرنگییەکی بێوێنەی هەبووەو بووەتە مایەی دروست بوونی رەگەزی تری ناو چیرۆك.

تێگەیشتن لەچەمکی کات هەر لەکۆنەوە هەوڵی بۆ دراوە چونکە مرۆڤ مەبەستی بووە تێبگات لەچەمکی کات‌و بیپارێزێ‌و لەتەمەنیدا لەسەر زەوی هەروا بەئاسانی لەدەستی نەدات.

ئەدەب یەکێکە لەو بوارانەی کە توانیویەتی (کات) لەئامێزی بگرێ‌و لەناو بەرهەمە جۆربەجۆرەکانی بەتایبەت چیرۆك‌و رۆماندا جێیان بکاتەوە.

هەروەك چۆن فرانك ئۆکونور دەڵێت: ((کات لەگەڵ کورتە چیرۆك لەململانێدایە))[2] واتە نەك هەر لەگەڵ کورتە چیرۆك بگرە کات لەگەڵ رۆمان‌و چیرۆك‌و پێکهاتەکانیدا لەململانێدایە. لەئەدەبدا کات هەمیشە نەمرەو بەتەنها هەر کاتی لەرینەوەی ژێ‌و هەوا نییە.((گۆڕینی کات لەناو چیرۆکدا جوانکارییەکی رووتە‌و کارناکاتە سەر رووداو، واتە کاریگەری نییە لەڕووی ناواخنەوە، بەڵام لەڕووی داڕشتن‌و ریزکردنەوە کاریگەری هەیە))[3]

---

[1] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن، ل١٠٨

[2] الصوت المنفرد، فرانك اوكنور، ت. د. محمود الربيعي، الهيئة المصرية للتألف والنشر، القاهرة، ١٩٦٩، ص٩٢-٩٣

[3] الالسنية في النقد الادبي، د. موريس ابو ناضد، دار النهار للنشر، بيروت، ١٩٧٩، ص٨٥

ئەوەی ئاشکرایە کات لەچیرۆکدا بەزنجیرەیەکی نەپساوە بەدوای یەکدا ریزدەبێت. ئەمە لەکاتێکدایە کە رووداو پچرپچڕیو پاشەوپێشی پێناکرێت. کات دەبێتە هۆی ((دیاری کردنی دوو سیفەت، ئەوانیش پەیوەندی نێوان پێش ـ پاش ((قبل ـ بعد)) کە دوو سات لەخۆدەگرێو کۆدەکاتەوە.

دووەم، پەیوەندی نێوان سێ کات ((رابردوو ـ ئێستا ـ داهاتوو)).[1]

هەروەها ئیسحاق نیوتن کات دابەش دەکاتە سەر دوو لایەن، (لایەنی رەهاو رێژەیی). واتە (بەشی رەهاو بەشی رێژەیی). کاتە رەهاکە بەزەمانە راستەقینە ماتماتیکییەکە دادەنێت، کە خۆی خۆیەتیو سەربەخۆیەو نادرێتە پاڵ هیچ شتێکی دەرەکیو بەردەوام لەڕێیە، بەپێچەوانەی بۆچوونی (ئەنیشتاین)ەوە کە کاتە رێژەییەکە ئاشکراو ئاساییانە دەبینرێ[2].کە پێوانەیەکی هەستپێکراوی دەرەکییە بۆ هەر ماوەیەك بەهۆی (جوڵە)وەو ئەو کاتە بەکارهێنراوە کە لەژیانی رۆژانەدا بەکاتژمێرو رۆژو مانگو ساڵ دەپێورێت. دەبێت زۆر ورد بێت بەڵام یەکسان نابێت)[3].

دەزانین کە مرۆڤ لەژیانیدا لەدوو کاتدا دەژی: کاتێکی سروشتی (فیزیکی)و کاتێکی دەروونی (ناوەکی) هەروەکو چۆن (هانز میرهۆف) دیاری کردووە. کاتی دەروونی زیاتر قسەو گفتوگۆی لەبارەوە کراوە چونکە ئەو کاتەیە (کە ملکەچی هیچ جۆرە پێوانەیەکی دەرەکیو بابەتی نابێت: ئەو کاتەیە کە تێکەڵاوی داوەکانی ژیانی مرۆڤ بووە لەڕوانگەی دەروونییەوە)[4].

ئەم گرنگیپێدانە بەژیانی دەروونی مرۆڤو لەبەرچاوگرتنی بۆ ئاسانکاری گێڕانەوەو پەی بردن بەئازارو تەفسیرەکانی کارەکتەر بووە هۆی هێنانە گۆڕێی (چیرۆکی سایکۆلۆژی) کە گرنگی بەلایەنە شاراوەکەی مرۆڤ دەدات. لەسۆنگەی ئەوەی کە ژیانە ئاشکراو هەڵسوکەوتە میکانیکییەکەی ژیانی رۆژانەی مرۆڤ، هەموو پێچو پەناو کەلەبەرێکی دەروونیو زەینی مرۆڤ بەدەستەوە نادات. بۆیە چیرۆکنووسان بەگرنگییەوە روانیویانەتە کاتی دەروونیو بێ ئەوەی باس لەکاتی دەرەکی بکەن. کاتی حیکایەت واتە (کاتی چیرۆك) ئەو کاتەیە کە تیایدا رووداوەکانی چیرۆك بەشێوەیەکی یەك بەدوای یەکدا هاتوو روودەدەن. ئەم یەك بەدوایەکدا هاتنە لەڕۆمانیشدا جیاوازی ناکرێ تەنها لەدرێژییەکەیدا نەبێت کە ئاشکرایە کاتی رۆمان درێژترە لەچیرۆك. وە کاتی چیرۆکیش هەمیشە پێش کاتەکانی دیکە وەکو کاتی گێڕانەوە دەکەوێ وە ئەگەر کاتی چیرۆك یان رۆمان نەبێت، هیچ گومانی تێدا نییە کاتی گێڕانەوەش لەچیرۆکەکەدا بوونی نییەو نابێت.

فۆرستەر ((پێیوایە، کە چیرۆك کاتێك دەگێڕێتەوە، رووداوەکانی لەڕووی کاتەوە بەزنجیرەیەکی بەدوایەکداهاتوو دەبێتو دەگێڕێتەوە))[5]. هەروەها لەسروشتو کاتی ئاسایدا هەیەو ئێمەش هەستی پێدەکەین کات سێ جۆرە: کاتی ئێستا کە

---

[1] الزمن الوجودي، عبدالرحمن بدوي، دار الثقافة، بيروت، ١٩٧٣، ص ٩٩-١٠١

[2] حدس اللحظة، غاستون باشلار، ت. رضا عزوز، عبدالعزيز زمزم، بغداد، ١٩٨٦، ص٣٣

[3] الزمن الوجودي، عبدالرحمن بدوي، ص١٠٠

[4] القضاء الروائي عند جبرا ابراهيم جبرا، محمود جنداري، (رسالة ماجستير) مقدمه الى كليه الاداب، جامعة الموصل، ١٩٩٠، ص٥٤-٥٥

[5] مكونات السرد في الرواية الفلسطينية، د. يوسف حطيني، اتحاد كتاب العرب، دمشق، ١٩٩٩، ص١٣٧

گرنگترین کاته بۆ مرۆڤ، کاتی رابردوو که خۆمان یان پێشینەکانی ئێمە تێدا ژیاون‌و، کاتی داهاتوو که کارێکی نەزانراوو هەست پێنەکراو بێت.

لەو تیۆرو تێڕوانینانەی که هەن بەرامبەر کات هاوڕاییەکی تەواو نییە لەسەر چۆنییەتی هەبوونی کات. بەڵام بەگشتی ((کات بونێکی واقعی هەیە، بەشێوەیەك دەتوانین بەئاگا بین لێی لەتەواوو سەرجەمی دیاردەو رووداوە واقعییەکاندا درکی پێبکەین))[1]. کات‌و شوێن هەرگیز لەیەکتری دانابڕێن‌و هەریەکەیان تەواوکەری ئەویتریانە، هەروەها ((کات نیشانەی گۆڕان‌و شوێن نیشانەی چەسپاندنە))[2].

هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا، که کات ماناو چەمکێکی رێژەیی وەردەگرێ‌و دروست لەگەڵ فەلسەفەی نوێ‌و فەلسەفەی ماتریالیدا دەگونجێ. ئایدیالیستەکان پێیانوایە، کات بەدەر لەمرۆڤ بوونێکی نییە تەنها لەزەینی مرۆڤەکاندا هەستی پێدەکرێ، لەگەڵ بوونی مرۆڤدا پەیوەستە بەجۆرێ بەنەبوونی مرۆڤ کاتیش نامێنێ‌و بوونی نییە. ئەمەش کاریگەری لەسەر فەیلەسوفە ئایدیالییەکان کردووە که چەمکی کات لەگەڵ چەمکی حەقیقەتدا بەدوور بگرن‌و رەهایی بەکات بدەن.

برادلی دەڵێت: ((کات حەقیقەت نییەو ئینتیماشی بۆ حەقیقەت نییە))[3]. ئەگەر ئەمە بۆ شتە راستەقینەکان‌و میتافیزیکییەکان راستیش بێت ئەوا بۆ مرۆڤ که (زۆرجار وا هەست دەکات لەڕێگەی کاتەوە خۆی ناساندووە))[4]. چونکە خۆناساندنی مرۆڤ لەڕێگەی کاتەوە سەرچاوەی گرتووەو دەگرێت‌و گرنگترین شتێکیش لەژیانی مرۆڤدا هەبێت خۆناسینییەتی. هەروەها ساموێل ئەلیکسندەر) دەربارەی چەمکی کات دەڵێت: ((کات دوو جۆرە: کاتی عەقلی‌و کاتی سروشتی، پاشان دەڵێت کاتی یەکەم رەنگدانەوەی کاتی دووەمە))[5]. کاتی عەقلی که هەستی پێدەکەین لە ((پەیوەندی پێشین‌و پاشیندا دروست بووە که دوو توخمن خودین‌و دەیانخەینە سەر کات))[6]. ئاشکرایە کاتی پێشین، کاتی رابردووەو کاتی پاشینیش کاتێکە دێت یان کاتی داهاتووە. هەردووکیشیان عەقلی مرۆڤو ئەو کاتەیە که ئێستا تێیدایە. کاتی پێش‌و کاتی پاش هەرگیز بەیەك ناگەن، چونکی کات ((دووبارە نابێتەوە))[7]. کات خاوەنی سیفەتێکە که ((لەهەموو شتێك زیاتر ملکەچی خەیاڵە))[8].

---

[1] مفهوم المكان والزمن في فلسفة الظاهر والحقيقة، د. محمد توفيق الضوى، منشاة المعارف، الأسكندرية، ٢٠٠٣، ص٥٠

[2] رەگەزەکانی چیرۆك لەداستانی (مەم‌و زین)ی خانیدا، نەوزەت ئەحمەد عوسمان، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە، (ابن الرشد)ی زانکۆی بەغدا، ١٩٩٩، ل٩٨

[3] سەرچاوەی پێشوو، ص٦٣

[4] البناء الفني في الرواية العربية في العراق، شجاع مسلم دغيم العاني، رساله دكتوراه، كليه الاداب ـ جامعة بغداد، ١٩٨٧، ص ٢٤٩

[5] بینای کات لەسێ نموونەی رۆمانی کوردی، نەجم خالد ئەلوەنی، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٣، ل١٩

[6] مفهوم المكان والزمن في فلسفة الظاهر والحقيقة، د. محمد توفيق الضوى، منشاة المعارف، الأسكندرية، ٢٠٠٣، ص٥٠

[7] بینای کات لەسێ نموونەی رۆمانی کوردی، نەجم خالد ئەلوەنی، ل١٩

[8] الصيغة والزمن في الرواية، جورج واتسن، ت. عباس العويني، مجلة الاقلام العددات ١١-١٢، ١٩٨٦، ص ١٤٠-١٤١

لەدوای دۆزینەوەی سەرجەمی گۆڕانکارییەکان لەچەمكو لەشتو لەدیاردەکاندا لەگەڕانو پشکنینو ئەو هۆ کاریگەرانەی کاریان هەبووە لەسەر شتەکانو گۆڕانەکاندا شێوەی تازەی جۆراوجۆر بەردەوام شێوەی تازەی لــێ وەبەرهاتووە. بیری کاتو پەیدابوونی کە دەرکەوت کتوپڕ بوو کە ئەنشتاین ناوی نا (دووری چوارەم) بەمەش تاکە کەسو یەکەم کەس بوو کە کاتی بەشتێکی بینراو دانا[1] لەئەنجامی دیاری کردنی دووری چوارەم. واتە کات ئەو بۆچوونانەی بەچەسپاوو نەگۆڕ داناوەو بەتەنها سێ دووری بۆ شتەکان دیاری دەکرد. چونکە ((کات کە دووری چوارەم دەنووێنێت، گوزارشتە لەقووڵی هەستەکانی بزاوتن لەجیهانی ماددیو مرۆڤایەتیدا))[2]. هەروەها (ج. ب. بریستلی) لەهەمان سۆنگەوە بۆ کات دەڵێت: ((هەرچی لەواقیعدا هەیە، کاتی ئێستایە، رابردوو وونە....، داهاتووش هێشتا نەگەیشتووەو ناتوانرێ بگوترێ شێوەیەکی هەیە))[3] کەواتە ئێستایەك لەنێوان رابردوو، داهاتوودایە، رابردوویەك بەسەرچوو داهاتوویەك هێشتا دیار نییە! بەگشتی کات لەڕووی هەبوونو هەست پێکردنی کەسانەوە، دوو جۆرە کاتی دەرەکیو کاتی ناوەکی. چیرۆکنوسان لەسەرەتادا وەکو دیاردەیەکی فیزیکی (دەرەکی) مامەڵەیان لەگەڵ دیوی دەرەوەدا کردووە، کاتێ لەخاڵێکی مێژوویی دیاریکراوەوە دەستیان پێ دەکردو چاودێریی یەك بەدوای یەك هاتنی ماوەکانی کاتو بەردەوام بوونی ئەو کاتەیان لەسوڕە سروشتییەکەی ژیاندا دەکرد[4].

وەکو چۆن ژیان بە لەدایکبوون دەست پێدەکاتو بەمردن بەکۆتا دێت. ((چیرۆکنوس بەرایی بەپێی هێڵێکی راست وەك زنجیرەیەکی یەك لەدوای یەك هاتووی کات وە بەپێی هەمان ریزکردنی رووداوەکانی پێشکەش بەگوێگر دەکرد))[5]. تایبەتمەندی کاتی مادییە دەرەکییەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە((کاتەکە تایبەتیو خودی نییەو ناتوانرێت بەهۆی لێهاتوویيو شارەزاییەوە دیاری بکرێت، بەڵکو چەمکێکی گشتیو بابەتییە دەتوانرێ بەهۆی پێکهاتنە بابەتییەکەی پەیوەندییە کاتییەکان لەسروشتدا دەستنیشان بکرێ))[6].

تایبەتمەندییەکەی دیکەی کاتی دەرەکی ئەوەیە کە ((دەتوانی بیژمێرینو لەپرۆسەی رێکخستنی پەیوەندییەکانمان بەکاری بهێنین، ئەویش بەش بەحاڵی خۆی پاڵمان پێوە دەنێت بەرەو پێشەوە هەروەك چۆن بەبەردەوامی پاڵ بەئێستامانەوە دەنێت

[1] الابعاد الاربعة في الاداب، نازك الملائكة، مجلة (كتاب)، الجزء الثالث، السنة السادسة، مارس، ١٩٥١، ص٣١٧
[2] الزمن التراجيدي في الرواية المعاصرة، سعد عبدالعزيز، مطبعة الانجلو المصرية، ١٩٧٠، ص١٩
[3] الابعاد الاربعة في الاداب، نازك الملائكة، مجلة (الكاتب)، الجزء الثالث، السنة السادسة، مارس، ١٩٥١، ص٣١٧
[4] بینای هونەری چیرۆکی کوردی، پەرێز سابیر، نامەی ماجستێر، ١٩٩٢، ل٢٨٠
[5] بناء الرواية (دراسة مقارنة في ثلاثية نجيب محفوظ)، د. سيزا قاسم، الطبعة الاولى، دار التنوير للطباعة والنشر، بيروت – لبنان، ١٩٨٥، ص٥٠
[6] الزمن في الادب، هاترميرهوف، ت. د. اسعد رزق، مطابع مؤسسة سجل العرب، القاهرة، ١٩٧٢، ص١١

بەرەو پوكانەوە لەنەماندا))[1]. مانا رووتەكەی كات رێچكەی دیاری كراوی هەیە كەوا هێڵێكی ئاسۆیی دروست دەكاتو هەمیشە بەرەو پێشەوە دەچێتو خاڵی دەستپێكو كۆتایی هاتنی هەیە. جۆری دووەمی كات جگە لەكاتی دەرەكی، كاتی ناوەكییە كە پێكهاتووە لەو ماوە چڕە كوتكراوانەی پەیوەندی بەدیوی ناوەوەی كەسەكانەوە هەیەو لەجۆری هەست پێكردنی ئەو كەسانەدا بەرجەستە دەكرێت. چیرۆكنوسانیش لەكاتێكدا خۆیان بەدورخستەوە لەو ماوە درێژەی تەمەنی كەسەكان پێك دەهێنێت لەسورە سروشتییەكەی ژیاندا بە لەدایك بوونو گەشەكردنو گەورەبوونیان تا مردنیان، دیارە ئەو ماوەیەیان كورت كردۆتەوە چڕیان كردەوە بەگەمارۆدانی لەدوو توێی ئەو چەند ساتانەی دەكەونە بەر هەستو هۆشی كەسەكان، كە كارێكی گەورەو كاریگەری دەنوێنن لەداهێنانی ئەو سەرجەم گۆڕانكارییانەی بەسەر ژیانیاندا دێ.((چیرۆكنوسان چاویان لەو ساڵە دوورو درێژانەی واقیع پۆشیو روویان كردە ئەو چیرۆكە درێژەی تەنها خولەكێك یان دوو خولەكی پێدەچێت، هەوڵیاندا ئەو ساتانە هەڵقۆزنەوە كە هەموو رووداوەكان لەچوارچێوەی كاتە رەتبووەكەدا كۆدەكاتەوە))[2]. بۆیە كاتە چڕبووەوە سروشتێكی خودی لێوەردەگیرێت لەڕووی ئەوەوە لەگەڵ خوددا بەناو یەكدا دەچنو تێك دەچرژێنو لەناوەوە هەستی پێدەكرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەو كاتە كورتكراوە لەدەروونی كەسەكاندا ((شوێن پەنجەی تۆمار بكاتو وێنەی زیندوو بێ لەوێنەكانی دەروون، كاتێك لەهەستو هۆشیدا پەنگ دەخواتەوەو بەردەوام دەبێ بەبێ خاوبونەوە))[3] بۆیە ئەو كاتە دەروونییە تێكەڵ بەهەستو باری دەروونی كەسەكان دەبێت. ناتوانرێ بەشێوەیەكی میكانیكی مامەڵە لەگەڵ ئەو كاتەدا بكرێت. چونكە پێوەری پێوان دەگۆڕێتو هەستو هۆشی كەسی دیاریكراو دەبێتە پێوەری ژماردنی كاتەكە، چونكە كورتو درێژی وەكو كاتە فیزیاوییەكە نەبەستراوەتەوە بەو ماوە راستەقینە زانستییەی كە دەتوانرێ بەهۆیەك لەهۆیەكانی پێوان بژمێردرێ. بەڵكو كورتو درێژیی بەپێی گۆڕانی باری دەروونی كەسەكە واتە كەسانی ناو چیرۆك دەگۆڕێت. چونكە لەوانەیە ماوەیەكی درێژ، كە چەندەها سەعات یان رۆژ یان ساڵی دوورودرێژ بخایەنێت، كەچی لەناو هۆشی ئەو كەسەی هەستی پێدەكات چەند ساتێكی كورتی پێبچێت، وە یان بەپێچەوانەوە لەوانەیە چەند ساتێكی كورت بێ لەدەرەوەدا كەچی لەهۆشی كەسەكاندا درێژبێتەوە. هەروەك لەپێشەوە ئاماژەی پێكرا، بۆیە لەمەوە بەدەردەكەوێ كە هۆشو هەستی كەسەكان دەبنە پێوەری پێوانەكردنی كورتو درێژیی كاتەكە. وە خاسیەتەكانی ئەم جۆرە كاتە پێی دەوترێ كاتی دەروونی یان كاتی ناوەوە كە ((خوێنەر دەچێتە ناو مێشكی كەسانی ناو چیرۆكەكەوە سەرنج دەداتە كێشەی ئەو كەسانە لەگەڵ گرفتێك، ئەم كاتە هاوكاریی چیرۆكنووسە وێنەی هەڵچونو سۆزو خرۆشو هەڵوێستی كەسەكان دەگرێ وەكو چۆن لەژیاندا بەپەرشو بڵاوی روودەدەن بەڵام نەك وەكو كۆمەڵە رووداوێكی سەربەخۆو یەكگرتوو))[4].

---

[1] الزمن التراجيدي في الرواية المعاصرة، سعد عبدالعزيز، ص٣٥

[2] بناء الرواية، د. سيزا قاسم، ص٧٢

[3] الزمن التراجيدي في الرواية المعاصرة، ، ص٣٥

[4] النقد التطبيقي التحليلي، د. عدنان خالد عبدالله، الطبعة الاولى، دار الشؤون الثقافيه العامة، بغداد، ١٩٨٦، ص٨٠

ئاشكراشە كە ئەرستۆ بەر لە هۆراس كاری لەسەر كات كردووە، بەڵام ئاماژە پێكردنەكانی هۆراس لەسەر چڕبونەوەی كات لەشانۆی كلاسیكیدا زۆر دیارە ((ئەو چڕبوونەوەی كات كە لەشانۆ خۆی پێئەبەستێتەوە بریتییە لەگەمارۆدانی كات لەكاتی ئێستا یان چوونە ناو بابەت لەناوەڕاستەوە، نەك لەسەرەتاوە، هەروەك هۆراس دەڵێت لەكارە تراژیدیە كلاسیكییەكاندا كردەوەكە بەر لەتەنگو چەڵەمەكە دەستپێدەكاتو بەرز دەبێتەوە تا لەخاڵی چارەسەركردندا دەتەقێتەوە))[1].

پەریز سابیر -یش[2]، دەڵێ بایەخدان بەكاتی ئێستا گرنگی خۆی پاراستووە، بگرە لەدوو بەشەكەی تر زیاتر بایەخی پێدراوە ئەم بایەخ پێدانە بگەڕێتەوە بۆ ((كارتێكردنی هونەری سینەمایی كە تەنها یەك كاتی تێدایە ئەویش ئێستایە))[3]. كات بەشێكە لەپێكهاتەكانی تەكنیكو لەڕێیەوە شوناسی زەمەنی رووداوو كاراكتەرو رەگەزەكانی تر بەدیار دەكەون (كات) بونێكە لەدەستی نووسەردا ئەو لەگەڵ رووداوەكاندا دەیگونجێنێت، خودێكی گوزارشتكار نییە تا بچێتە ریزی ناوەڕۆكەوەو بابەت لەگەڵ خۆی بێنێتو بیرۆكەیەك رابگەیەنێ. بەهێندی ئەوەی دروستكراوێكە لەنێو دەقدا بۆ فەراهەم بوونی سەرجەم پێكهاتەكانی رووداو ((چونكە رووداو لە (كات)ێكدا روودەداتو، رووداوی بێ كات نییەو شیاوی رووودانیش نییە[4].

هەروەها ((یاری كردن بەكات لەچیرۆكدا كارێكی ئیستاتیكییەو كار لەماهیەتی بوونی رووداوەكان ناكات))[5] كەواتە ئەو دەمەی كاتو مامەڵە كردن لەگەڵیدا دەچێتە خانەی ئیستیاتیكاوە، ئەوا بەبێ سێو دوو كردن لەخانەی تەكنیكدایەو هەر هەوڵێك لەگەڵیدا گەڕانێكی ترە بەنێو تەكنیكدا.

هەروەك ئاماژەمان پێدا كات كە لە (رابردوو ـ ئێستا ـ داهاتوو) پێك دێ، كات لەسروشتدا بەهێڵێكی راست تێدەپەڕێ لەرابردووەوە بۆ ئێستاو بۆ داهاتوو. هەموو دیاردەیەك كاتی دیاریكراوی هەیە كە سەرەتاكەی بەرابردوو دەست پێدەكاتو بەئێستادا رەت دەبێو بەرەو داهاتوو هەنگاو دەنێو دەچێتو لەوێدا بەكۆتا دێ. واتە باسە سروشتییەكەی كات لەسروشتو گەردوندا سیستەمێكی دیاری كراوی هەیەو بەو هێڵە راستە دەڕواتو هەمیشەو بەردەوام بەرەو پێشەوە دەچێ. نەوەستانی هەیەو نەدەشگەڕێتەوە بۆ دواوە. ئەمە لەچیرۆكدا مەرج نییە كات خۆی بەهێڵێكی راستەو راست ببەستێتەوە.

چیرۆكنووس توانای هەیە یاری بە بەشەكانی كات بكاتو پاشو پێشیان بخاتو بەناویەكدا بیانچوێنێتو تێكهەڵكێشی یەكتریان بكات. جگە لەوە توانای ئەوەشی هەیە بیوەستێنێتو بیگەڕێنێتەوە دواوە.

---

[1] تمهيد في النقد الحديث، روز غريب، بيروت، ١٩٧١، ص١١

[2] بینای هونەری چیرۆكی كوردی، پەریز سابیر، نامەی ماجستێر، ١٩٩٢، ل٢٩٠

[3] بناء الرواية، د. سيزا قاسم، ص٣٧

[4] لێكۆڵینەوەی كورتە چیرۆكی كوردی لەكوردستانی باشوردا، ئیبراهیم قادر محمد، نامەی دكتۆرا، ١٩٩٧، ل٨١

[5] الالسنية والنقد الادبي في النظرية والممارسة، د. موريس ابو ناضد، دار النهار للنشر، بيروت، ١٩٧٩، ص٨٥

چیرۆکنووسان هەر سێ بەشەکەی کاتیان لەچیرۆکدا بەرجەستە کردووەو بەکاریان هێناوە، شێرزاد حەسەن-ی چیرۆکنووسیش لەو کۆمەڵە چیرۆکەیدا بەزەقی ئاماژەی بەکاتی روودانی چیرۆکەکان کردووە بەهەر سێ بەشەکەیەوە. بەڵام لەڕووی بڕی بەکارهێنانو ئەو بەشانەو مامەڵە کردنیان جیاوازیان هەیە.

بۆ نموونە ئەگەر کاتی رابردوو ئێستا بەشێوەیەکی ئاسایی‌و فراوان لای چیرۆکنووسەکە بەکارهاتبێ، ئەوا کاتی داهاتوو (ئاینده) بەدەگمەن نەبێت بەکارنەهاتووە. هەندێ جار کە چیرۆکنووس کاتی رابردووی بەکاردەهێنێت، تارادەیەك پەیڕەوی ئەو هێڵە راستەی کات دەکات کە لەرابردوو بۆ ئێستاو بۆ داهاتوو دەچێت.

((کاتی چیرۆکگێڕەوە کاتێکی نادیار یان رابردووی سادە بەکاردەهێنێت. ئەمە بەمانای ئەوەی کە دەیەوێ ئامانجی گێڕانەوەی مێژوویی بداتە گێڕانەوەکەی کە باسی رووداوێك یان جیهانێك دەکات کە بەر لەوە باسکراوەو یاساکانی روونکراونەتەوە نەك بەدوای تاقیکردنەوەیەکی هەبوونیدا بگەڕێت))[1]. ئینجا ئەو کاتە رابردووە لەڕووی کارتێکردنییەوە لەئاراستەکردنی رووداوەکان هیچ جۆرە کاریگەرییەکی نییە، چونکە تەواوبووەو پێشتریش کاری خۆی کردووە، لەبەرئەوە ((ئەگەر رۆمانێك (تەنها گفتوگۆکەی نەبێ) هەمووی بەکەسی سێیەمی نادیار نووسرابۆوە. ماوەی نێوان ئەو رووداوانەی دەگێڕێتەوەو ئەو کاتەی تێیدا دەگێڕێتەوە، هیچ بایەخێکی نابێ، چونکە چیرۆکێکی چەسپاوەو بەهیچ شێوەیەك بنیاتی ناگۆڕدرێت، جا چیرۆکگێڕەوە هەرکێ بێت‌و کاتی گێڕانەوەشی هەرچی بێت، ئەو کاتەی رووداوەکانی چیرۆکی تیادا روودەدات، هیچ گرنگییەکی نییە بۆ پێوەندی بەکاتی ئێستا، چونکە ئەو رابردووە بەتەواوی لەئێستا دابڕاوە))[2].

دەگەینە ئەوەی چەند شتێکمان دەربارەی هەر سێ بەشەکانی کات بۆ دەردەکەوێت، کە گرنگترینیان ئەوەیە، کاتی رابردوو ئێستا بەشێوەیەکی فراوانتر بەکاردەهێنرێن وەك لەبەکارهێنانی کاتی داهاتوو بەدەگمەن نەبێت بەکارناهێنرێت، هەروەها بەکارهێنانی کاتی ئێستاش فراوانترە لەبەکارهێنانی کاتی رابردوو لەسەر ئاستی رووداوەکان کە یەکەمیان ناوەڕاست‌و دووەمیان سەرەتای رووداوەکان دەگرێتەوە، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی کاتی ئێستا کە دەکەوێتە نێوان کاتی رابردوو و کاتی داهاتوو. دیارە ئەمەش بوارێکی فراوان دەرەخسێنێت بۆ چیرۆکنوس بۆئەوەی توانای ئەوەی هەبێت یاری بەبەشەکانی کات بکات‌و پێش‌و پاشیان بخات‌و رایان بگرێت‌و پەرەیان پێبدات‌و لەڕێگای ئەم بەکارهێنانەوەش کە خۆی لەلادانی هێڵە راستەکەی کاتدا دەنوێنێت گۆڕانکاری زیاتر بەسەر داڕشتنی بینای رووداوەکاندا بهێنێت‌و چەند مەبەستێکی ئیستاتیکی بایەخدار لەکارەکەیدا وەدەست بێنێت[3].

---

[1] عالم الرواية، رولان وريال اوئيلية، ت. نهاد التكرلي، الطبعة الاولى، سلسلة المائة كتاب ـ الثانية، دار الشؤون الثقافيه العامة، بغداد، ١٩٩٩، ص٨٤

[2] بحوث في الرواية الجديدة، ميشال بوتور، ت. فريد انطونيوس، سلسلة زدنى علما، الطبعة الثانية، منشورات عويدات، بيروت-لبنان، ١٩٨٢، ص٦٦

[3] بینای هونەری چیرۆکی کوردی، پەرێز سابیر، ل٢٩٢

لەچیرۆکی کوردیدا لەناو هەموو بەشەکانی کاتدا بایەخ زیاتر بەکاتی رابردوو دراوەو لەهەموو بەشەکانی تر زیاتر بەکارهاتووەو بەو هۆیەشەوە زۆربەی چیرۆکنوسان کاتی رووداوی چیرۆکەکانیان گەڕاندۆتەوە بۆ پێش دەست پێکردنی گێڕانەوەی کات.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چیرۆکی کوردی هەموو کاتێك پەیڕەوی هێڵە راستەکەی کاتو یەك بەدوای یەك هاتنی بەشەکانی کاتی لەرابردوو بۆ ئێستا بۆ داهاتوو نەکردووە، بەڵکو هەندێ جار یاری بەو بەشانە کردووەو پاشو پێشی خستوون. جگە لەوەش دەبێت ئاماژە بدەین بەچەمکە جیاوازەکانی کات کە کۆمەڵێك چەمکی جیاوازی هەیە بەڵام گرنگترین:

١- چەمکی خودی.

٢- چەمکی (خودی ـ بابەتی).

چەمکی ماتریالیزمیو رێژەیی[١].

بەکورتی ئەگەر لەبارەی چەمکی کاتەوە بدوێین، ئەوا ئەتوانین زیاتر تێبگەین. لەچەمکی خودیدا تەواوی فەیلەسوفو توێژەرو زاناو نوسەرەکان تەماشای کات دەکەن، نکوڵی لەوە دەکەن، جیهانی دەرەوە لەهۆشی مرۆڤ سەربەخۆ بێتو بکەوێتە دەرەوەی ئەو هۆشەوە.[٢] جیهان رەنگدانەوەی هەستەکانی مرۆڤەو ئەگەر ئەو بەهەستەکانی پەی بەبوونی جیهان نەبات وەك ئەوە وایە، کە ئەو جیهانە بوونی نەبێت، بەمانایەکی تر، جگە لە ((مرۆڤ، کە لەیەك کاتدا خودو هۆشە، هیچی تر بوونی نییە، تا ئەو کاتەی ئەو بەهەستەکانی پەی بەوان دەباتو دەیانبینێو دەیانبیستێو دەستیان لێ دەدات.[٣]

(قەدیس ئۆگەستینی)، کە یەکێکە لەو فەیلەسوفە ناودارانەی کە لەم روانگەوە تەماشای کاتی کردووە، پێیوایە کات خودیو رێژەییو عەقڵییە، واتە کات لەناو عەقڵی مرۆڤدا دروست دەبێت، نەك لەدەرەوەی ئەو عەقڵە.

کات لای ئەم (ماوە) نییە، بەڵکو هەستێکی ساتەوەختییە[٤]. لەدابەشکردنی ئێستای کاتیشدا، ئێستا دەکاتە خاڵی دەستپێکردنی کاتەکانی ترو بەمەش دەیەوێت بڵێت، کە تەنیا ئێستا کاتی سەرەکیو هەست پێکراوو بێ کۆتاییە. بەبۆچوونی ئەو رابردووە ئێستایەکی بەسەر نەچووەولەڕێی پاشخەری (الاسترجاع)یەوە. واتا، رابردوو کاتێك نییە، کە تەواو بووبێتو لەبر کرابێت، بەڵکو ئەو کاتە، لەئێستای بیرکردنەوە، کە کردارێکی بێ ئاگایانە بە بەردەوامی بەبوونی خۆی

---

[١] بینای کات لە سێ نموونەی رۆمانی کوردی، نەجم خالید ئەلوەنی، چاپو پەخشی سەردەم، ٢٠٠٤، ل٢٣

[٢] المادية الديالیکتیة والعلوم الطبیعیة، خ، فاتالییف، تعریب وشرح د. هنری دکر، دار الفارابي، لبنان، ص٤

[٣] عرض موجز للمادیة الدیالیکتیة، بودوستیك ویاخوت، موسکو، مطبعة العراق، للطباعة والنشر، ١٩٧٠، ص١٣

[٤] الزمان في شعر نازك ملائكة ومحتواه الشعري، مجلة الاقلام الجزء الثاني عشر، السنة الاولى، بغداد، ١٩٦٥، ص١١١

دەدات. دواتر جۆرەکانی کاتی کردووە بە (ئێستای ئایندە ـ ئێستای رابردوو ـ ئێستای ئێستا) واتە دەیەوێ روونی بکاتەوە کە ((بێ باریو پچڕپچڕیو بەردەوامیەتی کات لەوەوە سەرچاوەی گرتووە))[١].

(عەمانویل کانت)یش پێیوایە کات تەنیا زادەی خەیاڵی مرۆڤە[٢] بەتێڕامانو هۆشی ئەو سروشتی ئەوی جیانەکردۆتەوە[٣] هەروەها پێی لەسەر ئەوە داگرتووە، کە ئەگەر مرۆڤ و هەستەکانی ئەو نەمێنن، هەموو پەیوەندییەکی نێوان شتەکانو کاتیش بزر دەبن. بەو سیفەتەی کات ((دیمەنێکەو تەنیا لەناو خودی ئێمەدا بوونی هەیە))[٤] هاوکات (کانت)یش لەگەڵ بۆچوونەکانی (لایپنتز)و (داڤید هیۆم) یەکدەگرنەوەو کۆکن لەسەر ئەوەی کات چەمکێکی خودییەو بەتەنها لەناو زەینی مرۆڤدا بوونی هەیە[٥].

هەروەها (هنری برگسۆن)یش، بایەخی زۆری بە کاتو باسکردنی داوە، بەچەمکێکی خودی زانیوە، کاتی بەزەینەوە بەستووە. پێیوایە کە ((تەنها شتێك، کە خودی بێت، کاتە، کاتی (ناکرۆنۆلۆجی)[٦]. هەروەها ئێمەین لەناو کاتدا دەژینو دەجولێینەوەو دەیگۆڕین، نەك بەپێچەوانەوە))[٧]. بۆ دووپاتکردنەوەی ئەوەش، کە نابێت لەڕوانگەیەکی ماتماتیکییەوە تەماشای بکرێو بەسەر چەند بەشێکدا دابەش بکرێت، دەڵێت: ((بەڵێ من بڕوام بەوەیە، کە ژیانی رابردوومان بەگشتی وردەکاریەکانییەوە ماوەو هیچ شتێك لەبیر ناکەینو هەموو ئەو شتانەی پەیمان پێ بردووەو لەسەرەتای شعورمانەوە بیرمان لێ کردۆتەوە، بێ برانەوە، وەکو خۆیان دەمێننەوە، بەڵام ئەو یادگاریانی، کە زەین بەم شێوەیەیە، لەقوڵاییەوە تاریکەکانیدا دەیانپارێزێ، بوونە بەکۆمەڵە تارماییەکی نەبیرنراوو لەوێدا ماونەتەوە))[٨].

دەربارەی چەمکی (خودی ـ بابەتی)یش، فەیلەسوفەکان دان بەخاسیەتی بوونی کاتدا دەنێن، بەڵام بەبەرهەمی فیکر یان رۆحی رەهای دەزانن. یاخود کات بە رەها یاخود رێژەیی دادەنێن[٩]. بەڵام لەجولانەوەی جیاکردنەوەو پێیانوایە بوونی شتەکان کاریگەری بەسەر مەوداکانو رێڕەوی کاتەوە نییەو کاریان تێناکەن. پێیانوایە مرۆڤ لەکاتدا دەژی واتە مرۆڤ

---

[١] الزمان في شعر نازك ملائكة ومحتواه الشعوري، مجلة الاقلام الجزء الثاني عشر، السنة الاولى، بغداد، ١٩٦٥، ص١١١

[٢] الادب الحديث والاحساس بالزمن، ترجمة صبار سعدون السعدون، بغداد، مجلة الثقافية الاجنبية، دار الشؤون الثقافيه العامة، العدد الثاني، بغداد، ١٩٨٨، ص٥٢

[٣] الماديه الدياليكتية، جماعة من الاساتذة السوفيت، ت: فؤاد مرعي وآخرون، ط٣، دمشق، ١٩٧٣، ص ١٠٦-١٠٧

[٤] الخيال، مفهوماته ووظائفه، د. عاطف جودة نصر، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٤، ص٢٣

[٥] دراسات في الفلسفة الغربية الحديثة، د. صادق جلال العظم، الطبعة الثالثة، دار العودة، بيروت، ١٩٧٩، ص٤٥

[٦] الصورة ـ الزمن، جيل دولوز، ت. حسن عودة، منشورات وزارة الثقافة، المؤسسة العامة للسينما، سوريا، ١٩٩٩، ص١١١

[٧] کرۆنۆلۆجی: زنجیرەیی، هاتنی یەك بەدوای یەکدا.

[٨] الطاقة الروحية، هنرى برحسون، ت. د. سامي الدروبي، الهيئة العامة للتأليف والنشر، ١٩٧١، ص٨٦

[٩] بینای کات لە سێ نموونەی رۆمانی کوردی، نەجم خالید ئەلوەنی، چاپو پەخشی سەردەم، ٢٠٠٤، ل٣٤

بوونێکی کاتییه، ((ناتوانین پەی بەڕاستی هەقیقەتە رەهاکان بەرێت))[1] . سەبارەت بەبۆچوونی (ئەرستۆ)ش، کات سەرەتاو کۆتایی نییەو ناتوانین بەدابڕان لەجولانەوە، بیر لەبوونی بکەینەوە. بایەخێکی زۆری بەکاتی ئێستا داوەو بەو خاڵە ناوەندییەی زانیوە، کە ((سەرەتای کاتی ئایندەو کۆتایی خاڵی رابردوو، لەخۆدا کۆدەکاتەوە))[2]. واتە ((کات)) کردارێکی نەپچڕاوەو وێناکردنی وەستان لەرێڕەوی کاتدا، کارێکی وەهمییە، چونکە جولانەوەو کات، سەرەتاو کۆتاییان نییە))[3] ئەم فەیلەسوفە یەکەم کەسە کە لەکتێبی ((هونەری شیعر))دا باسی پەیوەندی (ئەدەبو کات)ی کردووە. ئاماژەی کردووە بەوەی کە باسی بینای کاتی لەداستانو شانۆی تراژیدیدا کردووەو وتویەتی ((کاتی تراژیدیا، یەك خولی هەتاوی دەخایەنێت، کەچی کاتی داستان دیاری کراو نییە))[4] وە یەکێك لەچەمکە رەخنەییو هونەرییەکانی ئەم فەیلەسوفە، کە هەتا سەدەی هەژدەهەمی زاینی لای زۆر لەئەدیبانو شاعیرانی ئەوروپاوە، پەیڕەوکراوە چەمکی یەکێتی (کاتو شوێنو بابەت) بوو.

لەجیهانی ئیسلامیشدا، کۆمەڵێ فەیلەسوف لەڕوانگەی (خودی ـ بابەتی)یەوە، باسی چەمکی کاتیان کردووە، وەکو غەزالیو فارابیو کیندیو ئەبی بەرەکاتی بەغدادیو... هتد. غەزەلی، گۆڕانو جولانەوەی کردووە بەبناغەی بوونی کاتو دەڵێ ((کات پەیوەندی بەجولانەوەو گۆڕانەوە هەیە، ئەگەر ئەمانە هەبن دەبێ ئەویش هەبێت، بەپێچەوانەشەوە نەمانی ئەمانە دەبێت ەویش لەناوبچێت، کەواتە کات لەدۆخی گۆڕانە، نەك لەدۆخی جێگیری...)).[5]

جولانەوەش لای ئەم فەیلەسوفە توانای نەمانو وەستانی هەیە، ئەم سیفەتانەش بەبۆچوونی ئەم، بوونو نەبوونی کات دیاری دەکەن، بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەش بەسەرهاتی ((اهل الکهف)) بەنموونە هێناوەتەوە تا ئەوە روون بکاتەوە، کە ئەو کەسانەی لەو ئەشکەوتەدا نوستوونو هەستیان بەکات نەدەکرد، چونکە جولانەوەیان نەبووە[6]. کەواتە ئیمامی غەزالی کاتی بەرەها نەزانیوە غەزالی کاتی بەجەوهەری بوون دانەناوەو کردویەتی بەدیاردەیەکی هەستیو عەقڵیو دەروونی.

چەمکی کات لای (ابی برکات البغدادی) کراوە بەدوو بەشەوە: یەکەمیان پەیوەندی بەفیکرەی کاتەوە لەلای خەڵکیو دووەمیان پەیوەندی بەهەمان فیکرەوە هەیە لەلای فەیلەسوفەکان.

---

[1] المادة دیالیکتیة والعلوم الطبیعیة، ص١٦-١٧

[2] الزمن في الفکر الدیني والفلسفي القدیم، د. حسام الالوسي، الطبعة الاولی، المؤسسة العربیة للدراسات والنشر، بیروت، ١٩٨٠، ص١٥٥

[3] سەرچاوەی پێشوو، ص١٧٢

[4] في الشعر، نقله من السریالیة الی العربیة ابي بشر متي بن یونس القباني. تحقیق وترجمة ودراسة د. شکري محمد، دار الکتاب العربي للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٦٧، ص٤٦-٤٧

[5] الزمان في الفلسفة الغزالي وابي برکات البغدادي، نعمة محمد ابراهیم، مجلة کلیة الفقه، جامعة المستنصریة، النجف الاشرف، ١٩٨٣، ص٥٨٥

[6] سەرچاوەی پێشوو، ص٥٨١-٥٨٢

بەشی دووەمی دابەش کردووە بەسەر (سێ ڕێباز)[1]دا:

ڕێبازی یەکەم/ کات بەجەوهەر دەزانێت.

ڕێبازی دووەم/ کات بەنمایش (اداو) دەزانێتو دەشێ بەم خاڵانەی خوارەوە ئەو چەمکە ئاماژە پێبدات:

١-کات جوڵانەوەیە.

٢-ڕێڕەوی جوڵانەوەیە.

٣-دیمەنێکە لەزەیندا.

ڕێبازی سێیەم: دەڵێت کات نە جەوهەرەو نەنمایشە. (أبی برکات) دوپاتی دەکاتەوە، کە کات جەوهەرە، پاشان بۆچوونی دەربارەی (اهل الکهف) ڕەت دەکاتەوە، کە گوایە بەنوستن هەستی کاتیان لانەماوە.[2]

ئەفلاتون سەبارەت بەکات پێیوایە کە دەکرێتە دوو بەش:

کاتی جیهانی نموونە: ئەزەلیو نەگۆڕە.

کاتی جیهانی هەستی: کاتێکی کۆتاییدارە، چونکە خاسیەتی جوڵانەوەو گۆڕانی هەیە.

(کیندی)یش پێیوایە، کە کات ئەزەلییە، دەربارەی پەیوەندی کاتو جوڵانەوەش وتویەتی: بێ جوڵانەوە، کات لەناودەچێت، لەبەرئەوەش، کە جوڵانەوە هەمیشەییە، بۆیە دەبێت کاتیش ئەزەلی بێتو دوایی نەیەت.[3]

سەبارەت بەچەمکی (ماتریالیزمیو ڕێژەیی)یش فەیلەسوفان پێیانوایە کە کات دیاردەیەکی بابەتیو ماتریالیو ڕێژەییەو دەکەوێتە دەرەوەی هەستو هۆشی مرۆڤەوە[4]. بۆچوونەکەش واقیعییەو مەوزوعی کات پیشان دەداتو بەپێچەوانەی فەیلەسوفە ئایدیالە خودییەکانەوە کە (کانت) فەیلەسوفی ناوداریانە. پێیانوابوو کات شێوەیەکە لەشێوەکانی پێگەیشتنی مرۆیی[5] واتە ئەگەر مرۆڤ نەبێت کاتیش بوونی نامێنێت.

---

[1] الزمان في الفلسفة الغزالي وابي بركات البغدادي، نعمة محمد ابراهيم، مجلة كلية الفقه، جامعة المستنصرية، النجف الاشرف، ١٩٨٣، ص٥٨٥

[2] الزمان فی الفلسفه......، ص٥٩٤

[3] بینای کات..... لا٤١

[4] المادية والمذهب التجريبي النقدي، لينين، ت. د. فؤاد ايوب، الطبعة الثانية، دار دمشق للطباعة والنشر، دمشق، ١٩٧٥، ص١٦٩

[5] سەرچاوەی پێشوو

رابەرانی تیۆری ماتریالیزم پێیانوابووە، کە کات پەیوەندی بەبوونی سروشتەوە هەیەو ((سروشتیش بەملیۆنان ساڵ پێش پەیدابوونی مرۆڤ تاقیکردنەوە مرۆییەکان بوونی هەبووە))[1]. کەواتە کات دیاردەیەکی بابەتییەو جیاوازی باری دەروونی کەسەکان بەگوێرەی ئەم تیۆرە نابێتە هۆی ئەوەی، کە کات ببێتە چەمکێکی خودیو سیفەتە بابەتییەکەی لەدەست بدات.

هەموو تەنێك جوڵانەوەی خۆی هەیەو ئەو جوڵانەوەش لەکاتدا روودەدات، ئەوانەی لەڕوانگەی ماتریالیو ڕێژەییەوە باسی کات دەکەن، کاتو جوڵانەوە پێکەوە دەبەستنو بڕوایان بەوە هەیە، کە ((جوڵانەوە هەمیشەییو ئەزەلییەو مەحاڵە بوونێکی مادی بەبێ جوڵانەوە هەبێت، یاخود جوڵانەوە لەناوببرێت))[2] هەروەکو پێشتر ئاماژەماندا بەوەی کە کات لەڕوی هەبوونو هەست پێکردنی کەسەکانەوە دو جۆرە، ئکاتی دەرەکیو ئەوی دیکەیان ناوەکیە.

بەشێکی زۆری چیرۆکنووسان لەسەرەتادا لەڕوی ئەم بۆچونەوە وەك دیاردەیەکی فیزیکی لەدیوی دەرەوەدا مامەڵەیان لەگەڵ کات کردوە، کاتێ لەخاڵێکی مێژوویی ژیاری کراوە، دەستیان پێ دەکرد چاودێری یەك بەدوایەکی هاتنی ماوەکانی کاتو بەردەوامبونی ئەو کاتەیان لەسوڕە سروشتیەکەی ژیاندا دەکرد. کە بە لەدایك بون دەستی پێدەکردو بەمردن تەواو دەبێت بەزۆرە لەو چیرۆکانەدا دەبینرا کەچیرۆکنوس یەك بەیەك روداوەکان ڕێکدەخات.

تۆماشفیسکی لەبارەی ڕەگەزی کاتەوە پێی وایە وەك رەگەزێکی بونیادی چیرۆك بەهاکەی لەوانی دیکە کەمتر نییەو راستەوخۆ پەیوەندی بەرووداوو گرێچنەوە هەیە.

لەمرۆدا چیرۆکنوسان زیاتر بایەخ بەچڕکردنەوەیو کورتکردنەوەی کاتو بەستنەوەی بەهۆشو هەست پێکردنی کەسانی ناو چیرۆك دەدەن، بۆیە بەکارهێنانی کاتی دەروونی لەچیرۆکدا بەئاشکرا بەرچاودەکەوێت لەکاتێکدا کاتی فیزیکی ئەو بایەخدانەی نییە.

چیرۆکنوسانی کوردیش گرنگی دەدەن بەکاتی دەرەکی وەکو دیاردەیەکی فیزیاوی مامەڵەیان لەگەڵدا کردوە. جا ئەوکاتە دەرەکیەش یان ماوەیەکی کورت دەگرێتەوە لەچەند سەعاتێك یان چەند رۆژێك تێپەڕناکات. وەیان ماوەیەکی درێژی پێ دەچێتو چەندها ساڵ دەخایەنێت.

سەبارەت بە چیرۆکەکانی (گوڵی رەش)ی شێرزادیش ئەگەر چیرۆکی ((گوناهی سپی)) وەرگرینو تیایدا ئاماژەیەك بدەینە کاتو ئەو ساتە وەختانەی رووداوەکانی تیادا تۆمارکراوە، کاتێك فەرهاد ئاماژە بە نووسینی ئەو چیرۆکە دەکات، کە دوای هەشت ساڵ لەدایك بووە، ئەوکاتە لەسەرەتای چیرۆکەکەدا ئاماژەی پێکراوەو تیشك دەخاتە سەر سەرەتای چیرۆکەکە بەوەی(دەبوایە ئەو چیرۆکە بنووسم، ئەو چیرۆکەی هەشت ساڵ دڵی هەڵکۆڵیوم، چیرۆکی ئەو چیرۆکەی ئەم چیرۆکەی پێ نووسیم، ئەمەیان مەتەڵ نییە زۆر ئاساییو لواوەو دەلوێت چیرۆکێکی دیکەت پێ بنوسێت..)

---

[1] المادية الديالكتية، .......، ص١٠٧

[2] نصوص مختارة اختيار وتعليق جان كانابا، فردريك انجلز، ت. وصفي البني، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٧٢، ص٩٨

ئەمەش ئەوە دەگرێتەوەو دەگەیەنێت، باس لەو ماوە درێژە دەکات کە بیرۆکەی سەرچاوە گرتنی ئەو چیرۆکەی بووە، کە پاش هەشت ساڵ نوسیبوی لەبارەی دەروێش بایزەوە.

دوای ئەوە هەر لەهەمان سەرەتای ئەم چیرۆکەدا ئاماژە بە بوونی منداڵانی دایك دەکات کاتێك (٩) مانگ لەناو سكو منداڵدانی دایكدا ژیاوە، بەڵام فەرهاد قسە لەبارەی ئەوەوە دەکات کە نەك نۆ مانگ یان چەند مانگێك بەڵكو.. (منی قوڕ بەسەر هەشت ساڵە.. بەڵـی هەشت ساڵ دەبێ ئەم کۆرپە چیرۆکەم (لەنێو منداڵدانی، نەخێر دڵی، نەخێر مێشکی.. نا.. لەگلێنەی چاوما هەڵم گرتووە، بەڵام ئەمشەو تەقیەوە.. ئەمشەو نا.. سەر لەئێوارەی ئیمڕۆ ریشۆڵەیەکی مردوو لەسەر شۆستەی بەر مەیخانەیەکەی فەرمانبەران ــ هەموو شتێکی بیرخستمەوە.. )[1]

لێرەشدا ئاماژە بەدو کاتی جیاواز دەکات، کە ئەوانیش شەو ئێوارەیە، کە لەو کاتەدا ئەو چیرۆکەی نووسیوەو بە وێنەی لەدایکبوونی کۆرپەیەك وێنەی دەکات باس لەئەمڕۆ و ئێوارە دەکات، کە تیایدا ریشۆڵە نەفرەتیە چیرۆکەکەی بیرهێناوەتەوە.

لەلایەکی دیکەوەو لەناوەراستی چیرۆکەکەدا فەرهادی پاڵەوان باس لەوە دەکات، کە (دەبوایە کاتی خۆشیو حەزی ئەم ئێوارەیەم شێلوو نەکەیت، هەمووی سەعاتێك بوو لە هاوینە هەوارەکان هاتبومەوە، سەرمەستو دڵ مەست، دایكو باوكو خوشكو براو پورو خاڵو مام..)

دوای سـێ ساڵی پڕ لەحەزو ستانو گریانو تۆران.. ئەمێستا سەر دەستی ئەم زەماوەندەیەو هێشتا ئارەقەی شەوانی حەزو خەونو تاسەو تلانەوە بەری نەداوە)[2]

گێڕەوەوە لێرەدا قسە لەسەر کاتەکان دەکاتو بۆ خوێنەریش رونکردۆتەوە، کە چەند کاتژمێرێکە لەهاوینەهەوار گەڕاوتەوەو پاش سـێ ساڵ خۆشەویستی کاتێك بەخۆشەویستەکەی گەیشتووە. لەو ئێوارەیەدا (دەروێش بایز) ئاهەنگەکەیان دەوەستێنێت. ئەم (ئێوارە)یە. زۆر جێگەی سەرنجو خواسو باسی پاڵەوانە کە زۆر جەختی لەسەر دەکاتەوە لەناو خودی چیرۆکەکەدا هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی چەندین جار ئەو ئێوارەیە ئاماژەی پێکراوە وەکو کاتی روودان.

سەبارەت بە چیرۆکی ((میم))یش وەکو نمونەیەکی دیکەی ئەو کۆمەڵە چیرۆکە بۆ ئەوەی کاتی رودانی چیرۆکەکە لەچەند قۆناغێکی جیاوازدا بخەینە ڕوو.

لەم چیرۆکەشدا ئەگەر تەماشا بکەین هەر لەسەرەتاوە ئاماژە بە ئەوکاتە دیاری کراوە دەکات هەر لەسەرەتای روداوەکەوە کە کۆتاییو بەرئەنجامی کۆتای یەکەمی دەست پێدەکات.

(چار نەما... دواجار ((گوڵناز))م تەلاق دا.. دوای بیستو حەوت ساڵ لێکدی جیابوینەوە....)

---

[1] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن، ل٣٣.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧

ئاماژەدان بە (بیستو حەوت ساڵ) ماوەیەکی درێژە، کە ژیانی هاوسەرێتی واتە بەرواری مێژووی هاوسەرێتیان بووە، بەڵام دیاری کردنی ئەوکاتە دیاری کراوە، خوێنەر لەبەرئەنجامی کۆتای چیرۆکەکە ئاگادار دەکاتەوە..

لەلایەکی دیکەوە هەر سەبارەت بەدیاری کردنی کاتو بەتایبەت ئاماژەدان بەساڵ وەکو کاتی ناو چیرۆکەکە، ئەمین (سێ) کاتی جیاواز دەخاتە ڕوو کە کاتێك لەدوای گۆڕانی مامەڵەی گوڵنازی هاوسەریو جیاکردنەوەی جێگەو پێخەفی لەئەمین.

(لەساڵی یەکەمی نەخۆشی یەکەم هەر لەهەمان ژورو بەیەکەوە دەخەوتین، ساڵی دووەم پێخەفەکەی دورخستەوە، ساڵی سێیەم لەژوری نوستن بارە کردو چوە ژورێکی تر، تەنیا مامەوە، تا درەنگی شەو دادەنیشتم... )[1]

ئەو سێ کاتو ساڵە جیاوازەش، گێڕەوە بەگرنگ باسیان دەکات لەبارەی گۆڕینی مامەڵەو گوڵنازەوە لەلایەکی دیکەوە قسە لەسەر کاتی (شەو)دەکات، کە تیایدا زیاتر ئەمین هەست بە تەنهای دەکاتو دەست دەکات بەنوسینەوەی یاداشتی لەشەواندا، ئەمیش هەروەکو کات ئاماژەی پێداوە.

هەر سەبارەت بەکات لەلایەکی دیکەوە ئەمین دەڵێت: (دەیەها ساڵ.. خۆم دەدواند..... دیستۆفیسکی ـــ م زۆر دەدواند.... کەس وەك ئەو چیرۆکی داڕوخانو نەهامەتی مرۆڤ ناگێڕێتەوە.. زوو زوو.. تکام لێ دەکرد میوانم بێ... )[2]

لێرشدا هەر قسەلەسەر چەندین ساڵ دەکات، کە گۆشەگیروبووەو مەنولۆگی لەگەڵ خۆی کردوە، خۆی دواندەوەو (زوو زوو)ش هەر وەك کات بەکارهێناوە.

[1] گوڵی ڕەش، شێرزاد حەسەن، ل ١٥٣

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣

## ٣. بینای شوێن

((شوێن وەکو یەکێك لەرەگەزە سەرەکیو پێکهاتەکانی چیرۆك، بەیەکێك لەو هۆکارە بنەڕەتیانە دادەنرێت، کە رووداوەکانی لەسەر بنیات دەنرێت))[1] .

((شوێن لەگەڵ کات پێکەوە بەستراون، گرنگییەکەشی لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، کە تاچەند نووسەر سەرکەوتووە لەوەی بەشێوەیەکی خوازراو گوزارشت لەشتێك یان شوێنێك بکات کەپەیوەندی بە دەروونی یان ئاستی کۆمەڵایەتیو ئابووریو رۆشنبیری کەسەکانەوە هەیە))[2]. شوێن لەرۆمان یان چیرۆکدا، لەچیرۆکێك بۆ چیرۆکێکی تر دەگۆڕێت، شوێن لەهەموو چیرۆکێکدا بایەخی زۆری پێدەدرێتو پانتاییەکی باش لەبنیاتی چیرۆکەکەدا داگیردەکات.

شوێن هەر لەمێژەوە پەیوەندی پتەو و نەپچڕاوی بەمرۆڤەوە هەبووە، رۆڵێکی کاریگەری لەپاراستنی ژیاندا گێڕاوە.

چونکە مرۆڤی سەرەتایی بەهۆی ئەشکەوتەکانەوە توانیویەتی ژیانی بپارێزێت کاتێك رووبەڕووی مەترسییەکانی دەوروبەر بۆتەوەو لەترسان پەنای بردۆتە بەر ئەشکەوتەکانو کردویەتییە تاکە پەناگەی و تێیدا نیشتەجێ بووەو ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیداکردووەو نهێنی و رازو نیازو بیروڕاکانی و تەنگو چەڵەمەو گیروگرفتەکانی ژیانی رۆژانەو هەڵوێستی بەرامبەریانو جۆری مامەڵەکردنی لەگەڵیاندا دیارکردووەو لەسەر دیوارەکانی تۆمارکردووە، لەمانەشەوە دەبینرێ شوێن کاری گەورەی کردۆتە سەر بیرکردنەوەی مرۆڤی بەرایی. مرۆڤ بۆ خودی خۆیشی کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕانو پەرەسەندنی شوێن، بۆیە پەیوەندییەکی بەتینی کارلێکردنو کارتێکردن مرۆڤ بەشوێن دەبەستێتەوە.

ئەفلاتۆن لەبارەی شوێنەوە دەڵێت: ((شوێن گرتنەخۆو تێدابوونە، کەبوونێکی راستەقینەی هەیەو لەسێ دوری پێکدێت)).[3]

مانای وایە هەموو شتێك قەبارەی دیاری کراوی هەیە کەخۆی لەپانیو بەرزیو درێژی دا دەنوێنێتو شوێنێك دەگرێت.

ئەرستۆش بۆ شوێن لەسەر بناغەی بیری گرتنەخۆ دەڵێت:(( رووی ناوەوەی تەنی داگراوەو دوو جۆرە: تایبەتی کاتێك تەنێك شوێنێك دەگرێتو هاوبەش کەدوو تەن یان زیاتری تێدا دەبێت)).[4]

بەپێی فەلسەفەی مەتریالی شوێنیش ((شێوەی بوونی کەرەستەیەکە جێی بوونو قەبارەو دوورییەکانی تەن دیاریدەکات)).[5]

چیرۆکنووسانیش لەرووی هەمان بۆ چوونەوە مامەڵەیانلەگەڵ شوێنداکردووە بەهەمان مانا بەکاریان هێناوە.

---

[1] بنية الشكل الروائى (الفضاء، الزمن، الشخصية)، حسن بحراوى، المركز الثقافي العربى، ط١، بيروت- الدار البيضاء، ١٩٩٥، ص٢٩

[2] النقد الادبى الجديث من المحاكاة الى التفكيك، د. ابراهيم محمود خليل، دار المسيرة، د.م. ط، د.س. ط، ص٨٥.

[3] نظرية المكان فى فلسفة الحسن بن الهيثم الطبيعية، نغمة محمّد ابراهيم، مجلة اداب المستنصرية، العدد الثانى عشر، ١٩٨٥، ص٥٢٠.

[4] تيارات فلسفية معاصرة، د.على عبدالمعطي محمد، دارالمعرفة الجامعية، مصر، ١٩٨٤، ص٢٩٠

[5] عرض موجز المادية الدياليكتيكية، بودو ستينك و ياخوت، دار التقدم، موسكو ١٩٧٠، ص٤٥

کاتێك جیهانی تایبەتی چیرۆکەکەی دروستدەکات، ئەوا دەخرێتە چوارچێوەی شوێنێكو ئەو شوێنە هەموو پێکهێنەرەکانی ئەو جیهانە دەگرێتە خۆی، هەندێجار سادەو ساکاری وەکو چوارچێوەیەك بۆ رووداو کەسانی ناو چیرۆکەکە بەکاری دەهێنێتو ئەرکی لەناو چیرۆکدا لەچەمکی ئەو گرتنەخۆو تێدابوونە ناچێتە دەرەوە.

ناکرێ نکوڵی لەوە بکرێ کە شوێن دەبێتە بەشێکی گرنگی چیرۆكو رەنگدانەوەی باری دەروونی کەسەکان، کە رۆڵێکی دیاریکراو و بایەخی تایبەتی خۆی دەبێتو وەکو بنەمایەکی گرنگ لەدارشتنی چیرۆكو سازدانی بینای چیرۆك.

(د.سیزا قاسم) بۆ شوێن دەڵێت: ((شوێن ئەو چوارچێوەیەیە کە رووداوەکانی تێدا ڕوودەدەن))[1]. واتا شوێن توخمی لەخۆگری هەموو توخمەکانی دیکەی ناو چیرۆکەکەو دەقی گێڕانەوەی چیرۆکیشە.

(محمد کامل خطیب) بۆ پێناسەی شوێن دەڵێت: ((شوێن ئیمکانیەتێکی کراوەیە بۆ دروستکردنو پێکهێنان))[2].

هەروەها (جۆرج ازوط)یش دەڵێت: ((شوێن یەکێکە لەگرنگترین لایەنەکانی بەرهەمێکی ئەدەبی، چونکە بەرجەستەی رووداوو پاشخانەکەی دەکات))[3].

(غالب هلسا)ش پێیوایە ((بەرهەمی ئەدەبی کاتێك شوێن لەدەستدەدات، ئەوا تایبەتمەندیو رەسەنایەتی خۆی لەدەستدەدات))[4].

جۆرەکانی شوێن زۆرن لەژیاندا، کاتێکیش ئەو جۆرانە دەگوێزرێنەوە ناو ئەدەب زیاتر دەبن.هەندێك لەفەیلەسوفەکانیش تەنها بۆ شوێن پێناسەیان نییە، بەڵکو پێکەوە پێناسەیان بۆ داناوە، وەکو دوو رەگەزی سەربەخۆی لێکدانەبڕاو، بۆ نموونە فەیلەسوفە ماتریالییەکان دەڵێن: کاتو شوێن دوو شێوەی سەرەکی گشتگیرین بۆ بوونی ماتریالێکی جولاو، جیاناکرێنەوە، بوونیان بەشێوەیەکی بابەتییە، واتە لە دەرەوەی هۆشی مرۆڤ.

ئەرستۆ کاتو شوێنی پێکەوە بەستۆتەوە، دەڵێت: ((جوڵە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی بڕی چەندێتییەوە، هەموو بڕێکی چەندێتیش بەردەوامە، ئەگەر کات بەپێی جولاو بێت، لەجوڵەدا خاڵی دەستپێك و کۆتایی هەیە، واتە سەرەتاو کۆتایی لەشوێندا جیادەکەینەوە، جووڵەش ملکەچی شوێنە))[5].

---

[1] بناء الرواية، د.سيزا احمد قاسم، الهيئة المصرية العامة للكتاب، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب/ مصر، ١٩٨٤، ص٤٤

[2] الرواية واليوتوبيا، محمد كامل الخطيب، دار المدى الثقافة والنشر، سوريا-ديمشق، ١٩٩٥، ص٢٧

[3] سهيل ادريس في قصصة و مواقفة الادبية، اطروحة الدكتورا، الطبعة الاولى، دار الاداب-بيروت، ١٩٨٩، ص٢٩٠

[4] الزمان و المكان في روايات غائب طعمة فرمان، على ابراهيم، مؤسس سندباد-دمشق، الطبعة الاولى، ٢٠٠٢،ص ١٠٣

[5] سەرچاوەی پێشوو، ص٩٤

(سامۆیل ئەلیکسەندەر) پاڵپشتی بۆچوونەکەی ئەرستۆ دەکاتو وا بۆی دەچێت، کە ئەو دوو توخمە یەکەیەکیان پێکهێناوەو بەردەوام لەجوولەدان.[1]

فەیلەسوفە ئایدیالییەکان بوونی کاتو شوێنیان رەتکردۆتەوە، هەرچەندە ئەمانیش لەنێو خۆیاندا بوون بەدوو گرووپەوە:

ئایدیالییە خودییەکان پێیانوایە، کە کاتو شوێن پەیوەستن بەهۆشی تاكو بەرهەمی هۆشی مرۆڤن.

بەڵام ئایدیالییەکان، پێیانوایە کە کاتو شوێن دوو وتەی رەهای رۆحی یان دوو شێوەی سەرەتاین، هەمووشیان لەگەل ئەوەدا یەکدەگرنەوەو کۆکن کە کاتو شوێن بوونی بابەتیان نییە.

(نیوتن) کاتو شوێنی لەیەکدی جیاکردەوە، هەریەکەیانی بەشتێکی سەربەخۆ بەخوودی خۆی جیاکردەوە، سەربەخۆییەکی تەواو لەماتریالو بزووتنەوە.[2]

چیرۆکیش بەوپێیە کە رەنگدانەوەی واقیعە، نابێ راستییەکان فەرامۆش بکات، چیرۆکنوس هەموو کات ئەگەر مەبەستی بێت بەرهەمەکەی سیفەتێکی زیندوو راستگۆیانە وەربگرێت، دەبێت شتەکانی نێو واقیعی تیادا بەرجەستە بکات.

بۆیە (شوێن، بریتییە لەو واقیعە کۆمەڵایەتییەی کە چیرۆکنووس هەڵیدەبژێرێتو رووداوی چیرۆکەکەی تیادا دەهۆنێتەوە، یان پاڵەوانی چیرۆکەکە لەم شوێنەدا ژیان دەباتە سەر).[3]

هەرچەند ئەو شوێنەی کە لەچیرۆکدا هەیە، هەمان ئەو شوێنە نییە، کە لەواقیعدا بەرچاو دەکەوێت، چونکە بەلانی کەمەوە شوێنی نێو چیرۆك پێکهاتەکەی وشەیە، وەلێ شوێنی راستەقینەی رووداو لە واقیعدا بەدیدەکرێتو هەستی پێدەکرێت، بۆیە بەردەوام چیرۆکنووسی خاوەن بەهرە هەوڵی نزیکردنەوەی شوێنی نێو چیرۆکی لەشوێنی راستەقینەی واقیع داوەو هەوڵدەدات.

شوێن هەندێکجار شتێکە کە ڕووداوی تیارووەدات یاخود کەسەکانی لەسەر دێنو دەچن. هەموو شتێك لەسەر رووی ئەم زەمینەدا، حەتمەن شوێنێکیان داگیرکردووە، تەنانەت گەردیلەو ماددەکانیش، شتە خەیاڵیو ئەندێشەییەکانیش شوێنێکیان هەیە، مردووەکانیش لەگۆڕستانەکاندا شوێنێکیان هەیەو زۆر مەسەلەی تری دیکەش هەن، لەنێو بیرو خەیاڵماندا دێنو دەچنو دەسوڕێنەوە.

(شوێن)ی چیرۆکی کوردی، راستە گرنگی بەمرۆڤ داوە، بەڵام لەژینگەی خۆشی دابڕاندووەو لەشوێنی نامۆو دەستکرددا جێی کردۆتەوەو دایناوەو، گوندو شارو گەڕەكو شەقامو شۆستەو وێستگەو پاسو فەرمانگەی ئەم وڵاتو ئەو وڵاتو ئەو بناری شاخو ئەو چیاو گردانە، ماڵی ئەم و ماڵی ئەو، سەرجەمی چیرۆکنووسانو شێرزاد حەسەن-یش لەکۆمەڵە چیرۆکی (گوڵی رەش) جێگاکان بەزەقی بەدەردەخاتو لەو رووەوەو گرنگی پێداوەو لەسەری دواوە.

[1] تیارات فلسفیة معاصرة، د.علی عبدالمعطی، دار المعرفة الجامعیة، مصر، ١٩٨٤، ص٢٩٠

[2] الزمان و المکان فلا روایات غائب طعمة فرمان، علی ابراهیم، مؤسس سندباد-دمشق، الطبعة الاولی، ٢٠٠٢، ص٩٤

[3] چیرۆکی منالان لەئەدەبی کوردیدا (١٩٩١ ـ ٢٠٠١)، رازاو رەشید صبری، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٠٥

((زۆر لەتوێژەران شوێن بەو ژینگە خەیاڵییە وەسف دەکەن، کەرووداوەکانی چیرۆك یاخود رۆمانی لەسەر روودەداتو کەسێتییەکان تیایدا هەڵسوکەوت دەکات))[1]. هەندێك پێیانوایە کە ((دەکرێت جووڵە بەرەگەزی شوێن ببەخشرێت، وەك چۆن جووڵە بەرەگەزەکانی تری کەسێتیو کات دەبەخشرێت)).[3] هەندێکجاریش شوێن پەیوەست دەبێت بەکەسایەتییەکان، کە دەتوانین کەسایەتییەکان بەهۆی شوێنەکان شیبکرێنەوەو بناسرێن.

شوێن تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەکارهێنانی بێگومان دەلالەتو بەهای خۆی دەستنیشان دەکات، چونکە ((مەیدانی کارە، شانۆی رووداوەکانە پەیوەندییەکی پتەوی بەکەسانەوە هەیە، چ وەك هەڵسوکەوت، چ وەك چارەنووس، کارەکتەرەکان گەلێ جاریش دەلالەتی فیکری نووسەر دەستنیشان دەکات)).[4]

چیرۆکنووس هەوڵدەدات هێڵی خەیاڵی کە لەکارە ئەدەبییەکانیدا دروستدەبێت، بیشکێنێت و هەست بەبوونی راستەقینەی ئەو شوێنانە لای خوێنەر دروستبکات لەرێگەی نزیکردنەوەی وێنەی چیرۆکەکەی لەوێنەی واقیع، بەپێچەوانەشەوە هەندێجار چیرۆکنووس شوێنێك بۆ چیرۆکەکەی دروستدەکات، ناتوانرێ دەست لەسەر بوونی راستەقینەی لەواقیعدا دابنرێت.[5] ((دەتوانرێت بگوترێ شوێن لەچیرۆکدا، شوێنێکی راستەقینە نییەو لەشتە هەبووەکانەوە دروست نەکراوە، بەڵکو شوێنێکی ئەندێشەیی لەوشە دروست دەکرێت)).[6]

چیرۆکنووسان هەوڵی ئەوە ئەدەن ((هاوچەشنی شوێن وەك هەبوویەك لەسەر رووی زەمینو نێوان شوێن لەهونەردا بدۆزنەوە، هەندێکیان رایان وایە کە شوێن لەچیرۆکدا دەبێت بەشێوەیەك لەشێوەکان لەگەڵ شوێنی سەر رووی زەمین هاوچەشن بێت، کەچی دەبینین هەندێکیان لەو باوەڕەدان کە هونەرمەند مافی ئەوەی هەیە لەهاوچەشنی دوورکەوێتەوەو تەنانەت ئاماژەش بۆ سەرچاوەی شوێنەکە نەکات)).[7]

---

[1] دراسات نقدية (من الاسطورة الى القصة القصيرة)، د. احمد زياد محبك، دار علاءالدين للنشرو التوزيع والترجمة، الطبعة الاولى، دمشق،٢٠٠١، ص١٤٧

[3] دراسات نقدية (من الاسطورة الى القصة القصيرة)،ص١٥٠-١٥١

[4] رەوف بێگەرد، شوێن لەچیرۆکدا، گ سبەی، ژ-٢، هەولێر، ١٩٩٣، ل٤

[5] بینای هونەری چیرۆکی کوردی، پەریز سابیر، نامەی ماستەر، سلێمانی ٢٠٠٤، ل٣٢٥

[6] الخصائص البنائية اللاقصوصة، د.صبرى حافظ، مجلة فصول، المجلد الثاني، العدد ٤، ١٩٨٢، ص٢٩

[7] الرواية والمكان، ياسن النصير، الجزء الاول، سلسلة الموسوعة الصغيرة،دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٠، ص١٧

شوێنی راستەقینە لەچیرۆکدا ((ئەو شوێنەیە کە وامان لێدەکات ئەو جێگایانەمان بەبیربێتەوە کە تێیدا ژیاوین‌و خەونمان دیوەو دەدیت کەتێیدا بژین)). [1]

شوێنی راستەقینەش ئەو شوێنە ئەندازەییە دەگرێتەوە کە ((بەهۆی بینینەوە وەسفێکی ووردی دورییەکانی دەرەوەی دەکرێت، واتە کاتێك شوێن دەبێتە کۆمەڵێك رەنگ‌و روو کەچاو یەکەیەکە هەڵیان دەقۆزنەوەو هەوڵنادات دیمەنێکی هەمەجۆری و هەمە لایەنی لیَ وەدەستبخات و دروستی بکات)). [2]

ئەم شوێنە ئەندازەییە بەتەنها بریتی نابێت لەو دوورییانەی کە لەدەرەوە دەتوانرێت دیاری بکرێن، بەڵکو شێوەیەکی ئاڵۆزتر وەردەگرن، جگە لەوانە ئەو شوێنە ئەندازەییە، بریتییە لە ((سیستەمێك لەو پەیوەندییە رووتانەی لەشتە ماددییەکانەوە دەردەهێنرێت)). [3]

هەڵبژاردنی شوێن لای چیرۆکنووس گرنگە بەجۆرێ دەبێت پێش هەموو شتێك لەراستی ئەو زانیاریانە دڵنیابێت کەپەیوەندیدارە بەشوێنە هەڵبژێردراوەکەوە.

((پێویستە نووسەر ئەو شوێنانە هەڵنەبژێرێت هەتا شارەزاییەکی تەواوی دەربارەیان نەبێت یاخوود پێش ئەوە تاقی نەکردبێتەوە)). [4]

دەبێت گۆڕانکاریش بەسەر جێگە یاخود ئەو شوێنەشدا بهێنێت ((ئەگەر زەمینەیەك یاخود شوێنێکی لەشارۆچکە یاخود گوندێك هەڵبژاردو شارەزایان بوو، باشترە گۆڕانیان بەسەردابهێنێت‌و ناوەکانیان بگۆڕێت)). [5]

لەوەدا دەگەینە ئەوەی بەکارهێنانی شوێن وەکو شوێنی راستەقینەی خۆی وا لەچیرۆکنووس دەکات کەخۆی پەیوەست بکلت بەزانیارییەکانی تایبەت بەو شوێنەوەو نەتوانێت لەخودی راستییەکان لابدات.

ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر جۆری مامەڵەکردنی چیرۆکنووسەکە لەگەڵ شوێنەکەو دەبێتە هۆکاری کەمکردنەوەی سەربەستی نووسەر یاخود چیرۆکنووسەکە، کە ئەم جۆرە شوێنانە لەچیرۆکدا پەسەند ناکرێن‌و چیرۆکنووسان زۆر کەمتر رووی تێدەکەن. [6]

[1] المكان فى الرواية العربية، غالب هلسا(الرواية العربية واقع وافاق)، دار ابن رشد للطباعةو النشر، لبنان ١٩٨١، ص٢١٨

[2] سەرچاوەی پێشوو، ص٢٢٠

[3] جماليات المكان، اعتدال عثمان، مجلة الاقلام، العدد ٢، ١٩٨٦، ص٧٦

[4] اشكالية المان في النص الادبى، ياسين النصير، ص٢٢

[5] فن الكتابة الرواية، ديان دوات فايد، ت.عبدالستار جواد، مراجعة عبدالوهاب الوكيل، سلسلة المائة كتاب، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد ١٩٨٨، ص٣٧

[6] بینای هونەری چیرۆکی کوردی، پەریز سابیر، ل٣٢٧

((لەکێشانی وێنەی شوێنی ئەندازەیدا چەند ووردەکاری بکەین‌و بەدیقەت بین، ئەوەندە زیاتر خوێنەر بێبەش دەکەین لەبەکارهێنانی ئەندێشەو دووبارە دارشتنەوەی ئەو جێگایانەی تێیدا ژیاوە)).[1]

بەکارهێنانی شوێن بەو شێوە رووتەی ئاماژەی لەسەر کارێکی خراپ دەکاتە سەر لایەنێکی گرنگی هەرکارێکی ئەدەبی بەتایبەتی چیرۆك.

جگە لەوشوێنە راستەقینەی کە لەچیرۆکدا هەیەو قسەی لەسەر کراوە، جۆرێکی دیکە لەشوێن هەیە لەناو چیرۆکدا، ئەوشوێنی (گریێ)یە. کە ئەویش ئەو شوێنەیە کە ئەندێشەو بیری تایبەتی چیرۆکنووسەکە دروستی دەکات بێئەوەی راستەوخۆ بگەرێتەوە بۆ شوێنێکی راستەقینەی ژیانی واقیعی.[2]

زۆرجار رێککەوتووە چیرۆکنووس ئەو شوێنانەی بەکاری هێناوە، کاتێك بەرچاومان کەوتووە کەراستەقینە بووە، مانای ئەوە ناگەیەنێت، کە ئەو شوێنە لەواقیع وەرگیراوەو وەکو خۆشی بەکاریهێناوە. بەڵکو جۆرە بەکارهێنانێکی تایبەتی‌و تازەیەو پەیوەست‌و بەستوویەتییەوە بەتاقیکردنەوەی خودی تێروانینی تایبەتی خۆی‌و تەنها وەکو هێمایەك سوودی لێ وەرگرتوون.

((ئەو شوێنانە دەبنە بەشێك لەتاقیکردنەوەی تایبەتی دوای ئەوەی خاسیەتە واقیعییەکانی وونده‌کات بەپێی پەیوەندی بەو ساتە دەروننیانەی کەسەکان پێیدا تێدەپەرن، جا یا فراوان دەبن یا تەسك دەبنەوە یاهەرەس دێنن)).[3]

ئەم جۆرە شوێنە لەچیرۆکدا یەك شێوەی نابێت، بەڵکو دەگۆرێت‌و جۆر بەجۆر دەبێت بەپێی گۆرانی باری دەروونی کەسەکان یان جیاوازی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری سیاسی ئەو کەسانە، چونکە پەیوەندیەکی قووڵ و پتەو شوێن و کەسەکان بەیەك دەبەستێتەوەو شوێن وەك بەشێك لەکەسەکان خۆی دەنوێنێت.

لەم جۆرە شوێنەدا چیرۆکنووس بەتەنها پشتی نەبەستووە بەهەستی بینین و سیمای دەرەوەی پیشان نادات، بەڵکو شۆربۆتەوە بۆ ناو ئەو شوێنانەو وەك بەشێکی زیندووی ژیانی کەسەکان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات.

گرنگترین خاسیەتەکانی شوێنی گریێ ئەوەیە، کە مێشك دروستیدەکات و بەشێوەیەکی سەرەکی سەرچاوەکەی خەیاڵەو ئەندێشەی چیرۆکنووسەکەیە.

شوێن لەچیرۆکدا بەهەردوو جۆرەکەیەوە چەند ئەرکێك دەگێرێت، کە یەکێك لەو ئەرکانەی ئەوەیە کە چوارچێوەیەك بۆ چیرۆك دروست دەکات و رووداو کەسانی ناو چیرۆك دەگرێتە خۆی، واتە چیرۆکنووس بەمانا لاساییەکەی بوونی شوێن لەواقیعدا بەمەبەستی گرتنەخۆو تێدابوون بەکاری هێناوە.

شوێن لەپاڵ دروستکردنی چوارچێوەی چیرۆکدا رۆڵێکی گرنگیش لەبینای رووداوو پێکهێنانی کەسەکاندا دەگێرێت.

---

[1] المكان في الرواية العربية، غالب هلسا، ص٢٢١

[2] بینای هونەری چیرۆکی کوردی، پەرێز سابیر،..............، ل٣٢٩

[3] الفضاء الروائي جبرا ابراهيم جبرا، ابراهيم جنداری جمعة، جامعة الموصل ١٩٩٠، ص١٥٥

چونگە شوێن شانۆی رووداوە بۆ ئەو مەبەستەش چیرۆکنووس ناتوانێت رووداوەکانی لەسەر زەمینەیەکی راستەقینە یان فانتازیدا نەبێت ریز بکرێت.

چونکە هەر جێگایەك، یاخود هەر شوێنێك کە چیرۆکنووس بیەوێت بیکات بەشانۆی رووداوەکانی پێویستیان بەبوونە فیزیاوییەکە هەیە. ئەگەرچی (پەیوەندییە فیزیاوییەکەی دەپچڕێت بەشێوەیەکی رێژەییانە بەپێی پێوانە ئەقلانییەکانو لەبواری فیزیکییەوە دەپەڕێتەوە بۆ بواری ئەدەبو دەلالەت و چەمکی شوێن جارێکیتر نوێدەبێتەوەو مەودا فیزیکییەکەی فراوانتر دەکات.

تاکو مەودای رەمزی و ئایدۆلۆژی وەربگرێت و لەبیناکردنی رۆماندا بەشداربێت، وەکو جیهانێکی بەخەیاڵ دروستکراو، لێرەوە (فضاء) یەك نییە وەکو پێکهێنەرەکانی تری گێڕانەوە، بەتەنیا لەرێگەی زمانەوە نەبێت، ئەویش فەزایەکی بێژەییە، بەلام بەئیمتیازە)).[1]

دەبێت ئەوەش ئاماژەی پێبدەن کە ئەو شوێنانەی لەچیرۆکدا بەکار دەهێنرێت، تایبەت بەکەسێکەوە یان گشت کەسن.

لەناو شوێنەکانیشدا جێگە هەیە داخراوەو پەیوەندی بەدەرەوەی خۆیەوە نییە، شوێنیش هەیە کراوەیە لەبەردەم کارەکتەرو کەسانی تردا.

شوێنە داخراوەکانیش بەهۆی پەنجەرەو تەلەفۆن و تەلەفزیۆنەوە هەروەها بەهۆی وێنەو گۆڤارو رۆژنامەوە والا دەبن[2]و کەسەکان هەست بەو داخراوییە ناکەن. جگە لەوەش (ئاستانە- مكان العتبه) هەیە[3]کەهۆی نائارامیو دڵە راوکیەیە، هەموو شوێنەکان ئاشناو هێمن نین. شوێن بەپێی جۆری (سادەو نسادە) [4] ناودەبرێت. راستەوخۆ ساکارو سادەیە، وەکو ناوی شارو گوندو شەقام و شیو دۆڵ و مزگەوت و هەورەها شوێنی نسادەش، دەلالەتی مێژوویەو رەمزی هەڵدەگرێت.

بۆیە بایەخی شوێن لەناو چیرۆکدا گرنگی دەردەکەوێت جارێکی تر، کەنکولێ لەوەناکرێت کە رووداو نییە بەبێ شوێنکات. چیرۆکنووسان بایەخ بەشوێن دەدەن و زۆر خۆیان پێوە ماندوو دەکەن، هەوڵیشیانداوە کە شارەزایانە دەربکەون لەناو هێنانو باسکردنی شوێنی رووداوو کارەکتەرەکاندا.

بەگشتی شوێن لەکۆمەڵە چیرۆکی گوڵی رەشدا-دا، کوردستانە، هەر شەش چیرۆکەکە، تاك تاکی چیرۆکەکانیش زۆر لەناوخۆیدان و بەشی زۆری روداوەکان لەهەولێر رووەدەن، لەئاستی شوێنی بچوکیشدا، شوێنی سنووردار هەیە، بۆ نموونە لە (گوولی رەش)دا شوێن بریتییە لەماڵێکی بچووك.

---

[1] دلالات المكان في روايات اميل حبيبى، علدا الجليل العميرى، مجلة المدى/٢س٤، دار المدى للثقافة و نشر، نيقوسيا-قبص، ١٩٨٦، ص٣٩

[2] بحوث في الرواية الجديدة، ميشال بوتور، منشورات عويدات، ط ١، ١٩٧١، ص٦١

[3] الفضاء الشعرى عند السياب، د.لطيف حسن محمد، (رسالة دكتوراة) مقدمة الى كلية الاداب، جاخعة الموصل، ١٩٩٤، ص٢٢

[4] دلالات المكان في روايات اميل حبيبى، عبدالجليل العميدى، ص٤٠

زۆرجار نووسەران لەرێگەی چیرۆکەکانیانەوە هەوڵدەدەن بگەڕێنەوە بۆ شوێنی منالّی تا بیرەوەرییەکانی دێتەوە یاد هەروەکو چۆن جاستۆن باشلار ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ((بەمنالّی لەگەل شوێنێکدا رابێت، بە گەورەیش بچێتەوە دۆخی منداڵیەکەی کە لەنەست و کەسایەتیدا دەبوژێتەوە)).

واتە هەر لەسەرەتای چیرۆکی (گوڵی رەش) دەبینین لەواقعییەتی گەڕەکەکەی مالّی پاڵەوانەکەوە، کە لەناو باڵکۆنەکەی ماڵەکەیان بەدیار دوو ئینجانەی گوڵ مۆرەوە دەوەستێت بەرامبەر مالّی (هێرۆ).

ئەم گەڕەکە کە تاڕادەیەك خودا پێداوەکان و دەوڵەمەندەکان تیایدا نیشتەجێی بوون، بۆیە پاڵەوان خۆی بەهەژار دەبینێ لەنێو ئەم گەڕەکەدا...

((هاتووم و چاوەکانم بەسەر ئەو تاق و پەنجەرەو دارو بەردوو.... هەردوو ئینجانەکەی سەر باڵکۆنەکەوە رواون.. دەتۆش کەرەم کەو پەنجەرەکە بکەرەوە... هەفتەیەکە ئەم پەنجەرە گەورەیەت داخستووە، هەفتەیەکە پەردەکانیشی دادراونەتەوە، تۆراویت و نایەیتە نێو باڵکۆنەکە...))[1]

پاش ئەوە ئاماژە بەچەند شوێنێکی دیکە بەوەی کە دەڵێن باخچەکان وێران کران و بوون بەشۆستەو شەقام، کران بەدەزگاو باڵەخانە، هۆتێلێکی دە نهۆم، تێکدران و وێرانکران و وەك ئەو دڵە کەلاوەی من بوون بە (خاك و خۆڵی ژێر پێی رێبواران).

مەبەستی لەدروستکردنی شەقام و دەزگاو باڵەخانە.. وای کردووە کە جۆرە ئاسەوارێکی کە ئاماژە بەشوێن دەکات بخاتەڕوو.

سەبارەتیش بەبچووکی ماڵ و گەڕەکەکەیان هەروەکو پاڵەوان خودی خۆی ئاماژەی پێدەکات کە ((حەوشەکەشمان ئەوەندە بچکۆلەیە جێی دوو گوڵە باخی لێنابێتەوە، تەنها یەك بنەمێوی تێدایەو ئەویشیان زڕە... پاییزان گەڵا زەردەکانی وەك فرمێسکی تەنیاپی و غوربەتیم دادەبارێن.. رەشەباش دەیانباو دەیانهێنێ....))[2].

لەلایەکی دیکەوەو هەر سەبارەت بەدیاریکردنی شوێن، پاڵەوان دەڵێت (لەحەوشەی لات و هەژاران، هەموو درەختێك زڕەو هیچ ناگرێ، دوو کولانەیەو بەس، ژمارەیەکی زۆر لەمنالّی سەرکەو بنکە، چۆن کەوتوینەتە نێو ئەم گەڕەکە خاوێنەی خوا پێداوەکان....؟ نێو ئەم هەموو کۆشکە رەنگاوڕەنگە..؟

برادەرە دەوڵەمەندەکانی گەڕەك زوو زوو پێم دەڵێن:- ((کەی ئەم تەویلەیە تێکدەدەن)).

هەموو ئەمانە ئاماژەیەکن بەوەی کە لەنێو ئەو گەڕەکە کە دەوڵەمەندو خواداپێداوەکانی تێدایە، خانووەکەی ئەمانە بەوێنەی تەویلەیە.

پاشان لەلایەکی ترەوە حەمەدەڵێت: (شەوانی هاوین کە لەسەر بانە تەپیوەکەی خۆمان رادەکشام و تۆم لەوبەرەوە دەدی، وەك فریشتەیەکی چکۆلانە ناو باڵکرنەکەت جێنەدەهێشت و لەوێوە ڕا، وشەی کراسەکەتم دەبیست و ختوکەو لەرزێکی

---

[1] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن، ل٦

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٧

خۆش و بەتام هەمووی گیانمی دەتەنی و خەنی دەبووم، وامدەزانی چی ئەستێرەی ئاسمان هەن رژاونەتە سەربانەکەی ئێمەو.... منیش یەکەیەکە هەڵیاندەدەم و تۆش لەوبەر دەیانگرییتەوە...؟))[1]

واتە لەسەر شوێنی ناو چیرۆکەکە کە بەگشتی ئاماژەدان بووە بە گەڕەك و ماڵە بچووکەکەی پاڵەوان، لەباسکردنی ناو ئەو گەڕەك و کۆڵانانەوە وردە وردە پاڵەوان ئاماژە بەدوری نێوان خۆی و هێرۆ دەکات، بەوەی کە شارو جێگەیەکی تر باسدەکات کە ((ئەمساڵ زستانێ... لەنێو بەغدای غوربەت و قەرەباڵغی، لەسەر شۆستەو بەر دووکان و ناو چێشتخانەو زانکۆی پڕبەندەی نامۆو نەناسیاو... ژووری هەمیشە تەنیام..بێ تۆ و بێ نامەکانت چۆن بژیم...؟ دەنگ و ڕەنگی تۆم پێ نەگا چی بکەم...؟ تابەسەر خۆمدا زاڵ دەبم زەمەنی دەوێ، ئەو کچانەی زانکۆ بەمن چی، هیچیان مێژووی پڕ شەرم و ترس و برسییەتی من ناخوێننەوە، ئەوان کۆمەڵێ دەمووچاوی بۆ یاغکراون، ژمارەیەکی زۆر لەقۆڵ و باسك و پوزی رووتن، چەندەها خەندەو تریقەی درۆن... تەنها تۆ منت خۆشدەوێت...))[2].

ئەمانە ئاماژە گەلێکن بۆ خستنەڕووی شوێنێکی تر کە بەغدایەو حەمە خوێندکاری زانکۆیەو هێشتا لەو دوورییەوە هەر خەیاڵ و هەزی لای هێرۆ و عەشق و ئەوینی هێرۆیە، لەکاتێکدا ئەو هەموو کچە قۆڵ و باسك و پوزە رووتانەی لەناو زانکۆدا هەیە.

سەبارەت بەدیاریکردنی (شوێن)یش لەچیرۆکی (میم)دا لەپاڵ بوونی کوردستاندا، باس لەهەندەرانیشی تێدایە بەوێنە وەك بولگاریا. واتە چیرۆکەکە لەناو کوردستان رووداوەکانی دیارن و لەپاڵ کوردستاندا قسە لەسەر دەرەوە کراوە.هەر لەسەرەتای چیرۆکەکە کە ئەمین وەکو پاڵەوانی یەکەمی ناو چیرۆکەکە ئاماژە بە بوونی ئەو نەخۆشییەی دەکات‌و لەپاش چەندین ساڵ لەهاوسەرێتی گوڵناز هەرچی هەیە دەیداتە گوڵناز هەر لەزاری خۆیەوە، کە ((منێکی نووسەر... خاوەن بیروباوەڕی سەیرو سەمەرە... هەڵبەتە لای ئێوە مانان سەیرو سەمەر.... دەساڵ بەر لە جیابوونەوەمان هەرچیم هەبوو... خانوەکە... تفاقی نێو ماڵ.. بگرە دەرزی و شقارتەکانیشی لەسەر ژنەکەم تاپۆ کرد... وەکو ئێستا نەبووین..)[3].

گۆشەگیربوونی ئەمین لەماڵەوە بەجۆرێك بووە کە خۆی ئاماژەی پێدەکات کە ((رۆمان لەنێو ئەو ئەو چوار دیوارەدا دەریهێنام، سەفەری خۆشی پێکردم، سواری ئەسپی رۆمانێك دەبووم و دونیا دەگەڕام، شاخ و کێوو دەربەندەکان، پێ دەشت‌و بیابانەکان، کانی‌و جۆگەلەو روبارو دەریاو ئۆقیانووسەکان، وڵاتان.. میللەتان... کۆشکی بلورینی سەدەها دڵی ئاوەدان، کەلاوەی رووخاوی نێو ناخی هەوارەها ژن وپیاوی بێ ناونیشان، خەمی خۆم، هەی خەڵکە... سەرکەوتن نەبەزین،

[1] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن، ل٩

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٢١

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٠

چیرۆك و رۆمان ببوونە  دووباڵی ئەو سیمرخەی سواری پشتی دەبووم و دەیبردەمە حەوت تەبەقی ئاسمان، لەتاو تەنیای خۆم قسەم لەگەڵ نوسەرەکان دەکرد.... ئەوانەی سەدەها ساڵە مردوون.. دەیەها ساڵ.... خۆم دەدواند...)[1].

ئەمین هەر لەزاری خۆیەوە ئاماژە بەچەند شوێنێك دەکات کاتێك گوڵنازی هاوسەری و کچەکانی سەفەری دووریان دەکرد، ئاماژە بەشوێنەکانی (بەغدا، بەسرە، موسڵ) دەکات.

((دواجار تەڵاقم دا.. بێزاری کردم.. وای لێهات خۆی و کچەکانم سەفەری دووریان دەکرد، بەغدا، بەسرە، موسڵ... ناچار بۆ چەند شەوێك دەچوومە ماڵی (ئەنوەر)ی برام... دواجار ئەو ساڵە... خۆی و هەردوو کچە گەورەکانم چوونە (بولغاریا)...

وتم:- ((گوڵناز... حەزناکەم بەتەنیا بچنە هەندەران...))

لێم هەڵگەڕایەوەو وتی:- ((مەترسە... خۆ دوێنێ نەهاتوینەتە شار..!)).

لە چیرۆکەکەدا جگە لەکوردستان، باس لەشوێنەکانی تری وەك (بەغداو بەسرەو موسڵ و پاشان باس لەدەرەوەش دەکات ((بولگاریا)).

پاشان هەروەك چیرۆکی (گوڵی رەش)کە پاڵەوان ئاماژەبەگەڕەك و کۆڵانە تەنیاکانی ماڵەکەی دەکات.

((بەڵێ... لەنێو مێشکما هەزارەها رەوە ئەسپی ئومێدی دەم بەحیلە لەغار ناکەون.... کوفرە بمرم... لەم گەڕەکەی ئەو خودا پێداوانە پیاو وەك مشك دەمرێ... وەك مێرولە... کەس پێی نازانێ، کەسدەنگی نابیستێ، ئەم گەڕەکە هەر لەگۆڕستان دەچێت، کپ و خامۆش، لێرە کەس گوێی لەگریان و پێکەنینی یەکدی نابێ، بەدزییەوە لەدایك دەبن و بەدزیبەوە دەمرن... یان ئەوەتا لێرە، لەم گەڕەکەی ئەنوەری برام نەکەس لەدایك دەبێ  و نە کەسیش دەمرێ...

نەکەس ئەگری و نەکەسیش پێدەکەنێ... تۆ بڵێی...خۆ ئەوان خەڵکی سەر ئەستێرەی دیکە نین...)[2]..

ئەمین جگە لەگەڕەکی خۆیان باس لەگەڕەکی ماڵی ئەنوەری براشی دەکاتو قسەش لەسەر ئەستێرە دەکات، وەکو جێگەیەك کە خەڵکی لێبژی.

لەدەرخستنی رەگەزی شوێن لەچیرۆکێکی تری کۆمەڵەکەدا (زەلکاو) وەکو یەکێك لەو چیرۆکانەی کە لەناو کۆمەڵە چیرۆکەکەدا هەیە.. خودی چیرۆکەکە لەناوەکەیەوە ئاماژە دانە بەشوێن. کە وەك دەزانین کاتێك کەسێتییەکانی دەقی رۆمانێك بەشداری لە روداوێکدا دەکەن، یان لەگەڵ خودی خۆیانەو کەسانی دەوروبەردا دەکەونە ململانێوە، ئەو رووداوانە لە بۆشیادا روونادەن، بەڵکو پێویستە لەشوێنێکی دیاریکراودا رووبدەن.

هەروەکو چۆن رووداوەکانی چیرۆك پێویستیان بەژینگەیەکی ئاشنا- مەئلوف هەیە بۆ رودانیان.

---

[1] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن، ل١٥٣

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٠

هەر لەسەرەتای چیرۆکەکەدا کاتێك باس لەزەلکاوی رەش دەکات، ئەو زەلکاوەی کە مەلەی تێدا دەکرا ((ببوین بەدووبەش... بەشێك مەلەی تیادا دەکرد.. بەشێکی دیکە کە ئێمە بووین مەلەمان تێدا نەکرد، ئەوانەی مەلەیان نەکرد، هەر رۆژە و زەلامێکی تر، هەرزەیەکی تر، منالێکی تر، چ بەدزی و چ بەئاشکرا، دەهات و وەکو مراوی سەری دەخستە نێو ئەو زەلکاوە رەشە، ناویان نابوو ((گۆمی میری)) نەك هەر منالْ و هەرزەو دەستە پیاوانی گەڕەکی خۆمان و بەس، بگرە منالْ و هەرزەو پیاوانی هەموو شار وەك رەوە قاز و مراوی هەلْپروکاوی بەر گڕەی هاوین دەڕژانە رۆحانەی ئەو زەلکاوە. گەورەترین زەلکاوی شار، خەلْکێکی چلکن و پلْکن خۆیان لەو چلْکاوە نقوم دەکرد))[1].

لێرەدا پالْەوان کە گێڕەوەشە ئاماژە بەو زەلکاوە رەشە دەکات، کەناویان لێناوە ((گۆمی میری)).

ئەم زەلکاوە بێگومان جێگەی سەرنجی منالاْن و هەموو ئەوانەیە کە خولیایان بوو مەلەی تێدا بکەن، لەگەلْ ئەوەی کە گێڕەوە ئاماژە بەبوونی نەخۆشی ((بەلهارزیا)) دەکات کە کوشندەیە و بەردەوام ئاماژە دەکات بەوەی کە نەبا تووشی بن، لەبەر ئەوەی منالاْن، ناسکن، نەبا گەڕبن.

بۆ مەلەی ئەم زەلکاوە بەتەنها جحێلْ و منالْ و هەرزە نەدەهاتن، بەلْکو دەستەپیاوەکانیش دەهاتن، نەك هەر لەکەلاوەو خانووە قوڕەکانەوە.. نەك هەر لە گەڕەکی شارەوانی و ... گەڕەکە پەرپووتەکانی شارەوە... بگرە لەگەڕەکە هەرە خۆشەکانیشەوە خەلْکی دەهاتن و وەکو پۆلە مەلی تینوو بەسەر زەلکاوەکەوە دەنیشتنەوە.

باسکردنی ئەم زەلکاوە لەڕوانگەی گرنگیدانی نووسەر بەشوێن و بەتایبەت دەستنیشانکردنی ئەو زەلکاوەی گەڕەکی شارەوانی کە پەیتا پەیتاو بەلێشاو گەنجانی لێکۆدەبوونەوە، تاوای لێهات دەوروبەری زەلکاوەکە ببێتە جێگەی خۆش بۆ گەشت و رۆژانی هەینی و چوارشەممان، ژنان بەمنالْ و مالْەوە دەهاتن.

ئەوەی لەهەموو ئەمانە جێگەی سەرنجترە، ئەوەیە کە ئەو پەرۆشی هاتن و سازکردنی خواردن و دانیشتنە، لەمبەرو ئەوبەری جۆگەلەو زەلکاوەکەوە، وای لێهات کە پیرەژنەکان دەیانووت ((جۆگەباریکە رۆحی ئەسحابە رووتەیەو دەڕژێتە ناو زەلکاوەکە.... دەیانووت: لەهیچ مەترسن و مەلەی تێدا بکەن... دەتوت ئاوی کەوسەرە و ژنان مەسینەو سەماوەرو قۆری و قاپ و جام و دۆلکەو چنگیان لێ پڕ دەکرد.

وەلێ شەرمەو ناجیزەیە ژنان پیاوەکان بەڕووتی ببینن.. ئەوەندە نەهاتنە پێش... لەسەر گۆڕەکەی ئەسحابە رووتەوە دەیانڕوانییە ئاپۆرەی گوێ زەلکاوەکە))[2]. جگە لەوە ئاماژە بەوەکراوە کە ئەو زەلکاوە بەوێنەی کەنارو رۆخانەی دیجلەو فورات.. نیل... دانوب و تایمز، ئەمانەش ئاماژەیەکن بۆ ئەم رووبارو دەریاچانە کە هەریەکەیان لەجێگە و شوێنێکن. ئەمانەش هەریەکەو گرنگی خۆیان هەیە.

---

[1] گولی رەش، شێرزاد حەسەن، ل٢٠٨

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٩.

هەروەکو چۆن ئەم زەلکاوە بووەتە جێگەو سەنتەرێکی بۆ کۆکردنەوەو گردبوونەوەی زۆرترین چینەکانی کۆمەڵگە لەگەنج و منالّ و هەرزە ژن و پیاو پیرو لاو، کەواتە توانیویەتی شوێنێك بێ کەنووسەرو گێڕەوەش جێی سەرنجیان بێت و ببێتە هەوێنی چیرۆك گەلێکی زۆر، هەروەکوو چۆن (تۆما شیفسکی) لەبارەی شوێنەوە ئاماژە بەشوێن کردە دەدات و دوو شوێنی تایبەت دیاری دەکات:

حالّەتی جێگیر (ئێستا) کاتێك کە تەواوی کارەکتەرەکان لەیەك شوێندا گرد دەبنەوە (لەم روەوە کە ئوتێلەکان جێگەی هاوشێوەی کە دیداری چاوەڕواننەکراوی پالّەوانەکە نیشان دەدات زۆر سواوە)).

حالّەتی بزواو: کاتێك کارەکتەر بۆ بینینی پێویست شوێن دەگۆڕێ دەتوانین بلّێین (زەلکاوەکە) شانۆیەکە بۆ سەرجەم گێڕانەوەو پاشان رووداوەکانی ناوچیرۆکەکەشە وەك شوێنێکی گشتی و کراوە مامەلّەی لەگەلّ کراوە، بەهۆی ئاماژەی جودا جوداو بەشێوازی راستەوخ و ناڕاستەوخۆ باسی لێوەدەکرێ.

هەروەك چۆن گێڕەرەوە ئاماژەی پێکردووە، کە زۆرجار لەپالّ وێنە ئەرێنەکەیدا قسە لەسەر نەرێنی زەلکاوەکە دەکات بەحوکمی ئەوەی کە نەخۆشی (بەهارزیا) رەنگە دوو چاری هەریەك لەوانە بێت کە هەرکەس دەهات بەپەلە جلەکانی بەریان دادەکەند، بەتای دەرپێیەکەوە خۆی هەلّدەدایە ناو زەلکاوەکەوە.

نەرێنی ئەم زەلکاوە لای زۆرێك لەوانەی لەمانای زانست و تەندروستی گەیشتوون جیاواز بوو بەو مانایەی کە گێڕەرەوە ئاماژە دەکات کەرۆژێك مامۆستا کەچەلّەکە قورگی پڕبووە لەگریان و وتی:-

((رۆلّەکانم... ئێوە هەقتان لەباوك و مام و خالّ نەبێ.. ئەوان خوا هۆشی بردوون و ئەم زەلکاوە بەحەوزی کەوسەر دەزانن.. ئەو کرمەش گەرای لەم جۆرە زەلکاوانەدا دادەنێ.. بەهارزیاش نەخۆشییەکی پیسەو ئەوەی تووشی بێت وا بەئاسانی رزگاری نابێ...))[1].

مامۆستا پێیوابوو لەروانگەی تەندروستییەوە ئەم زەلکاوە شوێنێکە بۆ تەشەنەی نەخۆشی بەهارزیا، بەلاّم بەپێچەوانەوە کە خەلّکەکە بەبەهەشتی هەمووان دایان دەناو ئاوێك بوو یان سەرچاوەیەك بوو بۆ خاوێنکردنەوەی قەسابەکان لەخوێن، فیتەرەکان هەر لەو زەلکاوە خۆیان لەرۆن و چلّك و چەوری پاك دەکردەوە، شوفێرەکانیش هەر لەوێ ئۆتۆمبیلە فریشقەکانیان دەشۆری. ئەم زەلکاوە جگە لەوانە شوێنێك بوو کە عاشقان و ئەوینداران بەجێ ژوانیان دەزانی، لەو جێگایەدا بای هەوەسی خۆیان دەدا.

دەتوانینن بلّێین چیرۆکنووس وەکو شوێنێکی واقیعیو داخراو وەسفی کردووە، هەورەك چۆن وتراوە و وتویانە بە((ئەسحابەرووت)) ناونراوە، کەرۆحی ئەسحابە روتەیە.

[1] گولی رەش، شێرزاد حەسەن، ل٢١٤

تیایدا کاریگەری ئەم زەلکاوەی وەکو شوێنێك باسکردووە لەسەر دیمەن و خەڵکەکەشی هەروەها بایەخ بەئامادەبوونی مرۆڤو لایەنی سۆزداریشی لەگەڵ شوێنەکەدا داوە.

پاشان زۆر لێزانانە مامەڵەی لەگەڵ شوێن و چۆنێتی بەکارهێنانی شوێن دەکات، کاتێکیش باس لەزەلکاو دەکات، ئەو جێگەیەی کەببووبە جێیەکی گرنگ و جێ باسی هەموو چینو توێژەکان لەگەڵ ئەوەی زۆرجار تەندروستییەن خالّی نەرێنی زیاتر بوو، بەلاّم چیرۆکنووس بەم مامەڵەکردنە لێزانانەی توانیویێتی زرجار شوێنە واقعییەکان لەرێگەی گێڕانەوەوە بگۆڕێت بۆ شوێنێکی خەیالّی و بەپێچەوانەشەوە.

لەگەل ئەوەشدا زۆرجار بەمەبەستی رونکردنەوەی رووداو و دەرخستنی واقعییەتی مێژوویی ئەو جێگەیە، ئاماژەی کردووە بەو شوێنە.

واتە چیرۆکنووس رەنگە بەبۆچوونی من تاڕادەیەك شوێنی وەکو گۆڕەپانی رووداوەکانی وەسف کردبێت و لەپشت ئەو شوێنەوە کۆمەلێك ئامانجی مێژوویی و رامیاری و ئیستاتیکی پێکابێت.

ئەم زەلکاوە کە هێندە وەك لەسەرتای چیرۆکەکەدا، ئاماژەی پێکراو بەشوێنێکی گرنگ دادەنرا لەسەرجەم لاینەکانەوە ئەو چین و توێژانە رووی تێدەکرد، گومانی تێدا نییە کە ئەم زەلکاوە لەدواجاردا کەسێك لێی ناگات، هەروەك چۆن لەچیرۆکەکەدا ئاماژەی پێدەکات گێڕەرەوە:

((چەند جارێك ویستم نهێنی خنکانی نەوزاد بەمامۆستا بڵێم.. نەموێرا.. تادەهات زەردو لاوازتر دەبووم، هەموو شەوێ نەوزاد دەهاتە خەونم.. هەمیشە لەژێر ئاوەوە رووی خۆی نیشاندەدام، نەك ئاوی زەلکاو.. بەڵکو ئاوی سینی یەکێ لەحەوزە مەرمەڕییەکان... لەژێر ئاوەوە دەیدواندم.

(دلّە.. منیان خنکاند... هەقم بستێنە...) منیش دەگریام و دەمووت (نەوزاد تۆ مردوویت... چۆن قسەم لەگەڵ دەکەیت..؟). پاشان وەئاگا دەهاتم و ئارەقەیەکی گەرمم دەکرد تابەیانی خەوم دەزڕا... مامۆستا کەلچەلّەکەش، سمێلّی خۆی دەکرۆشت و پێی دەوتین:- رۆڵەکانم... نەکەن مەلەی تیا بکەن...))[1].

ئاگادارکردنەوەی لاینە پەیوەندیدارەکان لەوەی کە ئەم زەلکاوە شوومەو خەلّکی تووشی گەڕی کردوون، تادەهات قوڵتر دەبوو، تادەهات لافاو و بارناوی زستانی دەڕژایە ناو.. هەرچی گەندو گوی شار هەبوو تێی دەکردەوە.

لەلایەکی ترەوە باس لەچۆنێتی سیحری ئەم زەلکاوە دەکات، کەچۆن خەڵك لێی زیك دەبنەوەو مەلەی تیادا دەکەن.

((چەند کەسێکیان نارد نەهێڵن ئەو خەڵکە مەلەی تێدا بکا... کەچی هەر لەدوورەوە... وەك بڵێی سیحریان لێکرابێ.. خۆیان رووت دەکردەوە...نەبای خەڵکەکە کەوتنە باسکە مەلەو بۆقە مەلەو سەگە مەلە... چ زەلکاوێکی سیحراوییە...

[1] گولّی رەش، شێرزاد حەسەن، ل٢٢٩

کەس گوێی لەکەس نەدەگرت... ڕەشە خەڵکەکە دەیوت: سیحری ڕەشی چی... ئەم سیحرە، سیحری ڕۆحی سپی ئەسحابە رووتەیە...!

زۆرجاریش ژنان دەپاڕانەوە لەپیرەژنەکانی سەر مەزارەکەو دوعایان بۆ بکەن لەخواو ئەسحابە رووتە بپاڕێنەوە ئەو قیامەتە بووەستێنێ، پیرەژنەکان دەیانوت:-

((گوناهی پیاوەکانە... کەس لەسەر مەزاری وەسحابەرووتە ئارەقی خواردۆتەوە..

((ئاخر زەمانە... قەت نەبووە پیاو مەلەبکاو ژن سەیری بکا...؟))

-گۆمەکە پاکە... خەڵکەکە پیسە.

-گەورەکان گوناه دەکەن و خوا لەساواکانی دەنوێنێ...)).

پیرۆزیەتی ئەم زەلکاوە لەلایەکی ترەوە قسەی لەسەر دەکرێت بەوەی کەمەزاری پیرۆزەو قسە لەسەر ئەسحابە رووتە دەکرێت کە لەشەڕو غەزای کوردە کافرەکاندا کوژراوە هەروەکو چۆن وتویانە ڕۆحمان قوربانی بێت..

هەروەکو چۆن وتویانە تەریقەداری  شێخ سمایلی ناو لەپ سەوز فەرمویەتی ئەو جۆگەلەیە ڕۆحی منەو ئەو زەلکاوەش لێی مەترسن، کە نەك هەر جۆگەلەیەك... تەنها گەردێگ لەرۆحی پاکی ئەو زاتە پیرۆزە هەزار گۆم و زەلکاو پاك دەکاتەوە..[١]

[١] گوڵی ڕەش، شێرزاد حەسەن، ل٢٤٤

**٤. بینای هێما.. (ڕەمز)**

لەفەرهەنگی موعین فارسیدا هێما بەمشێوەیە دەناسرێت: ((sambol- سمبۆڵ)) — ((فەرەنسی- symbole))

١-وەکو ناو: شتێك یان بوونەوەرێك کەپێناسەی بوونەوەرێکی داماڵدراوو ناوێکی دیاریکراو دەکات، نیشانە- ئاماژە.

٢-ڕواڵەت: ((هەر نیشانەیەکی کورتکراوەی بڕیار لەسەر دراو)).[١]

لەزمانی ئینگلیزیشدا (سمبۆڵ) کە بەهێما وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و هەروەها لەزمانی یۆنانیشدا (سیمبالین- symballin)ەوە وەرگیراوە، کە بەمانای پەیوەست بوون و تێکەڵاوبون دێت و لەناوە دارێژراوەکەشی (سیمبۆلۆن- symbolon)ەوە بەدەستهاتووە، کە لەزمانی یۆنانیدا بەمانای (نیشان، روخسار، ئاماژە) بەکارهاتووە.

(ییتس) کەنووسەری ئیرلەندایی-یە پێیوایەکە ((هێما تەنها گوزارشتی شیاوە بۆ جەوهەرێکی نەبینراو، هونەری هێمایی سنوری خۆی و جیهانی فیزیکی تێدەپەڕێنێ و بەرەو بوونێکی بزوێنەر لەو دیو هەستەکانەوە هەنگاو دەنێت)).[٢] (جۆرج والی)ش دەڵێت: ((مانایەکی شاراوەیە لەو دیو لێکچوونی دووشت، هێماو هێما بۆ کراو، لێکچوونێك کەزیاتر بەپشتیوانی ئاسەواری دەرونی و واقیعی کاردەکات)).[٣] یاخود((هێما هەموو ئاماژەیەکی هەست پێکراوە کە نادیارێك دەردەخات)).[٤]

ڕەمز(هێما)ش وەکو لەهەموو شێوەکانی تری تەکنیك زیاتر بەکارهێنراون لەچیرۆکی کوردیدا، زۆربە چیرۆکنووسانیش بەکاریان هێناوەو سەرکەوتنێکی چاکیشیان بەدەستهێناوە تیایدا. لەهێماشدا زیاتر پشت دەبەسترێ بەهەست پێش عەقڵ و ڕەگەزی خودی.

هەروەها لابردنی جیاوازی نێوان خودو بابەتو جیهانی ناوەوەو دەرەوە، یەکێك بووە لەئامانجەکانی بەکارهێنانی هێماو پەنا بردنە بەر هێما.[٥]

---

[١] فرهنگ فارسی، د.محمد معین، جلد پنجم،چاپ سازدهم، مطبوعات سهره تهران، ١٣٧٧، ص٢١١

[٢] اصول ادب الحداثة، میکل. هـ.لیفتسن، ت:یوسف عبدالمسیح ثروة، ط١، دار الشؤن الثقافیة العامة، بغداد ١٩٩٢، ص١٥٠

[٣] الاسطورة وتحولاتة کرمز، کونیة، مجلة الفکر العربی المعاصر، عدد (١٣)، مرکز الانحاء القومی، ١٩٨١-بیروت، ص٩٥

[٤] المعجم الادبی، د.جبور عبدالنور،ط١، دار العلم للملاین، بیروت-١٩٧٩، ص٤١

[٥] چیرۆکی نوێی کوردی، حەسەن جاف، ل٩٥

ئاندرێ لاند-یش لەسەر هێما پێناسەی بۆ کردووە((کەهێما بریتییە لەئاماژەیەکی هەستپێکراو بەهۆی پەیوەندی سروشتییەوە، لەشتێکی نادیار دەدوێت)).[١]

یان((هاوبەشی دوو شتە لەیەك سەرچاوەداو یەکانگیربوونیان، ئەو شتەش هێماو واتاکەیەتی)).[٢]

چیرۆکنووس بەردەوام هەوڵیداوە لەچیرۆك یاخود رۆمانەکەیدا بەوەسف و دەلالەت و باسکردنو هێماو مەبەستی جیاوازەوە بڕوانێتە جیهانبینی دەقەکەو شتێك یاخود کەرەستەیەکی کردۆتە هێماو بەکاریهێناوە، یاسوودی وەرگرتووە بۆ بوونیادنانی دەقێکی فەنتازیو دوورکەوتنەوە لەمەئلوفو تەجاوزکردنی بیروڕواکانی واقیع لەناو ئاستەکانی گێڕانەوەدا، وەتێکەڵاوکردنی واقیع بەئەندێشە یاخود واقیع+خەون+حیکایەت، دواتر چەندین بابەتی جیاواز دەخاتە ناو گۆشەنیگای جیاوازەوەو سەیری ژیانی پێدەکات، لەدروستکردنی خەیاڵوئەندێشەشدا سوود لەکەرەستەی حیکایەت و ئەفسانە وەردەگرێو بەچەند دەلالەتێك یاخود رەمزێك-ی شاراوە دەخاتە ناو ئەم چیرۆکانەوەو وەکو رەمزی بەرهەمهاتوو و دروستکردنی جیهانێك لەنێو مانادا.[٣]

واتە لای چیرۆکنوس و رۆماننووسەکان کارکردن بەرەمزو هێمادارى بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی دەلالەت ئامێز گرنگی خۆی هەبووە بۆ نموونە مەلا هێمای ئایینو پیاوە پێ مسەکانو پیاوە سەر ئاسنەکان هێمان بۆ داگیرکەرو.... هتد.

((هێماکاری دژی پەروەردەکردنو فێرکردنو وتاربێژی و هەستی درۆزنانەو وەسفی هەستی واقیعییە)).[٤]

واتە هێماکاری دەربازبوونە لەو شتە سادانەی گەلێکجار قووڵدەبنەوە ناو دونیای ئەدەبی، وەهەنگاوێکە بۆ دەرەوەی ژیانی باوو رۆژانە لەرێگەی بانگهێشتکردنی هێماکەیەوە بۆ ناو ئەدەب هەر لەمێژەوە لەدروشمە ئایینیو هونەرەجوانەکاندا بەگشتیو لەشیعرو ئەدەبیاتیشدا بەتایبەتی بەکارهاتووە.[٥]

زۆرجاریش تێگەیشتن لەهیچ بەرهەمو بابەتێك بەجێ نەهاتووە، تاوەکو هێماکانمان نەناسیبایە یاخود پێی ئاشنا نەبوینایە.[٦]

واتە هێما رۆڵێ هەبووە لەهەموو بابەتو نوسینێك یاخود چیرۆك یان رۆمانێك چونکە هەوێنی تێگەیشتن بووە.

---

[١] مکتبهای ادبی، حسین سعید رضا، جلد دوم، تهران-١٣٧٦، ص٥٤٠

[٢] مذاهب الادب العربی (الرمزیة)، یاسین الایوبی، بیروت-١٩٨٢، ص٨

[٣] رۆمانی کوردی (خوێندنەوەو پرسیار)، سابیر رەشید، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ-١، هەولێر-٢٠٠٧، ل٢٠١

[٤] الرمزیة والادب العربی الحدیث، انطوان غطاس کرم، بیروت-١٩٤٩، ص١٠٥

[٥] الرمز والرمزیة في الشعر المعاصر، د.محمد فتوح احمد، ط٢، دار المعارف القاهرة- ١٩٧٨، ص٣٣

[٦] هێماگەریەتی لەئەدەبیاتی شانۆیی-دا، د. فەرهاد نازرزادەی کرمانی، و: پێشڕەو حسێن، چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی-٢٠٠٠، ل١٢

وەهێما یەکێك بووە لەو تەکنیکانەی کە هەر لەمێژە بەکارهاتووە، سەرەتا تراجیدیە کۆنەکانی یۆنان لەسەر بنەمای ئەفسانەو ئاینو سروتەکانی پەرستن داڕێژراوەو ئەوانەش سەرچاوەی سەرەکییەکانن.[1]

یەکەمجاریش ئەو بایەخپێدانەی کە بەهێما دراوە لەنێو دونیای ئەدەبدابووە کە لەدوای کلاسیکیەکان، لێکۆڵەرەوا پێیانوایە ئەدەبی شکسپیر تێکەڵاو بەهێمایە.

((گۆتە)) پێوایە کە شکسپیر لەدەقەکانیدا هێماو نهێنییەك هەیە کە دۆزینەوەو بینینیان دەبێتە هۆی ئازادیو خورپە.[2]

((پەیدابوونی قوتابخانەی (سیمبۆلیزم-رەمزیەت) کە لەفەرەنسا سەریهەڵدا، لەکاتی بڵاوکردنەوەی چامەکانی مالارمێو مۆلین، کە ئەم چامانە دەرچونێك بوو لەقاڵبە پتەوەکانی شیعری فەرەنسی چ لەڕووی روخسارەوە یاخو ناوەڕۆك، بەرەو ئامانجی پشتبەستن بەهەست پێش عەقڵو عونسوری خود پێش مەوزوعی))[3] .

وەداوای تێگەیشتنی واقیعیان دەکرد بەهۆی گشت هەستەکانەوە-الحواس- و وێنەگرتنی ئەو واقیعە لەهونەرێکدا کەرووخسارو دەنگو چێژو بۆنو خەون پێکەوە تێکەڵ بکا. دوای پەیدابوونی لەفەرەنسا لەوێشەوە بەهەموو ئەوروپا بڵاوبوەوە.

گراهام هۆ ((ئەدەب بەگشتی بەکارێکی (هێما)ی دادەنێت، (ئەدەب بەوشە دروستدەکرێت، وشەکانیش هێمان)).[4] دواتر دەڵێت: ((ئەدەبە ئامرازێك بەکاردەهێنێت کە خۆی لەخۆیدا لەئەنجامی کارێکی تەشکیلییەوە دروستبووە)، واتە ئەدەب شێوەیەکی رەمزیە-بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان لاوەکی، چونکە جۆرە رستەیەك، لەوێنە رەمزیە حازرەکان بەکاردەهێنێ کەزمانی پێدەڵێن))[5] . وەئەدەب جیهانێکی جیاواز دروستدەکات، کە رەمز لەکاتێکدا دەتوانێ دروستی بکات کە بەهۆی ((هاوسەنگ گرتنی وێنە بابەتەوە) چونکە وێنە لەرمزیەتدا تاکەشێوەی بەرجەستکردنو تێگەیشتنی بابەت، ئەمەش بەهۆی سیحری وشەو وێنەوە دێتەدی))[6] .

ئەو هاوسەنگیەش کاتێك بەدیدەکرێت، کە ئەدەب پڕبێت لەهێماو واتا. وەرەمز یاخود هێماکە بەبێ ئەوە بەزیندوو ناژمێردرێت[7]..

بۆیە هێماکاری هەر لەو سەردەمەی سەری هەڵدا، زەمینەی بۆ رەخساوە، لەبەر ئەوەی ئەدەبی دووبارەکردنەوەی ژیان نییە بەشێوە فۆتۆگرافییەکەیو هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی گوزارشت و دەربڕینێك لەو ژیانە. بۆیە گەلێك جار پێویستی بە

---

[1] تاریخ المسرح في الثلاثة الاف السنة، شلدون تشینی،ت.درینی خشتبة، المؤسسة المصرية العامة للتاليف والترجمة و الطباعة و النشر،١٩٦٢، ص١٦٢

[2] هێماگەریەتی لەئەدەبیاتی شانۆیی-دا، د. فەرهاد نازرزادەی کرمانی، و.پێشڕەو حسێن، چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی-٢٠٠٠، ل٣٤

[3] چیرۆکی نوێێ کوردی، حەسەن جاف، ل٩٥

[4] مقالة في النقد، غراهام هو، ت:محی الدين صبحي، مطبعة جامعة دمشق، ١٩٧٣، ص١٦٠- ١٦١

[5] سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٠-١٦١

[6] سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٤

[7] الرحلة الثامنة، جبرا ابراهيم جبرا، منشورات المكتبة العصرية- صيدا- بيروت،١٩٧٦، ص٦٤

بەکارهێنانی هێماو پەنابردنە بۆ هێماکاری وە نووسەریش بۆ دۆزینەوەی دەربڕینە چیاوازەکانی، زەمینەی بۆ سەرهەڵدانو دروستبوونو بەکارهێنانی (هێما) رەخساندووە. چونکە ((لەهەڵچوونو هەستو نەست و مەسەلە پەیوەستەکان بەنووسەرو شاعیرەوە دەدوێت، وەکو هێزێکی پاڵپشتیکەر بۆ واتاو مەبەستەکانیان بەکاریدەهێنن، بەشێوەیەك دەرگای مەعریفی بۆ وەرگر وەلادەکەن.[1]

و هێما گەرەکان دورکەوتوونەتەوە لەوەی لەشێوەی رێسایەکی جێگیردا مامەڵە لەگەڵ هێما بکەن، سەرنجیان خستۆتە سەر سێ بنەڕەتی گشتی کە بریتین لە:-

١-ئاوازو وشەو هێمای دەربڕینی.

٢-خرۆشانو هەڵچوون.

٣-سەربەخۆیی...[2]

جگە لەوانەش هەمیشە نووسەر بۆ دیاریکردنی چەمکی هێماو چۆنێتی بەکارهێنانی دەبێت دوو ئاست لەبەرچاوبگیرێت:-

١-ئاستی داڕشتنی هونەریو چوارچێوەی هێماییەکەی.

٢-ئاشتی ئەو ئیحایانەی لەئاکامی لێکچوونی باری دەرونی دێنەکایەوە.[3]

زۆرجار بەکارهێنانی (هێما)ش جگە لەوەی پێویستییەکی مەوزوعی و هێندێ بارو زروفی تایبەتی بووە، هەروەها جاروباریش ئەو بەرهەمانە لەتەمو مژدا خنکێنراون لەبەرئەوەی مانەوەی ئەم (هێما)یانە لەسنوری بەرتەسکی خودی خۆیاندا، بەمەبەستی تیشکخستنە سەر هەڵوێستو بڕوای نووسەر بەکارنەهاتووە، بەڵکو مەبەستی لەگۆشەی ویستو حەزەوە (واتە ڕەمز بۆ رەمز)، ئەمجۆرە بەکارهێنانەش کەمتر بەکاردێ لەناو چیرۆکدا.

بەکارهێنانی هێما هەندێکجار لەوانەیە بابەتی نوسەرەکە توشی گێروگرفت بکات بۆیە بەوشێوە هێمایە دەریدەبڕێت.[4] بەکارهێنانیشی پێویستی بەکۆمەڵێك لێهاتوییو شارەزایی هەیە کە دەبێت نوسەر خاوەنی بێت ئەوسا لەسەر بنەمایەکی دروست دەتوانێت کاربکات.

[1] رەمز لەشیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خواروی کوردستانی عیراقدا (١٩٧٠-١٩٩١)، پەخشان سابیر، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین-٢٠٠٢،ل٨٠

[2] هێماگەریەتی لەئەدەبیاتی شانۆیی دا، د. فەرهاد نازر زادەی کرمانی، و.پێشرەو حسێن، ل١٨

[3] الرمز والرمزية في الشعر المعاصر، د.محمد فتوح احمد، ص٤١

[4] چیرۆکی نوێی کوردی، حەسەن جاف، ل٩٧

((هونەری هێما بەتەنها هێما نییە بەڵكو لەئەركێك زیاتر جێبەجێی دەكات، چونكە ئەوكاتە گوزارشتی تەواو لەكێشەكان دەكات كەخۆیان گوزارشت لەخۆیان بكەنو داڕشتنێك بۆ بیرۆكەو چەمك بسەلمێنن)).[1]

دەبێت ئەوە بزانین كەهێما هەمیشە گەیەنەری جۆرێك لەئیحایە بەو واتایەی دەربڕینێكی ناڕاستەوخۆی ئەو لایەنە قوڵانەی دەرونی مرۆڤە كە بەواتا بابەتییەكەی ناتوانێت راستەوخۆ دەریانبڕێت، بۆیە ناچار دەبێت پەنا بباتە بەر خود.

مرۆڤ هەمیشە بەشێكە لەگەردوون، گەردوونیش لەخودی مرۆڤدا نەبێت بوونی نییە، هەر لەبەر ئەوە هێما كارەكان بەناخی خوددا رۆدەچن بەمەبەستی دۆزینەوەی رازی قوڵایی دەروون)).[2]

كەواتە هێما بەتەنها ئاماژەیەكی دابڕاویش نییە بۆ مانایەكو بوونێكی دیاریكراو. هەر ئەركێك جێبەجێ بكات، بەڵكو پێكهاتەیەكی كاریگەرەو بەبەردەوام لەنەستەوە (لاشعور)ەوە، واتاو ئەرك بەرهەمدەهێنێتو جێبەجێیان دەكات.

ئەو كاریگەرییانەش زۆرجار لەسێ خاڵدا خراونەتەڕوو:

١-كاری پەیوەندیكردن.

٢-كاری پێگەیشتن.

٣-كاری ئاڵوگۆڕكێ...[3]

كەواتە هێما ئەركی گەیاندنو دروستكردنی پەیوەندییە لەنێوان نوسەرو وەرگردا(نێرەر، بۆ نێردراو).

هێماكان لەناخەوە دروستدەبن و ئاراستەی ناخی تر دەكرێن، لەوێ شیدەكرێنەوەو وەردەگیرێن. كەواتە هێماكاریش خودییە نەك بابەتی، ئەبستراكتە، لەهەستپێكراوەوە بۆ جیهانی عەقڵو هۆشیاری ناوەكی دەگوێزرێتەوە، وەرێژەیشە، چونكە پەیوەندی بەسۆزو بیری وردو قوڵەوە هەیە، زمان روی لەسەر هەڵدەماڵێت..[4]

واتە وەك ئەم هێلكارییە:




---

[1] the british journal of aestheticsvol. No.٤.oct. ١٩٦٢.p ٣٤٩

[2] هێما لەچیرۆكی هونەری كوردی كوردستانی باشور (١٩٦١-١٩٨٠)، تالب محمەد ئەحمەد، نامەی دكتۆرا-٢٠٠٥، ل١٤

[3] هێماگەریەتی لەئەدەبیاتی شانۆدا، ،ل٥

[4] الادب المقارن، محمد غنیمی هلال، دار العودة-دار الثقافة، ط٥، بیروت، ص٣٩٩

جگە لەوەش هێماکاری واتە بەکارهێنانی چیرۆك، یان هەر بابەتێکی ئەفسانەیی.. بەمەبەستی کاریگەریو بڵند کردنی هەڵچوون)).[1]

کەواتە هێماکاری  روپۆشێکە بۆ ئاماژەکردنو نیشاندانی تایبەتی لەدۆخەکانی ترسو نەبوونی ئازادی و گەلێجار مەبەستی جوانکاریش دەکەوێتە پشتەوە کەبەمەبەستی هێنانەکایەی داهێنانێکی هونەری و خستنەڕووی  ئاستێکی ئەدەبی بەرزە.

یەکێك لەلێکۆڵەرانی ئەدەبیش بۆ هێماکاری بۆ چوونی خۆی هەیە کەدەڵێت: ((ئەدەبی هێمایی ئەو ئەدەبەیە کە خوێنەری ئاسایی دەیخوێنێتەوە تەنها روکەشەکەی تێدەگات، بەڵام خوێنەری وردبین لەو روکەشە تێناگات، بەڵام دڵی بەوەندە ئاو ناخواتەوە، بەڵکو بەردەوام دەبێ بەرۆچوون بەناو دەقەکەدا تا ئەو جوانییە دەبینێتەوە کە لەناویدا خۆی حەشارداوە.[2]

کە بێگومان ئەو وەرگرە پڕ سەرنجە دەتوانێت شتی گەلێك جیاوازتر لەوەرگرە سادەکان ببینێت. چونکە ئاستی درك کردنی ئەو پلەیەك بڵندترەو باشتر لەواتای هێماکانو داڕشتنی سیستەمەکە تێدەگات. لەوانەشە خوێنەری وردبینی تر هەندێ شتی جوانتر و نوێتر بدۆزێتەوە کە بەخەیاڵی خوێنەری پێشووتردا نەهاتبێت)).[3]

هێماش دەتوانرێ بۆ چەند چۆرێك دابەشبکرێت:-

هێمای رامیاری، هێمای کۆمەڵایەتی، هێمای واقیعی، هێمای بیروبۆچون، هێمای دروونی.[4]

جگە لەوەش چەند بۆچوونێکی جوداتر هەیە لەمەڕ پۆلێنکردنی هێما:

١-هێمای ئەفسانەیی.

٢-هێمای ئاینی.

٣-هێمای مێژووی.

٤-هێمای کەلەپووری.[5]

بۆ چوونی دیکەی تریش هەیە، کە هێما دابەش دەکاتە سەر:-

١-هێماکانی کەلتووری نوسەر.

٢-هێماکانی بێگانە.

[1] دراسات في الادب المقارن التطبيقي، د.داود سلوم، دار الحرية للطباعة، بغداد-١٩٨٤، ص٢٤٦

[2] هێما لەچیرۆکی هونەری کوردی کوردستانی باشور (١٩٦١-١٩٨٠)، تالب محەمەد ئەحمەد، ل١٠

[3] اشهر المذاهب المسرحية، دريني خشبة، ص١٦٥

[4] هێما لەچیرۆکی هونەری کوردی کوردستانی باشور (١٩٦١-١٩٨٠)، تالب محەمەد ئەحمەد، ل٢١-١٢٠-١١٩-١٥٧

[5] رەمز لەشیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خواروی کوردستانی عیراقدا، پەخشان سابیر، ل١٥٢-١٧٨-٢٣٨-٢٦٩

(لێرەدا نووسەر دەتوانێت سوودمەند بێ لەو هێما نەتەوەیی‌و کەلتووری‌و رۆشنبیرییەی خۆیان لەگەڵ ئەو هێمایانەی تر کە ئەوانی تر واتە خەڵکانی سەر بەکەلتووری جیاوازو رووناکبیری بەرهەمیان هێناوە.[1]

سەرەڕای هەموو ئەمانەش دەکرێت ئاماژە بەسێ چەمکی سەرەکی بدەین کە هێمای پێ پۆلێن دەکرێت:
١-هێمای تایبەتی (کەسی): لێرەدا بەتەنها ئەو هێمایانەیە کە بەرهەمهێنەرەکەی درکیان پێدەکات پەیوەندی بەخودی کەسەکەوە هەیە.
٢-هێمای رەسەن: زیاتر ئەو هێمایانەیە کە لەنێو رەوتە ئەدەبییەکاندا واتاکانیان دەردەکەویت‌و لەدەرەوەی ئەو رەوتە هیچ واتایەکیان نییە.
٣-هێمای ئاسایی (باو): ئەو هێمایانەن کە لەنێو کایەکانی زمان‌و ئەدەبدا هەن‌و هەموو کەس دەیانناسێت.[2]
گرنگیدان بە بنەما بۆ (هێما) شتێکی پێویست‌و حەتمییە، چونکە کاتێك هێمایەك دێتە بەرهەم دەبێت نووسەر بنەمایەك بۆ بەرهەمهاتووەکە دەستنیشان بکات.
ئەو بنەمایانەش زیاتر بەسەر سێ جۆردا دابەشدەبن:-

١-بنەمای کۆمەڵایەتی یاخود ئایینی: هەموو ئەو شتانەیە کە خودی کۆمەڵێکیان نەتەوە یان ئایینێك هەیانەو لەلای خۆیان واتایەکی دیاری کراوی هەیە.
٢-بنەمای تایبەتی: بوونی زاراوەو وشەی بەرهەمهاتووی خودی چەند کەسێك کە واتای تایبەتیان پێبەخشیوە.
٣-بنەمای گشتی: لێرەداو لەم بنەمایەدا سەرجەمی گەلانی دونیا تێیدا هاوبەشن، بەجیاوازی زمان‌و بیروڕا..[3]
هەروەها رەنگ‌و ژمارەش وەکو بنەمایەك دەتوانرێت ببنە بنەمای دروستبوونی هێما، چونکە دەکرێت باکگراوندی جیاوازیان بۆ دروست بکرێت‌و زیاد لەواتایەکیان پێببەخشرێت.

دواتر ئەدەب رایهێناوین لەسەر ئەوەی، کە ڕەنگەکان لەئەزموونێکی ژیاریدا خاوەن ناوەڕۆکێکی هێمایی بن. سوور وەکو خوێن، سپی وەکو ئاشتی‌و.....هتد، واتە ڕەنگەکان کاریگەریان نابێت گەر زیادەڕەوی لەبەکارهێنانیدا نەکرێت و

---

[1] هێماگەریەتی لەئەدەبیاتی شانۆیدا،د.فەرهاد نازر زادەی کرمانی، ل١٣
[2] النقد التطبيقي التحليلي، د.عدنان خالد عبدالله، ص٣٣
[3] رەمز لەشیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستانی عیراقدا، پەخشان سابیر، ل٢٢

لایەنەکانی تریش پاڵپشتی ئەو کردارە نەبن.[1] کەواتە ڕەنگو ژمارەش دەتوانن ببنە خوڵقێنەری هێمایەك لەناو پێکهاتەی دەقدا.

ڕۆڵو بوونی هێماش پێویستە لەدەقدا، واتە لەتەکنیکی دەقدا دەکرێت بوونی بەکارهێنانی هێما بخرێتە ڕوو:-

١-بۆ خۆدزینەوە لەچاوی ڕەقیبو سانسۆر.

سانسۆریش هەردوو جۆری:-

ا-سانسۆری قەدەغەکردن: ڕێگرتن لەبلاوبوونەوەی بەرهەم.

ب-سانسۆری سزادان: سزادانی نووسەر دوای بلاوکردنەوەی بەرهەم.[2]

٢-بۆ وروژاندنی ئەندێشەو هەزری خوێنەر.

٣-بۆ دەربڕینی مەبەستێك کە گوزارشتە ڕاستەوخۆکان ناتوانن ئەو مەبەستە دەرببڕن، زۆرجاریش وەك شاردنەوەی ماناو مامەڵەی ڕاستەوخۆش لەگەڵ وەرگردا لێکدەدرێتەوە. ((هێماو هێماگەرایی دیاریکردنی بابەتێکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ)).[3]

٤-بۆهێنانە کایەی جوانکاریش، نووسەر پەنادەباتە بەر هێما.

٥-جگە لەوەش هێما کاری واتە بەکارهێنانی چیرۆك یاخود هەر بابەتێکی ئەفسانەیی بەمەبەستی کاریگەری و بڵندکردنی هەڵچون.کە ئەمەش ئەرکێکی ترەو بۆ بەکارهێنانی هێما لەنێو تەکنیکی دەقدا بەکار هاتووەو سوودی لێوەرگیراوە.

لەبارەی پراکتیکی کارەکەو هێماو دیاریکردنی سەرجەم ئەو هێمایانەی کە وەکو ڕەمزێك لەناو چیرۆکەکانی (گوڵی ڕەش)دا بەکارهاتووە.

(گوڵی ڕەش) وەربگرینەوە، دیارە گوڵە مۆرەکانی ناو ئینجانەکان، چیرۆکنوس وەك هێمایەکی دیار بەکاریهێناون بۆ هەردوو حاڵەتی هەژاریو نەهامەتی

((دەدەی ئەو پەنجەرەیە، بکەرەوە... گوڵە مۆرەکانی ناو هەردوو ئینجانەکە ئاوبدە...))

پاشان باس لەوە دەکات کە لەسەربانەکەیان گیای زەردو سیسو وشکەوە بوو هەیە کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئاماژەو هێمایە بۆ دابڕانو دوریو ڕۆیشتنی تۆ کە بەدوری هێرۆ پایزەو گەڵاڕێزانەو گوڵەکان زەردو گیاش سیسو ووشکە.

بەنزیك بوونی هێرۆ لەماڵەکەدا، دڵی حەمە بەچەشنی ئەو گوڵە مۆرانەو تۆ تێر ئاوی دەدەیت جوانو ڕازاوە. بەڵام کاتێك هێرۆ ئەڕواتو دور دەکەوێتەوە، حەمەش لەحەسرەتو حەژمەتی دوریا بەچەشنی گوڵە مۆرەکان سیسو ژاکاو دەبێت.

[1] الحداثة، مالكوم برادبري، جيمس ماكارلفن، دار المؤمن-بغداد، ١٩٩٠، ص٢٤٦

[2] فەرهەنگی نوێ، بورهان قانیع، چاپخانەی قانیع، چ٢، سلێمانی ٢٠٠٣، ل٦٥

[3] فرهنگ اصطلاحات نقدادی،د.بهرام مقدادی/ چاپ اول، انتشارات فکر روز، تهران-١٣٧٩، ص٥٧٦

پاشان گەڵا زەردەکانی حەوشەکەیان هێمایەکە کە بەکاریهێناوە لەکاتێکدا بەوێنە فرمێسکی چاوانی دادەبارێتو گەڵاریزانە.

((حەوشەکەشمان ئەوەندە بچکۆلەیە جێی دوو گوڵەباخی لێ نابێتەوە، تەنها یەك بنەمێوی تێدایە، ئەویش زڕە، پایزان گەڵا زەردەکانی وەك فرمێسکی تەنیاییو غوربەتیم دادەبارێت... رەشەباش دەیانباو دەیانهێنێ... هەموو درەختێك... هەموو گوڵە باخێك لەحەوشەی لاتو هەژاران زڕەو هیچ ناگرێ...))[1].

لەلایەکی ترەوە، هەژاریو نەداری خۆیان لەو ئاستەدا دەبینێت کە هێمای حەوشەی لاتو هەژاریو زڕی درەختی ناوماڵو باغەکەیان بەکارهێناوە بۆ هەژاریو نەبوونی. سیس بوونی گوڵە مۆرەکانیش بەچەشنێکە کە هێمان بۆ کاڵبونەوەو نەمانی خۆشەویستیو دورکەوتنەوەی هێرۆ. پاش ئەوەی لەچیرۆکی زەلکاودا، هەر خۆی لەخۆیدا ئەم ناوە بەسەرهاتو روداوی چیرۆکەکانیو ئاماژەی زەلکاو بۆ کۆمەڵگایەکی نەخۆشو دواکەوتوو.

ئەم زەلکاوە گەورەترین زەلکاوی شاربووە، هەروەکو چۆن ((مامۆستا سەر روتاوەکەی خۆمان پێی دەوتین: لەهەندەران منالآن دەچنە نێو باخچەو چیمەنو سەوزەگیاو... لەنێو روبارو جۆگەلەو کەنار دەریا شینەکان مەلە دەکەن، بەحەسرەتەوە دەیوت: منالآن لەسەر درەختە چڕو باڵابەرزەکان وەك بێچوە چۆلەکە دەجریوێنن، منالآن هاوینان بارگەو هەگبەوجانتا چکۆلانەکانیان هەڵدەگرنو بەشەمەندەفەری زۆر درێژ بەم دونیایە سەفەر دەکەن...))[2]

ئەم جۆرە باسکردنەی منالآنی دەرەوەو ژیانو گوزەرانی ئەوانو بەسەربردنو مەلەکردنو هاتوچۆیان بەبەراورد لەگەڵ منالآنی ئێرە، کە هەروەکو مامۆستا ئەوە دەکات کە ئەم بەراوردکردنە خۆی لەخۆیدایە بۆ ژیانو گوزەرانی خۆش لەدەرەوە بەپێچەوانەوە کە لەو ناوچەو زەلکاوەی ئێرە، خەڵکی لەنەبوونیو نەداریدا رویانکردۆتە ئەو زەلکاوە، وە بەهەموو شوێنێکی لەبارو خۆش دەزانن، نەك هەر منالڵ، بەڵکو هەرزەو گەنجو پیرو لاو ژنو کچ روی تێدەکەنو کاتەکانی خۆیانی تیا بەسەردەبەن لەگەڵ ئەوەی بۆ مەلەو بۆ زیارەتیش بەکاریدێنن.

لەچیرۆکی (میم)دا دەتوانین بڵێین ئەمینی کارەکتەر لەکاتی باسی ژیانی رابردوی خۆیداو ئەو حاڵەتەی بەسەریدا هاتوە، هەروەها مامەڵەو هەڵسوکەوتی گوڵناز کە لەگەڵی گۆڕاو پاش چەندین ساڵ ژیانی هاوسەری جیادەبنەوە. بەکارهێنانی راناوی (میم) لەوەوە دروست بوو کە هێما بۆ خاوەندارێتی وەك ئەمین ئاماژەی پێداوە کە ئەنوەری برای بەنەفامی دەزانێ لەکاتێکدا هەموو موڵكو سامانو خانووی لەسەر گوڵناز تاپۆ کرد لەکاتێکدا کە: ((باوەڕیان وایە موڵكو ماڵ، سامانو داراییی، پارەو پوول چەکی نێو باخەڵو بانقەکان، ریزە دوکانو سینەماو عەقار... کچو کوڕ... هەموو دونیا هەر تاپۆی پیاوە...))[3]

---

[1] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن، ل٧.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣١

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٦

ئەنوەری برای باوەڕی بەپیتی(میم) بوو ئەو (میم)ەی کە هەموو شتەکان پیاو خاوەنێتی...

((ئەو میمەی تۆ قینت لێیەتی، ئەوان حەز دەکەن پڕ بەدەم بڵێن: ژنەکەم، خانوەکەم، قەمەرەکەم، کچەکانم، کوڕەکانم، پارەکانم... گەر تۆیەك دەتەوێ خەڵکی هان بدەی ئەم لەناو ببەن... ئەوانە... بەپێچەوانەی تۆوە، حەز دەکەی لەنێو فەرهەنگەکاندا، لەسەر دارو دیوارەکان، لەسەر تەختەو مێزی قوتابخانەو چایخانەو مەیخانەو تیاترۆخانەو شێتخانەکانیشدا پیتی (میم) بەگەورەیی بنوسرێ، ئەوان دەتوانن چاپخانەی زۆر گەورە بکڕنو بەکاغەزی ڕەنگاوڕەنگو لەبەرگێکی جوانو قەشەنگدا هەزارەها فەرهەنگ لەچاپ بدەن... ملیۆنەها فەرهەنگ... بەڵام تەنها ئەو وشانەی تیا بنوسرێن کە بە ((میم)) م... م... م... کۆتاییان دێ... یان بە ((میم)) دەست پێ دەکا...))[1]

ئەم هەموو ئاماژەدانە بەپیتی (میم) کە وەکو ئاماژەمان پێدا کە بۆ خاوەندارێتی بەکارهاتووە، ئەمین دژی پیتی (میم)و لەگەڵ جیاوازی نێرو مێدا نییەو هەموو شتێك بەمافی ڕەوای ژنیش دەبینێت. لەکاتێکدا زۆریش بۆچونیان وابوو کە ئەمین هەڵەی کردوەو بەهەڵەدا چووە کە (میم)ی ناوێت.

ئەمین رۆشنبیرو نوسەری چیرۆك بوو، بەڵام نەخۆشکەوتنی توشی تەنهاییو گۆشەگیری کرد، رقی لەپیتی ((میم)) دەبۆوە، لەگەڵ ئەوەی کە هەموو ئەو بەسەرهاتە ناخۆشو ماڵوێرانییەی بەسەردا هات. هێشتا هەر پێیوابوو کە پیتی ((میم)) کە خەڵکانێکی زۆر بگرە هەمووشی لەگەڵ پیتی ((میم))دان جگە لەم نەبێت، هەروەکو پێیوابوو کە ((کاتێك کوڕ بوو باوکە خانویەکی لەسەر تاپۆ دەکا، گەر کچیش بوو هیچ... تاپۆو میرات... موڵكو عەقار هەر بەناوی نێرینەن... نێرینە بڕبڕەی پشتە... هێزی هەناوە... لای ئەوان کچ هەر کچە... چەند حەزت دەکرد کچت بێ... خەڵکی دەیان وت: ئەمین گوناهە... کوڕی نییە...))[2].

ئەگەرچی لەو سەردەمەو لەوکاتەدا ئەو جیاوازیە زۆرە هەبوو، لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی باوکسالارو پیاوسالارینو هەموو شت بەمافو موڵکی پیاو دەزانرێو ژن هەمیشە چەوساوەو ژێردەستە بوو بۆیە لەو روانگەیەشەوە ئەمین جیاوازتر لەهەموو پیاو، جیاوازتر لەکۆمەڵگەو لەخەڵکی تر، رقی لەپیتی ((میم)) دەبۆوەو دوژمنی بوو، بۆیە زیاتر ئاماژە بەپیتی ((میم)) هێمایەکە بۆ خاوەندارێتیو جیاوازی موڵكو ماڵ بۆ پیاو نەك بۆ رەگەزی مێ...

---

[1] گوڵی ڕەش، شێرزاد حەسەن، ل١٧٥.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٦

## ٥. بینای زمان

زمان وەك یەكێك لەو توخمە گرنگانەی كە پێویستە بۆ دروستبوونی دەقی ئەدەبییو پەیوەندییەكی پتەوی بە توخمەكانی دیكەوە هەیە، چونكە ئەوان لەرێگای زمانەوە دەردەبڕدرێنو زمان ئەوان دەناسێنــێ، كەواتە لەناو دەقی ئەدەبیدا زمان سەرەڕای ئەوەی خۆی وەك توخمێك هەیەو كۆمەڵێك ئەركی گرنگی كەوتۆتە سەر، ئەركی ئەوەشی لەسەرە كارو ئەركی ئەوانی تریش دەردەبڕێت. (گۆركی) دەڵێت (( زمان یەكەمین توخمی ئەدەبە))[1]

دەبێت ئەو راستیەش بزانین كە زمان هۆكارێكە بۆ دروست بونی ئەدەبو بەبێ زمان ئەدەب دروست نابێت.

یەكەمین كارێك لەئەدەبدا كە هەیەو پێویستە هەبێت لایەنە ئیستاتیكیەكەیەتی بۆ ئەوەی چێژ بە گوێگر یان خوێنەر ببەخشێت. دیارە دروستكردنی ئەو چێژە ئەركی زمانە نەك توخمێكی دیكە. جوانكاری كە سەرچاوەی چێژە پەیوەستە بە زمانەوەو لەرێگەی زمانەوەیە دەتوانرێ ئەو رایەڵە دروست بكرێ كە پێویستە لەنێوان دەقو هەستەكانی گوێگر یان خوێنەردا هەبێتو ئیستاتیكا سەودای لەگەڵ هەستەكانە نەك عەقڵو بونی زمان واتە بونی ئیستاتیكاو ئەمەش مانای بونی لایەنێكی هەرە گرنگی ئەدەبە.

زمان یەكێكە لەكۆڵەكە سەرەكیەكانی ئەدەب، زمان بەرهەمێكی مەزنی عەقڵە، كە عەقڵیش زادەی تۆپەڵە مۆخەكەی كەللەی سەرە، كە دەكاتە مێشك.

پێش رسكاندنیو بەرجەستەبونی عەقڵ لەلای مرۆڤ، زمان لەكایەدا نەبووە، عەقڵە كە رێگای بۆ زەفەربردن بەزمان خۆشكردووە، چەندە ئەو نەشونمای كردبێ، هێندەش زمان لەئیشارەتو هێمای ئەندامانی گشتی جەستەوە (سەر، چاو، قاچ، ......هتد).

گومان لەوەدا نییە، كە زمانیش وەك هەر چالاكیەكی تر لەژیانی مرۆڤدا، لەگۆڕانی بەردەوام بەدەر نییە، بەڵام ئایا ئەو گۆڕانە لەكام بازنەی دا روودەداتو چ مەودایەك لەخۆ دەگرێ؟ ئاشكرایە گرفتەكە پەیوەندی تەنیا بەو كەسەوە نییە، كە مامەڵەیەكی تایبەتی لەگەڵ زمان دەكا (وەك ئەوەی نوسەر بێت)، بەڵكو گرفتی رۆژانەی هەر مرۆڤێكە كە زمان بەكاردێنــێ، چەندە مرۆڤەكە سادەو ساكاریش بــێ.

گرفتەكە لەبنەڕەتدا لەوەدایە، كە عەقڵ (ئەقڵی بەرهەمی مێشك) زۆر لەزمان پێشكەوتووترە، لەبەرئەوەی ماوەی نێوان رسكاندنو بەرجەستەبونیان لەلای مرۆڤ ئێجگار بەرینو دور لەیەكترە.

---

[1] الافكار والأسلوب، ف. تشيتشيرن، ت: د. حياة شرارة، دار الشؤون الثقافية العامة، العراق ـ بغداد، بدون سنة الطبع، ص ٢١.

لەئەدەبیشدا چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ زمان، گرنگترین شتێکە کە نوسەر یان شاعیر پێویستە زۆر بەوردی ئاگاداری بێت. سەرەنجامی ئەو مامەڵەیەی لەگەڵ زمان دەکرێ، بێگومان دەقی ئەدەبی لێدەکەوێتەوە (دەق شێوەیەکە لەشێوەکانی دەسهاتی زمان کە سیستەمی تایبەتی خۆی دروست دەکات)[1]

لەزماندا سیستەمێك هەیە، کە ئەو زمانەی لەسەر پێکهاتوە، سەرکەوتن یان هەرسهێنانی دەقێك پەیوەستە بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو سیستەمەو تەواوی شاعیرانو نوسەرانی دونیا بە یەك جۆرو شێوە مامەڵە لەگەڵ ئەو سیستەمەدا ناکەنو ئەگەر ئەوەشیان کرد ئەوا بەرهەمی هەمویان بەرێژەیەکی یەکجار زۆر لەیەك دەچێت.

بەڵام ئەوەی ئەو جیاوازیەی دروستکردووەو وای کردووە هەر نوسەرو خاوەن زمانو شێوازی تایبەتی خۆی بێت، چۆنیەتی سود وەرگرتنو بەکارهێنانی زمانە.

لەلایەکی دیکەوە (زمان ئەو بەڵگە هەستیەیە کە لەناو رۆمان یاخود چیرۆکدا بونی هەیەو دەتوانری بخوێندرێتەوە، لەراستیدا بەبێ زمان چیرۆك یان هەر رەگەزێکی دیکە بوونی نیە، هەر وەك چۆن هیچ هونەرێکی ئەدەبی بەبێ زمان بونی نییە)[2] ئەو زمانەی کە چیرۆکی پێدەنوسرێ گەلێك کاریگەری بەسەرەوەیە لەوانە باری دەروونی نووسەر بارودۆخی کۆمەڵگاو گەلێك لایەنی تر.

لە (ساڵانی ١٩١٠ ـ ١٩٣٠ راپەرینێکی نائاسایی بەخۆیەوە بینی، لەزمانی ئەدەبدا زۆرینەی نوسەران ئازادبون لەو زمانە دەوردراوەی شێوازی تەقلیدی بۆ ئەوەی ئاسۆیەکی تازە بێتە ئاراوەو ببێتە رێگایەك بۆ ئەزموونی زمانەوانی)[3] .

جگە لەوەش (جان پۆل سارتەر) پێیوایە کە (پێویستە ئەدەب لایەنێکی گشتگیری بێتو نووسەر بچێتە پاڵ زۆرینەی خەڵکەکان واتە بۆ ملیۆنەها برسییەکان بنوسێ ئەگەر ویستی بۆ هەموان بدوێو هەموانیش بیخوێننەوە.[4]

لەناو ئەدەبدا دو شارێ لەچۆنیەتی مامەڵەی ئەدەبیان لەگەڵ زماندا دروست بووە، هەندێکیان دەبن بە شاعیرو هەندێکیش پەخشانووسو لەرەگەزە ئەدەبییە نوێیەکانیشدا سنورە تێکەڵاوی نێوان ئەم دوو شارێیە بەرتەسك دەبێتەوەو زۆر لەیەك نزیك دەبنەوە، وەك ئەوەی بیانەوێ جارێکی دیکەو بەشێوازێکی دیکەو بێگومان بۆ دروستکردنی ژانری ئەدەبی دیکە تێکەڵ ببنەوە.

شاعیر یان نوسەری لێهاتوو لەچۆنیەتی مامەڵەی لەگەڵ زماندا بەدیار دەکەوێت، چ زمانی شیعرو چ پەخشانیش تا رادەیەك لەزمانی گشتی خەڵك جیاوازن، ئەگەرچی رێژەی ئەم جیاوازییە لەشیعردا یەکجار زۆرەو لەپەخشاندا بە

---

[1] الاسلوبية والتحليل الخطاب، الدكتور منذر عياشي، مركز الانماء الحضاري، الطبعة الاولى، سوريه، ٢٠٠٢، ص ١٢١.

[2] تقنيات السرد في النطرية والتطبيق، آمنة يوسف، دار الحوار للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، سوريه، ١٩٩٧، ص ٢٦.

[3] اللغة في الادب الحديث. الحداثة والتجريب، جاكوب كورك، ..ن. ليون يوسف وعزيز عمانوئيل، دار المأمون للترجمة والنشر، بغداد ١٩٨٩، ص ١١.

[4] دەربارەی رۆمان، مەهدی صالح، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٤١.

پێچەوانەوەیە، بەڵام جیاوازی هەر بەدی دەکرێت، سەرچاوەی ئەو جیاوازیانەش لەو گۆڕانانەدایە کە نوسەر دەیەوێ لەناو زماندا ئەنجامیان بدات. بۆ ئەوەی شێوازو مۆرکێکی کەسیان پێ ببەخشێ.

(کاسیریر)یش دەڵێت : (زمانو ئەفسانە تەنیا ئاوێنەیەك نین کە بەئاسانی وێنە پێدراوەکانی ناوەکیو دەرەکی بخەنە ڕوو هۆکاری ناگرنگیش نین، بەڵکو سەرچاوەی حەقیقی روناکیو پێویستی، بەڵکو بنچینەیەکان بۆ بیروبۆچوانی وەکو سەرچاوەن بۆ پێکهاتن بەگشتی)[1]

لەبیناتی زمانی گێڕانەوەدا کۆمەڵە مەسەلەیەکی زمانی هەیە کەلەبنچینەدا لەدوانێکی (سۆسێر)ەوە سەرهەڵدەدەن.

(لەتوێژینەوەیەکدا لەنێوان زمان Language وقسە Parole زمان سیستەمی تیۆری زمانێکە لەزمانەکان یاخود بنیاتیەتی کە کۆمەڵە دەستورێکە پێویستە لەسەر قسەکەری ئەو زمانە لەسەری بڕۆن، ئەگەر ویستیان لەنێوان خۆیاندا بەهۆیەوە پێوەندی بکەن)[2]

وەکو دەزانین کە چیرۆك ژانرێکی ئەدەبیە لەواقیعی کۆمەڵگای مرۆڤەوە، بۆیە تا رادەیەکی زۆر هەمان ئەو نێوەندانە بەکاردێنێ کە لەژیاندا بەکاردێن، باشترین نێوەندیش بۆ گەیاندنی پەیامێك وا لەکەسێك بکەی تێبگاو باشترین ڕێگا هەڵبژێرێت. لەرێگەی زمانەوە ئەو کارە دەکرێت. بۆیە چ لەرۆماندا بێ یان لەچیرۆکدا چیرۆك نووس ئەو نێوەندەی ژیان دەهێنێتو بە باشترینو جوانترین شێوە بۆچونەکانی خۆی پێ دەردەبڕێت.

زمان هەمیشە جگە لەوەی نێوەندە، بەڵکو خودی خۆشی مەبەستەکەیەتی، چونکە چ رەگەزو ژانرە ئەدەبیەکانو چ ناسنامەی نەتەوەیی بەرهەمەکە، لەرێگەی ئەو زمانەوە دیاری دەکرێن کە لەدەقەکەدا بەکارهاتووە.

هەروەکو چۆن (باختین) شێوەی رەگەزە ئەدەبیەکانو چۆنیەتی خۆ یەکگرتنیان دەگەڕێنێتەوە بۆ جۆرو شێوەی ئەو زمانەی کە لەناو دەقە ئەدەبیەکاندا بەرچاو دەکەون.

هەر لەبارەی زمانیشەوە (ئیان وات) دەڵێت: (لەچیرۆك یان لەناو رۆماندا زیاتر لەهەموو رەگەزێکی ئەدەبی دیکە دوپاتی دەکاتەوە کە ئەرکی زمان دەلالەتکردنە لەشتەکانو زیاتر پشت دەبەستێ بەخستنە رویەکی درێژ لەوەی پشت ببەستێت بە جوانکاریو کورت کردنەوە)[3]

ئەمەش هەمان ئەو ئەرکەیە کە زمان لەژیانی رۆژانەدا دەیگێرێ کە لەدیدی هەرشتێك وشەیەك دانراوە یان لەبری هەر دالێك مەدولولێك هەیەو لەبری ئەو بەکاردێتو بەکارهێنانیشیان بۆ رونکردنەوەی شتەکانە.

---

[1] اللغة في الأدب الحديث، الحداثة والتجريب، ص ٢٤.

[2] تقنيات السرد، ص ٢٦.

[3] ظهور الرواية الانكليزية، ايان وات، ت: د. يوئيل يوسف عزيز، منشورات دار الجاحظ للنشر، الجمهورية العراقية، بغداد، ١٩٨٠، ص٣٣.

لەلایەکی دیکەوە هەر سەبارەت بەزمانەی رۆمانو چیرۆك (کۆژینۆڤ) دەڵێت : (لەنێو ژانرە ئەدەبیەکانی هەریەك لەرۆمانو چیرۆکدا زۆرینەی لایەنە رەوانبێژیەکان رۆڵێکی سنوورداریان هەیە بەکارهێنانی لەرۆمان یاخود چیرۆکدا لەبارودۆخێکی ئاسایدا زیاتر نییە، ئەگەر کەمتر نەبێت لەبەکارهێنانی لەزمانی قسەی ئاسای رۆژانەدا)[1]

جگە لەهەموو ئەم پێناسەو خواسو باسانەی لەبارەی زمانەوە کراوە لەروانگەی زمانیشەوە کاتێك قوڵتر دەچینە ناو بابەتەکەوە ئەوا ئەگەر لەگۆشەنیگای (ساپیر)ەوە لێکی بدەینەوە کە پێیوایە (زمان هۆیەکی نا غەریزییەو تایبەتە بەمرۆڤ بۆ دەربرینی هەستو ئارەزوو بەکاردێت، بەهۆی رەمزی لەسەر یاساو رۆیشتوو کاردەکاتو لەژێر یاسای مرۆڤدایە))

جگە لەوەش (مارتنێت) دەڵێت: (زمان هۆیەکە بۆ لەیەکتر گەیشتن، لەچەند دانەیەکی بچوك پەیدا دەبێت، ئەو دانانەش خاوەنی واتای خۆیانن))

(کارول)یش بۆچونی جیاوازەو دەڵێت: (زمان کۆمەڵە رەمزێکی دەنگی لەخۆیەوەیە، کە دەتوانرێ بەکاربێت بۆ گەیشتنو پۆلکردنی شتو روداوەکانی دەوروبەر.))

لەبارەی زمانی چیرۆکەکانی شێرزادەوە بەتایبەتی کۆمەڵە چیرۆکی (گوڵی رەش).

بەشێوەیەکی گشتی زمانی چیرۆکەکانی زمانی نوسینی ساڵانی هەشتاکانە کە تا رادەیەك ستاندارە.

دەتوانین بڵێین لەسەر دوو ئاست نوسینو زمانەکان دابەش بونە بەسەر : ئاستی یەکەم/ زمانی نوسینە تا رادەیەك بەزمانێکی سادەو رەوان نوسراوە، بێ گرێیە، هەموو خوێنەرێك تا رادەیەك دەتوانێ لــێ ی بگات.

هەرچی ئاستی دووەمیشە: دەتوانین بڵێین زمانی کۆمەڵی کوردیو ناوخۆییە کە زیاتر بۆ نیشاندانو دەرخستنی باری تەواوی کارەکتەرەکانە بەتایبەت لەدایالۆگدا. واتە ئەگەر رونترو قوڵتر بڵێین کە ووشەو دەستەواژەکانیو قسەی ئاستی رۆژانە زۆر بەکاردێت وەك (جنێو... تەشەر... قسەی بازاڕی.....)

پاشانزمانی گفتوگۆ لەهەندێ جێگەدا زۆر ناو چەپیە، وەك بایز کە لەگوناهی سپی دا... (کتوپڕ خەیاڵێکم بۆ هات، چۆن پێشتر بیرم لــێ کردبۆوە.. نازانم.. درۆیەکی حازر بەدەست هاتە سەر لێوانمو نەمگێڕایەوە.

ــ مام دەروێش ــ تەنها مامەند بۆی دەخوێندیتەوە؟

ــ ئا... ســێ شەو لەمەوبەر... چاوەڕێم کرد تا لە((شەهرول تەڕەماش، بێتەوە... ئەو شەوە کە هات قاقا پێیەکەنی، پێم وت: ئەوە چیە پێ دەکەنی؟ گوتی دەروێش... شتێکی عەنتیکەیان لەسەرت نووسییە....))

لەنوکەوە حەکایەتەکەی خوێندەوە..

ئا..... دە ئەوەیە مەسەلەکە...

---

[1] الرواية ملحمة العصر الحديث، ف. ف: كوزينوف، ت: جميل نصيف التكريتي، الطبعة الثانية، دار الشؤون الثقافية العامة، آفاق عربية، بغداد، ١٩٨٦، ص ٨١.

ــ مەسەلەی چی؟

ــ راستی... یەك دوو مانگ لەمەوبەر لەگەڵ مامەند بەشەڕ هاتین... دیارە درۆو دەلەسەی پێوەناوە، تا ئەتوو نارەحەت بی‌و بەخەم بگری......

ــ خۆ ئەگەر وابـێ... چیم بەتۆ کرد... خراپتریش بەو دەکەم.. چما ئەمن گاڵتەجاڕی ئەو گەرەکەیمە......؟!)

شێوازو زمانی قسەو دیالۆگەکەی هەروەکو ئاماژەمان پێدا کە زۆر ناوچەییی‌و بازاڕیانە قسە دەکات‌و دایالۆگەی لەگەڵ فەرهاد دا لەئاستێکی بازاڕیدا خراوەتە ڕوو.

(بەرم دەن.. با ئەو درۆزنە بکوژم... ئەو سەگبابە درۆ دەکا... بابە... باوەڕی پی نەکەی ئەمنیش حەکایەتەکەم خیندەوە.........) لەدڵی خۆمدا نەفرەتم لەو کەسەش کرد عەبەی فێری ئەوە کردوە ئەو چوار وشەیە بخوێنێتەوە.. بۆ نەگبەتی من ئەویش حەکایەت خوێنە....) [1]

ئەم جۆرە جنێو تانەو تەشەرانەی کە لەنێوان کارەکتەری ئەم چیرۆکەدا هەیە، کە بەهۆی ئەوەوە کەوتۆتەوە کە فەرهاد ئەو چیرۆکەی لەسەر دەروێش بایز نووسیی‌و کاریگەری هەبوو لەسەر چۆنێتی رەفتارو شێواندنی ئاهەنگەکەی، گەر فەرهاد لەئاستێکی بەرز تردابوبێت‌و رۆشنبیری هەبووبێت، دەروێش بایز لەو ئاستەدا نەبوو کە سەنگ‌و قورسایی بەرامبەری لەکاتی ململانێ‌و ناکۆکیەکاندا هەبێت‌و لەلابێت.

بۆیە زمانی گفتوگۆکەی بازاڕی‌و ناوچەییانەیە. جگە لەوەش زمانی تابۆی تیادایەو بەدی دەکرێت.

(هەندێ لەمناڵە چەتونەکان خۆیان بەدارتەلەکەوە هەڵواسیبوو. بۆنی ئارەقەو چڵکی لەشی ئادەمی خۆنەشۆر لەگەڵ هەناسەمدا تێکەڵ دەبوو، ژوورەکانیش پڕبوون، سەرپێ پلیکەکان، مناڵانی بستە بالا دەکەوتنە نێو گەڵمان.....) [2] .

ئەو زمانەی تابۆ دەردەکەوێت تیایدا، کاتێك فەرهاد لەوبارەوە باس دەکات مناڵانی دەکەوتنە ناو گەڵمان یاخود لەلایەکی ترەوە هەر سەبارەت بەزمانی تابۆ (لێوارێکی ئەستوری گۆشت نەیهێشت بیگەمێ، یان دەچوومە باوەشی خەڵکی، یان خەڵکی دەهاتنە نێو باوەشم، لەپڕ هەستم دەکرد یەکێك سوارم بووە، یان کتوپڕ من سواری یەکێك دەبووم، هەمین ـ م بینی، باڵابەرزەکی، نێرانە دەستی دەوەشاند... هەر ژن بوو دەیزریکاندو دەکەوتە ژێر دەست‌و پێی هێسترانەی هەمین، چەپۆکی کوێرانەی بەراست‌و چەپدا دەهاویشت، کەسی ناپاراست...) [3]

لێرەشدا بەکارهێنانی ئەو دەستەواژانەی لەچیرۆکەکەدا هاتوە، کە هێماو رەمزێکی بۆ ئەو مامەڵە خراپ‌و ئەو هەڵسوکەوتانەی بایزو هەمینی پاڵەوانی چیرۆکەکەی فەرهاد نواندیان بەرامبەر فەرهادو خانەوادەکەو ئاهەنگەکەیان وەستاند.

---

[1] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن، ل ٧٢

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣

[3] سەرچاوەی پێشوو ، ل٧٣

لەبارەی زمانی تابۆوە لەچیرۆکێکی تری کۆمەڵە چیرۆکی (گوڵی ڕەش)دا کە چیرۆکی (میم)ە.

لەم چیرۆکەشدا بەڕونی تیایدا دەردەکەوێت کە چۆن زمانێکی هەست بزوێنانەی تیایدا دەرکەوتووە.

ئەوەی شیاوی گوتنو نوسینە یەکێك لەو نوسەرانەی کە زۆر بەرونی لەسەر مەسەلە سێکسیەکان دەنووسێتو ئەو گرێو لچانەی هەیە سەبارەت بەو بابەتە هەستیارانەی شێرزاد دەیکاتەوە پەی پێدەبات، بۆیە لەچیرۆکی (میم)یشدا کاتێك ئەمین باس دەکات کە چۆن...

((شەوێکیان، درەنگو ناوەخت، ئەنوەر هاتە ژوورەکەم.. بە ئەسپاییو بێ خشپە دەرگاکەی داخستەوە.. زانیم ڕازێکی لەدڵدایەو دەیەوێ بیدرکێنێ، شەوانە ڕازو نهێنیەکان دەبنە کێچو ناهێڵن مرۆ بنوێ.. من رۆمانی ((پیرەو زەریا))م دەخوێندەوە، کە هاتو بەرامبەرم دانیشت.. بە پەلە وەك سۆزانیەك گوێی لەتەقەی دەرگا بێ خۆم کۆ کردەوە.. رۆمانەکەم شاردەوە.. وەك ئەو هەرزەیەی دەرپێیەکی پیسی خۆی بشارێتەوە.......))[1]

لێرەدا کە ئەمین پاڵەوانو شاکەسی هەروەکو باسی دەکات لەکاتی خوێندنەوەی ئەو رۆمانەدا وەکو هەرزەیەك پەلەپەلی پێکەوتو کتێبەکەی شاردەوە هاوشێوەی گەنجێك کە چۆن شەیتانی دەبێتو شەوانە، دەرپێیەکانی دەشارێتەوە ئەم بەکارهێنانی زمانە سۆزاویەو هەستو بزوێنە هەروەکو باسمان کرد لەلای شێرزاد ئاسای بۆتەوەو نوسەرێك بوە کە سەرجەم گرێو غەریزە سێکسییەکان پەی پێبردووەو ئیشی لەسەر کردون.

سەبارەت بە چیرۆکی((گوڵی رەش))یش کاتێك حەمە بەتاسەوە باس لەو حەزە شاراوەیەی خۆی دەکات کاتێك ((ئەمێستا ناتوانم لەناکاو خۆم بکەم بە نێو حەوشەو ژورە ڕازاوەکانتان، ئەوسا نیە زەمبیلو سەبەتەی خانمەکانم پێ هەڵگرن تا بتوانم گوڵێك بدزمو دەست لەکراسە گوڵ گوڵیەکەی تۆ بدەم، هەنوکە بەم سمێڵو ردێنەوە ناتوانم بێمەسەر دیوارەکانو سەیری گوڵو چیمەنو هێلانەی ناو درەختەکان بکەم.. چیتر وەك سەردەمی من لێ ناوێرم بەحەسرەتەوە دەست لەکراسە تەنکەکەت بدەم، ئێستاش کە دەچمە پێشانگاو کۆگاکانو دەست لەکراسێکی تەنکی کچانە دەدەم.

هەرهەمان ختووەکەو موچرکی مناڵی بەنێو دەمارەکانما مێروولە دەکا، ناکرێ وەك جاران کە تاو نا تاوێ لەقوژبنو پەنای نێوان خانوەکانو سەرسوچی کۆڵان دەمگرتیو ماچی کورتو بە پەلەم لەو کولمە خڕانەت دەدزی، تۆش وەك ماسی خۆت لەژێر دەستم دەخزاند.. خۆزگە خولی سەعاتو.. کاتو زەمانە دەگەڕایەوە دوا..... بۆ گەورە بووین....؟

لێرەشدا بەهەمان شێوە، ئەو هەستو ئیحساسە هەرزەییە کە لەلای هەرزەو گەنجان دروست دەبێ، هەستێکی سۆزاویو حەزێکی کپتە، بەدەستدانی لەو کراسە کچانەییە تەنکە بە ئازاربووە لەکاتێکدا یادەوەری موچرکەکەی مناڵی بۆ هێناوەتەوە، کە لەکاتوساتی خۆیدا غەریزە نهێنیەکەی رەواندۆتەوە، کە ئەو زمانە تا رادەیەك زمانێکی سۆزاویو هەست بزوێنە کە تیایدا بەکارهاتووە.

---

[1] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن، ل١٦٤.

## ٦. بینای گرێچن

گرێچن لەزمانی ئینگلیزیشدا (plot)ی پێدەوترێ کە تیایدا ژمارەیەکی زۆر لەکارەسات‌و رووداوی ناکاو رێك دەخرێت کە یەکەکەی گێڕانەوەی لایەنی جیاواز دادەمەزرێت.

گرێچن بەیەکێك لەرەگەزەکانی چیرۆك دادەنرێت‌و تەکنیکێکی تری چیرۆکە، کە کۆمەڵە یاخود زنجیرە رووداوێکە کە پێکەوە بەستراون لەچیرۆکدا، گرێچن بەمانای پلاندانان، یاخود شتێك دەگەیەنێت بەشێوەیەکی مەبەستدارو بەپلان.

چنین ناوەندی پێکەوە بەستنی پێکهاتەکانی دەقە، رەگەزێکی سەرەکی پێکهێنەری تەکنیکە.

ئەرەستۆ پێیوایە ((گرێچن جەوهەری تراژیدیایە کە شوێنی رۆح دەگرێتەوە))[١] هەروەها (فرانك. م. هواتێنج) پێی وایە کە ((چنین ئەوەیە کە لەچوارچێوەی سەرەکی کردار پێشکەش دەکا، هێڵی گەشەسەندنی چیرۆکی، کە لەمیانەی گەشەسەندنی کردار یان چیرۆکەکەوە، کارەکتەرەکان‌و سەرجەم پێکهاتەکانی تر دەخاتە روو))[٢].

یاخود لەبارەی (گرێچن)ەوە وتراوە کە ((تەکنیکی رێکخستنی رووداوەکان‌و بەدوایەکدا هاتنیان))ە، یاخود ((گرێدانی رووداوەکانە پێکەوە کە کردارەکە بەرەو پێشەوە دەبات لەململانێوە بۆ چارەسەر))[٣].

گرێچن یاخود (چنین)یشی پێ دەوترێت، لەچیرۆکدا گرنگییەکی ئەوتۆی هەیە کە بەبێ گرێچنی گونجاو، کێشمە کێش لەکاریگەری دەکەوێت، نووسەر لەچاودێری‌و سەرپەرشتی ئەم رەگەزەدا بەرەبەرە کاریگەری چیرۆکەکەی خۆی زیاد دەکات‌و خوێنەر ئامادە دەکات تا درك بەکاریگەری تەواوی لوتکە بکات، بێگومان ئەم رەگەزە زۆر گرنگەو نووسەری لێهاتوو کارامە بەشی هەرە زۆری چیرۆکەکەی بۆ ئەو رەگەزە تەرخان دەکات، چونکە نووسەری گەورە لەوێدا بلیمەتی خۆی بەتەواوەتی دەنوێنێت، و ئاشکرا دەکات[٤]. واتە پرۆژەی رێکخستنی رووداوە بەشێوەیەکی هونەری، واتە کاتێك چیرۆکنوس، باس لەرووداوەکان دەکات لەچیرۆکەکەیدا، دەبێت بەبەردەوامی جموجۆڵیان پێبدات‌و بەشێوەیەکی هونەرییانە بیانچنێت، گرێچن ئەو خاڵە دەنوێنێت، کە رووداوەکانی چیرۆك تیایدا لێکدەئاڵێن هەروەها پلانی چیرۆکەکە، لەناویدا روودەدات‌و بەسەر کارەکتەرەکاندا دێن یان بەهۆی ئەوانەوە رووداو روودەدات.

دەتوانین بڵێین بریتییە لەو دەزوەی کە سەرەداوی چنینی چیرۆك‌و بونیادنانێتی، ئەمیش وادەکات خوێنەر حەز بەخوێندنەوەی چیرۆکەکە بکات.

---

[١] فن الشعر، ارسطوطاليس، ت. د. شكري محمد عياد، دار الكاتب العربي للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٦٧، ص٥٤.

[٢] Element of Drama – Abrief introduction, Paul p. Reuben, http://www.csvstan.edulenglish.rebuen.paul.٢٠٠٣

[٣] An introduction to drama.GB.Tennyson, printed in the united states of America. ١٩٦٧, P.١٢٤.

[٤] چیرۆکی منالآن لەئەدەبی کوردیدا (١٩٩١ ـ ٢٠٠٥)، رازاو رەشید صبری، ل٩٤.

((گرێچن دەبێت زۆر بەهێزو مانا بەخش بێت چونکە یەکێکە لەو رەگەزانەی خوێنەر بۆلای چیرۆك كێش دەكات، گرێچنی ئاڵۆز (الحبكه المعقد) سەرەنجامی هەبوونی زیاتر لەڕوداوێکی سەرەکییە. نکوڵی لەوە ناکرێت کە سەرچاوەی دروستبوونی هەر گرێچنێك لەچیرۆکێکدا، بوونی کێشەیەکە، یان گەورەبوونو پەرەسەندنی روداوێکە بۆ لوتکە. بەواتایەکی تر کاتێك روداوەکان گەورە دەبنو پەرەدەسێنن، دەبنە هۆی لەدایکبوونی گرێچنێك، کە ئەمیش دروست بوو پێویستی بەچارەسەرکردن دەبێت بۆ روداوەکان بۆیە روداوەکان لەبەردەوامیو گەرموگوڕیدا دەبن تاوەکو گرفتەکە چارەسەر دەبێت چیرۆکەکە دەگاتە کۆتایی))[1].

واتە ((گرێچن یاخود (چنین) هونەری هۆنینەوەو چۆنیتی بەدوایەکداهاتنی روداوەکانەو هەموو رەگەزەکانی تری وەك (روداو، دیالۆگ، کارەکتەرو...) لەناو گرێچن یەکدەگرنەوە. روداوەکان بەشێوەیەکی هێندە نزیكو گەنجاو چنراونو پێکەوە بەستراون کە لابردنی یەکێکیان یاخود پاشو پێشخستنیان هەموو ئەوانی تر ئەشێوێنێت))[2]. ((گرێچن لەسەر بنەما ئەرستۆییەکە سەرەتاو ناوەڕاستو کۆتایی هەیە، بەم پێیە (سەرەتا) دەستپێكو زەمینە خۆشکردنە بۆ پەڕینەوە بۆ سەرەتای ململانێو کێشو کێشمانە کێشو (ناوەڕاست) لەململانێوە بۆ گرێچن، هەروەها لەوێوە بەرەو لوتکەمان دەباتو (کۆتایی لەلوتکەوە بەرەو ئامانجمان دەبات).

واتە سەرەتا ئەوەیە کە پێش ئەو هیچ شتێکی تر نییە، دوای ئەو شتی تر دێت، کۆتایش بەپێچەوانەی سەرەتاوەیە هەمیشە بەر لەو شتێك هەیەو ئیتر هیچی تری بەدوادا نایەت، هەرچی ناوەڕاستیشە ناوەندی ئەو رواداوانەیە، بەمانایەکی دیکە ئەو شوێنەیە کە بەر لەوو دوای ئەو بوونی تر هەیە))[3].

(چیخۆف) پێیوایە، کە چیرۆکی باش ئەوەیە کە پێشەکی نەبێت. بەڵام (بوالۆ) پشتی بەپێشەکی چیرۆك بەستووەو بەجۆرێك کە سەرکەوتن یان شکست دیاری دەکات.

کۆتایش، ئەو کاتەیە کە پێی دەوترێت چرکەساتی رۆشنکردنەوە کە روداوەکە تەواو دەبێتو ماناکەی پێك دێتو چیرۆکەکە رۆشن دەکاتەوەو توانای هەست تیایدا دەتەقێنێتەوە، کۆتایی روداوەکان کە رێخۆشکەری بۆ ناکەن نامۆیە.

گرنگ لێرەدا ئەو کۆتاییە جەنجاڵەیان چاوەڕوان نەکراوە نیە، بەڵکو هەموو وشەیەك لەچیرۆکەکەدا رۆڵی خۆی هەیەو پێویستە بەرەو کۆتا ببیات بەشێوەیەکی سروشتی.

---

[1] چیرۆکی منالان لەئەدەبی کوردیدا (١٩٩١ ـ ٢٠٠٥)، رازاو رەشید صبری، ل٩٤.

[2] A Glossary of literary terms, M. H Abrams, Third Edition ١٩٧٠, P. ١٢٩.

[3] مدخل الى فن كتابه الدراما، عادل النادي، الهيئة المصرية العامة للكتاب، الطبعة الثانية، ١٩٩٢، ص ٥٦-٥٧.

هەروەها لەسەرچاوەیەکی دیکەشەوە ئاماژە دەکرێت بەوەی کە چنین بریتیە لەکۆمەڵێك روداو کە لەڕوی کاتەوە بەیەکەوە بەستراونو پێوەری باشو تەونکردنیان بریتیە لەیەکبونی ئەم روداوانە[1].

زاراوەکە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە بەرامبەر بەسیاقی گۆڕانکارییەکانی نێو پەیوەندی مرۆڤایەتی بەکاریدێنین کە روداوەکانی کاری چیرۆکنوسی بونەتە هۆی رودانیانو دەریان خستوون. گرێچن خۆی لەخۆیدا لەمەغزای رەمزە درامیەکانو ناوەڕۆکی چیرۆك دەدوێت لێیان دەکۆڵێتەوە، ناواخنی گرێچنیش ململانێیەکە کە دەشێت زۆرانبازیەکی جەستەیی نێوان کەسایەتیە بەشەڕ هاتوەکان یان کۆمەڵێك کەسایەتی بێت یان زۆرجار رەنگە شەڕی نێوان کەسایەتی سەرەکیو هێزێکی دژی بێت وەکو چارەنووس یاخود ژینگە  یان دەزگایەك لەدەزگاکان.

هەندێك جار دەبینین چنینو تەکنیك لای هەندێ سەرچاوە تێکەڵ کراوەو بەیەك مەبەستو واتا بەکاهێنراوە، چونکە تەکنیك گیانێکی هونەرییە کە دەکرێتە بەری چیرۆك یاخود رۆمان یان دراما.

لەگەڵ ئەوەی زاراوەکە زاراوەیەکی سردییە کە ئەرستۆ ناوی (میتۆس)ی لێ دەنێت بەمانای رێکخستنی روداوەکان، وە هەروەها (ریکور) پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە (میتۆس) رێکخەری کارە ئەنجام دراوەکانە.

هەروەها بنچینەیەك ئەنوێنێت لەهەڵبژاردنی روداوەکانو کارە گێڕدراوەکانو رێکخستنیان، ئەمەش وا لەبابەتە گێڕاوەکان دەکات بەحیکایەتێکی یەکگرتوو تەواو کە سەرەتاو ناوەڕاستو کۆتاییان هەیە. وە بیرکەی (یەك بابەتی) ئەگەڕێتەوە بۆ ئەرستۆ کە لەکتێبی (فن الشعر)دا ئەڵێت: ((حیکایەت بەوەی کە گێڕانەوەی روداوێکە کە پێویستە نیشانەی یەك روداو بێت کە پێکهاتەی هەمووی بێت، بەشەکانی بەشێوەیەك ئەبێت رێکخرێن گەر هاتوو جێگۆڕکێ بەیەکێکیان کرا یاخود لابرا ئەوا هەموو روداوەکان تووشی تێکچونو شێوان دەکات. کەواتە ئەو بەشەی زیاد دەکرێت یاخود لادەبرێ نابێت هیچ کارێکی نەبێت لەسەر روداوەکان.

[1] منتديات فراشة حواء ـ للبنات للنساء للفتيات بنوتات ـ القصص والروايات قصة + رواية
http;//women.bov.net/girls٨٢٤٠٧

((گرێچن ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە لەشێوازی گێڕانەوە، هەمیشە لەگرێچندا جەخت لەسەر کەسایەتییەکان ناکرێتەوە بەقەدەر ئەوەی لەسەر ریزبەندی روداوەکانو لەسەر کۆکردنەوەی بنیاتی گێڕانەوەی ئەو گێڕانەوەی کە هەندێ جار وەکو ئەوە وایە کە ماتماتیك بێت))[1]. زۆرجاریش ڕێکخەری زنجیرەی بەدوایەکداهاتنی روداو کردەوەکانی ناو چیرۆك یاخود ڕۆمانەکەیە.

((گرێچن لەسەر بنەمای چەمکێکی بنەڕەتی بنیات دەنرێ ئەویش جوولەو گۆڕانە لەهەڵوێستێکی دیاری کراوەوە ئەویش لەژێر فشاری هەندێ هێزەوە، کە زۆر لەرەخنەگران باس لەبوونی رەگەزی دینامیکی گرێچن دەکەن بەو سیفەتەی کە بزوێنەرێتی))[2].

((شێوەی بەکارهێنانی گرێچنیش زۆرە، گرێچنی تەقلیدی ئەوەیە کە بەشێوەی زنجیرەدارو بەپێی مێژوو دیسپلینەکانی پابەند دەبن. وە گرێچنی نوێش ئەوەیە کە چیرۆکنوس یاخود رۆماننوسەکە پابەندی ئەو یاسایانە نابێت بەڵکو چۆن پێویست بکات بەو ئاڕاستەیەدا هەنگاو هەڵدەگرێت.

دواتر گرێچنی بەکارهێنراویش یاخود بەپێی چالاکی مرۆییەکان کە سەرنجی خوێنەر بۆ خۆی رابکێشێت دەخرێتە روو، یاخود بەشێوەی تەکنیکی پێشکەوتوو کە لەجۆری یەکەمدا دەکرێ لەگرێچندا نهێنییەکی لێڵو تار بخرێتەڕوو))[3].

کەواتە بایەخی گرێچن کەمتر نییە لەتەکنیکەکانی دیکەی چیرۆك بەجۆرێك دروستکردنو پۆلێنکردن پێویستی بەچنینو ڕێکخستنی کارامە هەیە بەجۆرێك دەبێت نوسەر بەعەقڵییەتێکی کراوەو ئەندێشەیەکی گەورە بێت تاوەکو بەسەلیقەو لێزانیەوە مامەڵە لەگەڵ روداو کەسایەتیەکانی ناو دەقەکە بکاتو پەیوەندی توندو تۆڵیان لەنێوان دروست بکات نەخشەیەکی ئەندازیارانە بۆ زنجیرەی گرێیەکی دابڕێژێت کە ئەمەش عەقڵێکی گەورەو خەیاڵ بازنەیەکی فراوانو سەلیقەو شارەزای زۆری پێویستە بەجۆرێك ئەو سیناریۆیەی دایدەڕێژێت تەقلیدکارانە نەبێت تاوەکو زیاتر فاکتەری سەرنج راکێشان لەخۆبگرێتو ببێتە مایەی تامەزرۆی خوێنەر بەڕادەیەك ململانێی سایکۆلۆژی لەدەرونیدا بخولقێنێ کە بەردەوام لەهەڵکشانو داکشاندا بێتو جارێکی تر لەبەرگریو جارێکی تر لەهێرش بوونو جارێك لەبێ دەنگو جارێك لەدەنگی بەرزی دابێت. جارێکی دژو جارێکی تر لایەنگر بێت.

لەمەشەوە جارێکی تر گرنگی (چنین) دەردەکەوێ وەکو رەگەزێکی تری چیرۆك یاخود رۆمان پێوەری سەرکەوتووی دەقیش، لەچنینەوەی سەرکەوتوو دەردەکەوێت. (چنین) فاکتەری سەرنج راکێشانەو هەر لەچوارچێوەی چنینەوەی توانا و سەلیقەو شارەزایيو دنیابینی نوسەر بۆمان دەردەکەوێ کە چەندە خودانئەزموونە.

---

[1] عالم الرواية، رولان بورتوف، ريال اوئيلية، ص٣٥.

[2] عالم الرواية، ص٣٩.

[3] تەکنیك لەرۆمانەکانی (عەبدوڵڵا سەراج)، ئارەزوو محەمەد عەلی، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی زانستی مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٢٠.

جگە لەوانەش لەسەدەی نوێدا ئەو گۆڕانکاریە قولانەی کە بەسەر ڕەگەزەکانی گێڕانەوەدا هاتو وای کرد کە کارپێکردنی واتای گرێ، جێگای شكو گومانی داڕشتن بێت، هەرچەندە دانیان بەگرنگییەکەیدا ناوە، بەوەی کە تیۆرەکەی (ئەرەستۆ) کۆمیدیاو تراجیدیاو داستان.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندەها جۆری تری گێڕانەوە هاتنە ئاراوە. هەندێ لەلێکۆڵەرەوەکانیش هەستان بەپۆلێن کردنی گرێ لەوانە (تۆدۆرۆف) کە لەساڵی ١٩٧٢ لەسەر پێشنیارەکەی (ن. فریدمان) سێ جۆری دەست نیشانکردووە.

١. گرێ چارەنوسییەکان: کە ئەمانە لەخۆ دەگرێت:

أ. گرێی روداو: دەربارەی کێشەیەكو چارەسەرەکەشی دانراوە.

ب. گرێی درامی: دەربارەی زنجیرەیەك لەنەهامەتییە کە دوچاری کارەکتەری لاواز ئەبێتەوە، بەڵام سۆزی خوێنەر رائەکێشێت بەلای خۆیدا. چونکە ئەو شایەنی ئەوە نییە کە تووشی هاتووە، لێرەدا چیرۆکەکە کۆتایی نییەو کارەساتێکی دڵتەزێن دەبێتە هۆی وروژاندنی بەزەیی خوێنەر.

ج. گرێی دڵتەزێن: تیایدا کارەکتەر خۆشەویستە بەڵام بەرپرسە لەو نەهامەتیانەی کە دوچاری دەبێتەوەو خۆی پێی نازانێت تا کار لەکار ئەترازێ.

ء. گرێی سزا: کارەکتەر لێرەدا خۆشەویست نییە، بەڵام ڕێزی خوێنەر بەدەست دەهێنێت بەهۆی ئەو توانا شەیتانیانەی کە هەیەتی. زۆرجار چیرۆکەکە کۆتایی دێت بەشکست خواردنی کارەکتەرەکە.

هـ. گرێی گشتی: فریدمان ناوی ئەم جۆرەی نەهێناوە وە کارەکتەر تیایدا بەدخوو خراپە بەڵام لەبری ئەوەی سزا بدرێت، سەرئەکەوێ.

هەرچی گرێی سۆزداریشە: ئەم جۆرەیان پێچەوانەی گرێی درامیەکەیە چونکە کارەکتەرەکە خۆشەویستەو بێ دەسەڵاتە، زۆرجار دوچاری زنجیرەیەك نەهامەتی ئەبێتەوە بەڵام دواجار سەردەکەوێ.

٢. گرێ کەسێتیەکان:

أ. گرێی پێگەیشتن: کارەکتەر لێرەدا خۆشەویستە، بەڵام ساویلکەیە یان تاقی کردنەوەکان فێریان نەکردووە، واتە سودی لەئەزمونی خۆی وەرنەگرتووە. بۆی ڕێدەکەوێت کە بەهۆی ئەزمونێکەوە کاملو تەواو ببێت.

ب. گرێی دواخستن: کارەکتەر خۆشەویستە لێرەشدا بەڵام ئەگۆڕێ بەرەو باشتر بەڵام خودی خۆی بەرپرسیارە لەو بەڵایانەی روبەڕویان دەبێتەوە.

ئەمەش وا لەخوێنەر دەکات کە بەسۆز نەبێتو هاوبەشی لەگەڵدا نەکات بەسۆزو هەستەکەی.

ج. گرێی هەڵبژاردن: کەسایەتیەکە دوچاری ئەزموون دەبێت لەچەند بارودۆخێکی قورسداو نازانێت ئایا توانای خۆڕاگری هەیە یان نا. زۆرجاریش وا ڕێدەکەوێت کە واز لەمۆنۆلۆگەکانی دینێت.

٤ . گرێی شێواندن: هەموو هەوڵەکانی کارەکتەر یەك بەدوای یەك شکست دێنێت کە وای لـێ دەکات واز لەمۆنۆلۆگەکانی بهێنێت.

٣. گرێی بیرۆکەیی: کە ئەمانە دەگرێتەوە:

أ. گرێی پەروەردەیی: کە ئەمەش لێرەدا پێـشکەوتنێك لەتێڕوانینـەکانی پاڵەوانـە خۆشەویـستەکەدا روددەدات وەك شـەڕو ئاشتی.

ب. گرێی دۆزینەوە: کە کارەکتەر بارودۆخی تایبەتی خۆی نازانێت دوای لێگەڕانو دۆزینەوە بۆی رون دەبێتەوە.

ج. گرێی کارتێکردن: لێرەدا هەڵوێستەکانی کارەکتەر گۆڕانکاریان بەسەردا دێت نەك فەلسەفەکەی.

٤ . گرێی شکست: پێچەوانەی گرێی پەروەردەییە. کارەکتـەر واز لەگرفتـەکانی دێنێـتو بەنائومێـدی ئـەمرێت. خوێنـەر دواجار هیچ سۆزێکی بۆ نامێنێت.

وەکو دەزانین کە گرێچن پرۆژەی رێکخستنی رووداوەکانە بەشێوەیەکی هونەری.

چیرۆکنووس کاتێك باس لەرووداوەکانی لەچیرۆکەی دەکات، دەڵێت بەردەوامـیو جموجۆڵیان پێبداتو بەشێوەیەکی هونەرییانە بیانچێنێت.

بۆیە لەو سۆنگەیەوە روداوەکان گەورە دەبن وردە وردە، تاوەکو دەگەنە ترۆپك.

بەڕوانین لەچیرۆکەکانی(گوڵی رەش)، گرێچن، هەر شەش چیرۆکەکە لەجۆری (کاتی دەرونی) بەو مانایەی روداو لەکاتدا گەردان دەکرێتو تێك دەشکێنرێ.

لە(گوڵی رەش)دا گرێچن پتەوە بەهۆی گونجاندنی کەسێتی لەگەڵ کاتو شوێنداو پاشان یەکگرتنی روداو.

(گوڵی رەش) چرکەساتی گێڕانەوە، کۆتایی روداني چیرۆکەکە کراوە بە سەرەتا. ئەمەش بەو مانایە دێ، روداوەکە رویداوە کۆتایی هاتووە، ئەوسا چیرۆکنوس دەستی کردوە بە گێڕانەوە بەمەش خوێنەر دەڵێت کە ئێستە دەزانرێت چی رویداوە، بەڵام بۆ هۆکارەکەی دەگەڕێت کە داخۆ بۆچی رویداوە.....؟

هەروەکو چۆن لەچیرۆکەدا دەیگێڕێتەوە کە ((هێرۆ گیان.. لەیادچونەوەی تۆ قورسە... قورسە وەك مەرگ، بۆشاییە کە بەقەد بۆشایی نێوان ئەستێرەکان... خەمێکە بەقەد هەندرێنو هەڵگوردو پیرەمەگروون.. چیم لـێ دەکەی؟ چیم لـێ دەکەی.. بۆ کـێ جێم دێڵێ...؟

تۆ فرێم بدەی... کەسـی نابی منی چڵکنو خۆشی نەدیە هەڵبگرێتەوە تەنها خۆت منی تاڵو ترشت تام دەکرد، هێندەی باڵای تۆ خۆرماویەتی ئاوابێ... خۆم بۆ نەگیراو هاتمە سەربانەکە حەزت شێتی کردومو خەریکە منی برسیو ترسنۆك

دیواری شەرم بڕمێنم.. پەنجرەکە بکەرەوە.. سەرێ خوار کەوەو بڕوانە سەربانە بێ نازەکەی ئێمە.. لەهەموو لایەکەوە گیای زەرد سیسو وشکەوە بوەو پووشو پەلاشەو (با) دەیباو دەیهێنێ...))[1]

پاشان لەچیرۆکی (گوناهی سپی)دا چیرۆکنووس بە فلاش باك چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ رابردوو باسی هەمینو بایز دەکات.

زەمەنی رووداوەکە دەپچڕێنێت، بۆ ئەوەی یاخود لەپێناو ئەوەی کورتەی روداوێکی تر پێشکەش بکات کە لەرابردوو رویداوە.

ئەو گێڕانەوەیە بەشێوەی گەڕانەوە بۆ کاتی پێشتر، یەکێکە لەو جۆرانەی کە لەیەك ریتمی گێڕانەوە بەدوور دەگرێت بە بەشێك لەڕەگەزە ئیستاتیکیەکانی چیرۆکیش لەقەڵەم دەدرێت. لەباسکردنی (دەروێش بایزدا) کە وەکو لەچیرۆکەکەدا هاتووە... (دەروێش بایز.. ببورە.. دیسانەوە هاتیتەوە یادم گوناهی من نیەو حەزیشم نەدەکرد، دەشزانم هێشتا نەمردوویت، هەر زیندوویتو وازیشت لەڕاوە ریشۆڵە نەهێناوە.. وازیشی لـێ ناهێنێت. ئەمەیان نهێنیەکی گەورەیەو هەر خۆم دەیزانم، ببورە. ئەمجارەیان.. رەنگە دوا جار بێت بتکەم بە پاڵەوانی چیرۆکێکی تر، لەوانەشە دواجار نەبێتو دەیان چیرۆکی دیکەم پێ بنووسێت.. وەلـێ گوناهی خۆتە.. ئەم چیرۆکەش هەر گوناهی خۆتە، ئەگەر ئەو ئێوارەیە ناو دەرگاکەت لەمن گرتایەو لەگەڵما بەشەڕ هاتبایت.. ئەم چیرۆکەش لەدایك نەدەبوو.. ئێستا دوورم.. سەدەها کیلۆمەتر لێتەوە دروم.. ئەگەر بەم چیرۆکەت زانی بێ دەنگ بە... وەك هەشت ساڵ لەمەوبەر نەبیت بەگڕکانو بتەقیتەوە...))[2]

لێرەدا فەرهاد ئاماژە دەکات بە گێڕانەوەی ئەو روداوەی بەسەریدا هاتوە کە بایز سەرچاوەی بوە هەم بۆ تێکدانی ئاهەنگەکەی، هەمیش بۆ دروستبونی بیرۆکەی چیرۆکی ریشۆڵەی کە بایز پاڵەوانی بووە. وەکو چۆن ئەو ئێوارەیە هەموو شتێکی تێك ترشاند سامالی چاوانی پڕکردووە لەتەمی خەمو هەوری گریان، بەزمو ئاهەنگی ئێوارەیەی وەستاندووە. فەرهاد هەمیشە (دەروێش)ی وەکو پەپولە ئاسا بینیوە.

لەچیرۆکی (میم)یشدا کاتەکانی رابردوو ئێستاو داهاتوو تێکەڵ دەکرێت، لەپڕ باسی ئێستا دەکات، پاشان دەچێتەوە بۆ رابردوویەکی دور، لەدوای ئەوا رابردووی نزیك.

پاشان باسی خەونی ئاییندە دەکات، کە ئەمەش سەخترین جۆری گرێچنە لەناو کاتی گێڕانەوەدا کە دەبێت نووسەر مامەڵە لەگەڵ کارەکتەرەدا بکات.

لەسەرەتای چیرۆکەکەدا، گێڕەوەوە کۆتاییو لێکەوتەی کۆتایی باسی دەکات کاتێك دەڵێت: ـــ

((چار نەما.. دواجار"گوڵنار"م تەڵاق دا، دوای بیستو حەوت ساڵ لێکدی جیابوینەوەو خۆیو هەرسـێ کچەکانم لەسەر ماڵەکە مانەوە... دەبوایە من ماڵەکە بەجێ بێڵم... جێم هێشت... تا ئێستا شتی وات نەبیستووە، هەمیشە پیاو ژن

---

[1] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن، ل٦

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥

تەلاق دەداو خۆی لەسەر ماڵەکە دەمێنێتەوە، لەوانەیە ژنێکی دیکە بێنێ، ژنێکی ناسكو نازدارو منالتر، دادگاش بڕە پارەیەك بۆ ژنەکە دەبڕێتەوە........))[1]

ئەم گێڕانەوەیەی کە باس لەکۆتای روداوو بەسەرهاتی ژیانی رابردووی دەکات پاش ئەوە دەگەرێتەوە بۆ سەرەتایەکی خۆش کە لەقۆناغی خۆشەویستیو بە یەکتر گەیشتنیان بووە.

((جارانو ئێستاش بۆی دەگریم، جاران بۆ خۆشەویستی فرمسێکم هەڵدەڕەشت، ئێستا بۆ نا پیاوەتی پڕ لەشەرمو دەماری مردووی خۆم دەگریم، ئای لەو نامە جوانانەی جاران بۆم دەنووسی دوای هەر نامەیەك وروکاس دەبوو. گوڵناز مامۆستایەو منیش فەرمانبەرێکی خانەنشین.. چۆن ئەو حەزە گەرمە وا ساردبۆوە.....))[2]

پاش ئەمە جۆرە تێکەڵاویەکی رابردوو ئێستاو داهاتوو دەبینین پاش ئەمەش ئێستای باس دەکات کە

((خۆم دەخۆمەوەو بەدزییەوە دەگریم.. گریان گریانی ناخ خۆم دەزانم گوناهی خۆم نییە، لەژیانم بیرم لەوە نەکردبۆوە.. کێ دەیوت: "دوچاری نەخۆشیەکی وا کوشندە دەبم" دەیەها پزیشکم بەسەرکردووە.. بەغداو موسڵو بەسرا))[3]

گێڕەوە ئینجا ئاماژە بەرابردوو دەکاتەوە کە چۆن بەدوای گەڕانی چارەسەرە ئەم شارو ئەوشارو وڵاتی کردووە.

بەکۆی گشتی ئاوێتە بونی بەسەرهاتو رووداوەکانو کاتەکانی ڕودانیو گێڕانەوەی زۆر ئاڵۆزو پێکداچووە. لەلایەکی دیکەوە باسێکی مامەڵەو رەفتاریی گوڵناز دەکات لەناوەڕاستی چیرۆکەکەدا کە ((ئەوە نەما... بوم بە دەمارێکی سستو مردوو.. هێدی هێدی گوڵناز گۆڕا.. رقیش رەنگی خۆی هەیە، ئەو رەنگەم لەچاوانیا دی، پتر لەجاران دەچووە دەرەوە، پرسە، ئاهەنگ، ژنوژن خوازی، میوانداری.. تا دەهات پتر بەمۆنی سەیری دەکردم، هەستم دەکرد گڕکانێك لەناخیدا دەکولێ، هەر رۆژێکەو دەتەقێتەوەو من دەکوژێو ماڵەکەش کاول دەکات، هەندێك جار سەعاتێکە بەسەر تەلەفۆنەکەوە دەوەستا بەچرپەوە دەدوا.....))[4]

ئەم جۆرە گێڕانەوەیەش ناوەڕاستی روداو چیرۆکێکی ژیانی ئەمین دەردەخات، دەتوانین بڵێین کە بەگشتی تێکەڵاوبونی کاتی روداوەکانی ئێستاو داهاتوو پاشان رابردووی نزیكو دوور لەچیرۆكو کرۆکی چیرۆکەکەدا بەدی دەکرێ.. کە هەر لەلێهاتووی نووسەر دەوەشێتەوە، ئەو جۆرە هۆنینەوەو تەونە بخاتە ڕوو بۆ سەرنج راکێشانی خوێنەر.

[1] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن، ل١٥٠

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل١٥١

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل١٥١

[4] سەرچاوەی پێشوو ، ل١٥٢

# بەشی سێیەم
## تەکنیکی گێڕانەوە لەکۆمەڵەچیرۆکی ( گوڵی رەش )دا

١. بینای گێڕانەوە

٢. بینای دیالۆگ :

- دیالۆگی راستەوخۆ
- دیالۆگی ناڕاستەوخۆ

٣.بینای مەنەلۆگ :

- مۆنۆلۆگی ناوەوەی راستەوخۆ
- مۆنۆلۆگی ناوەوەی ناڕاستەوخۆ

٤. بینای ململانێ و روداو

٥. بینای وەسف

## ١. بیناى گێڕانەوە:- (Narrative)

((یەکێکە لەبنیادە سەرەکییەکانی چیرۆك و بەشێوەیەکی ئیستاتیکی سەرجەمی چیرۆکەکە (دەق) بەڕێوە دەبات، لایەنە هونەرییەکانی دیکە پێکەوە گرێ دەدات، ئەمە جگە لەوەی رووداو هەڵوێستەکان لەوێنەیەکی واقیعی بۆ وێنەیەکی زمانەوانی دەگوێزێتەوە، کە بەجۆرێك لەبەرامبەر (گوێگر یان خوێنەر)دا هەستبکات ئەم رووداو هەڵوێستانە دەبینێت و لەبەرچاوی دایە، وەزیفەکەشی هەر بەتەنها ئەوە نییە، بەڵکو دەکرێت گێڕانەوە خاوەن شیعرێك بێت بۆ پەلکێشکردنی خوێنەر بەدوای ئەو بابەتەکەدا))[١] .

گێڕانەوە ئەو پرۆسێسەیە کە بگێڕ پێی هەڵدەستێت لەئەنجامدا دەقێکی گێڕراوە دروست دەبێت، کە گوتار (خطاب) دەربڕین دەگرێتە خۆی. ئاشکراشە هونەرێکی دێرینەو یەکێکە لەو هۆیانەی کە رۆژانە مرۆڤ بەهۆیەوە رووداو و بەسەرهاتەکانی ژیانی بۆ هاوەڵەکانی گێڕاوەتەوەو بەردەوامیشە لەگێڕانەوەیدا. گێڕانەوە ((باسکردنی قسەی گوتراو یان حیکایەت گوتن))[٢] کەدەبێت کەسێك هەبێت گێڕانەوەکە ئەنجام بدات((بگێڕێتەوە)، کەپێی دەوترێت چیرۆکگێڕەوە ((چیرۆکنووسەو لەچیرۆکەکەی دەرکێشراوە)).[٣] چیرۆکنووسان هەر لەدەمێکەوە هەوڵی بەردەوامیان داوە کە لەبواری گێڕانەوەی تەکنیکەکان ئەفسوناوی ترو کاریگەرتربن.

(تۆماشفسکی)ی رەخنەگری رووسی کە کەسێکە بۆ خودی خۆی هەوڵی لەو جۆرەی داوەو پێی وابووە کە ((ئەمانە لەسەرەتاوە تەکنیکێکی سادەو تەقلیدی بوون، شێوازی گێڕانەوەی بابەتیانە، کەپشت بەچیرۆکگێڕەوەی هەموو شتزان دەبەستێت و روداوەکە بەجێناوی کەسی سێیەمی تاك (ئەو) دەگێڕێتەوە))[٤]. هەروەها وەکو پرۆسەیەکی گفتوگۆو ئاخاوتن پانتاییەکی فراوانی لەژیانی مرۆڤدا بۆ خۆی داگیرکردووە. لەبەر ئەوەی لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤدا دەرکەوتووەو هەروەها بوونی هەیە لەهێماو ئاماژەکردن لەهونەری شێوەکاریی‌و مێژوویشدا.

((گێڕانەوەی شتێکی گشتی و هەمەجۆرەیەو هەموو ئەو رەگەزە ئەدەبیانەی کەپشت بەرەگەزی گێڕانەوە دەبەستن، وەکو ئەفسانەو چیرۆکی میللی و چیرۆکی هونەری و رۆمان و ...هتد، لەگێڕانەوەوە پەیدابووەو شێوەی خۆیان وەرگرتووە،

[١] چیرۆکی منداڵان لەئەدەبی کوردیدا (١٩٩١-٢٠٠٥)، رازاو رەشید سەبری، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٠، ل١١٢

[٢] هەنبانە بۆرینە، هەژار، ل٧٤٢

[٣] عالم القصة، برنارد دى فوتو، ت-د.محمد مصطفى، القاهرة-نيويورك، م.فرانكلى للطباعة والنشر، ١٩٩١، ص١٦٦

[٤] نظرية المنهج الشكلي النصوص الشكلانين الروس، نظرية اللاغراض، توماشفسكى، ت-ابراهيم الخطيب، مؤسسة اللابحاث العربية، بيروت، ١٩٨٢، ص١٨٩

هەرمرۆڤێکیش لەگێڕانەوەدا شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە))[1] . ئاشکرایە ((هەمیشە مرۆڤی کۆن لەگێڕانەوەی ئەزموونەکانی ژیانی خۆیدا، باسی رابردوو ئێستا دەکات، ئاییندە وەکو ناوچەیەکی لێڵ و نادیار لەزەیندا ماوەتەوە)) [2] . ((هەموو بابەتێکی حیکایەتێکش پێویستی بەکەسێکە بینوسێتەوە یان بیگێڕێتەوە، ئەم پرۆسەی بەرهەمهێنانەش پێیدەڵێن گێڕانەوە))[3] .

کەواتە لێرەوە دەزانین کە گێڕانەوە ریزکردن و رێکخستنەوەی حیکایەتە، چونکە حیکایەت کۆمەڵێك رووداوو کرداری گێڕانەوەیە دەیەوێت بگات بەکۆتایی، واتە رووەو ئامانجێك ئاراستە کراوە.

(جان لۆفین) بۆ گێڕانەوە دەڵێت: ((هەرپەیڤێکە، کەجیهانێك دەگەرێنێتەوە بۆ زەین کە لەهەردوو رەهەندی جیهانی مادیی و مەعنەوەییەوە لەجیهانێکی راستی وەرگیرابێت و دەکەوێتە شوێن و کاتێکی دیاریکراوەوە و زۆربەی کات بەهەڵگەڕاوەیی لەرێگەی گۆشە نیگای کەسێکەوە یان زیاتر پێشکەشدەکرێت، سەرباری گۆشە نیگای گێرەرەوە بەجیاوازی لەگەڵ شیعردا))[4] .

گێڕانەوە، لەبەرئەوەی رووداوێك یان چەند رووداوێکە یاخود هەواڵێك یان پتر لەهەواڵێکە، کەسەرچاوەیەکی راستەقینەی هەبێت یاخود دروستکراو و داهێنراوی خەیاڵ بێت. سادەترین گفتوگۆی نێوان دوو کەس یان زیاتر بەویست بێت یان بێ ویست، ئەم پرسەی تێدەکەوێت، چونکە گواستنەوەو گەیاندنی زانیاری و هەواڵی تایبەت بەهەرلایەنێکی ژیان لێدوان لەدیاردەو رووداوە جۆراوجۆرەکان. پرۆسەی گێڕانەوە لەدەقە گێڕانەوە بەندەکاندا بەگشتی و ژانری چیرۆك و رۆمان گرنگی زۆر گەورەی هەیە. بەرهەمهێنانی چیرۆك یاخود دەقی رۆمان بەپێی پراکتیزەکردنی پرۆسەی گێڕانەوە کارێکی ئەستەمە. شێوازو چۆنییەتی گێڕانەوە جیاوازی هەیە بەبۆچوونی رەخنەگران کە هەندێکیان پێیانوایە ((شێوازی رێگاکانی گێڕانەوە بەپێی چەندێتی گۆشەنیگاو تێڕوانینی رۆمانووس یاخود چیرۆکنووس بۆ رووداوەکان دەگۆڕدرێت)).[5]

(واین بووس) دەڵێت: ((پێنج ملیۆن رێگە هەیە بۆ چۆنییەتی و شێوازی گێڕانەوەی چیرۆکێك، بەپێی ئەو ئامانجەی لەو کردەیەدا مەبەستمانە)).[6]

---

[1] نظرية السرد وتحليل الخطاب، د.عزالدين بوبيث، م(المقف الادبى) دمشق، ٢٠٠٢، -www.awvdam.org/mokifadaby/٣٨٠mok٣٨٠ ٠٠٢٠htm

[2] بناء الرواية العربية في الكويت، مهدى جبر صابر، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة البصرة، ١٩٨٩، ص٥٨

[3] السرديات، كريستيانن البخلي، ت-ناجى مصطفى، منشوارت الحوار الاكاديمى والجامعى، طب، الدار البيضاء، ١٩٨٩، ص٩٧

[4] دراسات في القصة العربية الحديثة (اصولها، اتجاهاتها، اعلامها)، د.محمد زغلول سلام، المعارف بالاسكندرية، ١٩٨٧، ص٤٥

[5] المتخيل السردى (مقاربات نقدية في التناص الرؤى والدلالة) عبدالله ابراهيم، المركز الثقافى العربى، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٩٠، ص١١٦

[6] النظرية السرد من وجهة نظر الى التبئير، جيرارد جينيت واخرون، ت-ناجى مصطفي، بدون مكان و تاريخ الطبع، ص١٠

ئاشكرایە كە گێڕانەوە((هونەرە نەك زانست)).[1] تەنها زمانێكی سادە بەس نییە بۆ گێڕانەوەی چیرۆكێك، بەڵكو دەبێت گێڕەرەوە، لەگێڕانەوەدا لێهاتوویی بنوێنێت لەبەكاربردنی رەگەزی چێژو خەیاڵ لەپێناو گواستنەوەی تەواوی چێژو هەژانەكانی بابەتی گێڕدراوە بۆ وەرگر.[2]
لەوبارەیەوە ( ئالان رۆب گرێ) دەڵێت: ((چیرۆكنووسی راستەقینە ئەو كەسەیە كە دەزانێت چۆن چیرۆكەكەی بگێڕێتەوە)).[3]
نكوڵی لەوەش ناكرێت كە گێڕانەوە بەیەكێك لەگرنگترین بنەماكانی بینای هونەری تێكستی هەر چیرۆكێك دادەنرێت و مەرجی سەركەوتنی هەركارێكی ئەدەبیش تاڕادەیەكی گەورە دەبەسترێتەوە بەجۆری ئەو رێگایەی كەرەستەكەی پێ رێكدەخرێتو دەگێڕدرێتەوە چونكە ((لەئەدەبدا رووبەڕووی رووداو و شتەكان نابینەوە لەشێوە سەرەتاكەیدا، بەڵكو رووبەڕوی ئەو رووداوانە دەبینەوە كە بەشێوەیەكی دیاری كراو پێشكەش دەكرێن، هەموو شتكێیش گشت دیاردەكانی بەپێی ئەو دیتنەی لێیەوە پێشكەش دەكرێت، دەستنیشان دەكرێت)).[4]
جگە لەوە گێڕانەوە لەلای تۆدۆرۆڤ ((تەنها گوتنێكە، واتە گوتنێكی راستەقینە كە چیرۆكگێڕەوە ئاراستەی خوێنەری دەكات)).[5] هەروەها زۆربەی رەخنەگرانیش كەلەئاماژەكاندا پێیانوایە كە گێڕانەوە وەكو دیاردەیەكی زمانەوانی تەماشای بكەن و ((بەكۆمەڵە رستەیەكی یەك بەدوای یەك هاتوو))[6] ی دادەنێن. زۆرجاریش ئاراستەكردنی گوتنەكەی گێڕانەوە لەلایەن گێڕەرەوە بۆ خوێنەر دەبەسترێتەوە بەجۆری ئەو پەیوەندییەی ئەركی گەیاندنی دەبێت. لەنێوان قسەكەرو گوێگر، یان بەشێوەیەكی فراوانتر دەتوانین بڵێین لەنێوان گێڕەرەوەو وەرگر كە لەدوو ئاستدا دەردەكەوێت: ئاستی ناردنەكە كەتایبەتە بەچیرۆكگێڕەوە، ئەوی دیكەشیان ئاستی وەرگرتنە كە تایبەتە بەگوێگر یان خوێنەر.
لەبەر سێبەری ئەم بۆچوونەدا كەواتە گێڕانەوە تەنها دەبێتە هۆیەكی گەیاندن، بەڵام بەلای زۆر لەرەخنەگرانیش گێڕانەوە لەم پەیوەندییە سادەو مانا تەسكە دەردەچێت و مانایەكی فراوانتر وەردەگرێت و دەبێتە ((ئامرازێك بۆ چنینی پێوەندی نێوان ئەو بنەما هونەرییانەی تێكستی چیرۆكەكەی لەسەر دروست دەبێت)).[7]

[1] النظرية السرد من وجهة نظر الى التبئير، جيرارد جينيت واخرون، ت-ناجي مصطفي، بدون مكان و تاريخ الطبع، ص٥٢
[2] تەكنیكی گێڕانەوە لەرۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی-دا، جەلال ئەنوەر سەعید، نامەی ماجستێر، چاپخانەی كەمال، ٢٠٠٩، ل٦
[3] عالم الرواية، رولان بدونوف و ريال اوئيلية، ت-نهاد التكرلي، دار الشؤن الثقافية العامة، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٩١، ص٣٧
[4] الانشائية الهيكلية، تزفتان تودوروف، ت-مصطفى التواتي، مجلة الثقافة الاجنبية، العدد-٣، السنة الثانية،١٩٨٢، ص١٢
[5] التحليل البنيوى للسرد، د.سامية احمد اسعد، مجلة الاقلام، العدد الثانى، السنة الرابعة عشرة، كانون الاول، ١٩٨٧، ص٨
[6] سەرچاوەی پێشوو، ص٤
[7] البناء الفنى لرواية الحرب في العراق (دراسة لنظم السرد والبناء في الرواية العراقية المعاصرة)، عبداللة ابراهيم، الطبعة الاولى، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٨، ص١٦١

((رۆلان پارت))یش بۆ ئەو مەبەستە دەڵێت: ((جۆرەکانی گێڕانەوە لەجیهاندا زۆرن، بۆیە دیاری ناکرێن)).[1] گێڕانەوە تایبەتمەندییەکەی ئەوەیە کەخاوەنی هیچ جۆرە یاسایەکی تایبەت نییە، بۆیە ئەمە کارئاسانی کردوو بۆ چیرۆکنووس و رۆمانووسەکان کە بەئارەزووی خۆیان جۆرێك یان زیاتر لەجۆرێك گێڕانەوە تێکەڵ بەیەکتری بکات لەکاتی داهێناندا، چونکە ئەگەر گێڕانەوە لەرووی درکاندنەوە ((شتێکی گشتی و جۆراوجۆر بێت))[2] ئەوا لەڕووی هونەرییەوە ((گێڕانەوە، ئەو رێگەیەیە لەچوارچێوەیدا چیرۆك دەگێڕینەوە، وەدەکرێت چیرۆك بەچەند رێگایەك بگێڕینەوە، لەبەر ئەوەشە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەگێڕانەوە دەبەسترێت لەجیاکردنەوەی جۆرەکانی گێڕانەوەدا[3]، وە مەبەست لەجۆراوجۆریش تەنیا خوڵقاندنو داهێنانی دەقی نوێیە، واتە ((گێڕانەوە رێبەری کاری نییە، بەڵکو ووشەی نهێنی هەیە، وشەی نهێنی گێڕانەوەش وەك وشەی نهێنی شیعرە کە لەقاڵب نادرێت، بەڵکو بەرهەمی ئەزموون و تاقیکردنەوەی تایبەتی نووسەرە)).[4]

((شکلۆفسکی)یش لەوبارییەوە سەبارەت بەگێڕانەوە ووتویەتی ((جیهان نامۆدەکات، لەلای باختینیش گێڕانەوە رێگای جۆراوجۆری ئاخاوتنە لەجیهانێکی نامۆدا)).[5] هەروەها (وایت)یش هەرلایەنگری بۆچوونی (بارت)ە، بۆیە لەوبارەیەوە دەڵێت ((کاتێك بایەخ بەگێڕانەوە دەدەین، واتە بانگەشە بۆ بیرکردنەوە لەسروشتی رۆشنبیریو خودی سروشتی مرۆڤایەتیش دەدەین)).[6] (پۆل ریکۆر)یش، گێڕانەوە بەیەکێك لەرێگاکانی داهێنانو خوڵقاندنی مانا ناسانە لەقەڵەم دەدات،[7] چونکە گێڕانەوە ئاستێکە توانیویەتی هەموو ئاستە جیاوازەکانی کارێکی هونەری گرێ بدات.[8] بناغەی دارِشتنی چیرۆکیش خۆی لەو پەیوەندییەدا دەنوێنێت کە لەنێوان چیرۆکگێڕەوە شاکەسی چیرۆکەکەدا دروست دەبێت. گێڕانەوە بۆ خۆی ئامرازێکی چنینی پەیوەندییەکانە لەنێوان توخمە هونەرییەکاندا کەبنیاتی دەقی چیرۆکی لەسەر بنیات دەنرێ.[9]

دەکرێ بڵێین: پرۆسەی گێڕانەوە یەکخەری هەموو توخمە هونەرییەکانی پێکهاتەی بنیاتە.

---

[1] التحليل البنيوی للسرد، مجله الاقلام، العدد ٣، السنه الرابعه العشره، ١٩٧٨، ص٣

[2] تەکنیکی گێڕانەوە لەرۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی-دا، ل٤

[3] تقنيات السرد، امنه يوسف، دار الحوار للنشر والتوزيع، سوريا، ١٩٩٧، ص٣٦٩

[4] مقارنة في في القصة المغربية من التاسيس الى التجنيس، نجيب العوفى، المركز الثقافي، الدار البيضاء، الغرب، بيروت-لبنان، الطيعة الاولى، ١٩٨٧، ص٤٩١

[5] في نظرية الرواية (بحث في تقنيات السرد)، عبدالملك مرتاض، منشورات عالم المعرفة، الكويت، ١٩٩٨، ص٢٥٦

[6] السردية حدود الفهم، بول بيروت، ت.د. عبداللة ابرايهم/ م. الثقافة الاجنبية، بغداد، ٤،٢، ١٩٩٢، ص٢٧

[7] دەنگی بلورینی دەق، عەبدولخالق یەعقوبی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپو بلاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٧٣

[8] ابحاث في النص الروائي العربى، د.سامى سويدان، ط١، بيروت، ١٩٨٦،ص١٧٧

[9] نظرية المنهد الشكلى (نصوص الشكلانيون الدوس)، ف.شكلوفسكى، ت-ابراهيم الخطيب، مؤسسة البحاث العربية، بيروت، الطبعة الاولى، ١٩٨٢،ص١٨٩

وەگێڕانەوە یاسای تایبەتی نییە، بەڵکو داهێنانی پرۆسەی گێڕانەوە بەندە بەشارەزایی و لێهاتووی ڕۆماننووس لەخولقاندنی جۆری گێڕانەوەکەدا. هەروەها گێڕانەوە پرۆسەیەکی زمانییە، واتە چیرۆکنووس یاخود ڕۆماننوس لەڕێگەی دەوڵەمەندی فەرهەنگی زمانەوە، جیهانە تایبەتییەکی دەخولقێنێ.. هەروەها لەروانگەی فۆرمالیستە رووسەکان گێڕانەوە، بەسەر دوو جۆری سەرەکیدا دابەشدەکات، ئەوانیش ((گێڕانەوەی (بابەتیی-Objective)و (گێڕانەوەی خودی-subjective)).[1] پاشان جگە لەوانەش (والاس مارتن) پێیوایە ((گێڕانەوە دەکرێت بەچەند ڕێگەیەکەوە ئەوانیش ((گرتە-scene)، ((پیشاندان- showing))، ((لاسایی کردنەوە-mimicery))ن.

سەرەڕای نواندنەوەی وتەو کرداری کەسێتییەکان بەشێوەی ڕاستەوخۆ، یان هەڵبژاردنی بیرو مۆنۆلۆگەکانیان.[2]

زۆربەی توێژەرانی دیکەش گێڕانەوە بەم شێوەیە دابەش دەکەن:

١. گێڕانەوە لەڕێی حیکایەتخوانەوە.

٢. گێڕانەوە لەڕێی کارەکتەرەوە.

٣. گێڕانەوە لەڕێی دیالۆگەوە.

٤. گێڕانەوە لەڕێی فلاشباکەوە.[3]

## ١. گێڕانەوە لەڕێی حیکایە تخوانەوە:

یەکێکە لەڕێگاکانی گێڕانەوە، سەرکەوتوویی حیکایەتخوانیش بەندە بەچۆنێتی گێڕانەوەو گۆشەنیگای ئەوەوە. کاری حیکایەتخوانیش چیرۆکگێڕانەوەیە، واتە هەڵدەستێ بەجێبەجێکردنی ئەرکێك، کە ئەویش گێڕانەوەی چیرۆکەکەیە، کە پێمانرادەگەیەنێت، جا چ واقیعی بێت یان خەیاڵی.[4] حیکایەتخوانو گێڕانەوە دوو توخمی بنچینەیی ڕۆمان و چیرۆکن لە پاڵ توخمەکانی تری دەقدا. (نەجم ئەڵوەنی) دەڵێت:((هەرچەندە ڕۆمان یاخود چیرۆك هەوڵبدات لەتوخمی گێڕانەوەو دەوری گێڕەرەوە دووربکەوێتەوە، ناتوانێت بەتەواوی دەست لەوانە هەڵبگرێت، چونکە وەکو وتمان لەبناغەدا چیرۆك یاخود ڕۆمان لەسەر بنەمای ئەو دوو توخمە بیناتنراون)).[5]

جگە لەوەی گێڕانەوە ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لەخستنەڕووی گۆشەنیگای حیکایەتخوان، هەروەها گۆشەنیگا یان روانگە یان بگرە جیهانبیی زۆر گرنگە، وەگۆشەنیگا بەگوێرەی جێناوی (من، ئەو) دیاری دەکرێت..

[1] نظرية المنهج الشكلي (نصوص الشكلانيون الروس)، .......

[2] نظريان السرد الحديثة، والاس مارتن، ت: حياة جاسم محمد، المجلس الاعلاء للثقافة، بغداد، ١٩٩٨، ص١٦٣

[3] بینای جۆرەکانی روداو لەڕۆمانی کوردیدا، ڕێزان عوسمان، چ١، بەڕیوبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکان، هەولێر، ٢٠١٠، ل١١٩

[4] النص الروائي (تقنيات ومناهيج)، برنار فاليط، ت: رشيد بن حدو، المجليس الاعلى للثقافة، الهيئة العامة، للشؤون المطابع الاميرية، ١٩٩٩، ص٨٥

[5] بینای کات لەسێ نمونەی ڕۆمانی کوردیدا (ژانی گەل، شار، راز) نەجم خالید نەجمەدین ئەڵوەنی، چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٧٣

(میشال بۆتۆر)یش جێناوی نادیاری ئەو لەدەرەوەمان جێدێڵێ وەجێناوی من بۆ ناوەوە دەگوێزرێتەوە. لێرەدا کارەکتەرەکە ناتوانێت شتەکان دەربارەی خۆی باسبکاتو لەبارەی خۆیەوە بگێڕێتەوە.[1] واتە حیکایەتخوان لەڕێی جێناوی نادیارەوە شارەزاییەکی سەرتاپاگیری دەبێت لەجیهانی دەقەکەو لەچۆنێتی بەرەو پێشچوونی ڕووداوەکان لەکاتێکدا جێناوی ((من)) لەرۆمانی نوێدا سروشتی کەمشتزانی بەحیکایەتخوان دەبەخشێت و هەمیشە بەدوای دۆزینەوەی نهێنییەکان لەگەڕاندا دەبێت.

هەروەها گۆشەنیگاکانیش دەکرێت بەدوو بەشەوە:

١. ***گۆشەنیگای سەرەکی (دەرەکی)***: سادەترین گۆشەنیگایەو حیکایەتخوان لەدەرەوەی ڕووداوەکان باسی کەسایەتی کارەکتەرەکان و چۆنێتی ململانێ و کێشەو باری دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە.

ئەم گۆشەنیگایە هاوکاری حیکایەتخوان دەکات کە ئاگاداری سەرجەم توخمەکانی بینای گێڕانەوەکە بێت،جگە لەوەی جێناوی نادیار حیکایەتخوان دەپارێزێ لەتاوانی درۆو تەنیا دەبێتە حیکایەتخوانێك شتێك دەگێڕێتەوە، نەك دانەرێك شتێك بنووسێت و نەداهێنانێك ئەنجام بدات. تایبەتمەندی گۆشەنیگای دەرەکی یان سەرەکی نزیکخستنەوەی بەرهەمە لەواقیع، هەروەها گێڕانەوەی ڕووداوەکانە بەکاتی ڕابردوو.

هەروەها زیاتر لەلای ڕۆماننوسە تەقلیدییەکان لەگێڕانەوەی ڕووداودا باوبووە، کەپێویستی سەردەم وایدەخواست گێڕانەوەکانیان ڕەنگدانەوەی ژیانی واقیعی خۆیان بێت و حیکایەتخوان ئەو هەستە لای خوێنەر دروستبکات.

٢. ***گۆشەنیگای ناوەکی:*** لەم گۆشەنیگایەدا، حیکایەتخوان لەدەروونی خۆیەوە دەڕوانێتە کاریگەرییەکانی دەرەوە لەچوارچێوەی ئەم تێڕوانینە ناوەکییە خودییەوەش پرۆسەی گێڕانەوە لەڕێی جێناوی کەسی یەکەمی قسەکەرەوە بەئەنجام دەگەیەنێت.

**٢. گێڕانەوە لەڕێی کارەکتەرەوە:** لەم گۆشەنیگایەدا کارەکتەر ئەرکی حیکایەتخوان دەگێڕێ، کە ئەمەش لایەنێکە لەلایەنە جوانکارییەکانی ئەم گۆشەنیگایە، جێناوی من خوێنەر پابەندی پرۆسەی گێڕانەوە دەکات تا ئەو ڕادەیەی واهەست بکات کەنوسەر یەکێکە لەکارەکتەرەکان. گێڕانەوە بەمجۆرە جێناوە ڕۆڵی نووسەر ناهێڵێت بەپێوانەکردنی لەبەرانبەر وەرگر کە هەست بەبوونی ناکات. وەتوانایەکی سەرنجڕاکێشی هەیە لەنەهێشتنی جیاوازی کات و گێڕانەوە لە نێوان حیکایەتخوان و کارەکتەردا.[2]

---

[1] بحوث في الرواية الجديدة، ميشال بوتور، ص١٠٤-١٠٥

[2] بینای کات لەسێ نمونەی ڕۆمانی کوردیدا (ژانی گەل، شار، ڕاز) نەجم خالید نەجمەدین ئەڵوەنی، ٢٠٠٤، ل٧٨

هەروەها لەگۆشەنیگای ناوەکیدا پرۆسەی گێڕانەوە بەجێناوی کەسی یەکەم (من) دەگێڕدرێتەوە، زۆرجاریش حیکایەتخوان پەنا دەباتە بەر جێناوی کەسی سێیەم (ئەو)، رەنگدانەوەو تایبەتمەندی ئەم گۆشەنیگایە لەخولقاندن، کاتێك دێتەکایەوە، حیکایەتخوان راستەوخۆ دەقی رۆمانێك دادەهێنێت و پشت بەخەیاڵ دەبەستێت لەداهێنانی دەقدا.
لەوبارەیەشەوە جارێکی تر میشال بۆتۆر دەڵێت: ((ئێمە هەموو جارێك کە گۆشەنیگای قسەکەر بەکاردەهێنین، مەبەستمان ئەوەیە واهیمە بکەینە هەقیقەت هەروەك (دانیال دیڤۆ) لە (رۆبنسن کرۆزۆ) داهێنایەکایەوە)).[1] بۆیە بەگشتی گێڕانەوەکان لەچوارچێوەی ئەم دوو گۆشەنیگایەوە ئەنجامدەدرێت، کەیەکێك لەم دووجۆرە حیکایەتخوانە (حیکایەتخوانی دەرەکی، حیکایەتخوانی ناوەکی) ئەنجامیدەدەن.
جگە لەوەش رەخنەگری ئێرانی (جەمال میر سادقی) دەڵێت: ((لەگۆشەنیگای ناوەکیدا، حەکایەتخوانەکەی یەکێکە لەکەسێتییەکان (کەسیەتی سەرەکی یا لاوەکی) رۆمان یاخود چیرۆك وە لەگۆشە نیگای کەسییەوە دەگێڕدرێتەوە)).[2]
هەروەها گێڕانەوە جگە لەوەی کە لەرێگەی حیکایەتخوان دەگێڕدرێتەوەـ لەرێی کارەکتەریشەوە دەگێردرێتەوە، بەڵکو ئەم پرۆسیەیە لەناو تەکنیکەکانی گێڕانەوەی کارەکتەرو دیالۆگ و مەنەلۆگ و...هتد بەئەنجام دەگات. و پێکهاتەی کارەکتەریش رۆڵیان لەچوارچێوەی دەقدا، دوو جۆرن، کارەکتەری پەرەسێن: کەخولقێنراوێکی ئاڵۆزن لەچۆنێتی بیرکردنەوە لایەنی کۆمەڵایەتییەو دەروونییەوە.
خوێنەر زۆرجار ناتوانێت چارەنووسی دیاری بکات لەئەنجامی ئەو گۆڕانە بەردەوامەی یان ((ئەو جۆرە کەسەیە کە خاوەنی چەندین رەهەندی مرۆیی وەك هەستو سۆزو هەڵچوونو بیروبۆچوونی و لایەنی دەروونیو بیرکردنەوەیە، هەموو ئەم رەهەندانەش پەیتا پەیتا لەهەڵوێستێکەوە بۆ هەڵوێستێکی دی بەدەردەکەون)).[3] دەبێت ئەوەش بزانین دروستکردنی ئەمجۆرە کارەکتەرە لەلایەن چیرۆکنووس یان رۆماننووسێکەوە کاریکی سادەنییە، بەڵکو شارەزاییو لێهاتوویی دەوێت، بەوەی کە کۆمەڵە سیفەتێك لەکەسێکدا دەخولقێنێ، کەهاوتان یان دژ بەیەکن. بۆیە پێکهاتەی ئاڵۆزی کارەکتەر ئەوە رەتدەکاتەوە ((بتوانێ بەیەك رستە یان چەند رستەیەکی کەم گوزراشت لەکەسایەتی بکرێت)).[4]
تایبەتمەندی ئەم کارەکتەرەش بەوە روون دەبێتەوە، کە وردەوردە پەرەدەستێنێت ((بەگوێرەی هەڵوێست، لەهەر هەڵوێستێکدا رەفتارێکی نوێ و لایەنێکی شارەوای کەسایەتیمان بۆ ئاشکرا دەبێت)).[5] هەروەها جگە لەکارەکتەری پەرەسێن، کارەکتەری سادەش هەیە، کە خاوەن چەمکی جۆراوجۆر نییە لەڕووی هەست و سۆزەوە، بەڵکو بەدرێژایی

[1] بینای کات لەسێ نمونەی رۆمانی کوردیدا (ژانی گەل، شار، راز) نەجم خالید نەجمەدین ئەڵوەنی، ٢٠٠٤، ل٨٠
[2] عناصر داستان، جمال میر صادقی، چاپ سوم، چاپخانه بهمن، تهران، ١٣٧٦، ص٣٨٧
[3] شاکەس لەرۆمانی کوردیدا ـ کوردستانی عیراق (١٩٩٠ ـ ١٩٩٧)، محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا، ل١٢٦
[4] سەرچاوەی پێشوو، ل١٥
[5] بناء الرواية، ادوين موير، ت: ابراهيم الصير في عبدالقادر القط، الدار المصرية للتأليف والترجمة، دار الجيل للطباعة، بدون سنة الطبع، ص١٣٨

گێڕانەوەکە لەیەك ئاست دەمێنێتەوەو گەشە ناکات، ((تەنها گرنگی بەرۆڵو بۆچوونی خۆی دەدات و بەلایەوە گرنگو پێویست نییە کەخاسیەت و سیفاتی خۆی بەرەو پێش ببات))،[1] واتە ((مەبەست لەکارەکتەری سادە ئەوەیە کەخاوەن یەك روکارەو ناگۆڕێت)).[2] ئەمەش لەتایبەتمەندییەکانی ئەم کارەکتەرەیە، ئەمە جگە لەوەی کە خراپ یان باش بن، بەگوێرەی دەرکەوتنیان بەردەوام دەبێت لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار تووشی گۆڕان دەبن.. دروستکردنی ئەم کارەکتەرەش بێ ئامانج نییە، بەڵکو ئەرکی رەتکردنەوەی شتە نهێنی و شاراوەکانی کارەکتەری پەرەسێنە، (د.عەدنان خالد) دەڵێت: ((کارەکتەری سادە تیشك دەخاتە سەر کارەکتەرەکانی دیکە، لەچوارچێوەی کارلێکردن و تیکەڵبوونیان وامان لێدەکات تێیان بگەین))[3]. خالێکی تر لەگێڕانەوە یان ریگایکی تر لەگێڕانەوە (گێڕانەوەیە بەرێگای دایالۆگەوە).

## ٣. گێڕانەوە لەڕێی دایالۆگەوە:

گرنگیدان بەدایەلۆگ لەرۆمان یان لەچیرۆکێکدا بۆ چیرۆکێکی تر جیاوازی هەیە لەرووی چەندێتی و چۆنێتییەوە. حیکایەتخوان یان چیرۆکنووس سوودی لەدایەلۆگ وەرگرتووە بۆ ئەوەی رووداوەکانی لێوە بگەیەنێت یاخود بیگێڕێتەوە، چونکە کارەکتەرەکان لەدایەلۆگدا هەندێجار راستەوخۆ قسەدەکەن بەبێ یارمەتی حیکایەتخوان، ئەمەش وادەکات خۆیان زانیاری دەربارەی خۆیان پێشکەش بکەن. و دایەلۆگ ((هاوبەشیشە لەنێوان چیرۆك و شانۆگەریدا، جیاوازی نێوانیشیان لەوەدایە، کە چیرۆکنووس دەتوانێ ئەم تەکنیکە سات نەساتێك بەکاریهێنێ، بەڵام شانۆنووس ناتوانێت دەستبەرداری بێ))[4].

بەگوێرەی رۆڵی کارەکتەرو حیکایەتخوان دەکرێ دوو جۆرە دایەلۆگ دیاری بکەین:

***دایەلۆگی راستەوخۆ:*** کە دوو کارەکتەر یان زیاتر لەوە لەچوارچێوەی چیرۆکێکدا بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەشداری تێدا دەکەن. هەندێجاریش لەرۆمان یاخود چیرۆکی فرەدەنگدا حیکایەتخوان هەموو شتدەزانێ، هەر چەندە رووداوی دەقەکە دەکەوێتە قاڵبی دایەلۆگی راستەوخۆشەوە، کەچی حیکایەتخوان، کارەکتەر رەها ناکات بەڵکو لەپشتیانەوە زۆرجار دەروانێتە رووداوەکان.

---

[1] الادب وفنونه، د. عزالدين اسماعيل، ص١٩٣

[2] تەکنیکی گێڕانەوە لەڕۆمانەکانی (عەبدوڵڵا سەراج)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٧، ل٣١

[3] ادب وفنونه، د. عزالدين اسماعيل، ص١٩٣

[4] شاکەس لەڕۆمانی کوردی ـ کوردستانی عیراقدا (١٩٩٠ ـ ١٩٩٧)، ل١١

هەروەها ***دایەلۆگی ناراستەوخۆش:*** حیکایەتخوان لێرەدا هەڵدەستێ بەگێڕانەی رووداو لەسەر زاری کارەکتەرەکان وەکو خۆی ئەم پرۆسەیەش بەجێناوی کەسی سێیەمی (تاك و کۆ) ئەنجام دەدرێت، بە بەکارهێنانی دەستەواژەی وتی- وتیان- پرسی- دەڵێ... یاخود هەندێجار راستەوخۆ ئاماژە بەناوی کارەکتەرەکان دەکات.[1]

## ٤. گێڕانەوە لەڕێگەی فلاش باکەوە:

هونەرێکی سینەماییە، زۆرجار بۆ گێڕانەوەی رووداوەکانی زەمەنی رابردوو سوودی لێ وەرگیراوە چونکە ((وا لەدەرهێنەر دەکات رۆشنایی بخاتە سەر رووداوێکی رابردوو کە هاتنە کایەی بیرۆکەکە بۆ وەرگر بگەڕێنێتەوە لەکاتێکی بەسەرچوودا، هەروەها بەشێك لەرووداوەکانیش کە بەتەواوی بەدیار نەکەوتوون لەو چوارچێوەیەدا))[2]، فلاشباگی ناوەکی و دەرەکی و ئاوێتەشمان هەیە.

جگە لەهەموو ئەمانەش ئەگەر ئاماژە بدەینە پەیوەندی نێوان چیرۆکگێڕەوەو شاکەس لەناو چیرۆکدا، ئەوا رەخنەگران بایەخێکی تەواویان بەئاستە جیاجیاکان داوەو شێوەو شێوازە جۆربەجۆرەکانیان دەستنیشان کردووە. ئەو پەیوەندییەش کە لەنێوان چیرۆکگێڕەوەکەو رووداوەکاندا هەیە ئاڵۆزو بەیەکدا چوو فراوانە.

رەخنەگری فەرەنسی (جان بو یون) جۆری پەیوەندی نێوان چیرۆکگێڕەوەو کەسانی ناو چیرۆك دابەشدەکاتە سەر سێ بەش و شوێنەکانیان لە چیرۆکدا بەمجۆرە دیاری دەکات:

١-چیرۆکگێڕەوە... شاکەس (واتە چیرۆکگێڕەوە زیاتر دەزانێت).

٢- چیرۆکگێڕەوە= شاکەس (واتە چیرۆکگێڕەوە هەندەی شاکەس دەزانێت).

٣- چیرۆکگێڕەوە... شاکەس (واتە چیرۆکگێڕەوەلە شاکەس کەمتر دەزانێت).

جۆری یەکەمیان ناودەنێت (لەدواوە دێت)، جۆری دووەمیشیان (دێت لەگەڵ)، جۆری سێیەمیشیان (لەدەرەوە دێت).[3]

هەر یەك لەم پەیوەندیانەش خاسیەتی تایبەتی و دیاری کراوی خۆی هەیە کە لەوی دیکە جیای دەکاتەوە.

هەروەها چیرۆکگێڕەوە لەگێڕانەوەی (دواوە دێت)، راناوی کەسی سێیەمی نادیار بەکاردەهێنێت[4]، ئەمە کاریگەری دەبێت بۆ ئەوەی کەیارمەتی بدات لەوەی هەموو شتێك بزانێت و توانای باسکردنی هەبێت و وە سەربەست بێت لەشاردنەوە یان ئاشکراکردنی ئەو زانیاریانەی پێوەندیان بەشاکەس یان رووداوەکانەوە هەیە. وەهەمیشە لەم جۆرە گێڕانەوەیەدا وەرگر شوێنکەوتووی چیرۆکگێڕەوەیە، تایبەتمەندی چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزانیش ئەوەیە کە((لەکەسەکان زیاتر دەزانێت،

---

[1] بینای جۆرەکانی روداو لەرۆمانی کوردی باشوری کوردستاندا (١٩٨٥ ـ ١٩٩٠)، ل١٩١ـ١٩٨

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٤

[3] بناء الرواية، د. سيزا قاسم، ص١٨١

[4] القصة القصيرة، نظريا وتطبيقا، يوسف الشاروني، ص٧٠

بەتەنگ ئەوەشەوە نییە کەپێمان بڵێت ئەو زانیاریانەی کەباسی دەکات چۆن دەستی کەوتووە، هەروەك چۆن دەتوانێ ئەو شتانەش ببینێت کە لەمێشکی شاکەسدایە و دەخولێتەوە.

نوسەرو سەرجەم رەخنەگرانیش لەیەك روانگەوە تەماشای چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزان ناکەن، رۆمانووسی فەرەنسی (ڤلۆبیر) بەجوانترین شێوە وێنەی چیرۆکگێڕەوەی هەموو شتزان دەکێشێت و گرنگترین تایبەتی و خاسیەتەکانی دیاریدەکات، لەیەکێك لەنامەکانی کە بۆ خاتوو (لۆرد ابیە شانتیسی) ناردووە، کاتێك دەڵێت: ((پێویستە نووسەر بۆ خۆی نەنوسێت، بەڵکو دەبێت لەکارەکەیدا وەك خوا بێت لەگەردوون، نەبینراو بەتوانا بێت، لەهەموو شوێنێکدا هەست بەبوونی بکەین بەڵام نەیبینین))[1] .

جگە لەوەش (هێنری جێمس) بەجۆرێکی تر دەڕوانێتە چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزان و لایەنە جۆربەجۆرەکانی ئەم جۆرە گێڕانەوەیە شیدەکاتەوە، لەڕووی ئەوەی کە بووە هۆی پچڕان و ناڕێکی چیرۆك بەهۆی گواستنەوە کتوپڕییەکانی لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێك و لەکاتێکدا بۆ کاتێکی تر، بێئەوەی هیچ هۆیەك هەبێت یان تەنانەت ئەوەی لەدیتنی چیرۆکەوەش بێت، کەئەنجامی ئەمەش دەبێتە هۆی نەمانی پێوەندی ئۆرگانییەکانی نێوان پارچە جیاجیاکان.[2] نووسەرو رەخنەگران یەك ناگرنەوە سەبارەت بەو لایەنەی پەیوەندیدارە بەسەربەستی چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزانەوە. چونکە سەربەستی چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزان بەموتڵەق دادەنێن، هەندێکی تریشیان بەپێچەوانەوە ئەو سەربەستییە بەسەربەستییەکی رێژەیی دادەنێن. بەڵام دوای بەدواداچوون و دەرکەوتن، ئەو سەربەستییە، سەربەستییەکی رێژەییە نەك ڕەها، چونکە چیرۆکگێڕەوە دەکەوێتە بەرامبە چەند رێسایەك و دەبێت پابەندی بێت و لێیان لانەدات، رێسای یەکەم، ئەو پەیوەندیانە دەگرێتەوە کەپێشبەند بەپاشبەندەوە دەبەستێتەوە، واتە هەڵبژاردنی لووانێك بەستراوەتەوە بەهەڵبژاردنی لووانی پێش خۆی کە هەمیشە لەبەرچاوی چیرۆکگێڕەوەیە. واتە دووەم بەپێی یەکەم هەڵدەبژێرێت.

رێسای دووەم، پەیوەندی بەدوای یەك هاتنی رووداوەکان بەجۆری حیکایەتەکە دیاردەخات.

هەرچی رێسای سێیەمیشە تایبەتە بەداب‌ونەریت، واتە بەدواییەکداهاتنی کردەوەکانی گێڕانەوە بەستراوەتەوە بەباوەڕەکانی خوێنەر سەبارەت بەڕەوتی رووداوەکان.[3] جۆری دووەمی گێڕانەوە کەپێی دەوترێت (دیتن لەگەڵ)، و ناوی چیرۆك گێڕەوەکەش دەتوانین ناوبینێن (هەمان شت)، چونکە ئەم شتانە دەزانێت، کە کەسانی ناو چیرۆکەکە دەیزانن، واتە ئەو زانیاریانەی لای چیرۆکگێڕەوەکە لەڕووی چەندێتییەوە، هێندە ئەو زانیاریانەیە، کە کەسانی ناو چیرۆکەکە هەیانە. واتە چیرۆکگێڕەوە هەمان زانیاری کەسانی ناو چیرۆکەکەی هەیە. بۆیە ناتوانێت پێشبینی هیچ شتێك بکات‌و هیچ شتێك ئاشکرا بکا بەرلەوەی کەسانی ناو چیرۆکەکە بیزانن‌و بیدرکێنن، شوێنیشیان لەپاڵ کەس‌و رووداوەکان لەناو چیرۆکدا بەستراوەتەوە بەکات‌و

[1] عالم الرواية، رولان بورنو، ص٧٧

[2] بناء الرواية، د. سيزا قاسم، ص١٨٢

[3] بینای هونەری چیرۆکی کوردی، پەرێز سابیر، ل٢١٧

شوێنێکی دیاری کراوەوە، (( چونکە رووداو کەس‌و کات‌و شوێن هەموویان لەکلاو رۆژنەی گۆشە نیگای یەکێك لەکەسانی ناو چیرۆکەکە پێشکەش دەکرێن)).[1]

مامەڵەکردنی چیرۆکگێڕەوە لەگەڵ رووداوەکانی چیرۆك جیایە لەگەڵ مامەڵەکردنی چیرۆکگێڕەوەی نادیار، لەبەرئەوەی رۆڵی رەنگدانەوەی یان گوێزانەوەی رووداوەکان ناگێڕێت، بەڵکو رۆڵی دروستکەریان دەگێڕێت، بەشێوەیەکی دی چیرۆکگێڕەوە لەگەڵ رووداوەکان دەوەستێ نەك لەپشتیانەوە.[2] کەواتە جۆری گێڕانەوەکەی بەکاردێنێت بایەخی خۆی دەبێت لەدیاریکردنی شێوەی گێڕانەوەکە. کە راناوەکە کەسی یەکەمی بگۆیە ((چیرۆکنووس راناوی کەسی یەکەمی بگۆ لەچیرۆکەکەی دا بەکاردەهێنێت‌و خۆی دەخاتە شوێنی شا کەسی چیرۆکەکە یان شوێنی یەکێك لەکەسە لاوەکییەکان‌و بەزمانی ئەوان دەدوێت)).[3]

چیرۆکنووسانیش زیاتر بایەخ بەم جۆرە گێڕانەوەیە دەدەن‌و بە شێوەیەکی فراوان بەکاریدەهێنن.

هەروەك د.سیزا قاسم دەڵێت ((پێشکەوتنی گێڕانەوە روویکردە دیتنی خودی‌و گەمارۆدانی ئەو دیتنە لەناوهۆشی کەسەکان بە دوورکەوتنەوەی لەچیرۆکگێڕەوەی هەمووشت زان))[4] جۆری سێیەمیش لەجۆرەکانی گێڕانەوە پێی دەوترێت (لەدەرەوەی دیتن)، واتە ئەو چیرۆکگێڕەوەی کەبەم کارە هەڵدەستێت دەتوانین بڵێین ((چیرۆکگێڕەوەی کەم شت زان)).

چونکە بەگشتی ئەو زانیاریانەی لای چیرۆکگێڕەوە هەیە کەمترە لەزانیاری گشت کەسەکانی ناو چیرۆکەکە، چونکە چیرۆکگێڕەوە بەهۆی دیتن‌و بیستنەوە زانیاری دەست دەکەوێت، یەکێك لەتایبەتمەندی ئەم جۆرە گێڕانەوەیە ئەوەیە کەدەرەکی‌و رووکەشەو تەنها پەیوەندی بەدیوی دەرەوەی کەس‌و دیاردەکانەوە هەیە. ((چیرۆکگێڕەوەی کەم شت زان لەرێگای هەستەکانیەوە نەبێت، ناتوانێت هیچ شتێك پێشکەش بکات، واتە ئەوەی دەیبینێت‌و دەبیستێت، بێئەوەی هیچ رێگایەك هەبێت ئەو شتانەی پێ بزانرێت کە لەدەروونی کەسەکاندا دەخولێتەوە، پشت بەتوانا هەستییەکانی چیرۆکگێڕەوە دەبەستێت)).[5]

ئەم جۆرە گێڕانەوەیە زیاتر لەئەنجامی کارتێکردنی هونەری سینەماوە هاتە کایەوە لەڕووی بەکارهێنانەوەش، لەبوارێکی تەسکدا بەکار دەهێنرێت. جگەلەمانەش لە پێکهاتەکانی گێڕانەوەدا، وەکو چۆن ئاماژەماندا بەوەی کەچیرۆکگێڕەوە

---

[1] بناء الرواية، د. سيزا قاسم، ص١٨٢

[2] الالسنية والنقد الادبي في النظرية والممارسة، د.موريس ابو ناصر، ص١١٨

[3] فن القصة، محمد يوسف نجم، ص٧٨

[4] بناء الرواية، د. سيزا قاسم، ص١٩٦

[5] سەرچاوەی پێشوو، ص١٨٣

هەڵدەستێت بەگێڕانەوەی حیکایەت یان چیرۆکەکەو لەبەرامبەریشدا کەسێك یان کۆمەڵە کەسێك پێویستە کەبۆی بگێڕێتەوە، هەموو ئەمانەش لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا دەخەینە ڕوو:-

(١) (٢) (٣)

گێڕەرەوە__________ گێڕدراوە__________ بۆ گێڕەوە

(چیرۆك ڕۆمان)

واتە سێ ڕەگەز پێویستن بۆئەوەی پرۆسەی گێڕانەوە بەئەنجام بگات.[١]

ئاماژەمان دا بەچیرۆکگێڕەوە کە بەیەکێك لەڕەگەزە سەرەکیو گرنگەکانی پرۆسەی گێڕانەوە دادەنرێت، وەکو وتیشمان مەرج نییە خودی نووسەرەکە بێت، بەڵکو هەموو کارکتەرەکانی تری ناو چیرۆك لەلایەن نووسەرەوە دروست دەکرێتو ڕۆڵی پێدەسپێرێت، جگەلەوەش لەوانەیە ناوێکی نەبێت بەڵکو بەڕێگەی جێناوێکی کەسییەوە دەردەکەوێت. جگەلەوەش گێڕەرەوە بوونەوەرێکە لەووشە دروستدەکرێتو کراوە، لەناو ڕووداوەکاندا دەژی بەپێچەوانەی نووسەرەکە بوونەوەرێکی ڕاستییە.[٢]

گێڕدراوەش وەکو پێشتر وتمان، بریتییە لەخودی حیکایەت یاخود ڕۆمان، کە گێڕەرەوە بەرهەمی دەهێنێتو هەرچی گێڕەوەشە، سێیەمین ڕەگەزێکە کە بەشداریی لەپرۆسەی گێڕانەوەکە. (جیرالد برنس) یەکەمین کەسە کە گرنگی بەم ڕەگەزە داوەو ڕۆڵو شێوەوە شوێنەکانی دەستنیشانکردووە لەپرۆسەی گێڕانەوەدا.[٣]

(برنس) دەڵێت : (( گێڕانەوە ئەگەر زارەکی بێت یان نووسراو، ڕووداوی ڕاستیی، ئەفسانەیی یان چیرۆك یان زنجیرەیەکی سادەو ساکاری بگێڕێتەوە، چەند کردارێك لەکاتێکی دیاری کراودا تەنیا پێویستی بەگێڕەرەوەیەك نییە، بەڵکو بەلایەنی کەمەوە پێویستی بە بۆگێڕەرەوەیەکیش هەیە)).[٤] کەواتە هەریەك لەم سێ پێکهاتیەش توانیویانە سەرەکیانە ڕۆڵی خۆیان لەگێڕانەوەدا بگێڕنو بەتەنیا ناردنو وەرگرتنیدا نەکردووە، بەڵکو ئەرکیان یاخود ئیشیان لەسەر بنیاتی گێڕانەوەکە کردووە، بۆئەوەی گێڕانەوە بەبەرزترین ئاستی هونەری خۆی دەربکەوێت.

گێڕانەوەی چیرۆکیش بەو پێناسەیە دەکرێ کە ((پرۆسەی گێڕانەوە بەشێوەیکی سەرەکی پابەندە بەلایەنی بەرهەمهێنی گێڕانەوەکە))، جگە لەوەش چەند جۆرێکی گێڕانەوە هەیە وەك:

١-کاتی گێڕانەوە

---

[١] تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، امنة يوسف، دار الحوار، ط١، الاذقية، ١٩٩٧، ص٢٩

[٢] رسالة روائى شاب، ماريو بارغاس يوسا، ت: صالح علماني، دار الثقافة والنشر، ط١، دمشق، ٢٠٠٥، ص٤٤

[٣] السردية في النقد الروائي العراقى (١٩٨٥-١٩٩٦)، احمد رشيد وهاب، رسالة ماجستير، كلية التربية للبنات، جامعة بغداد، ١٩٩٧، ص١٩٤

[٤] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص١٩٤

٢- گێڕانەوەی بەدوای یەکدا هاتوو.
٣- گێڕانەوەی پێشکەوتوو.
٤- گێڕانەوەی ئێستایی.
٥- گێڕانەوەی تاك لەخۆی ئەدوێ بەنهێنی یان بەئاشکرا.
٦- گێڕانەوەی بەدوای یەکدا چوو.[1]

## پراکتیکی گێڕانەوە

کاتێك باس لەگێڕانەوەی کۆمەڵە چیرۆکی (گوڵی ڕەش) دەکەین، بەگشتی سەر بەشەپۆلی هۆشن، بەشەپۆلی (شعور)یش ناودەبرێت، ئەم دەربڕینە لەلایەن زانای دەروونناسی وەك (ولیلم جیمس)ی برای (هنری جیمس)ی ڕۆمانووسەوە دەربڕاوە لەدوایدا ڕەخنەگرانی ئەدەب، ئەو زاراوەیەیان بۆ وەسفکردنی جۆرێك لەچیرۆکی نوێ کە ئەم خاسیەتە دەگرێتە خۆ بەکارهێناوە.

دەتوانین بڵێین شەپۆلی هۆش ئەو شێوازە تەکنیکەیە، کە چیرۆکنووس بەمەبەستی پێشکەشکردنی بابەتە خودییەکانی خۆی و شتە تایبەتییە هۆشەکییەکانی خۆی پێشکەش دەکات.

وەرگێڕ لەچیرۆکەکانداو لەزۆربەیاندا بەمۆنۆلۆگ گێڕانەوەکە ئەنجام دەدات، کاتێك چیرۆکی گوناهی سپی وەردەگرین، کە لەگێڕانەوەکە لەزاری پاڵەوانە سەرەکییەکەیەوە کەدیسان کەسی یەکەمی قسەکەرە باس لەچیرۆکێکی کۆنی خۆی دەکات.

هەر لەسەرەتای چیرۆکەکەوە کە دەڵێت: ((دەبوایە ئەو چیرۆکە بنووسم، ئەو چیرۆکەی هەشت ساڵە دڵی هەڵکۆڵیوم، چیرۆکی ئەو چیرۆکەی ئەم چیرۆکەی پێ نووسیم، ئەمەیان مەتەڵ نییە، زۆر ئاساییەو لواوە و دەلوێ چیرۆکێك چیرۆکێکی دیکەت پێ بنووسێت، من مەبەستم نییە لەهونەری چیرۆك و فەلسەفەی نووسەر بدوێم... بەڵام تێم بگە... چاوبکەرەوە.. لەوانەیە ئەم چیرۆکەش کە خۆی لەمنداڵانی چیرۆکێکی کۆنی خۆمدا خولقاوە: چیرۆکێکی دیکەم پێ بنووسێت، ئەوساش دەبێ چیرۆکی چیرۆکێك بنووسم کە لەمنداڵدانی چیرۆکێکی دیکەمدا خولقاوە، مەسەلەکە ئاسانە)).

گێڕەوە هەر لەسەرەتای چیرۆکەکەدا باس لەو چیرۆکە کۆنە دەکات کەدوای هەشت ساڵە دێتە بوون، دوای ئەوەی ئاماژە بەوە دەکات کە هەرمنداڵێك دوای نۆ مانگ لەمنداڵدانی دایکدا دێتە بوون، بەڵام ئەو چیرۆکەی گێڕەوە لەدوای هەشت ساڵ کە لەچاویا هەڵیگرتووە لەشەوێکدا دەتەقێتەوە.

[1] بینای هونەری لەکورتە چیرۆکی کوردیدا (١٩٧٠-١٩٨٠) احلام منصور، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، ١٩٩٩، ل٨٢

لەسەرەتاوە پەی بەلایەنی مۆنۆلۆگ دەبەین و هەست بەگێڕانەوەی ئاسایی دەکرێت، ئەم گێڕانەوەیە سەرەتای رووداوێکی یاخود چیرۆکێکە کە قسەکەر لەناخ و دەرونیدا هەڵیگرتووەو پاش هەشت ساڵ ئاماژەی پێدەکات و دەینووسێتەوەو باسی دەکات، گەڕانەوەیەتی بۆ رابردوو و سەرەتای دروستبوونی ئەو چیرۆکە کۆنە هەشت ساڵەیەی.

هەروەك چۆن ئاماژە لەسەر ئەوە دەکات کە ترس و دڵە ڕاوکێی هەبێت لەسەر چۆنێتی لەدایکبوونی چیرۆکەکە کە داخۆ بەمردوویی یان نەزۆکی دروست نەبێ..

((باشە ئەی ئەگەرهات و چیرۆکەکەم بەمردوویی... هەر بەکوێری و سەقەتی لەدایکبوو.. ئەوسا چی بکەم؟ مەگەر بمرم.. خهۆش بەحاڵم ئەگەر بمرم، بەڵام ئەی ئەگەر نەمردم و بەچاوی خۆم دیم... دیم کۆرپە چیرۆکم هەردوو چاوەکانی نەپشکوتوون، هەر دەپەنجەی بەیەکەوە نووساون، نەنێرەو نەمێ، ئەی ئەگەر وەك هەموو کۆرپەیەك بەزریکەو گریانەوە لەدایك نەبوو... ئەوسا چی بکەم؟ مەگەر تف و نەفرەت لەخۆم بکەم، مەگەر تاماوم بیخەمە سەردەست و ئیفلیجی بیگێڕم، بیبەمە لای پزیشك و حەکیمان، بیخەمە بەردەستی پیرەژنان تا داوو دەرمانی سیحراوی بۆ بگرنەوە، بیبەنە سەر پیروچاك و ئەسحابان))[1].

باسکردن و گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە کۆنەی قسەکەر کە گێڕەرەوەیە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەوتنی ریشۆڵە مل قرتاوەکەی بەرپێی رێبواران.

ئەو ریشۆڵەیەی، کە پێدەچوو لەسەر مانا مردبێ و دواتر بێ ناز کەوتوتۆتە ناو قوڕو لیتاوی سەرشۆستە، شەوانە سەرخۆشەکان بێئەوەی هەستی پێ بکەن پێی لێدەنێن، تادوێنێ فڕندەیەك بووەو لەئاسماندا باڵی لێکداوەو، ئەمێستا سەری قرتاوەو سست و بێ گیان گەوتووە.

لێرەدا گێڕەرەوە لەژێر کاریگەری ئەو چیرۆکەدا کەپاش هەشت ساڵهاتە بوون و هەروەك باسیشی لێوەکردووە کە هێندەی مەرگی سەربازێك بەدیار پێشەواکەیەوە جێگەی داخی بووەو هێندەی بەرکەوتنی دەستی بەر لاشەی مردووی باوکی یان دایکی بەئازار بووە. لەلایەکی دیکەوە ئاماژەی بەوەکردووە کە هاوشێوەی حەزرەتی مریەم کە عیسای بوو، ئەمیش خۆی مامانی خۆیەتی و ئەو چیرۆکە پڕ ئێشەی دەبێت.

گێڕەرەوە هەر لەسەرەتای چیرۆکەکەوە تا ناوەڕاستی و تانزیکەی کۆتایی چیرۆکەکەش ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان و تێڕامانێتی چۆنییەتی مردارەوەبووی ریشۆڵەیە کە داخۆ کەوتبێتە ژێر پێی رێبوارێك یان داخۆ منداڵێکی دڵڕەق بەدار لاستیکەکەی نیشانەی لێ گرتبێ. لەلایەکی دیکەی چیرۆکەکەوە کە گێڕەرەوە وەکو قەڵەم بەدەستێکی گۆج و ئیفلیج خۆی دەناسێنێ و ئاماژە دەدات بەوەی کە کەسایەتی (دەروێش بایز) بووەتە هەوێنی نووسینی چیرۆکێکی و کردوویەتییە پاڵەوان کە لەبنەڕەتدا راوە ریشۆڵەی دەکرد.

---

[1] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن،٣٣.

وەسفی خۆی دەکات کە ((قەد لەو باوەڕەدا نەبوویت، منێکی چڵمن و شەرمن و لەرزە لێو شەڕ بەجیهانی بەرفراوانی تۆ بفرۆشم، ئەوەتانێ گەورەبووم و دەستم قەڵەم دەگرێ و شەڕت پێ دەفرشم، سەغڵەتت دەکەم...)).

ئەم جۆرە باسکردن و حەزو خولیای باسەی گێڕەرەوە بۆ دەروێش بایز لەکاتێکدایە کە پاش دابڕانێکی چەند ساڵانێکی زۆر، وەبیر هاتنەوەی ئەو کەسە لەلای گێڕەرەوە ببوە پاڵەوانێك چ خۆی و چ ژنەکەی کەناوی (هەمین) بوو، باس و خواسێکی زۆری دەکردن و کردبوون.

پاشان دەتوانینن بڵێین کە تێکچرژانێکی هونەری جوان لە زنجیرەی رووداوەکاندا هەیەو بەدییان دەکەین، وا لەخوێنەر دەکات کەسەرنجی راکێشێت و بیەوێ بگاتە ئەو خاڵەی کە داخۆ بۆ چی فەرهاد لەگەڵ دەروێش بایز ناکۆکەو ئەگەرچی فەرهاد زۆری خۆشەویست، بەڵام لەو ئێوارەیەی ئاهەنگەکەیدا کەسەراپا گەنجو کاڵ سەمای دەکرد، بەڵام لێی کرد بەشین، گێڕەرەوە بنیاتی گێڕانەوەی زۆر بەجوانی دەهۆنێتەوە و ئاماژەی پێدەکات، بێئەوەی پچڕانێك هەبێت.

یەکێك لەجوانیەکانی ئەم چیرۆکە کە خودی خۆم واهەستدەکەم کە ئەوەیە کەپاڵەوانەکە خودی خۆی چیرۆکەکە باس دەکات و تیشك دەخاتە سەر کارەکتەرو رووداوەکانی دیکە، ئەم تێکشکانی تاکدەنگییە رەنگە تاڕادەیەکی زۆر بەشی زۆری چیرۆك و رۆمانە کوردییەکان بەخۆیانەوە ببینێت.

هەروەکو چۆن سەبارەت بەگێڕانەوە ((راجێر وێبستێر)) پێیوایە کە گێڕانەوە دەبێت یاخود دەکرێت شایەنی یەکگرتنەوەی دەق لەگەڵ خودی زمانەکە یان گوتارە ئەدەبییەکان ئەژمار بکرێ.

جگە لەوەش زیاتر لەسەر گێڕانەوە سوورە لەسەر ئەوەی کەرێگایەکە بۆ ئاوێتەکردنی یەکەکانی زمان و دامەزراندنی کۆمەلێك پێکهاتەی گەورەتر.[1]

گێڕەرەوە بەزنجیرەیەك لە گێڕانەوەکەی وەك ئەوەی باسمان کرد، کە سەرەتا خۆشەویستیەکەی بۆ دەروێش بایز چۆن و لەسەر چ بنەمایەك بووە، جگە لەوەی، کە هەمیشە وەکو پەپولەئاسا بینویەتی بولبولێکی خۆشخوانی ناودڵی بووە، کەچی لەو ئێوارە هەنگوینییەدا ساماڵی چاوانی فەرهاد پڕ لەتەم و خەم و هەوری گریاندەکات و بەزم و ئاهەنگی ئێوارەکەی دەوەستێنێت.

لەلایەکی دیکەوە کە گێڕانەوەکەی لەشێوەی وەسفی (دەروێش بایز) دەوەستێت بەوەی کە: ((ئای کە ئەو ئێوارەیە ترسناك بوویت، عەبایەکی بۆری مەلایانەت خستبووە سەرشان و کۆن و پەرپوت، سەرکوت، جووتێ پێڵاوی لاستیکی دڕاو، سینەواڵا، مووی ماش و برنجی سەرسینەت پیریەتی دەسەلماندی، هەردوو دەستەکانت دەلەرزین، لێوەکانت وشك بوون، نیگاکانت تیر بوون و دەتگرتنە من، چاوەکانت تا دەهاتن سوورتر هەڵدەگەڕان، کەفت هەڵداوێشت، کەفەکە بەلا لێوتەوە وشك ببووە))[1].

---

[1] توێژینەوەی تێۆری ئەدەبی راجێر وێبستێر، و: عەبدولخالق یەعقوب، دەزگای توێژینەوەو بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٦

[1] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن، ل٣٩.

ئەمەی چیرۆکگێڕەوە قسەی لەسەر دەکات، جۆرە وەسفێکە بۆ کارەکتەری ((دەروێش بایز)) ئەو دەروێشەی بولبولی دڵی خۆی زۆر خۆشدەویست. لەبەشێکی دیکەی چیرۆکەکەدا، چیرۆکگێڕەوە باس لەچایخانەی (حەمەڕەق) دەکات، پێی وایە ببێتە پاڵەوانی چیرۆکێکی، بەڵام پاش هەشت ساڵی دیکە. کردنی دراوسێیەك بەپاڵەوان و باسکردنی ئابڕوبەرانەی بەلای خەڵکییەوە وەبیرخستنەوەی دەروێش لەم چیرۆکەدا دیارە هۆکارەکەی بۆ تێکدانی شایی و بەزمەکەی فەرهاد-ە.

هەروەك فەرهاد لەلایەکی دیکەوە بەوشێوەیە گوناهەکەی ناو دەنێت کە گوناهی کردووە.

((خۆم دەزانم، گوناهەکەم گوناهێکی سپییە، وەلێ چۆن دەروێش ژنەکەی، مناڵەکانی تێبگەیەنم... ئەو خزمانە، دایك و باوك، دەرو دراوسێ... چۆن تێیان بگەیەنم کە من چیرۆکم نوسیوە، ئێ باشە... بەڵام هەندێکیان نازانن چیرۆك چییەو چۆن و بۆچی دەنوسرێ... هەندکێان وا دەزانن حیکایەتی ئاگردانەکە، هەندێکی دیکەشیان بەکەرو بێ عەقڵ دەزانن....))[٢]

هەر لەبابەتی گێڕانەوە، ئەگەر ئاماژە بەچیرۆکی (قالەو سەگەکەی بافلۆف) بکەین، بەهەمانشێوە، کەسی یەکەمی قسەکەرە، کە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، کەبەجیاوازی لەگەڵ چیرۆکی (ڕەنگاڵە) کە گێڕانەوەکە لەزاری نووسەرەکەیەوە (وەگێڕی هەمووشتزانە)، بەمانایەی چیرۆکگێڕەوە باسی کارەکتەری سەرەکی دەکات کە (حەسەن)ەو هەموو زانیارییەکی ورد لەبارەیەوە دەزانێ وەکو ئەوەی خواوەندی زانیارییەکان بێت ڕۆدەچێتە ناوناخی.

لەچیرۆکی (من و قالە و سەگەکەی بافلۆف)دا، کاتێك چیرۆکگێڕەوە باس لەوەدەکات کە لەسەرەتاوە گەر کابرای سەرخۆش نەبوایە، هەرزوو ((نامەی ماجستێرەکە))ی وەردەگرت و ئەم شێوە گێڕانەوەیە، هەر لەسەرەتاوە دەریدەخات، کەچیرۆکێکی دەروونییە، واتە لەژێر کاریگەری دەروونیدا دروستبووە واتە نوسراوە.

هەموو چیرۆکێك حیکایەتێك دەگێڕێتەوەو سەرگوزشتەی نێو چیرۆکی دەروونی دەربارەی ئەشکەنجە دەروونییەکانی پاڵەوان یاخود شاکەسی چیرۆکەکەیە، کە زۆرجار نمایندەی کەسایەتی شاراوەی چیرۆکنووسە، یان ڕەنگدانەوەی ئەو ڕووداوە دەروونییانەیە کە ڕۆژانە چیرۆکنوس بەبینین یان بەگوێگرتن یان بەخوێندنەوە هەستیان پێدەکات، کە لەئەنجامدا دەبنە کەرەستەیەکی باش بۆ داڕشتنەوەیان لەنێو ڕووداوی دەروونی چیرۆکەکە.

بەڵام کە ئاماژە بەوە دەکەین، کە کەسی یەکەمی تاك بەگێڕانەوەکە هەڵدەستێ، لەلایەکی دیکەوە، مەرج نییە تەنها جێناوی کەسی یەکەمی تاك لەنێو تەکنیکی گێڕانەوەی چیرۆکی دەرونیدا بەکاربهێنرێت، بەڵکو لەتوانادا هەیە هەردوو جۆری جێناوی دووەم و سێیەم-ی تاکیش بەکاربێت، لەناو جیهانی ڕووداوی دەروونی ئەم چیرۆکەدا.

زۆرجار گێڕانەوەکان پێویست بەبەکارهێنانی مەنەلۆگ و گەڕانەوەشە، کە ئەم جۆرە گێڕانەوەیە دەلالەتی بەشداربوونی کاریگەری بگێڕەوەیە وەك (پاڵەوان و شاکەس) لەنێو ڕووداوەکانی چیرۆکەکەدا.

[٢] سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢

کە زۆر بەجوانی و کاریگەری لەنێو ئەم چیرۆکە درێژەدا بەکارهاتووە، کە فەرهادی پاڵەوان و شاکەس بەئەرکی گێڕانەوەی سەرجەم بەسەرهاتەکانی هەردوو کاتی ئێستاو رابردووی هەڵدەستێت.

شێرزدا حەسەن لەم چیرۆکەیدا، هەوڵیداوە بچێتە ناخەوەی پاڵەوانەکەی کە خوێندکاری خوێندنی باڵای بواری دەروونناسییە. ئەمکارەی لەپێناو پیشاندانی چۆنێتی هەستکردنی پاڵەوانی چیرۆکەکەی بەدەوروبەری خۆی کردووە. پاشان هەوڵی نیشاندانی کارتێکردنی ئەو دەوروبەرە لەهزرو هەستی پاڵەوانەکەی داوە. بەکۆی گشتی هەوڵدەدات سورشت و جۆری پەیوەندی نێوان ئەو پاڵەوانەو ژینگەکەی زیاتر بەدیاربخات.

گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە درێژە لەخاڵی کۆتایی رووداوەکە پاش خاوبوونەوەی تانوپۆی رووداوە سەرەکیەکەوە دەستپێدەکات وهێڵی گێڕانەوەکەش بەشێوەی چەماوەییە لەنێوان هەدوو کاتی ئێستاو رابردووی سەرەکی چیرۆکەکەیە.

لایەنی دەروونی ئەم چیرۆکە درێژە بریتییە لەهەڵگەڕانەوەی (فەرهاد) پاڵەوان لەجۆرە بیرکردنەوەیەکی دەروونی چەسپاو بەلایەوە پشت بەتیۆرەکەی (فرۆید) دەبەستێت.

هۆکاری هەڵگەڕانەوەکەش زیاتر بۆ هەڵگەڕانەوەی (قالە)ی شاکەسی دووەمی چیرۆکەکەیە لەجۆرە رەفتارێکی شەوانە هەبوونی لەنێو ئۆتێلێکی هەژارانە و بێ نمرەی نێو شاری بەغدا.

چیرۆکنووس هیچ پاساوێکی بۆ ئەم هەبوونە ناهێنێتەوە، هەرچەندە رێخۆشکەر بوو بۆ کاریگەری (قالە) بەسەر فەرهادەوە. لەوەش دەچێ (قالە) لەدوو ساڵەی مانەوەی (فەرهاد) لەو ئوتێلەدا ماوەیەکی دیکەش لەو ئوتێلە ژیاوەو فەرهاد لەوباوەڕەدا بووە کە قالە ((هەروەك بڵێی لەوێش لەدایك بووبێ)).[1]

مانەوەیان لەو ئوتێلە لەو ماوەیەدا بێ ناسین بووە، کاریگەری (قالە)ش بەسەر (فەرهاد)ەوە ناڕاستەوخۆبووە، هەمیشە (فەرهاد) عەودالی ئەوە بووبوو قالە جارێك سلاوی لێبکات.

((بەدرێژایی ئەو دوو ساڵە سلاوی لێنەکردم، گەرچی ژوورەکەی بەسەر ژوورەکەی منەوە بوو)) ئەم جۆرە رەفتارەی (قالە) دەبێتە مایەی (فەرهاد) وا هەستبکات کە (قالە) بەپیاوی نازانێ بۆیە سلاوی لێناکات.

سەرەتای گێڕانەوەی رووداوەکانی ناو چیرۆکەکە لەقۆناغی پاش هەڵگەڕانەوەی (قالە) لەدواشەوی خوێندنی (فەرهاد)دا لەدووبارە کردنەوەی داکەندنی پێلاوی چەپ پاش پێلاوی راستی دەستپێدەکات((کابرای سەرخۆش نەبوایە من (نامەی ماجستێرەکەم) وەردەگرت)) واتە گێڕانەووی رووداوەکانی لەخاڵی پاش کۆتایی هاتنی بینای تان و پۆی رووداوی سەرەکی چیرۆکەکەوە دەست پێدەکات.

[1] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن، ل٩٣

پاشان سات بەسات بەپێی پەرەسەندنی گێڕانەوەی چیرۆکەکە بۆمان دەردەکەوێ باوکی مردووەو پاشتر دایکی بەخێوی دەکات بەناچاری دەبێتە کارەکەری ماڵی باویل ئاغا، لەپاش مردنی باوکی، دایکێك‌و دوو خوشکی ماوەتەوە کە چاوەڕوانی هاتنەوەی دەکەن لەپاش تەواوکردنی خوێندنەکەی.
بەپێی گێڕانەوەکەی تەمەنی پاڵەوان (٣٥) ساڵانە، تا ئەوکاتە ژنی نەهێناوەو تەمەنی هەرزەی جێ هیچشتووە.
دەکرێ ئاماژە بەوەبدەین کە بارگەیەکی سێکسی لای پاڵەوانی چیرۆکەکە هەیە، بەڵام بەزۆر لەلایەن چیرۆکنووسەوە چەپێنراوە، پیچەڕەنگدانەوەی هەمان رەفتاری چیرۆکنووس بێت کاتێك خوێندکاری زانکۆ بووە. ((من کە لەزانکۆی بەغدا قوتابی بووم، بەسێ مانگ خۆم لەسەر ئەوە رادێنا چۆن بتوانم سەیری کچەکان نەکەم، دەزانن ئەوە چەند زەحمەتە، ئەو ئەزموونەمنی هیلاك کرد، دەشمزانی من خاوەنی چ وزەیەکی ئیرۆسی گەورەم، دەمزانی چەند جوانە منێکی لاو خۆ لەناو خۆشەویستیدا بخنکێنم)).[1]
بەکۆی گشتی دەتوانین بڵێین گرێی باوکسالاری لەهەندێ لەچیرۆکەکانی (شێرزاد حەسەن)دا رەنگی داوەتەوە، تەنانەت ئەم جۆرە گرێیە تەوەری سەرەکی نۆڤلێتی (حەسارو سەگەکانی باوکم)ی ئەم نوسەرەیە.
بەڕاستی خاوەن جۆرە شێوازێکی دەرونیی سەرنجڕاکێشە لەنێو رەوتی ئەدەبی کوردی نوێداو لەو چیرۆکەی (من‌و قالەو سەگەکەی پاڤلۆڤ)یشدا گرێی باوکسالاری لەژیانی تایبەتی (فەرهاد)ی پاڵەواندا مەزرێندراوە.
درێژەپێدان لەنێو گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە دیاردەیەکە لەپێناو زیاتر بەرجەستە کردنی لایەنەکانی رەهەندە دەرونیەکەی. چیرۆکنوس کردەوەی چەندین دووبارەکردنەوەی گێڕانەوەی رووداوێکی ژیانی پاڵەوانەکەی کردۆتە کەرەستەیەك بۆ بەهێزکردنی لایەنی دوپاتکردنەوە لەنێو داڕشتن‌و شێوازی دەروونی چیرۆکەکە.
پاش ئەمانە هەر لەبابەتی گێڕانەوە لەچیرۆکی (رەنگاڵە) کە گێڕانەوەکە راستەوخۆ لەزاری (وەرگێڕی هەموو شت زانە) کاتێك باس لە (حەسەن) دەکات کە کارەکتەری سەرەکییە، هەموو زانیاری ورد لەبارەیەوە باس دەکات.

هەر لەسەرەتاوە کاتێك باس دەکات کە (حەسەن) وەك هەموو ئێوارەیەك لەژێر بۆن‌و باری ئارەقەو چڵك‌و هەتاوی خۆشی خۆرنشین‌و نەشئە بەخشی دەمەو ئێواران دەگەڕێتەوە، ئێوارەیەو تەنیایە... ماندوو.... تازە لەبۆیە کردنی کۆشکێکی تازە بۆتەوە، حەسەن دڵدار بووە. ئێستاش هەر دڵدارە، پار دڵداری مریەم‌و شانۆ بووە... ئەمساڵ ئێوارە ئیمڕۆ... دوای هاوین‌و پاییزو زستان بەهارێك تەنها شانۆی بۆ ماوەتەوە، بەتەنها عاشقی شانۆیە شانۆو بەس... ئاخر مریەم رۆیشت... ماڵئاوا... بەزیندوێتی کۆچی کرد...پیرە باوکیشی لێ دەکا... بۆیەی سورو زەردو شین‌و سەوزو سپی‌و قاوەیی... هەموو رەنگێ... بەقەد خەم‌و خۆشی‌و هیواو ئاوات‌و خەوبینینی مرۆڤەکانی سەر ئەم زەمینە[1]. ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکە کەم تا زۆر

[1] چاوپێکەوتن لەگەل شێرزدا حەسەن، گۆڤاری رامان، ژ٧١، ٢٠٠٢، ل١١٢
[1] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن، ل١٢٥.

لەناوەڕۆكی چیرۆكی گوڵی ڕەشەوە نزیكە، بەڵام بەهۆی زمان پاراوی‌و شێوازی هونەرییەوە كاریگەرترو سەرنج ڕاكێشتر بێت لای خوێنەر.

هەر لەگێڕانەوەی چیرۆكەكە لەسەرەتاوە كە گێڕەرەوە باس لەكوڕێكی ماندوی كرێكار دەكات كە هەژارو وەڕزە لەتەنیایی‌و بێزاریدا ژیان دەگوزەرێنێ، ئەكتەرێكی سەر شانۆیەو قوتابی پەیمانگەیە لەبەشی شانۆ، هاوكات كرێكاریش دەكات.

بۆیەی كۆشكی ماڵی مریەمی دڵخوازی دەكات كە كچی خوا پێداوێكە، بەپێی یاسای دروستكراوی نێو كۆمەڵ بەرهەمی كەلتوری داخراو دۆگماوە خۆشەویستی‌و پەیوەندی عاتیفی بۆ حەسەن دەبێت، شتێكی مەحاڵە تەنانەت نەك هەر حەسەن، بگرە مریەمیش دەبێتە قوربانی یاساو دەستورە چەوتەكانی كۆمەڵ.

چیرۆكنووس وەكو ئەوەی لەگەڵ حەسەن بژی، بۆیە وردو درشتی ژیانی حەسەن دەخاتە بەرچاو لەڕێگەی گێڕانەوەكەیەوە.

هەروەكو چۆن باس لەژیانی نەهامەتی حەسەن دەكات‌و ماڵیشیان كە وەكو كولانە وایە لەكەلاوەیەكدا (( تا ئێستا گەیشتوینەتە گۆڕەپانە چۆڵەكەی خانووە تازەكان‌و گەڕەكە كۆن‌و دورەكانی شار لەوێشەوە ڕا گەڕەكە بۆرەكەی خۆیان وەك كۆمەڵە كەلاوەو كولانەو كولیتێك دیارن‌و لەژێر زەردەپەڕی ئەو ئێوارەیەدا هەر دەڵێی سوتاون‌و تازە گڕەكەیان دامركاوەتەوە[٢].

ئەتوانین بڵێین باس لەژیانی هەژاری‌و دەرخستنی ماڵی حەسەن دەكات لەشێوەی كولانەیەكدا لەو كۆڵانە دورە شارەو بەتایبەت لەو ئێوارانەشدا وەكو شارێكی یاخود كۆڵانێكی سوتماك دەردەكەوێ. لەلایەكی دیكەشەوە ئەم چیرۆكە لەهەندێ حاڵەتی هەڵچون‌و دەرونیدا یەكدەگرێتەوەلەگەڵ چیرۆكی (من‌و قالەو سەگەكەی پاڤلۆڤ) بەوەی كە نووسەری ئەم چیرۆكە توانیویەتی حاڵەتی دەرونی پاڵەوانەكەی نیشان بدات‌و هەڵچون‌و خەم‌و حەسرەتەكانی وەك پسپۆڕێكی دەرونی دەست نیشانكردووە.

شێرزاد حەسەن زۆر جیاوازتر لەچیرۆكنوسەكانی تر گوزارشت لەو ڕوانگانە دەكات، كە هەر لەتوانای خۆیدا بێت كە پاڵەوان زۆرجار ئەو گۆڕانانە دیاری دەكات‌و زۆرجار هەستی بیستن زەحمەتە بۆئەوەی گوێبیستی ئەو گۆرانانە بێت بەو هەموو هەستەوە كە تیایدا كۆبۆتەوە.

تواناو سەلیقەی چیرۆكنوس كە بەهۆی فراوانی  پانتایی بیركردنەوە خەیاڵەوە زۆرجار لەكاتی خوێندنەوەی چیرۆكەكانیدا هەست بەو خورپەو ترپەی دڵی پاڵەوانەكانی دەكەیت‌و وا لەخوێنەر دەكات كە دەیكاتە بەشێكی دانەبڕاوی ڕۆحی لەپاڵەوانەكانی..

گێڕەرەوە كە هێندە زانایە كە لەناخ‌و دەروونی پاڵەوانەكەی دەزانێت شارەزایی لەهەموو زانیارییەكانی هەیە، سات لەدوای سات‌و خستنەڕووی هەست‌و ئاخاوتنەكانی حەسەن وەكو خۆی دەردەبڕێ.

---

[٢] سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٦.

هەروەکو چۆن لەبەشێکی دیکەی تردا هەستی حەسەن دەردەبڕێ کە ((مریەم.. لەڕۆژێکا کۆشکێکم ڕەنگ ڕێژ دەکرد، بەهەوەسەوە... چوستو چالاکانە دەهاتمو دەچوومو... بەدەم بۆیەکردنەوە کۆشکەکان بەگۆرانی سەرمەستیو شێتانەی دڵە دێوانەکەی من دەنگیان دەدایەوە.. لەدەنگدانەوەی هەزارەها زەنگی خۆشی پڕ لەزایەڵەو زرنگە دەچوون کە لەگوێمدا بزرنگێتەوە... زۆرجاریش پڕ بەدڵ دەترسام، لەوە دەترسامو زیڕەم دەکرد کوڕێکی قۆزی، سپی پێست، باڵابەرزی، قژ تەنکی، هەتاو نەدیوی، چاوگەشی ژنانەی یەکێ لەو کۆشکانەی بۆیەیان دەکەم لەمنت زەوت بکا... بۆیان دەکرێ. وەك بۆاین کرا مریەم... وەك چۆن دەتوانن ئارەقەی ڕەشو شینم پێ بڕێژن، ئۆخەی ناکەن تا ئارەقەی سوێرو تێزاب ئاسا چاوەکانم نەسوتێنێ...))[1].

لێرەدا نوسەر هەستی (حەسەن) وەکو خودی حەسەن دەردەبڕێ هەروەکو ئەوەی لەگەڵ حسەن ژیابێتو دانیشتبێت. ئەوی شیاوی باسکردنە دەتوانین بڵێین ئەوەی چیرۆکەکانی (شێرزاد حەسەن) بخوێنێتەوە، بەشێوەیەکی گشتی سەیری دونیا بەرینەکەی چیرۆکی شێرزاد دەکاتو بێگومان، ناتوانین پەی بەنهێنیو ڕازە حەشاردراوەکانی نێو ئەو قولاییانە ببەین کە پێویستە ئێمەی خوێنەر بۆ تێگەیشتن لەجیهان بینیو دیدو فەهمو مەبەستی نوسەر بێ ئاگا نەبێت لەو شتانە بۆیە کارکردن زۆرجار لەسەر چیرۆکەکانی (شێرزاد) گەلێك خوێندنەوەی ئاسایی گرانترو دژوارتر خۆدەنوێنێو ڕەنگە جوانی ئەو حاڵەتە وروژێنەرە بێت کە بەنەسەب بگەڕێتە سەر بەهەشت، مێژوو مرۆڤ، مێژووی ئاوەدانیو شارستانی، تەنها بریتی بووە لەتێکۆشان لەپێناو جوانتردا.

هەر لەسەر ڕەگەزی گێڕانەوە لەچیرۆکی (میم)دا، لەم چیرۆکەشدا دەچێتەوە سەر کەسی یەکەمی قسەکەرو دیسانەوە خۆی زانیاری لەسەر خۆی دەداتە بەرچاوی خوێنەر.

لێرەدا گێڕەرەوە خودی خۆی باس لەژیانی خۆشی ڕابردوو دواجار ئێستای پڕ مەینەتی دەکات. بەڵام لەسەرەتای چیرۆکەکەدا، گێڕەرەوە لەخاڵی کۆتایی دەست پێدەکات واتە لەڕوداوی پاشەوە لەڕێگەی گەڕانەوە دەکاتە خاڵی دەستپێك بەوەی کە دەڵێت:

((چار نەما... دواجار ((گوڵنازم)) تەڵاقدا... دوای بیستو حەوت ساڵ لێکتر جیابوینەوە، خۆیو هەر سێ کچەکانم لەسەر ماڵەکەمانەوە، دەبوایە من ماڵەکە جێ بێڵم.. جێم هێشت.. تا ئێستا شتی وات نەبیستوە، هەمیشە پیاو ژن تەڵاق دەداو خۆی لەسەر ماڵەکە دەمێنێتەوە، لەوانەیە ژنێکی دیکە بێنێ، ژنێکی ناسكو نازدارو منالتر، دادگاش بڕە پارەیەك بۆ ژنەکە دەبڕێتەوە))[1].

---

[1] گوڵی ڕەش، شێرزاد حەسەن، ل١٥٠.

[1] گوڵی ڕەش، شێرزاد حەسەن، ل١٥١.

ئەمیش دەچێتەوە ماڵە باوانی... خاڵوانی... بەڵام من نەء، منێك... منێكی نوسەر... خاوەن بیروباوەڕی سەیرو سەمەرە... هەڵبەتە لای ئێوەمانان سەیرو سەمەرە، دەساڵ بەر لەجیابونەوەمان هەرچیم هەبوو... خانوەكە... تفاقی ناومالّ بگرە دەرزیو شقاتەكانیشم لەسەر ژنەكەم تاپۆ كرد... وەك ئێستا نەبووین...))

ئاماژەدانی كەسی یەكەمی قسەكەر كاتێك باس لەژیانی پڕ مەینەتی خودی خۆی دەكات بەو هەموو عەشقو ئەوینەی كاتێك بۆ گوڵنازی هەبوو لەبەرامبەردا گوڵنازیش سەردەمانێك بوو بۆ ئەمین دەسوتا بەچەشنی مۆم بۆی دەتوایەوە... بەڵام دوای ئەوەی رۆژگار دەڕواو ئەمین دوچارو گرفتی نەخۆشیەك دەبێ بۆیە گوڵناز پشتی لێهەڵدەكاتو ئیتر وەكو جاران مەیلی بۆی نابێتو شوێن هەوەسو ئارەزوی خۆی دەكەوێو وەكو ئەمین خۆی ئاماژەی پێدەكات كە لەپاش بیستو حەوت ساڵ ئیدی لێك جودا دەبنەوە.

ئەوەی لەم چیرۆكەدا بەدی دەكرێت خۆدواندنە كە زۆرجار گێڕەرەوە قسە لەگەڵ خودی خۆی دەكاتو خۆی دەدوێنێ، ئەمین لەزۆربەی ئەم چیرۆكەدا جگە لەگفتوگۆكانی لەگەڵ كارەكتەرو كەسانی دیكە. بۆیە كاتەكانی تر خۆی دەدوێنێ، لێرەدا تەنها زانیاری بەخشین بۆ خوێنەر دەستەبەر نابێ، بەڵكو تایبەتمەندی دەرونی كارەكتەرەكەش بەخوێنەر دەدرێ[٢] كە ئەم جۆرە لەبەشێكی زۆری چیرۆكەكانی شێرزاددا بەدیدەكرێ.

هەروەكو ئەوەی كە: ((خۆشەویستی بەتەنها رۆحیانەت نییە، جوانترین وێنەش لەم دنیایەدا جوتبونی دوو دڵدارە.. لەسەر یەك پێخەف، لەسەر یەك قەرەوێڵە... لەسەر یەك زەوی... دەست لەملانێ لەگەڵ ئەو كەسەی خۆشت دەوێ وەكو ئەوە وایە گوێ لەپارچە مۆسیقایەكی ناسك بگریت، یان سەما بكەیت... یان لەهاویندا مەلە بكەیت لەناو رووبارێكی نێو شاخان.. توانەوەی دوو عاشق لەتوانەوەی شەكرو شیر دەچێت.. سەهۆڵ لەنێو ئاو، خوێ لەدەریادا، ئای كە سەفەرێكی خۆشە.. فڕینێكە رووەو ئاسمانی بێ كۆتایی...))[٣].

دەتوانین بڵێین لێرەدا، كە زانیاریەكانو روداوەكان بۆ خودی خۆی باسی لێوە دەكات وەكو چیرۆكگێڕەوەیەك ژیانی نەهامەتی خۆی دەردەخاتو بەسەر هەموو شتەكاندا زاڵ بێت، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا مەرجی سەركەوتنی چیرۆكگێڕەوە دەداتە پاڵ شێوەی پێشكەش كردنی ئەو زانیاریانەی تایبەتن بەكەسەكانو ئەو دەیانزانێت. ئەمین خۆی زانیاریەكان لەبارەی خۆیەوە دەڵێتو دەزانێتو دەیخاتە بەر دەستی خوێنەر.

زۆرجاریش لەڕووی پێشكەش كردنیانەوە پێویست ناكات خۆی بەشێوەیەك پیشان بدات كە هەموو شتێك دەزانێتو دەست بەسەر هەموو شتێكدا دەگرێ[١].

---

[٢] ادبیات داستانی، جمال میر صادقی، ص٩٤

[٣] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن، ل١٥٢.

[١] lingustic and the novel, Roger Fowler, London. Newyork, Methuen, ١٩٧٩, p.٨٩.

لێرەدا ئەمین هەموو شتێك لەبارەی خۆیەوە دەزانێتو دەڵێ لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی ئەوەی داوە نهێنییەکان ئاشکرا بکات هەروەکو چۆن نهێنی نەخۆشکەوتنی خۆیو دوچاربوونی بەنەخۆشیەکەیەوە دەخاتەڕوو. چۆن ئەو حەزە گەرمە وا ساردبۆوە، خۆم دەخۆمەوەو بەدزییەوە دەگریم... گریان گریانی ناخ.. خۆ دەزانم گوناهی خۆم نییو، لەژیانما بیرم لەوە نەکردبۆوە... کێ دەیوت: دوچاری نەخۆشییەکی وا کوشندە دەبم... دەیەها پزیشکم بەسەر کردەوە... بەغداو بەسراو موسڵ، خۆماڵیو بیانی... سەرەتا گوڵناز دەیوت: ((ئەمین... خەم مەخۆ هەر چاك دەبیتەوە...!)) منیش بەقەهرەوە دەموت: ((گوڵناز... ناخۆشە... تۆش ئافرەتیت... گوناهە لەگەڵ...))

بۆیە لێرەشدا ئەمین ئاماژە بەنەخۆشیو عەوداڵیو گەڕان بەدوای چارەسەری نەخۆشیەکەیدا چووە.

لەلایەکی دیکەوە (هنری جیمس) بەشێوەیەکی دی لەچیرۆکگێڕەوەی هەموو شت زانو جۆری گێڕانەوەکە دەدوێت، کاتێ لایەنە جۆر بەجۆرەکانی ئەم گێڕانەوەیە شی دەکاتەوەو کەمو کوڕیەکانی دەردەخات. کە بۆتە هۆی پچڕانو ناڕێکی چیرۆك بەهۆی گواستنەوە کتو پڕیەکانی لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێكو لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی دی یان لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دی بێ ئەوەی هیچ هۆیەك هەبێت یان تەنانەت بێ ئەوەی لەدیتنی دیاری کراوی چیرۆکەوەش بێ کە بێگومان ئەنجامی ئەمەش دەبێتە هۆی بزربوونی پەیوەندی ئۆرگانی نێوان پارچە جیاجیاکان[٢].

لەچیرۆکی زەلکاو شێوە گێڕانەوەی لەسەرەتادا بەزاری ئێمەیە واتە لەزمانی گشتییەوە گێڕانەوەکە دەست پێدەکاتو پاش تێپەڕبوونی روداو ساتی چیرۆکەکە، ئینجا لەدوایدا دەبێتەوە بەکەسی یەکەمی قسەکەر.

((ببوین بەدوو بەش... بەشێك مەلەی تیا دەکرد... بەشێکی دیکە کە ئێمە بووین مەلەمان تیادا نەدەکرد... ئەوانەی مەلەیان نەدەکرد گەلێ کەمتر بوون لەوانەی مەلەیان دەکرد.

هەر رۆژەو لاوێکی تر، هەرزەیەکی تر، منداڵێکی تر، چ بەدزیو چ بەئاشکرا، دەهاتو وەك مراوی سەری دەخستە نێو ئەو زەلکاوە رەشە.. ناویان نابوو ((گۆمی میری)).. نەك هەر منداڵو هەرزەو دەستە پیاوانی گەڕەکی خۆمانو بەس.. بگرە منداڵو هەرزەو پیاوانی هەموو شار وەك رەوە قازو مراوی هەڵپڕوکاوی بەر گڕەی هاوین دەڕژانە رۆخانەی ئەو زەلکاوە))[٣].

ئەم جۆرە گێڕانەوەیە رەنگە زۆرجار بەزەحمەت بتوانرێ بۆ گێڕانەوەیەکی کورت دابڕێژرێ یان پوختە بکرێ، چونکە لەسەرەتاوە نازانین کام، یان کێیە دەدوێ جگە لەوەی دەزانین کە بەگشتی بەزاری ئێمە قسە دەکات، تەنها ئەوەی دەزانین کە لەسەر چۆنێتی شوێنەکەو قسەکەرەکە بەگشتی باس لەهەموویان دەکات، کە بەدوو لایەن دابەش دەبێت ئەوانەی مەلە دەکەن یان ئەوانەی کە مەلە ناکەن. ئەم دەستپێکە بارێکەو دەبێتە چەقی گێڕانەوەو لەوێشەوە بۆ دەمەکانی ترو وردە وردە دەچێتە سەر زاری کەسەکەوە. دەزانین کە گێڕانەوەکە هەر ئەوە نییە، کە بەشێوەیەکی ئاساییو زمانێکی ساکار

[٢] بناء الرواية، د. سيزا قاسم، ص١٨٢.
[٣] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن، ل٢٠٨.

روداوێك بگێڕدرێتەوە، بەڵكو پێویستە گێڕەرەوە لەگێڕانەوەدا، لەپۆلێنكردنی رەگەزی چێژو خەیاڵ لێهاتوویی بنوێنێت تاوەكو بۆ گێڕەوە بەهەمان چێژو پەرۆشییەوە بابەتی گێڕانەوەكە وەربگرێت.

چۆنیەتی گێڕانەوەكە جیاوازە هەروەكو چۆن (جیمس جۆیس) دەڵێت: ((پێنج ملیۆن رێگە هەیە بۆ گێڕانەوەی یەك روداو بەپێی ئەو ئامانجەی كە بۆی دەچین))[1] لەم شێوازە جیاوازەی گێڕانەوە هەروەكو (شێرزاد حەسەن) لەچیرۆكی زەلكاودا لەزاری قسەكەرەكەوە چۆن باسی (گۆمی میری) دەكات، ئەو زەلكاوەی كە ببوە جێگەی سەرنجو دەیەها گەنجو هەرزەو لاو دەستە پیاو تیایدا مەلە دەكەن.

هاوكات ناونانی ئەم زەلكاوە بەمەزاری ((ئەسحابەڕووتە)) كە زۆر كەس بەمەبەستی پیرۆزیو زیارەت سەردانیان دەكرد.

پاشان هەر لەمیانەی گێڕانەوەكەدا، كە قسەكەر وای دادەنێتو باسی لێوە دەكات ئەم زەلكاوە لەگەڵ پیرۆزیو زۆرجار خۆشیو جێگەیەك، كە خەڵكی لێ كۆدەبوەوە. پاشان لەلایەكی دیكەشەوە ئاماژە بەوە دەكات، كە ترسو سامێكی زۆری هەبووە چونكە كەسی تیادا نقوم بوەو خنكاوە، لەزۆر بەشی چیرۆكەكە باس لەلایەنە پەیوەندیدارەكان وەك (شارەوانی) دەكات كە بێنو مەلەوانگەیەك دروست بكەن لەبری ئەوەی ئەم زەلكاوە رەشە ببێتە جێگەی مەلەو شوێنێكی سامناكیش لەو روەی كە خەڵكی خنكاندوەو خەڵكانیشی دوچاری نەخۆشی كردوە.

هەروەك مامۆستا دەیفەرموو: ((میكرۆبێكی زۆر دەچێتە ژێر پێستیان... كونی لوتو چاوو گوێچكەیان...))

وتیان: شارەوانی بەتەمایە مەلەوانگەیەك بكاتەوە... چاوەڕێ بووین... چاوەڕێ...

وتیان: ئەوەندەی نەماوە... چارەیەك لەو زەلكاوە دەكەین... چاوەڕێ بووین.. چاوەڕێ...

چەند كەسێكیان نارد نەهێڵێن ئەو خەڵكە مەلەی تێدا بكا...

[1] الرواية العربية ـ البناء والرؤيا، د. سمر روحي فيصل، اتحاد كتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٣،
www.awudam.org\book\٠٣\study٠٣\٢٦٢-s-f\ind-book٠٣-sd٠٠١.htm

کەچی هەر لەدورەوە... وەك بلێی سیحریان لـێ کرابێ... خۆیان رووت کردەوە...))[1].

دەتوانین بلێین گێڕانەوە، یەکێکە لەگرنگترین بنەماکانی بنیاتنانی هونەری دەقی هەر چیرۆکێك، مەرجی سەرەکی هەر کارێکی ئەدەبیش تا رادەیەکی گەورە پەیوەستە بەو رێگەیەی، کە کەرەستەکەی پێ رێکدەخرێتو دەگێڕدرێتەوە[2].

خوێنەر روبەڕوی روداوەکانی ناو زەلکاو دەبێتەوە کە لەشێوە سەرەتاکەیداو لەسەرەتاو خاڵی دەستپێکی چیرۆکەکەدا دیارە کە قسەکەر بەشێوەیەکی دیاریکراو پێشکەش دەکرێن. هەروەك دەوترێ هەموو شتێکیش گشت دیاردەکانی، کە بەشێوەیەکی دیاریکراو پێشکەش دەکرێ بەپێی ئەو دیتنەی لێیەوە دەبینرێت دەستنیشان دەکرێت.[3]

لەلایەکی ترەوە (ئالان روب گرێیە) چۆنیەتی گێڕانەوە دەکاتە پێوەری سەرکەوتنی کارەکەو دەڵێت ((چیرۆکنوسی راستەقینە ئەو کەسەیە کە دەزانێت چۆن چیرۆکەکەی بگێڕێتەوە.[4]

دوای ئەوەی لەناوەندی چیرۆکەکەدا قسەکەر ئاماژە بەشومی گۆمەکە دەکات وەکو ئەوەی، کە نەوزادی تیا خنکاوە، بەڵام راستیەکەی نەوزاد خنکاوە، نەك زەلکاو خنکاندبێتی، تاژەدینو ئەحمەد بکوژی نەوزاد بوون، هەروەك لەناوەندی چیرۆکەکە قسەی لەسەرو لەبارەوە کراوە، بەڵام لەئۆباڵی شومی زەلکاوی دەزانن، ((راست دەکەی، بەڵام تا ئەو زەلکاوە هەبێت زۆرانی دیکەش دەخنکێن)).... بۆیە لەقۆناغەکانی دواساتی گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا، دوای ئەو هەموو رووداوانەی رویانداو لەلایەن قسەکەرەوەو بەدیالۆگو گفتوگۆکانی لەگەڵ دەوروبەر. بەو شێوەیە لەدواجاردا خۆی زیاتر شتو رووداوەکانی باس کردو دەیگێڕانەوە.

[1] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن، ل٢٣٠.

[2] بینای هونەری چیرۆکی کوردی، پەرێز سابیر، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٢١١.

[3] الانشائیة الهیكلیة، تزفیتان تدوروف، ت: مصطفی التواتي، م. الثقافة الاجنبیة، بغداد، ٤ (٣)، ١٩٨٣، ص١٢.

[4] عالم الروایة، رولان بورنوف وریال اوئیلیة، ت: نهاد التكریتي، مراجعة، فؤاد التكرلي و د. محسن الموسوي، دار الشؤون الثقافیة العامة، ط١، بغداد ١٩٩١، ص٣٧.

## ٢. بینای دیالۆگ (گفتوگۆ)

بریتییە لەو قسەو ووتو ویێژە جۆراو جۆرانەی، کە کارەکتەرەکان لەنێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕی دەکەن، بەهۆکارێکی گرنگ دەژمێردرێت بۆ سەرکەوتنی چیرۆك، چونکە بنەمایەکی سەرەکییە لەبنەماکانی هونەری چیرۆك، هەستێکی زیندوو دەداتە چیرۆکەکە، ئەویش بەهۆی ئەوەی یارمەتی خوێنەر دەدات بەهەست کردن بەخۆشیو، لەبەدواداچوونو بێزاری دووری دەخاتەوە. یارمەتیدەرێکە بۆ بەدیهێنانی سۆزداری لەنێوان چیرۆکخوانو گوێگرو خوێنەردا، هەروەها یارمەتی دەرخستنی بیرۆکەی چیرۆك دەکات، وە یارمەتی نووسەر دەدات بەروونی وێنەی کارەکتەرەکان بکێشرێت، چونکە کارەکتەرەکان لەسەرەتادا زۆر روونو ئاشکرا نین، بەڵام لەمیانەی ئەو گفتوگۆو وتووێژانەی کە دەیکەن لەچیرۆکەکەدا زیاتر ئاشکرا دەبن[١].

((دیالۆگ شێوەیەکە لەشێوەکانی گوزارشت کردن، کە کەسێتیەکان پیێ دەدوێن کە گفتەکانیان نزیك دەکاتەوەو لەبابەتگەریو روونیو راشکاوی))[٢].

دیالۆگ وێنەیەك نیەو نابێتە گفتوگۆی رۆژانە، بەڵکو بەپێی سیستەمێك دائەرێژرێ.

دیالۆگ ((هەمیشە لەناو واتادا پرسیارو خواستنی وەڵام، یان پێشبینی وەڵام لەئارادایە، هەمیشە دوو خود هەن کە ئەمەش تەسکترین سنوری دیالۆگە))[٣].

سنووری گفتوگۆ ئەگەر لەنێوان دوو کەسایەتیدا بێت، تەسکییەتی، چونکە دیالۆگی ئەدەبی ئەگەر واش دەربکەویێو هەبێت کە دیالۆە لەنێوان دوو کەسدان لەراستیدا لەو ماوە بینراوە سنوردار ناکرێت بەڵکو بەرەو وەرگرتن دەپەرێت، کە وەکو کەسی سێیەمی نەبینراوە لەنێوان ئەو دوو کەسەی کە گفتوگۆیانە لەشوێنێکدا یان لەناو دەقێکدا، هەر ئەویشە وا لەبازنەی قسەکردن دەکات کە ببێتە بازنەی کراوەی دانەخراو[٤].

---

[١] چیرۆکی منداڵان لەئەدەبی کوردیدا (١٩٩١ ـ ٢٠٠٥)، رازاو رەشید صبری، ل١١٥.

[٢] الحوار في القصة والمسرحية والاذاعة والتلفزيون، طه عبدالفتاح مقلد، مكتبة الشبابد ار زيني للطباعة القاهرة، ١٩٧٥، ص٩.

[٣] المبدأ الطوارى، دراسة في فكر ميخائيل باختين، تزفتيان تودوروف، ت. فطرى صالح دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، الطبعة الاولى، ١٩٩٢، ص٣٦.

[٤] الحوار القصصي (تقنيات وعلاقاته السردية)، فاتح عبدالسلام، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٩٩، ص١٤٠.

دەتوانین بڵێین یالۆگ لەسادەترین پێناسەدا، بریتییە لەئاخاوتنی نێوان دووکەس، یان گفتوگۆیەکی گۆکراو ئاڵوگۆڕە لەنێوان کەسایەتیو کارەکتەرەکانی رۆمان یاخود چیرۆکدا[1] گفتوگۆ، نکۆڵی لیٚ ناکریٚت کە هیچ ئاخاوتنێك نایەتە ئاراوە ئەگەر دوو کەس ئامادە نەبنو قسەو بیروڕا نەگۆڕنەوە، واتە ئەم دوو کەسە لەیەك کاتدا ئەرکی گوێگرو ئەرکی قسەکەریش دەبینن‌و دەیگرنە ئەستۆ، واتە کاتێك مرۆڤەکان هەر دەربرین‌و قسەکردنێکیان دبێت کە وەك چالاکییەکی قسەیی بەئەنجامی دەدەن لەژیانی رۆژانە یاخود پەیوەندی نێوانیاندا، دوو لایەنەیە لە (أ بۆ ب) وە هەروەها لە (ب بۆ أ)[2].

ئەرکی نووسەریش ئەوەیە کە ((شێوازێکی گفتوگۆی ئەدەبی هەڵبژێرێتو بیخاتە سەر زمانی کارەکتەرەکانی، بەشێوەیەك کە گفتوگۆکان بەرەو چڕییو سفتییو تۆکمەیی ئاراستە بکات، لەپێناوی ئەوەی کە گفتوگۆکان لەقسەی ئاسایی رۆژانەوە بگوازرێتەوە بۆ ئاستێکی بەرز کە ووشەو پێکهاتەو بابەتو ئاماژە گەلێکی وای تێدابێت کە پێویستە لەهەر دەقێکی ئەدبیدا هەبێت))[3].

دەزانین دیالۆگ پرۆسەی بەیەکگەیشتنە لەنێوان دوو مرۆڤ یان زیاتری کارەکتەرەکانی ناو چیرۆك ئەنجامدەدرێت.

ئیبراهیم یونسی دەڵێت : ((گفتوگۆ نیشاندەری بیرو تایبەتمەندیی کەسە، کاتێك قسەکەر، لێزانو شارەزایی چەند شتێکە کە لەگەڵ شێوەو بیرکردنەوەو جۆری کارەکتەرەکەیدا ناگونجیٚ، بەڵام خودی بابەتەکە کە نەری ناکات. ئەگەر نووسەر بخوازێت چیرۆکەکەی زیندوو بێت، پێویستە کەسی زیندوو بخولقێنیٚ، کە لەگەڵ یەکدا بئاخفن‌و بجووڵێنن، کاتێك کارەکتەری داستانەکەت، کارەکتەرێکی دەم بەئاژاوە بێتو هاتو هاوار کەربێت، تۆش نەتەویٚ وەکو خۆی خستنە روی سادەو رەفتارو تایبەتمەندی کەسەکە بخەیتە روو بۆ خوێنەر، ئەوا ناچارێت چەندین دێڕێك بنوسێتەوە کە خوێنەر بەکەسایەتێکە ئاشنا بکەیت، ئەگەر سەرکەوتووش بێت لەم کارەدا، رەنگە مەیلو چێژێکی وەها نەدەیتە خوێنەر، بۆیە دەبێت هەر خۆی بخەین نێو چیرۆکەکەوەو رێگەی بدەی هاتو هاواری خۆی بکاتو لەقاڵبی دەستەواژە تایبەتییەکی خۆی بدوێت))[4].

ئەرکی ئەوەیە واقعی کارەکتەری زیندوو بخاتە روو، بازنەکانی پەیوەندی کۆکبوون‌و ناکۆکبوونی کارەکتەرەکانی چیرۆك بۆ بەرجستەی رووداو بخاتە روو، نەخشێکی جەوهەری هەیە لەبەرجەستکردنی خەسڵەتو سیمای کارەکتەری چیرۆك.

هەر وەك ((چارڵس مۆگان ـ Charls mogan)) دەڵێت: هونەری بەکارهێنانی دیالۆگ خۆی لەسیٚ شت دەبینێتەوە:

---

[1] الحوار القصصي (تقنيات وعلاقاته السردية)، فاتح عبدالسلام، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٩٩، ص٢٩.

[2] الراوي، الموقع والشكل، يمنى العيد، مؤسسة الابحاث العربية، بيروت، ١٩٨٦، ص٢٢.

[3] الحوار القصصي، فاتح عبد السلام، ص٣٠.

[4] هنر داستان نويسى، فصل ششم ـ گفتوگۆ/ ابراهيمى يونسى، مؤسسة انتشارات نگاه، تهران ١٢٨٣، ص٢٣٩.

١ـ گەشە پێدانی چیرۆك.

٢ـ وێنە کێشانی کەسێتی.

٣ـ دروستکردنی پانتایی‌و حاڵەت[١].

لەو بارەشەوە (رۆبەرت ئاسین گرین Robert. Green) دەڵێت: دیالۆگ هەر شێوە ئامرازێك بەکار بێنیَ سیَ ئەرك یاخود فرمان هەیە:

١ـ بەخشینی زانیاری.

٢ـ دەربڕینی ئەو شتانەی پابەندی سۆزن.

٣ـ گەشەپێدانی رووداو تا ئەگاتە ئاستی گریَ[٢].

دیالۆگ رۆڵی دەبێت لەبەرەو پێشچوونی روداو رونکردنەوەی مەبەستە شاراوەکانی دەقدا، جا چ مەبەستی رۆماننوس بێت یان چیرۆکنوس یا خستنە رووی باری دەروونی‌و کۆمەڵایەتی یان هەڵویستی کارەکتەرەکان بێت لەئاستی کێشەو ململانێیەکاند، ئەمەش چەخت لەپەیوەندی دیالۆگ دەکاتەوە لەگەڵ سەرجەم توخمەکانی تری ناو دەقەکە وەکو روداو کات‌و شوێن‌و لەرێگەی ئەمەوە روداوەکان بەرەو پێش دەچن‌و پلۆت دادەمەزرێت‌و زەمەنی گێڕانەوەو حیکایەت لەدیمەندا یەکسان دەکرێت‌و سەردەمی رووداو شوێنی روداو بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبن[٣] هەر وەك چۆن دیالۆگ لەچوار چێوەی کوللیەتی دەقدا مامەڵەی لەگەڵ دەکریَ، دیالۆگ دەبێت لەناو چیرۆکدا ئاسایی بێت‌و تەواو لەگەڵ واقیع‌و جیهانی چیرۆکەکەدا بسازێت، لەگەڵ ئەو وینایەدا بگونجێت کە نووسەر خوڵقاندویەتی نەك ئەو جیهانەی کە نووسەرو خوێنەر بەواقیعی تیایدا دەژین. واتە نووسەر دەبێت خۆی لەبری قارەمان قسە نەکات بەڵکو ئەبیَ خۆی لەوە بپارێزیَ. بەڵکو جڵەو بۆ قارەمان شل بکات‌و بەشێوەی ئاساییانە گوزارشت لەخۆیان بکەن[٤] لەبەر ئەوەی دیالۆگ وێنای دەربڕینی خودی کارەکتەرە، بۆیە نابێت وێنەی راستەوخۆی ئەو زمانە سادەیە بێت کە خەڵکی لەئاڵوگۆڕی بیروبۆچونەکانیان گوزارشتی پێدەکەن. دەبێت وێنای خێرایی ئەو شتانی بێت کە لەژیانی رۆژانەماندا روودەدەن هەر وەك چۆن ((باسی جیهانێك دەکات کە زەینی نووسەر دایدەهێنیَ، لەبەر ئەوە هەر چەندێك رووی لێکچوونی لەگەڵ جیهانی واقیعدا هەبێت، هەرگیز دەقاو دەق لەو جیهانە ناچێت، زمانی

[١] الحوار في القصة والمسرحية والاذاعة والتلفزيون، طه عبدالفتاح مقلد، ص١٣.

[٢] سەرچاوەی پێشوو، ص١٣-١٤.

[٣] الحوار القصصي تقنياته وعلاماته السردية، فاتح عبدالسلام، دار الفارس للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٩٩، ص٢٩-٣٠.

[٤] دەربارەی رۆمان‌و چیرۆك، حەمە کەریم عارف، ل١١٧.

دیالۆگیش زمانی دەقێکی خەیاڵییە[1] و داهێنانی بیری ڕۆماننوسە لەئاستی هەر کارەکتەرێك کە گوزارشت لەبیر و بۆچونەکانی دەکات، بۆیە دەبێت نووسەر وریایانە مامەڵە بکات ((هەر دێرێك لەدیالۆگ پێویستە بەگوێرەی توانای کارەکتەرەکە بێت.

ناکرێت ئەوەش نەزانین کە گفتوگۆ (دیالۆگ) لایەنێکی تەواوکەری چیرۆکە ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕێت لەجوانکاریو ڕازاندنەوەی چیرۆکەکە.

عەبدوڵلا ئاگرین دەڵێت ((لەچیرۆکدا، هەر جۆرە چیرۆکێك بێت، کەمو زۆر گفتوگۆ پێویستە، گفتوگۆ لەچیرۆکدا بەلایەنێکی بایەخدار دادەنرێت))[2] هەروەها حسین القبانی ـ یشی دەڵێت: ((سەرکەوتنی تەواوی چیرۆك بەبلیمەتیو لێهاتووی نوسەرەکەیەوە بەندە، بەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ گفتوگۆی نێوان کەسانی چیرۆکەکانیان دەکات))[3]

ئەکرێت بوترێت گفتوگۆ تیشکی دەنگە بۆ دیاریکردنو ڕۆشنکردنەوەی هێماکان، بۆیە هەندێك جار هێمای بێ دەنگیش هەیە گفتوگۆ گرنگی خۆی هەیە.

هەروەها گفتوگۆ دەنگداری نێوان کەسانی ناو چیرۆکەکەو یاود بەهێمای جولاندنی دەستو بەو گفتو گۆیەی مرۆڤ لەناخەوە لەگەڵ خۆیدا دەیکات، هێزێکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەرخستنی چیرۆکەکە وا ئەکات بەئاسانی خەڵکی لێتێبگاتو ئاشکراو ڕوون بێتو بەئاکامێکی دیاری بگەیەنێت.

گفتوگۆ ڕۆحی ڕۆمانە، کەواتە ڕۆحی چیرۆکیشە چونکە ڕەگەزێکی بنیادنەرە، وە مامەڵە کردنیش لەگەڵ ڕۆحدا شتێکی سادە نییە، شارەزایی دەوێت، لەگەڵ ئەمانەشدا هەندێك نوسەرو ڕەخنەگر پێیان وایە کە لەنوسینی دەقدا گفتوگۆ پشت گوێبخرێو پشت بەگێڕانەوە ببەسترێت[4] بەڵام لەگەڵ ئەم تێڕوانینەدا کۆك نین چونکە ناکرێت وێنەی چیرۆك یاخود خاڵیێ لەگفتوگۆ بەهەموو شێوەکانیەوە بکرێت[5].

هەر وەك چۆن (ڕولان بارت)، وتویەتی گفتوگۆ، گوزارشت لە"بیروستاتیکاو هەڵچونەکان" دەکات[6].

ئەرکی نوسەری دەقە کە هاوسەنگیو بالانسێك لەنێوان گفتوگۆو گێرانەوەدا دروست بکات.

---

[1] تەکنیکی دیالۆگ لەهەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوریدا، دەزگای شەفەق، چاپخانەی ئاراپخا، کەرکوك، ٢٠٠٦، ل١٦.

[2] چیرۆکی کوردیو هونەری چیرۆك نوسین، عەبدوڵلا ئاگرین ـ گۆڤاری دەنگی مامۆستا، ژمارە (٢)، ١ مایسی ١٩٧١، ل٢٢.

[3] من کتابة القصة، حسين القباني، الطبعة الثالثة، ١٩٧٩، ل٩٨.

[4] التشكيل الروائي عند نجيب محفوظ ـ دراسة في تجليات الموروث، د. محمد احمد القضاة، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ط١، ٢٠٠٠، ص١٢٨.

[5] الحب والجسد والحرية في النص الروائي النسوي في الخليج، رفيعة الطالعي، دار الأنتشار، بيروت، ط١، ٢٠٠٥، ص١٥٢

[6] مدخل الى التحليل البنيوي للقصص، رولان بارت، ت: د. منذر عياشي، مركز الانماء الحضاري، ط٢، ٢٠٠٢، ص٣٣

لەگەڵ ئەوەی زۆرجار نوسەر وەك خۆ هەلقورتێنەرێك دەیەوێ خۆی بپارێزێت لەم هەلچقورتاندنەو پەنا بباتە بەر فێڵێکی ئەدەبیو هونەرییانە کەناو دەبرێ بە"ئاراستە کردنی گفتوگۆ"[1]. هەر وەك پێشتر ئاماژەماندا بەوەی نابێت نووسەر خەسڵەتو ئەدگار بۆ گفتوگۆکانی زیاد بکات، چونکە ئەم فێڵە گوزارشت لەنەرجسیەتی نووسەر دەکات.

جگە لەوەی کە چەند ئەرکێکی کەوتە ئەستۆ، گفتوگۆ، بۆیە دەبێت چەند مەرجێکی تێدابێت لەوانە:

گفتوگۆ دەبێت بە جۆرێك لەگوتار گۆ بکرێ یان بوترێت[2]، دەبێت بە شێوەیەك بنیات بنرێ کە سەرنجی خوێنەر بۆ ناو دەقەکەی راپێچ بکات[3]، دەبێت کورتو ئاسانو روون بێت[4]. چونکە درێژدادری، دەبێتە مایەی لەناو بردنی زیندوێتیەکەی[5]. ناکرێت نوسەر بۆ هەر رووداوێکی تەنانەت سادەو ئاسایی نوسەر پەنا بباتە بەردەم بەکارهێنانی گفتوگۆ. بەڵکو گێڕانەوە دەتوانێت لەدوا روانگەیەوە ئەوکارە بکات[6].

وە هەموو کات ناکرێت نووسەر بە گفتوگۆ دەقەکەی بنیات بنێت، هەروەها گفتوگۆ دەبێت بابەتیانە بێت لەمەودای کەسایەتییەکانەوە بەرهەم هاتبێت، ئەگەرنا لەو حاڵەتەدا کارەکتەرەکە رۆڵی توتییەك دەبینێبت بە تەنهاو بیرکردنەوەی خودی نوسەرەکە دوپات دەکاتەوە[7].

لەگفتوگۆدا نابێت وشە دووبارە بێتەوە، هیچ دژ یەکێکیش نابێت لەنێوان ئاستی کارەکتەرو ئەو تێڕوانیننەی دەریدەبڕێت، هەبێت. کارەکتەر ناکرێت نەخوێندەوار بێتو نووسەریش بۆچوونی فەلسەفانەی لەهەمبەر ئەوداو لەرێگەی ئەوەوە دەربېرێت، بەڵکو لەسەرەتاوە لەرێگەی گفتوگۆوە دەبێت چۆنێتی مەبەستو ئامانج لەدروست کردنی کەسایەتی (کارەکتەرەکە) روون بکرێتەوە[8].

---

[1] عالم الرواية، رولان بورنوف وريال اوئيليه، ت. نهاد التكرلي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩١، ص٨٦.

[2] كتابة الرواية، جون بدين، ت: مجيد ياسين، دار الشؤون الثقافية العامة بغداد، ط١، ١٩٩٣،ص٧١.

[3] المسح والعلامات، الين استون وجورج سافونا، سباعي السيد، وزارة الثقافة، مهرجان القاهرة للمسرح التجريبي، القاهرة، ١٩٩٦، ص٨٦.

[4] الرواية العراقية ةقضية الريف، باقر جواد الزجاجي، ص١٧١، بناء المشهدالروائي ، ليون سومرليان، ت. فاضل ثامر، م (الثقافة الأجنبية)، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٧ ص٨١.

[5] الحوار في القصة والمسرحية والأذاعة والتلفزيون، طه عبدالفتاح مقلد، ص١٠.

[6] البناء الفني في الرواية التاريخية العربية ١٨٧٠ ـ ١٩٣٢ (دراسة فنية مقارنة) خالد سهر محي الساعدي، رسالة ماجستير، كلية الأداب، جامعة بغداد، ١٩٨٩،ص٩٢.

[7] ناوەرۆكو تەكنیك لەدرامای كوردیدا (١٩٩١ ـ ٢٠٠٢)، یاسین رشید حەسەن، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٠٨.

[8] بنیاتی گێڕانەوە لەداستانی (مەمو زین)ی ئەحمەدی خانیو رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەكان)ی بەختیار عەلی دا لێكۆڵینەوەیەكی رەخنەی . ( پراكتیكی ـ بەراوردكاری)، یە، سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی، دەزگای توێژینەوەی بلاوكردنەوەی موكریانی، هەولێر، چ١، ٢٠٠٩، ل٢٢٠.

لەگەڵ ئەمانەشدا سەبارەت بە وێنای کارەکتەرانی چیرۆكو دەرکەوتنیان هەردوو جۆرەکەی دیالۆگ (دەرەکیو ناوەکی) لەدەرخستنی روو پێناسی ڕاستەقینەی کارەکتەرەکان دەور دەبینێت بۆ شیکردنەوەی ئەم رۆڵە، هەردوو جۆری بەکارهێنراو (دیالۆگی دەرەکی)و (دیالۆگی ناوەکی)و تایبەتمەندیەکانیان دەخەینە ڕوو:ـ

دیالۆگی دەرەکی:ـ ئەو ئاخاوتنەیە کە لە نێوان دوکارەکتەر یان زیاتر بەمەبەستی تەواوکردنی ئەو بازنەیە، کە زنجیرە رووداوی چیرۆك یان بابەتی چیرۆك پێکەوە گرێ دەدات، هەمیشە کارەکتەرەکان لەبەکارهێنانیدا راستگۆ نینو زۆرجار دەرگای درۆو فێڵو دوڕووی لە کەسێتیدا کراوەیە هەمیشە مرۆڤەکان لەبری کەسانی دیکە یا بەناوی ئەوانەوە قسە دەکەن. یەکێك لە دیارترین جۆرەکانی دیالۆگو فاکتەری سەرەکیەو ئەرکی هەیە لە بەرەو پێشو پاشبردنی توخمەکانی گێڕانەوە، وە لەئاستی خۆشیەوە بۆ دوو بەش دابەش دەبێت:ـ

١ـ دیالۆگی راستەوخۆ.

٢ـ دیالۆگی ناراستەوخۆ.

**١ـ دیالۆگی راستەوخۆ:ـ** گفتوگۆیە لە نێوان دووکەس یان زیاتر، زۆرجار لەڕێگەی کارەکتەرەوە یاخود چیرۆکنوسەوەیە، ڕاستەوخۆ پێشکەش دەکرێت، زۆرجاریش بە(گفتوگۆی نۆرەیی ـ تناوبی) ناو دەبرێت[1] دووکارەکتەر یان زیاتر لەچوارچێوەی کورتە چیروکێکدا ـ بەشێوەی راستەوخۆ بەشداری تێدادەکەن.

نەجم خالید ئەلۆەنی دەڵێت: (لەو جۆرەدا راناوی لکاوی (م) راناوی جودای (من) کە دوو راناوی جیاوازی کەسی یەکەمی تاکن، دەوری سەرەکی دەگێڕن کە دیالۆگ بکەنە دیالۆگی ڕاستەوخۆ[2].

هەروەها (قسەکەر لەم جۆرە دیالۆگەدا راستەوخۆ قسە بۆ وەرگرێکی راستەوخۆ دەکاتو قسە لەنێوان خۆیان ئاڵو گۆڕدەبێت بەبێ بەشداری حیکایەت خوان[3]).

ئەم جۆرە کارو شێوازە ئەدەبییە جۆرە(بێلایەنیو واقعیەتێکی زیاتر[4]) بە خۆوە دەبینێت. بە (گوتاری پێشاندراوی راستەوخۆ)ش ناودەبرێت[5].

بەگشتی دیالۆگ دیالۆگی دەرەکیش بە تایبەت وەکو رەگەزێکی هونەری لەڕۆنانو بنیاتی چیرۆکی کوردی دا تا رادەیەکی نزیك لەگەڵ ئەو مێژووەی کە چیرۆکی هونەری کوردی تیا لەدایك بوو...سەرهەڵدەدات. چیرۆکی کوردیش وردەوردە لەنێو

---

[1] قضايا النقد الأدبي، عمر بن سالم وأخرون، مركز الدراسات والجوث الاقتصادية والجتماعية في الجامعة التونسية، تونس، ١٩٧٨،ص١٠٦.

[2] تەکنیکی دایەلۆگ لەهەندێ نمونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوردیدا، نەجم خالید ئەلۆەنی، ل٤٣

[3] تحليل الخطاب الروائي، سعيد يقطين ، المركز الثقافي العربي، الدارالبيضاء، بيروت، ١٩٨٩، ص١٩٧.

[4] تجربة زياد قاسم الروائية، نضال محمد فتحي الشمالي ، دار وائل للنشر، عمان ط١، ٢٠٠٢، ص٢٨٠.

[5] تحليل الخطاب الروائي (الزمن ـ السرد ـ التبئير)، سعيد يقطين، ص١٩٧.

راڤە سەرەتاییەکانی ئەزمونەکەدا جێی خۆی وەردەگرێت، ڕۆڵو قورسایی خۆی دەبینێت، کە چەند رەنگ یا چەند کارەکتەرێکی جیاوازوجودا لەنێو مەیدانی چیرۆك دێنە ئاراوەو هەیە. خەسڵەتو سیماکانیش رووی لەزیادبوونە.

ئەرکی سەرەکی ئەم جۆرە دیالۆگەش پەردە لادانە لەسەر باکگراوندی تێکست یاخود جۆری ڕەهەندی چیرۆکەکە بەگشتی، خودی دیالۆگی کەسەکانیش راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ گوزارشت لەسیماو تەنانەت ئاستو هێڵی هزریان دەکەن وە خەسڵەتو پلەو پایەی قسەکەرەکانیش ئاشکرا دەکات[1].

سیمای (گۆکردن) دیارترین سیمایە، کە دیالۆگی راستەوخۆ لەگەڵ تەواوی جۆرەکانی دیکەی دایەلۆگ جیادەکاتەوە. چونکە ئاخاوتنی کارەکتەرەکان لەم جۆرەدا بەگۆکراوێکی راستەوخۆ دادەنرێت.

ئەم جۆرە دیالۆگە بە قۆناغێکی گەشەسەندوی ڕێرەوی دیالۆگ لەقەڵەم دەدرێت لەگەڵ ئەم بەرەوپێش چوونەی دیالۆگ بەرەبەرە بەرەودابەشکردنی ئەو ڕۆڵە چوو کە لەگێڕانەوەدا گرتویێتیە بەر.

لەمەوە وای لێهات (دیالۆگ جۆرە یەکسانییە دروست بکات لەنێوان بەشی گێڕانەوەو بەشی چیرۆك، واتە ئەو کاتە هاوسەنگییەکی دروست کرد)[2].

جێگای ئاماژە بۆ کردنیشەکە گفتوگۆی راستەوخۆ لەمیانەی تەکنیکی (دیمەن)ەوە بنیات دەنرێت، کە تەکنیکی درامی کۆنەو لەسەردەمی هۆمیرۆسەوە بەکارهاتووەو تیایدا، کارەکتەرەکان لەرێگەی گفتوگۆوە دیمەنێکی شانۆی پێك دەهێنن.

کەواتە لەم جۆرە دیالۆگەدا لەنێوان دووکەس یان زیاتر روو دەداتو بەیەگ دەگەن دیالۆگ دروست دەبێت[3]، تیایدا کارەکتەر گوزارشت لە بیربۆچوونو گۆشەنیگای دەکاتو دادەنرێت بە ئامرازێکی سەرەکی بۆئەوەی لەرێی هۆشییەوە ئەو جیهانەمان بۆ ئاشکرا بکات. کە تێیدا دەژێت[4].

دیالۆگی راستەوخۆش سێ جۆر لەخۆ دەگرێت، کە تایبەتن بە پێکهاتنی گفتوگۆی راستەوخۆ:-

**١ ـ گفتوگۆی رووت (پەتی):-** زیتر دیالۆگێکی سادەیە، نزیکە لەقسەی ڕۆژانە بەهۆی ئەو هەڵوێستەشەوە دروست دەبێت، کە قسەکەرەکان دەخاتە بارێکی دیاریکراو لەناو دەقەکەدا، زۆرجار ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت بەبێ ئەوەی جۆرە کارلێکێك یان جۆرە گواستنەوەیەك بەدەست بێنێت، کە جۆرە بەهایەکی هەبێتو هەندێ جاریش لەکورتی دیالۆگەکە دەبڕێتەوە.

---

[1] سیماو خەسڵەتی کارەکتەر لەکورتە چیرۆکی کوردی نێوان (١٩٢٥ ـ ١٩٥٠)دا، مەریوان عومەر حسەن نامەی دکتۆرا کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٥٥.

[2] قضايا الرواية الحديثة، جان ريكاردو، ت.صباح الجهيح، وزارة الثقافة والأرشاد. دمشق ١٩٧٧. ص٢٥٣.

[3] تیشکێك بۆ سەر رۆمان، عەبدولرەحمان مویسق، د. شیرین.ك، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلیمانی ٢٠٠٦، ل٢٩

[4] البناء الفني الرواية الحرب في العراق، عبدالله ابراهيم، ص١٨٦

**٢ ـ دیالۆگی تێکەڵ (وەسفی شیکاری)**

لەم جۆرە دیالۆگەدا، قوڵبونەوەیەکی تێدایە کە خۆی لەدوو تەوەرەدا دەبینێتەوە کە وەسفو لێکدانەوەو شیکردنەوەیە. کەسی قسەکەر زۆر بە وردیو لەسەرخۆ لەشتەکان رادەمێنێتو وەسفێکی قوڵیان دەکاتو ئەنجام لەرێگەی خەیاڵێکی زیندووەوە کە وەسفی جوڵەو هەڵچونەکان، شتەکان شیدەکاتەوە، چونکە شیکردنەوە پشت بە وەسف کردن دەبەستێت. واتە چاوی قسەکەر لەشتەکانو لەدۆخەکان رادەمێنێت، توانای وەسفکردنی قوڵو رادەربڕینی هەیە لەگەڵ دیاریکردنی بۆ چوونێکی بەرز کەلەوانەیە گوزارشت لەهەڵوێستێك یان ئیلتزام یان دژایەتییەك دەکات وێڕای ئەوەی کە چاوێکەو بە خەیاڵێکی زیندو شتەکان شیدەکاتەوە[1].

زۆرجار وەسف زۆر درێژەو راڤەکردنیش (شیکردنەوە) لەدوای تێرامانی وردبوونەوەی قوڵ پشت بەوەسفەکە دەبەستێت، یان حاڵەتێك لەحاڵەتەکان، بۆیە هەردوو تواناکان تێکەڵ دەبنو دیالۆگی چڕو پڕ دروست دەکەن.

و جۆری سێیەمیش کە:ـ

**٣ـ دیالۆگی رەمزی:** نووسەر خۆی لەقسەی رۆژانەو وەسفی درێژ دەدزێتەوە، زیاتر لەو دەقانەدا دەبێنرێن کە مۆرکێکی هێمایی جا چ لەبیرۆکە یان لەکارەکتەر یان لەئاماژەکردنەکانو دوور لەزمانی راپۆرتو راڤەکردنی زیادو نا پێویست، وە بەو چیرۆکەوە پەیوەستە کە نەزعەیەکی هێمای هەیە لەبیرۆکەکەیداو یاخود کە کەسایەتی یاخود رۆیشتنە بەرەو ئامرازەکردنو تیل نیشانو دەستپێکردنی ئاشکراو لێکدانەوەیەکی زیادو دیادە لەنێوان چنینو هێڵەکانی چیرۆكو کردنە توانایەکی گوزارشتگەری ئەکتیڤە لەنێو دەقدا[2]. بەرمز کردن جۆرێکە لەخواستن کە دەبێتە مایەی فراوانبونی خواستن هەتا لەسنووری رستەدا دەچێتە دەرەوەو دەبێتە حیکایەتێکی کورت یان درێژ[3]. ئەم جۆرە دیالۆگە پشت بەتوانای وشە دەبەستێت لەگوزارشتکردندا، کە لەسەرجەمی دەقە رەنگی دەداتەوە. وشە تیایدا واتایەکەو مەبەستەکەش واتایەکی تر. بەواتای ئاشکرایی شتەکە دێتو مەبەستەیش تیایدا واتای شاراوەی شتەکەیە. بەمەش لەگەڵ زاراوەی (ئەلیگۆری Allegory) یەکدەگرێتەوە بەواتای (وتن بەپێچەوانەوە)، بەڵام جیاوازی هێماو ئەلیگۆری لەوەدایە، کە ئەلیگۆری لەرێگەی وتنەوە گوزارشت لەبیرۆکەکان دەکات، بەو بیرانەی نەبێت کە لەخۆیان گرتوون، ئەو وێنانەی کە بەتەنها هیچ بەهایەکیان نابێت[4].

---

[1] الحوار القصصي، فاتح عبدالسلام، ص٦٦.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ص٧.

[3] الرزية والرانتيكية في الشعر اللبناني، امية حمدان، سلسلة دراسات (٢٦٧) دار الرشيد للنشر، ١٩٨١، ص٢٦.

[4] (موسوعة المصطلح النقدي)، الترميز، جون ماكوين، ت: عبد الواحد لؤلؤة، دار المامؤن للترجمة والنشر، بغداد، ص٧٨.

## ٢ـ دیالۆگی ناڕاستەخۆ

ئەم جۆرە دیالۆگە پەنابردنە بەر رووداو جموجۆڵی رابردوی کەسایەتیەکانو گواستنەوە بەزمانی ئێستا لەگەڵ پاراستنی بیرۆکەو گرتەکان کە تیایدا خێرایی زەمەنی رووداوەکان بەرجەستە دەبێت، لەرێگەی خستنە رووی روداوێك یاخود ئاماژەکردن بەئەگەری روودانی ئەو روداوە.

تایبەتمەندی ئەم جۆرە دیالۆگە ئەوەیە کە گێڕەرەوە ئامادەیی هەیە. کە قسەی کارەکتەرەکان، چ وەکو خۆی یان بەکورتیو پوختی دەگوازێتەوە وە پرۆسەی گێرانەوەکەش خێرا دەبێتو گفتوگۆی روت کورتبکرێتەوە وە بکرێتە شێوازی ناراستەوخۆ.

دیالۆگی ناراستەوخۆ قسەو روداوو جوڵەی کەسایەتیەکان لەرابردووەوە بۆ ئێستا دەگوێزێتەوە، ئەو کەسایەتیانەی، کە هەندێ کاریان ئەنجامداوە نووسەر وا دەبینێ بایەخی خۆی هەیە گەر بگوازێتەوە بۆ کاتی ئێستا بەمەرجێك پارێزگاری لەشێوەو بیرۆکەو وێنەکێشانەکەی بکرێت[1].

لەم جۆرە دیالۆگەدا کورتکردنەوەو کورت بڕی ئامانجی سەرەکییە، کە حیکایەت کورتترە، مەبەستی سەرەکی نووسەر "گێرانەوەی دیالۆگەکە نیە، بەڵکو گەیاندنی ناوەڕۆكو مەبەستەکەیەتی"[2].

کورتبڕی، نووسەر سوودی لێ وەردگرێتو دەیکات بەئامرازی دیالۆگەکە چونکە ((کورتبڕی لەگێرانەوە لەچەند کۆپلەیەکدا یان چەند پەڕەیەکدا چەندەها رۆژو مانگمان بۆ کورت دەکرێتەوە بەبێ درێژکردنەوەی رووداوەکانی ژیان، ئاوڕدانەوە بۆ دەقاو دەقی دیالۆگ تیایدا))[3].

گفتوگۆی ناڕاستەوخۆش (گفتوگۆی گواستراوە)شی پێدەوترێ کە بەپێی تێروانینی (جیرار جینیت) بەسەر دوو شێوەدا دابەش دەکات:

١ـ گواستراوەی ناڕاستەوخۆ.

٢ـ گواستراوەی راستەوخۆ.

١ـ گواستراوەی ناڕاستەوخۆ: گێڕەرەوە، روداوەکان تیایدا چڕو کورت دەکاتەوە، بۆی هەیە ئەو رروداوانەی کە رویانداوە جارێکی تر دووبارە روبدەنەوە وە گۆڕان بەسەر جێناوەکانو ئەو (کات)ەشدا بێت کە دیالۆگەکەی تیادا ئەنجامدراوە.

٢ـ گواستراوەی راستەوخۆ: بریتیە لەگواستنەوەی دەقاودەقی دیالۆگی کارەکتەرەکان، دیالۆگی راستەوخۆ تێهەڵکێشی دیالۆگی ناراستەوخۆ دەکرێت، وەبەپێچەوانەوە لەم جۆرە دیالۆگەدا هیچ گۆڕانێك بەسەر جێناوو کاتی روودانیو ئەنجامدانی دیالۆگەکەدا نایەت

---

[1] الحوار القصصي، ص٩١.

[2] الكاتب وعاله، تشارلس مورجان، ت. د. شكري محمد عياد، (الاف كتاب) ع(٥٠٠)، القاهرة، ١٩٦٤، (الحوار القصصي، فاتح عبدالسلام، ص٩١).

[3] قضايا السرد عند نجيب محفوظ، وليد النجار، دار الكتاب اللبناني، مكتبة المدرسة، بيروت، ١٩٨٥، ص٤٧-٤٨.

سەبارەت بەدیالۆگ کە پراکتیکی کارەکە جێبەجێ دەکەین‌و هەرسێ چیرۆکی (میم + رەنگاڵە + زەلکاو) وەردەگرین.

سەرەتا لەچیرۆکی (میم)دا، رستەیەکی ئاشکرا هەیە، سەبارەت بەوەی دیالۆگ پانتاییی‌و روبەری فراوانی داگیرکردوەو بوونی هەیە. بەشی هەرە زۆری رووداوەکان بەهۆی دیالۆگ‌و لەم رێگایەوە باس دەکرێن، گرنگیەکەی لەوەدایە کە ئامانجیان هەیە شتێکی زیادەنین، بەڵکو واتا دەگەیەنن‌و زانیاریەکان بەدیاردەخەن.

هەر لەسەرەتاوە کە قسەکەر واتە کەسی یەکەم کە (ئەمین)ەو خۆی رووداوەکە دەگێڕێتەوە خۆی پاڵەوان (شاکەسی یەکەمە).

سەرەتا گوڵناز دەیوت:

((ئەمین... خەم مەخۆ هەر چاك دەبیتەوە...!))

منیش بەقەهرەوە دەموت:

((گوڵناز... ناخۆشە... تۆش ئافرەتیت... گوناهە لەگەڵ....))

دەستە ناسکەکەی دەخستە سەر دەمم‌و بەدرۆو حەسرەتێکەوە دەیوت:

((وانەڵێی... عەیبە... من‌و تۆ پیر بووین...!))

((من ئا... بەڵام هێشتا تۆ ماوتە))

((ئەمین... رۆحەکەم... ژیانی نێو نوێن هەموو شتێك نییە...)) منیش هەر لەدڵی خۆمدا هەروام دەوت... جگە لەبەیەکەوە نووستن‌و خۆشەویستی‌و میهرو سۆزو بەزەیی، یادگاری تاڵ‌و شیرین، هیواو ئاوات خەو بینین هەن، .....))

ئەم شێوازە دیالۆگەی نێوان ئەمین‌و گوڵناز هەر لەسەرەتاوە کە هەڵوێستی گوڵناز بەرامبەر ئەمین لەسەر ئەو بنەمایە بووەو ئەمین خودی خۆی بەگێڕانەوەکە هەستاوەو خۆشی وەك شا کەسێکی چیرۆکەکە لەو بارەوە دەدوێت.

هەر لەو روانگەیەی کە ((دیالۆگ ئەرکێکی کەسییە، گەر کەسەکەت ناسی ئەوا پێویستە دیالۆگەکەش شان بەشانی چیرۆکەکە بەرەو پێش هەنگاو بنێت))[1].

دیارە ئەم بەرەوپێشچوونەی دیالۆگی نێوان گوڵنازو ئەمین کە لەسەرەتاوە دەردەکەوێت، هەوڵدانی چیرۆکنوسە بۆ گەشەسەندنی روداوو ئاشکراکردنی ململانێی نێوان ئەو دوو کارەکتەرەو رەوشت‌و لایەنی دەرونی‌و هەڵچونەکانیان نیشان بدەن‌و گەشەیان پێ بکەن.

خۆدواندنی (ئەمین)یش، کە زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت لەچیرۆکەکەدا (هاوار لەهەناومدا دەکولاْ، رۆژ تا ئێوارە ژورەکەمیان ئاوەدان دەکردەوە.. شەوانیش پێکەوە دەنووستین.. هەمووشیان وەك خۆم بێوەمێرد بوون.. دۆستۆفیسکی.. تۆلستۆی..

[1] الادب وفنونة، د. عزالدين اسماعيل، دار الفكر العربي، القاهرة، ط٧، ١٩٨٧، ص٢٤٧.

تۆرگینێڤ کافکا.. زۆلا... بەلزاك.. مۆپاسان... جۆیس... دیکنز... پرۆست... شتاینبك... لۆرانس.. لەگەڵیان دەگریامو پێدەکەنیم.. رۆژێکیان پێیان ووتم:

(ئەمین... تۆ کە کەوتوی بۆ رۆمانێك لەسەر خۆت نانووسیت.. لەو باوەڕەداین شاکارێکی جوانی لــێ دەرچێ...))

وتم: ((بەگوێتان دەکەم))

ئەم جۆرە خۆدواندنەو دیالۆگ لەگەڵ ئەو نوسەرانە، لەکاتێکدا بەخوێندنەوە کتێبو رۆمانی ئەو کەسایەتیانە، گەیشتبوە ئەوەی کە وا هەستی دەکرد بەڕاستی دیالۆگی لەگەڵ دەکەن ئەم جۆرە دواندنەو خۆ خواردنەوەیەی ئەمین لەڕادەیەکدا بوو کە هەستی دەکرد عەقڵ لەدەست دەدات...

لەلایەکی ترەوە ((دیالۆگ هاوکاری لەوێنەگرتنی هەڵوێستێکی دیاریکراو لەچیرۆکدا وەك ململانێیەکی سۆزدار، بارێکی دەرونی وەکو ترس یان عیزەت، یان دوو دڵی، یان وەفاداری، یان توڕەیی، یان ئازایەتی، ترسنۆکی، یاخود هەر بارێکی دیکەی دەرونی کارەکتەر لەبارودۆخێکی دیاریکراودا))[1]

لەو روانگەیەشەوە ئەمین جۆرە ململانێیەکی سۆزداریو هەڵچونو توڕەیی هەبوو لەگەڵ گوڵناز بۆیە جار جار ئەو خۆدواندنەو ئەو گۆشەگیرییەی کاریگەری دەرونی هەبوو لەسەری تەنهایی ئەمینو چونی بۆ ماڵی (ئەنوەر)ی برای... دواجار ئەو ساڵە خۆیو هەردوو کچە گەورەکانم چوونە ((بولغاریا))

وتم:

((گوڵناز... حەز ناکەم بەتەنیا بچنە هەندەران...))

لێم هەڵگەڕایەوەو وتی:

((مەترسە.. خۆ دوێنێ نەهاتوینەتە شار...!))

((ئاخر خەڵکی بەخراپە ناومان دێنن...))

((گو بەڕیشی بابی خەڵکی... بەدیار تۆوە شەقمان برد... با تۆزێکیش بای باڵی خۆمان بەین... کوفرە... خۆ کوفر نییە...!))

بەدەم کوڕوزانەوەیەکەوە وتم:

((پەلەتان نەکردایە منیش دەهاتم.. هیچ نەبێ لەوێ خۆم بەدکتۆرێك نیشان دەدەم....))

لێم مۆڕ بۆوەو چاوە کاڵەکانی جوانیو میهریان تیا نەماو وتی:

((تۆ چارت نییە بەقوربان... دکتۆرەکانی ئێرە هیوا بڕاویان نەکردیت...؟

((ئاخر ئەوێ جیاوازە...))

---

[1] فن کتابة لقصة، حسین القباني، دار الجبل، بیروت ـ لبنان، الطبعة الثالثة، ١٩٧٩، ص٩٥.

((کەچی بەسەرما نەڕاندنی:
((ئەمین.. ئێمە بۆ سەیرانو خۆشی دەچین... نەك نەخۆشخانە...!))
ئەم جۆرە دیالۆگانەی نێوان ئەمینو گوڵناز لەکاتێکدایە کە ئەمین بەهیوای چاکبونەوەیە لەدەرەوە تا بگەڕێتەوە دۆخی جارانی مامەڵەو ئەو خۆشەویستیەی کە ڕۆژانێ لەگەڵ گوڵناز گوزەریان دەکرد، بەڵام گوڵناز جیاوازتر لەجاران وەڵامی دەداتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەلایەکی دیکەوە ئەمین لەگەڵ خۆی دەدوێو وەڵامی خۆی دەداتەوە.
ئەوان ویستیان بمنێرنە ماڵی ئەنوەری برام.
وتم ((ناچم... ئەوان گوناهیان چییە، مانگێك خزمەتی من بکەن...؟))
سکیشم بەکچە بچوکەکەم دەسوتا، زۆر بێزارو نیگەران بوو، دەم دەمیش بە نابەدڵییەوە دەی وت ((باوکە... خۆ دەبێ یەکێکمان خزمەتت بکا...))
لەدڵی خۆمدا دەموت.. ئەمین تۆ نوسەریت.. باوەڕت بەجیاوازی نێوان نێرو مێ نییە... هەقی خۆیانە سەفەر بکەنو دونیا ببینن، ئەوە نەبوو ئەو ساڵە تۆش چویتە تورکیاو بولغاریاو ڕۆمانیا... بائەوانیش چاویان بکرێتەوە... ئیمڕۆش لەوەدا نەماوە... زۆرن ئەو ئافرەتانەی بەتەنیا سەفەری هەندەران دەکەن.
لەگەڵ ئەوەی کە ڕێگر بوو لەبەردەم ڕۆیشتنی ئەواندا‌و پێی خۆش نەبوو تەنیای بکەنو جێی بێڵن، بەڵام لەگەڵ خۆشیدا کەوتبوە خۆدواندنو پێیوابوو ئاساییە کە ژنانیش هاوشێوەی پیاوان سەفەر بکەن بای باڵی خیان بدەن.
چونکە ئەم وەکو نوسەرێك ئەو جیاوانیانەی نەئەبینی، لەبەر ئەوەی خۆشی سەفەری ئەو وڵاتانەی کردوە.
دیالۆگەکانی ئەم چیرۆکە هەر لەنێوان ئەمینو گوڵنازدا نەبوو بەڵکو ئەنوەری برای (ئەمین)یش وەکو کارەکتەرێکی دیکەی ناو ئەمە چیرۆکەیە کە لەزاری (ئەمین)ەوە باس دەکرێو خۆشی جارجارە دێتە گۆ.
((خۆم گران کردو وتم: دەچمە ئوتێلێك... ئەنوەری برام شێتو هار بوو... بردمیە ماڵێو خۆی سور کردەوە:
((ئەمین دەتەوێ خەڵکی دەهۆڵم بۆ لێ دەن... پێم ناڵێی لەئوتێلان کێ خزمەتت دەکا... ئەگەر تێکچوی بابزانم... ها...؟))
بەنەرمیو شەرمنانە وتم ((ئاخر خوا هەڵناگرێ... مناڵەکانی تۆ خزمەتی من بکەن...!))
بەتوڕەییەوە وتی: ((ئەمین... پارە هەیە... حەز دەکەی سێ کارەکەرت بۆ رادەگرم...))
ئاخر حەز ناکەم...))
((گوێ بگرە ئەمین... من لەبەر ناوی خۆم ڕێگەت نادەم بچیتە هیچ شوێنێکی تر... بانەڵێن: ئەنوە بەقەد جولەکەیەکی هەیەو کەچی براکەی لەپەنا دیواران کەوتوە...))[١]

[١] گوڵی ڕەش، شێرزاد حەسەن، ل١٥٩

((کەیفی خۆتە کاکە...))

((هەڵبەتە کەیفی منە... ئەی خۆ بەعەقڵی تۆش بەڕێوە ناچم...))

بەخەمو حەسرەتێکەو وتم: ((عەقڵی من چییەتی...؟))

((چۆن چییەتی...؟ کتێبو پارچە کاغز عەقڵیان لا نەهێشتوی...!))

((بۆ کاکە ئەنوەر بێ عەقڵی چیت لەمن دیوە...؟ یانێ گەر زەلام نەبوو بەقۆنتەراتچییەکی دەوڵەمەند دەبێ بێ عەقڵ بێ...؟

((نەء... مەسەلە ئەوە نییە...))

((ئەی مەسەل چییە...؟))

((چ پیاوێکت دیوە خانووبەرە لەسەر ژنەکەی تاپۆ بکا...؟))

ئەم جۆرە دیلۆگە درێژەی نێوان ئەمینو ئەنوەر لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە دوای جیابونەوە لەگوڵنازو چونە دەرەوەی لەماڵ، بڕیاری چوونە ئوتێلی دا، بەڵام ئەنوەری برای رێگری دەکاتو دەیباتە ماڵی خۆیو ئەم چارەنوسەی ئەمینی برای بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوەکە لەسەرەتادا هەموو موڵكو ماڵی لەسەر گوڵناز تاپۆ کۆدو خۆشەویستی بێ ئەندازەی بۆ هەبوو، لەکاتێکد کە دوچاری ئەو نەخۆشیە هات گوڵناز پشتی تێکرد.

پاش ئەوە سنوری گفتوگۆ ئەگەر لەنێوان دوو کەسایەتیشدا بێ تەسکترین جۆری دیالۆگە[1]، وە ئەگەر واش دەربکەوێ کە دیالۆگە لەنێوان دوو کەسدا، لەڕاستیدا لەو ماوە بینراو سنوردار ناکرێت، بەڵکو بەرەو وەرگرتن دەپەڕێت، کە وەکو کەسی سێیەمی نەبینراوە لەنێوان ئەو دوو کەسەی کە گفتوگۆیانە لەشوێنێکدا لەناو دەقدا، هەر ئەوەشە زۆرجار وا لەبازنەی قسەکردن دەکات کە ببێتە بازنەی کراوەی دانەخراو[2].

ئەو جۆرە دیالۆگەی نێوان ئەو دوو برایە لەسەرەتادا بەدیالۆگی راستەوخۆ ناودەبرێ وەکو ئەوەی کە بەنۆرە ئەو دوو کارەکتەرە زیاتر لەچوارچێوەی چیرۆکێکدا ـ یان کورتە چیرۆکێکدا ـ بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەشداری تیادا دەکەن.

ئەرکی چیرۆکنوسەکەش (کە شێرزاد حەسەن) لەوەدا دەردەکەوێت کە سەرەنجامی رووداوەکان دەزانێ لەناو چیرۆکەکەدا بەرلەوەی رووبدات. لەدواجاردا لەگۆشەی خۆیەوە بۆمان دەگێڕێتەوە.

سەبارەت بەچیرۆکی (رەنگاڵەش) خودی حەسەن زۆربەی رووداوەکان بەهۆی دیالۆگەوە باس دەکات کە دیوی دیاری قسەکردنەو هاتنە گۆی زمانە.

---

[1] المبدا الطواري، دراسة في فكر ميخائيل باختين، تزفتيان تودوروف ت: فطري صالح، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، طبعة الاولى ١٩٩٢، ص٣٦.

[2] الحوار القصصي (تقنيات وعلاقاته السرديه)، فاتح عبدالسلام، المؤسسه العربيه للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٩٢، ص١٤٠.

هەر لەسەرەتای چیرۆکەکەدا حەسەن ئاماژە بەحیوارەکانی نێوان خۆیو مریەم دەکات، مریەم وەسفی حەسەن دەکات لەو روانگەیەوەی کە سەرو پرچە ئالۆزکاوەکەی هەر لەریشۆڵە دەچێ... زۆرجاریش هاوەڵەکانی پێی دەڵێن:

((ئێواران کە لەبۆیە کردن دێیتەوە هەر دەڵێ ریشۆڵەی...!

ئەویش وا وەڵامیان دەداتەوە:

((خۆشم دەزانم...))

لەدڵەوەش بیری لەقسە ناسکەکانی مریەم دەکردەوە:

((حەسەن... تۆ بەم هەموو رەنگو بۆیەوە هەر لەڕەنگاڵە دەچیت...

ـ واش نا...

ـ بۆ نا؟ زیاتریش... دیوتە...

ـ هەڵبەت... لەدورەوە...

ـ ئای کە مەلێکی جوانە...

ـ ئەوە لەبەرچاوی تۆ من رەنگاڵەم... ئەگینا لای خەڵکی دیکە من ریشۆڵەم...

ـ ناماقوڵیان کرد...))

دواتر لەچەند بەشێکی دیکەی چیرۆکەکەدا کە حەسەن خۆی گێڕەرەوەیە بەڵام بەگرنگیدان بەدیالۆگی نێوان خۆیو مریەم.

((حەسەن رەنگاڵەکان وەك تۆ ئێسك سوكو چریکەشیان خۆشە...

ـ راستە... بەڵام تۆ دەزانی من ریشۆڵەکانم خۆشتر دەوێن...

ـ تۆ هونەرمەندی... چۆن حەز بەجوانی ناکەی؟

ـ ئاخر جوانی لای من شتێکی ترە...

ـ جوانی هەر یەك شتە...

ـ نەخێر وانییە... من کە ریشۆڵەکانم خۆشتر دەوێن لەبەرئەوەیە کە گوناهترن...

ـ کێ دەڵێ گوناهترن...؟

ـ من... زستانان بەکۆمەڵ راو دەکرێنو دەخورێن...

ـ قەت ئەوەندە ساویلکە نەبوویت!

ـ بۆچی...؟

ـ ئێ خۆ رەنگاڵەش دەخرێتە قەفەزەوە.

ـ بەڵام جیاوازە... رۆژێك دێ رەنگاڵەش بەرەڵڵا بێو بفرێ... بەڵام ریشۆڵە دەخورێو تەواو... جارێکی دیکە نافڕێتەوە.

ئەم جۆرە دیالۆگەی نێوانیان ئاماژەیە بۆ دیالۆگەی کە هەروەکو چۆن لێکۆڵەرانو رەخنەگران وەسفو گفتوگۆ، بەیەکێك لەپێویستییە سەرەکییەکانی دارشتنی بینای گێرانەوەی تێکستی چیرۆكو گەیاندنی ئەو چیرۆکە بە وەرگر دادەنێن، گێرانەوە هۆی گەیاندنی خۆی هەیە کە یەکێك لەوانە دیالۆگە. زۆرجار هەردوو پێکەوە واتە (وەسفو دیالۆگ) لەلایەن چیرۆکگێرەوەکە قسەی لەسەر ناکرێت. بەڵکو رێدەکەوێ کاتێك چیرۆکگێرەوە بەکاری وەسف کردن هەڵدەستێت واز لەدیالۆگ دەهێنێت بۆ کەسەکان بۆ ئەوەی گوزارشت لەخۆیان بکەن.

وە یان چاودێری پرۆسەی گواستنەوەی گفتوگۆیەکە دەکات لەپاڵ راستکردنەوەو هەڵبژاردنی جۆری ئەو گفتوگۆیەی کە لەناو چیرۆکەکەدایە[1].

جگە لەوەش دەتوانین بڵێین دیالۆگ نەخشێکی جەوهەرییە لەبەرجەستەکردنی خەسڵەتو سیمای کارەکتەری چیرۆکدا. واتە دەتوانین بگەینە ئەوەی کە دیالۆگ بەدیارخەری کەسایەتیە.

هەروەك چۆن پێشتر ئاماژەمان پێداوە کە هەروەك چۆن ((چارلس مۆرگان)) پێیوایە هونەری بەکارهێنانی دیالۆگ خۆی لەسێ شتدا دەبینێتەوە کە ئەوانیش: (گەشەپێدانی چیرۆك، وێنەکێشانی کەسێتی، دروستکردنی پانتاییو حاڵەتە)[2].

ئەم جۆرە دیالۆگەی حەسەن دروستی دەکات لەگەڵ مریەم کە چۆن خۆی بەو شێوە خۆی لەگەڵ ئەودا دەردەخاتو خۆی لەئێستا ئاماژە بەو گفتوگۆیانە دەکات کە پێشتر کردونی لەگەڵ مریەمدا.

هەروەك چۆن لەبەشێکی دیکەی چیرۆکەکەدا، جارێکی تر بەرەورووی ئەو گفتوگۆیانەمان دەکاتەوە:

لەبیرتە مریەم... پێت دەوتم:

((تۆ نەك هەر ئەکتەریت... دەنگیشت وەك چریکەی رەنگاڵەکان خۆشە...

ـ ئەی ئەگەر ئەو چریکەیە یوو بەقاژەقاژی ریشۆڵە...؟

ـ دڵم مەگرە حەسەن... قەت وانابێ

ـ بەڵام دڵی من واناڵێ...

ـ بیبرەوە... دیارە بەگومانی لێم... ها...؟

ـ نەء... بەڵام حەزناکەم جگە لەخۆم کەسێکی تر ببینی...

ـ مەترسەو... نابینم...))

[1] البناء الفني في الرواية التأريخية العربية، خالد سهر محى الدين الساعدي، جامعة بغداد، ١٩٨٩، ص٩١.

[2] الحوار في القصه والمسرحية والاذاعة والتلفزيون، طه عبدالفتاح، ص١٣.

(شێرزاد حەسەن) زۆر بەسەلیقەوە لەهۆنینەوەی چیرۆکەکانیداو دروستکردنی شاکەس‌و پاڵەوانەکانیدا دەستی باڵای هەیە، کە هێندەی لەخەمی زیندوە مردوەکاندایە کە هەمیشە ئەو پرسیارەی وەك زەنگێکی بێدارکردنەوە بۆ وریاکردنەوەیەو بەئاگا هاتنەوەیە لەخەفڵەت‌و نائاگایی‌و دواتریش هاندانی ئینسان بەو شێوەیەی کە سوهرابی سپهری دەڵێت:

((با چاوەکانمان بشۆین‌و بەشێوەیەکی تر لەدونیا بڕوانین))[1]

ئەم هەموو دیالۆگەو ئەو قسانەی حەسەن بیری دێتەوە لەو کاتانەی کە چیرۆکنوس لەزمانی پاڵەوانەکەی یادی ئەو رۆڵە دەکاتەوە کە وا بەیەکەوە لەژێر نمەی باراندا لەگەڵ دڵخوازەکەیدا دانیشتوە.

واتە لەو رۆژانەی کە پێدەچێ باران بووبێت‌و ئەمانیش جێژوانیان هەبووەو ئەو دیالۆگانە روویداوە، کە ئێستا لەڕێگەی شاکەسەوە چیرۆکنوس دەیخاتەوە بەردەمان.

سەبارەت بەدیالۆگ لەچیرۆکی (زەلکاو) کە هەروەك چۆن لەچیرۆکەکانی (رەنگاڵە ـ میم)مان بەوێنە وەرگرت، بەڵام لە (میم)دا روبەری دیالۆگ زیاترە. کاتێکیش باس لەچیرۆکی (زەلکاو۹ دەکەین، جگە لەئاماژەدان چیرۆکگێڕەوە بەباسکردنی چیرۆکەکە لەزاری ئێمەوە دواتر دەچێتەوە سەر زاری خۆی واتە لەخودی خۆیەوە تیشك دەخاتە سەر رووداوەکانی ناو چیرۆکەکەو باس‌و خواس لەسەر (گۆمی میری) کە زەلکاوە دەیکات.

کاتێك لەسەرەتاکانی چیرۆکەکەدا دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ مچەی عەبەی قۆڵبڕو لەلێکەوتەی گفتوگۆکەیاندا:

مچە ووتی: ((بەشەرەفی باوکم... بەشەرەفی دایکم هەموو ئەفەندییەکان ئێواران بەدزییەوە دێن‌و مەلەی تیادا دەکەن))

لێم پرسی: ((بۆ...؟))

((ئاخر ئێواران چۆڵ دەبێ...!))

لێم پرسی: ((ئەی مامۆستا کەچەڵەکەمان...؟))

وتی: ((ئەمن درۆ ناکەم... ئەوم نەدیوە...!))

راماو سەیرێکی کردم بەتەوسەوە وتی:

((دیارە وەك تۆ ترسنۆکەو ناوێرێ مەلە بکا))

((نەء. مچە ئەو لەبەهارزیا ئەترسێ... پێی ناخۆشە خەڵکی لەو زەلکاوە مەلە بکەن...))

بەتوڕەیی وتی:

((کەرە... بەهارزیا چ حیزێکە...؟))

بەنەرمی‌و لەسەرخۆ... چونکە ئەمزانی توڕەتر بێ بەشەپازللەیەك بنا گوێم ئاگردەدا.

ـ پێم وت:

[1] از مصاحبت با آفتاب، شعری صدای باي آب، محمد حقوقی، سالی ۱۳۷۸، تهران، ل۱۱۲.

((بەهارزیا حیز نییە... نەخۆشییە...))

((ئەوە لەقوتابخانە ئەو شتە قۆڕانە فێر دەبن...؟))

((مچە گەر ئەو مامۆستایەت دی پێم بڵێ...))

((بۆ...؟))

((هەروا...!))

ئەو جۆرە دیالۆگە کە ئاماژەیە بۆئەوەی کە رووداوەکان لەو رێگەیەوە چنراونەتەوەو لەزاری شاکەسەوە بەدیالۆگیش لەگەڵ ئەو کارەکتەرانەی دیکە قسەی لەبارەوە دەکرێتو دەخرێتە بەرچاو.

ئەم جۆرە گفتوگۆیە تاڕادەیەك راستەوخۆیە، کە لەنێو ئەو کەسایەتیانەدا دەکرێو زۆرجار بەگفتوگۆی نۆبەتیش ناودەبرێت، بەو مانایەی ئاڵوگۆڕی بیروڕایەو زۆرجاریش هەوڵدانە بۆ رازیکردنی لایەنی بەرامبەر.

لەپاش ئەوە زۆرجار ئەم جۆرە گفتوگۆیانە دەبێتە هۆی پاشەکشەو سنوردارکردنی دەسەڵاتو بەزۆری کارەکتەرەکان بەئازادی خۆیان راستگۆیانە گوزارشت لەخۆیان دەکەن، لەم جۆرەشدا بێلایەنیو واقعییەتی زیاتر بەخۆوە دەبینێت[1].

لێرەشداو لەم جۆرە حیوارانەی نێوان کارەکتەرەکاندا دەبینین بەزۆر قسەکردنو هەڵوەستە لەسەر ئەو زەلکاوەی کە بۆتە جێگەی سەرنجی چەندەها خەڵکانی ئەو ناوچەیە کە روپانکردۆتە ئەو زەلکاوە بۆ مەلەکردنو پاشان بۆ سەیرانو گەشت کردن لەو دەوروبەرە کۆدەبنەوە.

واتە بەشێوەیەکی گشتی لەدوا ساتەکانی چیرۆکەکەدا زیاتر گرنگی دراوە بەدیالۆگو روداو چنینەکانی چیرۆکەکە لەشێوازی دیالۆگدا دەرخراوە، دیالۆگێکی ئاشکراو دورودرێژ دەربڕاوە.

پاش ئەوەی نەوزاد دەخنکێنرێ، جۆرە دیالۆگێك لەنێوان ئەو کارەکتەرانە دروست دەبێت بەوەی کە:

هەروەکو قسەکەر ئاماژەی پێدەکات کە بەتوڕەییەوە ووتم:

((کەس دیار نییە... قسە بکە...))

راڕاییو ترسو گومان لەدەنگیا تێکەڵ بوونو وتی:

((نەوزاد...!))

((نەوزاد چی...؟))

((خنکا...))

((ئێ ئەزانم خنکا...))

((نەء.. خۆی خنکا...!))

---

[1] تجربة زياد قاسم الروائية، نضال محمد فتحي الشمالي، دار وائل للنشر، عمان، ط١، ٢٠٠٢، ص٢٨٠.

((یانێ چی...؟))

چاوەکانی پڕ بوون لەئاو... یەخەی کراسەکەمی گرتو رایکێشامە بەردەمی... ئەوەندەی لێی نزیك بوومەوە دەمو چاوی بوو بەپەڵەیەکی گەورە... لێڵ... هەروەك بڵێی کەوتبێتە ژێر ئاو... پاشان بەچرپەوە وتی... چرپەیەکی خنکاو:

((گوێت بێنە... بڵێ بەسەری باوکم لای کەس قسە ناکەم...))

ئیتر بەم شێوەیە قەناعەت پێکردنو رازی کردنو گەیاندنی زانیاریە بەیەکتر ئەو گفتوگۆو مقۆ مقۆیە بەردەوام دەبێت.

رەنگە ئەم جۆرە گفتوگۆیە تا رادەیەك کەموکورِی زۆر لەخۆ بگرێو بچێتە چوارچێوەی گفتوگۆی روتەوە، چونکە پانتاییو روبەرێکی زۆری گێڕانەوەکەی لەخۆ گرتووە بەچەند جارو پەیجێك ئەو دیالۆگانە بەردەوامەو هەموو دەقەکە زۆرجار دەگرێتەوە. زۆرجار وەکو دەقێکی شانۆیی خۆی دەنوێنێت.

لەبەشێکی تری چیرۆکەکەدا هاتووە، جارێکی تر ئەو جۆرە دیالۆگە دورودرێژە هەیە:

((تۆ بڵێی چاکببمەوە...؟))

((گرنگ ئەوەیە چیتر لەو زەلکاوە مەلە نەکەی...))

((بۆ خەراپە...؟))

((ئا...))

((جا خۆ من تازە توش بووم... مەلە بکەم یان نەیکەم...))

((وانییە بەراز باب... باپتر لێت پیس نەکا...))

((دڵە گیان... بەکەس نەڵێی مچە توشی مەلهارزیا بووە))

((بەلهارزیا... نەك مەلهارزیا...))

((باشە... ئێستا چی بکەین دڵە...؟))

((هەتا زووە بابچینە خەستەخانە...))

## ٣. بینای مۆنۆلۆگ

هەموو ئەو دیالۆگانە دەگرێتەوە کە کارەکتەرەکان لەگەڵ خودی خۆیاندا ئەنجامی دەدەن.

مەنەلۆگ Monologue خستنەڕووی دیوی ناوەوەی مرۆڤە، واتە نەستی، هەروەها ڕێگای هاتنە دەرەوەی ئەو ویستانەشە بەرەو دیوی هەستی دەرەوە.

مەنەلۆگ لەچیرۆکدا: پێشکەشکردنی ناواخنی دەرونی کەسایەتی و کارە دەروونییەکانێتی بێ قسەکردن چ کەم یا زۆر، چونکە مەنەلۆگ بریتییە لەپێشکەشکردنی ناواخنی هەست پێش قۆناغی تەواوبوون و دەربڕین.[١]

راستگۆیانەیەو هەردەم کەسی خاوەن مۆنۆلۆگەکە بەبێ هیچ بەربەست و پەردەیەك پێ لەخواستەکانی خۆی دەنێ و گوزارشت لەرابردوو و ئێستاو داهاتوو دەکات، کە لەوەو پێش کروویەتی یان دەخوازێت بیکات.

هەروەها ((کردەی گوزارشتکردنی بیرەکانە بەلەدواییەکداهاتنێکی لۆژیکی کەهیچ شتی نالەباری تێدا نییە، ئەوەی دەیخاتە ڕوو لەڕووی جەوهەرییەوە بریتییە لەزنجیرەیەك لەیادەوەرییەکان کە هیچ کاریگەرییەکی دەرەکی ڕێگەیپێ ناگرێت، هیچ بیرێکی تیانییە کە لەگەڵ چوارچێوەی بیرە گشتییەکان ڕێکەوێت).[٢]

گوزارشتە لەناخ لەساتەوەختی تایبەتدا، ئەو شاراوەییانەی کە دیالۆگ ناتوانێت دەریانبڕێت، دۆزینەوەی ئاستێکی تری پەیوەندیکردنە لەگەڵ وەرگر، هەوڵی بەرپاکردنی جۆرە ستایلێکی جیاوازی مامەڵەیە دوور لەو راستەوخۆییەی دیالۆگ بەکاری دەبات.

مۆنۆلۆگ یەکێکە لەبنەما سەرەکییەکانی وێنەکێشانی بارودۆخی کارەکتەرو رۆڵی سەرەکیش لەرووداوەکان دەگێڕێت و پێویستی بەوەڵامدانەوەی خێرای هیچ یەکێك نییە، دوور لەکارلێکی گوێگر بەڕێوە ئەڕوات، مۆنۆلۆگ دەتوانرێت تاکی بێت، پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەگەڵ کەسێکدا لەدەرەوەی پەیوەندی قسەکەر شوێنێك بەدەستدێنێت، ئەوە گۆ دەکات (بەدەنگی بیستراو، یاخود لەگەڵ خود، بەتەنیا یاخود بەکەسێکی سایکۆلۆجی کەخاوەن قسە دووره پەرێز دەبێت لەئامادەبووان.

مۆنۆلۆگە بڵاوەکان زیاتر ئەوانەن کە ئاراستەکراون، ئەوە داوا دەکات کاریگەری ئەکتیڤی هەبێت لەلای گوێگر وەکو خوتبەی خەتیبەکان و وانەی مامۆستایان لەپێش خوێندکارەکانەوە.[٣]

---

[١] تيار الوعي في الرواية الحديثة، روبيرت هنفرى، ت: د. محمود الربعي، دار المعارف بمصر، الطبعة الثانية، ص٤٤

[٢] الحوار القصصي، فاتح عبدالسلام، ص١١٩

[٣] المدخل الى علم الأدب، مجموعة من الكتاب الروس، ت. أ. د. احمد علي الحمداني، دار المسيرة للتوزيع والنشر، عمان، ٢٠٠٥، ص١٦٥

مەنەلۆگ لەهەموو جۆرەکانی تری تەکنیك زیاتر لەچیرۆکی نوێدا بەکارهاتووە، بەمەبەستی خستنەڕووی دیوی ناوەوەی کەسانی چیرۆکەکە، واتە دیوی نەستی کەسەکە بەکاردێت، کە لەئەنجامی تیۆرەکانی فرۆیدەوە دەربارەی شیکردنەوەی دەروون هاتەکایەوە)) [1] .

واتە مۆنۆلۆگ پرۆسەیەکی تویکاریە[2] بۆ ئاگایی کارەکتەرەکانە بەشێوەیەکی سەرەکی و گرنگی دیالۆگی ناوەوەیە، کەپەیوەندی نزیکترو واقیعیتر لەوێنەکێشانی بزاوتی هەستەکان لەزەینی کارەکتەردا بەدیدەهێنێت. لەگەڵ ئەوەی ئەو پەیوەندیەی کە لەگەڵ یەکێك لەڕێکەگانی پێشکەشکردنی کارەکتەردا هەیەتی، وەپێشکەشکردنی کارەکتەرە لەرێگەی کارەکتەرەکە خۆیەوە.[3]

مەنەلۆگ بیرۆکەی دیالۆگی خودی پێکدەهێنێت، چونکە ڕێڕەوێکی بازنەیی گەڕانەوەیی هەیە، واتە لەخودەوە دەردەچێت و هەر بۆ خودیش دەگەڕێتەوە. واتە قایلبوونێکی خودی هەیە شاکەس تێیدا دەپرسێت، بەڵام وەکو ئاماژەماندا کە مەنەلۆگ پێویستی بەوەڵام نییە، مەگەر لەخۆیەوە لەناوەوە بێت، بۆیە گوزارشت لەشپرزەیی و ڕاراییەکانی خودی کارەکتەر دەکات.

جگە لەوە رۆبەرت همفری دەڵێت: ((بێگومان دانەرانی شەپۆلی هۆش (تیار الوعی) ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئاگادارە، شارەزاییان لەسەر تیۆرە-شیکاری دەرونی و تیۆری کارەکتەرەکان هەیە، دەتوانێت جەخت لەسەر ئەوە بکرێت کە ئەو نووسەرانە بەشێوەیەکی فراوان کارتێکراوبوون بەچەمکە گشتییەکانی دەروونناسی و فەلسەفەی نوێوە)).[4]

لەناو دەقدا ئەرکی جۆراوجۆر دەبینێت و زۆر چڕەو وردەکاری زۆری تێدایە لەدەلالەتکردن لەناوەوەی پاڵەوان یاخود کارەکتەر.[5]

ئەم چڕی و وردییەش کەئاماژەی پێکراوە، لەمەنەلۆگدا دەگەڕێتەوە بۆ هەڵگرتنی ئەو شتانەی کە پاڵەوان یاخود کارەکتەر لەڕێگەی مەنەلۆگەوە شتەکانی ناخی دەردەبڕێت، تابواریش بۆ ئەو مەنەلۆگە نەڕەخسێت، ئەوا ئامادەی بیرکردنەوە نابن لەو شتانە، بۆیە مەنەلۆگ لەدەقدا ((کت و پڕی بەچیرۆك دەبەخشێت)).[6]

[1] چیرۆکی نوێی کوردی، حەسەن جاف، دەزگای رۆشنبیری‌و بلاوکردنەوەی کوردی، بەغدا ـ ١٩٨٥، ل٨٧

[2] شعرية النثر، تزفتان تودوروف، ت. وتقديم احمد المديني، م. (الثقافة الاجنبية)، العدد ١، السنة الثانية ـ ١٩٨٢، ص٥٧

[3] عالم الرواية، رولان بورنوف و ريال اوئيلية، ت. نهاد التكرلي، ص١٠٨

[4] تيار الوعي في الرواية الحديثة، روبرت همفري، ت. د. محمد الربعي، ص٢٦

[5] البناء الفني في الرواية التاريخية العربية، خالد سهر محي الساعدي، ص٩٣

[6] تقنية رواية تيار الفكر والحديث الفردي الداخلي، ت. د. عبدالرحمن محمد رضا، مجلة الثقافة الاجنبية، العدد ٣، خريف ١٩٨٢، ص٨٦

هەروەها لەمەنەلۆگدا لەبەرئەوەی تاڕادەیەك پەیوەندی بەیادگارییەکانەوە هەیەو جیهانی یادگارییەکانیش رابردووو ئێستاو داهاتوو تێکەڵ دەبن و کات مانای خۆی لەدەستدەدات، ناکرێ ئاماژە بەوەنەدەین کە لەمەنەلۆگدا ((شوێن و کەلوپەلەکانیش بۆ ماوەیەك دیارنامێنن))[1]

واتە تاك لەهەردوو توخمی کاتو شوێن رزگاردەبێت و ئەم رزگاربوونەش یارمەتیدەردەبێت بۆ ئەوەی بەکتوپڕی هەموو شتانەی مەبەستێتی بیگێڕێتەوە.

ناکرێ ئەوەش نەزانین، کە کاتێك مەنەلۆگێك لەدایك ئەبێت، کە وا مرۆڤ ناخێکی شڵەژاوی هەبێت و کارو کردەوەیەك و بیرۆکەیەك لەهزرو دەرونیدا پەنگ بخواتەوە، ئەم پەنگ خواردنەوەیە بەڕێگەی مەنەلۆگ دێتە دەرەوە.[2]

(رۆبەرت هێمفری) دوو جۆری سەرەکی مۆنۆلۆگ دیاری دەکات کە بریتین لە:

**١. مۆنۆلۆگی راستەوخۆ.**

**٢. مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ.**[3]

هەروەها (جەمال میر صادقی)یش سێ جۆری مۆنۆلۆگ دیاری دەکات، ئەوانیش:

١-مۆنۆلۆگ.

٢-مۆنۆلۆگی درامی.

٣-مۆنۆلۆگی خۆ دواندن.[4]

هەرچی ***مۆنۆلۆگی راستەوخۆیە***، نووسەر دەستێوەردانی تێدا ناکات و کارەکتەریش خۆی بۆ خوێنەریش ئاشکرا ئەکات.

هەروەها حەسەن جاف لەو بارەیەوە دەڵێت: کە-مەنەلۆگی راستەوخۆ- رۆبرت هێمفری تەنها سێ چیرۆکنووسی هێناوەتەوە وەك نموونە، کە ئەم جۆرە تەکنیکەیان بەکارهێناوەو سەرکەوتنیشیان تێدا بەدەستهێناوە، کە ئەوانیش (جێمس جۆیس و ڤێرجینیا وۆڵف و ولیەم فۆلکەرن[5].

بۆ جۆری دووەم —مۆنۆلۆگی راستەوخۆ- زۆر نموونە دەتوانین بهێنینەوە لەبەرهەمی چیرۆکنووسەکانمانەوە وە بەدڵنیاییەوە بڵێین، بەشێوەیەکی باش و سەرکەوتووانە بەکاریان هێناوە).[1]

---

[1] عبدالرحمن الربيعي بين الرواية والقصة القصيرة، عبدالرضا علي، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، الطبعة الاولى، بيروت ـ ١٩٧٦، ص٢٣

[2] رەگەزەکانی دراما لەشیعری لیریکی کوردیدا (کرمانجی خواروو ـ ١٩٨٠ ـ راپەرین)، پەروین عەبدوڵڵا، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٣٣٩

[3] تيار الوعي في الرواية الحديثة، ص٤٤

[4] عناصر داستان، جمال مير صادقي، انتشارات سخن، چاپ پنجم، چاپخانه بهمن، تهران، ١٣٨٥، ص٤١١

[5] چیرۆکی نوێی کوردی، حەسەن جاف، دەزگای رۆشنبیریو بلاوکردنەوەی کوردی، بەغداد، ١٩٨٥، ل

مۆنۆلۆگی راستەوخۆ لەڕێگەی کەسی یەکەمی تاکەوە (کارەکتەر) راستەوخۆ لەگەڵ خودی خۆی دەدوێت بێبەشداری نووسەر، واتە بایەخ بەنووسەر نادات، لەڕێگەی دەستەواژەی ((وای وت)) یاخود ((وابیری کردەوە))، ((هەست بەبوونی دەکرێت)).[2]

و ***مۆنۆلۆگی ناراستەوخۆش:***- لەسەر زاری کارەکتەرەوە لەچوارچێوەی ئەو بابەتە ووردەوەی دەیخاتە وو بەشداری دەکات لەڕێی هەردوو جێناوی (ئەو-تۆ)ی تاك لەپاڵ ئەو وەسف و شیکردنەوانەوەی دەیخاتەڕوو بۆ روونکردنەوەی بابەتی باسکراو.

لەم جۆرەدا نوسەر یان چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزان بابەتێکی گوتراو پێشکەش دەکات بەشێوەیەك وەکو ئەوەی لەزەینی کارەکتەرێکەوە بێت.[3]

(نجيب العوض)یش لەژێر کاریگەری تیۆرە دەرونییەکاندا جۆرەکانی مۆنۆلۆگ بەمشێوەیە دیاری دەکات:

١-مۆنۆلۆگی هۆشیا.

٢-مۆنۆلۆگی ناهۆشیار.

-مۆنۆلۆگی دارِشتن یان لەدەستدانی هۆش.[4]

جۆری یەکەم و دووەم جیاوازی نییە لەگەڵ مۆنۆلۆگی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، هەرچی جۆری سێیەمیشە بەزیاد دیاری کراوەو دەچێتە ناو جۆری دووەم.

چونکە لەجۆری دووەمدا (منی باڵا) دەسەڵاتی نامێنێت و (ئەو) باڵادەست دەبێت، هیچ بەربەستێك لەبەردەم مێشکدا نامێنێت تارِێگری بکات لەوەی کارەکتەر چی بڵێت یان چی بەبیردا بێت.

هەروەها مۆنۆلۆگی ناوەوە کە لەتەکنیکی نوێدا بەشەپۆلی هۆش ناودەبرێت، کە لەلایەن زۆر لەرەخنەگرانەوە بەکارهاتووە زیاتر بۆ وەسفی جۆرێکە لەچیرۆکی نوێ.

---

[1] چیرۆکی نوێی کوردی، حەسەف جاف، ل٨٦

[2] تيار الوعي في الرواية الحديثة، ص٤٤

[3] سەرچاوەی پێشوو، ص٤٩

[4] مقاربة الواقع في القصة القصيرة المغربية، المركز الثقافي العربي ـ بيروت، دار البيضاء المغربي، الطبعة الاولى، بيروت ـ لبنان، ١٩٨٧، ص٥٤٣-٥٥٤

شەپۆلی هۆش زیاتر تەکنیکێکە کە بەمەبەستی پێشکەشکردنی بابەتی خودی خۆی واتە خودی نووسەرو شتە تایبەتیەکانی هۆشەکی خۆی پێشکەشدەکات.[1]

خۆی لەخۆیدا مۆنۆلۆگی ناوەوە پرۆسەیەکە، کە ئاخاوتن تیایدا لەخۆوە دەبارێت بەحکومی ئەوەی، گوزارشت لەناخی کارەکتەر بکات. وەهەمیشە نووسەر هەوڵدەدات زنجیرەو ریزبەندی رووداوەکان بپچڕێت و بەپچڕپچڕ پێشکەشیان بکات.

وەئەرکیشی گوزارشتکردنە لەکێشەکییەتی بیرەکان، وەمەنەلۆگی ئاسایی جوداترە بەوەی ناوەرۆکی ئەم گوزارشتە لەو بیرۆکە کەمەی کە لەوناوچەیەوە نیشتەجێیە کە زیاتر لەناوچەی بێئاگاییەوەیە.[2]

جگە لەوە جۆرە ئارامییەکیش بەکارەکتەر دەبەخشێت[3]، چونکە مرۆڤ زۆرجار ناتوانێت هەندێ بیروبۆچوون و حاڵەتی ویژدانی هەیە لەلای کەسانی تر باسی بکات، بۆیە باشترین رێگەیەك کە هەڵیدەبژێرێت ئەم جۆرە مەنەلۆگەیەو لەگەڵ ناخی خۆیدا دەدوێت.

لەگەڵ ئەمانەشدا ئەم جۆرە مۆنۆلۆگە ئاراستەی خوێنەر ناکرێت، بەڵکو وەکو خۆی وەردەگیرێت، هیچ دەستکارییەکی ناکرێ و ناقرتێنرێ بەرلەوەی لەلایەن نووسەرەوە رێبکخرێت.[4]

هەروەها جۆرە درێژبوونەوەیەك بەخۆوە دەبینێت، کە زۆرجار دەبێتەمایەی بێزاری خوێنەر، چونکە گوزارشتەکە درێژ بوونەوەی تیادا دەکرێ بەهۆی ئەوەی، کە پەیوەندیدارە بەلایەنی هەست و سۆزو هزری کارەکتەر.[5]

ئەمجۆرە مۆنۆلۆگە بەدوو شێوە دەخرێتە ڕوو (ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ):

١-مۆنۆلۆگی ناوەوەی ڕاستەوخۆ.

٢-مۆنۆلۆگی ناوەوەی ناڕاستەوخۆ.

مۆنۆلۆگی ناوەوەی ڕاستەوخۆ: ئەمجۆرە تیایدا گوێنادرێتە دەستتێوەردانی نووسەرو وادادەنرێ کە گوێگر نییە[6]، و بەڵکو کەسەکە تەنانەت لەگەڵ خوێنەریشدا قسە ناکات، واتە بەشێوەیەکی نارێك پێشکەشدەکرێت. واتە گێڕەرەوەی هەمانشتزان بەجێناوی کەسی یەکەم لەگەڵ خودی خۆی دەدوێت.

---

[1] تيار الوعي في الرواية الحديثة، ص٢٤

[2] سەرچاوەی پێشوو، ص٤٣

[3] بینای کات لەسێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، نەج خالید ئەلوەنی، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی ـ ٢٠٠٤، ل١٧٢

[4] تيار الفكر والحديث الفردي الداخلي، ليون سومرليان، ت. د. عبدالرحمن رضا، ص٨٥.

[5] الفن الروائي، ديفيد لودج، ت: ماهر البطوطي، المجلس الاعلى للثقافة، المشروع القومي للترجمة، ط١، ٢٠٠٢، ص٥٧

[6] تيار الوعي في الرواية الحديثة، روبرت همفري، ص٤٤

(ئەدوارد دی جاردن) دەڵێت: ((بریتییە لەو ئەمرازانەی کە لە ڕێگەیەوە خوێنەر ڕاستەوخۆ بەرەو ژیانی نێو خودی ناوخۆی کارەکتەر رادەکێشێت، بەبێئەوەی نووسەر شرۆڤەو ڕوونکردنەوەی بەدەستەوە بدات، ئەمەش گوزارشتکردنە لەو بیرۆکانەی کە زۆر لەنەستەوە واتە (لاشعور)ەوە نزیکە.[1]

لەم مۆنۆلۆگەدا خوێنەر ڕاستەوخۆ وەکو ئامرازێك شارەزایی پەیدادەکات لەوەی کە لەناخی کارەکتەردا دەردەکەوێت و یاخود دەچێتە ناو جیهانی لاشعورییەوە بەبێ ئاگاییەوە.

هەرچی جۆری دووەمیشە کە:

مۆنۆلۆگی ناوەوەی ناڕاستەوخۆیە:-

ئەمجۆرە بەشێوەی واقیعیانە شتەکان نیشاندەدات و دەیانخاتە ڕوو،، (واتە نوسەرێکی زانا شتێکمان پێشکەشدەکات، وەك لەهەستی کەسێکەوە هاتبێ و نەبووبێت بەقسە، هەروەها نووسەر ڕێنومایی خوێنەر دەکات بەوەسف و تەعلیق، تارێگە بدۆزێتەوە).[2]

وە ئەمجۆرە گێڕانەوەیە پەیوەندی بەشێوازی گێڕانەوەی بابەتییەوە هەیە، کە گێڕەرەوەی هەمووشتزان بەجێناوی کەسی یەکەم و دووەم و سێیەم (من، تۆ، ئەو) بابەتێکی گۆنەکراو پێشکەش دەکات و ئامادەبوونی نووسەر دەردەکەوێت و لەم جۆرەدا لەناو دەقەکە، هەر لەوکاتەدا خوێنەر هەست بەبوونی خۆی دەکات و گوێگریش ئامادەبوونی هەیە.

جیاوازی نێوان مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بەکارهێنانی ڕاناوی تاکی قسەکەرە لەناڕاستەوخۆداو ڕاناوی قسەکەری نادیارە لەڕاستەوخۆدا، هەروەها لەمۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ هەمیشە هەست بەئامادەبوونی نووسەر دەکرێت، بەڵام لەمۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆدا وافەرز دەکرێت، کە نووسەر گوێ ناداتە دەست تێوەردان و گوێگریش نییە، بەڵکو کەسەکە تەنانەت قسە لەگەڵ خوێنەریش ناکات.[3]

جگە لەوانەش (شێرزاد حەسەن) یەکێکە لەو نووسەرانەی ئەم جۆرە مۆنۆلۆگە ناوەکیەی (شەپۆلی هۆش) بەکارهێناوەو دیارە ڕەنگدانەوەشی هەیە بەسەر بەرهەم و نوسینەکانیەوەو وەکاریگەری دەبینرێ لەکۆمەڵە چیرۆکی (گوڵی ڕەش) کە لەبەشی سێیەمدا بەتەواوی ئەو تەکنیەکە دەبینین کە شێرزاد حەسەن زیاتر بەکاریهێناوەو مەیلی بەلایداچووە.

لەڕۆمانو چیرۆکی کوردیشدا ئەم جۆرە مۆنۆلۆگە لەهەموو جۆرەکانی تر زیاتر بەکارهاتووە.

سەبارەت بەپراکتیکی باسەکە وە دیاریکردنو خستنەڕوی مۆنۆلۆگ لەکۆمەڵە چیرۆکی گوڵی ڕەش بەزۆری دەتوانین بڵێین ڕوبەرێکی زۆری چیرۆکەکان دەگرێتەوە، ئەمەش وەها دەبێت کە کەسی قسەکەر لەناخی خودی خۆیدا دەدوێ بۆ نموونە

---

[1] تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، امنة يوسف، ص٧٦

[2] تيار الوعي في الرواية الحديثة، روبرت همفري، ص٤٩

[3] سەرچاوەی پێشوو، ص٤٩

لەچیرۆکی ((گوڵی ڕەش))دا حەمە بەمۆنۆلۆگ لەگەڵ خۆی دەدوێ وەکو گوێگرێکیش قسە دەکات، بەڵام دەشزانێ کە هێرۆ لێرە نییە. ئەوەی شیاوی قسەکردنیشە کە مۆنۆلۆگەکە بەشێوەی ڕاستەوخۆیە.

هەروەك لەسەرەتای چیرۆکەکەدا ئاماژەی پێ دەکاتو هاوار لەهێرۆ دەکات.

- هێرۆ هەبوویت...

- بۆ دابەش بوویت...؟!

- هێرۆ ون بویت

- تەواو... نەمایتو... نیت...

دەدەی ئەو پەنجەرەیە بکەرەوە... گوڵە مۆرەکانی ناو هەردوو ئینجانەکە ئاوبدە... خەمی منیش، ترسی جودایی بڕەوێنەوە، لەسەر ئەم بانە نیمچە تەپیوەدا ووشك بوو، چاوەڕوانیو تاسەی رووە جوانەکەت پەکیان خستووم، دە وەرە نێو باڵکۆنەکەو سەرێ خوارکەوە، ... وەك خۆری هاوینی ئیمڕۆ ئێوارە دەرکەوەو ئیتر ون بەو مەیەرەوە، تامەزرۆتم هێرۆ خان.. هێرۆ گیان... لەیادچونەوەی تۆ قورسە... قورسە وەك مەرگ...))[1]

لێرەدا ئەو مۆنۆلۆگەی حەمە بۆ هێرۆی دەردەبڕێو هاوار دەکات کە ئاوڕی لێبداتەوە، دیارە مەنەلۆگ زیاتر بۆ ئەوە بەکاردێت کە لەڕێگەیەوە ناوەخنی دەرونی کارەکتەرو بارە دەرونیەکانی پێ قسەکردن یان کەم یان زۆر پێشکەش بکرێت[2].

تاڕادەیەك مەنەلۆگ پەیوەندی بەو گفتوگۆیانەوە هەیە کە لەناخی کارەکتەردا رودەدەن.

دەبێت ئەوەش بزانین کە هیچ کەسێك ئاگاداری ئەو مەنەلۆگەی کارەکتەر نییەو گفتوگۆکە دەروونییەو تەنهاو تەنها لەخودی کارەکتەرەکەوە رودەدەن، دەتوانین بڵێین رۆڵی سەرەکی هەیە لەوێنەکێشانی روداوەکانیشدا، مەنەلۆگ پێویستی بەوەڵامدانەوەی خێرایی هیچ یەکێك نییە.

تەنانەت لەم چیرۆکەدا (حەمە) کە دەدوێ چاوەڕوانی وەڵامی خێراو راستەوخۆی (هێرۆ) ناکات.

((دەدەی ئەو پەنجەرەیە بکەرەوە... ئەمن مردم... گوڵەکان ئاودە، سیس بوونو هەڵوەرین... مەیانکوژە... ئای دڵتەنگمو هیچم بۆ ناکرێ، تۆرانی تۆ پەکی خستوم، ئیم پەنجەرەیە بکەرەوە، پەردەکەش لابدە، لەم گەڕەکە ئاڵو واڵایەو لەنێو ئەم هەموو خانەدانو پیاوماقوڵانە چەندە غەریبو پەرپووت دیارین...))[3]

رۆیشتنی هێرۆو دوری، هەوەکو (حەمە) خۆی ئاماژەی پێدەکات، کە پەکی کەوتوەو ئەم دوریو تۆرانە لەعەشقو جوانییەکانی ژیان تۆرانویەتی.

ئەم مەنەلۆگە بەشێوەیەکی دور لەکارلێکی گوێگر بەڕێوە دەچێت. مۆنۆلۆگ دەتوانێ تاکی بێت.

---

[1] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن، ل٥.

[2] تيار الوعي في الرواية الحديثة، روبرت همغري، ص٤٤.

[3] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن، ل٩.

لێرەشدا (حەمە) هەر خۆیو تاکی مەنەلۆگەکەی کردووەو بەئەنجامی گەیاندوە. بەکردنەوەی ئەو پەنجەرەیەو لەلایەن هێرۆوە، هەزاران گڕێ کوێرەی ئەم حەزو خولیاو ئارەزوەی (حەمە) وەکو تاسەیەکی توندو پڕ لەئێش بشکێنێت.

((دە ئەو پەنجەرەیە بکەرەوە... گەر بێیتەوە هەزاران گرێ کوێرەی ئەم دەرونە داخراوەم دەکرێتەوە، هەوری رەشی پڕ لەگریانی ئاسمانی چاوانم دەڕەوێتەوە، وەکو جاران پێدەکەنمو دەخوێنمەوە. چی باری گرانی دونیا هەیە بەوپەڕی شادییەوە هەڵیدەگرم... تۆ بڵێی سەفەرتان کردبێ؟))

لەلایەکی دیکەوە، هەر بەشێوەی مەنەلۆگ بانگی هێرۆ دەکاتو هاواری کردنەوەی ئەو پەنجەرەیەی لێدەکات.

((دە ئەو پەنجەرەیە بکەوە... پێم بڵێ ئەو گوڵە مۆرە ناوی چییە، دەگەڕێم تا تۆوەکەی دەدۆزمەوە... دوو ئینجانەی لـێ پڕ دەکەم... بەیادی ئەو حەزەی تۆیە بێ دەنگی مراندت... ئەرێ تاکەی گوڵی زۆرتان هەبێ...؟ من بەخیلی بەسامانو دارایی هیچتان نابەم ... بەڵام چی بکەم کە شێتی باخچەو گوڵی زۆرو درەختەکان بم...؟ گوڵی سەدەها رەنگو جۆر... زەردو سپیو سورو مۆر، جۆرەها بۆ.؟.. کێ دەزانێ... کێ ئاگای لێیە...؟

ئەرکی مۆنۆلۆگ جگە لەوەی گوزارشت لەکێشمە کێشمی بیرەکان دەکات بەزنجیرەیەکی لۆجیکیو بێ کەمو کورتن[1].

ئەوا ئەرکێکی ترخستنەڕوی جیهانی ناوەوەی کارەکتەرە، لێرەدا نووسەر دەستیش وەرنادات لەراڤەکردنو وەسفکردنی کارەکتەرەکە بەهەر جۆرێك بێت.

لەم جۆرەی چیرۆکدا وەکو دەزانین (حەمە) جیهانی ناوەوەی دەردەخاتو بۆ هێرۆی هەڵدەڕێژێ.

لەلایەکی دیکەوە ئەم جۆرە مۆنۆلۆگە تا رادەیەك ئارامی دەبەخشێتە کارەکتەر چۆن دەرخەری رازو نیازو نهێنی ناو ناخو دەرونە، کە رەنگە نەتوانێ لای هیچ کەسێکی نزیك دەربڕێ، بەڵام دەتوانێ لەڕێگەی قەڵەمو لەڕێگەی چیرۆکەوە بیدرکێنێت[2].

سەبارەت بەچیرۆکی (منو قالەو سەگەکەی پاڤلۆڤ)یش کەسی قسەکەر هەر بە مۆنۆلۆگ دەدوێتو بەم جۆرە دەستپێدەکات هەر لەسەرەتای چیرۆکەکەوە:

((کابرای سەرخۆش نەبوایە من "نامەی ماجستێرەکەم" وەردەگرتو... ئەوساش هەموو لایەك بەرێزو سەرسامییەوە سەیریان دەکردم... هەر لەدەرگاوانی کۆلێژەکە تا دەگاتە هەموو قوتابییانی "بەشی دەرونزانی"و بگرە قوتابییانی هەموو بەشەکانی تریش...))[3]

فەرهاد کە شاکەسی یەکەمو پاڵەوانی چیرۆکەکەیە دوای ئەوە بەشێوازی مۆنۆلۆگ زۆربەی روداوەکانی چیرۆکەکەو بنیادی گێڕانەوە بەتایبەت مەنۆلۆگیان دەخاتەڕوو، جگەلەوەش چیرۆکەکە رەهەندێکی دەرونی لەخۆدەگرێ بەپشت بەستوی هەردوو

---

[1] القصه السیکولوجیه، لیون ایدل، ت: محمود السمره، نقلا عن الحوار القصصی، فاتح عبدالسلام، ص١١٣.

[2] بینای کات لەسێ نموونەی رۆمانی کوردیدا، نەجم خالد نەجمەدین ئەڵوەنی، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٧٢.

[3] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن، ل٨٤.

زانای دەروونناس (فرۆیدو پاڤلۆڤ) بەحوکمی ئەوەی فەرهاد خودی خۆی خوێندکاری خوێندنی باڵای بواری دەروونناسییە. زۆرجاریش بیرمان نەچێت کە مۆنۆلۆگ پەیوەندی بەلایەنی سۆزو ئاشکراکردنی ویژدانیو هزری کارەکتەرەوە هەیە، لێرەدا هێندەی کارەکتەر (فەرهاد) لەژێر ئازاری ویژدانو کاریگەری دەرونیدایەو هۆکاری دواکەوتنی لەگفتوگۆی نامەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ پێڵاوی چەپی کابرا سەرخۆشەکە.

((وەلێ گوناهی منی تێدا نییە... گوناه... گوناهی ئەو سەرخۆشە بوو... ریسی لێ کردم بەخوری، ئای کە گێلو هیچ نەزان بووم... نا گێل نیم... من نەگبەتم... وەرە مەمرە... نزیکەی دوو ساڵ خەریك بووم، سەدەها سەرچاوە، بەعەرەبیو بەئینگلیزی، دوو ساڵ بەهەموو رۆژەکانییەوە... شەوانیش... تا درەنگانێ دەمامەوە... سەدەها شەو پاسەوانو پشیلەو یاساوڵەو عاشقەکانیش نووستوون... کەچی من تا بەرەبەیان وە ئاگابوومەوە لەسەدەها کتێبی کۆنو نوێ نەخۆشییە کوشندەکانی دەرونم دۆزیوەتەوەو خوێندۆمنەتەوە، درۆ نییە گەر بڵێم هەزاران لاپەڕەی سپیم رەش کردۆتەوە بەهاران... پاش باران هەزاران مێرولە خاکێکی روتەنی داگیردەکەن...))[1]

گرنگیدانی چیرۆکنوس بەجیهانی ناوەوەی مرۆڤ کارێکی گرنگە، کە بە بنجو پێچی نهێنیەکانی ناو دەروونی کەسانی چیرۆکەکەیدا بچێتە خوارەوەو، بەشێوەیەکی هونەرمەندانە کە لەزانستە روتەکەی جیادەکاتەوە، ئاشکرایان بکاتو ئەو ئامانجو مەبەستەیان پێ بەدەستەوە بدات کە بۆیان چووە[2].

کاتێکیش فەرهاد پەی بەنهێنییەکانی ناخی دەبات لەبەرامبەر قالە کە هۆکارێك بووە بۆ سەرنەکەوتنی، لێرەشدا چیرۆکنوس زۆر بەشێوازێکی ئەدەبیو هونەریانە هۆنینەوەو رووداوەکانی چیرۆکەکەی چنیووە.

((وا کۆتایی هات... یان بڵێین وا کۆتایم هات، پێڵاوی موبارەکی کابرای سەرخۆش شیرازەی هەموو شتێکی شێواند. وێنەی راستیەکی لەبەر چاوم تەلخ کرد، راستییەك کە دوای دوو ساڵ پێی شاد ببوم، خۆمو خەڵك... خۆمو نەخۆشییەکانی خۆم، ترسو شەرم دەیانگرێو دەردی دەرونی سەردەمی مناڵی خۆمم لەفرۆید-دا دۆزی بۆوە ئەو شەوە دوا شەو بوو... چەند بەختەوەر بووم، دە جار ناونیشانی نامەکەم خوێندەوە، لاپەڕەکانم هەڵدایەوە، لەوشەکان ورد بومەوە، بگرە نوقتەو فاریزەکانیش... لێرەو لەوێ دەمخوێندەوە، بەتایبەتی بەشی سێیەم.. بەرگری کردن لەفرۆید.....))[3].

ئەم شێوازە مۆنۆلۆگە لەچیرۆکی (منو قالەو سەگەکەی پاڤلۆدا) دەتوانین بڵێین مەنەلۆگێکی دەرونییە، کە هیچ کەسێك گوێگری قسەکەر نییە. زیاتر ئەم گێڕانەوەیە وەك قسەکردنی منداڵی بچوكو کەسی پیر وایە. کاتێك قسە لەگەڵ خۆیان دەکەن. لەچیرۆکی رەنگاڵەشدا (حەسەن)ی پاڵەوان بەمۆنۆلۆگ باسی مریەم دەکات بەم جۆرەی خوارەوە:

---

[1] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن، ل٨٥.

[2] نوسینەکانم لەبواری رەخنەو لێکۆڵینەوەدا (ساڵانی ١٩٥٥ ـ ١٩٨٨) حسین عارف، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم (١٦٢)، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٧٥ ـ ٧٦.

[3] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن، ل٨٩.

((بیرتە مریەم لەدوو رەنگی تەواو جیا رەنگێکی دیکەم دروست دەکرد.. وەك ئەوەی لەسەر شانۆ بگریەم و پێبکەنم، یان هاوار بکەم و لەپڕ هەر ئەو زریکەیە ببێ بەچرپە، لەهاورو چرپە چی پەیدا دەبێ؟ لەگریان و پێکەنینی تێکەڵ، لەدوو رەنگی تەواو جیا.. لەحەزی دوو دڵداری سەر بەدوو چینی جیا... لەیادکردنەوەی ئەو رۆژانەی لەکەلاوە شڕەکەمدا گۆرانیم بۆ دەچڕی و ئێستای پڕ لەزرنگەی زەنگیماڵئاوایی و غوربەت و تەنیایی...))[1]

لەم شێوازی مۆنۆلۆگە کە گەڕانەوەیە بۆ رابردوو، حەسەن پاڵەوانی ناو چیرۆکەکەیە و گێڕەرەوەی سەرەکییە لەگەڵ ناخی خۆیدا گفتوگۆ دەکات بێ ئەوەی گوێگرێك هەبێت گوێی بۆ بگرێت یان ئامادەبووی نوسەری تیادا دەرکەوێ. بەڵکو خودی حەسەن لەگەڵ دەروونی خۆیدایە و بەو شێوەیەی ئاسایی دەدوێت چۆتە ناو جیهانی ناوەوەی خۆی و بەرامبەر ئەو هەست و خۆشەویستییەی بۆ مریەمی هەبوو ئەدوا. هەروەکو چۆن لەپێناسەکەیدا هاتووە کە پرۆسەیەکە کە تیایدا ئاخاوتن هەر لەخۆوە دەبارێ، کام ئاخاوتن؟! دیارە ئاخاوتنی ناوەکییە کە گوزارشت لەو هەستە و ئەو ناواخنەی کارەکتەر دەکات.

لەلایەکی دیکەوە حەسەن جارێکی تر ئاه و حەسرەت و غەمی دوری بۆ مریەم دەخاتەڕوو بەوەی کە ((زۆر شێنەیی کۆشکەکەی نیوەم بۆیە کرد... هەستم دەکرد بەئارەقە و فرمێسك و خوێنی خۆم بۆیەی دەکەم... درەنگ لـێ بوومەوە... حەزم دەکرد بۆ ماوەیەکی درێژتر لەو بەژن و باڵایەت تێر بم، کە ئاوی ساردت دەهێنا، لەچاوەکاڵەکانت ورد دەبوومەوە... ئاسمانی سەربەستی و هەم دەردی خۆم لەچاوانتا دەوێ... ئەو چاوانەی باریکەی دەماری خەمێك سوری نەکردبوون...))[2]

هەروەکو چۆن پێشتریش ئاماژەمان بەوە کرد کە خودی چیرۆکەکە باس لەکوڕێکی هەژاری وەڕز دەکات کە لەتەنیایی و بێزاری ژیان دەگوزەرێنی.

حەسەن لەگەڵ ئەوەی خوێندکار بوو، کرێکارێکی ماندوو بوو بۆیەی کۆشکی دەوڵەمەندەکانی دەکرد. دیارە حەسەن لەرێگەی ئەو مۆنۆلۆگانەوە، گوزارشتی لەو حەز و خۆشەیستییەی ناخی دەکرد و تێکەڵی دەکرد لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەی کە لەناخی خۆیدا هەیە.

زۆرجار کارەکتەرەکان لەژێر فشار و کاریگەری دەرونی یاخود سۆزداریدا ململانێ یان مەنەلۆگ بەئەنجام دەگەیەنن، ئەوەی لێرە و لەم چیرۆکەدا بەدی دەکرێ ئەو حەزە پەنگخواردوەی حەسەنە کە بەرامبەر (مریەم) هەیبوو وابەستەی کردبوو بەکار و پیشەکەی کە جگە لەوەی خوێندکاری شانۆ بوو بەڵکو کرێکارێکی هیلاك و شەکەتیش بووە.

لەگەڵ ئەو هەموو مۆنۆلۆگەی لەناخی خۆیدا دەیکات، چاوەڕێی وەڵامی بەرامبەر ناکات کە (مریەم) یاخود گوێگرەکەیە. جگە لەوەش لەچیرۆکی (میم)دا دیسانەوە مۆنۆلۆگەو لەپڕ دێتە ناوەوە و بێ زەمینە سازی باسی رابردوی خۆی دەکات وەکو ئەوە وایە کە لەگەڵ ناخی خۆیدا بدوێ.

---

[1] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن، ل١٣٨.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٨.

ئەم مۆنۆلۆگەی ئەمین کە دەڵێت: ((چار نەما... دواجار ((گوڵناز))م تەڵاق دا... دوای بیستو حەوت ساڵ لێکدی جیابوینەوە، خۆیو هەر سێ کچەکانم لەماڵەکە مانەوە... دەبوایە من ماڵەکە جێ بێڵم... جێم هێشت...

منێکی نوسەر... خاوەن بیروباوەڕی سەیرو سەمەرە... هەڵبەتە لای ئێوەمانان سەیرو سەمەرە، دە ساڵ بەر لەجیابونەوەمان هەرچیم هەبوو، خانوەکە... وەك ئێستا نەبووین... نایشارمەوە... بەحەز لێ کردن هێنام... جاران یەکدیمان خۆش دەویست... وابزانم... ئەوە چوار پێنج ساڵە ئەم نەخۆشییە گرانە بەتەواوی پەکی خستوم... نایشارمەوە... هیلاکی کردوم... لەناوك بەژێرەوە ئیفلیجی کردوم... نایشارمەوە لەپیاوەتی خستووم، جاران سیسەمێکی گەرمو نەرم کۆی دەکردینەوە... ئێستا سڕو سارد وەك دەمی مردوو...))[1]

باسکردنو هێنانەوە یادی ژیانی رابردوو لەچوارچێوەو قاڵبێکدایە کە ئەمین دەیخاتە ئەو بازنەیەوە کە وەکو ئەوەیە لەگەڵ ناخی خۆیدا بدوێت.

ئەم جۆرە مەنەلۆگە، گفتوگۆیەکە لەچەمکی رەوتی ئاگایی، چونکە تیایدا نوسەر سەربەستی تەواوی بەخشیوەتە (ئەمین)، کە گوزارشت لەو پرۆسە نەستیو ناهاوتایەی ناو ناخی بکات، کە تا رادەیەك لەگەڵ سروشتی ئاگاییدا دەگونجێت وەکو شڵەژانێکی گەورەی ساتەکانی یادەوەریو بیرەوەرییەکانی.

دیارە (ئەمینیش) باسکردنی ژیانی رابردووی ئازارچێژەو هەستی نامۆییو گۆشەگیری پێدەبەخشێو جیاوازی مامەڵەی گوڵنازی هاوسەری ئازاری ویژدانی دەدات. لەکاتێکدا خۆی لەپێناویدا کردۆتە قوربانیوماڵو سامانی پێبەخشیوە. بەڵام کاردانەوەی گوڵناز لەپاش نەخۆشکەوتنی (ئەمین) خراپەو کاریگەریو فشاری دەرونی بۆ سەر ئەمین دروست دەکات. هەروەك دەڵێت: ((سەرەتا دەستی دەکردە ملم، ماچی دەکردم، خۆی تێ هەڵدەسویم، لەگەڵما رادەکشا... کەزانی دەمارەکانم سستو مردون، خوێنێکی ساردیان تیا مەییوە.. پێخەفەکەی جیاکردەوە، لەساڵی یەکەمی نەخۆشییەکەم هەر لەهەملن ژورو بەیەکەوە دەخەوتین، ساڵی دووەم پێخەفەکەی دورخستەوە، ساڵی سێیەم لەژوری نوستن باری کردو چووە ژورێکی تر، تەنیا مامەوە، تا درەنگی شەو دادەنیشتم، دەیەها کتێبو دەفتەرو پەڕە کاغەزو قەڵەمم خستە بەردەمم...))[2]

ئەم جۆرە مۆنۆلۆگە خودییە کە ناوەکییەو خۆی دەدوێنێو رەفتارو کردەوەی رابردووی خۆیو مامەڵەی ئێستای گوڵناز باس دەکات کە ئەو جۆرە تەنهاییەی پێبەخشیوە.

[1] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن، ل١٥٠

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣

## ٤. بینای ململانێ و رووداو

سەبارەت بەزاراوەی ململانێ کە سەرجەمی پێناسەکان یەك ماناو مەبەستیان هەیە کە ئەویش ئەوەیە کە زاراوەکە (Conflict) لەبنچینەدا وشەیەکی لاتینییەو لە (Confligere)ەوە وەرگیراوە. کە بەواتای دۆخێکی گرفتاوی دەبەخشێت، کە بەهۆی دوو تێڕوانینی دژبەیەك، یاخود دوو ئامانجی لێك جیاواز لەدۆخێکدا یان دوو مرۆڤدا دروست دەبێت[1] واتە دوو واتای جیاواز لەهەناوی خۆیدا کۆدەکاتەوە. یەکەمیان بەمانای پێکدادانو دووەمیشیان بەواتای رووبەڕووبونەوە دێت.

هەژار موکریانی چەند مانایەکی بۆ زاراوەکە ئاماژە پێداوە، وەکو ((رکەبەری، زۆرانی، ململانە، مل نەدان، رازی نەبون، قبولّ نەکردن))[2].

(احمد عزت راجع)یش سەبارەت بەململانێ دەڵێت: ((بەواتای هەڵگیرساندنی جەنگ دێت لەدوو توێی کەسێتیداو، دەبێتە هۆی یەکنەگرتنەوەو لەدەستدانی هاوسەنگێتییەکەیو پاڵی پێوە دەنێت بۆ هەڵوەشانەوەیانو روشاندنو لێکترازاندن))[3].

جگە لەوەش گیوی موکریانی سەبارەت بەزاراوەی ململانێ لەزمانی کوردیدا هاوواتای دیکەی بۆ داناوە بەم شێوەیە ((بەربەرەکانی، رقەبەری کردن، رکەبەری کردن))[4].

ململانێ بێگومان لەناو دەقە ئەدەبییەکاندا وەك ئەو جەستە گەرمو گوڕەیە کە گیانی تێدایە، بنەمای ژیان لەسەر بوونی ململانێ بنیاتنراوە، دیارە سەرەتاش لەلای نەوەکانی هابیلو قابیل چەکەرەی کردووە، چۆتە رۆحی هەموو نەوەکانی دوای خۆیانەوە[5].

ململانێ لەناو کوردەواری خۆشماندا ((دەمەقاڵێ یان شەڕە قسە))ی پێ دەوترێت. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار ((ململانێ دەکەوێتە نێوان ئارەزووە خەفەکراوەکانی مرۆڤ خۆیو لەنێوان پێکهاتەکانی دەروونی مرۆڤدا روودەدات کە (ئەو ـ من ـ منی بالآیە) کە لێرەدا بەململانێی دەروونی ناودەبرێت[6].

(احمد خورشید النورەچی)یش دەڵێت ((ململانێ یەکێکە لەچەشنەکانی کارتێکردنی کۆمەڵایەتی، لەئەنجامی نەگونجانی بەرژەوەندییەکانەوە دروست دەبێتو ئەو هەڵوێستە کێبڕکێیە هەریەك لەکێبڕکێکان نەیارەکەی دەناسێتو درك بەوەش

[1] چەمکی ململانێ، ئاراس فەتاح، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٠

[2] هەمبانە بۆرینە (فرهنگ کردی ـ فارسی)، هەژار موکریانی، تهران، ١٣٧٤، ل ٨١٣

[3] اصول علم النفس، د. احمد عزت راجع، المکتب المصري الحدیث، د. م. ط. د. س. ط، ص٥٤٣

[4] فەرهەنگی کوردستان، گیوی موکریانی، دەزگای چاپو بلاوکردنەوەی ئاراس، چ١، هەولێر ١٩٩٩، ل٨٦١

[5] رەگەزەکانی دراما لەشیعری لیریکی کوردیدا کرمانجی خواروو ١٩٨٠ ـ راپەڕین، پەروین عەبدوڵلا، ل٣٤٧

[6] اصول علم النفس، د. احمد عزت راجع، ص١٤٨

دەكات كەوا هیچ شێوەیەك نییە بۆ گونجاندن لەنێوان بەرژەوەندی خۆی‌و نەیارەكەیدا. ئەوسا كێبڕكێكە بۆ ململانێ دەگۆڕێت كە هەریەكەیان لەپێناو لەناوبردنی ئەوی دیكەوە بەسەریدا كاردەكات))[1].

هەروەها (خەسرەو میراودەلی)یش پێیوایە كە ((ململانێ ـ الصراع)) ئاماژە بەهەوڵی یەكێك لەو دوو لایەنە ناكۆكە دەكات بۆ زیان گەیاندن بەلایەنەكەی دیكە یان لەڕێگەی توندوتیژییەوە[2].

واتە مرۆڤ وەكو سروشتی خۆی كاتێك دەكەوێتە ناو مەیدانی ململانێوە بەئامانجی بەدیهێنانی مەبەستێكی، بۆیە هەمیشە لەهەوڵدا دەبێت بۆ زیانگەیاندن بەو هێزە یاخود ئەو كەسەی لەبەرامبەریدایەو ڕێدەكەوێت كە ئەنجامێكی پڕ لەتوندوتیژیشی تیادا بكەوێتەوە.

جگە لەوانەش زاراوەی ململانێ بەتەنیا لەزانستە سۆسیۆلۆژی‌و سیاسیەكاندا بڵاو نییە، بەڵكو بەجۆرێ ڕۆچۆتە ناو زمانی ڕۆژانەوە كە زۆرجار لەبری (شەڕ، كێشە، ناكۆكی، مشتومڕ، ناخۆشی، دوژمنكاری، گرژی، گرفت، دەمەقاڵێ، زویربوون، .......، بەكاردەهێنرێت).

زاراوەی ململانێ تەنها پەیوەست نییە بەمرۆڤەوە، بگرە سەرجەمی گیانلەبەرانیش لەپێناوی مانەوەیاندا بەململانێوە دەژین‌و ململانێ دەكەن. بۆیە دورخستنەوەی چەمكەكە لەگیانلەبەران بۆچونێكی هەڵەیە وە لەناخیاندا ململانێیەك هەیە لەنێوان فاكتەرەكانی مانەوەو فاكتەرەكانی لەناوچوون‌و، هەمیشە گیانلەبەران غەریزەی ژیان‌و بەردەوامبوون لەژیاندا وای لێدەكات كەوا لەئاست ئەو هێزانەدا كە نەتوانێت زاڵ بێت بەسەریاندا جێگۆڕكێ بكات‌و لەململانێدا بێت.

---

[1] مفاهيم في الفلسفة والاجتماع، احمد خورشيد النورەچی، دار الشؤون الثقافية العامة، ط١، بغداد، ١٩٩٠، ص ١٦٢-١٦٣

[2] فەرهەنگی زاراوەی كۆمەڵناسی، خەسرەو میراودەلی، خانەی چاپ‌و بڵاوكردنەوەی چوارچرا، چ١، سلێمانی ٢٠٠٧، ل٤٦

لەگەڵ ئەوەی کە بۆ بەردەوامبوونی ژیانیان هەوڵو کۆششیان بەردەوامە، کە بێ گرفت بگوزەرێن بەئارامی، بێگومان مرۆڤیش سروشتی خودی وایە، کە هەوڵو کۆششی هەیە بۆ بەردەوامی ژیان، بەڵام ئەمانەش بەدەرنین لەرێگرییەکانو لەمپەرەکان. چونکە هەمیشە وەك دیاردە هەندێ دیاردەی بەهێز لەسروشتدا هەن کەوا رێگرییان لێدەکات. ئەم بەگژداچوونەوەیەش هۆکاری بنەڕەتیو بونیادی ململانێی نێوان گیانلەبەران دروست دەکات[1]. نکوڵی لەوەش ناکرێ، کە ئەم ململانێیە مرۆڤی دوچاری بارودۆخێکی ناهەموارو دژوار دەکاتەوە کە وەك (ئەحمەد عزت راجع) ئاماژەی پێدابوو، کە ململانێ بەواتایەکی گشتی نەگونجاندنی دوو هێزە، یەکێکیان پاڵنەرەو ئەویتریشیان رێگرە وە ململانێ یاسایەکە لەیاساکانی ژیانی ئاسایی[2].

جگە لەوەش کمال دسوقی لەبارەی ململانێ دەڵێت: ((ململانێ لەنێوان کەسەکاندا، ئەو پەیوەندییەیە کە لەنێوان دوو کەس یان زیاتردایەتێدەکۆشن بۆ هەندێ ئامانج کە لەهەمان کاتدا لەم بارودۆخەدا بەدەستیان ناگات یاخود دەستیان پێناگات))[3]. واتە ((ململانێ بارێکی تایبەتە کە پێیدا تێپەڕ دەبێت کە ناتوانێت دوو پاڵنەر پێکەوە رازی بکات یان دوو جۆر لەپاڵنەرەکان کەوا هەریەکەیان جێی بایەخە لەلای، ئەم حاڵەتە لەوانەیە ببێتە هۆکاری گەیشتنی بەدڵەڕاوکێو شڵەژان))٤.

جگە لەوانەش قوتابخانەکانی کۆمەڵناسی چەمکی ململانێ لەسنوری کۆمەڵگادا شی دەکەنەوەو لە پەیوەندی تاکەکەسی دەربازی دەکەن.

دیارە بۆچوونی ئەمان بەوشێوەیە کە کۆمەڵگە لەحاڵەتێکی پێکدادانی بەردەوامدا دەبینێتو سەقامگیری بەئامانجی پیادەکردنی گوشارە گروپیەکان لەقەڵەم دەدەن بەبڕوای ئەوان ململانێ خوازەکان بڕوایان بە ڕۆڵی پڕبایەخی ململانێ، پێکدادان، کێبڕکێو شەڕ لەڕەوتی ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەیە[5].

ئەم ململانێو کێبڕکێیەش پەیوەندیان بە هەڵبژاردنی یەك لە دوو ئامانجەکان هەیە، چونکە زۆرجار مرۆڤ لەنێوان دوو ئامانجدا سەرگەردان دەبێتو ناگاتە ئەو بڕوایەی کە کامیان هەڵبژێرێتو هەندێ جاریش وا روویداوە کە بەهیچ یەکێك لەو ئامانجە نەگات کە لەپێناویدا ململانێ دەکات.

کەواتە ((ململانێ پەیوەندی هەڵبژاردنی یەکێك لە دوو ئەگەرەکانەوە هەیە کە بەلای کەسەکەوە هەردووکیان گرنگن، یان لەنێوان دوو بۆچووندا کە بەلای کەسەکەوە ڕاستبنو گەیشتن بەئامانجەکەش بۆ کەسەکە هەندێ جار مەحاڵ دەبێت))[1].

---

[1] ململانێی کەسێتییەکان لەڕۆمانەکانی (حوسێن عارف)دا، سەرکەوت عومەر ئیبراهیم، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە، کۆیە، ٢٠٠٨، ل١٠

[2] اصول علم النفس، د. احمد عزت راجع، ص٥٤٣

[3] زخير علوم النفس، د. كمال دسوقي، المجلد الأول، مط/ الاهرام مصر، ١٩٨٨، ص ٢٩١

[4] الصحة النفسية، د. حنان عبدالحميد المناني، مط/ دارالفكر، ط٣، عمان، ٢٠٠٥، ص٩٤

[5] دەروازەکانی کۆمەڵناسی، مەنوچهر موحسنی، و. کۆمەڵێك وەرگێڕ، چ. وەزارەتی پەروەردە، چ٢، هەولێر ، ٢٠٠٦، ل٨١.

جگە لەوانەش ململانێ زۆرجار هۆکاری سەرنەکەوتنە هەروەك د. عبدولرەحمان عدس لەو بارەیەوە دەڵێت کە ((ململانێ بە یەکێك لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتن دادەنرێت، کاتێك هەوڵی تێرکردنی دوو پێویستی دەدرێت، تێرکردنی یەکێکیان سەرنەکەوتنی پێویستییەکەی دیکە دەبێت))[2].

جۆرەکانی ململانێ بەپێی پۆلێنی (رالف دارندۆرف) بەم شێوەیەیە:
١ـ ململانێی رۆڵەکان.
٢ـ ململانێی گروپەکان.
٣ـ ململانێی کەرتەکان یان بەشەکان.
٤ـ ململانێی  کۆمەڵگەکان.
٥ـ ململانێی پەیوەندییەکان یان کۆمەڵگەییەکان یان سەرو کۆمەڵگەییەکان.

دوای ئەوە (دارندۆرف) ئەو پێنج خاڵە بۆ سێ بەش دیاریدەکا:
١ـ ململانێی نێوان دوکایەی هاوتا.
٢ـ ململانێی نێوان دوکایەی ناهاوتا.
٣ـ ململانێی گشتێك بەرامبەر بە بەشێك[3].

هەرچەندە ئەم دابەشکردنە گشتیو فرەلایەنە، بەڵام هەموو ڕەگەزەکانی ململانێ لەخۆناگرێتو فەیلەسوفو زانایانی دیکە ململانێ بەجۆرێکی دیکە دابەش دەکەن.
"لیڤین تۆزەر ململانێ دابەش دەکات بەسەر:
١ـ ململانێی راستەقینە: لێرەدا لەدەرەنجامی پەیوەندی دوبەرەکی واتە دژبەیەك دروست دەبێت.
٢ـ ململانێی ناراستەقینە: لەئەنجامی خۆخاڵیکردنەوەی کرژی کەسێك بەسەر کەسێکی دیکەدا دروست دەبێت.
جۆری یەکەم لەگەڵ جۆری دووەم پێچەوانەیەو دەبێتە ستراتیژێك[4]"
جگە لەوانەش ڕەخنەگرانی بواری دراماو چیرۆك لەبارەی جۆرەکانی ململانێ ئەوا بەسەر دووبەشدا دابەش دەکەن:

[1] صراعتنا الباطنية، كارين هورني، ت. عبدالودود محمودا العالي، دار الشؤون الثقافية العامة، ط١، بغداد، ١٩٨٨، ص٢٥.
[2] المدخل الى علم النفس، د، عبدالرحمن عدس ود.محى الدين توق، مركز الكتب الأردنى ط٣ الاردن،١٩٩٣، ض٣٦.
[3] چەمکی ململانێ، ئاراس فەتاح، ل١٠.
[4] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧.

١ـ ململانێی وەستاو (صراع ساكن): لێرەدا كێشە كەتیایدا وەستاوەو چەق بەستووە، پاڵەوانەكە دەبزوێت بێئەوەی مەبەستێكی قوڵی هەبێت، مانای ئەوەنییە كە ململانێیەكە هەرگیز جوڵەی تێناكەوێت. بەڵكو جوڵەیەكی كەمكارا (سستی) دەبێت.

پاڵەوانەكە لێرەدا هەر دەبێژێتو خەم دەخوات. ئەم ململانێیە ((خەفەیە، جوڵەو كاریگەری خاوە .....لەجوڵەدایە، بەڵام جوڵەیەكی زۆر هێواش[1]))

٢ـ ململانێی بازدەر (صراع واثب): ئەو جۆرەیە كە تیایدا گۆڕانو هەڵچون بەبێ بەدوایەكدا هاتنێكی لۆژیكی روودەدات، واتە بەبێ زنجیرە بەندی روودەدات، بەخێرای بازدەدات.

پاڵەوان بە جۆرێكی خێراو نادروست گۆڕانی بەسەردا دێت كە كەمجار عەقڵی وەرگر قبوڵی دەكات.

٣ـ ململانێی هەڵكشاو (صراع صاعد): كێشە لەم ململانێیانەدا بەشێوەیەكی دروستو لۆژیكی هەڵدەكشێو بەپێی بارودۆخو كارەكتەرو دیمەن لەئاستێكەوە بۆ ئاستێكی تر دەگوێزرێتەوە، واتە ((ململانێكە پلەپلە سەر دەكەوێت...هەنگاو هەنگاو هەڵدەكشێ[2]))

٤ـ ململانێی بونیادنەرانە: لەم جۆرەیاندا وەرگر بەردەوام توشی تێڕامانو چاوەڕوانیو چاودێری دەكات، تابتوانێت لەگەڵ ڕەوتی كێشەكەدا بەردەوام بێت. جەوهەرو جەمسەری كێشەكان ئاڵۆزو نادیارەو پێویستی بە شیكردنەوەو گۆڕان هەیە. وە پێشبینی ناكرێت ئەم جۆرە ململانێیە بەردەوام وەرگر لەگرژیو ئاڵۆزیو چاوەڕوانیدا دەهێڵێتەوە تا ساتی تەقینەوەی ڕووداوی چیرۆكەكە یاخود ڕۆمانەكە.

هەروەها "ڕاڵف دارندۆرف" پێكهاتەی سەرجەمی ململانێیەكان لەدوو زاراوەدا چڕدەكاتەوە، چەمكی ململانێ بۆسەر" ململانێی بەیانكراو" و"ململانێی پەنهان" دابەش دەكات كەبە (ململانێی ئاشكراو شاراوە) ناو دەبرێت.

١ـ ململانێی ئاشكرا: ئەم جۆرە ململانێیە، بەرەو ململانێكارەكان دوو(پێكهاتەی كۆمەڵایەتی دیارو بەرجەستە پێكدەهێنن خاوەنی ڕێكخراو پرۆگرامو بەرژەوەندی تایبەت بە خۆیانن. دەشێت ئەو دوو پێكهاتەیە، دووگروپ یا دووچین یا دوونەتەوەو دوودەوڵەت بن.

---

[1] مدخل الى فن كتابة الدراما، عادل النادي، الهيئة المصرية العامة الكتاب الطبعة الثانية، ١٩٩٣، ص٦٦.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ص٦٧.

٢ـ ململانێی نهێنیو (شاراوە): لێرەدا کەسە نارازیەکان نەیانتوانیوە بگەنە ئاستی دروستکردنی پێکهاتە ورێکخراوی کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆمان، تاوەکو بتوانن بەرژەوەنییەکانیان لەرێگەیانەوە بەرجەستە بکەنو خواستەکانیان بەیان بکەن[1].

هەردوو ململانێیەکەی کە (راڵف دارندۆرف)دابەشیکردبونە سەر( ئاشکراو شاراوە یاخود بەیانکراو پەنهان) لەسەر بناغەی دروستکردنی پێکهاتەو کۆمەڵو رێکخراو جیاکراوەتەوە، بەواتای ئەوەی ئەگەر یەکێك لەو دولایەنە کە لەململانێدان لەگەڵ یەکتر نەیتوانی پێکهاتەیەك بۆخۆی دروست بکاتو سیاسەتو ستراتیجی ئەو پێکهاتەیە ئاشکرابکات، ئەو ململانێیە کە بۆ لایەنی بەرامبەر شاراوە (پەنهان) دەبێت بەڵام ئەگەریش هەردوو لایەنە ململانێکارەکە خاوەنی پێکهاتەی تایبەت بەخۆیان بوونو توانیان بەرژەوەندی خۆیان لەو پێکهاتەیە گەڵاڵە بکەن ئەوا جۆری ململانێیەکان لەپەنهانییەوە (شاراوە) بۆ ململانێی بەیانکراو (ئاشکرا) دەگۆرێت. جگە لە (راڵف)یش زۆر لەو رەخنەگرو بیرمەندانەی لەبواری ململانێدا کاریان کردووە بۆچوونو تێروانینیان بۆ ململانێ فراوانتر بووە. چەندان جۆری وەك (ململانێی رەواو نارەوا) و هەروەها (ململانێی تەباو ناتەبا) یش دیاری کردووە[2].

جگەلەوەش (تالکۆت پارسۆن) کە لەبناغەدا دارێژەری تیۆری (سستەم)ە یەکێك لەو زانایانەی کە لەسەر چەمکی ململانێ راو بیرو بۆچوونی تایبەتو جیاوازو خودی هەبووە.

چەمکی ململانێی پەیوەست نەکردووە، بە گروپو پێکهاتەی کۆمەڵگا شیدەکاتەوە، جا ئەو کۆمەڵگایە لەهەر ئاستو قەوارەکدا بێت، پێی وایە هەموو کۆمەڵگەیەك بچوك یا گەورە بە دوای سەقامگیریو ئارامیو هەماهەنگیو هاوسەنگیدا دەگەرێت، بۆیە کۆمەڵگا هەمیشە ململانێی لەپێناوی نەهێشتنی ململانێدایە.

کۆزەریش دەڵێت ((ململانێ وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی شتێکی زیانبەخش نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ململانێ دەرئەنجامی پرۆسەکی تەندروستی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگەیە،ئەو کۆمەڵگەیانەی کە رێگە لەململانێ ناگرن، کراوەیی ئامادەبوونی ئەو سیستەمە سیاسیەو رێکخستنە کۆمەڵایەتییەمان بۆ دەردەخات کە ئامادەیە بۆ گۆرانو گەشە[3]))

جگە لەو دابەشکردنەی کە بۆ ململانێ کراوە بەسەر جۆرەکانیدا، زۆربەی رخنەگرانیش بروایان بە پۆلێن کردنی ململانێیە بەپێی مامەڵەی خودو کارەکتەر بەم جۆرو شێوەیەی لای خوارەوە پۆلێنیان کردووە:

١ـ ململانێی دەرەکی: ئەو جۆرە ململانێیەیە کە لەچیرۆکدا سادەو دیارو بێ گرێیە، وەرگر بێ ماندوبوون تێدەگات پێویستی بە شیکردنەوە نییە.

---

[1] چەمکی ململانێ، ئاراس فەتاح، ل٣٧.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧.

[3] چەمکی ململانێ، ئاراس فەتاح ، ل٢٨.

٢ـ ململانێی چارەنووس: پاڵەوان بە ناچاری ڕووبەڕووی هێزێکی نادیارو خورافی دەبێتەوە کە گەلێك جار بە چارەنووس ناودەبرێت، لێرەدا گرفتەکە لەوەدایە کە پاڵەوان یاخود کەسایەتییەکە ناتوانێ خۆی لـێ دووربخاتەوە[١].

٣ـ ململانێی ناوەکیو (سایکۆلۆجی): جۆرێکە لەململانێی ناوەوەی مرۆڤ، شەڕی خود لەگەڵ ویستەکانی ئینساندا ((ئەم جۆرە ململانێیە لەلایەکەوە لەگەڵ خۆشەویستیو ئەرکدایە لەلایەکی تریشەوە لەنێوان هۆشیاریو سۆزدایە[٢]))

٤ـ ململانێی چینایەتی: دوای گەشەسەندنی بیری مارکسیزمو بڵاوبونەوەی چەمکەکانی ئەوبیرە گوێزرایەوە بۆناو ئەدەب . ئەو ململانێیە کە لەنێوان بورژوازیەتو پوولیتارب لەژیاندا چووەتە ناو دەقەکانیشەوە .
٥ـ ململانێی مرۆڤو دەوروبەر: کە پاڵەوانی تاك لەم جۆرە ململانێیەدا لەگەڵ دەوروبەرەکەی توزشی دێتو کۆمەڵێك بە جارێ لە دژایەتی کردنیان دەبن.

٦ـ ململانێی مرۆڤ لەگەڵ دابو نەریتی کۆمەڵایەتی: لەجۆری پێشوتر نزیکە بەڵام سنوری فراوانترە کەمەرج نییە لەگەڵ دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەی بێت. ئەو نەریتانەی ڕێگرن لەبەردەمی هاتنە دی گەلێك ئاواتو خەونی مرۆڤو مرۆڤ بەندی خۆیان دەکەن.
٧ـ ململانێی کۆنو نوێ: هەمیشە لەژیاندا دوو قۆناغ لەدژایەتیکردنێکی بەردەوامو توندا دەژین، دەشێ ئەو ململانێیە زۆرجار بخرێتەناو دەقە ئەدەبییەکانەوە.
کەواتە ململانێ وەکو هەر ڕەگەزێکی دیکەی چیرۆك پانتاییەکی فراوان بۆ خۆی داگیر دەکاتو بەشێوەیەکی ڕونیش هەستی پێدەکرێت و جۆرە سیمایەکی تایبەتیش دەبەخشێتە بەرهەمەکە بەتایبەتی لەچیرۆكو ڕۆمانو شانۆگەریدا. چونکە بەشێکی چیرۆكو نووسراوە ئەدەبیەکان لەسەر ئەم بنەمایە دارێژراون، لەبەر ئەوەی ڕوداو ململانێ ڕەنگدانەوەی ناخی نووسەرە، نوسەریش لەرێگەی کردە ئەدەبیەکانەوە دەریاندەخات.
ناکرێ ڕۆڵی (فرۆید) وەلانێین چونکە بۆ خودی خۆی لەئەنجامی ئەو کێشمە کێشمو ململانێیەوە دێتە نووسین کەوا کەسێتی نووسەر دووچاری دەبێتەوە کە لەنێوان "منو، ئەوو، منی باڵا"دا ڕوودەدات بۆیە بەبڕوای فرۆید ئەم سێ هێزە هەمیشە لەکێشمە کێشمی بەردەوامدان. چونکە (من) هەوڵی هاوسەنگی نێوان دوو هێزەکەی دیکە دەدات.

[١] اوديب ملكا، سوفوكليس، ت،د.علی حافظ، سلسلة المسرح العالي، الكويت،١٩٧٨، ص٥٣
[٢] المسرح العالمي من أسخيلوس الى ارثرميللر، د. لويس عوض، دارالمعارفالقاهرة، د.ت،ص٦١.

(ئەو) پاڵنەرە بۆ تێرکردنی ئارەزووە غەریزییەکان، بەڵام (منی باڵا) کەوتۆتە ژێر کاریگەری ویژدانو لەژێر چاودێرییە کۆمەڵایەتیەکاندایە. بەر بەستە بۆ تێرکردنی ئەو ئارەزودانە.
زۆر لەتوێژەرە دەرونیەکانیش هاو ڕابوون لەگەڵ فرۆید بەچەشنی ئەوەی کە ئارەزووە خەفەکراوەگان کاریگەری راستەوخۆن بۆ کێشەو ململانێی دەرونیو ئەویش دەبێتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ بەرپاکردنی پرۆسێسی داهێنان لەرێگەی خەونو ئەندێشەکانەوە" ئەو توێژەرانە بێت (ئارنست جۆنس، ئوتۆرانك، شارل بۆدان) بوون.[1]
جگە لەمانیش (فلیپ لارکن) پێی وایە کە پرۆسەی داهێنانی ئەدەبی کە لەئەنجامی ململانێی خودی نوسەرەوەیە دەڵێت: ((هۆیەك لەهۆیەکانی نوسینی ئەدەبی لەئەنجامی ئەو ململانێیەوە کە وا لەخودی نووسەر دا بوونی هەیەو، ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کەکەس ئەو شتەی نەنووسیوە کە ئەو حەزی دەکرد بیخوێنێتەوە[2]))
هەروەها (دەبلیو، بی ، تیس)ی شاعیریش لەوبارەیەوە دەڵێت: ((رەوانبێژی و هونەری پەخشان نووسین لەوەوە سەری هەڵدا کە تۆ لەململانێدای لەگەڵ خەڵکیشدا، بەواتای لەجەنگدای، بەڵام هەر وەکو نووسینی شیعر جەنگە لەگەڵ زاتی خوتدا، ئەو جەنگو ململانییەی کە ئێمە خودی خۆماندا دەیانهێڵینەوە دەبن بەهێزو گڕو تینێکی لەبن نەهاتوو بۆ نووسەر کە وادەکات خولقێنەر بێت[3]))
جگە لەمانەش دەبێت ئەو راستیەش بزانی کە ململانێ بونی هەبووە لەنێوان ریبازە ئەدەبیەکاندا، چونکە ململانێی ئەدەبی لەبواری رێبازە ئەدەبیەکاندا خۆی دەنوێنێو وەکو لایەنێکی لۆجیکیو مێژوویی هەمیشە رێبازی تازە وەك کاردانەوەیەکە بۆ رێبازی کۆنو، رێبازی تازەش هەر لەنێو منداڵدانی رێبازە کۆنەکەدا نەشونما دەکات، د. فرهاد پیربال لەبارەی ململانێی ریبازە ئەدەبیەکان سەرکەوتنی پەرناسو ریالیزم بەسەر رۆمانسیەتدا دەڵێت: ((لەچارەکی دووەمی سەدەی بیستەمدا، لەیەك کاتدا رێبازی رۆمانسیەت دوژمنی سەرسەختی لێ پەیدابوو: ریالیزمو پەرناسەکان،... ئەم دوو رێبازەش هەر پەرناسو ریالیزم، دژی یەکتر بوون))[4].
دواتر لەبارەی ململانێی نێوان رێبازەکان لەئەنجامی یەك بەدوا یەکدا هاتنیدا د. فەرهاد پیربال ئاماژە دەکات بەوەی کە لەروی کرۆنۆلۆژییەوە، واتە لەروی سەر هەڵدانی یەك بەدوا یەکتری مێژووییەوە هەر دوو رێبازی ریالیزمو پەرناس لەیەککاتدا کەوتنە ململانێ لەگەڵ رۆمانسیەتداو هەروەها کەوتنە ململانێ لەگەڵ یەکتریشداو دواتر لەدژی هەردووکیان رێبازی (سیمبولیزم) سەری هەڵدا. ئەمانەش ئەوە دەسەلمێنن کە چۆن هەرسێکیان لەیەکسەردەمدا لەزۆرانبازیدابوون))[5]

[1] داهێنان لەرێگای چەند تیۆریەکەوە، رۆشنا ئەحمەد رەسوڵ، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٥٧-٥٨.
[2] لەستایشی ئەدەبدا، شێرزاد حەسەن، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەولێر، ٢٠٠١، لا٢٦
[3] سەرچاوەی پێشوو، لا٢٧.
[4] رێبازە ئەدەبیەکان، د. فەهاد پیربال، دەزگای چاپو بلاوکرنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٨٥-٨٦.
[5] سەرچاوەی پێشوو،ل١١٧.

لەناو دەقە ئەدەبیەکانیشدا ململانێ هەیەو ڕەنگدانەوەی دیارە، کە ئەو بەرهەمە ئەدەبیە چیرۆك یاخۆد ڕۆمان یاخود شانۆبێت.

چیرۆکی وردی پێش لەدایکبوونی ڕۆمان، بێگومان بواری دەرخەستنی ململانێیەکان بووە. لەچیرۆکدا ململانێ وەکو بنەمایەکی هونەری چیرۆك بوونی هەبووەو بەئاشکراو نهێنی، ڕەنگیداوەتەوەو زۆر جاریش پلۆتی چیرۆکەکەی لەسەر بونیادنراوە. پەرێز سابیر لەوبارەیەوە ئاماژە بەوە دەکات کە ((لەچیرۆکی کوردیدا زۆرجار پلۆتی چیرۆکەکە ... لەئەنجامی ململانێی مرۆڤ لەدژی هێزێك دروست دەبێت))[١].

جۆرەکانی ململانێش لەچیرۆکدا بەشێوازی جیاواز لەیەکتریدا دەردەکەون. هەندێك جار خودی خۆی لەململانێدایەو زۆرجاری دیکەش لەگەڵ کەسانی تردا.

((هەندێ جار ئەم ململانێو زۆرانبازیە بریتی دەبێت لەکێشەی مرۆڤ دژی خۆی .. هەندێ جاری دیکەش دەکەوێتە نێوان مرۆڤو مرۆڤەوە))[٢]

ئەمەش بەمانای ئەوەی کە لەچیرۆکدا ڕوداوەکان لەسەر بنەمای ململانێو زۆرانبازیدا دادەمەزرێنو دەبنە تەوەری سەرەکی باسەکەو کەسایەتیەکانیش پێوەی پەیوەست دەبنو هەندێ جار بەئاشکراو هەندێ جاری تریش بەنهێنی دەبێت.

لەچیرۆکدا ئەو بیرۆکەو هێڵە فکریەی کە ململانێیەکەی تێدا دەردەخرێت فاکتەرێکی بەهێزە بۆ سەرخستنی دەقی چیرۆکەکە.

((لەهەڵبژاردنی کەسێتیەکاندا کێشەو ململانێ دروست دەبێتو پەرەدەسێنێت، چونکە ئەگەر سەرنجی گشتی بدەینە بەرهەمی چیرۆکنوسەکان لەهەڵبژاردنی کەسانیدا ئەوە دەردەکەوێ کە بەزۆری ڕویان کردبوە دوو بابەتی سەرەکی: یەکەمیان: هەژارو بێ دەرەتانو نەخۆشە کەساسیەکانو زەحمەت کێشە چەوساوەکانو گشت ئازارە چەشتوەکانی ناو کۆمەڵی چەوەساوەی ئادەمیزاد لەلایەن ئادەمیزادەوە.

---

[١] بینای هونەری چیرۆکی کوردی، د. پەرێز سابیر، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠١، ل١١٥.

[٢] سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥.

دووەمیان: ئاغاو دەرەبەگو کۆنەپەرستو کاربەدەستانی زۆردارو گشت نۆکەرو ئەڵقە لەگوێکانی رژێمی چەوساندنەوە بوون. هەردوو بابەتیش لەکۆڕی ژیاندا لەبەیەکدادانو زۆرانبازیەکی توندو تیژدابوون))[١]

کرۆکی کێشە لەچیرۆکدا، کە چیرۆکنوسەکان بنچینەی چیرۆکەکانیان لەسەر داڕشتووە، ئەو جیاوازیو ناکۆکیو ناتەباییەیە کە لەنێوان دوو هێزی دژبەیەك. دوو هێزی سەنگەر لەیککگرتوو، دووبەری جیاواز، دوو چینی جیاواز لەدەسەڵاتو ژیاندا هەبووە.

کە بەئامانجی رزگاربوون لەچەوساندنەوەو زوڵمو زۆر گەیشتن بەهیواو بەدیهێنانی ژیانێکی دور لەمەینەتیو ئەوانیش بەئیدامە پێدانی جەور ستەمو پارێزگاری کردن لەسودو بەرژەوەندی نایاسایانەو نا شەریفانەیان کە ئەنجامی زەوتکردنو دزینی بەری رەنجو شانو عارەقی ناوچەوانی چەساوەکان دەستگیریان دەبوو.

(شیرکۆ بێکەس)یش لەبارەی ململانێ دواوەو دەڵێت: ((ئەم دیاردەیە لەبنەڕەتدا سەر بەشارستانیەتەو لەنێو ئەو شارو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە چڕو پڕانەوە رسکاوەو پەیدابووە کە ناکۆکیو ململانێی چینایەتیەکان لەنێواندا گەیبوو))[٢]

جگە لەچیرۆك لەناو رۆمانیشدا هەر وەکو چیرۆك خاوەن رەگەزی، تایبەت بەخۆیەتی کە ململانێیە لەنێوان کەسایەتیەکاندا یاخود لەگەڵ خود یان دەورو بەرو ژینگەو سروشتو دیاردە جۆراو جۆرەکان.

هەر وەك (د. عمر طالب) دەڵێتو پێیوایە یەکێك لەو بنچینانەی کە رۆمان پشتی پێدەبەستێت ململانێیە لەنێوان کەسایەتیو خوداپێداونو هەژاران. لەنێوان دەسەڵاتو کۆمەڵ، لەنێوان شتە جێگیرو جوڵاوەکان، ئەم بەشانە لەململانێدان بۆ ئەوەی بیرۆکەی روداوەکە بنەخشێنن))[٣].

حوسێن عارفیش دەڵێت: ((مەغزای هەر چیرۆکێك زادەی بیروباوەڕەو، کەسانی ناو دەقە ئەدەبیەکەش بەدەم بەسەربردنی رۆژگارەکانی تەمەنیانەوە شت دەبینن و دەبیستنو فێردەبنو ئەمەش وادەکات ببنە خاوەن بیروبۆچونو ئایدۆلۆجیای تایبەت بەخۆیان لەژیانداو، هەر ئەم بیرو بۆچونە جیاوازانەش دووچاری زۆرانبازیان دەکاتەوە، چونکە فێری هەڵوێست نواندنیان دەکات))[٤].

لەروی دەرونیشەوە مرۆڤ زۆرجار بەویستی خۆی یان بەپێچەوانەوە دووچاری ململانێ دەبێتەوە، ئیدی ئەو ململانێیە لەگەڵ کەسانی دەورو بەردابێت یان تێکرای کۆمەڵ یان دابو نەریت بێت یان لەگەڵ خودی خۆیدا بێت.

---

[١] چیرۆکی هونەری کوردی، حوسێن عارف، دار الحریة للطباعة، ض١، بغدا، ١٩٧٧، ل١٢٩.

[٢] ئەزموون، شێرکۆ بیکەس، چاپو ئۆفسێتی دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٤٩.

[٣] شاکەش لەرۆمانی کوردی ـ کوردستانی عێراقدا، محمد ئەمین عەبدوڵلا، ماستەرنامە کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٠، ل١٠.

[٤] نوسینەکانم لەبواری رەخنەو لێکولێەوەدا، حوسێن عارف، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٢٨٧-٢٨٨.

((سەرتاپای ژیان ململانێیە، ململانێی دەرونی، ململانێی لەتەك ژینگەی سروشتی، ململانێ لەگەڵ کۆمەڵو دابو نەریت، ململانێی نێوان کۆنو نوێ)) [1].

ڕەهەندی دەروونی یەکێکە لەو کایانەی، کە شێرزاد حەسەنی چیرۆکنووس زیاتر لەچیرۆکنوسەکانی تر گرنگی پێداوەو پەی پێ بردووە، بەجۆرێك کە راشکاوانە دان بەکاریگەری ڕەهەندی دەرونیو کارتێکردنی قوتابخانەکانی دەرونزانی دەنێت.

لێرەشەوە کە دەرونشیکاری ئەوەی دەرخستووە کە گەلێك جار مرۆڤ دووچاری ئەم ململانێیە دەبێتەوەو دەکەوێتە بارودۆخێکی دوودڵیو نا ئارامی لەئەنجامی ئارەزویەکی چەپێنراو یان دوو ئارەزوی هاوتای نێگەتیڤ یان پۆزەتیڤ، کە کاتێکی دەوێت بۆ رزگاربوون لەم بارودۆخە.

((ململانێی بەهێز، ململانێی دەرونییە کە لەنێوان خودو دەرونی تاکدا روودەدات بەپێی ئارەزووەکانی وە ئامادەیە بۆ بەرەنگاری هەڵچوونەکان لەروداو ململانێی کۆتایی ئەو ململانێیەیە کە لەدژی چارەنووسە)) [2]. کە باس لەرەهەندی دەروونی کرا مەبەست لێی ئەوەیە، کە دەروازەیەکە بۆ دەروونشیکارییو روانینی ململانێیو ناکۆکییەکانو کاریگەریانە لەسەر چیرۆکنوس.

---

[1] هەندێك نەخوشیو گرفتی دەرونیو کۆمەڵایەتی، کەریم شەریف قەرچەتانی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، چ١، هەولێر، ١٩٩٩، ل٨٠.

[2] المعجم المفصل، د. محمد التونجي، دار المکتب التعليمية، ج٢، بيروت ، ١٩٩٩، ص٥٨٤.

**روداو**

((کردارێکە سەرەتاو ناوەڕاستو کۆتایی هەیە))[1] یاخود زنجیرەیەك (راستی واقیعی)ن لەرووی ئۆرگانییەوە پەیوەندیدارن بەیەکەوە لەڕێی سەرەتاو ناوەڕاستو کۆتاییەکەوە خۆیان دەنوێنن[2].

"رۆلان بارت" پێی وایە کە "بریتییە لەکۆمەڵێك ئەرکی کارتێکراولەلایەن هۆکارێك یان چەند هۆکارێکی تایبەتەوە[3] یەکێکە لەو رەگەزانەی لەپاڵ (کەسێتی، کات، شوێن)"، رەگەزە هونەریەکانی چیرۆك پێك دەهێنن هەریەکەیان بەرێژەیەكو بە پێی پێویستی بەشداری لەبنیاتی واقعی چیرۆکەکەدا دەکەن.

چیرۆکیش کاتێك فۆرمی دەبێت، کە وێنەی روداوێکی تەواودەگرێت، واتە کاتێك ئەو روداوە سەرەتاو ناوەڕاستو کۆتای دەبێتو پەیوەندییەکی ئۆرگانی هەرسێ بەشەکانی بەیەك دەبەستێتەوە، لەچەشنی ئەو پەیوەندییەی ئەندامەکانی لەش بەیەکەوە دەبەستێتەوە[4].

ئەمە زیاتر لەو جۆرە چیرۆکانەدا رەنگدەداتەوە، کە رەگەزی روداوی تێدا زاڵەو رۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕێت، واتە ئەو جۆرە چیرۆکانەی پێی دەوترێت (چیرۆکی روداوەکان).

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە تەنها تایبەتن بەم جۆرە چیرۆکانە. بەڵکو دیسان روداوەکان بە بناغەی بنیاتنانی چیرۆك دادەنرێت ئەگەر چیرۆکەکە لەجۆری ئەو چیرۆکانە بوو کە پێیان دەگوترێ (چیرۆکی کەسەکان)، چونکە رێی تێناچێت کەسێك هەبێت بێ روداو بێت، چونکە هەر روداوە وزەو هێزو تواناو جموجۆڵ دەداتە چیرۆکەکە"[5]

روداو رۆڵێکی سەرەکی لەسازدانی بینای هونەری لەهەر چیرۆکێکدا دەگێڕێت، ئەگەر چی بەشێوەی جیاوازیش بێت (جیرالد برینس)یش لەخستنە رووی روداو، رۆڵی لەبنیاتدا هەمان تێڕوانینی هەیە دەڵێ:روداو زنجیرە بەسەرهاتێکی پێکەوە گرێدراوی واتادارە کە لەچوارچێوەی رێچکە کردارێکدا لەسەرەتاو ناوەڕاستو

[1] هونەری شیعری (شیعرناسی)، ئەرەستۆ، عەزیز گەردی، خانەی چاپو پەخشی رێنما، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٣٣.

[2] المصطلح السردي (المعجمة المصطلحات)، جيرالد برنس، ت: عابد خزندار الهيئة العامة لشؤون المطابع الاقيرية، القاهرة، المطبعة الاولى، ٢٠٠٣، ص١٩.

[3] س.پ، ل١٩

[4] فن القصة القصيرة: الدكتور رشاد رشدي، المكتبة الآنجلوا المصرية ، ١٩٧٠، ص١١٥.

[5] فن القصه القصيره: محمد الهادى السامى، داريو سلامه للطباعة والنشر، تونس ١٩٨٠.

کۆتاییەوە بەدوای یەکدا دێن. بە قسەی (ئەرستۆ)ش روداو بریتییە لەگۆڕانی بێبەختی بۆ بەختیاریو بە پێچەوانەوە[1].

(عزالدین اسماعیل)یش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە روداو تۆخمێکی سەرەکی بنیاتی ژیرۆکەو کە دەڵێت:" روداو کۆمەڵە بەسەرهاتێکی بەش بەشی پێکەوە بەستراوە کە بەشێوەیەکی تایبەتی رێکخراون، پێویستە لەهەموو چیرۆکێکدا بە گوێرەی سیستمێکی دیاریکراو شتەکان روو بدەن بەگوێرەی ئەو سیستمەش چوارچێوەیەك لەوی دیکە جیا دەبێتەوە، روداوەکانی چیرۆکیش وەکو هێڵێك بەدوای یەکدا دێن[2].

(عبداللە ابراهیم)یش پێیوایە "مەبەست لەروداو ئەو ریزبونەیە، کە روداوی تێدا دەردەکەوێت، واتە وێنەی بەدوای یەکدا هاتنی روداو لەچوارچێوەی کاتدا[3]

ئەمەش پابەندبوونی رۆماننوس یان چیرۆکنوس دووبارە دەکاتەوە لەپەیڕەوکردنی بنیاتە تەقلیدییەکەی روداو لە بەدوایەکدا هاتنی زنجیرەی کاتدا لەنێوان (رابردوو ئێستاو داهاتوو) واتە جەختی کردۆتەوە لەسەر کات.

(دیڤید ورد)یش دەڵێت: "روداو شتێکی سەرپێی نییە، بەڵکو زیاترە لەوەی تەنیا شتێك بێتو روبدات، چونکە بەشداری لەپرۆسەی گێڕانەوەدا دەکات، هەروەکو چۆن بەشداری دەکات لەسەرەتاو کۆتایدا[4].

(محمد احمد) یش پێیوایە "روداو ئەو کردارەیە کە جوڵانەوەی کارەکتەرەکان دێنێتە کایەوە تا لەکۆتایدا ئەزمونێکی مرۆڤایەتی خاوەن دەلالەت پێشکەش بکەن بەم جۆرە چیرۆکنووس روداوەکانمان لە چوارچێوەی پەرەسەندنی کارەکتەرەکاندا بۆ دەگوازێتەوە[5]

(عەدنان خالد)یش دەڵێت: "روداو ململانێی کارەکتەرەکانە لەئەنجامی هەڵوێستو هەڵچونەکانیان لەگەڵ خەڵکانی دیکە لەکاتو شوێنێکی دیاریکراودا"[6]، بەڵام (محمد زغلول) دەڵێت: ((روداو بەستنەوەی کردارە بە

---

[1] فن القصه القصيره: محمد الهادى السامى، داريو سلامه للطباعة والنشر، تونس ١٩٨٠، ص٢٩

[2] الادب والفنونة (الدراسة نقدية) د. عزالدين اسماعيل، دار الفكر العربي، الطبعة السادسة، القاهرة، ١٩٧٦، ص١٨٥

[3] البناء الفنى في الرواية الادب العربية ، فى العراق (١٩٨٠ ـ ١٩٨٥) عبدالله ابراهيم علاوى، رسالة ماجستير، كلية الاداب، ـ جامعة البغداد، ١٩٨٧، ص٢٤.

[4] الوجود الزمان والمكان (فلسفة بول ريكود)، ت: سعيد الغانمين، المركز الثقافي العربي، بيروت، المطبعة الاولى، ١٩٩٩، ص٤١.

[5] التشكيل الروائي عند نجيب محفوظ (دراسة في تجليات الموروث، د.محمد احمد القضاة، مطبعة الجامعة الاردنية، عمان، الطبعة الاولى، ٢٠٠٠، ص٦٩.

[6] النقد التطبيقي التحليلي، د.عدنان خالد، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، الطبعة الاولى، ١٩٨٦، ص٨٢.

کاتەوە))[1] پاش ئەو (شلتاغ عبود) پێیوایە: (کە لەواقیعدا روداو تەنیا کاتی جولاو نییە، وەیا ئەو بونە مرۆڤایەتییە نیە بەردەوام لە جولەدابێتو بە ئارەزوی خۆی شت رەتکاتەوە یاخود پێی رازی بێتو لێی بوردوو بێت. هەولبدا لەگەل واقیعی ئەمرۆدا بگونجێ یان بیگۆرێ پێویستیش نییە کە کارەکتەرەکان تەنیا مرۆڤ بێت .

بەلکو هەندێ نووسەر کارەکتەرە سەرەکییەکانیان ئاژەلە، یان درەختە یاخود شوێنە)[2]. رێکخستنی روداویش لەسەر دوو ئاست بنیات دەنرێت :

یەکەم: لەشێوەی زنجیرەکی بەدوایەکدا هاتوو، لەرابردوو بۆ ئێستاو داهاتوو رێك دەخرێت.

ئەمەش بە شێوەی تەقلیدی ناسراوە.

دووەم: بە شێوەی شێواو تێکەلاوکراوی کاتی رووداوەکان لە نێوان رابردوو ئێستاو داهاتوو، چۆنێتی ئەم شێوازی رێخستنانەی رووداو تا ئێستاش مایەی جەدەلێکی بێ کۆتایی رەخنەگرانو رۆماننوسو چیرۆك نوسانە.

هەروەکو چۆن (م.س. گۆرکلینیان) دەلێت: ((تەنیا ئامانجو مەبەستی روداو بەندە بەگەرانەوەی سیستمی باری ئاسایی))[3].

هەولی روداو ئاسایکردنەوەی ململانێو کێشەکان بەرەو چارەسەرکردنو گەیاندنیان بەئامانجێك لەکۆتایی روداوەکانداو کۆتای سەرکەوتووش لەچینی پێش وەختەوە دێت، کە دور بێت لەرێکەوتو قەدەر پاش گەشەکردنو ئالۆز بونی روداوەکانیش لەبەدوایەکدا هاتنی لەخۆوە نییە، بەلکو لەچینی کێشەو ململانێو روبەروبونەوەی کارەکتەرەکان یاخود کارەکتەر لەگەل خۆیدا رەنگ دەداتەوە.

دەکرێت بلێین چەمکی روداو هەمان بە دواهاتنی زنجیرەی روداو بوو کە لەکۆندا پەیرەو دەکرا ، بەلام لەروی بابەتەوە گۆرانکاری بەسەردا هاتبوو، لەوەی بابەتەکان هاوشێوەی روداوی واقعی بوون. چونکە چیرۆکنووس دەبوو ئەو روداوانە بگێرێتەوە کە رویان داوە نەك بەگوێرەی پێویستییان، بەلکو بە گوێرەی مێژووی روداوەکان. روداوەکانی دەگێرایەوە تا بروا بەخوێنەر بهێنێت کە رویانداوە.

[1] دراسات في اقصة العربية الحديثة، د.محمد زغلول سلام، منشأة المعارف، اسكندرية مصر، بدون سنة الطبع، ص١١.

[2] مدخل الى نقد الادبي الحديث، د.شلتاغ عبود شراد، دار مجدلاوى للنشر والتوزيع، عمان ط١، ١٩٩٨، ص١٧٥.

[3] نظرية الادب،م.س. كوركينيان، ت: جميل نصيف التكريتي، دار الرشيد للنشر، بغداد ١٩٨٠، ص٥٧٧

لەبەرئەوەی خوێنەر دەقێکی لامەبەست بوو، کە رەنگدانەوەی ژیانی واقیعی خۆیی بێت. روداو پەیوەندییەکی بەتینی هەیە لەگەڵ کارەکتەردا،کە ناتوانرێت لەیەکتری جیابکرێنەوە لەباسکردندا هاوتەریبی یەکترن. کارەکتەر بەبێ بوونی روداو بوونێکی نابێت، بەڵام هیچ روداوێك بەبێ گرێچنی نییەو دەرفەت دەدات بەناسینی کارەکتەرەکان[1]. کارەکتەر کێشەو ململانێ بەرپا دەکاتو روداو دێتە ئاراوە. لەئەنجامدا پێویستی یان شێوازی رەفتاریان یاخود دەرخستنی ئەو ململانێو کێشانە پەرە پێ دەدەن تاکو خودی خۆیان بسەلمێنن لە روبەروبونەوەی یەکتری. روداوەکانیش لەرێگەی گەشەو ئالۆزبونیان وێنەی کەسایەتییەکانمان بۆ دەکێشن.
پەیوەندی نێوان کاتو روداویش پەیوەندییەکی تەواو کەرییە ناتوانرێت لێکۆڵینەوەی یەکێکیان بەبێ ئەوی دیکە ئەنجام بدرێت.
(فۆرستر) دەڵێت "چیرۆك بریتییە لەگێرانەوەی کۆمەڵە روداوێك بەگوێرەی کات رێکخراوە"[2]
کەواتە روداو بەستراوە بەکاتو هەموو روداوێکیش لە مەودایەکی زەمەنی دیاریکراودا روو دەدات کە نوسەر بەپێی مەبەستی هونەریو تایبەتی دەق دایدەڕێژێت.
فۆرمالیستە روسەکان توانیویانە لەرێگەی ناوەرۆكو بنیاتەوە پەیوەندی نێوان روداو کات دیاری بکەن، ئەوان دەڵێن: ناوەرۆك سەرچاوەیە بۆ بنیات لەسەر هەردوو بنچینەی کاتی حیکایەتو کاتی گێڕانەوە.

---

[1] عالم الرواية: رولان بورنوف ـ ريال او ئيلية، ص٣٨.

[2] اركان الرواية، اي. ام. فورستر، ص٦٧ .

سەبارەت بە ڕێکخستنی روداوەکانیش چیرۆکنووسان چەند تەکنیکێك بەکاردەهێنن بەپێی بۆچونی (جیرارجیلنیت):

١ـ دوواخراو: واتە ڕاگرتنو دواخستنی رووداوەکانی کاتی ئێستا بۆ گێرانەوەی روداوێکی دواخراو.

٢ـ پێشخراو: گێرانەوەی روداوە پێش روودانی لەپێشخراودا کاتی ئێستای گێرانەوەئەو رووداوانە دەگرێتەوە کە لەداهاتودا روو دەدەن. پێشخراو رۆڵی (هەواڵ) دەگێڕێو خولقاندنی حاڵەتی چاوەڕێ لەلای خوێنەر دەنەوێنێت.[1]

دەتوانین بڵێین روداو بەستراوەتەوە بەکاتەوە، کاتیش بێ روداو هیچ ماناو مێژویەکی نابێت.پاش ئەوە چۆنێتی بەرەو پێش چونی روداو لەکاتدا شێوەی ئاسۆی یان ستونی وەرناگرێت بەڵکو پچران لەنێوانیاندا رودەدات. ئەمەش بەهۆی روودانی چەند روداوێکەوە لەیەك کاتدا. لەبارەی روداو شوێنیشەوە، گومانی تێدا نییە کە روداو لەشوێندا روو دەدات، شوێنیش مەودای مەتریالی واقیعە. ئەوپارچەیە کە روداوی لێ رودەدات... بە واتای ئەمە دروستکەری کارتێکەرە فکریەکان، هاو ئاستی کردەی سروشتی دەبێت لەگەڵیدا توانای خەڵكو ئاراستەکردنیان لەخۆ دەگرێت[2]

هەرشوێنە کە روداوەکانو بکەری روداوەکان لەخۆ دەگرێ شوێن هیچ بەهاو بونێکی نابێ بەبێ رەتکردنەوەی روداو.

پەیوەندی نێوان فەزای شوێنو روداو یەکگرتویو گونجاندن دەبەخشێت بەچیرۆك، چونکە شوێن یەکێکە لەبنەما سەرەکییەکانی کە روداوی لێ رودەدات. روداو نابێت گەر کارەکتەرێك بەیەکێکی دیکە نەگات لەشوێن کە کۆمەڵە سیفەتێکی کۆمەڵایەتیو جوگرافی تێدا کۆدەبێتەوە[3].

چیرۆکنووس بەبێ مەبەست ئاماژە بەشوێن ناکات، بەڵکو مەبەستی خۆی تیایە، بۆیە دەبێت ئەو شوێنانەی کە روداویان تیا رودەدات لەگەڵ سروشتو مەزاجی کارەکتەرەکان بگونجێت "ژینگەی وەسف کراو کاریگەری

---

[1] مدخل الى نظرية القصة (تحليلا وتطبيقا)، سميرا المرزوقي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٦٨، ص٢.

[2] اشكالية المكان فى نص الآدبي، ياسين النصر، دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد، الطبعة الاولى،١٩٨٦،ص١٥٥.

[3] بنية الشكل الروائي، حسن البحراوي، الدار البيضاء، ط١٠، ١٩٩٠، ص٢٩.

لەسەر کارەکتەر هەیەو هانی دەدات بۆ ئەنجامدانی روداو، پاڵیشی پێوە دەنێ بۆ کردەوە، دەتوانرێ بگوترێ وەسفی ژینگە وەسفی داهاتوی کارەکتەرە[1].

کەواتە شوێن دەبێت بەبەشێك لەمێژوی دەقەکەو پێگەی روداوەکان. جوڵانەوەی کارەکتەرو جموجوڵیان لەپەرەسەندنو ململانێوئاڵۆزکردنی روداوەکان یارمەتی بەدەرخستنی شوێنی روداوەکان دەداتو لەهەمان کاتدا رۆڵو گرنگی شوێن روندەکاتەوە لەگرنگیدانی بەبینای روداو.

(یاسین رەشید) لەنامەی ماستەرەکەی باس لەپێویستبونی ئەو رەگەزەو گرنگییەکەی دەکات.

بە پشت بەستن بە بۆچونەکەی (ستیوارت کریفشن) کە دەڵێت: "بەرلەوەی نوسەر یەك وشە بنوسێت، پلانی هەڵکشانی کردار بەرەو (بەرزە روداو) بەرەو ترۆپك دەکشێو دواتریش روداوی داکشاو بەرەو چارەسەر[2]

بنیاتی رووداو لەلایەکی ترەوە بەم جۆرەش دابەش بووە:

١ـ سەرەتا ـ دەروازە: ئاماژەکردنە بۆ سەرەتای روداوی سەرەکیو زانیاری سەبارەت بەهەندێ کار.

٢ـ ناوەراست:

اـ رووداوی هەڵکشاو: گەشەو پەرەسەندنی کێشەو ململانێ.

ب ـ تەنگەژە: تێك نەگەیشتن لەنێوان هێزی نەیار.

ج ـ پۆپە: روبەروبونەوەی هێزە نەیارەکان خاڵی (لوتکە) روداوی هەڵکشاوە.

د ـ هەڵگەرانەوە: ئاشکرابونی روداوەکان.

٣ـ کۆتایی:

ا ـ رووداوی داکشاو: چارەسەری روداوی لاوەکی.

ب ـ ئەنجام: رونبونەوەی مەبەستی چیرۆك نوس لەروداوی داهاتوی کەسەکە لەروداوی داهاتووی کەسەکە.

دەتوانین بڵێین (مزیتاج) بەمجۆرە هێلکاری بۆ کردووە:

[1] بنية الشكل الروائي، حسن البحراوي، الدار البيضاء، ط١٠، ١٩٩٠، ص٣٠.

[2] ناوەرۆكو تەکنیکی درامای کوردی (١٩٩١ـ ٢٠٠٢)، یاسین رەشید حەسەن، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٤،




سەبارەت بەرەگەزو پێکهاتەکانی ململانێو رووداو لەچیرۆکەکاندا رووداو لەچیرۆکەکاندا زۆربەیان بەسود وەرگرتن لەواقیعو دواتر تێکەڵ بەئەندێشە کراوە. بۆ نموونە ((گوڵی رەش)) تیایدا باس لەکوڕێکی بێزار دەکات بەرامبەر بەو یاسا دروست کراوانەی ناو کۆمەڵ دروست بونی جیاوازی نێوان چینەکانی کۆمەڵ کە پاڵەوان بەدەستیەوە دەتلێتەوە لەسەراپای چیرۆکەکەدا. ئەم کوڕە هەژارە بەهۆی جیاوازی ئاستی کۆمەڵایەتییەوە رێکەوتی رۆژگار وادەخوازێ، خۆشەویستەکەی جێی دەهێڵێت.

ئەم پاڵەوانە لەخێزانێکی هەژارو لەکۆڵانو گەڕەکی خوداپێداوەکاندا گوزەر دەکاتو دڵی بەکچێکی دەوڵەمەندی ئەم کۆڵانەوە بەندە کە بەرامبەر ماڵی خۆیانە. ئێوارەیەك وەکو هەموو ئێوارەکانی دیکە بەدیار باڵەکۆنی ماڵەکەو ئەو دوو ئینجانەیەوە دەوەستێت کە دوو گوڵی مۆری تیایەو تیایدا رواوە کچەکە کە خزمەتی دەکرد، بۆئەوەی لەڕێگای ئەم گوڵانەوە چاوی بکەوێت بەکوڕەکە، دواتر هێرۆ بۆ ماوەی هەفتەیەك دەرناکەوێو گوڵەکانیش سیس دەبن.

((دە ئەو پەنجەرەیە بکەوە... پێم بڵێ ئەو گوڵە مۆرە ناوی چییە، دەگەڕێم تا تۆوەکەی دەدۆزمەوە... دوو ئینجانەی لێ پڕ دەکەم... بەیادی ئەو حەزەی تۆیە بێ دەنگی مراندت... ئەرێ تاکەی گوڵی زۆرتان هەبێ...؟ من بەخیلی بەسامانو دارایی هیچتان نابەم ... بەڵام چی بکەم کە شێتی باخچەو گوڵی زۆرو درەختەکان بم...؟

لێرەوە دەردەکەوێ، کە حەمە چەندە عاشقو دڵداری هێرۆیە، بەڵام کۆتو بەندکراوە بەهۆی ئەو رێساو یاسا کۆمەڵایەتییەوە بۆ وێنە ئاستی کۆمەڵایەتی (حەمە) کە لەئاستی نزمەو ماڵی هێرۆ بەپێچەوانەوە، کە لەکچە ماڵی خوداپێداوانە، جگە لەوە هەروەك لەچیرۆکەکە ئاماژەی پێدەکات کە (حەمە) دەدوێ سەبارەت بەوەی کە بەخیل نییە بۆ سامانو دارایی، بەڵام بۆ باخچەو گوڵو گوڵزاری زۆرو درەختی جوان عاشقو شەیدایە. سەبارەت بە (ململانێ) لەچیرۆکەکەدا (حەمە ململانێ دەکات لەگەڵ دوو خاڵو باری گرنگدا کە ئەوانیش هەژارییە کە سروشتی زۆر کەس وایە

بەهەژارییو لەو دۆخەدا ژیان ڕێ بکاتو (حەمە)ش وەکو خودی خۆیوماڵو خانەوادەکەی کە هەژار بوون لەو کۆڵانەی ماڵە دەوڵەمەندەکاندا بوون بۆیە ئەمە خاڵێکی جیاواز بوو لەنێوان ئەمانو ئەو خوداپێداوانە، لەکاتێکدا خاڵی تری ململانێ لەوەدابوو کە دڵی بەدڵخوازەکەیەوە بوو بەڵام لەچینی بەرزتربوو کچی خوداپێداو بوو لەو گەڕەکەدا.

حەمەی پاڵەوان تا کۆتایی چیرۆکەکە دۆش دائەمێنێ لەبارەی دەرنەکەوتنی کچەکەو ناوی ئەو گوڵە مۆرانەی کە ناوی نازانێو دەیەوێ نهێنی دەرنەکەوتنی هێرۆو ناوی ئەو گوڵە مۆرانە بزانێ.

ئەو ململانێیەی (حەمە) لەپاش  هەژاری، کە ئێخەی پێگرتوەو هەر بەو هۆیەشەوە ئەو جیاوازییەی دروست کردوە، کە نەیتوانی خودی خۆی لەئاستی هێرۆ ماڵی دەوڵەمەندی هێرۆدا ببینێتەوە. پاش ئەوە کاتێك کۆمەڵگاش وەکو خاڵێکی بنەڕەتی دیکە وەردەگرین، بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگەی کورد پابەندی کۆمەڵە دابو نەریتێکە، کە ڕێگە نادات زۆرجار کچانو کوڕان لەخۆشەویستیدا سەربکەون لەو ڕوانگەیەی کە جیاوازی ئاست ئەوە دروست دەکات، کۆمەڵگە ڕێگرە لەوەی حەمە کە کوڕە هەژارێکە نابێتو ئەستەمە ئەگەر حەز لەکچی پاشایەك یان کچە دەوڵەمەندێك بکات.

ئەم خۆخواردنەوەو خۆدواندنەی (حەمە) بۆیە لێکەوتەی هەموو ئەو ململانێو جیاوازیانەیە کە چ هەژارییو چ کۆمەڵگەش دروستی کردوە.

((ئەو پەنجەرەیە بکەرەوە، پەردەکەش لادە، لەم گەڕەکە ئاڵو والایەو لەنێو ئەم هەموو خانەدانو پیاوماقولانە چەندە غەریبو پەرپووت دیارین... هەمووتان بەمۆنی سەیری منو پیرە باوكو دایکم دەکەن، لەبراو خوشکە وردیلەکانم دەخوڕنەوە، تەنها تۆ بوویت بەڕووی ئێمە پێدەکەنیتو بەنەهامەتیمان دڵتەنگ بویت...))[1].

لەچیرۆکی ((گوناهی سپی))شدا چیرۆکنوس باس لەخۆی دەکات کە وەختێك بووە، چیرۆکێکی بەناوی ریشۆڵەوە نوسیوە، باسی دەروێشو بایزو هەمین دەکات، کە ئەم کارەکتەرە لەواقیعداو لەئاهەنگەکەیدا دێتە سەری. لێرەدا چیرۆکنوس باس لەو چیرۆکەی دەکات کە پاش هەشت ساڵ نووسی، کە باس لەو رابردووەی خۆی دەکات، کە سەرچاوەی دروست بوونی چیرۆکەکەی بووە.

ئەو چیرۆکەی کە بەقەد هەموو ژنانی ئەو سەر زەمینە بەلەدایك بونی چیرۆکێکی وەها دەم بەگریان شاگەشکە دەبم. هەروەك دەڵێ منداڵو چیرۆك، هەردوك بەدەم گریانەوە لەدایك دەبن...

لەڕوی (ململانێ)وە ئەلبەت چیرۆکنوس بەردەوام باس لە ململانێیی دەکات لەگەڵ کارەکتەرەکانی وەك (هەمینو دەروێش بایز)دا.

[1] گوڵی ڕەش، شێرزاد حەسەن، ل١٠٤.

((بۆ دواجار لەم ئێوارەیەدا هەموو یادگارێکی ئەو چیرۆکە تاڵەی لەمێشكو دڵما تەقاندەوە، هەشت ساڵە بۆتە ژانێك، بۆتە گرێیەكو لەسەر دڵمایەو ناکرێتەوە... کەواتە ئەمشەو چیرۆکێکم دەبێ، هەر خۆشم دەبمە مامانی خۆم... من وەك مریەم کە عیسای بوو...

دەروێش بایز... بمبورە... دیسانەوە هاتیتەوە یادم، گوناهی من نییەو حەزیشم نەدەکرد، دەشزانم هێشتا نەمردویت... هەر زیندویتو وازیشت لەڕاوە ریشۆڵە نەهێناوە...))[1].

دەردەکەوێ ئەمە جۆرە ململانێیەی کە لەگەڵ (دەروێش بایز) هەیەتی، کە راوە ریشۆڵە دەکاتو لەو ئێوارەیەدا بکوژی ئەو ریشۆڵە مردارەوە بووە بۆیە ئەمیش بێ باکانە ئەو چیرۆکەی لەسەر دەنووسێت...

دوای گەڕانەوەی لەهاوینەهەواری شەقلاوەو سازدانی ئاهەنگێك لەحەوشەکەیاندا لەئێوارە وەختەدا دەروێش بایز هەڵدەکوتێتە سەریانو شاییان لێدەکات بەشین...

لەو ئێوارەیەدا (دەروێش بایز) پاڵەوانی چیرۆکەکەم هاتو هەموو شتێکی تێك ترشاند، ساماڵی چاوانمی پڕ کرد لەتەمی خەمو هەوری گریان، بەزمو ئاهەنگی ئەو ئێوارەیەی وەستاند.

جگە لەو ململانێیەی کە لەنێوان (دەروێش بایز)ی پاڵەوانی چیرۆکەکەیدا هەیەتی.

پاشان جیاوازی روداوی ئەم چیرۆکە، لەوەدایە کە چیرۆکنوس لەچیرۆکەکەیدا باسی یەکەم (ریشۆڵە) دوای ئەوەی لەو ئێوارەیەدا ئەو ریشۆڵەیەك بەمردارەوەبوی بینی...

((ئیمڕۆ ئەم ریشۆڵە مردوە تۆی بیرخستمەوە.. منداڵیو هەرزەیی خۆم.. گەڕەکە بۆرەکەی خۆمان، چڵکاوەکەی بەرماڵان... تۆ راوە ریشۆڵەو هەمین ـ ی ژنت، هەمین ـ ی حەزو گریانو ئارەزوو... ئەو ئێوارەیەم بیرکەوتەوە، هەشت ساڵ لەمەوبەر...))[2].

ئەمە وەکو ئەو بەسەرهاتە ناخۆشەو وەکو چیرۆکی یەکەمو روداوەکانی ئەم چیرۆکە، بەڵام هەرچی روداوی دوای چیرۆکی ریشۆڵە، ئەو بەسەرهاتەیە کە لەدوای نوسینی هەشت ساڵەی چیرۆکەکە زیاتر خۆی لەکارەساتی دوای ریشۆڵەکەیە.

((لەو ئێوارە خۆشو لەیادنەچوەی زاوایەتیم... تازە لە "مانگی هەنگوینی" هاتبوینەوە... خۆمو بووکی تازە، حەزی تازە... ئەو ئێوارەیە هەموو شتێكو هەموو کەسێك لەبەرچاومدا سەمای دەکرد... زۆر شتی ناخۆشو ناڕێکم بیر چووبۆوە: مەرگو سوتانو رووخانو هەرەسو کارەساتەکان... برسیەتیو نەبوونی، سەرماو گەرما، تۆش بیت هەروەك من بیرت دەچێتەوە...))[3].

---

[1] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن، ل٣٥.

[2] هەمان سەرچاوە، ل٣٦.

[3] هەمان سەرچاوە، ل٣٧.

لەچیرۆکی (میم)یشدا بەردەوام ئەمین لەگەڵ گوڵناز لەجۆرە ململانێیەکدان کە دوای ئەو رووداوانەی لەچیرۆکەکەدا بەپێی سات‌و قۆناغی تێپەڕبوونی رۆژگار بەسەر ئەمیندا هات‌و لەبەرامبەردا گوڵنازیشی تێکرد بۆیە ئەو ململانێیە بەدیدەکرێ وەکو لەچیرۆکەکەشدا جگەلەوەی ئەمین ململانێیەکەی لەگەڵ خودی خۆشیدا لەناوەوە هەیەتی لەگەڵ ئەو بارە دەرونە ناجێگرو ناتەندروستەی هەیەتی‌و نەخۆشیەکەی ئامێرەکەی پەکخستوە. بەردەوام ئەیەوێت زاڵ ببێت بەسەر دونیای ناوەوەو دەرەوەشیدا. بەڵام لەبنەڕەتداو وێڕای سەردانیکردنی بۆلای هەر پزیشك‌و نۆژدارێك بەڵام هەوڵەکانی شکستی دێنێت‌و هەمیشە لەو بارە شلۆقەدایە.

((ئەمجارەیان چیرۆکی خۆم‌و گوڵنازم نوسییەوە.. چیرۆکێکی حەزو تێکشکان... وازم هێنا... کەوتمە نوسینەوەی ئەو بارە نالەبارەی ئێستام... ئیفلیجی‌و... تلانەوەی هەمیشەیی رۆژو شەوانم، رقێکی زۆرم باراندە سەر ئافرەت... گەرچی تا ئەو حەلەش لای من ئافرەت کانگای میهرو سۆز بوو. خوای خۆشەویستی، بێ گوناه، گەورەو پیرۆز... ئاسمان‌و زەوی... مێژو زوڵمێکی گەورەیان لێکردوە...))[1].

لەم جۆرەشدا ململانێکانی ئەمین‌و گوڵناز دەردەکەوێ کە چۆن ئەو رەفتارەی دەبێتە هەوێنی نوسینەوەی یاداشتێ.

دەتوانین بڵێین لەسەرجەم چیرۆکەکانی (شێرزاد)دا، جگە لەململانێی دەرەکی، ململانێی ناوەکیش بەدیدەکرێ کە پاڵەوان لەگەڵ خۆیدا لەململانێدایە.ئەو چیرۆکەی لەڕوی بابەتیەوە بەچیرۆکێکی دەرونی دادەنرێ، پاڵەوان کە فەرهادە بێ گومان لەژێر کاریگەری ئەو بار گرژیەیە کە دوچاری بووە لەیەکێك لەئوتێلەکانی شاری بەغداد.

وەکو دەزانین پاڵەوانەکە خاوەن چەند خەسڵەتێکی دەرونییە وەك شەرم‌و ترس‌و بێ گوناح‌و بێ دەسەڵات‌و دۆڕاو...

لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن ئاستێکی بەرزی رۆشنبیری‌و خوێندنە، بەڵام ئەم پاڵەوانە لەناخەوەدا خاوەن چەندین نەخۆشی دەرونییە، بەدەست کێشە دەرونییەکانی ترس‌و شەرم‌و دڵەڕاوکێ‌و نشوستی دەروونی دەناڵێنێ‌و بەردەوام لەململانێدایە لەگەڵ کابرای سەرخۆش ئەم ململانێیە ناوەکییەو کابرای سەرخۆش بەهۆکاری دواکەوتنی نامەکەی دەزانێت. لەلایەکی ترەوە نزیکەی دوو ساڵ لەململانێ بوو لەگەڵ فرۆیدو پاڤلۆڤ هەوڵی دەدا لەیەکتریان نزیك بخاتەوە.

((رۆژێکیان هەر بەڕێکەوت لەماڵی برادەرێکما کتێبێکی فرۆیدم دەست کەوت... بەپەلە خوێندمەوە، بەدوای هی تردا دەگەڕام بووم بەدەروێشی فرۆید...))[2].

---

[1] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن، ل ١٥٥.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٩٤.

## ٥. بینای وەسف

وەسف وەکو رەگەزەکانی دیکەی چیرۆك رۆڵی خۆی دەگێڕێت لەچاندنی دیکۆرو دیاریکردنی چوارچێوەی رووداواو هەروەها دەرخستنی دیمەنی فیزیکی کارەکتەرەکان، بۆیە نووسەرانو ئەدیبانیش پێناسەی وەسفیان کردوە.

((هەوڵێکە بۆ بەرجەستەکردنی دیمەنێك لەجیهانی دەرەکی لەتابلۆیەکی نەخشێندراو بە ووشەکان، کاتێکیش وەسف دەکات، ئەوە وەسفێکی رووت (مجرد) ناکات، بەڵکو واقیعی دروستکراوی هونەرییە، وەسفیش بەزۆری وێنەیەکی دروستکراوە، لەبری ئەوەی زیاتر بابەتێکی واقیعی بێت[١].

وەسف وەك تەکنیکێکی تایبەت بریتییە لەخستنەڕوو پێشکەشکردنی شتو بوونەوەرو رووداوەکان، لەشوێنو زەمینەی بونیانو لەدەرەوەی زەمەنو ئەرکی زەمەنیان، لەوەستانیان لەبری بەردەوامبوونیان[٢].

وەسف کە مەحاڵە لەهیچ رۆمان یاخود چیرۆکێکدا نەبێت، بەڵکو دەبێت بوونی هەبێتو باسکردنی شتەکان لەخۆدەگرێتو بەهۆی زمانەوە وێنەیان دەکێشێت[٣].

ئامانج لێی بەخشینی وێنەیەکی زەینییە لەسەر دیمەنێك یان کەسێك یان هەستێك بەرامبەر بەخوێنەر[٤].

لەئینسکلۆپیدیادا وەسف بریتییە لەوەسفکردنت بۆ شتێك بەجوانییەکەیو پیاهەڵدانیەوە، بەڵام لەڕووی داتاشینەوە بریتییە لە بەرجەستە کردنو دەرخستنو ئاشکرا کردن[٥]. یاخود وەك (قدامە بن جعفر) لەبارەی وەسفەوە دەڵێت ((باسکردنی شتێكو ئەو بارودۆخەو شێوانەی کە دەیانگرێتەخۆ))[٦].

[١] بناء الرواية، د. سيزا احمد قاسم، دار التنوير، بيروت، ١٩٨٥، ص١١٠.

[٢] المصطلح السردي- معجم مصطلحات، جيرالد برنس، ت: عابد خزندار، مراجعتو تقديم، محمد بريري، المجلس الأعلى للثقافة، المشروع القومي للترجمة، ط ١، ٢٠٠٣، ص ٥٨.

[٣] متعة الرواية- دراسة نقدية، د. احمد زياد محبك، دار المعرفة، ط١، بيروت، ٢٠٠٥، ص٣٥.

[٤] معجم المصطلحات الادبية في الغة والادب، مجدي و هبة وكامل المهندس، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٧٩، ص٢٣٨.

[٥] لسان العرب المحيط، ابن منظور، اعداد وتنصيف، يوسف خياط مادة وصف، دار لسان العرب، بيروت، د.ت، د. ض.

[٦] نقد الشعر، لأبي الفرج قدامة بن جعفر، تحقيق: كمال مصطفى، الطبعة الاولى، المكتبة الخانجي، القاهرة، ١٩٤٨، ص٧٠.

وەسف جیاوازییەکی ریشەیی هەیە، چونکە بایەخەکەی لەشتە وەسفی کراوەکەدا بەدەرناکەوێ بەڵکو لەجولانەوەی خودی وەسفەکەدایە))[1].

هەروەها (د. احمد زیاد محبك) دەڵێت ((وەسف شێوەو رەنگەکان بەو جۆرە ناگوێزێتەوە کە چاو دەیانبینێت، بەڵکو بەپێی گۆشە نیگای دەروونی هونەری ئیستاتیکی دەیگوازێتەوە))[2].

پەیوەستبوونی وەسفیش بەو گۆشە نیگایەی کە بۆ گێڕانەوە بەکاردێت وای کردووە لەلایەك پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان ئەم دوو کەرەستەیە هەبێت لەدەقدا، لەلایەکی دیکەشەوە چۆنیەتی دەرکەوتن‌و بەکارهێنانی یەکەمیان دیاری بکات.

هەر لەو روانگەیەشەوە ((کاتێك گێڕانەوە پارچە پارچە بێت، وەسفی شوێن دابەشبوو، لەبەر یەك هەڵوەشاو دەبێت، کاتێکیش بینینەکە فراوان بێت، وەسفی شوێنەکە یەکگرو گشتی دەبێت))[3].

ئەمەی سەرەوە، وەکو پەیوەندییەکی نێوان وەسف‌و گێڕانەوە کە پەیوەستن پێکەوە لەدەقدا، (تانیا ئەسعەد محمد) دەڵێت: ((وەسف پێویستییەکی سەرەکی گێڕانەوەیە، زۆر زەحمەتە کە بێ وەسف گێڕانەوە ئەنجامبدەین، بەڵام ئاسانە گەر وەسف بێ گێڕانەوە ئەنجامبدەین))[4].

بۆیە گرنگی وەسف لەگرنگی هیچ هونەرێکی دیکە کەمتر نییەو نابێت.

(ڤالیۆی)ش بەڕێککەوتنێکی بەڕێکەوت ناوی دەهێنێت‌و لەگەڵ ئەوەشدا (لامی) دەڵێت کە ((دەرکەوتنێکی پێشبینینەکراو زیادە رۆییەکی ئاسوودە بەخشە[5].

(سعید احمد الهاشمی)یش لەبارەی وەسفەوە دەڵێت: ((بریتییە لە دەرخستنی بابەتێك بەگرتنە خۆی بارەکانی‌و جۆرە پیاهەڵدانەکانی کە هاوشێوەی ئەون‌و لەگەڵێشیدا سێ بنەما بۆ وەسف دیاری دەکات کە ئەوانیش : ((راستەقینەیی‌و رەونەق‌و نەگەیشتن بەئاستی ووشەکاری))[6].

وەسف لەخودی خۆیدا هەڵگری حوکمێکە بەرامبەر بەبابەتی وەسفکراو، کە هاوکات حوکمە لەسەر ئەو خودەی وەسفکردنەکە دەکات.

---

[1] تحليل الخطابي الروائي، سعيد يقطين، الطبعة الثالثة، المركز الثقافي العربي للطباعة و النشر والتوزيع، بيروت، لبنان، ١٩٩٧، ص٦٧.

[2] متعة الروائي، د. احمد زياد محبك، ص٣٧.

[3] شعر الخطاب السردي، محمد عزام، اتحاد الكتاب العرب، ديمشق، ٢٠٠٥
www.awu-dam.org

[4] بینای شوێن لەدوو نمونەی رۆمانی کوردیدا، تانیا ئەسعەد محەمەد سالح، ل١٨٧

[5] في الوصفي، فيليب هامون، ت: سعاد التريكي، ط١، مطبعة سوتيبا، تونس، ٢٠٠٣، ص١٣٧

[6] جواهر الادب في ادبيات والأنشاء لغة الادب، السيد احمد الهاشمي، معلق عليه وشرح غريبه، جمعة الحسن، ط١، دار المعرفة، بيروت ٢٠٠٥، ص٣٢٣

هەرچی (رۆلان بارت)یشە پێیوایە ((وەسف یارییەکی دەق ئامێزە کە دەگۆڕێت بۆ (چێژی دەق)[1].

و وەسف شێوازی گوزارشتکردن بەخۆیەوە دەگرێت لەنێو چوارچێوەیەکی فراوانی وەسفداو لەهەمان کاتدا ئاوازی تایبەتو بنەڕەتە بۆ وێنەگرتنی شوێنو وەسفی کارەکتەر دەکاتو بەجولێنەری سەرەکی رووداوەکان دادەنرێت[2]. وەسف ((گوتارێکە، ناو لەهەموو ئەوانە دەنێت کە هەن واتە بونیان هەیە، سیفەتی تایبەتو جیاکەرەوەیان پێدەبەخشێت، وەجیایان دەکاتەوە لەناو سیستەمی بوونە هاوشێوەو جیاوازەکاندا[3].

واتە لەم پێناسانەوە، وەسف بریتییە لەبەرهەمهێنانی گوتارێك بەهۆی میکانیزمی هونەریی، کە نووسەر دەتوانێت تیشك بخاتە سەر وردەکاریو خاڵی جیاکەرەوەی شتەکانو شوێنو کارەکتەر.

رەگەزی وەسف گرنگە لەدەقی چیرۆکدا، بەجۆرێك چیرۆکنووس دەبێت شارەزاییەکی باشی هەبێت لەو بوارەدا، گونجاوترین شێوازی وەسف لەگەڵ دەقی چیرۆکدا وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری هەڵبژێرێ، هەر شێوازێکیش کەمو کورتیو خۆی هەیە، بەڵام بەهرەمەندی چیرۆکنووس لەوەدایە کە دەبێت کەمترین عەیب یاخود کەم عەیبترین شێوازی وەسف بەکاربێنێت[4]. هەروەکو چۆن (بارۆن) دەڵێت : ((یەکەمین شت کە پێویستە بەئاگابین، ئەوەیە وەسف بەمەبەستی وەسف کردن بەکارنەهێنرێت))[5]. ئەرکی وەسف بە تەنها لەخۆگرتنی رووداو کردارەکانی ناو بەرهەمێك نییە، بەڵکو ئەرکی ((پشکنینی شتەکانو پێکهاتەکانیانە، لەگەڵ کارەکتەرەکانو هەڵسوکەوتیان))[6].

خەسڵەتی وەسف ئەوەیە، کە ئەتوانێت کورت بێتو دەتوانرێت بەپێی پێویستی دەق شاعیر یان نووسەرەکە درێژی بکاتەوە، درێژکردنەوەو کورتکردنەوەی وەسف هۆکارن بۆ ئەوەی ئایا ئاوازی دەقەکە خاو بێت یان خێرا، وەستاو بێت یان جوڵاو.

(رولان برنۆف)یش پێیوایە کە ((دەتوانرێت وەسف بۆ دروستکردنی میلۆدیای گێڕانەوە بەکاربێنین))[7].

---

[1] لذة النص، رولان بارت، ترجمة: منذر عياش، مطبعة سوي، باريس، ١٩٧٣، ص٩٩

[2] متعة الرواية – دراسة نقدية، د. احمد زياد، ص٣٥

[3] وظيفة الوصف في الرواية، عبداللطيف محفوظ، ط١، دار اليسير للنشر والتوزيع، الدار البيضاء، ١٩٨٩، ص٦٠

[4] دەربارەی رۆمانو چیرۆك، حەمە کەریم عارف، ل١١٠

[5] تجربة سليمان القوابعة الروائية، د. عبدالله مسلم الكساسبة، دار اليازوري العملية للنشر والتوزيع، الطبعة لعربية، عمان، ٢٠٠٦، ص١٤٢

[6] الالسنية والنقد الادبي، د. موريس ابو ناضر، دار النهار للنشر، بيروت، ١٩٧٩، ص١٣٣

[7] عالم الرواية، ص١٠٧

(محمد نوری ئەحمەد)یش ((وەسفکردن بەسیفەتێکی نیگارکێشان لەقەڵەم دەدات، کە تابلۆی کەسایەتیو شوێنەکانو شتەکان دەکات هەروەها بەجۆرە حەسانەوەیەکی خوێنەر لەجوڵە سەیری دەکات))[1].

وەسف ئەو ڕووداوانە ڕوونتر دەکاتەوە، کە وا خوێنەر لەخەیاڵیدا لێکیان دەداتەوە، لەچیرۆکدا وەسف وەك هەر یەکێك لەڕەگەزەکانی تر بۆ ڕازاندنەوە نییە، بەڵکو مەبەستێکی دیاریکراو دەگەیەنێتو بەشێکە لەڕووداو پێویستە ئەو شتە وەسفکراوە لەچاوی نووسەرەکەیەوە تەماشا نەکرێت، بەڵکو لەچاوی کەسایەتییەکەوە ببینرێت[2].

وەسف وەکو یەکێك لە تەکنیکەکانی ڕۆمان یاخود چیرۆك لەدایکبووی قوتابخانەیەکی دیاریکراو نییە، بەڵکو لەگەڵ سەرەتای بیرکردنەوەی لە شتەکان لەدایکبووە، بەڵام خودی ڕۆڵەی جیاوازە بەجیاوازی ئەوەی تێی دەڕوانێت، بۆ وەسف لەناو بنیاتی چینی دەقداو بەکارهێنانی دەبینین لەهەندێ ماوە بەتەواوی لە بەین چوو یاخود مەبەستدارە[3].

کۆمەڵە نووسەرێکی دیکەش وەسف  بەوە پێناسە دەکەن کە ((تەکنیکێکە بۆ فراوانکردنی چیرۆكو ڕوونکردنەوەی بەردەوام یان پچڕ پچڕی یەکانگیر لەڕوانگەی بابەتەکانەوە، وە کۆتاییەکەی بەهیچ جۆرە پێشینەیەك سەبارەت بە تەواوکردنو کۆتایی چیرۆکەکە تەواو نابێت))[4].

هەر لەو بارەیەشەوە (د. نبیل ایوب) بەوە وەسف دەناسێنێت کە ((وەسف بریتییە لە بەدیارخستن یان ئامادەکردنی شتێك یان شوێنێك یان گیاندارێك یان مرۆڤێك کە لەڕێگای وێناکردنی زمانەوانییەوە ناکەوێتە ژێر دیدی خوێنەرەوە، بەڵام بەشێوازێکی گوزارەیی کە تێیدا وێناکردن یەکسانە بەبابەتی دەربڕین یان بابەتی وەسفکراو تێپەڕێنێتو دووبارە دروستی بکاتەوە بەپێی دیدگای خودی دیاری کراو))[5].

واتە جەخت لەسەر هێزی (دەربڕین) دەکرێتەوە لەم پێناسەیەدا.

(فلیب هامون)یش دەڵێت: ((وەسف بونیادنانێکی هاوسەنگی بەردەوامە لەدەقێك لەدەقەکاندا لەنێوان فراوانکردنێکی دانە پاڵیو چڕکردنەوەیەکی ئاماژەیی یاخود دەست نیشانکردندا)).

(د. ابراهیم جنداری)یش وەسف بەگرنگترین شێوازەکانی بەرجەستەکردنی شوێن لەقەڵەم دەدات[6].

---

[1] بونیاد (زمانگەری لەخوێندنەوەی ڕۆماندا – ژانی گەل وەك نمونە)، محەمەد نوری ئەحمەد، چاپی یەکەم، ناوەندی چاپەمەنیو ڕاگەیاندنی خاك، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١٨

[2] چیرۆکی منداڵان لەئەدەبی کوردیدا (١٩٩١ – ٢٠٠٥)، ڕازاو ڕەشید، ل١١٣

[3] الوصف في الرواية العراقية (دراسة نقدية في تقنية بناء الوصف ٩٣٧ – ١٩٩٠)، عبدالامير مطر فيلي الساعدي، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة بغداد، ٢٠٠٠، ص١٣

[4] مدخل التحليل البنيوي للنصوص، دليلة مرسلى اخرون، ط١، دار الحداثة للطباعة والنشر والتوزيع، لبنان، ١٩٨٥، ص١٦٨

[5] التعبير منهجيته وتقانياته، د. نبيل ايوب، الطبعة الثانية، دار المكتبة الاهلية، د.م، ٢٠٠١، ص٧٥

[6] الفضاء الروائي عند جبرا ابراهيم جبرا، د. ابراهيم جنداري، ص١٧٥

(عبدالملك مرتاض)یش لەسەر وەسف گوتەی هەیەو دەڵێت: ((وەسف کوڕی زمانە، دەربڕینی جوانیش کچێتی، شێوازە پێکهاتەییەکانیش دەرکەوتەیە کە لە دەرکەوتەکانی، هەروەها وەسف بەرهەمێکی نایابە لەبەرهەمەکانی زمان))[1].

واتە وەسف وەکو بەرهەمێك لەبەرهەمە نایابەکانی زمان دەبینرێت کە تیایدا یاری بەپێکهاتەو بونیادی زمان دەکات.

وە (ادریس الناقوری)یش پێیوایە کە ((وەسف یاسایەکە یان سیستەمێکە لەبنەماو هێما بۆ نواندنی دەستەواژەکانو وێناکردنی کەسایەتییەکان بەکاردێت هەروەها کۆی ئەو پرۆسانە وێنادەکات کە نووسەر بۆ بونیادنان روانینی هونەری خۆی ئەنجامی دەدات[2])).

ئەمانە جگە لەوەی کە وەسف هەر لەمێژەوە واتای دیاری کراوی خۆی هەبووە وەکو رەگەزێکی لاوەکیو پاشکۆیەك بۆ گێڕانەوە ماوەتەوە، جگە لەوەی کە رەخنەگرە کلاسیکییەکان بانگەشەیان دەکرد بۆ دەستبلاَویو زیادەرۆیی کردن لەوەسفدا، کەچی وەکو رەگەزێکی رازێنەرەوە یان ئارایشتی لەدەقدا تەماشایان دەکرد))[3].

هەروەها (میشیل بۆتۆر)یش بۆ وەسف دەڵێت: ((پێم دەکرێت بەدوای هەنگاوەکانی ئەو ماوەیە بکەوم کە یەکێك لەکارەکتەرەکان لەنێوان شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە دەیبڕێت کە بەهۆی وەسفەوە ئەو ماوەیە بەتەواوی دەرخراوە))[4].

کەواتە وەسف هۆکارێك بووە بۆ دەرخستنی ماوەکەش کە کەسایەتییەکان لەگەڕانیاندا هەنگاوەکانیان تیایدا بڕیوە.

دەتوانین بڵێین قۆناغ بەقۆناغو لەسەردەمو دەرکەوتنی هەر قوتابخانەیەکدا وەسف گرنگی زیاتر بووەو گرنگی تەواوی پێدراوە، بەتایبەت لەگەڵ هاتنی قوتابخانەی ریالیزم لەلای (بەلزاك) و (فلوبیر) گرنگیدان بە وەسف گەیشتۆتە لوتکەو پەرەی سەند وەکو هونەرێکی تەواو لەناو پێکهاتەکانی دیکەدا.

جگە لەوە دەتوانین دوو ئەرکی گرنگی وەسف بەدیار بخرێت، کە ئەوانیش یەکێکیان پشکنینو بەدیارخستنی کارەکتەرەکانو شوێنو کەرەستەی ناو دەقە، ئەویتریشیان دروستکردنی ئاوازی گێڕانەوەیە.

[1] في نظرية الرواية، بحث في تقنيات السرد، د. عبدالمليك مرتاض، عالم المعرفة، الكويت، ١٩٩٨، ص٢٩٦

[2] ضحكة كالبكاء، ادريس الناقوري، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٦، ص٢١٧

[3] البناء الفني في الرواية العربية في العراق، شجاع مسلم دغيم المعاني، رسالة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٨٧، ص٢٣٧

[4] بحوث في الرواية الجديدة، ت: فريد انطونيوس، طبعة ثانية، سلسلة ربي زدني علما،، منشورات عويدات، بيروت – باريس، ٩٨٢، ص٦٠

کەواتە ئەم دوو ئەرکە گرنگترنو بەجۆرێك، کە بۆچوونی رەخنەگرانی کلاسیك بخەنە لاوە، کە تەنها پێیان وابوو وەسف لە((توخمی رازاندنەوەو زەخرەفەی ناو دەق))دا[1] دەبینێتەوە، کە ئەمە هەرە سادەی ئەرکی وەسفە.

جگە لەوەش (د. عبدالله مسلم) دوو ئەرکی تر بۆ وەسف دیاری دەکات کە ئەوانیش:

((١-دیاری کردنی رەهەندی دەروونیو کۆمەلایەتی کارەکتەرە ٢- ئەرکێکی نادیارەو لەرێی وەسفی شتەکانەوە خوێنەر بۆ ناو دەقەکە کێش دەکاتو ئەو بۆچوونەی لادروست دەکات کە کەرەستەو کارەکتەرەکان واقیعنو دوورن لەخەیاڵەوە[2])).

جگە لەوانەش وەسف شێوەیەکی نوێی بەخۆوە بینی لەناو چیرۆكو رۆمانی (شەپۆلی هۆش)دا کە سیفەتەکانو شتە وەسفکراوەکانی ناوە دامرکاوەکان تێکەلی رووداوەکانی گێرانەوە بینراوەکان دەبن.

بۆیە گۆڕانێکی زۆر گرنگی بەسەردا هاتووە، چونکە ئەو جۆرە وەسفە لەدەرەوە بۆ کەسو شتەکان ناکرێ بەلکو لەناوەوەیە، بۆیە شێوەی وەسفەکان لە بابەتییەوە بۆ خود گۆڕاوەو لەناخی کەسایەتییەکانی ناو چیرۆکەوە هەلدەقولێتو گوزارشت لە شتەکانی دەرەوەی ئەوان دەکات، ((بۆیە وەسف لای ئەوان بووە بەشێکی جیانەکراوە لەگێرانەوەو وێنە وەسفییەکانیش دەبوایە تەنیا لەرێگەی رەنگدانەوەی هەنوکەیی لەئاگاییو بێ ئاگایی ئەوانەوە بەدەرکەوێت))[3].

وەسف کە روویەکی دەولەمەندە لەڕووەکانی سەرچاوەیی، توانراوە ئەو نزیکایەتییەی دەست نیشانبکرێت بەوەی کە یەکێتی دەق یەکێتییەکی بەردەوام یان پارچە پارچەیە کە لەسەر بنەمای لەهاوسێیەتی (پێرست، لیستە، چەسپاندن) بونیاد دەنرێت.

زۆرجاریش لەپێناو پێکهێنانی دەقەکەدا لەهەندێ باردا خستنە برییە لەگەلّ یەکێك لەئامرازەکانی نیشانەدا (ئەوە)، (وێ) یاخود لەگەلّ ناوی (تایبەت یان گشتی).

ئەوە/ ئەو (وی/ وێ/ ------ ناو ------- وەسف)[4].

کەواتە دەتوانین بلێین کە وەسف شێوازێکی دارشتن ئامێزە، باسی روکاری هەستیو ناهەستی وەسفکراو دەکاتو دەیخاتە بەر روو. رەنگێکی وێنەگرتنە، چاوو دیدە دەدوێنێو شێوەو رەنگو سێبەرەکانی بۆ دەنوێنێ، هەلگری کۆمەلێك ماناو دەلالاتی سەربەخۆیە لەناو دەقەکەدا.

زۆربەی رەخنەگرانیش دوو ئەرك جگە لەو ئەرکانەی ئاماژەمانپێدا لەرابردوودا، بۆ وەسف دەستنیشاندەکەن: ئەرکی جوانکاری (کە زیاتر بایەخ بەجوانکاری وشەو رستەکان دەدات)[1] وە هەمیشە رەخنەی کلاسیکیش جوانیی شێواز لەجوانی وەسفدا دەبینێت.

---

[1] البناء افني في الرواية العربية في العراق، شجاع مسلم دغيم العاني، ص٢٣٩

[2] تجربة سليمان القوابعة الروائية، د. عبدالله مسلم الكساسبة، ص٤٢

[3] الرواية والزمن، دراسة في بناء الزمنف في الرواية العراقية، يحي عارف الكبيسي، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٩١، ص٣٧٦

[4] في الوصف، ص١٤٤

ئامانجی تێرکردنی پێداویستی ستاتیکییه لای خوێنەر[2]، و رۆڵی دروستکردنی دیکۆرو دیاریکردنی چوارچێوەی رووداو وێناکردنی شێوەی فیزیکی پاڵەوانو کارەکتەرەکانە[3].

هەرچی ئەرکی دووەمیشە کە ئەرکی واتاییە: زیاتر بایەخ بەرەهەندی دەروونیو کۆمەڵایەتی کارەکتەر دەدات[4].

کە بەلزاك و فلوبێر ئەم ئەرکە بۆ وەسف زیاد دەکەن، و دەرخستنی کردارەکانی کارەکتەرو دیاریکردنی هۆکارەکانی رەفتارو هەڵسوکەوتەکانی، ئەمەش لەرێگەی وەسفکردنی ژینگەی کارەکتەرو ئەو پێکهاتەو شتانەی، کە باکگراوندیان بۆ دروستکردووە[5].

کەواتە بەگشتی دەکرێ ئەرکی وەسف لە (٣) خاڵدا کۆبکرێتەوە:

١-بەخشینی ئیستاتیکاو میلۆدی دەقەکە.

٢-بەخشینی زانیاریو روونکردنەوەی خەسڵەتە ناوەکیو دەرەکییەکانی پاڵەوانو کارەکتەر.

٣-بەخشینی چەمکی واقیعی بەچیرۆکەکە[6].

هەروەها (سیزا قاسم) جگە لەمانە ئاماژە بەبوونی ئەرکێکی تری وەسفدەکات کە (وەسفی ئیلهامی)یە، کە نووسەری بەجۆرێ خوێنەر تێکەڵ بەجیهانی خەیاڵی دەکات کە بەچاوی راستی لەرووداوو کارەکتەرەکان بڕوانێت[7].

جگە لەوەش وەسف ئەرکی (چەواشەکاری)یشی هەیە کە هاوشێوەی ئەو ئەرکەیە کە د. سیزا قاسم ناوی دەنێت (ئیلهامی) کە نووسەر خوێنەر تێکەڵ بەجیهانی خەیاڵی دەکات, وای نیشاندەدات کە ئەو رووداو کەسایەتییانەی ئەو وەسفی دەکات رووداو کارەکتەری راستەقینەن[8].

---

[1] تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، امنة يوسف، ص٩٥

[2] البناء الفني في الرواية العربية في العراق، شجاع مسلم، ص١٥٣

[3] نحو روية جديدة، الان روب جربيه، ت: مصطفلى ابراهيم مصطفي، تقدي: د. لويس اوض، دار المعارف مير، ص٥٥-٥٦

[4] نظرية البنائية في النقد الادبي، د. صلاح فاضل دار الشؤون الثقافية العامة، ط١، بغداد، ١٩٩٧، ص٣٢٢

[5] سەچاوەی پێشوو، ص٤٤٠

[6] بنیاتی گێڕانەوە لەداستانی (مەمو زینی) ئەحمەدی خانیو رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلیدا ، لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەیی، پراکتیتکت، بەراوردکارییە)، سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی، چاپخانەی خانی، دهۆك، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩، ل١٩٨

[7] بناء الرواية، د. سيزا احمد قاسم، ص١١١.

[8] تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، امنة يوسف، ص٩٦

جگه لەمانەش رەخنەگرانی تر دوو ئەرکی تر دەخەنە پاڵ وەسف کە بریتین لە (ئەرکی بەکار بردنو ئەرکی سۆماندن)[1].

١-ئەرکی بەکاربردن: دواخستنی تەواوبوونی رووداوی رۆمانەکە یاخود چیرۆکەکەیە بەهۆی خستنە بازاڕی کۆمەڵێك وەسف بۆ خوێنەر، تا بەهۆیەوە چاودێری رووداوەکانی پێبکات.

٢-ئەرکی سۆماندن: پێشکەشکردنی کۆمەڵێك رستەی زانیارییە لەسەر کارەکتەرەکانو گۆشەنیگاکانیان یاخود بایەخدانو چڕبوونەوەی زانیارییە لەسەر وەسفکراو.

جگە لەمانەش وەسف ئەرکی (رێکخەری)یش دەبینێت، کە ئەمەش بەئامانجی بەدواداهاتنو ریزبەند کردنێکی لۆجیکیانەی رەگەزە وەسفییەکانە.

جگە لە تەواوی ئەم ئەرکانە (وەسف) چەند جۆرێکی هەیە کە ئەمانەن:

١-وەسفی مەنتیقی: لێرەدا پتر گوتن تیایدا زاڵە، واتە تیشك دەخرێتە سەر کارەکتەرەکان، کە ئەمەش جۆرە جڵەوکردنێکی خەیاڵی خوێنەری لێدەکەوێتەوە[2].

٢-وەسفی دراماتیکی: لێرەدا نیشاندان زاڵە، نووسەر یان گوتیار (راوی) زیاتر نیشانده‌دات، تا بڵێیت چیرۆکنووس لەم جۆرە وەسفەدا رێگە بە قارەمانەکانی دەدا کە خۆیان بنوێننو خۆیان نیشانبدەن، واتە قارەمانەکان لەڕێگەی دەمو دوویانەوە یان هەڵسوکەوتو رەفتاریانەوە خۆیان بەخوێنەر دەناسێنن، خوێنەر لەم جۆرو شێوازەدا بەگەرمی دەعوەت دەکرێت کە چالاکانە لەچیرۆکەکەدا بەشداری بکات.

رەنگە ئەم شێوازە وەسفە لەشێوازە وەسفەکانی تر پەسەند تر بێت، لەوانەشە یەکێك لە خەوشەکانی ئەم شێوازە وەسفە ئەوەبێت کە لەوەسفی مەنتیقی درێژدا وردتر بێت، چونکە نیشاندان کاتی زۆرتر دەبات لەوتن.

هەرچی شێوازی وەسفی قەرینەیش ئەوەیە کە کارەکتەر لەڕێگەی ئەو قسانەوە کە لەبارەی دەکرێت بناسین.

بەگشتی دەقی سەرکەوتووی چیرۆك دەبێت پتر نیشاندان بێت نەك گوتن[3].

جگە لەو جۆرانەی وەسف کە حەمە کەریم عارف ئاماژەی پێداوە، بەپێی پەیوەندی نێوان وەسفکەرو وەسفکراویش، وەسف دەکرێتە چەند جۆرێك:

١-وەسفی دەرەکی.

٢-وەسفی ناوەکی.

٣-وەسفی کورت.

---

[1] مدخل الى التحليل البنيوي للنصوص، دليلة مرسلي ـ كرستيان عاشور ـ زينب بن بو علي ـ نجاة حذة ـ بوبا ثابته، ط١، دار الحداثة للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٨٥، ص١٧٦

[2] دەربارەی رۆمانو چیرۆك، حەمە کەریم عارف، لا١١٠

[3] سەرچاوەی پێشوو، لا١١١

٤-وەسفی درێژ.

جۆرەکانی وەسف بەپێی وەسفکراو لەو بەشانەی سەرەوە پێکدێن:

١-وەسفی دەرەکی: وەسفی دەرەوەی وەسفکراوە وەگواستنەوەی وێنەی وەسفکراو بەو جۆرەی کە لەڕووکاردا دەردەکەوێت، بەڕەنگو قەبارەو وردەکارییەکانییەوە.

٢-وەسفی ناوەکی: بەپێی ناوەکەی یاخود لەناوەکەیەوە دەردەکەوێت کە وەسف ناوەوەی وەسفکراوە بەتایبەت وەسفی ئاکارو هەستو سروشتی ژیانی ناوەکی وەسفکراو[1].لەبارەی وەسفی دەرەکیو ناوەکی هەروەکو لەکتێبەکەی (د. احمد رەحمانی)یدا ئاماژەی پێدەکات کە ((چیرۆکی نوێ لە بەدەرخستنو ئاشکراکردنی کارەکتەرەکانیدا پشت بەم دوو ڕێبازە دەبەستێت:

١-شیکاری دەروونی، کارەکتەرەکان لەڕێگای لێکدانەوەی هەر کارەکتەرێکیدا بەپێی هەڵسوکەوتیو بەرەنگدانەوەی هەموو ڕووداوێك لەناخیدا نووسەر هەوڵدەدات باری ناوەوەی کەسایەتییەکانی بێنێتە دەرەوە.

٢-پشتبەستن بەوەسفی دەرەکیو هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان، واتە گرنگی بە وەسفی دەرەکیان دەدەن نەك بەبۆچوونو سۆزی کارەکتەرەکان[2].

هەروەها لەو بارەیەوە (عبدالله خمار)یش پێیوایە رەگەزەکانی وەسفی دەرەکی بریتییە لە: شێوەو رەنگو ڕووناکیو سێبەرو دەنگو بۆنەو خواردنو بەرکەوتنو جوڵەو زمان[3].ناکرێ ئاماژە نەدەین بەوەی هەرچی ئەندامەکانی تری وەك (دەمو چاو، چاوەکان، دەم، لووت، نێو چاوان، قژ، ملو گەردن، دەستو پێ، بالاّ........) بە بەشەکانی وەسفی دەرەکی دادەنرێت لەپێکهاتەی جەستەو لەشی مرۆڤدا، لەگەڵ ئەمانەشدا (تەمەن، جلوبەرگ، ئامرازەکانی جوانکاریو ئارایشت دەچنە چوارچێوەی وەسفی دەرەکییەوە[4].

٣-وەسفی کورتە: یاخود وەسفی هەڵبژاردن، کە بریتییە لەوەسفی بەشێك یان هەندێك لەپێکهاتەو حاڵەتو دەرکەوتەی وەسفکراو.

٤-وەسفی درێژ: وەسفی هەمووان دەکات، یان زۆربەی پێکهاتەو حاڵەتو دەرکەوتەکانی وەسفکراو زۆرجاریش بەوەسفی لێکۆڵینەوە ناو دەبرێت[5].

جگە لەوە وەسف لەسەر دوو بنەمای دژیەکیش بنیاتدەنرێت:

---

[1] التعبير منهجيته وتقانياته، د. نبيل ايوب، الطبعة الثانية، دار المكتبة الاهلية، ٢٠٠١، ص١٧٥

[2] نظريات نقدية وتطبيقاتها، د. احمد رحماني، الطبعة الاولى، مكتبة وهبة، القاهرة، ٢٠٠٤، ص٣٨

[3] فن الكتابة ـ تقنيات الوصف، منهج مقترح الأستخدام الرواية في أثراء نشاط التعبير الكتابي، عبدالله خمار، اصدار خاص بالأنترنيت، جزائر، ٢٠٠٥، ص١١

[4] سەرچاوەی پێشوو، ص ١٠٧-١٤٦

[5] البناء الفني في الرواية العربية في العراق، شجاع مسلم العاني، ص٢٥٣-٢٥٤

١. لێكۆڵینەوە.

٢. هەڵبژاردن.

واتە هەردوو بەشی وەسفی كورتو درێژ دەگرێتەوە كە وەك ئاماژەماندا وەسفی كورت (وەسفی هەڵبژاردن)یشی پێدەوترێ، وە وەسفی درێژیش (وەسفی لێكۆڵینەوە)ی پێدەوترێت.

هەموو نووسەرانیش كۆك نین لەسەر ئەوەی كە لەسەر یەك بنەما رێكبكەون، بەڵكو (بەلزاك) لایەنگری بنەما یاخود وەسفی لێكۆڵینەوەیە، كە وەسفی درێژ دەگرێتەوە، بەڵام (تۆلستۆی) لەسەر بنەمای هەڵبژاردن (كورت) رێككەوتووە، چونكە بەلای ئەمەوە دوورو درێژی لەوەسفكردندا خەیاڵی خوێنەر لەناودەبات.

(میشال بۆ تۆریش) هاوڕایە لەگەڵ (بەلزاك)داو، (ناتالی ساروت) شوێن پێی (تۆلستۆی و ستانداڵ) هەڵگرتووە، بەڵام (فلۆبید) لەنێوان ئەو دوو گروپەدا وەستاوە واتە گرنگی بە هەردوو بنەماكە واتە (وەسفی كورتو درێژی داوە) كە لەبەرهەمەكانیدا، ئەو دیمەنانە بە زەقی دەردەكەون.

وەسفی دەرەكی بەپێی بۆچوونی (عبداللە خمار) دوو جۆر دەگرێتەوە:

١-وەسفی پلەبەپلە: بریتییە لەو وەسفەی پلە بەپلەو هاوكاتی رووداوەكانە، وەسفی وەسفكراو دەكاتو دەبێتە دەنگدانەوەی رووداوەكان[1].

٢-وەسفی بەراوردكردن: زۆربەی نووسەران بەكاریدەهێنن ئەم جۆرە وەسفە، چونكە تەكنیكێكی گرنگە، بریتییە لەوەسفی بەراورد كردن لەنێوان دوو وەسفكراودا[2].

(د. مراد عبدالرحمن مبروك)یش بەگوێرەی جووڵانەوەو وەستانی كاتی گێڕانەوە، وەسف دەكاتە دوو بەشو دەڵێت: ((یەكێكیان جووڵاوەیە، كاتی گێڕانەوەی تێدا دەجولێنەوە، هەرچی دووەمیشە وەستاوەو كاتی گێڕانەوەی تیادا دەوەستێت))[3].جگە لەوەش (جیرار جینێت)یش بەگوێرەی پەیوەندی وەسف بەئاستی گێڕانەوەو ئاستی حیكایەتەوە، وەسف دەكاتە دووبەش:

١-وەسفی رازێنەرەوە.

٢-وەسفی واتایی.

پاشان دەڵێت: ((یەكەمیان پەیوەندی بەئاستی گوتارو، دووەمیان بەئاستی چیرۆكەكەوە هەیە))[4].

كەواتە وەسف دوو ئەركی گرنگ جێبەجێدەكات، جگە لە ئەركەكانی دیكەی (ئەركی هونەریو ئەركی گەیاندنی واتا)ش.

[1] فن الكتابة ـ تقنيات الوصف، ص١٥٠

[2] سەرچاوەی پێشوو، ص١٥٣

[3] بناء الزمن في الرواية المعاصرة، مراد عبدالرحمن مبروك، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٨، ص٩٣-٩٤

[4] مدخل الى التحليل البنيوي، رولان بارت، ص٥٠

چەند گوتارێکی تری وەسفیش کە بەگوێرەی وەسفکەر قسەی لەسەر کراوە ئەمانەن:

١-وەسفی بابەتی: ئەمیش وێناکردنی وەسفکراوە، وەك ئەوەی کە هەیە بەبێ تۆمارکردنی هەڵچوونو هەستەکان، باسکردنی وەسفکراوە بەشێوەی رووتو بێلایەنانە[١].

٢-وەسفی خودی (ویژدانی): دووبارە دروستکردنەوەی وەسفکراوە بەپێی بینینی خودی وەسفکەر، وەسفکراو بارگاوی دەبێت بەهەستو هەڵچوونو ئەزموونەکانی[٢].

٣-وەسفی تێڕامانی: بەردەوام سەیرکردنی وەسفکراوە، نقوم بوونە لەناویدا وەکارلێکردنە لەگەڵیدا، پرسیارکردنە لەبارەی شاراوەو نهێنییەکانییەتی.

کەواتە ئەگەر لەسەرەتادا وەسف تەنها وەکو کەرەستەیەکی رازاندنەوە بەکارهاتبێت، ئەوا دوای تێپەڕبوونی قۆناغ بەقۆناغ گۆڕاوەو ئەرکی تری لەئەستۆ گرتووە. ئێستا وەسف بووە بەئاستێك لەئاستەکانی دەربڕین، لەتاقیکردنەوەیەکی ئاڵۆزدا لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی دەقدا تێکەڵ دەبێت بۆ ئەوەی مانایەك بگەیەنێت یان هەڵوێستێك، یان دەردەسەریو خەم دەربڕێت[3])).

کاتێکیش وەسف دەگاتە ئەو ئاستەی خۆی شتەکانو لێیان بدوێت، ئەوا راستەوخۆ چەمکی وەسف لەنێوەندەوە بۆ خودی مەبەست دەگۆڕێ، کەواتە جگە لەوەی نێوەندە، خودی مەبەستیشە.

شێرزاد حەسەن-یش لەچیرۆکەکانیدا گرنگی بە تەکنیکی وەسفداوە، ئەوەتا لەو کۆمەڵە چیرۆکەی (گوڵی رەش)، ناوی کارەکتەرو وەسفی کارەکتەرو جێگەکە نیشیان دەکاتو خوێنەر تێکەڵی ناخو دەروونیان دەکات.

بێ کرداری وەسف هیچ کاتو هیچ چیرۆکنووسێکیش نەیتوانیوە لە وەسف یاخود بێ وەسف، چیرۆك یاخود رۆمانەکەی بگێڕێتەوە، دوای ئەوە وەسف تایبەت بووە بەسێ پێکهاتەی بنچینەیی کە ئەوانیش (کارەکتەرو- شوێن- شت)ن.

لەباسی پراکتیزەکردنی (وەسف)یش لەو کۆمەڵە چیرۆکەی (گوڵی رەش)دا. هەرسێ چیرۆکی (رەنگاڵە... گوناهی سپی... زەلکاو) وەردەگرین. لەچیرۆکی رەنگاڵەدا هەر لەسەرەتاوە بەوەسف دەست پێدەکات وێنەی ئەو کارەکتەرەمان بۆ دەکێشێت کە وەکو هەموو ئێوارەیەك ((لەژێر بۆنو باری ئارەقەو چڵكو هەتاوی خۆشی خۆرنشینو نەشئەبەخشی دەمەو ئێواران کە دەگەڕێتەوە...))[٤]

ئەم جۆرە وەسف کردنە تاڕادەیەك خوێنەر رەزامەند دەکات بەوەی، کە کارەکتەر بونەوەری کاغەزی نییە تا بێ رۆح بێت، بەڵکو گیانێکی جوڵاوی هەیەو ناچارت دەکات لەگەڵی بەردەوام بیت.

---

[١] التعبير المنهجيته وتقنياته، ص١٧٥

[٢] سەرچاوەی پێشوو، ص١٧٦

[٣] القضاء ولغة السرد في روايات عبدالرحمن منيف، صالح ابراهيم، المركز الثقافي العربي، ط١، دار البيضاء ـ المغرب، ٢٠٠٣، ص١٣١

[٤] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن، ل١٢٥.

هەروەکو چۆن پێشتر ئاماژەمان بەوەدا، کە وەسف لەپێناو تەواوکردنو فێرکردنو نیشانەدانو ئەرشیفکردنو پۆلێنکردنو هەست پێکردنو راڤە کردنە.

واتە وەسف دەبێت لەبەرژەوەندی شتێکدا بێت، بەمەش ئەرکێکی دیاریکراوی هەیە لەناو دەقداو لەلایەکی دیکەوە ئەرکێکی سودبەخشانەشی هەیە لەدەرەوەی دەقدا[1].

((هەموو رەنگێ... بەقەد خەمو خۆشیو هیواو ئاواتو خەوبینینی مرۆڤەکانی سەر ئەم زەمینە، حەسەن ـ یش بەخۆو بەکراسی سپیو پانتۆڵی خمدارەوە... لەگەڵ ئەو هەموو لەکەو پەڵەو پنتکە رەنگاو رەنگانەی سەر کراسو پانتۆڵو دەمو چاوو دەستو سەرو پرچە ئاڵۆزکاوەکەی هەر لەریشۆڵە دەچێ...))[2].

ئەم جۆرە وەسفەی حەسەن کە ئاماژە بەکراسو رەنگی دەمو چاویشی دەکاتو ئەم شێوەیەش بەکارهێنانی زۆرجار وێنەیە لەبری گوتنو ئاماژەو قسەکردنو کە رێدەکەوێ زۆرجار گاڵتەپێکردنو لاواندنەوە بەسەر وەسفدا زاڵبن لەهەندێ حاڵەتدا. بەڵام لەم جۆرە وەسفە لەناو چیرۆکی رەنگاڵەدا نییە. بەڵکو زیاتر ئاماژەیە بۆ وەسفی حەسەن.

ئەبێت ئاماژە بەوەش بدەین کە لەچیرۆکدا پانتایی وەسف کەمترە، شوبهاندنی حەسەن بەوێنەی رەنگاڵە لەبەرچاوی مریەم، دەنا حەسەن پێیوابوو لەبەردیدەی خەڵکانی دیکە ریشۆڵەیە...

هەر لەباسی وەسفدا ئەگەر ئاماژە بدەین بەچیرۆکی ((گوناهی سپی))یش کە تیایدا چیرۆکنوس بەوردی باس لەلایەنی بایز دەکات کە ((ئای ئەو ئێوارەیە ترسناك بویت عەبایەکی بۆری مەلایانەت خستبوە سەر شان، کۆنو پەڕپووت سەرکۆت، جوتێ پێڵاوی لاستیکی دڕاو، سینە والاّ، مووی ماشو برنجی سەر سینەت پیری مەیتی دەسەلماند، هەردوو دەستەکانت دەلەرزین، لێوەکانت وشك ببون، نیگاکانت تیژ بوونو دەتگرتنە من، چاوەکانت تا دەهات سورتر هەڵدەگەڕانەوە کەفت هەڵداوێشت، کەفەکە بەلا لێوتەوە وشك ببۆوە، قەت بەم شێوەیە نەمدی بوویت، باوەڕم بەچاوی خۆم نەدەکرد، لەخۆم کەوتمە گومان...))[3]

لێرەدا وەسفی دەروێش بایز دەکرێ، کە لەسەر ئەوەی چیرۆکی لەبارەوە نووسراوە، بۆیە دێتو بەو حەژمەتەوە شایی دەگۆڕێ بەشینو ئاهەنگەکەیان دەوەستێنێت.

زۆرجار وەسف لەدەرەوە بۆ کەسو شتەکان ناکرێت، بەڵکو لەناوەوەیە لەبەرئەوە شێوەی وەسفەکان لەبابەتییەوە بۆ خودی گۆڕاون زۆرجار لەناخی کارەکتەرەکانەوە هەڵدەقوڵێتو گوزارشت لەشتەکانی دەرەوەی ئەوان دەکات.

وەسف لەئێستا یان رابردوو یان داهاتوو دەکرێ لێرەدا وەسفی دەروێش بایز کراوە لەرابردوودا کە چۆنو بە چ جۆرێ راوە ریشۆڵەی کردوەو بۆتە جێگەی سەرنج.

---

[1] في الوصفي، فيليب هامون، ت: سعاد التريكي، الطبعة الاولى، مطبعة سوتيبا، تونس، ٢٠٠٣، ص١٤١.

[2] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن، ل١٢٥.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.

زۆرجار مرۆڤ وەسف وەکو پاڵپشتییەك بەکاردێنێ بۆ هەستو سۆزی[1]. بەڵام لێرەدا وەسفی روکاری دەرەوەی دەرویش بایز لەلایەن کارەکتەرەوە کە دەرویش بایز پاڵەوانی چیرۆکی ریشۆڵەیەتی.

فەرهاد لەلایەکی دیکەی چیرۆکەوە باسی دەرویش دەکاتەوە کە چۆن ((بەتورەییەوە نەڕاندی، چاوەکانی سور هەڵگەڕابوون، دەتوت دوچاوی هەڵۆیەکی برسین، هەڵۆیەك رەدوی چۆلەکەیەك کەوتبێ... منی چۆلەکە، کە سەیری هەردوو کونە لوتیم کرد، ئەسپێکی سەرشێتو ماندوم هاتە بەرچاو پتر هاتە پێشەوە...))[2].

ئەم جۆرە وەسفەی دەرەوەی کە فەرهاد بۆ دەرویش بایز ئەیکات، رەنگە هەر خۆی گرنگی لەشتە وەسفکراوەکە نەبینێت، بەڵکو لەجولانەوەی خودی وەسفەکەدا دەبینێت[3].

بەوەی مرۆڤ چاوی لەسەر شتەکان گیر دەبێت، بۆ نموونە لەم چیرۆکەدا خوێنەر راپێچی رۆڵو وەسفی دەرویش بایز دەبێتو بەڵام خاوەندارێتی یان خاوەنداریيان ناکات، جۆرە حاڵیبونێکی شاراوەشی لەگەڵدا ناکات بەڵکو بەرونیو ئاشکرایی لێیان تێدەگات. پاشان لەچیرۆکی زەلکاویشدا پانتایی وەسف زیاترە کاتێك باسی لەبارەوە دەکرێت، وەسفی ئەو زەلکاوەی کە ناویان لێنابوو ((گۆمی میری)) لەگۆشەنیگای گەنجو پیرو هەرزەو ژنانەوە، بەشێکی زۆری رواداوەکانی ناوچیرۆکەکەی تیادا رودەدات، دەتوانین بڵێین تا رادەیەك بەشانۆی رووداوەکان وەسف بکرێ.

لەگەڵ ئەوەی لەلایەکی دیکەوە خاڵی نەرێنی ئەم زەلکاوە باس کراوە وەکو ئەوەی، کە خەڵك دوچاری نەخۆشی بەهارزیا بکات، بەڵام خەڵکەکە بەجێگەیەکی پیرۆزو بەهاواریان دەزانیو سەردانیان دەکرد.

((نەك هەر لەگەڕەکی شارەوانیو گەڕەکە هەرە پەڕپوتەکانی شارەوە... بگرە لەگەڕەکە هەرە خۆشەویستەکانیشەوە خەڵکی داباری، دەهاتنو وەك پۆلە مەلی تینوو بەسەر زەلکاوەکەوە دەنیشتنەوە، وای لـێ هات دەوروبەری زەلکاوەکە ببێ بەسەیرانگای رۆژانی چوار شەممەو هەینی... ژنان بەماڵو مناڵەوە دەهاتنو... بەزەردو سورەوە... بەرایەخو سەماوەرو پرێمزو مەنجەڵی کفتەو دۆڵمەوە بەهاران دادەڕژانە ئەو ناوە... بەبیانوی زیارەتی مەزاری پیرۆزی ((ئەسحابە رووتە)) لەم بەرو ئەوبەری جۆگەلە باریکەکە سەماوەریان ساز دەدا، پیرە ژنەکان دەیان وت: جۆگەلە باریکە رۆحی ئەسحابە روتەیەو دەڕژێتەوە نا زەلکاوەکە... دەیان وت: لەهیچ مەترسنو مەلەی تیا بکەن... دەتوت ئاوی کەوسەرەو ژنان مەسینەو سەماوەرو قۆریو قاپو جامو دۆلکەو چنگیان لـێ پڕ کرد...))[4].

---

[1] نحو رواية جديدة، الآن روب حريبه، ت: مصطفى ابراهيم مصطفى، تقديم: الدكتور لويس عوض، دار المعارف، مصر، د. ت، ص٥٥-٥٦.

[2] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن، ل٤٩

[3] تحليل الخطاب الروائي (الزمن ـ السرد ـ التبئير)، سعيد يقطين، الطبعة الثالثة، المركز الثقافي العربي للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٩٧، ص٦٧.

[4] گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن، ل٢٠٩.

ئەمە وەسفی ئەو زەلکاوەیە کاتێك خەڵك بەو گرنگو بایەخەوە تیاندەڕوانی ئەو ڕۆژەیان کرد بۆ سەیرانگاو ئەو ڕۆژە دیاریکراوانە دەچونە ئەم بەرو ئەوبەری زەلکاوەکە.

وەسف لەناو خودی خۆیدا هەڵگری حوکمێکە بەرامبەر بەبابەتی وەسفکراو، کە هاوکات حوکمە لەسەر ئەو خودەی وەسفکردنەکە دەکات. هەروەکو چۆن (ڕۆلان بارت) پێی وایە کە وەسف بەیەکێك لەو ڕەگەزانەوە دەبینێت کە چێژی دەق دروست دەکات: ئەو چێژە وەسفیەش تایبەتو جیا دەکاتەوە لەچێژێك کە لەڕێگەی خوێندنەوە چیرۆکێك بەدەستی دەهێنێت[1].

پیرۆزی ئەم زەلکاوە شوبهاندنی بە (ئەسحابە رووتە) لەلایەك کە خەڵکەکە سەردانی دەکرد بۆ سەیرانو جگەلەوەش لەلایەکی دیکەوە مەلەی تیا دەکرێ.

((وەڵا شەرمەو ناجیزەیە ژنان پیاوەکان بەڕوتی ببینن... ئەوەندە نەدەهاتنە پێش... لەسەر گۆڕەکەی ئەسحابە روتەوە دەیان روانییە، ئاپۆڕەی گوێ زەلکاوەکە....کچانیش چاویان دەڕشتو بۆنی سمڵو مێخەکی بەرملیان لەگەڵ بۆنی ئەو زۆنگاوە تێکەڵ بوو، تاوێ بۆنی مێخەكو ئارەقی خۆشی ژنانە بۆنی زەلکاوەکەی دەشکاند، تاوێ زەلکاوەکە هەموو بۆنێکی خۆشو پیرۆزی رادەماڵی...))

ئەم جۆرە وەسفەش، جارێکی تر گرنگییە بەو جێگە پیرۆزەو ئاوڕدانەوەیە لەو جێگەیەی خەڵکەکە بەپیرۆزیان وەسف دەکرد. بیریشمان نەچێت وەسف هۆکارێکی گێڕانەوەیە، لێرەدا جۆرو شێوە گێڕانەوەیەکی تیا دەردەکەوێ، بەو مانایەی چۆن باسی ئەو زەلکاوە دەکرێت، هاوکات ئەرکێکی بونیادی دەقیشەو هێز لەشێوازی گێڕانەوە وەردەگرێ کە ئاڕاستەی دەکاتو بەکاری دەخات[2].

بۆیە جێگەی زەلکاو کە بە (گۆمی میری) ناوزەد کراوە وەسفێکی ئیجابی لەلایەك لەخۆهەڵدەگرێو لەلایەکی دیکەشەوە تا رادەیەك کاریگەری نەرێنی دەبێتوەکو باس کراوە کە نزیك بوونەوەو مەلەکردن تیایدا دوچار بوون بەنەخۆشی پێستو بەهارزیای لێدەکەوێتەوە.

---

[1] لذة النص، رولان بارت، ت: د. منذر عياش، مطبعة سوي، باريس، ١٩٧٣، ص٩٩.

[2] البناء الفني في رواية الحرب العربية في العراق (١٩٨٠ ـ ١٩٨٥)، عبدالله ابراهيم علاوي، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٨٧، ص٢٠١.

## ئه نجام

لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەماندا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. کۆمەڵە چیرۆکی گوڵی رەش، لەو چیرۆکانەیە، کە هەڵگری خەسڵەتی خۆیەتی، لەهەمووروی تەکنیکو ناواخنەوە، کە رەنگدانەوی دەرونی تاکی کوردە لەلایەکەوەو، لەلایەکی دیکەشەوە بەجەستەکردنی ئەو تەکنیکانەیە کە بەتایبەتی نیشاندانی دەرونی نەخۆش‌و پڕ گرێو گۆڵو ئەم کۆمەڵەیە یەکێکە لەبەرهەمە ناوازەکانی نووسەر، کە هەنگاوێکی هونەرمەندانەو پێشڕەوانەیە.

٢. رووداوەکانی ناو چیرۆکەکانی سنووری باسەکە، بەهەردوو جۆری سەرەکی‌و لاوەکییەوە لەرووداوی واقیعی کۆمەڵەوە وەرگیراون، بەتایبەتی ماوەی نێوان ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم، کە لەڕوی سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەوە وا لەخوێنەر دەکات، کە هەست بەنامۆیی نەکات، بەڵکو ئاوێتەی روداوەکان بێت‌و خۆی لەناو دەقەکەدا بدۆزرێتەوە، ئەمەش یەکێکە لەتایبەتمەندیەکانی واقعییەتی ئەو سەردەمەیە کە گوزارشت کردنە لەو واقیعیەتە.

٣. لەزۆربەی چیرۆکەکاندا بەشێوەی زانجیرەیی تا رادەیەك لەلایەن حیکایەتخوانەوە گێڕوانەتەوە، لەچەند چیرۆکێکی دا نەبێ کە حیکایەتخوان لەکۆتایی روداوەکانەوە دەستی بەگێڕانەوە کردووە.

٤. لەچیرۆکەکاندا، چیرۆکنوس رۆڵی کارەکتەریش دەگێڕێت، بۆیە تا رادەیەکیش سنوری زانیارییەکانی دیاری کراوە، لەزۆربەی چیرۆکەکانیشدا چیرۆکنووس لەجۆری هەمووشتزانەو ئاگای لەهەموو جوڵەو رەفتارو نیازێکی کارەکتەرەکانە.

٥. سەبارەت بەمۆنۆلۆگەکانیش کە بەکارهاتوون، پەیوەندیان بەناخی کارەکتەرەکانەوە هەیەو هەڵوێستی ئەوان بەرامبەر روداوەکان روندەکەنەوە، هەروەها گوزارشت لەخەم‌و دڵەڕاوکێ‌و حەزو ئامانجەکانی ئەوان دەکەن.

٦. نووسەر لەبوارێکی چیرۆکی دەروونیشدا خاوەن شەقڵو شێوازێکە کە بەو هۆیەوە لەگەڵ هەندێ لەنوسەرانی دیکە جیاوازە. بۆ نمونە لەچیرۆکی درێژی (من‌و قالەو سەگەکەی باقلۆڤ)دا خستنەرووی تارادەیەکی زەقی چەند لاپەڕەیەکی شاراوەی سەردەمی منالێتی ئەم بەهرەمەندەیە.

٧. هەریەك لەگۆشەنیگای دەرەکی‌و ناوەکیش لەو چیرۆکانەدا بەکارهاتووەو لەگەڵ شێوازی خودی گێڕانەوەو پاشان شێوازی بابەتیش تا رادەیەك زاڵە.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوە کوردییەکان

### کتێب:


- ئەدەبی بەراوردکاری، عەزیز گەردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.
- ئەزموون، شێرکۆ بیکەس، چاپو ئۆفسێتی دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.
- بنیاتی گێڕانەوە لەداستانی (مەم و زینی ئەحمەدی خانی) و (شاری مۆسیقارە سپییەکانی) بەختیار عەلی، سەنگەر شێخ محمەد حاجی، چاپخانەی خانی-دهۆك،٢٠٠٩.
- بونیاد (زمانگەری لەخوێندنەوی رۆماندا — ژانی گەل وەك نمونە)، محەمەد نوری ئەحمەد، چاپی یەکەم، ناوەندی چاپەمەنیو راگەیاندنی خاك، سلێمانی، ٢٠٠٣.
- بوونیادی رووداو لەرۆمانی کوردیدا، میران جەلال، چاپخانەی رەنج،٢٠٠٩.
- بینای جۆرەکانی روداو لەڕۆمانی کوردیدا، ریژان عوسمان، چ١، بەڕێوبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکان، هەولێر، ٢٠١٠، ل١١٩
- بینای کات لەسێ نموونەی رۆمانی کوردیدا، نەجم خالید ئەلۆەنی، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی ـ ٢٠٠٤.
- بینای هونەری چیرۆکی کوردی (لەسەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی)، پەرێز سابیر، چاپە دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.
- بینای هونەری لەکورتە چیرۆکی کوردی دا، ئەحلام مەنصور، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ١٩٩٩.
- تەکنیکی دیالۆگ لەهەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوریدا، دەزگای شەفەق، چاپخانەی ئارانجا، کەرکوك، ٢٠٠٦.
- توێژینەوەی تیۆری ئەدەبی راجێر ویبستێر، و: عەبدولخالق یەعقوب، دەزگای توێژینەوەو بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٦.
- تیشکێك بۆ سەر رۆمان، عەبدولرەحمان مویسق، د. شیرین.ك، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلیمانی ٢٠٠٦.
- پەخشانی کوردی، عبدالرەزاق بیمار، دار الحریة للطباعة، بغداد، ١٩٩٨.
- داهێنان لەرێگای چەند تیۆریەکەوە، رۆشنا ئەحمەد رەسوڵ، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.
- دەربارەی رۆمان و چیرۆك، حەمە کەریم عارف، چاپخانەی ئارابخا، چاپی ١، ٢٠٠٨.
- دەربارەی ڕۆمان، مەهدی صالح، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٦.
- دەروازەکانی کۆمەڵناسی، مەنوچهر موحسنی، و. کۆمەڵێك وەرگێڕ، چ. وەزارەتی پەروەردە، چ٢، هەولێر ، ٢٠٠٦.
- دەنگی بلورینی دەق، عەبدولخالق یەعقوبی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپو بلاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٠٥.
- دیرۆکا چیرۆکا کوردی یاهونەری-شعبان مزیری بالا، ١٩٨٩.
- رەگەزەکانی دراما لەشیعری لیریکی کوردیدا (کرمانجی خواروو ـ ١٩٨٠ ـ راپەڕین)، پەروین عەبدوڵڵا، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

- رۆمان و پیشەی نوسینی رۆمان، ئەدوارد بلشن- دایانا زاوبتفاید، و-ئەژی گۆران، بەغداد ١٩٨٢.
- رۆمانی کوردی (خوێندنەوەو پرسیار)، سابیر رەشید، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ-١، هەولێر-٢٠٠٧.
- رێبازە ئەدەبیەکان، د. فەهاد پیربال، دەزگای چاپو بڵاوکرنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.
- سەرەتای لەدایکبوونی چیرۆکی کوردی، مستەفا ساڵح کەریم.
- شێواز لەکورتە چیرۆکی کوردیدا، سەلیم رەشید ساڵح، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٥.
- چەمکی ململانێ، ئاراس فەتاح، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٧.
- چیرۆك/حیکایەت، هەقایەت دەنگو باسی رابردوو، هەنبانە بۆرینە، فرهنگ کردی- فارسی، هەژار، یك جلدی، چیرۆك/١٢٢
- چیرۆکی منالآن لەئەدەبی کوردیدا (١٩٩١ ـ ٢٠٠١)، رازاز روشید صبری، چاپخانەی اجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٠.
- چیرۆکی نوێی کوردی، حەسەن جاف، دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا ـ ١٩٨٥.
- چیرۆکی هونەری کوردی (١٩٢٠- ١٩٦٠)، حسێن عارف، دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی، چ-١، بەغداد، ١٩٧٧.
- چیرۆکی هونەری کوردی، حوسێن عارف، دار الحریة للطباعة، ط١، بغدا، ١٩٧٧.
- گوڵی رەش، شێرزاد حەسەن، دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی، زنجیرەی ژمارە ٢١٠، دار الحریة للطباعة، بغداد، ١٩٨٨.
- فەرهەنگی زاراوەی کۆمەڵناسی، خەسرەو میراودەلی، خانەی چاپو بڵاوکردنەوەی چوارچرا، چ١، سلێمانی ٢٠٠٧
- فەرهەنگی کوردستان، گیوی موکریانی، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ١، هەولێر ١٩٩٩
- فەرهەنگی نوێ، بورهان قانیع، چاپخانەی قانیع، چ٢، سلێمانی ٢٠٠٣
- لەستایشی ئەدەبدا، شێرزاد حەسەن، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی، هەولێر ٢٠٠١.
- لێکۆڵینەوەو بیبلۆکرافیای چیرۆکی کوردی، عومەر مەعروف بەرزنجی، ١٩٧٨-بەغداد.
- مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەجادی، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، ١٩٥٢.
- نوسینەکانم لەبواری رەخنەو لێکۆڵینەوەدا (ساڵانی ١٩٥٥ ـ ١٩٨٨) حسین عارف، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم (١٦٢)، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٢
- هەندێ لەشیرازەکانی دەفتەری رەخنەم، د.مارف خەزنەدار، دەفتەری کوردەواری، بەرگی (٣).
- هەندێك نەخوشیو گرفتی دەرونیو کۆمەڵایەتی، کەریم شەریف قەرچەتانی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، چ١، هەولێر، ١٩٩٩.
- هونەری شیعری (شیعرناسی)، ئەرەستۆ، عەزیز گەردی، خانەی چاپو پەخشی رێنما، سلێمانی، ٢٠٠٤.
- هێماگەریەتی لەئەدەبیاتی شانۆیی-دا، د. فەرهاد نازرزادەی کرمانی، و: پێشرەو حسێن، چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی- ٢٠٠٠.
- یەکەمین چیرۆکی هونەری کوردیمان کامەیە؟ جەلیل کاکە وەیس، رۆژنامەی هاوکاری، ژ٧٨٨، ١٩٨٥.

## گۆڤارو رۆژنامەکان:

- رۆژنامەی بزاڤ، چیرۆکا کوردی ل سەدا نوزدە دەستپێکر، عەبدولرەحمان پاشا، ژمارە٥٥،١٩٩٠.
- رۆژنامەی هاوکاری، یەکەمین چیرۆکی هونەری کوردیمان کامەیە؟ جەلیل کاکە وەیس، ژ٧٨٨، ١٩٨٥.
- رۆژی کورد، بلاوکردنەوەو پێشەکیو لەسەر نووسینی جەمال خەزنەدار، چاپخانەی (الموسسة العراقية)، بغداد، ١٩٨١.
- گۆڤاری بەیان، جۆرەکانی چیرۆك، عەبدوللا سەراج، ژمارە ١٢، ١٩٧٢.
- گۆڤاری بەیان، چیرۆك لەویژەی کۆنو نوێماندا، عەبدوللا سەراج، ژ٤
- گۆڤاری دەنگی مۆسیقا، چیرۆکی کوردی و هونەری چیرۆك نووسین-عەبدوللا ئاگرین- ژمارە٢، ١٩٧١.
- گۆڤاری رامان، چاوپێکەوتن لەگەڵ شێرزدا حەسەن، ژ٧١، ٢٠٠٢.
- گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، سەرەتای چیرۆکی کوردیو جیاوازی نێوان یەکەم چیرۆکو دووەمیان، رەئوف حەسەن، ژ٦٩، ١٩٧٨.
- گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، سەرەتایەك بۆ نوسینەوەی پەیدابوونی چیرۆکی هونەری لەئەدەبی کوردیدا، سەباح پێشڕەو، ژ٦٥، ١٩٧٨.
- گۆڤاری گەلاوێژ، بەسەرهاتی هەژارێك، عەلی عەبدوللا، ژمارە(٩-١٢)، ساڵی دووەم، ١٩٤١.
- گۆڤاری گەلاوێژ، شێرە ژن، س ئەمین زەکی، ژ٢، ساڵی یەکەم، ١٩٤١.
- گۆڤاری گەلاوێژ، ئەنجامی پیاوێکی بەنگ کێش، پیرەمێرد، ژمارە(٩-١٢)، ١٩٤١
- گۆڤاری نوسەری کورد، حەسەن قزلجیو بیرەوەریو هەڵوێستێك بەرامبەر چیرۆکی کوردی، ژمارە ١٠، ١٩٧٣.
- گۆڤاری نوسەری کورد، لەگەڵ کاروانی رۆشنبیری کوردی لەبیستەکانو سییەکانداو بەراوردکردنێك، مستەفا نەریمان، خولی سێیەم، ئازاری ١٩٨٥.
- گۆڤاری نوسەری کورد، لەئاهەنگی دەستپێکی دیداری یەکەمی چیرۆکی کوردیدا، د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ، ژ٤، خولی دووەم.
- هەنبانە بۆرینە، چیرۆك/حیکایەت، هەقایەت دەنگو باسی رابردوو، فرهنگ کردی- فارسی، هەژار، یك جلدی، چیرۆك/١٢٢

## نامەی زانکۆیی:

- تەکنیك لەرۆمانەکانی (عەبدوللا سەراج)، ئارەزوو محەمەد عەلی، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی زانستی مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٩.
- خەسڵەتی کارەکتەر لەکورتە چیرۆکی کوردی نێوان (١٩٢٥ ـ ١٩٥٠)دا، مەریوان عومەر حەسەن نامەی دکتۆرا کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٩.
- رەگەزەکانی چیرۆك لەداستانی (مەمو زین)ی خانیدا، نەوزەت ئەحمەد عوسمان، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە، (ابن الرشد)ی زانکۆی بەغدا، ١٩٩٩.
- رەمز لەشیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خواروی کوردستانی عیراقدا (١٩٧٠-١٩٩١)، پەخشان سابیر، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین-٢٠٠٢.

- شاكەس لەرۆمانی كوردی ـ كوردستانی عێراقدا، محمد ئەمین عەبدوڵڵا، ماستەرنامە كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەڵاحەددین، ٢٠٠٠.
- كەسێتی لەدرامای كوردیدا، نامەی ماستەر، د.سەلام فەرەج كەریم، نامەی ماستەر، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٩.
- لێكۆڵینەوەی كورتە چیرۆكی كوردی لەكوردستانی باشوردا، ئیبراهیم قادر محمد، نامەی دكتۆرا، ١٩٩٧.
- ململانێی كەسێتییەكان لەڕۆمانەكانی (حوسێن عارف)دا، سەركەوت عومەر ئیبراهیم، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی كۆیە، كۆیە، ٢٠٠٨.
- ناوەرۆكو تەكنیك لەدرامای كوردیدا (١٩٩١ ـ ٢٠٠٢)، یاسین رشید حەسەن، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی، ٢٠٠٤.
- هێما لەچیرۆكی هونەری كوردی كوردستانی باشور (١٩٦١-١٩٨٠)، تالب محمەد ئەحمەد، نامەی دكتۆرا-٢٠٠٥.

## سەرچاوە عەرەبییەکان

**کتێب:**


- (موسوعة المصطلح النقدي)، الترميز، جون ماكوين، ت: عبد الواحد لؤلؤة، دار المامؤن للترجمة والنشر، بغداد.
- البناء الفنى في الرواية التاريخية العربية، خالد سهر محي الساعدي، جامعة بغداد ١٩٨٩.
- الوجيز في دراسة القصص، لين او لتبينرند و ليزلى لويس، ت-د.عبدالجبار المطلبى، سلسلة الموسوعة الصغيرة، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٨٣.
- ابحاث في النص الروائي العربى، د.سامى سويدان، ط١، بيروت، ١٩٨٦.
- ادب الاطفال، حنان عبدالحميد العنانى، الطبعة الرابعة، دار الفكر، عمان، ١٩٩٩م.
- الادب المقارن، ماريوس فرانسوا غويار، ت:هنرى زغيب، الطبعة البولسية، لبنان، ١٩٧٨.
- الادب المقارن، محمد غنيمى هلال، دار العودة-دار الثقافة، ط٥، بيروت.
- الادب و فنونة-دراسة نقدية، عزالدين اسماعيل، الطبعة الثانية، مطبعة مخيمر، دار الفكر العربى، ١٩٥٨.
- الادب والفنونة (الدراسة نقدية) د. عزالدين اسماعيل، دار الفكر العربي، الطبعة السادسة، القاهرة، ١٩٧٦.
- الادب وبناءْ الانسان، علي الحديدى (الدكتور) مطبعة دار الكتب، بيروت- لبنان، ١٩٧٣م.
- الادب وفنونة، د. عزالدين اسماعيل، دار الفكر العربي، القاهرة، ط٧، ١٩٨٧.
- الاسلوبية والتحليل الخطاب، الدكتور منذر عياشي، مركز الانماء الحضاري، الطبعة الاولى، سوريه، ٢٠٠٢.
- اشكالية المكان فى نص الآدبي، ياسين النصر، دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد، الطبعة الاولى،١٩٨٦.
- اصول ادب الحداثة، ميكل. هـ.ليفتسن، ت:يوسف عبدالمسيح ثروة، ط١، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد ١٩٩٢.
- اصول علم النفس، د. احمد عزت راجع، المكتب المصري الحديث، د. م. ط. د. س. ط
- الاعتراف بالقصة القصيرة، سوزان لوهافر، ت-محمد نجيب لفتة، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٠.
- الافكار والأسلوب، ف. تشيتشيرن، ت: د. حياة شرارة، دار الشؤون الثقافية العامة، العراق ــ بغداد، بدون سنة الطبع.
- الالسنية والنقد الادبي في النظرية والممارسة، د. موريس ابو ناضر، دار النهار للنشر، بيروت، ١٩٧٩.
- اوديب ملكا، سوفوكليس، ت،د.على حافظ، سلسلة المسرح العالي، الكويت،١٩٧٨.
- بحوث في الرواية الجديدة، ت: فريد انطونيوس، طبعة ثانية، سلسلة ربي زدني علما،، منشورات عويدات، بيروت — باريس، ٩٨٢.
- بحوث في الرواية الجديدة، ميشال بوتور، ت. فريد انطونيوس، سلسلة زدنى علما، الطبعة الثانية، منشورات عويدات، بيروت-لبنان، ١٩٨٢.
- البطل المعاصر في الرواية المصرية: احمد ابراهيم الهوارى، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٧٦.

* بناء الرواية (دراسة مقارنة في ثلاثية نجيب محفوظ)، د. سيزا قاسم، الطبعة الاولى، دار التنوير للطباعة والنشر، بيروت – لبنان، ١٩٨٥.
* بناء الرواية، ادوين موير، ت: ابراهيم الصير في عبدالقادر القط، الدار المصرية للتأليف والترجمة، دار الجيل للطباعة، بدون سنة الطبع.
* بناء الرواية، د.سيزا احمد قاسم، الهيئة المصرية العامة للكتاب، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب/ مصر، ١٩٨٤.
* بناء الزمن في الرواية المعاصرة، مراد عبدالرحمن مبروك، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٨.
* البناء الفني الرواية الحرب في العراق، عبدالله ابراهيم.
* البناء الفني في الرواية التاريخية العربية ١٨٧٠ ـ ١٩٣٢ (دراسة فنية مقارنة) خالد سهر محي الساعدي، رسالة ماجستير، كلية الأداب، جامعة بغداد، ١٩٨٩
* البناء الفني لرواية الحرب في العراق (دراسة لنظم السرد والبناء في الرواية العراقية المعاصرة) عبدالله ابراهيم، دار الشؤون الثقافية العامة، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٨٨.
* بنية الشكل الروائى (الفضاء، الزمن، الشخصية)، حسن بحراوى، المركز الثقافي العربى، ط١، بيروت- الدار البيضاء، ١٩٩٥.
* تاريخ المسرح قي الثلاثة الاف السنة، شلدون تشينى،ت.درينى خشتبة، المؤسسة المصرية العامة للتاليف والترجمةو الطباعة و النشر،١٩٦٢.
* تأريخ الرواية الحديثة، ر.م البيرس، ت-جورج سالم، الطبعة الاولى، منشورات عويدات، بيروت لبنان ١٩٦٧. تجربة زياد قاسم الروائية، نضال محمد فتحي الشمالي ، دار وائل للنشر، عمان ط١، ٢٠٠٢.
* تجربة سليمان القوابعة الروائية، د. عبدالله مسلم الكساسيبة، دار اليازوري العملية للنشر والتوزيع، الطبعة لعربية، عمان، ٢٠٠٦.
* تحليل الخطابي الروائي، سعيد يقطين، الطبعة الثالثة، المركز الثقافي العربي للطباعة و النشر والتوزيع، بيروت، لبنان، ١٩٩٧
* التشكيل الروائي عند نجيب محفوظ (دراسة في تجليات الموروث، د.محمد احمد القضاة، مطبعة الجامعة الاردنية، عمان، الطبعة الاولى، ٢٠٠٠.
* التعبير منهجيته وتقانياته، د. نبيل ايوب، الطبعة الثانية، دار المكتبة الاهلية، د.م، ٢٠٠١
* تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، آمنة يوسف، دار الحوار للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، سوريه، ١٩٩٧
* تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، دار الحوار للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، سوريا، ١٩٩٧.
* تقنيات السرد، امنه يوسف، دار الحوار للنشر والتوزيع، سوريا، ١٩٩٧.
* تيار الفكر والحديث الفردي الداخلي، ليون سومرليان، ت. د. عبدالرحمن رضا.

- تيار الوعي في الرواية الحديثة، روبيرت هنفرى، ت: د. محمود الربعي، دار المعارف بمصر، الطبعة الثانية.
- تيارات فلسفية معاصرة، د.على عبدالمعطى، دار المعرفة الجامعية، مصر، ١٩٨٤، ص ٢٩٠[٢] الزمان و المكان فلا روايات غائب طعمة فرمان، على ابراهيم، مؤسس سندباد-دمشق، الطبعة الاولى، ٢٠٠٢.
- جمهورية افلاطون (الكتاب العاشر)، نقلها الى العربية حنا خباز، ط٢، دار القلم، بيروت ـ لبنان، ١٩٨٠
- جواهر الادب في ادبيات والأنشاء لغة الادب، السيد احمد الهاشمي، معلق عليه وشرح غريبه، جمعة الحسن، ط١، دار المعرفة، بيروت ٢٠٠٥.
- الحب والجسد والحرية في النص الروائي النسوي في الخليج، رفيعة الطالعي، دار الأنتشار، بيروت، ط١، ٢٠٠٥.
- الحداثة، مالكوم برادبرى، جيمس ماكارلفن، دار المؤمن-بغداد، ١٩٩٠.
- حدس اللحظة، غاستون باشلار، ت. رضا عزوز، عبدالعزيز زمزم، بغداد، ١٩٨٦.
- الحوار القصصي (تقنيات وعلاقاته السردية)، فاتح عبدالسلام، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٩٩،.
- الحوار في القصة والمسرحية والاذاعة والتلفزيون، طه عبدالفتاح مقلد، مكتبة الشبابد ار زيني للطباعة القاهرة، ١٩٧٥
- دراسات ادبية مقارنة، عبدالمطلب صالح، دارالشؤن الثقافية، بغداد، ١٩٩٤
- دراسات في اقصة العربية الحديثة، د.محمد زغلول سلام، منشأة المعارف، اسكندرية مصر، بدون سنة الطبع
- الراوي، الموقع والشكل، يمنى العيد، مؤسسة الابحاث العربية، بيروت، ١٩٨٦.
- الرحلة الثامنة، جبرا ابراهيم جبرا، منشورات المكتبة العصرية-صيدا- بيروت،١٩٧٦.
- رسالة روائى شاب، ماريو بارغاس يوسا، ت: صالح علمانى، دار الثقافة والنشر، ط١، دمشق، ٢٠٠٥.
- الرمز والرمزية في الشعر المعاصر، د.محمد فتوح احمد، ط٢، دار المعارف القاهرة- ١٩٧٨.
- الرمزية والادب العربى الحديث، انطوان غطاس كرم، بيروت-١٩٤٩.
- الرواية العراقية قضية الريف، باقر جواد الزجاجي، ص١٧١، بناء المشهدالروائي ، ليون سومرليان، ت. فاضل ثامر، م (الثقافة الأجنبية)، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٧.
- الرواية العربية ـ البناء والرؤيا، د. سمر روحي فيصل، اتحاد كتاب العرب، دمشق.
- الرواية ملحمة العصر الحديث، ف. ف: كوزينوف، ت: جميل نصيف التكريتى، الطبعة الثانية، دار الشؤون الثقافية العامة، آفاق عربية، بغداد، ١٩٨٦.
- الرواية والمكان، ياسن النصير، الجزء الاول، سلسلة الموسوعة الصغيرة،دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٠.
- الرواية واليوتوبيا، محمد كامل الخطيب، دار المدى الثقافة والنشر، سوريا-ديمشق، ١٩٩٥.
- الزمن التراجيدي في الرواية المعاصرة، سعد عبدالعزيز، مطبعة الانجلو المصرية، ١٩٧٠.
- الزمن الوجودي، عبدالرحمن بدوي، دار الثقافة، بيروت، ١٩٧٣.
- الزمن في الادب، هاترميرهوف، ت. د. اسعد رزق، مطابع مؤسسة سجل العرب، القاهرة، ١٩٧٢.

- الزمن في الفكر الديني والفلسفي القديم، د. حسام الالوسي، الطبعة الاولى، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٨٠.
- الصحة النفسية، د. حنان عبدالحميد المناني، مط/ دارالفكر، ط٣، عمان، ٢٠٠٥.
- صراعتنا الباطنية، كارين هورنى، ت. عبدالودود محمودا العالي، دار الشؤون الثقافية العامة، ط١، بغداد، ١٩٨٨.
- الصوت المنفرد، فرانك اوكنور، ت. د. محمود الربيعي، الهيئة المصرية للتألف والنشر، القاهرة، ١٩٦٩.
- الصورة ـ الزمن، جيل دولوز، ت. حسن عودة، منشورات وزارة الثقافة، المؤسسة العامة للسينما، سوريا، ١٩٩٩.
- الطاقة الروحية، هنرى برحسون، ت. د. سامي الدروبي، الهيئة العامة للتأليف والنشر، ١٩٧١.
- ظهور الرواية الانكليزية، ايان وات، ت: د. يوئيل يوسف عزيز، منشورات دار الجاحظ للنشر، الجمهورية العراقية، بغداد، ١٩٨٠.
- عالم الرواية، رولان بدونوف و ريال اوئيلية، ت-نهاد التكرلى، دار الشؤن الثقافية العامة، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٩١.
- عالم القصة، برنارد دى فوتو، ت-د.محمد مصطفى، القاهرة-نيويرك، م.فرانكلى للطباعة والنشر، ١٩٩١
- عبدالرحمن الربيعي بين الرواية والقصة القصيرة، عبدالرضا علي، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، الطبعة الاولى، بيروت ـ ١٩٧٦
- عرض موجز للمادية الدياليكتية، بودوستيك وياخوت، موسكو، مطبعة العراق، للطباعة والنشر، ١٩٧٠
- العشائر الكردية، فؤاد حمة خورشيد، مطبعة الحوادث - بغداد، ١٩٧٩
- الفرد و المجتمع، ت- هندى رياض، منشورات دار الطليعة، بيروت ١٩٦٦
- الفضاء الروائي جبرا ابراهيم جبرا، ابراهيم جندارى جمعة، جامعة الموصل ١٩٩٠
- الفن الروائي، ديفيد لودج، ت: ماهر البطوطي، الجلس الاعل للثقافة، المشروع القومي للترجمة، ط١،
- فن الشعر، ارسطو طاليس، ت-عن اليونانية وشرحة و حقق نصوصة د.عبدالرحمن بدوي، الطبعة الثاني، دار الثقافة، بيروت - لبنان، ١٩٨٣.
- فن الشعر، ارسطوطاليس، ت. د. شكري محمد عياد، دار الكاتب العربي للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٦٧.
- فن القصة القصير، د.رشاد رشدى، مكتبة الانجلو المصرية، قاهيرة، الطبع الثلنية، ١٩٧٥.
- فن القصة القصيرة: محمد الهادي السامي، داريو سلامة للطباعة والنشر، تونس ١٩٨٠.
- فن القصة، د.محمد يوسف نجم، سلسلة الفنون الادبية، العدد ٢، دار الثقافة، بيروت-لبنان.
- فن الكتابة ـ تقنيات الوصف، منهج مقترح الأستخدام الرواية في أثراء نشاط التعبير الكتابي، عبدالله خمار، اصدار خاص بالأنترنيت، جزائر، ٢٠٠٥
- فن الكتابة الرواية، ديان دوات فايد، ت.عبدالستار جواد، مراجعة عبدالوهاب الوكيل، سلسلة المائة
- كتاب، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد ١٩٨٨.

- فن النقد الادبى، الدكتور شوقى ضيف، دار المعارف بمصر، ط ٣.
- فن كتابة لقصة، حسين القباني، دار الجبل، بيروت ـ لبنان، الطبعة الثالثة، ١٩٧٩.
- في الشعر، نقله من السريالية الى العربية ابي بشر متي بن يونس القباني. تحقيق وترجمة ودراسة د. شكري
- محمد، دار الكتاب العربي للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٦٧.
- في الوصفي، فيليب هامون، ت: سعاد التريكي، الطبعة الاولى، مطبعة سوتيبا، تونس، ٢٠٠٣.
- في الوصفي، فيليب هامون، ت: سعاد التريكي، ط١، مطبعة سوتيبا، تونس، ٢٠٠٣.
- في نظرية الرواية (بحث في تقنيات السرد)، عبدالملك مرتاض، منشورات عالم المعرفة، الكويت، ١٩٩٨.
- في نظرية الرواية، بحث في تقنيات السرد، د. عبدالمليك مرتاص، عالم المعرفة، الكويت، ١٩٩٨.
- القصه السيكۆلۆجيه، ليون ايدل، ت: محمود السمره، نقلا عن الحوار القصصى، فاتح عبدالسلام.
- القصة القصيرة نضريا و تطبيقا، يوسف الشارونى، سلسلة كتاب الهلال، العدد ٣١٦، مصر ١٩٧٧.
- القصة القصيرة، د.سيدحامد النساج، سلسلة كتابك-١٨، دار المعارف، القاهرة١٩٧٧.
- القضاء ولغة السرد في روايات عبدالرحمن منيف، صالح ابراهيم، المركز الثقافي العربي، ط١، دار البيضاء ـ المغرب، ٢٠٠٣.
- قضايا الرواية الحديثة، جان ريكاردو، ت: صالح جهيم، منشورات وزارة الثقافة والارشاد القومي، دمشق، ١٩٧٧.
- قضايا الرواية الحديثة، جان ريكاردو،ت.صباح الجهيح، وزارة الثقافة والأرشاد. دمشق ١٩٧٧.
- قضايا السرد عند نجيب محفوظ، وليد النجار، دار الكتاب اللبناني، مكتبة المدرسة، بيروت، ١٩٨٥.
- قضايا النقد الأدبي، عمر بن سالم وأخرون، مركز الدراسات والجوث الاقتصادية والجتماعية في الجامعة التونسية، تونس، ١٩٧٨.
- الكاتب وعالمه، تشارلس مورجان، ت. د. شكري محمد عياد، (الاف كتاب) ع(٥٠٠)، القاهرة، ١٩٦٤، (الحوار القصصي، فاتح عبدالسلام).
- كتابة الرواية، جون بدين، ت: مجيد ياسين، دار الشؤون الثقافية العامة بغداد، ط١، ١٩٩٣
- (الف ليلة وليلة)، القصة القصيرة، دراسة ومختارات، د.الطاهر احمد مكى
- لذة النص، رولان بارت، ترجمة: منذر عياش، مطبعة سوي، باريس، ١٩٧٣
- لسان العرب المحيط، ابن منظور، اعداد وتنصيف، يوسف خياط مادة وصف، دار لسان العرب، بيروت، د.ت، د. ض.
- اللغة في الادب الحديث. الحداثة والتجريب، جاكوب كورك، ..ن. ليون يوسف وعزيز عمانوئيل، دار المأمون للترجمة والنشر، بغداد ١٩٨٩
- المادة الشخصية الواقعية اليوم وابدا، بوريس بورسوف، ت-كامران قرداغى، منشورات وزارو الاعلام، سلسلة الكتب المترجمة، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٧٤

- المادية الدياليكتية والعلوم الطبيعية، خ، فاتاليف، تعريب وشرح د. هنرى دكر، دار الفارابي، لبنان
- المادية والمذهب التجريبي النقدي، لينين، ت. د. فؤاد ايوب، الطبعة الثانية، دار دمشق للطباعة والنشر، دمشق، ١٩٧٥
- الماديه الدياليكتية، جماعة من الاساتذة السوفيت، ت: فؤاد مرعي وآخرون، ط٣، ديمشق، ١٩٧٣
- المبدأ الطوارى، دراسة في فكر ميخائيل باختين، تزفتيان تودوروف، ت. فطرى صالح دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، الطبعة الاولى، ١٩٩٢
- المتخيل السردى (مقاربات نقدية في التناص الرؤى والدلالة) عبداللة ابراهيم، المركز الثقافى العربى، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٩٠
- متعة الرواية- دراسة نقدية، د. احمد زياد محبك، دار المعرفة، ط١، بيروت، ٢٠٠٥
- متعة الروائي، د. احمد زياد محبك
- مدخل التحليل البنيوي للنصوص، دليلة مرسلى اخرون، ط١، دار الحداثة للطباعة والنشر والتوزيع، لبنان، ١٩٨٥
- مدخل الى التحليل البنيوي للنصوص، دليلة مرسلي ـ كرستيان عاشور ـ زينب بن بو علي ـ نجاة حذة ـ بوبا ثابته، ط١، دار الحداثة للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٨٥
- مدخل الى دراسة الرواية، جيريمى هوثورن، ت-غازى درويش عطية، م. سلمان داود الواسطى، وزارة الثقافة والاعلام، بغداد ١٩٩٦
- المدخل الى علم الأدب، مجموعة من الكتاب الروس، ت. أ. د. احمد علي الحمداني، دار المسيرة للتوزيع والنشر، عمان، ٢٠٠٥
- المدخل الى علم النفس، د، عبدالرحمن عدس ود.محى الدين توق، مركز الكتب الأردنى ط٣ ، الاردن، ١٩٩٣.
- مدخل الى فن كتابة الدراما، عادل النادي، الهيئة المصرية العامة الكتاب الطبعة الثانية، ١٩٩٣.
- مدخل الى نضرية القصة، سمير المرزوقى و جميل شاكر، بغداد-تونس، ١٩٨٦.
- مدخل الى نظرية القصة (تحليلا وتطبيقا)، سميرا المرزوقي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٦٨.
- مدخل الى نقد الادبي الحديث، د.شلتاغ عبود شراد، دار مجدلاوى للنشر والتوزيع، عمان ط١، ١٩٩٨.
- مذاهب الادب العربى (الرمزية)، ياسين الايوبى، بيروت-١٩٨٢.
- المسح والعلامات، الين استون وجورج سافونا، سباعي السيد، وزارة الثقافة، مهرجان القاهرة للمسرح التجريبي، القاهرة، ١٩٩٦.
- المسرح العالمي من أسخيلوس الى ارثرميللر، د. لويس عوض، دارالمعارفالقاهرة، د.ت.
- المصطلح السردي (المعجمة المصطلحات)، جيرالد برنس، ت: عابد خزندار الهيئة العامة لشؤون المطابع الاقيرية، القاهرة، المطبعة الاولى، ٢٠٠٣.

- المصطلح السردي- معجم مصطلحات، جيرالد برنس، ت: عابد خزندار، مراجعةو تقديم، محمد بريري، المجلس الأعلى للثقافة، المشروع القومي للترجمة، ط ١، ٢٠٠٣.
- المصطلحات العربية في اللغة والادب، مجدى وهبة و كامل مهندس، الطبعة الثانية، مكتبة لبنان، ١٩٨٤
- المعجم الادبى، د.جبور عبدالنور،ط١، دار العلم للملاين، بيروت-١٩٧٩.
- معجم المصطلحات الادبية في الغة والادب، مجدي و هبة وكامل المهندس، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٧٩.
- المعجم المفصل، د. محمد التونجي، دار المكتب التعليمية، ج٢، بيروت ، ١٩٩٩، ص٥٨٤.
- مفاهيم في الفلسفة والاجتماع، احمد خورشيد النورەچی، دار الشؤون الثقافية العامة، ط١، بغداد، ١٩٩٠.
- مفهوم المكان والزمن في فلسفة الظاهر والحقيقة، د. محمد توفيق الضوى، منشاة المعارف، الأسكندرية، ٢٠٠٣.
- مقاربة الواقع في القصة القصيرة المغربية، المركز الثقافي العربي ـ بيروت، دار البيضاء المغربي، الطبعة الاولى، بيروت ـ لبنان، ١٩٨٧.
- مقارنة في القصة المغربية من التاسيس الى التجنيس، نجيب العوفى، المركز الثقافى، الدار البيضاء، الغرب، بيروت- لبنان، الطيعة الاولى، ١٩٨٧.
- مقالة في النقد، غراهام هو، ت:محى الدين صبحي، مطبعة جامعة دمشق، ١٩٧٣.
- المكان فى الرواية العربية، غالب هلسا(الرواية العربية واقع وافاق)، دار ابن رشد للطباعةو النشر، لبنان ١٩٨١.
- مكونات السرد في الرواية الفلسطينية، د. يوسف حطيني، اتحاد كتاب العرب، دمشق، ١٩٩٩.
- ملتقى القصة الاول، دائرة شؤون الثقافية، دار الحرية، بغداد، ١٩٧٩.
- مناهج النقد الادبى، ديفيديج، ت-محمد يوسف نجم، مراجعة احساس عباس، دار صادر، بيروت ١٩٧٦.
- منتديات القصة العربية، عبدالعزيز الرواف، دراسات في القصة القصيرة وارواية، ( Invisin power
- service, Inc Invision power Board)٢٠٠١-٢٠٠٧
- منتديات فراشة حواء ـ للبنات للنساء للفتيات بنوتات ـ القصص والروايات قصة + رواية
- نحو رواية جديدة، الآن روب حرييه، ت: مصطفى ابراهيم مصطفى، تقديم: الدكتور لويس عوض، دار المعارف، مصر، د. ت.
- النص الروائي (تقنيات ومناهيج)، برنار فاليط، ت: رشيد بن حدو، المجليس الاعلى للثقافة، الهيئة العامة، للشؤون المطابع الاميرية، ١٩٩٩.
- نصوص مختارة اختيار وتعليق جان كانابا، فردريك انجلز، ت. وصفي البني، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٧٢
- نضرية السرد من وجهة نظر الى التبئير، جيرارد جينيت واخرون، ت-ناجى مصطفي، بدون مكان و تاريخ الطبع
- نظريات نقدية وتطبيقاتها، د. احمد رحماني، الطبعة الاولى، مكتبة وهبة، القاهرة، ٢٠٠٤
- نظريان السرد الحديثة، والاس مارتن، ت: حياة جاسم محمد، المجلس الاعلاء للثقافة، بغداد، ١٩٩٨

- نظرية الادب،م.س. كوركينيان، ت: جميل نصيف التكريتي، دار الرشيد للنشر، بغداد ١٩٨٠
- نظرية البنائية في النقد الادبي، د. صلاح فاضل دار الشؤون الثقافية العامة، ط١، بغداد، ١٩٩٧
- نظرية السرد وتحليل الخطاب، د.عزالدين بوبيث، م(المقف الادبى) دمشق، ٢٠٠٢
- نظرية المكان فى فلسفة الحسن بن الهيثم الطبيعية، نغمة محمّد ابراهيم، مجلة اداب المستنصرية، العدد الثانى عشر، ١٩٨٥.
- نظرية المنهج الشكى النصوص الشكلانين الروس، نظرية اللاغراض، توماشفسكى، ت-ابراهيم الخطيب، مؤسسة اللابحاث العربية، بيروت، ١٩٨٢.
- نظرية المنهد الشكلى (نصوص الشكلانيون الدوس)، ف.شكلوفسكى، ت-ابراهيم الخطيب، مؤسسة البحاث العربية، بيروت، الطبعة الاولى، ١٩٨٢.
- النقد الادبى الجديث من المحاكاة الى التفكيك، د. ابراهيم محمود خليل، دار المسيرة، د.م. ط، د.س. ط.
- النقد الادبى الحديث، الدكتور محمد غنيمى هلال، دار العودة، بيروت.
- النقد التطبيقى التحليلى، د.عدنان خالد عبداللة، الطبعة الاولى، دار الشؤن الثقافة، بغداد ١٩٨٦.
- النقد التطبيقي التحليلي، د. عدنان خالد عبدالله، الطبعة الاولى، دار الشؤون الثقافيه العامة، بغداد، ١٩٨٦.
- نقد الشعر، لأبي الفرج قدامة بن جعفر، تحقيق: كمال مصطفى، الطبعة الاولى، المكتبة الخانجي، القاهرة، ١٩٤٨
- الوصف في الرواية العراقية (دراسة نقدية في تقنية بناء الوصف ٩٣٧ – ١٩٩٠)، عبدالامير مطر فيلي
- الواقعية فى الادب الكردى، عزالدين مصطفى رسول، دار المكتبة العصرية، بيروت، ١٩٦٦.
- الوجود الزمان والمكان (فلسفة بول ريكود)، ت: سعيد الغانمين، المركز الثقافي العربي، بيروت، المطبعة الاولى، ١٩٩٩.

**گۆڤار:**

- الابعاد الاربعة في الاداب، نازك الملائكة، مجلة (الكاتب)، الجزء الثالث، السنة السادسة، مارس، ١٩٥١
- الادب الحديث والاحساس بالزمن، ترجمة صبار سعدون السعدون، بغداد، مجلة الثقافية الاجنبية، دار الاسطورة وتحولاتة كرمز، كونية، مجلة الفكر العربى المعاصر، عدد (١٣)، مركز الانحاء القومى، ١٩٨١-بيروت؟
- الانشائية الهيكلية، تزفتان تودوروف، ت-مصطفى التواتى، مجلة الثقافة الاجنبية، العدد-٣، السنة الثانية،١٩٨٢.
- التحليل البنيوى للسرد، د.سامية احمد اسعد، مجلة الاقلام، العدد الثانى، السنة الرابعة عشرة، كانون الاول، ١٩٨٧.
- تقنية رواية تيار الفكر والحديث الفردي الداخلي، ت. د. عبدالرحمن محمد رضا، مجلة الثقافة الاجنبية، العدد ٣، خريف ١٩٨٢.
- التهام التراث العربى في القصص الموجهة للاطفال، العبد جلولى، مجلة (الموقف الادبى) العدد ٤٠٠، ٢٠٠٤.
- حوار مع القص زنون ايوب، الاقلام- العدد الاول، ١٩٧٥

- حول مفهوم في الرواية العربية، محسن الموسوى، مجلة الاقلام، العدد ٣، السنة ٩، ١٩٧٣
- دلالات المكان في راوايات اميل حبيبى، علدا الجليل العميرى، مجلة المدى/٢س٤، دار المدى للثقلفة وانسر، نيقوسيا-قبص، ١٩٨٦
- زخير علوم النفس، د. كمال دسوقي، المجلد الأول، مط/ الاهرام مصر، ١٩٨٨
- الزمان في شعر نازك ملائكة ومحتواه الشعوري، مجلة الاقلام الجزء الثاني عشر، السنة الاولى، بغداد، ١٩٦٥.
- السردية حدود الفهم، بول بيروت، ت.د. عبداللة ابرايهم/ م. الثقافة الاجنبية، بغداد، ٢,٤، ١٩٩٢.
- الشؤون الثقافيه العامة، العدد الثاني، بغداد، ١٩٨٨.
- الصورة ـ الزمن، جيل دولوز، ت. حسن عودة، منشورات وزارة الثقافة، المؤسسة العامة للسينما، سوريا، ١٩٩٩.
- القصة اليابانية القصيرة، د.عبدالوحد محمّد، مجلة الاديب المعاصر، العدد ٣٤، عدد خاص عن القصة
- القصة في الادب الاطفال، كاظم سعدالدين، مجلة الاقلام، العدد ٤، ٤، تموز/اب ٢٠٠٠م، قصة نويسى، رضا براهنى


## نامەی زانکۆیی:


- بناء الرواية العربية في الكويت، مهدى جبر صابر، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة البصرة، ١٩٨٩.
- البناء الفنى في الرواية الادب العربية ، فى العراق (١٩٨٠ ـ ١٩٨٥) عبدالله ابراهيم علاوى، رسالة ماجستير، كلية الاداب، ـ جامعة البغداد، ١٩٨٧.
- البناء الفني في الرواية التاريخية العربية ١٨٧٠ ـ ١٩٣٢ (دراسة فنية مقارنة) خالد سهر محي الساعدي، رسالة ماجستير، كلية الأداب، جامعة بغداد، ١٩٨٩.
- الرواية والزمن، دراسة في بناء الزمنف في الرواية العراقية، يحي عارف الكبيسي، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٩١
- السردية في النقد الروائي العراقى (١٩٨٥-١٩٩٦)، احمد رشيد وهاب، رسالة ماجستير، كلية التربية للبنات، جامعة بغداد، ١٩٩٧.
- الفضاء الشعرى عند السياب، د.لطيف حسن محمد، (رسالة دكتوراة) مقدمة الى كلية الاداب، جاخعة الموصل، ١٩٩٤.
- القضاء الروائي عند جبرا ابراهيم جبرا، محمود جنداري، (رسالة ماجستير) مقدمه الى كليه الاداب، جامعة الموصل، ١٩٩٠.
- الوصف في الرواية العراقية (دراسة نقدية في تقنية بناء الوصف ٩٣٧ — ١٩٩٠)، عبدالامير مطر فيلي الساعدي، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة بغداد، ٢٠٠٠.


- بناء الرواية العربية في الكويت، مهدى جبر صابر، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة البصرة، ١٩٨٩.

**سەرچاوەی ئەلیكترۆنی:**

- http://www.csvstan.edulenglish.rebuen.paul.٢٠٠٣
- http://forum.stop٥٥.com
- http://forum.stop٥٥.com/٢٦٨١٣٧.htm
- http;//women.bo٧.net/girls٨٢٤٠٧
- www.awu-dam.org
- www.awudam.org\book\٠٣\study٠٣\٢٦٢-s-f\ind-book٠٣-sd٠٠١.htm
- www.awvdam.org/mokifadaby/٣٨٠mok٣٨٠-٠٠٢٠htm

**سەرچاوەی فارسییەكان:**

- (هنر داستان نويسى) ابراهيم يونسي، چاپ هشتم، مؤسسة انتشارات نگاه، تهران-٢٠٠٦
- از مصاحبت با آفتاب، شعرى صداى باي آب، محمد حقوقى، سالَى ١٣٧٨، تهران
- سيماداد، فرهنگ اصطلاحات ادبي، نشر مركز، چاپ سوم ، ١٣٨٥
- فرهنگ اصطلاحات نقدادى،د.بهرام مقدادى/ چاپ اول، انتشارات فكر روز، تهران-١٣٧٩
- فرهنگ فارسى، د.محمد معين، جلد پنجم،چاپ سازدهم، مطبوعات سهره تهران، ١٣٧٧
- مكتبهاى ادبى، حسين سعيد رضا، جلد دوم، تهران-١٣٧٦
- نواع ادبى، د.سيروس شميسا، ج٣، تهران، ١٣٧٤

**سەرچاوەی ئینگلیزییەكان:**

- A Glossary of literary terms, M. H Abrams, Third Edition ١٩٧٠, P. ١٢٩.
- An introduction to drama.GB.Tennyson, printed in the united states of America. ١٩٦٧, P.١٢٤.
- Element of Drama – Abrief introduction, Paul p. Reuben,
- lingustic and the novel, Roger Fowler, London. Newyork, Methuen, ١٩٧٩, p.٨٩.
- the british journal of aestheticsvol. No.٤.oct. ١٩٦٢.p ٣٤٩
- The structure of the novel: Edwen the Hogavth press, London, ١٩٤٩, ١٦

# ملخص البحث

# ملخص البحث

في دراستنا بعنوان "التكنيك في المجموعة القصصية الوردة السوداء" لـ"شيرزاد حسن" بحثنا التكنيك المستخدم في هذه المجموعة القصصية و كان التحليل و التفسير حسب المنهج التحليلي.

الدراسة تتكون من مقدمة وثلاثة فصول، وفي الختام قدمنا نتيجة الدراسة في عدة نقاط.

الفصل الاول من الدراسة هو الجانب نظري وتحدثنا فيه عن العبارات والمصطلحات والمواضيع النظرية، والفصل الثاني هو الجانب التطبيقي من الدراسة وقد تحدثنا فيه عن التكنيكات المستخدمة في القصص، اما الفصل الثالث فهو تكملة للفصل الثاني وقد قدمنا فيه بعض الجوانب الفنية الموجودة في القصص بطريقة عملية، وفي الختام قدمنا نتيجة الدراسة في عدة نقاط.

ان القيمة العلمية لهذه الدراسة تكمن في انها حللت المجموعة القصصية من حيث الجانب التكنيكي من كافة الجوانب ثم ربطها بالجانب النفسي، الجانبين التكنيكي و النفسي للقصص انتجا قصة تصور لشخصية كوردية مريضة و مليئة بالعقد النفسية، و هي النقطة الرئيسية التي حاولنا ان نقف عندها ونتفحصها بدقة و امعان.

# ABSTRACT

We discussed in our study “The Techniques Used in Guli Rash Stories”, a Sherzad Hassan’s collection, the technique that have been used in this collection. The analysis and interpretation was pursuant to the analytical methodology.

The study consists of an introduction and three chapters, and the study conclusion was demonstrated in a number of points.

The first chapter is the theoretical one, in which we discussed the phrases, terms and theoretical subjects. The second chapter is practical, in which we discussed the techniques used in the stories. The third chapter is complimentary to the second chapter, and we have demonstrated scientifically some technical sides available in the stories. In the conclusion we demonstrated the outcome in some point.

The scientific value of this study lies in that it has analyzed the collection technically and from all sides, then connecting it with the psychological side. The technical and psychological sides of the collection have produced an imaginary figure for a Kurdish psychopath personality, who is full inferiority complexes, which is the key point that we have tried to focus on and examine precisely and intensively.

Hope we can serve the Kurdish literature throughout this modest study.